والینامەی

سەیرو سەمەرە

3650 کورتیلەزانیاری سەیرو سەمەرەو سەرنجڕاکێش بە ئینگلیزی و کوردی

چاپی 86هەم

بە سپۆنسەری سەرەکیی

والی عەلی

هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ والی عەلی

پێشەکی

ئەگەر دەروێش و شەیداو عاشقێکی زانیاری و بابەتی سەرنجڕاکێش و سەیروسەمەرەیت یان فێرخوازێکی ئینگلیزیت یان لانیکەم گەرەکتە بەشێوەیەکی ئاسان و ناباوو جیاوازو ماندونەکەر، ئاستی ئینگلیزییەکەت بەهێزتر بکەیت لەوەی کە ئێستا تێیدایە، ئەوا ئەم کتێبە یەکێکە لەباشترین هاوڕێکانت بۆ ئەو مەبەستە، ئەگەر باشترینیش نەبێت.

زمانی ئینگلیزی لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا تەقریبەن وەك ئاوو کارەباو عەنتەرنێتی لێهاتووەو زۆر پێویستە بەتایبەت بۆ کەسانی ڕۆشنبیرو خوێندەوار بەگشتی. بەڵام سەرباری ئەو زەرورەتە، هێشتا ژمارەیەکی زۆر کوردی ئیشقۆڕ هەن کە ئەم زمانە نازانن یان ئینگلیزییەکەیان دوکەڵی ڕەش دەکات، ئەمەش بە بۆچونی بەندەی موخڵیستان کەموکورتییەکی زەبەلاحە لەو کەسەدا لەڕووی زانیارییەوەو پێویستە هەرچی زووە ئەو کەموکورتییە پڕبکرێتەوە، ئەگەرنا لەکاروانی پێشکەوتن دوادەکەوێت و ناشبێت بە کارزان!. مەبەست لەم کتێبە، وێرای گەیاندنی زانیاری و بابەتە سەیرو سەمەرە جۆراوجۆرەکان کە ئامانجی سەرەکیی کتێبەکەیە، ناسکەهەوڵێکی بەندەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەی خەڵك.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە 3650 کورتیلەبابەت و چتی سەرنجڕاکێش و سەیرو سەمە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی جارجارەش بەماکیاجەوە. هەر کورتیلەیەکیان تارادەیەك لەوەی پێش و پاش خۆی جیایە. یان سەربەخۆیە یان فیدرالییە واتە یان بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەوەی پێش و پاش خۆیەوە نیە، یان ناسکەپەیوەندییەك پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

لەڕێگەی هەر یەکێك لەو کورتیلانەوە، جگە لەسودە مەعریفییەکەی، چەند وشەیەکی ئینگلیزی بەشێوەیەکی ئاسان فێردەبیت یان لانیکەم دەمەزەردی دەکەیتەوە.

لەکۆتایی کتێبەکەشدا فەرهەنگۆچکەیەکم نوسیوە کە مانای زۆربەی ئەو وشە کوردییە ناڕەسمییانە لەخۆدەگرێت کە لەم کتێبەدا بەکارم هێناوە بۆ ئەوەی خوێنەر دڵنیا بێت کە بەکارهێنانی ئەو وشانە، ستایڵە نەك میستەیك واتە شێوازێکی خۆمە نەك هەڵە.

بۆ دڵنیابونی زیاتر لەمانای هەر وشەیەکیش، لانیکەم پشتم بە سێ کەڵەسەرچاوە بەستووەو لەکۆتایی کتێبەکەشدا گرنگترین ئەو سەرچاوانەم نوسیوە کە پشتم پێبەستون. بەڵام سەرباری ئەوەش کەس بێ هەڵەو کەموکورتی نیە، بۆیە ئەگەر خوا نەخواستە هەڵەیەکی نائەنقەستت بینی، نەچی بچی بیکەی بە هۆسە، چونکە هەر لەئێستاوە داوای لێبوردن دەکەم. ئەگەر کەسێکیش تاقەتی بوو لەو هەڵە نائەقستانە ئاگادارم بکاتەوە، یان هەر ڕەخنەیەکی هەبوو ئەوا بێگومان هەمیشە بەسوپاسەوە دەرگای گەراجیی ڕەخنەم کراوەیەو ڕەخنەگران و ڕەخنەچییان دەتوانن بەوپەڕی ئازادییەوە ڕەخنەکانیان بنێرن چونکە ڕەخنە ئاسۆی زانیاریی ڕەخنەلێگراو فراوانتر دەکات.

دەمەوێت زۆر سوپاسی سپۆنسەری سەرەکیی ئەم کتێبە

بکەم کە بەبێ پشتگیری ئەو بەردەستبونی ئەم چاپەی کتێبەکە ئاسان نەدەبوو.
ووشە فۆن: هێزی تەکنەلۆژییای نوێ لە کوردستان
گەورەترین سەنتەری خزمەتگوزاری مۆبایل و ئەلیکترۆنییات

بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ

ناونیشان: سلێمانی/ بازاڕی گەورەی مۆبایل/ پشت بازاڕی جەوازەکە: 07701591187
فەیسبوك: https://www.facebook.com/WshaPhone
ئینستاگرام: www.instagram.com/wsha_phone

ماوەتەوە بڵێم، هیوادارم ئەم کتێبە جێگای رەزامەندی خوای گەورە، پاشان زۆربەی خوێنەران بێت. ئەڵێم زۆربە نەك هەموو، چونکە بێگومان رەزامەندیی هەموان، ئاواتێکە هەرگیز نایەتە دی.

والی عەلی
2021/03/19

ناوەرۆك

Content

ناوەکان بەپێی ریزبەندیی پیتەکانی زمانی کوردی ریزکراون

ژ	ناونیشان	Tittle
.1	ئازادی (پەیکەری ئازادی)	Statue of Liberty
.2	ئاڵا	flag
.3	ئاڵتون (زێڕ)	Gold
.4	ئاو	Water
.5	ئاوریشم	silk
.6	ئایدز	AIDS
.7	ئایسلەندا	Iceland
.8	ئاین	Religion
.9	ئەپڵ	apple
.10	ئەدیسۆن	Edison
.11	ئەرجەنتین	Argentina
.12	ئەفەریقا	Aferica
.13	ئەڵماس	diamond
.14	ئەڵمانیا	Germany
.15	ئەمازۆن	Amazon
.16	ئەمەریکا	USA
.17	ئاینیشتاین	Eeinstein
.18	ئوستڕالیا	Austuralia
.19	ئیتالیا	Italy
.20	ئیجە (دەریای ئیجە)	The Aegean Sea
.21	ئیستۆنیا	Estonia
.22	ئیسرائیل	Israel
.23	ئیندۆنوسیا	Indonesia
.24	ئینگلیزی	English
.25	ئێران	Iran
.26	باران	rain
.27	باڕۆکە	wig
.28	برازیل	Brazil
.29	بروس لی	Bruce Lee
.30	بریتانیا	Britain

.31	بەنگلادیش	Bangladesh
.32	بوتان	Bhutan
.33	بۆلیڤیا	Bolivia
.34	بیبسی	Pepsi
.35	بیرکاری	mathematics
.36	بیل گەیتس	Bill Gates
.37	پاراگوای	Paraguay
.38	پەتا	Epidemic
.39	پورتوگال	Portugal
.40	پیاو	man
.41	پیزا (تاوەری پیزا)	piza
.42	پیکاسۆ	Picaso
.43	پێکەنین	Laugh
.44	پێکەنیناوی	funny
.45	تایتانیك	Titanic
.46	تایلاند	Thiland
.47	ترەمپ (دۆنالّد ترەمپ)	Donald Trump
.48	تەقەی خۆشی	Celebratory gunfire
.49	تورکیا	Turkey
.50	توالێت	Toilet
.51	تویتەر	Twitter
.52	جەزائیر	Algeria
.53	جەنگ	war
.54	جەنگیزخان	Genghis Khan
.55	جەنگی جیهانیی دووەم	Second world war
.56	جەنگی جیهانیی یەکەم	First worl war
.57	جۆبز (ستیڤ جۆبز)	Jobs
.58	جۆرج واشنتن	George Washington
.59	جیابونەوە	Divorce
.60	چارلی چاپلّن	Charles Chaplin
.61	چاو	eye
.62	چەپلەر	Lefty
.63	چیك	Czeck
.64	چین	China
.65	خواردنەوە	drinks
.66	خواردەمەنی	food

.67	خۆر	The Sun
.68	خۆکوشتن	Suicide
.69	داروین	Darwin
.70	دانیشتوان	Population
.71	دراو	currency
.72	درۆ	lie
.73	دەرونزانی	Psychology
.74	دەریای مردوو	The Dead Sea
.75	دیانا (شازادە دیانا)	Diana
.76	روداوی هاتوچۆ	Car accident
.77	روسیا	Russia
.78	زمانەوانی	linguistics
.79	زەمینلەرزە	Earthquake
.80	زەوی	The Earth
.81	زوکەربێرگ	Zuckerberg
.82	زیمبابۆی	Zimbabwe
.83	زیندان	Prison
.84	ژاپۆن (یابان)	japan
.85	ژمارە پێوانەییەکان	records
.86	ژن	woman
.87	ستالین	Stalin
.88	ستالینگراد	Stalingrad
.89	سعودیە	Saudi Arabia
.90	سکۆتلەندا	Scotland
.91	سەدام حوسێن	Saddam Hussein
.92	سەرۆکەکانی ئەمەریکا	US presidents
.93	سەنگافورە	Singapore
.94	سوید	SWEDEN
.95	سویسرا	Switherland
.96	سێکس	Sex
.97	شاجوان	Miss
.98	شەکر	Sugar
.99	عیشق، خۆشەویستی	Love
.100	فەرەنسا	France
.101	فەیسبوك	Facebook
.102	فیجی	Fiji

.103	فیلم	Movie
.104	فینلەندا	Finland
.105	ڤەنزوێلا	Venezuela
.106	ڤێتنام	Vetnam
.107	کاسترۆ (فیدڵ کاسترۆ)	Fidel Castro
.108	کانزا	metal
.109	کتێب	Book
.110	کەنەدا	Canada
.111	کوبا	Cuba
.112	کوشتنی بەسۆز	euthanasia
.113	کووەیت	Kuweit
.114	کۆتاوتەی ژیان	Last words of life
.115	کۆرۆنا	Corona
.116	کۆریای باشور	South korea
.117	کۆریای باکور	North Korea
.118	کینیا	Kinea
.119	گاندی	Gandhi
.120	گەردونزانی	Astronomy
.121	گوگڵ	google
.122	گینس (ژمارە پێوانەییەکان)	Guines
.123	لاتڤیا	Latvia
.124	لاقەکردن (اغتصاب)	rape
.125	لەسێدارەدان	execution
.126	ماچ	kiss
.127	مارلین مۆنرۆی	Marline Monroe
.128	ماڵپەڕ	website
.129	مایکرۆسۆفت	Microsoft
.130	مایکڵ جاکسۆن	Michael Jackson
.131	مردن	death
.132	منداڵ	Children
.133	مەدەغەشقەر	Madagascar
.134	مەغریب	Morocco
.135	مەکسیك	Mexico
.136	مۆندیال	World Cup
.137	مێژوو	History
.138	ناپاکیی هاوسەرگیری	Marital Infidelity

.139	ناوداران	Celebreties
.140	نایجێریا	Nigeria
.141	نزگەرە	Hiccup
.142	نەرویج	Norway
.143	نۆبڵ	Nobel
.144	نۆستراداموس	Nostradamus
.145	نیپاڵ	Nepal
.146	نیکسۆن	Nixon
.147	نیوزلەندا	New Zealnd
.148	هاوسەرگیری	Marriage
.149	هندستان	india
.150	هەنار	Pomegranate
.151	هۆشبەر (ماددەی هۆشبەر)	Drug
.152	هۆڵەندا	Holland
.153	هیتلەر	Hitler
.154	وەرزش	sport
.155	ویکیپێدیا	Wikipedia
.156	وێنە	Picture
.157	یەکەمەکان	firsts
.158	یوتیوب	Youtube
.159	یۆگسلاڤیا	Yogoslavia
.160	یۆنان	Greece
.161	ئەوانی تر	Others

ئازادی (پەیکەری ئازادی)
Statue of Liberty

1. تێچوی دروستکردنی پەیکەری ئازادی بە بنکەکەیەوە 50 دەفتەر دۆلار بووە، ئەگەر هاوتای بکەین بە هی ئێستا دەکاتە زیاتر لە هەزار دەفتەری ناسك.

ئاڵا

Flag

3. The flag of Nicaragua features a rainbow in the center that includes a band of purple, while the flag of Dominica boasts a picture of a sisserou parrot, a bird with purple feathers. These elements make them the only two flags in the world that use the color purple.

تەنها دوو وڵات هەن لەجیهاندا کە ئاڵاکانیان ڕەنگی مۆریان تێدایە. ئاڵای نیکاراگوا لەناوەڕاستەکەیدا پەلکەزێڕینەیەکی تێدایە کە بازنەیەکی مۆر لەخۆدەگرێت. هی دۆمینیکاش وێنەی توتییەکی تێدایە کە پەڕی مۆری پێوەیە.

ئاڵتون (زێڕ)
Gold

4. The first Gold coins appeared around 700 BC.

یەکەم دراوی ئاڵتونی مێژووەکەی بۆ دەوروبەری ساڵی 700ی پێش زایین دەگەڕێتەوە. واتە زیاتر لەدوو هەزارو 700 ساڵ لەمەوبەر.

5. The coffin found in Tutankhamen’s tomb contained around 1.5 tonnes (3307 pounds) of Gold.

ئەو تابوتەی لەگۆڕی توت عەنخ ئامون دۆزرایەوە کە یەکێکە لەدیاترین فیرعەونەکانی میسر لەمێژودا، نزیکەی هەزارو پێنج سەد کیلۆگرام ئاڵتونی تێدا بوو.

ئاو

Water

6. One billion people worldwide do not have access to safe drinking water.

لەسەرتاسەری جیهاندا زیاتر لە یەك ملیار کەس هەن کە دەستیان ڕاناگا بە ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە.

2019-8-12

7. There is an estimated 326 million trillion gallons of water on earth. However only 0.007 percent of the planet's water is available to drink.

بڕی ئەو ئاوەی لەزەویدا هەیە، بە 326 ملیۆن ترلیۆن گاڵۆن دەخەملێنرێت. بەڵام تەنها لەسەدا سفرو لەهەزاردا حەوتی ئەم بڕە، بۆ خواردنەوە دەشێت.

8. Twenty-five million people die each year from contaminated water.

هەموو ساڵێك 25 ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بەهۆی ئاوی پیسەوە گیان لەدەستدەدەن.

9. The average African family uses about 5 gallons (23 liters) of water a day. The average American family uses more than 250 gallons (946 liters) a day.

تێکڕا هەر خێزانێکی ئەفەریقی، ڕۆژانە 23 لیتر ئاو بەکاردەهێنێت، بەڵام هەر خێزانێکی ئەمەریکی نزیکەی 950 لیتر بەکاردەهێنێت لەهەمان ماوەدا، واتە ئەمەریکییەکان زیاتر 41 ئەوەندەی ئەفەریقییەکان ئاو بەکاردەهێنن.

10. The tap water of at least 41 million Americans has been found to contain a wide range of pharmaceuticals, including sex hormones and anti-seizure medicine.

ئەگەر جارجارە ئاوی بەڵوعەی ماڵەوەتان لێڵ دەبێت، ئەوا زۆر ناشکور مەبە، چونکە وەزعەکە لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان زۆر قۆڕترە.

دەرکەوتووە کە ئاوی بەڵوعەی لانیکەم 41 ملیۆن هاوڵاتی ئەمەریکی، بڕێکی زۆر ماددەی دەرمانی تێدایە، لەوانە هۆرمۆنی سێکس و دژە فێ و جەڵتە.

11. A random study by the EPA revealed that employees of bottled water companies are not tested for disease, nor are they required to avoid the bottling area if they are sneezing from colds or have open cuts or infections on their hands.

جاری وا هەیە بنیایەمێکی زۆر موسەقەف دەبینیت، بە پۆزێکەوە دوو سەدو پەنجا دەردێنێت و دەڵێ ئاوێکی مەعدەنیم بدەرێ و زۆر بە موسەیتەری دەیخواتەوە لەخەیاڵی خۆیدا وا ئەزانێ ئەم ئاوە زۆر زۆر پاکە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو خەیاڵە، زۆر لەجێی خۆیدا نیە.

ئەوەتا ئاژانسی پاراستنی ژینگە، ئاشکرایکردووە کە کارمەندانی کۆمپانیاکانی لەبوتڵنانی ئاو نە پشکنینی نەخۆشییان بۆ دەکرێت، نە داواشیان لێدەکرێت لەکاتی پژمین بەهۆی هەڵامەت، یان لەکاتی بونی برین و نەخۆشیی کراوە، خۆیان لەشوێنی لەبتوڵنانەکە دوربکەونەوە.

ئینجاکونێ بۆیە ئەو ناسکەبوتڵە ئاوەی زۆر بەناسکی دەیخۆیتەوە، خوا پەنامان بات مەگەر هەر خواو خاوەنی کۆمپانیاکەو کارمەندەکان بزانن جگە لەئاوەکە چی تری تێدایە!

12. Americans empty 2.5 million plastic water bottles an hour. Each one takes 500 years to decompose.

ئەمەریکییەکان هەموو سەعاتێك دوو ملیۆن و 500 هەزار بوتڵی پلاستیکیی ئاو خاڵیدەکەنەوە. هەر یەکێك لەم بوتڵانەش پێنج سەد ساڵی ناسکی پێویستە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی شیببێتەوەو نەمێنێت.

2019-8-12

13. An average water molecule will spend 9 days in the atmosphere, 2 weeks in a river, 10 years in a large lake, 3,000 to 5,000 years in an ocean, 10,000-100,000+ years underground, and 10,000 to 1,000,000+ years in an Antarctic ice cap.

تێکڕا هەر گەردێك ئاو نۆ رۆژ لەناو بەرگەهەوای زەوی و دوو هەفتە لەڕوبارێك و 10 ساڵ لەدەریاچەیەکی گەورەو سێ هەزار تا پێنج هەزار ساڵ لەزەریایەك و دە هەزار تا سەد هەزار ساڵ لەژێرزەوی و دە هەزار ساڵ تا یەك ملیۆن ساڵ لەکلاوەی سەهۆڵی جەمسەری باشوری گۆی زەوی بەسەردەبات.

هەرکەسێکیش ناسکەگومانێکی لەم ژمارانە هەیە، پێم ناخۆش نیە، با بچێت قیاسی بکات بۆ جەختکردنەوە.

---

14. Toxins in tap water can accumulate in the body for years, increasing the risk for developing cancer and all types of diseases.

ژەهرگەلی ناو ئاوی بەلۆعە دەکرێ بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەجەستەی شەریفتدا بمێنێتەوەو گوێی شەیتان کەڕبێ و چاویشی کوێر بێ، مەترسیی توشبون بە نەخۆشی شێرپەنجەو هەموو جۆرەکانی تری نەخۆشی زیاددەکات.

---

15. Every 8 seconds, a child dies from contaminated water.

هەموو هەشت چرکەیەك، منداڵێك بەهۆی ئاوی پیسبووەوە، ژیان لەدەستدەدات.

16. There are over 600,000 miles of pipes of the network of U.S. water systems.

تۆڕی ئاوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نزیکەی یەك ملیۆن کیلۆمەتر بۆری لەخۆدەگرێت.

17. Americans drink over 1 billion glasses of tap water per day.

که هەمیشە بوتڵەئاوێکی مەعدەنی بەلا قەوتەوە بوو، شەرت نیە بەڵگەی ئەوە بێت که موقەسەف بیت!!!!

ئەوەتا ئەمەریکییەکان بەو هەموو شان و شەوکەت و سەقافەتەوە، هەموو رۆژێك زیاتر لە یەك ملیار پەرداخ ئاوی بەلۆعە دەخۆنەوە.

ئاوریشم
silk

18. a silk rope is stronger than an equally thick metal wire.
حەبلێکی ئاوریشمی لەوایەرێك کە ئەستوورییەکەی بەقەدەر حەبلە ئاوریشمییەکە بێت، بەهێزترە.
19. It takes more than 25 mulberry trees to obtain 6 pounds of silk.
دەسکەوتنی شەش پاوەند (نزیکەی دوو کلیۆو 750 گرام) ئاوریشم، زیاتر 25 درەختی تووی پێویستە.

ئایدز

AIDS

20. At the end of 2018, about 37.9 million people were living with a Human Immunodeficiency Virus (HIV) infection worldwide, with 25.7 million of those individuals in Africa. About 770,000 people worldwide died from HIV/AIDS in 2018; 49,000 of those deaths were in the Americas, according to the WHO.

لەکۆتایی ساڵی 2018، ژمارەی توشبووە زیندووەکانی ڤایرۆسی کەمی بەرگریی لەش واتە HIV، لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی 37 ملیۆن و 900 هەزار کەس بون. لەکۆی ئەم ژمارەیە 25 ملیۆن و 700 هەزاریان خەڵکی ئەفەریقا بون. بە فشەی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، هەر لەو ساڵەدا 770 هەزار کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بەهۆی هەمان ڤایرۆسەوە کە دەبێتەهۆی نەخۆشی ئایدز، عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووە، لەو ژمارەیەش 49 هەزاریان ئەمەریکی بون.

21. تائێستا ملیۆنەها کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بەهۆی نەخۆشی ئایدزەوە، عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووەو ساڵانەش ملیۆنەهای تر بەهەمان هۆکار گیان لەدەستدەدەن. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە هەندێك راپۆرت باس لەوە دەکەن کە چەندین ساڵ لەمەوبەر چارەسەری ئەم نەخۆشییە دۆزراوەتەوە بەڵام بەنەهێنی هێڵراوەتەوە بۆ ئەوەی بازرگانی و قازانجی پەیوەندیدار زۆرتربێت.

ئەگەر دەتەوێت نهێنی ئەم شتە بزانیت، ئەوا لەگوگڵە حەیاتەکە سێرچ بۆ "5676977" بکە.

22. خوا پێم نەگرێ و ئیمانم نەچێ، رەنگە ئەم پیاوە تەنها لەشێوازی سەیرکردنەکەیەوە دیار بێت کە بەچی توشی ئایدز بووە!!!

لەساڵی 2007 پیاوێکی توشبوو بە نەخۆشی ئایدز، توانرا لەڕێگەی چاندنی مۆخی ئێسکی کەسێکەوە کە جیناتگەلێکی دژەئایدزی هەبوو، لەو نەخۆشییە چارەسەربکرێت. بەمەش ئەو برادەرە بووە یەکەم کەس بەدرێژایی مێژوو کە لەو نەخۆشییە چارەسەر بکرێت.

23. ئەمەی دەیبینن، خانمەئەکتەری ئەمەریکی ئەلیسا میلانۆیە. ئەم خوشکەدەرە لەساڵەکانی 1980کان، بووە هاوڕێی کوڕێك بەناوی ریان وایت کە توشبوویەکی نەخۆشی ئایدز بوو و بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە کۆمەڵگە بەچاوی خراپەوە سەیریان دەکردو خۆیان لێ دوردەگرت. وایت هەوادارێکی کارەکانی ئەم خانمە بوو. ئەم خانمە وەك دڵدانەوەیەك، لەگەڵ ئەم کوڕەدا چووە بەرنامەیەکی بەناوبانگی تەلەفزیۆنی و بە بەرچاو ئەو عالەمەوە کوڵمی ماچکرد بۆ ئەوەی پیشانی جیهانی بدات کە ئایدز بەهۆی بەرکەوتنی هاکەزاییەوە ناگوازرێتەوە.

بەگشتی لەئەمەریکاو ئەوروپا کاتێك کەسێك ناودار دەبێت، زیاتر خاکی دەبێت و بەشێکی گرنگی ژیانی بۆ خەڵکی سادەو پڕنەهامەتەکان تەرخاندەکات، کەچی لای خۆمان زۆربەی خەڵك کاتێك ناودار دەبن، لوتبەرز دەبن و هاوژینە دێرینەکانیان تەڵاقی رەسمی یان رۆحی دەدەن و دەستدەکەن بە قۆرییاتی جۆراوجۆر. بێگومان نمونەشمان زۆرە.

In the 1980s, Alyssa Milano befriended Ryan White (a boy ostracized for having AIDS) who was a fan of her works. She went on to appear on The Phil Donahue Show alongside White and kissed him on the cheek to show that she couldn't catch the disease from casual contact with him.

ئایسلەندا

Iceland

24. ئایسلەندا ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری هەڵگرتنی یاسایی چەکی تێدایە. هەرچەندە دانیشتوانی ئەم وڵاتە تەنها کەمێك لە 300 هەزار کەس زیاترە، بەڵام سەرباری ئەوەش، یەکێکە لەو وڵاتانەی کەمترین ڕێژەی توندوتیژی تێدایە لەسەر ئاستی جیهان.

2020-5-29

25. لەساڵی 1944ەوە، وڵاتی ئایسلەندا سوپای خۆی نیە. سەرەڕای ئەوەش هەر لەوکاتەوە هیچ وڵاتێك پەلاماری نەداوە.

26. ئایسلەندا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، سوپای نیە، سەرباری ئەوەش وەك ئارامترین وڵات لەسەرتاسەری جیهان، دانی پێدا نراوە.



27. مژدە بۆ ئەو کەسانەی زۆر بێزارن بەوەی کە مێشولە ئەملاولایان ماچدەکات!!!، ئەخیرەن چارەسەرێکی گورچکبڕم بۆ دۆزینەوە!!! لانیکەم هاوینان تەشریف بەرن بۆ ئاسیلەندا.
تەنها ولّات لەجیهاندا کە مێشولەی لێ نیە، ئایسلەندایە.

ئاین
Religion

28. هندۆسەکان نزیکەی لەسەدا 14ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن.



29. Hinduism worships over 33 million gods or demigods.
ئاینی هندۆسی یەك خوای نیە بەڵکو زیاتر لە 33 ملیۆن خواو نیمچەخوای هەیە!
کورە چش لەبێعەقڵیی هندۆسەکان، تۆ بڵێی چۆن فریا بکەون ئەو هەمووە بپەرستن؟!!!

30. After Christianity, Judaism is the 2nd largest Religion in the U.S.A
ئاینی جولەکە لەئەمەریکا دووەم گەورەترین ئایینەو راستەوخۆ دوای مەسیحییەت دێت.

31. Although the literal definition of “atheist” is “a person who does not believe in the existence of a god or any gods,” according to the Merriam-Webster dictionary, 8% of those who call themselves atheists also say they believe in God or a universal spirit. Indeed, 2% say they are “absolutely certain” about the existence of God or a universal spirit.

هەرچەندە مانای حەرفیی وشەی atheist واتە مولحید بریتییە لەکەسێك کە بڕوای بە بونی خوای تاك یان هیچ خوایەك نەبێت، بەڵام بەگوێرەی فەرهەنگی مێریەم وێبستەر، لەسەدا هەشتی ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن مولحید، دەڵێن بڕوایان بە خودا یان رۆحێکی گەردونی هەیە، تەنانەت لەسەدا دویان دەڵێن تەواو دڵنیان کە خودا یان رۆحێکی گەردونی، بونی هەیە.

32. The Mahabharata, used to teach the principles of Hinduism, is 1.8 million words long and is the longest poem in the world.
هندۆسەکان قەسیدەیەکیان هەیە کە تایبەتە بە فێرکردنی بنەماکانی ئەو ئایینە. ئەم قەسیدەیە لە ملیۆنێك و 800 هەزار وشە پێکهاتووەو درێژترین قەسیدەیە لەجیهاندا، واتە چامەکەی نالی و سالم بەچاوییەوە، تەنها یەك چوارینەیە!!!

33. لەئایینی هندۆسیدا مرۆڤ بۆی هەیە لەڕێگەی بەڕۆژوبونەوە خۆی بکوژێت واتە هیچ نەخوات تا عومری درێژی بۆ تۆ جێدێڵێت. ئەم بەزمە پێی دەووترێت پرەیۆپاڤێسا.



ئەپڵ

Apple

34. بەگشتی ئەپڵ وابووە کە فرۆشتنی 10 ملیۆن ئایفۆن ساڵێکی پێچووە، بەڵام بە نیسبەت ئایفۆن شەشەوە قەزیەکە جیاوازە. ئەو کۆمپانیایە تەنها لەماوەی کۆتایی هەفتەیەکدا 10 ملیۆن ئایفۆن 6ی فرۆشتووە.
لەگەڵ ئەوەشدا بەڵای منەوە هەر گالاکسی براگەورەو یەکەمی بێرکەبەرە.

2015-5-25

35. People who own iPhones have sex more often compared to Android users.
ئەو کەسانەی ئایفۆنیان هەیە، زۆرتر سێکس دەکەن بە بەراورد بەوانەی سیستمی ئەندرۆید بەکاردەهێنن.

36. هەرچەندە بەهۆی زۆری رۆتینات و رێوشوێنی توندی ناپێویستەوە، فەخامەتی بەندەی موخڵیست زۆر تاقەتی چڕوچاوی ئایفۆنم نیەو هواوییەوانم، بەڵام بنیایەم دەبێت عادل بێت و چتە باشەکانیشی نەشارێتەوە.

37. هەرچەندە بەهۆی زۆری رۆتینات و رێوشوێنی توندی ناپێویستەوە، فەخامەتی بەندەی موخڵیست زۆر تاقەتی چڕوچاوی ئایفۆنم نیەو هواوییەوانم، بەڵام بنیایەم دەبێت عادل بێت و چتە باشەکانیشی نەشارێتەوە.
لەساڵی 2011 ئافۆن چوارێك لەبەرزیی زیاتر لە هەزارو 60 مەترەوە، لەگیرفانی وەرزشوانێکەوە لەئاسمان کەوتە خوارەوەو کەوتە سەربانی بینایەك. بەڵام سەرباری ئەوەش ئەو ئایفۆنە بەرازە زیانەکانی هێندە کەم بون، کە توانرا لەڕێگەی جی پی ئیسەوە شوێنەکەی بدۆزرێتەوەو تەلەفۆنیشی بۆ دەهات.

38. من زۆر تاقەتی چڕوچاوی سیستمی ئای ئۆ ئێسم نیە، بەڵام پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکا لایەنی موهیمیشی زۆرە. ئایفۆن بەرنامەیەکی هەیە کە شوتی گەیووت بۆ کەشفدەکات. مایکی ئایفۆنەکەت لەشوتییەکە نزیکبکەرەوەو پاشان چەند جارێك پەلەپیتکە بدە لەشوتییەکە، ئینجاکونێ بەرنامەکە لەڕێگەی شیکردنەوەی دەنگی پەلەپیتکەکەوە، پێت دەڵێت شوتییەکە گەییووە یان نا.

هەرچەندە من خۆم زۆربەی جار شوتی شەرت ناکەم چونکە پێمواپە کارێکی زۆر مرۆیی نیە، بەڵام تۆ ئەگەر هەر ویستیشت بەشەرت بیکڕیت، ئەو بەرنامەیە بەکاربهێنە باشترە لە چەقۆکە، چونکە رەنگە پاش شەرتکردن بە چەقۆ، رەئی جیاواز لەنێوان تۆو فرۆشیاردا دروست ببێت و ئەو بڵێیت عەیبی نیەو تۆ بڵێیت بەکەڵك نایەت، لەئەنجامدا دەمەقاڵە دروستببێت و دواتر تول بکێشێت و یەکێکتان چەقۆکە بکەن بە ورگی ئەوی ترتانداو پاشان یەکێکتان بۆ نەخۆشخانەو ئەوی ترتان بۆ بەندیخانە!!!!!

39. ئینجاکونێ بۆیە من ناحەقم نەبووە کە هەمیشە وتومە دوژمنی فەلسەفەو جددیات و ئای ئۆئیسم!!!
لەمیانەی زنجیرەتاقیکردنەوەیەکی نوێدا سیستمی ئەندرۆید توانی ئایفۆنی کۆمپانیای ئەپڵ ببەزێنێت. زنجیرەتاقیکردنەوەکە دەریخست کە ئەندرۆید لەزۆربەی هەرەزۆری شتەکاندا زۆر لەئایفۆن باشترە.

40. کێشی ئایپادێك ئەگەر بەرنامەی لەسەر دابەزبێت لە هی ئایپادێك زیاترە کە بەرنامەی تێدا نەبێت.
ئەگەر بڕواشناکەیت، تاقیبکەرەوە.

41. ئایفۆن دووەم پڕفرۆشترین بەرهەمە بەدرێژایی مێژوو، وەك ئەندرۆیدچییەك حەزمدەکرد یەکەم گالاکسی یان هواوی بوایە، بەڵام بەداخەوە هیچیان نیە. یەکەم پڕفرۆشترین شت شەشپاڵوی روبیکە.



42. بەخوا برا ئەبو ئەپڵیش واتە ستیف جۆبزی رەحمەتییش سەگ بووە!!!
رەحمەتی دەرچەیەکی یاسایی لەیاسای کالیفۆرنیادا دۆزیبووەوە کە رێگەدەدات ئەو ئۆتۆمبێلانەی تەمەنیان کەمترە لەشەش مانگ، دەکرێ بەبێ تابلۆی ژمارە لێبخوڕێن، بەهۆی ئەمەوە جۆبز هەموو شەش مانگ جارێك چەندین ئۆتۆمبێلی جۆری مارسیدزی تازەی هاوشێوەی بەکرێ دەگرت بۆ ئەوەی کاروبارەکانی پێ جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی ناچاربێت رەقەمی پێوەبکات. دیارە بەهۆی ئەمەشەوە هەم پارەی بۆ دەگەڕایەوە، هەم کات و هەم توشی ڕۆتیناتی ئیداری نەدەبوو نەدەبوو.


Steve Jobs found a loophole in California law which allows cars less than six months old to be driven without license plates. He made an arrangement to lease an identical new Mercedes every six months so he would never have to put license plates on it.

ئەدیسۆن

Edison

43. It’s fair to say that Edison was one of the world’s most notorious intellectual property thieves.

Of the 1,093 things he smashed a patent on, he stole near enough most of them off real geniuses like Nikola Tesla, Wilhelm Rontgen and Joseph Swan – the latter of whom originally invented the lightbulb!

ئەگەر بێژین ئەدیسۆن یەکێك بووە لەبەدناوترین دزەکانی شتی فکری، ئەوا هیچ ستەمێکمان لێنەکردووە.

زۆربەی ئەو هەزارو 93 شتەی مافی داهێنانیان دراوە بەم برادەرە، هی خۆی نەبووە، بەڵکو لە بلیمەتە راستەقینەکانی وەك نیکۆڵا تێسلاو ویلهێلم رۆنتگن و جۆزێف سوانی دزیوە. سوان داهێنەری ئەسڵیی گڵۆپی کارەباییە کە ئەدیسۆن پێوەی بەناوبانگە.

ئەرجەنتین

Argentina

44. Argentina has the highest ratio of psychologists per inhabitant.

ئەرجەنتین زۆرترین ڕێژەی دەروناسی تێدایە بۆ هەر دانیشتوویەکی ئەو وڵاتە.

ئەفەریقا

Aferica

45. بڕوا دەکەی باشە، نایکەی کەیفی حەنابتە، بەڵام هەر بیکەی باشترە!

لەساڵی 2008 تێکڕای ناوەندیی تەمەنی مرۆڤ لەو ئۆگەندایەی لای خۆمان تەنها 15 ساڵی ناسك بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە لەو ساڵەدا تەمەنیان خوار 15 ساڵ بووە.



46. لەئەفەریقای باشور، کچانی تەمەن حەوت ساڵ ئەگەری لاقەکردنیان لەهی چونە قوتابخانەیان زیاترە.

13. A 7 year old girl in South Africa is more likely to be raped than to receive an education.

47. لەشاری جۆهانسبێرگی پایتەختی ئەفەریقای باشور، کوڕێك بەهۆی نەخۆشییەکی دەگمەنەوە، بۆ ماوەی 12 ساڵ چووە حاڵەتی کۆماوە. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم برادەرە دواتر رایگەیاند، لەماوەی ئەو 12 ساڵەدا گوێی لەهەموو شتێك بووە، تەنانەت گوێی لەوەش بووە کە دایکی وتوویەتی: "هیوادارم بمریت".

ئەڵماس

diamond

48. ئەگەر پارچەئەڵماسێکت دۆزییەوە ئەوا بێگومان شەریکین یان لانیکەم ناسکەزەکاتێکی مەعریفی لێدەکەوێت بۆ من!، چونکە رەنگە بۆ یەکەمین جارت بێت ئەم زانیارییە پەیوەندیدارەت پێبگات!!!

ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئاخۆ پارچەیەك ئەڵماس راستییە یان ساختەیە، ئەوا فوی پیا باکە. ئەڵماس گەرمیگەیەنەرێکی زۆر کاریگەرە، بۆیە کاتێك فوت پیاکردو ئەو هاڵاوەی لەدەمی شەریفتەوە دەردەچێت و بەری دەکەوێت، یەکسەر نەما، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەڵماسەکە راستقینەیە. بەڵام ئەگەر هاڵاوەکە بۆ ماوەی چەند چرکەیەك پێیەوە مایەوە، ئەوە ئەگەری زۆرە ساختە بێت.



ئەڵمانیا

Germany

49. In 2001, hackers in a Dresden, Germany, supermarket streamed a sex channel on a big screen meant to show daily specials.

لەساڵی 2001، چەند هاککەرێك لەشاری دریسدنی ئەڵمانیا، شاشەیەکی زەبەلاحی سوپەرمارکێتێك کە تێیدا رۆژانە نمایشی شتومەکی تێدا دەکرا، هاککردو پەخشی کەناڵێکی سێکسییان خستەسەر.

50. لەو ئەڵمانیایەی لای خۆمان، تێکڕا هەموو چرکەیەك نزیکەی یەك تەڵاق رودەدات.

51. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە پشکنەرانی پزیشکی دادیی ئەڵمانیا ئەنجامیانداوە، هەموو ساڵێك نزیکەی سەد پیاو لەو وڵاتە، لەکاتی خووەنهێنی عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن.

52. ئینجاکونێ بۆیە هەرگیز بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت، مەڵێ درەنگەو کاتی بەسەرچووە.
خانمێکی ئەڵمانی تەمەن 102 ساڵ بەتەمەنترین کەسە کە بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. ئەم خانمە لەبەرئەوەی جولەکە بووە، پێشتر لەساڵی 1938 لەلایەن زانکۆیەکی ئەڵمانیاوە کە تێیدا نازییەکان دەسڕۆیشتوو بون، نەهێڵراوە تاقیکردنەوەی زارەکیی کۆتایی بکات.

53. ماوەیەك کێبەرکێی نێوان هەردوو کۆمپانیای دروستکردنی پێڵاو، ئەدیداس و پوما هێندە توند بوو کە تەنانەت لەشارۆچکەی هێرتسۆگن ئۆراخ لەهەرێمی باڤاریای ئەڵمانیا کە بارەگای سەرەکی هەردوکیانی لێبوو، بەنازناوی شارۆچکەی (ملی چەماوە) ناسرا، هۆکاری ئەم نازناوەش ئەوە بوو کە دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە، پێش ئەوەی سەردانەوێنن و سەیری ئەوە بکەن کە بەرامبەرەکەیان چ جۆرە پێڵاوێکی لەپێکردووە، گفتوگۆیان لەگەڵ یەك دەست پێنەدەکرد.


The rivalry between Adidas and Puma became so fierce that the German town of Herzogenaurach (where both companies had their HQs) became known as "the town of bent necks," as no local would start a conversation with another without first looking down to check which firm's shoes they were wearing.

ئەمازۆن

amazon

54. دۆلفینەکانی روباری ئەمازۆن، ڕەنگیان پەمەییە.

ئەمەریکا

America, USA

55. هەموو کەسێك لەدانیشتوانی ویلایەتی ئەلاسکا چەکێکی ساڵانەی هەیە بەناوی "چەکی شاهانەی نەوت". ئەو چەکە بەشی هەر یەکێك لەو هاوڵاتییانەیە لەداهاتی نەوتی ئەلاسکا. لەساڵی 2008 چەکەکە بۆ هەر کەسێك زیاتر لە 20 گەڵای ناسك بووە.

ناسکەطێبینی/ ئەلاسکا واتە کەرکوك بەڵام نوسخە ئەمەریکییەکەی!!!!

56. ئەو فلۆریدایەی لای خۆمان زیاتر لەحەفتا جۆر ماری تێدایە، بەڵام سەرباری ئەوەش ژمارەی حاڵەتەکانی گازگرتنی سەگ لەمرۆڤ تێیدا 500 ئەوەندە لە هی حاڵەتەکانی مارپێوەدان، زیاترە.

57. لە کی وێست کە ویلایەتێکی دورگەیی ئەمەریکایە، گۆڕستانێکی لێیە مێژووەکەی بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. کێلی گۆڕەکانی ئەم گۆڕستانە بەوە جیادەکرێنەوە کە شتی سەیروسەمەرەیان لەسەر نوسراوە، لەوانە: من پێم وتیت نەخۆشم، من تەنها پشوێك بە چاوەکانم دەدەم.



58. سەعات 3ی بەرەبەیان زۆربەی ئەمەریکییەکان (زیاتر لە 95 لەسەدیان) خەوتون. سەعات 6ی ئێوارەش زۆربەیان (لەسەدا 97و نیویان) بەخەبەرن.



59. لەوێستگەیەکی ئاگرکوژێنەوەی کالیفۆرنیا گڵۆپێك هەیە کە لەساڵی 1901ەوە تائێستا نەکوژاوەتەوەو بەردەوام ئیشدەکات.

2015-5-5

60. خراپترین 5 شاری ئەمەریکا لەڕوی پیسبونی هەواوە، دەکەونە ویلایەتی کالیفۆرنیاوە.

2015-5-5

61. The national debt of America goes up by a shocking 3 million dollars every minute.

هەموو خولەكێك (خولەك نەك سەعات و رۆژ!!!) قەرزی نیشتمانی ئەمەریکا سێ ملیۆن دۆلار واتە 300 دەفتەری ناسك زیاددەكات، بەڵام سەرباری ئەوەش، فیلی ساحەكەیەو كەس ناتوانێت شان با لەشانی!

باشە كاكە؟!

2016-5-6

62. بەگوێرەی خەملاندنەكان كەسێكی ئاسایی ئەمەریكی كاتێك تەمەنی دەگاتە 21 ساڵ، 10 هەزار سەعاتی بە یاریكردن بەسەربردووە. تەبعەن مەخسەوی شەریفم یاریی ئەلیكترۆنییە.

2015-5-25

63. خاوەنی زۆرترین ماوەی زیندانی لەمێژوی ئەمەریكادا، برادەرێكە بەناوی پاوڵ گەیدێڵ. ئەم برادەرە بەهۆی تاوانی كوشتنی پلە دوو، لەنێوان ساڵیی 1911 تا 1980، 68 ساڵ و 245 رۆژی لەزیندانداا بەسەربردووە. سەرەتا لە تەمەنی 17 ساڵیدا زیندانی كراوەو دواجاریش لەتەمەنی 86 ساڵیدا ئازادكرداوە.



64. لە ئەمەریکا ژمارەی دوکانەکانی چەکفرۆشتن لە هی دوکانی میوەو سەوزەفرۆشتن زیاترە.



2015-5-24

65. In the late 1960s, the CIA developed an untraceable gun with a bullet made of ice and brushed with a shellfish toxin causing an almost immediate heart attack. Upon penetration of skin, just a tiny red dot was left. The poison itself worked rapidly and denatured quickly afterward. It was revealed in 1975 in a Congressional testimony.

بەخوا برا ئەمەریکاش سەگە!!!!

لەکۆتاییەکانی 1960ەکان، دەزگای سی ئای ئەی، دەمانچەیەکی سەیریان دروستکرد کە نەدەتوانرا شوێنپێی هەڵبگیرێت. ئەم دەمانچەیە فیشەکەکەی لە سەهۆڵ دروستدەکراو ژەهری گوێچکەماسی تێدەکرا. ئەم گوللەیە بنرایە بە هەر کەسێکەوە یەکسەر جەڵتەی دڵ لێیدەدا. سەرباری ئەو کوشندەییە، کاتێك ئەم گوللەیە دەنرا بە کەسێکەوەو دەچووە ناو پێستییەوە، تەنها خاڵێکی سووری لەسەر جێدەما، بەڵام ژەهرەکە بەخێرایی کاری دەکردو دواتریش هەر بەخێراییش نەدەما.

لەساڵی 1975 ئەم بەزمە لەمیانەی دانپێدانانێکی کۆنگرێسی ئەمەریکادا ئاشکراکرا.

66. Of the more than 151 million men currently living in the U.S., approximately 64.3 million are fathers.

لەکۆی ئەو زیاتر لە 151 ملیۆن پیاوەی ئێستا لەئەمەریکا دەژین، نزیکەی 64 ملیۆن و 300 هەزاریان باوکن.

2016-11

67. In the American Civil War, soldiers were required to have at least four opposing front teeth so that they could open a gunpowder pouch. Some draftees had their front teeth removed to avoid service.

لەکاتی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا، سەربازەکان پێویست بوو لەسەریان لانیکەم چوار ددانی بەرامبەریەکی پێشەوەیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن کیسی باروتی چەکەکانی پێبکەنەوە. هەندێك سەرباز هێنده سەگ بون، دەچون ددانەکانی پێشەوەیان دەردەهێنا بۆ ئەوەی خۆیان لەخزمەتی سەربازی بدزنەوە.

68. Over 40 million Americans are regular visitors to porn sites.

زیاتر لە 40 ملیۆن هاوڵاتیی ئەمەریکی، میوانی بەردەوامی مالپەڕە پۆرنۆگرافییەکانن.

69. The size of the porn industry worldwide is $100 billion. Between $10 billion and $12 billion of that comes from the United States.

قەبارەی ماددی پیشەسازیی پۆرن لەسەرتاسەری جیهاندا 100 ملیار دۆلارە. لەکۆی ئەم بڕەپارە زەبەلاحە، 10 تا 12 ملیار دۆلاری، هی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. باشە کاکە!

ئێران ناحەقی نیە کە ئەمەریکای ناوناوە شەیتانی ئەکبەر، واتە ئەو شەیتانەی کە ئادەمی بە دەرکردن دا لەبەهەشت شەیتانێکی نۆرمالّەو شەیتانە گەورەکە ئەمەریکایە!!!

70. The average American consumes 53 gallons of soft drinks per year.

تێکڕا هەر هاوڵاتییەکی ئەمەریکی، ساڵانە زیاتر لە دوو سەد لیتر خواردنەوەی گازی دەخواتەوە.

71. Washington Wasn't Eager to Command the Army.

George Washington wasn't sure he was fit for the task of commanding the army. He expressed reluctance at the suggestion that he should lead, and thought he might not have adequate experience and skills to do the job.

عادەتەن پیاوە مەزنەکان زۆر حەزیان لەدەسەڵات نیەو ناچن بچن شەرم بکەن لەوەی کە بڵێن بۆ فلانە پۆست شیاو نیە.

جۆرج واشنتۆن زۆر حەزی لەپۆستی فەرماندەی سوپا نەبووە. ئەم برادەرە هەرچەندە یەکێکە لەمەزنترین کەسایەتییەکانی ئەمەریکا، دڵنیا نەبووە لەوەی کە شیاوە بۆ ئەرکی فەرماندەییکردنی سوپا. کاتێك پێشنیازی ئەوەی بۆ کراوە کە پێویستە ئەو پۆستە وەربگرێت، دودڵی خۆی دەربڕیوەو پێیوابووە کە رەنگە ئەزمون و لێهاتویی پێویستی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە نەبێت.

72. There Are US Military Bases in at Least 74 Countries

The total number of military bases around the world is around 800, which is probably more than any country or empire has had in all of history.

ئەمەریکا بنکەی سەربازی لەلانیکەم 74 وڵاتی جیهاندا هەیە. کۆی ژمارەی ئەم بنکانەش نزیکەی 800 بنکەیە، کە ئەگەری زۆرە زیاتر بێت لەکۆی بنکە سەربازییەکی هەر وڵات یان ئیمپراتۆریەتێك بەدرێژایی مێژوو.

73. The Father of the Military Was Gay.

The original US Army was a ragtag crew of people in need of some serious training. A Prussian officer named Baron Friedrich von Steuben was brought on to be the Army Inspector General and taught soldiers military drills, tactics, and discipline. At the time he was hired, he was fleeing France, where French clergy were demanding he receive punishment for being homosexual.

بنچینەی سوپای ئەمەریکا پێکهاتووە لەتاقمێك خەڵکی لێرەو لەوێ کە پێویستیان بە هەندێك راهێنانی جددی هەبووە. بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ئەفسەرێکی پرۆسییان هێناوە بەناوی بارۆن فریدریك فۆن ستیوبن بۆ ئەوەی ببێتە پشکنەری گشتی و

مەشق و تاکتیك و زەبت و رەبت فێری سەربازەکان بکات. لەوکاتەی ئەم برادەرە بەکرێگیرا بۆ ئەو مەبەستە، لە فەرمنسا هەڵاتبوو و لەلایەن پیاوانی ئاینی فەرمنساوە داوادەکرا سزابدرێت چونکە هاوڕەگەزباز بوو، بەزمانە بازاڕییەکەی خۆمان نێرباز بووە.

74. As of 2014, there were approximately 490,000 active duty soldiers, 205,000 reserve soldiers, and 354,200 soldiers in the National Guard for a total of 1,049,200 members of the U.S army.

لەساڵی 2014ەوە ئەمەریکا نزیکەی 490 هەزار سەربازی چالاك و 205 هەزاری یەدەگ و 354 هەزارو 200 سەربازی پاسەوانی نیشتمانی هەیە، لەکۆی یەك ملیۆن و 49 هەزارو 200 ئەندامی سوپای ئەمەریکا.
ئەم ژمارە زۆرە پەلاماری هەر وڵاتێك بدەن، تەنانەت ئەگەر چەکیشیان پێنەبێت، هەر یەکەو تەنها ناسکەگازێك لەسەربازانی سوپای بەرامبەر بگرێت جگە لە چین، ئەوا دەتوانن ئەو وڵاتە بڕوخێنن.

75. The US Army owns so much land that if it were a state, it would be larger than Hawaii and Massachusetts combined.

سوپای ئەمەریکا خاوەنی بڕێکی هێندە زۆر زەوییە، کە ئەگەر ویلایەت بوایە، ئەوا لەهەردوو ویلایەتی هاوای و ماساچوستس پێکەوە، گەورەتر دەبوو.

76. In 2010, Minnesota used more cats for testing than any other state (2,703), New Jersey used the most dogs (6,077).

لەساڵی 2010 ویلایەتی مینیسۆتا بە بەراورد بە هەر ویلایەتێکی تری ئەمەریکا، زۆرترین پشیلەی لەتاقیکردنەوەدا بەکارهێناوە کە دوو هەزارو 703 پشیلە بووە. نیوجێرسیش زۆرترین سەگی لەو بوارەدا بەکارهێناوە کە شەش هەزارو 77 سەگ بووە.

77. People in the United States eat 9 billion chickens and 150 million cattle, pigs and sheep annually.

تەنها خەڵکی ئەمەریکای ئیشقۆڕ هەموو ساڵێك نۆ ملیار مریشك و 150 ملیۆن مانگاو مەڕو ماڵات و بەراز دەخۆن. بەرازەکەی لێدەرکە، ئەوانی تر بێتۆ ناخۆش!!!

78. The United States and Gabon are the only two countries that allow experimentation on chimpanzees.

لەسەرتاسەری جیهاندا تەنها ئەمەریکای ئیشقۆرو گابۆنی ئیشجوان رێگەدەدەن تاقیکردنەوە لەسەر شامپانزی ئەنجامبدرێت.

79. An estimated 26 million animals are used every year in the United States for scientific and commercial testing.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، هەموو ساڵێك 26 ملیۆن زیندەوەر بۆ تاقیکردنەوەی زانستی و بازرگانی بەکاردەهێنرێت. ژمارەکە نزیکەییە نەك کتومت.

80. The U.S. Department of Agriculture (USDA) reported in 2010 that 97,123 animals suffered pain during experiments while being given no anesthesia for relief.

تەماشا ئەمەریکا چەندە درندەیە. وەزارەتی کشتوکاڵی خودی ئەم وڵاتە لەساڵی 2010 بڵاویکردووەتەوە کە 97 هەزارو 123 گیاندار لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەریان، ئازاریان چەشتووە چونکە لەکاتی تاقیکردنەوەکەدا هیچ سڕکەرێکیان پێنەدراوە.

81. In Honolulu, Hawaii it is illegal to sing loudly after sunset.

لەناوچەی هۆنۆلولوی سەربە ویلایەتی هاوای لە ئەمەریکا، گۆرانیوتن بە دەنگی بەرز پاش خۆرئاوابون، کارێکی نایاساییە.

82. In Kentucky, a woman cannot remarry the same man more than three times.

لەویلایەتی کێنتەکی، ژن بۆی نیە زیاتر لە سێ جار شوو بە هەمان پیاو بکاتەوە!!!
لەڕاستیدا ئەم یاسایە زۆر زیادەیە، چونکە بنیایەم عەینەن بەشەر وایە، ئەگەر حەیای بێت جارێکی تر ناچێت بچێت هاوسەرگیری لەگەڵ هەمان کەسدا بکاتەوە.

83. In Utah, a husband is responsible for his wife’s actions as long as he is with her at the time of her “actions.”

لەویلایەتی ئوتا کە لە ئەمەریکایە، پیاو لەهەموو کارێکی ژنەکەی بەرپرسە، بەمەرجێك لەکاتی ئەو کارەدا پیاوەکەی لەگەڵدا بێت.
ئەم یاسایە هەر زۆر بێمانایەو "ئاخ کێری قومری"یەکی باشی ئەوێت، چونکە لەم حاڵەتەدا بۆ نمونە ئەگەر ژن و مێردێك لەناو ئۆتومبێلەکەیاندا بن و ژنەکە لێی بخوڕێت و لەجادەیەکی پان و فراوانداو لەسەر شەستییەکە کتوپڕ بچێتە سایدی روبەڕوو ناسکەڕوداوێك بخولقێنێت، یاسا یەخەی مێردەکەی دەگرێت!!!

84. In Oregon, talking dirty while having sex is illegal. Even though they don’t really specify what qualifies as dirty talk.

لەویلایەتی ئۆریگن قسەی حیز لەکاتی سێکسدا کارێکی نایاساییە. بەڵام سەرباری ئەوەش یاسادانەرە ئیشجوانەکان دیارییان نەکردووە کە مەخسەوی شەریفیان لە "قسەی حیز" چیە!!!

85. In North Carolina couples must have sex in the missionary position and with the curtains pulled.

لەویلایەتی کارۆلاینای باکور، هاوژینان پێویستە بەشێوازی تەبشیری بیکەن (بیلامانێشی ناوێت!!!!)و لەکاتی کردنەکەشدا پەردەکان دادرابنەوە. شێوازی تەبشیری واتە روبەڕوو، بەشێوەیەکە کە ژنەکە لەسەر پشت دەکەوێت و پیاوەکە لەسەر خانمەکە دەبێت و بەپێی توانا بەشەکانی جەستەیان روبەڕوو و هاوتای هی یەکتر بێت بۆ نمونە لوت ئاستی لوت، دەم ئاستی دەم و بەو شێوەیە.

2013-10-29

86. In Massachusetts it is deemed illegal for a woman to be on top during sex.

ئێمە مانان هەر بە تڕەمپە سەرپەمووەوە گرتومانە، ئەگینا نەك هەر ئەو بەڵکو ئەمەریکا یاسادانەرەکانیشیان شێتن. سەیری ئەم یاسا عەنتیکەیەی ئەوێ بکەن:
لەویلایەتی ماساچوستس لەکاتی سێکسدا ئەگەر خانمەکە لەسەر پیاوەکە بێت، ئەوە خانمەکە کارێکی نایاسایی کردووە. باشە کاکە!!!

2013-10-29

87. In Arizona, having more than two vibrators in your home is illegal. If you own more than two in your house, you can be subject to criminal possession.

لەویلایەتی ئەریزۆنا ئەگەر زیاتر لەدوو ڤایبریتەر واتە هەژێنەرت هەبێت، ئەوە نایاساییە. ئەگەر زیاتر لەدوو دانە لەو ئامێرەت هەبێت کە زیاتر بۆ کافرێانی بەکارهێنرێت، ئەوا روبەڕوی تۆمەتی هەبونی شتی تاوانکاری، دەبیتەوە.
رەنگە بپرسیت هەژێنەر چیە؟ منیش بۆ ئەوەی مەعلوماتت زیاترکەم، ئەڵێم: جا چی نیە، خوا پەنامان با!!!

88. In Arkansas there still exists a law that was instated in the 1800s that states a husband is allowed to beat his wife, but only once a month.

لە ئەرکەنساس کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، تائێستاش یاسایەکیان هەیە کە دەڵێت، پیاو بۆی هەیە لەژنەکەی بدات، بەڵام مانگی تەنها یەك جار (معاشە!!!). ئەم یاسایە لەساڵی 1800ەکان دانراوە.

89. In 29 states in the US it is legal to fire someone for being gay.

لە 29 ویلایەتی ئەمەریکا، دەرکردنی کەسێك لەبەر ئەوەی کە هاوڕگەزخوازە، کارێکی نایاساییە.

2013-10-29

90. Outside of the bedroom, the most common place for adults in the U.S. to have sex is the car.

لەدەرەوەی ژوری خەوتن، باوترین شوێن بۆ سێکسکردن لەلای ئەمەریکییەکان، ناو ئۆتۆمبێلە.

ئیمانم نەچێ وابزانم لەکوردستانیش هەروایە!!!

91. Statistics show that approximately 1 in every 5 Americans has indulged in sex with a colleague at work.

ئامارەکان دەریانخستووە کە لەهەموو پێنج هاوڵاتییەکی ئەمەریکی، یەکێکیان سێکسی لەگەڵ هاوکارەکەیدا کردووە لەسەر کار.

92. Approximately 70% of people in the U.S. admit to fantasizing about group sex at some point in their life, and more than 50% of those people actually follow through.

نزیکەی لەسەدا 70ی خەڵکی ئەمەریکا، دانیان بەوەدا ناوە کە لەهەندێك کاتی ژیانیاندا بیریان لەئەنجامدانی سێکسی بەکۆمەڵ کردووەتەوە، زیاتر لەسەدا پەنجای ئەمانەش بە فعلی کردویانە.

ئێستا تێگەیشتی کە کۆمەڵگەی ئەمەریکا لەڕوی ئەخلاقی سێکسییەوە چەندە داڕماون.

93. Throughout the United States, approximately 4% of the population self-identifies as gay, lesbian, or bisexual.

نزیکەی لەسەدا چواری دانیشتوانی ئەمەریکا، بەوتەی خودی خۆیان، هاوڕگەزخواز یان جوتڕەگەزخوازن.

94. ئەم خانمەی دەیبینن، ناوی ماریکا پاوێلە. ئەم ئاڵودەبوویەکی ماددە هۆشبەرەکان بوو لەویلایەتی ئەریزۆنای ئەمەریکا. بەو هۆیەوە لەساڵی 2009 دەستگیرکرا. لەزیندان خستیانە قەفەزێکی دەرەوەی ژور کە سەقفیشی نەبوو بۆیە بەر گەرمای بیابانی ناوچەکە کەوت. بەهۆی ئەم مامەڵە دڕندانەو دۆخە سەختەوە دەپاڕایەوەو داوای ئاوی دەکردو خۆشی پیس کردو دواتریش لەهۆش خۆی چوو و پاشانیش گیانی لەدەستدا. لێکۆڵینە لەکەیسی ئەم خانمە دەریخست کە بەهۆی خنکانەوە گیانی لەدەستداوە. لەهەمووی ناخۆشتریش ئەوەیە کە هیچ کەسێك بەهۆی ئەم مامەڵە دڕندانەیەو مەرگە تراژیدییەی ئەم خانمە، سزانەدرا.

ئەم رووداوە هی پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر نیە، بەڵکو هی تەنها دە ساڵ لەمەوبەرەو پاڵەوانەکەشی ئەمەریکایە کە رۆژانە لەمیدیاکانەوە بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و شەفافیەت و زاراوە زلەکانی تر، مێشکیان کونکردوین.

2019-10-7

95. 13% of Americans actually believe that some parts of the moon are made of cheese.

لەسەدا 13ی ئەمەریکییەکان هەر بەجددی لەو بڕوایەدان هەندێك بەشی مانگ لەپەنیر دروستکراوە.

96. تەنها باخی سێنترڵ پارك كە دەكەوێتە ویلایەتی نیۆركەوە، لەتەواوی ویلایەتی مۆناكۆ گەورەترە.

97. لەو ئەمەریكایەی لای خۆمان ناشتنی تەرمی شەریفت لەناو دەریا كارێكی تەواو یاساییەو هیچ كێشەی تێدا نیە. لەم حاڵەتەدا پارچەپەڕۆیەك لولدەكرێت بە دەوری تەرمی شەریفتاو چەند شتێكی قورسی پێوە دەكرێت و دەخرێتە سەر

کەشتییەك و لانیکەم لەدوریی سێ میل لەکەنار دەریاوە هەڵدەدرێتە ناو دەریاکەوە. تەنانەت هێزە دەریاییەکانی ئەو وڵاتە پرۆگرامێکیان هەیە بۆ یارمەتیدانی پەیوەندیداری جەنگاوەرە سەربازییە دێرینەکان.

98. ئەمەریکا کە خۆی بە دایك و باوکی ئازادی و دیموکراسی و زاراوە بریقەدارەکانی تر دادەنێت، پایتەختی فرەبکوژەکانە لەجیهاندا.

جا بیلموناسەبە فرەبکوژ واتە ئەو کەسەی زیاتر لەکەسێك دەکوژێت و کوشتن و چاخواردنەوەی لەلا وەك یەکە.

99. The Pentagon has an actual defense strategy for a zombie apocalypse. The document is known as CONPLAN 8888 and is a detailed guide on how to survive and fight against multiple types of zombies.

بڕوانامە شتێکی کەم نیە بەڵام بێگومان شەرت نیە هەرکەس بڕوانامەو پلەی بەرزی هەبوو مانای ئەوە بێت کە ئاستی عەقڵەکەشی بەرزە. رەنگە زۆربەمان لانیکەم یەك برادەر یا خزم یا ناسیاومان هەبێت کە ئەگەر پشتەملی بگرین و بیبەین بۆ مەیانی گایەلەکە بۆ ئەوەی بیگۆڕینەوە بە گاجوتێك، سەربەسەر بۆمان نەگۆڕنەوەو داوای باقییەکی هێندە زۆر بکەن کە بۆمان هەڵنەسوڕێت و ناچاربین بڵێین: کاکە ئەوە هەر نەمان گۆڕییەوە!

پنتاگۆن واتە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا بەو هەموو شان و شەوکەت و ئەکادیمییەوە، ستراتیژێکی راستەقینەی بەرگری داناوە لەدژی ئەگەری هێرشی بەربڵاوی زۆمبی واتە هێرشی بەربڵاوی تەرمی مردووی رۆحلەبەر. ئەم بەڵگەنامەیەی پەیوەندی بەم بەرگرییەوە هەیە بە کۆنپلان 8888 ناسراوەو پێکهاتووە لەڕێبەرییەکی دورودرێژ لەسەر چۆنیەتی رزگاربون و روبەڕوبونەوەی جۆرە جیاوازەکانی زۆمبی!!!!

100. لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، موچەی ساڵانەی شۆفێرانی ئۆتۆمبێلی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی ماڵان، چوار دەفتەری ناسکە، ئەمەش زیاترە لەموچەی سەرجەم دەرچوانی قۆناغی دواناوەندی کە سێ دەفتەری ناسکە، واتە دەفتەرێکی زیاترە.

101. ئەم برادەرەی دەیبینن، یەکێك بوو لەداواکراوترین تاوانبارانی بواری ئینتەرنێت لە ئەمەریکا واتە بواری هاك و ماك و ئەو چتانە. کەچی خۆی ئەوەندە بێعەقڵ بوو پاسۆردەکەی ناوی پشیلەکەی+123 دانابوو، بۆیە ئێف بی ئای سوك و باریك هاکی کردو دواتر دەستگیرکرا.

102. کتێبێك هەیە کە بەرهەمی ساڵی 1989یە بەناوی "یەکەم لێکۆڵینەوەی راستەقینەی گرنگ لەسەر خوی ئەمەریکییەکان". ئەو کەسانەی داهاتیان زۆرە، کلێنکسی تواڵێتەکانیان لەسەرەوە دەکەنەوە (وەك بەشی لای راستی وێنەکە). ئەوانەش کە داهاتیان کەمە، لەخوارەوە دەیکەنەوە (وەك بەشی چەپی وێنەکە).



103. لەساڵی 2018، ئەمەریکییەکان، بەبەهای نزیکەی 40 ملیار دۆلار شتیان بە سەرخۆشی کڕیوە. زۆربەی ئەم شتانەش خواردەمەنی بون.

104. بەگشتی هەرزەکارانی ئەمەریکا، لەتەمەنی 17 ساڵیدا کوڕێنی و کچێنی لەدەستدەدەن. واتە بوخچەی نەکراوەی تەمەن سەروو 17 ساڵیان زۆر کەمە.

105. ئەگەر وابزانیت ئیشی سەرۆکی ئەمەریکا زۆر خۆشەو ماڵی پۆزو مۆزە، ئەوا دیارە گا بە گونا ئەناسیت. چونکە نەك هەر وانیە، بەڵکو مەترسیدارترین ئیشە لەو وڵاتەدا.

زیاتر لەسەدا نۆی سەرۆکەکانی ئەم وڵاتە هەر لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیاندا بە کوشتن عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووە. دووەم ئیش لەڕووی زۆرترین ڕێژەی مردن تیایاندا، داربڕینە. ڕێژەی مردن لەناو داربڕەکاندا لەهەزاردا 13 کەسە.

106. سەرتاسەری ویلایەتی وایۆمینگی ئەمەریکا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، تەنها دوو سێت قادرمەی کارەبایی تێدایە.

2019-6-29

107. لەو زانکۆی ستانفۆردەی لای خۆمان پسپۆرێکی بواری ئاماری لێیە، کە تائێستا چوار جار یانسیبی بۆ دەرچووەو بەهۆی ئەوەوە دوو هەزار دەفتەری ناسکی وەرگرتووە!!!!

2019/6/29

108. لەساڵی 1990 پۆلیسی ویلایەتی میشیگان لە ئەمەریکا، ئاهەنگێکی هاوسەرگیری بۆ دوان لەکارمەندە نەێنییەکانی رێکخست. ژمارەیەکی زۆر بازرگانی مادده هۆشبەرەکان، باگنەێشتی ئەو ئاهەنگە کران و پاشان لەگەرمەی ئاهەنگەکەدا دەستگیرکران.



109. رفاندنی چارلی رۆس کە کیژۆڵەیەکی تەمەن چوار ساڵ بوو، لەساڵی 1874، بە یەکەم رفاندن دادەنرێت لەمێژوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەمیدیاکاندا دەنگی دایەوە. ئەم منااڵە کە هەرگیز نەدۆزرایەوە، لەلایەن دوو پیاوەوە کە یاری ئاگرین و شیرینییان پێبوو، فریودراو رفێنرا. بەهۆی گرنگیدانی جیهان بەم کەیسە، هەرچەندە تائێستا نزیکەی سەدەو نیوێکی بەسەردا تێپەڕیوە، بەاڵم هێشتا ئامۆژگاری منااڵن دەکرێت کە نەچن بچن شیرینی لەکەسی بێگانە وەربگرن.



110. Alabama has passed a bill that would require child sex offenders to be chemically castrated before they are released from prison.

ویلایەتی ئەلاباماى ئەمەریکا پڕۆژەیاسایەکی تێپەڕاندووە کە داوادەکات تاوانبارانی کەیسی سێکسکردن لەگەڵ منداڵ پێش ئازادکردنیان لەزیندان، بەشێوازی کیمیایی بخەسێنرێن.

111. A man in Michigan whose house was set to be demolished, switched house numbers with his neighbor, so that crews ended up demolishing the wrong house.

لەویلایەتی میشیگانی ئەمەریکا، جارێك پیاوێك كە بڕیاربوو خانووەكەی بڕوخێنرێت، ژمارەی خانووەكەی لەگەڵ هی خانوی دراوسێكەی گۆڕی، بەهۆی ئەمەوە ستافی خانوڕوخاندنەكە خانوی دراوسێكەیان روخاند!!!

112. بەگوێرەی پنتاگۆن واتە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، زیاتر لە 70 لەسەدی ئەمەریکییەکانی تەمەن 17 بۆ 24 ساڵ شیاو نین بۆ خزمەتی سەربازی، چونکێکوم ئەم کەسانە یان زۆر قەڵەون یان خوێندەوارییان زۆر کەمە یان تۆماری تاوانیان هەیە. باشە کاکە!!!



113. California is the common state that gets recognized for earthquakes, but more have happened in Alaska. Over 1,000 happen each month and between 1974 and 2003, Alaska had triple the amount of California.

هەرچەندە وا ناسراوە کە لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکا، کالیفۆرنیا زۆرترین زەمینلەرزەی تێدا رودەدات، بەڵام ئەمە راست نیە، چونکە ئەلاسکا زیاتری تێدا رودەدات. هەموو مانگێك زیاتر لەهەزار زەمینلەرزە لە ئەلاسکا رودەدات و لەنێوان ساڵی 1974و 2003، زەمینلەرزە سێ ئەوەندەی کالیفۆرنیا، لە ئەلاسکا رویداوە.

114. لەساڵی 1979 واتە ساڵێك پاش چاپبونی ئێمەمانان، لەشاری نیۆرك، خانمێك لەنهۆمی 86ی باڵەخانەی ئێمپایەر ستەیتەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە، بەڵام تەنها یەك نهۆم کەوتەخوارەوە، چونکە سبحان الله لەو کاتەدا بایەکی توند هەڵیدایە لێوارێکی 91 سانتیمەتریی نهۆمی خوارەوەو لەماوەیەکی کەمدا ژیانی رزگارکراو عومری درێژی بۆ تۆ جێنەهێشت.

115. تەنها لەهەوڵێکدا بۆ سیخوڕیکردن بەسەر کۆشکی کرملن و باڵیۆزخانەکانی روسیاوە، دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا واتە سی ئای ئەی دوو هەزار دەفتەری ناسکی سەرفکردووە. ئەم ئەرکە ناونراوە پشیلەی دەنگی و تێیدا مایکرۆفۆنێك لەگوێ و ئامێرێکی گواستنەوەی بێتەل لەنزیك کاسەی سەری هەر یەکێك لەو پشلانە چێنراوە.

116. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نزیکەی سێ هەزارو 500 گەردونناسی تێدایە، بەڵام هەر لەوێ زیاتر لە 15 هەزار ئەستێرەناس واتە مونەجیم هەیە.

117. تەنها لەسەدا 55ی ئەمەریکییەکان دەزانن کە خۆر ئەستێرەیە.

118. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها لەسەدا چواری دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێت، بەڵام لەسەدا 25ی زیندانییەکانی جیهان لەم وڵاتەدان.

16. The US has 4% of the world's population, but 25% of the world's prison population.

119. In 2013, 28.7 million people admitted to driving under the influence of alcohol. This is more than the entire population of Texas.

لەساڵی 2013 بیست و هەشت ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس دانیان بەوەدا ناوە کە لەژێر کاریگەری ئەلکهولدا ئۆتۆمبێلیان لێخوڕیوە. ئەم ژمارەیەش لەکۆی دانیشتوانی ویلایەتی تەکساس زیاترە.

120. In the United States each day, people drive drunk more than 300,000 times, but only about 3,200 are arrested.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەموو رۆژێك خەڵك زیاتر لە 300 هەزار جار بە سەرخۆشی ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن، بەڵام تەنها نزیکەی سێ هەزارو دووسەد جاریان دەستگیردەکرێن.

121. Nearly one-third (31%) of all traffic-related deaths in the United States are due to drunk driving.

نزیکەی سێیەکی هەموو گیانلەدەستدانەکانی پەیوەست بە رووداوی هاتوچۆ لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پەیوەندییان بە لێخوڕین بەسەرخۆشییەوە، هەیە.

122. Per capita, Americans consume more alcoholic beverages than they do milk.

ئەمەریکییەکان وەك تاك، ئەوەندەی خواردنەوە کهولییەکان بەکاردەبەن، ئەوەندە شیر بەکارنابەن.

123. In the U.S. alone, someone is killed by a drunk driver every 45 minutes.

تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەموو 45 خولەکێك، کەسێك بەهۆی شۆفێرێکی سەرخۆشەوە گیان لەدەستدەدات.

124. The top 10 most dangerous states for drunk driving are the following 1) North Dakota, 2) Montana, 3) Idaho, 4) Wisconsin, 5) South Carolina, 6) South Dakota, 7) Pennsylvania, 8) New Mexico, 9) Rhode Island, and 10) Vermont.

ریزبەندیی 10 مەترسیدارترین ویلایەتەکانی ئەمەریکا لەڕوی لێخوڕین بەسەرخۆشی، بەم شێوەیەیە: داکۆتای باکور، مۆنتانا، ئایداهۆ، ویسکنسن، کارۆلاینای باشور، داکۆتای باشور، پنسلڤانیا، نیو مەکسیکۆ، رۆد ئایلاند، ڤێرمۆنت.

125. Utah ranks lowest in the U.S. for drunk-driving incidents. Other low ranking states include Indiana, Florida, Georgia, and Minnesota.

لەڕوی کەمیی رووداوی هاتوچۆی پەیوەست بە لێخوڕین بەسەرخۆشییەوە، لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ویلایەتی ئوتا پلەی یەکەمی گرتووە. ئیندیاناو فلۆریداو جۆرجیاو مینیسۆتاش لەناو ئەو ویلایەتانەن کە کەمترین رووداوی هاوشێوەیان تێدا رودەدات.

126. If a member of the US military or a US official is detained by the International Court in the Hague, the US has a law allowing it to invade the Netherlands to release them.

تۆ تەماشا ئەم عەنتەرییەی ئەمەریکا:

ئەگەر ئەندامێکی سوپای ئەمەریکا یان بەرپرسێکی ئەو وڵاتە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە لە لاهای، دەستگیربکرێت، ئەوا حکومەتی ئەمەریکا بەپێی یاسا بۆی هەیە پەلاماری هۆڵەندا بدات و بەنێرەکەری دەستگیرکراوەکەی ئازادبکات.

ئاینشتاین

Eeinstein

127. Albert Einstein cheated on his wife, belittled her scientific achievements, and refused to help out around the house and made her sign a contract in which she would agree to leave the room or stop talking if he told her to.

ئاینشتاینە بێناموس خیانەتی لەژنەکەی کردووەو لەبەهای داهێنانە زانستییەکانی ئەو خانمەی کەمکردووەتەوەو ئامادەنەبووە لەکاری ماڵەوەدا یارمەتی بدات. لەوەش زیاتر، عەقدێکی پێ ئیمزاکردووە کە هەرکاتێك هاتە ژورەکەی و داوای لێکرد بێدەنگ بێت یان ژورەکە جێبهێڵێت، ئەوا دەبێت بەگوێی بکات.

128. WHEN ASKED IF HE KNEW THE SPEED OF SOUND, EINSTEIN SAID HE "DIDN'T CARRY SUCH INFORMATION IN MY MIND SINCE IT'S READILY AVAILABLE IN BOOKS."

کاتێك لە ئاینشتاینیان پرسی، ئاخۆ دەزانێت خێرایی دەنگ چەندە؟ لەناسکەوەڵامێکدا وتی، ئەو جۆرە زانیارییانە لەمێشکیدا هەڵناگرێت چونکە زۆر بە ئاسانی لەکتێبەکاندا بەردەستە.

129. When Einstein met Chaplin in 1931, Einstein said, “What I admire most about your art is its universality. You do not say a word, and yet the world understands you." “It's true.” Replied Chaplin, "But your fame is even greater. The world admires you, when no one understands you."

لەساڵی 1931، کاتێك ئاینیشتاین چارلی چاپلّن دەبینێت، ئاینیشتاین پێیدەڵێت: "ئەوەی من سەبارەت بەتۆ زۆر سەرسامم، ناوبانگە جیهانییەکەتە. تۆ بەبێ ئەوەی تەنها وشەیەکیش بڵێیت، هەموو جیهان لێت تێدەگات". چاپلّن لەوەڵامدا دەڵێت: "راستە، بەڵام ناوبانگی تۆ گەورەترە. هەموو جیهان موعجیبە پێت بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك لێت تێبگات".

ئوستراليا

Australia

130. In fact, 80% of animals hit by cars in Australia are kangaroos.

لەسەدا 80ی ئەو گیاندارانەی لە ئوستراليا سەیارە لێیان دەدات، کەنگەرن.

131. In comparison to the 24 million people living in Australia, there are 44 million kangaroos as of 2015.

لەساڵی 2015 ژمارەی دانیشتوانی ئوستراليا 24 ملیۆن کەس بووە، بەڵام ژمارەی کەنگەرەکانی ئەو وڵاتە 44 ملیۆن بووە.

132. نەچی بچی وابزانیت دیواری مەزنی چین، درێژترین دیوارە لەجیهاندا، چونکە وا نیە. لەو ئوستراليایەی لای خۆمان سیاجێك هەیە بەناوی دیواری دینگۆ. ئەم دیوارە زیاتر لە پێنج کیلۆمەترو نیو لەوەی چین، درێژترە.



133. لەو ئوستراليایەی لای خۆمان رووەکێك هەیە کە بە "رووەکی خۆکوشتن" ناسراوە. چزوی ئەم رووەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەمێنێتەوەو هێندە ئازاربەخشە کە تا ئێستا چەندین کەس پاش بەرکەوتنی ئەم رووەکە، خۆیان کوشتووە.

134. Melbourne gave some of its trees email addresses so residents could report problems. Instead, the trees received love letters.

لەشاری مێلبۆرن کە پایتەختی هەرێمی ڤیکتۆریای ئەو ئوستراليايەی لای خۆمانە، هەندێك لەدرەختەکانیان ئیمەیڵیان بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی ئەگەر بینیان درەختێکیان کێشەی هەیە، بەو ئیمەیڵە دەسەڵاتداران ئاگاداربکەنەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە زۆرجار درەختەکان لەبری ئەوە نامەی دڵداریيان پێدەگات.

ئیتالیا

Italy

135. Rome holds the world record for the city with most elevators.

ئەو شارەی زۆرترین مەسعەد واتە ئاسانسواری تێدایە لەسەرتاسەری جیهان، رۆمای پایتەختی ئیتالیایە.

ئیجە (دەریای ئیجە)

The Aegean Sea

136. The Aegean Sea has an approximate length of 610 kilometers (380 miles), an average width of 300 kilometers (250 miles).

درێژیی دەریای ئیجە نزیکەی 610 کیلۆمەتر ناسکەو تێکڕای ناوەندیی پانییەکەی سێ سەد کیلۆمەترە.

137. It has a surface area of approximately 214,000 square kilometers (82,600 square miles).

ڕووبەری سەرەوەی دەریای ئیجە نزیکەی 214 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. هەرکەسیش گومانی هەیە، ئەوە یەخت و فوت بچێت بیپێوێت بەڵام تکایە با چوپی پێبێت!

138. The maximum depth of the Aegean is to be found east of Crete, where it reaches 3,543 meters (11,624 feet) below the sea's surface.

زۆرترین قوڵیی دەریای ئیجە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دورگەی کریتەوە دەگاتە سێ هەزارو 543 مەتری ناسك. واتە گوێی شەیتان کەڕبێ ئەگەر لەو ناوچەیەدا یەختەکەت وەرگەڕێ یان بە هەر هۆیەکی تر نقومبیت، ئەوا لەبەرزەخدا خەبەرت دەبێتەوە!!!

139. Approximately 1,400 islands and islets dot the Aegean — generally arranged into seven principal groups — the majority of which fall into the jurisdiction of Greece, while the remainder belong to Turkey.

نزیکەی هەزارو 400 دورگەو ناسکەدورگە، دەریای ئیجەی خاڵدارکردووە. بەگشتی ئەم دورگانە لەڕووی ئیدارییەوە لەحەوت گروپی سەرەکیدا ڕێکخراون و زۆربەیان لەژێر دەسەڵاتی یۆناندان و کەمێکیشیان لەژێر دەسەڵاتی تورکیادان.

لێرەوە پێویستت بەم ناسکەوریاکردنەوەیە هەیە ئەگەر خوانەخواستە ویستت لەڕێی ئیجەوە خۆبگەیەنیتە ئەورووپادا: کاتێك دەچیتە ناو یەختەکەو کتوپڕ ڕێتان لێ تێکدەچێت و دەکەوێتە یەکێك لەو دورگانەوە، نەچی بچی بەدەنگی بەرز جوێن بە ئۆردۆگان بدەیت، چونکە ئیحتیمالی هەیە، ئەو دورگەیە یەکێك بێت لەدورگەکانی تورکیا نەك هی یۆنان، ئەوکاتە لانیکەم ڕێك پشتەملت دەگرن و دەتکەنەوە بەمدیوا، ئەگەر سجنیشت نەکەن!!!

140. The temperature of the sea’s surface ranges from about 16°C to 25°C and varies with the time of the year.

پلەی گەرمای سەرڕوی دەریای ئیجە لەنێوان 16 بۆ 25 پلەی سەدیدایەو لەکاتی جیاوازەکانی ساڵدا دەگۆڕێت.

ئیستۆنیا

Estonia

141. لە ئیستۆنیا کە ناسکەوڵاتێکی ئەورووپییە، ئینتەرنێتی وایفای بەبێ بەرامبەر بۆ هەموو هاووڵاتیان بەردەستە، کورە تەنانەت بۆ لەسەدا 90ی ئەو کەسانەش بەردەستە کە لەدارستانەکاندا دەژین.

ئەمە لەوێ، بەڵام لێرە وەك حکومەت ئەوەی نەکردووە، خەڵکەکەشی بەداخەوە هێندە بێکەڵك و لەخۆنەبردووە لەهەزاردا یەکیشی ئامادەنیە وایەلێسی سەر وایفاکەی لابات تەنانەت ئەگەر خەتەکەشی سیستمی فری بێت نەك گێگا.



ئیسرائیل

Israel

142. لەزۆرێك لەخوێندنگەكانی ئیسرائیل، وانەی جەبر بەبێ بەكارهێنانی نیشانەی كۆكردنەوە (+) دەخوێنرێت چونكە ئەو نیشانەیە لەخاچی مەسیح دەچێت. لەبری ئەوە پیتی Tی كەپیتەڵ بەهەڵگەڕاوەیی بەكاردەهێنن.



ئیندۆنوسیا

Indonesia

143. خێراترین شار لەسەرتاسەری جیهاندا لەڕووی رۆچونەوە، جاکارتای پایتەختی ئیندۆنوسیایە. ساڵانە ئەم شارە نزیکەی 25سم و نیو رۆدەچێت.

144. Public kissing is a crime in Indonesia punishable by five years in prison. Something to think about if you are visiting Bali.

لەو ئیندۆنوسیایەی لای خۆمان ماچکردن لەشوێنە گشتییەکاندا تاوانەو سزاکەی دەگاتە زیندانیکردن بۆ ماوەی پێنج ساڵ. ئەمە شتێکە کە پێویستە باش بیری لێبکەیتەوە ئەگەر ویستت سەردانی بالی بکەیت.

ئینگلیزی

English

145. The only number between one and ten with two syllables is seven. I bet you're checking that now!

لەنێوان ژمارە یەك تا دە (بە نوسین بە ئینگلیزی)، تەنها یەك ژمارەیان لەدوو بڕگە پێکهاتووە، ئەویش ژمارە حەوت(seven)ە. عەیبە تاقیدەکەیتەوە!، سیقەو هەبێ!

146. Don't know whether to write "affect" or "effect"? Use "impact" instead.

جاری وا هەیە بەدوولا مەست و حەیران دەبیت و نازانیت affect بەکاربهێنیت یان effect، حەلی ئەمە زۆر بەسیتە! هیچیان بەکارمەهێنە، impactبەکاربێنەو با عەباسی گوڵچین بێ و ببڕێتەوە.

147. The "Sixth Sick Sheik Sixth Sheep's Sick" is the hardest tongue-twister.

قورسترین رستە لەزمانی ئینگلیزیدا کە پیاوم دەوێت و سێ جار لەسەر یەك بەسەریعی بیڵێتەوە ئەمەیە:

Sixth Sick Sheik Sixth Sheep's Sick.

مانای رستەکە: شەشەم مەڕی شەشەم شێخە نەخۆشەکە، نەخۆشە.

148. ئایا دەزانیط وشەی decide بۆچی وەك وشەکانی homicideو pesticideو regicideو suicide بە cide کۆتایی دێط؟ ئەو چوار وشەیە، یەك لەدوای یەك بەمانای کوشتن، ماددەی مێروووقڕکەر، کوشتنی پادشا، خۆکوشتن دێط. دەبینین هەمویان مانای کوشتن و لەناوبردن لەخۆگرن. وشەی decideیش کە بەمانای بڕیار دێت واتە کوشتنی هەموو بژاردەکان و خۆ یەکلاییکردنەوە لەسەر یەك ئاڕاصطە.

دوای ئەم فاکتە مانای ئەو وشانەت بیربچێتەوە عاجز ئەبم!!!



149. Most average adult English speakers know between 20,000–35,000 words.

تێکڕا هەر کەسێکی پێگەیشتوو کە بە ئینگلیزی قسەدەکات، بیست هەزار تا 35 هەزار وشە دەزانێت.

150. A new word is created every 98 minutes, which is about 14.7 words a day.

هەموو 98 خولەکێك، وشەیەکی ئینگلیزیی نوێ دروستدەکرێت، واتە نزیکەی 15 وشەی نوێ لەهەر رۆژێکدا.

151. The most complex word in the English language is "set." This small word has over 430 definitions and requires a 60,000 word definition that covers 24 pages in the Oxford English Dictionary.

قۆرترین وشە لەزمانی ئینگلیزیدا، setە. ئەم وشە بچکۆلانەیە زیاتر لە 430 مانای هەیەو پێناسەی ماناکانی 60 هەزار وشەی پێویستە، ئەمەش لەفەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆرددا 24 لاپەڕەی گرتووە.

152. There are only five words in the English language that consist of all vowels (aa, ae, ai, oe, and eau).

زمانی ئینگلیزی بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، تەنها پێنج وشەی هەیە کە تەنها لەپیتی بزوێن پێکهاتبێت و پیتی نەبزوێنی تێدا نەبێت. ئەوانیش بریتین لە: (aa, ae, ai, oe, eau).

153. According to University of Warwick researchers, the top 10 funniest words in the English language are booty, tit, booby, hooter, nitwit, twit, waddle, tinkle, bebop, and egghead.

بەگوێرەی لێکۆڵەرانی زانکۆی وۆرویك، هەزەلیترین 10 وشە لەزمانی ئینگلیزیدا ئەم وشانەن:

booty, tit, booby, hooter, nitwit, twit, waddle, tinkle, bebop, egghead

رەنگە فەخامەتی جەنابت بپرسیت مانای ئەو وشانە چیە؟ منیش لەوەڵامدا دەڵێم: خوا پەنامان با، جا چی نیە!!!!

154. The word "good" has the most synonyms of any other word in the English language, at 380.

وشەی good لەزمانی ئینگلیزیدا، بە بەراورد بە هەر وشەیەکی تر، زۆرترین موورادیفی هەیە. ئەم وشەیە 380 موورادیف واتە هاوماناى هەیە.

155. The first number spelled out that contains an "a" is one thousand.

ئەگەر بە نوسین بینوسین نەك بە رەقەم، ئەوا یەکەم ژمارە کە پیتی aی تێدایە، thousandە کە بەمانای هەزار دێت. هیچ یەکێك لەژمارەکانی پێش هەزار، ئەو پیتەیان تێدا نیە.

156. The longest word you can make using only four letters is "senseless.

درێژترین وشەی ئینگلیزی کە بتوانرێت بە تەنها چوار پیتی جیا دروستبکرێت، senselessە کە چەند مانایەکی هەیە لەوانە: بێهۆش، بێمانا، هتد...

157. There are words in the English language which have hundreds of different meanings. According to expert lexicographers, the word ‘run’ is thought to have around 645 different connotations.

یەکێك لەقۆرییاتەکانی زمانی ئینگلیزی، ئەوەیە کە چەند وشەیەکی هەیە هەر یەکێکیان سەدان مانای هەیە. ئینجاکونێ هەر بۆ نمونە، بەگوێرەی پسپۆرانی بواری فەرهەنگنوسی، تەنها وشەی run نزیکەی 645 مانای هەیە.

ئێران

Iran

158. A December 2003 earthquake struck the southeastern city of Bam, Iran, killing more than 30,000 people.

لەمانگی 12ی 2003 ناسکەزەمینلەرزەیەك شاری بام-ی ئێرانی هەژاند، لەئەنجامدا زیاتر لە 30 هەزار کەس عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت. تەبعەن فەخامەتی جەنابت باش بیرت دێت، بەڵام ئەگەر خۆت ناسك و بچکۆلانە بکەیتەوە ئەوە قەزیەیەکی ترەو بیرت نایەت!!!

159. Islam is the dominant religion in Iran at 98%: Shia 89% and Sunni 9%. Other religions, such as Zoroastrianism, Judaism, Christianity, and the Baha'i faith make up the remaining 2%.

ئاینی زاڵ لە ئێران ئیسلامە. لەسەدا 98ی خەڵکەکەی موسڵمانن. لەسەدا 89ی دانیشتوانەکەی شیعەن و لەسەدا 9ەکەی تر سوننەن. شوێنکەوتوانی ئاینەکانی زەردەشتی و جولەکەو مەسیحی و بەهائی لەسەدا دووەکەی تری دانیشتوان پێکدەهێنن.

160. Poetry holds a special place in Iranian culture. All Iranians can recite lines from famous Persian poems, such as the most famous poem in Iran called Shahnameh or The Epic of Kings.

رەنگە لای خۆمان سەرگەردانێکی لەقوڕاچەقیو ببینیت کە بە هەزرەوەو بەوپەڕی عەقڵییەوە بڵێیت:

ویستم کوپێك قاوە لەگەڵ تۆدا بخۆمەوە

بەڵام مخابن کوپەکە شکا

ئیتر بۆم دەرکەوت چەندە بێبەختم

دڵی من خنکا!!!!

و ئەمە ناوبنێیت شیعرو بینا لەسەر ئەمە زۆربەی کوردی ئیشقۆڕی بەتاڵ شاعیرن یان ئەم جۆرە تێکستانەیان لەبەرە، بەڵام لەئێران تەواو پێچەوانەیە.

لەوێ شیعر بەمانای کەلیمە نەك تێکستی بێمانا، پێگەیەکی تایبەت هەیە لەناو کلتوریاندا. هەموو ئێرانییەکان دەتوانن لەکاتی قسەکردن و نوسیندا چەند دێڕێك لەقەسیدە بەناوبانگەکانی شاعیرە مەزنەکانیان وەك نمونە بهێننەوە، لەوانە شیعرەکانی شانامەی فیردەوسی.

161. Iran is the 18th largest country in the world, with a total of 1,648,195 sq km. It is slightly smaller than Alaska.

لەڕوی ڕوبەرەوە، ئێران 18هەمین گەورەترین وڵاتە لەجیهاندا. کۆی ڕوبەرەکەی یەك ملیۆن و 648 هەزارو 195 کیلۆمەتر دوجایەو کەمێك لەڕوبەری ویلایەتی ئەلاسکا بچوکترە.

162. In 2007, Iran produced the world's largest handmade carpet for a mosque in the United Arab Emirates. It was the size of a soccer field.

لەساڵی 2007 ئێران گەورەترین فەرشی دەستکردی لەسەرتاسەری جیهان، بۆ مزگەوتێك لە ئیمارات دروستکرد کە بەقەدەر یاریگایەکی تۆپی پێ دەبێت.

163. Iran has one of the highest opiate addiction rates in the world.

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی جیهان کە زۆرترین ڕێژەی ئاڵودەبوو بە ئەفیونی تێدایە کە یەکێکە لەماددە هۆشبەرەکان.

164. Iran is one of the primary trans-shipment routes for Southwest Asian heroin to Europe. Over 3,600 Iranians have been killed in the past 25 years fighting heroin smugglers.

ئێران یەکێکە لەڕێگا سەرەکییەکانی گواستنەوەی هیرۆینی ئاسیای باشوری خۆرئاوای جیهان بۆ ئەورووپا. تەنها لەماوەی 25 ساڵی رابردودا، زیاتر لە سێ هەزارو 600 هاوڵاتی ئێران لەکاتی روبەڕوبونەوەی قاچاخچییانی ئەو ماددە هۆشبەرە، کوژراون. 2019-10

165. Sigheh, or short-term marriages, are permitted under Shari'a law in certain Shia schools. They can last one hour to several years depending on the contract. Many times they are used to satiate male pilgrims who visit Iranian holy shrines away from their families..

سیغە واتە هاوسەرگیریی مەوداکورت، لەلایەن چەند مەدرەسەیەکی شیعەوە ڕێپێدراوە. دەکرێ ئەم هاوسەرگیرییە بەپێی گرێبەستەکە ماوەکەی سەعاتێك تا چەند ساڵێك بخایەنێت. زۆرجار ئەو مەدرەسە شیعانە ئەم سیغەیە بۆ تێرکردنی ئەو زیارەتکارانە بەکاردەهێنن کە دوور لەخێزانەکانیان، سەردانی مەزارە پیرۆزەکانی ئێران دەکەن.

166. لەو ئێرانەی لای خۆمان، لەسەدا 70ی هەموو فێرخوازانی بەشە زانستییەکان، خانمانن.

167. Approximately 14.2% of Iranians are obese, making it the 41st most obese country in the world. American Samoa is the largest, with 75% of its population obese. The United States is 6th in the world, with 33.9% of the population obese.

زیاتر لەسەدا 14ی هاوڵاتیانی ئێران کێشیان زیادە، بەوەش ئەم وڵاتە 41هەمین وڵاتی جیهانە لەڕوی کێشزیادییەوە. ساموای ئەمەریکا لەهەمان رووەوە یەکەمە کە لەسەدا 75ی دانیشتوانەکەی کێشیان زیادە. ئەمەریکاش شەشەم وڵاتی جیهانە لەو رووەوە کە نزیکەی لەسەدا 40ی دانیشتوانەکەی کێشیان زیادە.

2019-10-4

168. Iran’s capital and largest city, Tehran, has some of the worst air pollution in the world. An estimated 27 people die a day from air pollution-related diseases.

پایتەخت و گەورەترین شاری ئێران تارانە، هاوکات هەندێك لەخراپترین جۆرەکانی پیسبونی ژینگەی تێدایە. هەموو رۆژێك تەنها لەم شارە 27 کەس بەهۆی نەخۆشیگەلی پەیوەست بە پیسبونی ژینگەوە، عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن. ژمارەکە خەملاندنە نەك کتومت.

169. In 1979, a group of Islamist students and militants overtook the American Embassy in Tehran. In support of the Iranian revolution, they demanded that the United States hand over Shah Pahlavi, who was dying of cancer and receiving medical treatment in the U.S. After 444 days, just minutes after President Ronald Reagan was sworn into office, the hostages were released.

لەساڵی 1979، کۆمەڵێك چەکدارو خوێندکاری ئیسلامی وەك پاڵپشتی بۆ شۆڕشی ئیسلامی ئێران، باڵیۆزخانەی ئەمەریکایان لە تارانی پایتەخت گرت و کارمەندەکانی ناویان بە بارمتەگرت و داوایان لە ئەمەریکا کرد کە شا هەڵاتووەکەیان تەسلیمبکات کە لەو کاتەدا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لەسەرەمەرگدا بوو و لە ئەمەریکا لەژێر چارەسەردا بوو. پاش 444 رۆژ لەگرتنی باڵیۆزخانەکەو کارمەندەکانی، چەند خولەکێك پاش ئەوەی رۆناڵد ریگان وەك سەرۆکی ئەمەریکا سوێندی یاسایی خوارد، بارمتەکان ئازادکران.

170. During the Iran-Iraq War, the United States officially supported Iraq and put pressure on other countries to stop selling weapons to Iran. However, the U.S. itself was later found to have been quietly selling weapons to the country.

ئەم ئەمەریکایە زۆر سەگە!!!

لەکاتی جەنگی عیراق- ئێراندا، بەڕەسمی یارمەتی عیراقی دەداو فشاریشی دەخستە سەر وڵاتانی تر کە فرۆشتنی چەك بە ئێران رابگرن. بەڵام دواتر دەرکەوت کە خۆی واتە ئەمەریکا بەنهێنی چەکی بە ئێرانیش فرۆشتووە. باشە کاکە؟

171. Approximately 70% of Iran’s population is under the age of 30.

نزیکەی لەسەدا 70ی دانیشتوانی ئێران، تەمەنیان لەخوار 30 ساڵەوەیە.

172. If a woman is raped in Iran, the police have the power to force a man to marry his victim, with or without her assent, though he can divorce her immediately after. In Iran, a divorced woman is more marriageable than an unmarried girl with a ruptured hymen.

لە ئێران ئەگەر پیاوێك خانمێك لاقەبکات، ئەوا پۆلیس دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە پیاوەکە ناچاربکات ئەو خانمە مارەبکات بەبێ رەزامەندیی هیچ یەکێکیان. بەڵام هاوکات پیاوەکە بۆی هەیە پاش مارەکردنەکە یەکسەر تەڵاقی بدات. هەر لەم وڵاتە خانمێکی تەڵاقدراو زیاتر خواستی شوکردنی لەسەرە وەك لەکچێکی شوونەکردوو کە پەردەی کچێنی تەقیبێت.

173. زانکۆکانی ئێران بەبەراورد بە هی هەر وڵاتێکی تری سەربەخۆ، خاوەنی زۆرترین رێژەی خوێندکاری کچە لەچاو خوێندکاری کوڕدا. زیاتر لەسەدا حەفتای خوێندکارەکانی بەشەکانی ئەندازیاری و زانستە پەتییەکان، خانمن.


Iran has the highest female to male ratio in universities among all sovereign nations. More than 70% of students in engineering and pure sciences are women.

باران
rain

174. بەگشتی خێرایی هەر دڵۆپەبارانێك دەگاتە نزیكەی 35 كیلۆمەتر لەسەعاتێكدا.

باڕۆکه
wig

175. In Britain, judges wear white wigs in court.
لەکاتی دادگاییکردندا لەبریتانیا، دادوەرەکان باڕۆکەی سپی لەسەردەکەن.

برازیل

Brazil

176. Brazil is the 5th largest country in the world by both land area and population.

برازیل پێنجەم گەورەترین وڵاتە لەجیهاندا، لەڕوی ڕووبەرو دانیشتوانیشەوە.

بروس لی
Bruce Lee

177. Bruce Lee, for all he was the master of martial arts and considered one of the deadliest performers on the planet, actually feared another man he thought would best him – legendary boxer Muhammad Ali. “He’d kill me,” Lee was said to have commented.

زاڵم زەواڵی هەیەو لێهاتووش لێهاتوتری هەیە. بروس لیی جوانەمەرگ کە بێگومان مامۆستای هونەری جەنگی بوو و بە ئەنجامدەری کوشندەترین نمانیش دادەنرێت لەسەر گۆی زەوی، لەڕاستیدا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە لەپیاوێك ترساوە کە بیبەزێنێت کە ئەویش ئەفسانەی یاریی بۆکسینگ، محەمەد عەلی/ بووە. دەووترێت بروسلی وتویەتی: "ئەو دەمکوژێت".

بریتانیا

Britain

178. London taxi drivers have to take what is known as the Knowledge test, which means that they need to memorise up to 25,000 different streets. It could take three to four years for a cabbie to fully revise and complete the test. That's dedication!

لێرە لەکوردستان، بەدیاریکراوی لەم پایتەختی رۆشنبیرییە، ئەگەر دەست لەتاکسییەك رابگریت و بڵێیت بمبە بۆ زانکۆی سلێمانی، دوور نیە کابرا نەزانێت و بڵێیت: ئەوەی لای جامیعەکە؟ بەڵام لە لەندەن شتەکە عەرزو عاسمانی فەرقە!

لەوێ شۆفێرانی تاکسی سەرباری ترایی و نەزەری و قۆڕییاتەکانی تر، پێویستە تاقیکردنەوەیەك ئەنجامبدەن کە پێی دەووترێت تاقیکردنەوەی زانیاری، ئەم تاقیکردنەوەیەش لەسەر شۆفێر پێویست دەکات کە 25 هەزار شەقامی جیای ئەو لەندەنە شارەزا بێت. پێداچونەوەو تەواوکردنی تەنها ئەم تاقیکردنەوە سێ تا چوار ساڵی ناسك دەخایەنێت. ئا ئەمەیە لێبڕان و خۆتەرخانکردن بۆ کارەکەت.

لەڕاستیدا نە ئەمەی لەندەن مەنتقییە، نە بێسەروبەرییەکەی ئێرەش.

179. لە بریتانیا هەموو ئەسپ و ئەسپی قەزەم و کەرێك پێویستە پاسپۆرتی ئەسپیان هەبێت.

180. لە لەندەن زیاتر لە سێسەد زمان قسەی پێدەکرێت. بەهۆی ئەوەوە ئەم شارە بە فرەڕەنگترین شار لەجیهاندا لەڕووی زمانەوە، دادەنرێت.

181. During the Victorian period, it was normal to photograph relatives after they died. People would dress their newly-deceased relatives in their best clothing, and then put them in lifelike poses and photograph them.

They did this to preserve one last image of their dead loved one in a strange form of commemoration.

لەشانشینی یەکگرتووی سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریادا، وێنەگرتنی کەسانی مردوو لەلایەن خزمەکانیانەوە شتێکی ئاسایی بوو. پاش مردنی کەسەکە، کەسوکارەکەی جوانترین جلوبەرگیان دەکردە بەری و پاشان وەك ئەوەی بڵێی زیندووە، دایاندەنا بۆ رەسمگرتن و رەسمیان دەگرت.

ئەمەیان دەکرد بۆ ئەوەی کۆتاوێنەی خۆشەویستە مردووەکانیان بپارێزن و وەك ناسکەئاهەنگێکی سەیر وا بوو.

182. The shortest war on record was fought between Zanzibar and England in 1896. Zanzibar surrendered after 38 minutes and some 500 casualties

کورتترین جەنگی تۆمارکراو لەمێژودا هی نێوان ئینگلتەراو زەنجەبار بووە کە لەساڵی 1896 رویداوە. زەنجەبار پاش تەها 38 خولەك لەجەنگەکەو پێنج سەد قوربانی، تەسلیم بوو.

183. IN A 2008 SURVEY, 58% OF BRITISH TEENS THOUGHT SHERLOCK HOLMES WAS A REAL GUY, WHILE 20% THOUGHT WINSTON CHURCHILL WAS NOT.

لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە لەساڵی 2008 ئەنجامدراوە، دەرکەوت کە نزیکەی لەسەدا 60ی هەرزەکارانی بریتانیا پێیانوایە شێرلۆك هۆڵمز کەسایەتییەکی راستەقینە بووە هەرچەندە خۆی خەیاڵی بووە نەك راستی. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە لەسەدا بیستیشیان پێیانوایە وینستۆن چەرچڵ کەسێکی راستی نەبووە، لەکاتێکدا مەعلومە لای جەنابیشت کە چەرچڵ نەك هەر راستی بووە، بەڵکو یەکێك بوو لەکەڵەگاکانی جەنگی جیهانی دووەم.

لەم لێکۆڵینەوەیەوە رەنگە بتوانین بێژین کە نوسخەی ئینگلیزیی "ئـــاخ کێری قومری!!!" لەدوو شتی ئاواوە هاتووە.

184. Four hundred underwear-related injuries are recorded in Britain every year. In 1999, two women were killed in London when a massive bolt of lightning hit the metal underwiring in one of their bras and acted as a conductor.

هەموو ساڵێك لەو بریتانیایەی لای خۆمان، چوار سەد حاڵەتی بریندار بونی پەیوەند بە جلوبەرگی ژێرەوە رودەدات. لەساڵی 1999ش، لەو لەندەنەی لای خۆمان، دوو خانم پاش ئەوەی تەوژمێکی توندی هەوربروسکە دای لەتەلی ناو ستیانەکەیان، ئەو تەلە رۆڵی گەیەنەری کارەبای بینی بۆ جەستەیان و بەو هۆیەوە عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت.

185. لە بریطانیا هێلکەی ئەمەریکی قەدەغەیە چونکە ئەوان شۆردویانەتەوە. لە ئەمەریکاش هێلکەی بریطانی قەدەغەیە چونکە بریطانییەکان نەیان شۆردووەتەوە!!!

186. About half of Britons believe in life after death.

نزیکەی لەسەدا 50ی بریتانییەکان بڕوایانوایە کە دوای مردن، زیندبونەوە هەیە.

ئەم ڕێژەیە بەلای ئیمەی موسڵمانەوە کەمەو حەزمان دەکرد زیاتر بوایە، بەڵام بەلای موحلیدە چاوگەشەکانەوە زۆرەو حەزیاندەکرد کەمتر بوایە.

187. تۆش وەك برام وای!، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەشانشینی یەکگرتوو دەریخستووە کە زیاتر لەنیوەی هاوژینان، لەیەکەم شەوی جیهانییەکەیاندا نابن بە ژن و زاوا، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ سەرخۆشیی زاوا دەگەڕێتەوە.

188. لەساڵی 1900 سۆڕی ژیانی مرۆڤ لەشانشینی یەکگرتوو، نزیکەی 47 ساڵ بووە بەڵام لەئێستادا 80 ساڵە.

189. ستادیۆمی وێمبلّی لە ئینگلتەرا، بە بەراورد بە هەر بینایەکی تر، زۆرترین تواڵێتی تێدایە. ژمارەی تواڵێتەکانی دوو هەزارو 618 تواڵێتن.

190. ولیەم بێرك ئەو پیاوە بوو کە لەگەڵ هاوژینەکەیدا، 16 کەسی کوشت و تەرمەکانیانی فرۆشت وەك سامپڵ بۆ وانەی تۆێکاری سکوڵی پزیشکی ئیدنبرە لەسکۆتلەندا. بەڵام دواتر دەسەکەی کەشفبوو و لەسێدارەدراو تەرمەکەی بە بەرچاوی خەڵکەوە تەشریحکراو پاشان لەمۆزەخانەی تۆێکاریی هەمان سکوڵ، پارێزرا.



191. فەخامەت تۆ سەیری ئەو ژنسالاری و پیاوکوژییە مەعنەوییەی لەناو خێزانی شاهانەی بریتانیا پەیڕەودەکرێ و دواتر روو لەئاسمان بێژە: عەگ خوا قبوڵی نەکەی!

لەناو خێزانی شاهانەی بریتانیا، ئەو پیاوانەی دەرەوەی خێزانەکە، کە هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی ئەو خێزانەدا دەکەن، هەرگیز نابن بە پادشا، تەنها هەلی ئەوەیان پێدەدرێت کە ببن بە مێردی شاژنی فەرمانڕەوا، بەڵام ئەو خانمانەی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوەکانیاندا دەکەن، هەلی ئەوەیان دەبێت کە ببن بە شاژن. شاژنێکی وەك شاژنە ئێلزابێسی ئێستای ئەو وڵاتە. باشە کاکە؟!!!

192. لەو زانکۆی ئۆکسفۆردەی لای خۆمان، زەنگێکی لێیە کە بە باتری کاردەکات و زیاتر لە 175 ساڵە بەبەردەوامی کاردەکات. هیچ کەسێك نازانێت ئەو باتریەی لەچی پێکهاتووەو هیچ کەسێکیش نایەوێت بیکاتەوە تا بزانێت لەچی پێکهاتووە.

ئەوە لای خۆمان بوایە، ئەیانوت جنۆکە ئیشی پێدەکات!!!!

193. وینستن چەرچڵ جارێك لەقسەیەکی قۆڕدا فەرمویەتی: یەکێك لەچوار شتە بنچینەییەکەی ژیان، شامپانیای سارده، بۆیە لەنێوان ساڵی 1908 تا 1965 زیاتر لە 42 هەزار بوتڵ شامپانیای خواردووەتەوە.

194. خەڵکی بریتانیا لە 76 لەسەدی ئەو وێنانەی لە فەیسبوك پۆستی دەکەن، سەرخۆشن.

British people are drunk in
76% of their Facebook photos!

بەنگلادیش
Bangladesh

195. In Bangladesh, the left hand is considered to be unclean. The right hand is used when eating, passing food, or passing business cards.
لە بەنگلادیش دەستی چەپ بە ناخاوێن دادەنرێت. دەستی راست بۆ خواردن و وەرگرتن و تەسلیمکردنی خواردن و کارتی بازرگانی بەکاردەهێنرێت.

196. 30% of the Bangladesh population live below the poverty line.
لەسەدا 30ی دانیشتوانی بەنگلادیش لەخوار هێڵی هەژاریيەوە، ژیان بەسەردەبەن.
2017-8-1

197. More than 2,000 periodicals and daily newspapers are published in Bangladesh, despite the country’s readership standing at only 15%.
لەو بەنگلادیشەی لای خۆمان هەرچەندە زیاتر لە دوو هەزار رۆژنامەو بڵاوکراوەی دەوریی تر بڵاودەکرێتەوە، بەڵام تەنها لەسەدا 15ی دەخوێنەوە.
هەر باشە، چونکە پێموایە لای خۆمان رێژەکە کەمترە.
2017-8-1

198. Bangladesh has the third largest Muslim population in the world after Indonesia and Pakistan.
بەنگلادیش سێیەم زۆرترین دانیشتوانی موسڵمانی تێدایەو لەو رووەوە دوای ئیندۆنوسیاو پاکستان دێت.

199. Despite widespread farming in Bangladesh, the biggest exports in the country come from the garment industry.
هەرچەندە کشتوکاڵکردن لە بەنگلادیش زۆر بەربڵاوە، بەڵام زۆرترین هەناردەی ئەم وڵاتە، جلوبەرگە.

200. The people of Bangladesh rarely smile because they consider frequent smiling to be a sign of immaturity.
خەڵکی بەنگلادیش بەدەگمەن زەردەخەنەدەکەن، چونکە پێیانوایە زوو زوو زەردەخەنەکردن بەڵگەی ئەوەیە ئەو کەسە هێشتا پێنەگەییوە.

201. The national Parliament of Bangladesh is one of the largest legislative centers. It occupies 200 acres (800,000 m²) of land.
پەرلەمانی نیشتمانیی بەنگلادیش، یەکێکە لەگەورەترین ناوەندەکانی یاسادانان لەجیهاندا. روبەڕەکەی 800 هەزار مەترەدوجایە.

202. The capital of Bangladesh is Dhaka. The city was founded in 1608 CE and it has a population of 17 million. It is referred to as the City of Mosques.
پایتەختی ئەو بەنگلادیشەی لای خۆمان شاری دەکایە کە لەساڵی 1608ی زانیینەوە بنیاتنراوە کە بڕواناکەم باش بیرتان بێت!!!. دانیشتوانەکەی لەئێستادا 17 ملیۆن کەسەو بە شاری مزگەوت ناسراوە.
2017-8-1

203. Bangladeshi children of 15 and older can be sent to jail for cheating on their final exams.

لەو بەنگلادیشەی لای خۆمان، منالّانی تەمەن 15و سەروتر، دەکرێ بەهۆی قۆپیکردن لەتاقیکردنەوەی کۆتایی، زیندانی بکرێن.

بوتان

Bhutan

204. بوتان كه ژينگەدۆستترين وڵاته لەسەرتاسەری جيهاندا، خەڵكەكەی تەنها بەهۆی لەدايكبونی شازادەيەكی نوێيان، 108 هەزار درەختيان رواند. ئەم وڵاته مواسەفاتێكی تری عەجيبيشی هەيە، ئەويش ئەوەيە كە تەنها وڵاته لەسەرتاسەری جيهاندا كە رێژەی توخمی كاربۆنی لەحاڵەتی سروشتی كەمترە.

بۆلیڤیا

Bolivia

205. Since it became an independent country in 1825, Bolivia has had more than 190 revolutions and coups.

لەوەتەی بووەتە وڵاتێکی سەربەخۆ لەساڵی 1825، بۆلیڤیا زیاتر لە 190 شۆڕش و کودەتای تێدا ئەنجامدراوە.

بیبسی
Pepsi

206. لەساڵی 2009 پیاوێك پاش ئەوەی مشكێكی مردوی لەناو قوتویەك خواردنەوەی ماونتەین دیودا دۆزییەوە كە بەرهەمی كۆمپانیای بیپسییە، سكاڵای لەدژی كۆمپانیا تۆماركرد. لەبەرامبەر بیبسی بە ناسكەپۆزێكی ناڕاستەوخۆوە وەڵامیدایەوە وتی: ئەگەر ئەو مشكە لەناو خواردنەوەكەدا بوایە لەكاتی لەقوتونان، ئەوا نەدەماو تەواو شیدەبووەوە!!!!

بیرکاری
mathematics

207. ژمارە 4 لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها ژمارەیە کە ئەگەر بە نوسین بنوسرێت، ژمارەی پیتەکانی بەقەدەر خۆی دەبێت، واتە هەر لە چوار پیت پێکدێت.



208. 73939133 is the largest known prime number that, if you keep removing digits from the right, will always leave a prime number.

گەورەترین ژمارەی خۆبەش کە ئەگەر دانە دانە خاڵ دانە ژمارەی لەلای راستەوە لێبکەیتەوە، ئەوەندە قیرچەسمەیە هەر بە خۆبەشی دەمێنێتەوە بریتییە لە 73939133.

ئێوەش وەك برام وان، "قیرچەسمە" ناسکەوشەیەکی جڵفەیەو بە عەرەبییەکەی خۆمان پێیدەووترێت "عنید".

73939133 is prime
7393913 is prime
739391 is prime
73939 is prime
7393 is prime
739 is prime
73 is prime
7 is prime

209. بچوکترین ژمارە کە یەکسانە بە ئەنجامی کۆکردنەوەی دوو دوو ژمارەی سێجای جیا، 1729یە.

ئینجا عەرزی برای خۆم کەم، ئەنجامی کۆکردنەوەی یەك سێجاو 12 سێجا دەکاتە ئەو ژمارەیە. هەروەها ئەنجامی کۆکردنەوەی نۆ سێجاو سێ سێجا هەر دەکاتە ئەو ژمارەیە.. تێ ئەگەی؟!!



بیل گەیتس

Bill gates

210. بیل گەیتس لە 140 وڵاتی جیهان دەوڵەمەندترە.

211. بیل گەیتس و میلیندای هاوسەری پلانیان داناوە کە پاش مردنیان تەنها 10 ملیۆن دۆلار واتە هەزار دەفتەر دۆلار بۆ سێ منالەکەیان جێبهێڵن، هەرچەندە خاوەنی 80 ملیار دۆلار واتە 800 هەزار دەفتەرن.

212. ئایا دەزانیت بیل گەیتس هەرگیز نەیوتووە: "من لەهەندێك لەماددەکاندا دەرنەچوم، هاوڕێکەم لەهەمویان دەرچوو. ئێستا ئەو تەنها ئەندازیارێکە لەکۆمپانیای مایکرۆسۆفت و منیش خاوەنی کۆمپانیاکەم ".

لەڕاستیدا من پێشتر کاتێك ئەو وتەیەم بیست، هەر لەخۆوە گومانم لەلا دروستبوو و وتم زەحمەتە گەیتس بەو هەموو تەوازوع و خاکییەوە، قسەیەکی وا پۆزاوی بکات.


Did You Know ??
"I failed in Some Subjects, but my Friend passed in all.. Now he is an Engineer in Microsoft & I'm owner of it"
This Quote was never said by Bill Gates !!

پاراگوای

Paraguay

213. In 2004, more than 300 people died in a supermarket fire in Paraguay because the owners shut the doors in order to prevent people from fleeing with merchandise without paying for it.

لەساڵی 2004، لە پاراگوای، رووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لەسوپەرمارکێتێك رویدا، خاوەنەکانی سوپەرمارکێتەکە دور لەڕوی جەنایت ئەوەندە سەگ و سەگباب بون، بۆ ئەوەی خەڵك لەو وەزعە ناسکەدا بەبێ دانی پارەی کاڵاکان، رانەکەن، دەرگاکانیان داخست. لەئەنجامدا زیاتر لە سێ سەد کەس عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت.

پەتا

Epidemic

214. Roughly 12,469 people in the US died from the swine flu from April 12, 2009 to April 10, 2010. Unlike COVID-19, which mainly kills older people with preexisting health problems, 87 percent of people killed by the swine flu were under the age of 65.

تەنها لەماوەی نێوان 12-4-2009 تا 10-4-2010، واتە لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا، لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، 12 هەزارو 469 کەس بەهۆی ئینفلۆنزای بەرازەوە عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت. ئینجاکونێ بەپێچەوانەی حەمەکۆقید19ەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو بەساڵاچوانە دەکوژێت کە کێشەی تەندروستیی تریان هەیە، لەسەدا 87ی ئەو قوربانیانیانەی ئینفلۆنزای بەراز تەمەنیان لەخوار 65 ساڵەوە بووە.

215. An average of 37,000 people in the US have died from influenza (“the flu”) each year over the past nine years.

لەماوەی دە ساڵی رابردودا لە ئەمەریکا، هەموو ساڵێك تەنها بەهۆی ناسکەئینفلۆنزاوە (نەك هی بەرازو باڵندەو هتد)، 37 هەزار کەس عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووە.

2020-4-8

پورتوگال

Portugal

216. بەریتانیاو پورتوگال درێژترین هاوپەیمانێتیی بەردەوامیان لەگەڵ یەکدا گرێداوە. هاوپەیمانێتیی نێوان ئەم دوانە لەساڵی 1386ەوە دەستپێکردووەو بەردەوامە.



پیاو

man

217. نزیکەی لەسەدا 90ی پیاوانی ئیشقۆڕ کێشەیان هەیە لەجیاکردنەوەی رەفتاری باشی خانمان لەگەڵیاندا لە موغازەلەکردنیان. بەکورتی و بەکوردی نزیکەی لەسەدا 90ی پیاوان کاتێك خانمێك بەباشی رەفتاری لەگەڵ دەکات، وادەزانێت مەیلی بۆی هەیە!!!

پیزا (تاوەری پیزا)
Piza tower

218. ئەو خاکە نەرمەی بووەتەهۆی لاربونەوەی تاوەری پیزا، تائێستا لانیکەم لەچوار زەمینلەرزەی بەهێز، پاراستویەتی.

پیکاسۆ

Picaso

219. Picasso’s love (or lack thereof) led one mistress, one wife, one son, and one grandson to suicidal deaths.

خۆشەویستی یان نەبونی خۆشەویستی پابلۆ پیکاسۆ بووەتەهۆی ئەوەی کە کەپڵێکی و ژنێکی و کوڕێکی خۆیان بکوژن.

220. Picasso began visiting brothels with his father in southern Spain at the age of 13, and his sexual appetite remained insatiable. He was married twice, had six significant mistresses, and hundreds of affairs over the course of his life.

لەڕووی ژیانی تایبەت و لادان لەخەتی خارجییەوە، نیگارکێشی بەناوبانگ بێناموسێکی کەموێنە بووە. ئەم برادەرە لەتەمەنی 13 ساڵییەوە، لەگەڵ باوکیدا کە دیارە زۆر شەریف نەبووە، لەباشوری ئیسپانیا سەردانی قەحبەخانەکانی کردووە. ئارەزوی پیکاسۆ بۆ خانمان قەت تێرنەبووە. لەژیانیدا دوو جار ژنی هێناوە، شەش کەپڵی گرنگ و دیاری هەبووە. کورە جا هێشتا چیت دیوە، بەدرێژایی ژیانی، جگە لەوانەش، سەدان، بەڵێ سەدان پەیوەندی رۆمانسیی تری هەبووە.

221. Picasso had two firm requirements for his women; they must be submissive and shorter than the artist (Picasso was only 5 feet, 4 inches).

پیکاسۆ دوو داواکاریی توندی هەبوو بۆ ئەو خانمانەی دەبون کەپڵ و هاوڕێی، پێویستە گوێڕایەڵ بن و باڵاشیان لەم درێژتر نەبێت. باڵای خۆشی 162 سانتیمەترو نیو بووە. ئەم کورتەبنانە هەروان، تەڵەبیان تونده!!!!

222. Picasso had four children; eldest son Paulo with his first wife Olga Khokhlova, daughter Maya with mistress Marie-Thérèse Walter, and son and daughter, Claude and Paloma, with mistress Françoise Gilot.

پیکاسۆ چوار منداڵی هەبووە. گەورەترین کوڕی ناوی پاوڵۆیەو هی یەکەم ژنی بووە کە ناوی ئۆڵگا بووە. دوای ئەو مایای کچی دێت کە هی کەپڵێکی بووە بەناوی ماریێ وۆڵتەر. بەدوای ئەمیشدا کوڕو کچێکی بووە کە هی کەپڵێکی تری بووە بەناوی گیلۆت.

223. . In 1935, Picasso left his first wife, Olga, for his pregnant mistress, Marie-Thérèse Walter. Picasso refused to divorce Olga to prevent her from receiving half of his wealth, and subsequently, Olga drank herself to death in 1955, still unhappily married to Picasso.

ئەم روداوە ناخ دەهەژێنێت و جەختدەکاتەوە کە پیکاسۆ لەژیانی تایبەتدا هیچی تیا نەهێشتووەتەوەو تەواو بێقیمەت بووە. لەساڵی 1935 لەپێناو کەپڵە دوگیانەکەیدا کە ناوی ماری وۆڵتەر بوو، وازی لەیەکەم هاوسەری هێنا کە ناوی ئۆڵگا بوو. بێقیمەتییەکەی لەوەدا بوو کە سەرباری وازلێهێنانیشی هێشتا ئامادە نەبوو بەڕەسمی تەڵاقی بدات بۆ ئەوەی لەنیوەی سامانەکەی بێبەشی بکات. بەهۆی ئەمەشەوە ئۆڵگا هێندەی خواردەوە تا خواردنەوە لەساڵی 1955 واتە بیست ساڵ دواتر کوشتی و تا ئەو کاتەش بە هاوسەرێکی نامورتاحی ئەم پیاوە مایەوە کە لەسەرتاسەری جیهاندا بە "نیگارکێشی بەناوبانگ" ناسراوە.

پێکەنین
laugh

224. لەسەدا 90ی خەڵك كاتێك لەو شتە تێناگەن كە بۆی دەووترێت، ناسكەپێكەنینێكی سەناعی دەكەن!!!

پێکەنیناوی
funny

225. دیپلۆماتکاری پاکستانی، ئەکبەر زیب، رێی پێنەدرا بچێتەناو شانشینی سعودیە تەنها لەبەرئەوەی ناوەکەی دەکرێ مانای "گەورەترین کێر" بدات.



تايتانيك

Titanic

226. جۆرە بەکتریایەکی ژەنگخۆر دۆزراوەتەوە. ئەم جۆرە بەکتریایە لەماوەی 20 ساڵدا پاشماوەی تایتانیك دەخوات.

2015-5-5

تایلاند

Thiland

227. تەنها لەسەدا 7ی خەڵکی چین دیندارن، بەوەش ئەو وڵاتە بووەتە کەمدیندارترین وڵات لەجیهاندا، تایلاندیش زۆردیندارترین وڵاتە لەجیهاندا. ڕێژەی دینداڕەکان لەم وڵاتە لەسەدا 94ە.

2015-4

228. In Thailand it is illegal to step on money.

لە تایلاند بەپێی یاسا پێنان بە پارە، کارێکی نایاساییە.

تڕەمپ (دۆناڵد تڕەمپ)

Donald Trump

229. In 1990, Donald Trump won a Razzie for Worst Supporting Actor for his role in Ghost Can’t Do It.

ئەو تڕەمپە سەرپەمووەی ئێستا ناوچەکە گیری خواردووە بەدەستییەوە، لەساڵی 1990، خەڵاتی توتڕکی ئاڵتونی بۆ خراپترین ئەکتەری یاریدەدەر لەفیلمی Ghost can't do it، بردووەتەوە.

230. Donald Trump is a Germaphobe who does not like to shake hands.

دۆناڵد تڕەمپ کە 45هەمین سەرۆکی ئەمەریکایە کەسێکە کە فۆبیای میکرۆبی لەگەڵدایە، بەو مانایەی ترسێکی نائاسایی لەپیسی و میکرۆب هەیە، هەر بۆیە حەزی لەتەوقەکردن نیە.

231. Trump doesn’t drink alcohol. His brother was an alcoholic and died because of his addiction in 1982.

دۆناڵد تڕەمپ بەوە نیە کە سەرسەری و بێناموص دیارە، تاڕادەیەك شەریفیشە!!! ئەم برادەرە خواردنەوە کهولییەکان ناخواتەوە. تڕەمپ برایەکی ئاڵودەبوی خواردنەوە کهولییەکانی هەبوو، لەساڵی 1982 بەهۆی ئەو ئاڵودەبونەوە، عومری درێژی بۆ تۆ بەجێهێشت.

232. Trump has run for president before. He won the California presidential primary for the Reform Party in 2000.

پێش ئەو هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەی تێیدا بووە سەرۆك و هیلاری کلینتۆنی بەزاند، دۆناڵد تڕەمپ جارێکی تریش خۆی بۆ هەمان مەبەست بەڵام لەسەر حزبێکی تر کاندیدکردووە. لەساڵی 2000 هەڵبژاردنە پەیوەندیدارە بەرایەکانی کالیفۆرنیای لەسەر حزبی چاکسازی بردەوە، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت.

233. Trump owned 14,000 apartments by the time he was 27.

بەناشکوری ئەو خوایە نەبێت، رەنگە زۆرێك لەئێمە مانان لەتەمەنی 27 ساڵیدا گەورەترین ئاواتمان کرێچینەبون و بونی سەیارەیەکی خۆمان و ئیشێکی گونجاو بێت، بەڵام تڕەمپە سەرپەمووو لەو تەمەنەدا 14 هەزار شوقەی هەبووە. ئەم کوالیتییە ماددیە بەرزەی تڕەمپ تەقریبەن لە هی ناسکەبرادەرێکی لای خۆمان دەچێت، بەڵام لەبەرئەوەی نەبێتە ریکلام، ناچم بچم ناوی بهێنم!

234. Donald Trump is of German and Scottish ancestry.

تڕەمپ ئەمەریکیی رەسەن نیە. رەگەزی باووباپیری ئەڵمانی و سکۆتلەندییە.

235. As of 2017, at least 24 women have accused Donald Trump of inappropriate sexual behavior in several incidents over the last 30 years.

لەڕوی مامەڵەکردن لەگەڵ خانماندا کە مەسەلەیەکە زۆرێك لە پیاوە ناودارەکان تێیدا دەرناچن یان ئیکمال دەبن، دیارە تڕەمپیش تێیدا سەرکەوتوو نەبووە. تا ساڵی 2017 لانیکەم 24 خانم ئەم برادەرەیان بە ئەنجامدانی رەفتاری نەگونجاوی سێکسی لەچەند روداوێکی جیادا لەماوەی 30 ساڵ، تۆمەتبارکردووە.

یەکێك لەوانە ئەم خانمەیە کە ناوی تاشا دیکسۆنەو شاجوانی ویلایەتی ئەریزۆنا بووە.

236. Donald Trump is famously self-conscious about the length of his fingers.

دۆناڵد تڕەمپ بەوەش ناسراوە کە شەرم لەئاستی درێژیی پەنجەکانی دەستی دەکات، چونکە کورتترن لەئاسایی.

237. Donald Trump owns and operates around 18 golf courses around the world.

تڕەمپ خاوەنی 18 یاریگای گۆڵفە لەشوێنە جیاکانی جیهانداو خۆشی بەڕێوەیان دەبات.

238. He has been married three times. First to Ivana Zelnickova from 1977-1991, then to Marla Maples from 1993-1999, and Melania Knauss from 2005 to present.

ترەمپ سێجار هاوسەرگیری کردووە. خانمی یەکەمیان ناوی ئیڤانا زێلنیکۆڤا بووەو لە 1977 تا 1991 هاوسەرگیرییەکەیان بەردەوام بووە. پاشان هاوسەرگیری لەگەڵ مارلا ماپڵیس کردووەو لە 1993 تا 1999 پێکەوە بون. هاوسەرگیری سێیەمیشی لەگەڵ مێلانیا ناوس بووەو لەساڵی 2005ەوە چونەتە ژیانی هاوسەرگیرییەوەو تا ئێستا پێکەوەن.

239. He is the second youngest of five children.

ترەمپ دووەم بچوکترین منداڵی خێزانەکەیەتی کە هەمویان پێنج منداڵ بون.

240. He had a famous uncle, John G. Trump, a professor at Massachusetts Institute of Technology who had the distinction of being allowed by the FBI in 1943 to examine famed inventor Nikola Tesla‘s papers and equipment when Tesla passed away that year.

ترەمپ مامێکی بەناوبانگی هەبوو بەناوی جۆن جی ترەمپ کە پرۆفیسۆر بوو لەپەیمانگای تەکنۆلۆجی ماساچوستس. ئەم برادەرە لەساڵی 1943 لەلایەن نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی کە بە ئێف بی ئای ناسراوە، ڕێپێدرا پشکنین بۆ بەڵگەنامەو کەلوپەلەکانی داهێنەری مەزن نێکۆڵا تێسلا بکات کە لەو ساڵەدا بە بێکەسی سەری نایەوە. تێسلا هەرچەندە داهێنەرێکی مەزن بوو، بەڵام لەگەڵ ئەدیسۆندا نە دانویان پێکەوە دەکوڵاو نە محەلەبیشیان پێکەوە دەیبەست.

241. As of November 2016 his net worth is $3.7 billion.

لەمانگی 2016/11ەوە، سامانی پەتیی ترەمپ گەیشتووەتە سێ ملیارو حەوت سەد ملیۆن دۆلاری ناسك.

تەقەی خۆشی

Celebratory gunfire

242. April 6, 2014: A 20-year-old pregnant mother of two, Wadia Baidawi, was struck in the head and killed by a stray bullet from her neighbor's wedding in Sidon, Lebanon.

لە 6-4-2014، ئەم خانمە نازدارە کە تەمەنی تەنها 20 ساڵ بوو و دایکی دوو منداڵ بوو و دوگیانیش بوو، لەشاری سەیدای لوبنان، گوللەیەکی وێڵی تەقەی خۆشیی ئاهەنگی هاوسەرگیریی دراوسێکەیان بەسەر سەری کەوت و لەئەنجامدا گیانی لەدەستدا.

243. October 30, 2012: Twenty-three people were electrocuted after celebratory gunfire brought down a power cable during a wedding party in eastern Saudi Arabia.

لە 30-10-2012، لەخۆرهەڵاتی سعودیەی ئیشقۆرتر لە عیراق، پاش ئەوەی کێبڵێکی کارەبایی بەهۆی تەقەی خۆشی ئاهەنگێکی هاوسەرگیرییەوە، کەوتەخوارەوە، 23 کەس بە کارەبا گرتن، عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت.

244. July 29, 2007: At least four people were killed and 17 others wounded by celebratory gunfire in the capital city of Baghdad, Iraq, following the victory of the national football team in the AFC Asian Cup.[21][22] Celebratory gunfire occurred despite warnings issued by Iraqi security forces and the country's leading Shiite cleric, Grand Ayatollah Ali al-Sistani, who forbade the gunfire with a religious fatwā.

لە 29-7-2007 بەهۆی تەقەی خۆشی و ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی بردنەوەی جامی ئاسیا لەلایەن هەڵبژاردەی تۆپی پێی عیراقەوە، لانیکەم چوار کەس لەشاری بەغدای پایتەختی عیراقی ئیشقۆر، گیانیان لەدەستداو 17 کەسی تریش بریندارببوون. هەرچەندە عەلی سیستانی فەتوایدا بوو کە تەقەی خۆشی حەرامە، بەڵام خەڵکی بەغدا گوێیان پێنەدا.

245. In the Republic of North Macedonia, a person found guilty of firing off a gun during celebrations faces a jail sentence of up to ten years.

لەکۆماری مەقدۆنیای باکور، کە ناسکەوڵاتێکی ئەورووپییە، ئەگەر کەسێك تەقەی خۆشی بکات، ئەوا بەپێی یاسا سزای تا 10 ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت.

تورکیا

Turkey

246. لەشاری ئیستانبوڵی پایتەختی ئابوریی ئەو تورکیایەی لای خۆمان، زستانەکەی هێندە سەختە، کە سەگ رێگەپێدراوە بچنەناو مۆڵەکانەوە. لەوەش زیاتر ئەوەیە کە خەڵك خواردن و داپۆشەریشیان بۆ هەڵدەدەن.

247. لەساڵی 2015ەوە یاریی ماینکرافت لەتورکیا قەدەغەکراوە، چونکە وەزارەتی خێزان و سیاسەتی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە لەو بڕوایەدایە کە یاریییەکە زۆر تونده بۆ منداڵ.

تواليت
Toilet

248. Men take more time in the toilet than women.
لە تواليت پياوان زياتريان پێدەچێت وەك لەخانمان.

249. British public toilets were voted the worst in the world in a 1992 survey.
راپرسييەك كە لەساڵی 1992 ئەنجامدراوە، دەريخستووە كە تواليتە گشتييەكانی بريتانيا خراپترين تواليتی گشتين لەسەرتاسەری جيهاندا.

250. An average expectancy of a toilet is 50 years.
تێكڕای ناوەندیی سوڕی ژيانی هەر تواليتێك پەنجا ساڵە.

251. World Toilet Day is celebrated on 19 November.
ڕۆژێكی جيهانی هەيە بەناوی ڕۆژی جيهانيی تواليت. ئەم ڕۆژە دەكەوێتە 19ی 11ەوە.

252. We visit the toilet more than 2,500 times in a year.
هەر مرۆڤی ئيشقۆڕ ساڵانە زياتر لە دوو هەزارو 500 جار دەچێتە تواليت.

253. 70-75% or 4 billion of the world’s population don’t use toilet paper.
لەسەدا 70 تا 75ی دانيشتوانی جيهان كە دەكاتە چوار مليار كەس لەسەرتاسەری جيهاندا، كلێنسی تواليت بەكارناهێنن.

254. 30,000 trees are used every day to make toilet paper for the world supply.
بەمەبەستی دابينكردنی كلێنسی تواليت بۆ جيهان، ڕۆژانە 30 هەزار درەخت بەكاردەهێنرێت.

255. It takes 384 trees to make the toilet paper used by one man within his lifetime.
بەمەبەستی پاككردنەوەی گەڵ و قنی شەريفمان بە كلێنسی تواليت، هەر يەكێكمان بەدرێژايی ژيانمان پێويستمان بە 384 درەخت هەيە.

256. The World Toilet Organization was founded on November 19, 2001.
تۆش وەك برام وايت، ڕێكخراوێك هەيە بەناوی ڕێكخراوی جيهانيی تواليت كە لە 19-11-2001 دامەزراوە.
ڕەنگە هەندێكمان پێكەنينمان بەم ڕێكخراوە بێت، بەڵام من پێموايە، لەزۆربەی ڕێكخراوەكانی تر گرنگترە!!!

257. There are public toilets for dogs in China.
لەو چينەی لای خۆمان، تواليتی گشتيی تايبەت بە سەگيشيان هەيە نەك تەنها هی مرۆڤ.

258. There are more TVs than toilets in Afghanistan.
لە ئەفغانستان ژمارەی ئامێری تەلەفزيۆنەكان لەژمارەی تواليتەكان زياترە.

259. Over 7 million people have dropped their mobile in toilet in the U.S.
تەنها لە ئەمەريكا، زياتر لەحەوت مليۆن كەس لە تواليت مۆبايلەكانيان لێكەوتووەتە خوارەوە.

260. Nearly 4 million people suffer from constipation in the U.S.
تەنها لە ئەمەريكا، نزيكەی چوار مليۆن كەس قەبزييان لەگەڵدايە.
پێموايە ئەم ژمارەيە لای ئێمەی كوردی ئيشقۆڕيش زۆر كەم نەبێت، بە دەليلی ئەوەی جاری وا هەيە كاتێك لەگەڵ برادەرێكماندا لەشوێنێكی گشتی دەبين و برادەرەكەمان دەڵێت، تۆ لێرە بۆستە من ئێستا دەستێك بە ئاو دەگەيەنم و دێمەوە، كاتێك دەڕوات ئەوەندە زۆری پێدەچێت، كە دێتەوە، دەبێت بەڕەسمی بەخێرهاتنی بكەيتەوە!!!

261. 636 toilet paper rolls are used per day by the Pentagon.
تەنها لە پنتاگۆن واتە بارەگای سەرەكی وەزارەتی بەرگریی ئەمەريكا، ڕۆژانە 636 تۆپ كلێنسی تواليت بەكاردەهێنرێت.

262. There are more than 40,000 germs at any given time in a public toilet.
هەرکاتێکی 24 سەعاتەکە بگریت، زیاتر لە چل هەزار میکرۆبی چاوزەق لەهەر تواڵێتی گشتیدا هەیە.

تویتەر

Twitter

263. There is a twitter account posting events that occurred in WW2, in real time, on the exact same time and date (Except the year).

لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، ئەکاونتێك هەیە کە روداوەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، کت و مت لەهەمان ئەو کات و بەرواره پۆستدەکات کە رویانداوە، جگە لەساڵەکە.

بەڕاستی فکرەیەکی زۆر عەنتیکەو جوانە حەددی نەبێ لەڕوی فکرەکانی فەخامەتی جەنابت و بەندەی موخڵیست.

جەزائیر
Algeria

264. Algeria is the largest country by area in Africa. Before 2011, when South Sudan became independent, Sudan was the largest.

جەزائیر گەورەترین وڵاتی کیشوەری ئەفەریقایە لەڕوی ڕوبەڕەوە. پێش ساڵی 2011 کە تێیدا باشوری سودان بووە وڵاتێکی سەربەخۆ، سودان گەورەترین بووە.

جەنگ

wars

265. لەماوەی سێ هەزار ساڵی رابردودا، جیهانی شارستانی تەنها 240 ساڵی بە ئاشتی بەسەربردووە.

266. Adrian Carton de Wiart fought in the Boer War, World War I & II, was shot in the face, head, stomach, ankle, leg, hip and ear, survived a plane crash, tunneled out of a POW camp, and bit off his own fingers when a doctor wouldn’t amputate them. He later said: “frankly I had enjoyed the war.”

سەیری ئەم نەگبەتە بکە:

برادەرێك هەیە لەمێژودا ناوی ئەدریان کارتۆن بووە. ئەم برادەرە لەجەنگی بۆیرو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی شەڕی کردووە. گوللـە بەر دەموچاوو سەرو سك و قولەپێ و حەوزو گوێی کەوتووە.

کورە جاهێشتا چیت دیوە!

لەتێکشکانی فڕۆکە رزگاری بووە. کاتێك لەکامپی زیندانیانی جەنگدا بووە، لەڕێگەی هەڵکەندنی نەفەقەوە هەڵاتووە. کاتێك پزیشکان ئامادەنەبون پەنجەی دەستی ببڕنەوە، خۆی بەگاز قرتاندونی. سەرباری ئەم هەموو نەهامەتییە، دواجار وتوشیەتی: "بەڕاستی چێژم لەجەنگ وەرگرتووە".

جەنگیزخان
Genghis Khan

267. When Genghis Khan sent a trade caravan to the Khwarezmid Empire, the governor of one city seized it and killed the traders. Genghis Khan retaliated by invading the empire with 200,000 men and killing the governor by pouring molten silver down his eyes and mouth.

کاتێك جەنگیزخان کاروانێکی بازرگانی نارد بۆ ئیمپراتۆریەتی خوارزمی، حاکمی شارێکی ئەو ئیمپراتۆریەتە بازرگانەکانی کوشت. لەبەرامبەردا جەنگیزخان شێخی نەماو دەروێشیشی نەویست و بە دوو سەد هەزار پیاوەوە پەلاماری ئیمپراتۆرییەتەکەی داو حاکمەکەی لەڕێگەی کردنی زیوی تواوە بە چاوو دەمیدا، کوشت.

268. Genghis Khan once ordered his starving army to eat every tenth man.

جارێك جەنگیزخان فەرماندەکات کە سوپا برسییەکەی هەموو نۆیەم سەربازی خۆی بخوات. واتە پاش بژاردن یەك تا نۆ، گۆشتی هەموو نۆیەم سەربازێك بخۆن.

269. زۆر عەیبە لۆ ئەو ئەشخاسانەی کە پێیانوایە جەنگیزخان هەر لەخۆوە هاربووەو خوێنڕێژییەکەی بێسنور بووە. چونکە ئێجگار واش نەبووە!!!!

ئەم برادەرە پاش ئەوەی هۆزە مەغۆلییەکانی لەژێر یەك بەیداخدا یەکخست، نەیویست چیتر شەڕبکات. بۆ کردنەوەی دەروازەی بازرگانی، چەند نێردراوێکی نارد بۆ محەمەدی دووەم کە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی خواریزم بوو، بەڵام خوارزم نێردراوەکانی

کوشت. لەبەرامبەر ئەم غەدرەدا جەنگیزخان شێخی نەماو لەماوەی تەنها دوو ساڵدا ئیمپراتۆریەتی خوارزمی بەتەواوەتی لەناوبرد.

270. جەنگیزخان ئێجگار بەو دەرەجەیەش بێناموص نەبوو کە تۆ پێتوایە. ئەم برادەرە لایەنی ئەرێنیشی زۆر بووەو تارادەیەك شەریف بووە. کەسانی هەژارو مامۆستاو هونەرمەندو پارێزەری لەباج بەخشیوەو هانی خوێندەواری داوەو لەسەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەیدا ئازادیی ئاینی جێگیرکردووە. هەروەها فرۆشتنی خانمانی مەمنوع کردووەو راوکردنی ئاژەڵی لەکاتی وەرزی زاووزێدا قەدەغەکردووە.

Genghis Khan exempted the poor,
teachers, artists, and lawyers from taxes,
encouraged literacy, and established
freedom of religion across his empire. He
also forbade the selling of women and
the hunting of animals during
their breeding season.

جەنگی جیهانیی دووەم
Second World War

271. About 25% of the deaths in Nagasaki and Hiroshima were conscripted Koreans.

نزیکەی لەسەدا 25ی ئەوانەی لەئەنجامی هێرشە ئەتۆمییەکەی سەر هێرۆشیماو ناکازاکی تیاچوون، ئەو هاوڵاتییە کۆرییە قوربەسەرانە بوون کە بە زۆر کرابون بەسەرباز.

272. Just 3 of the 12 individuals on board the Enola Gay really knew the actual purpose of the mission to Hiroshima.

Twelve cyanide pills were kept in the cockpit of the plane carrying atomic bomb (Enola Gay), and pilots were ordered to take these pills if the mission was compromised during Hiroshima bombing.

لەناو ئەو فڕۆکەیەی کە بۆمبە ئەتۆمییەکەی دا لە هێرۆشیمای یابان، 12 کەسی تێدابوو بەڵام تەنها سیانیان دەیانزانی کە ئامانجی راستەقینەی سەر شارەکە چیە.

لەلایەکی تریشەوە لەکابینەی فڕۆکەوانەکانی ئەم فڕۆکەیەدا 12 حەبی سیانیدی تێدا بوو و فڕۆکەوانەکان فەرمانیان پێکرابوو ئەگەر لەگەرمەی ئەرکەکەدا ئیشەکە کەشفبوو، بیخۆن و خۆیان بکوژن.

273. کۆی ژمارەی قوربانیانی جەنگی جیهانیی دووەم، 50 بۆ 70 ملیۆن کەس بووە. زیاتر لە هەشتا لەسەدی ئەم قوربانییانەش، خەڵکی ئەم چوار وڵاتە بون: روسیا، چین، ئەڵمانیا، پۆڵەندا.

274. پاش پەیماننامەی ڤێرسای، فێردینارد فۆچ کە مارشاڵێکی فەرەنسی بوو، وتی: ئەمە رێککەوتننامەی ئاشتی نیە بەڵکو ئاگربەستێکی 20 ساڵە. قسەکەشی راست دەرچوو. ئەوە بوو 20 ساڵ و 65 رۆژی رێك دوای ئەو قسەیە، جەنگی جیهانی دووەم هەڵگیرسا.

275. لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، سەربازێکی دەریایی ئەمەریکا بەناوی گای گابەڵدۆن، تەنها خۆی توانی نزیکەی هەشت سەد سەربازی یابانی دەستگیربکات. ئەو سەربازە یابانییانە لەئەشکەوتێکدا خۆیان شاردبووەوە گابەڵدۆن توانی قەناعەتیان پێبکات کە چواردەوری ئەشکەوتەکەیان گیراوە. پاش ئەوەی هەرهەمویان قۆڵبەستکران، سەربازە ئەمەریکییەکە داوای یارمەتی لەهێزەکانی خۆی کرد بۆ ڕێکاری دواتر.



276. Just a day before the German government surrendered in 1945, the British Royal Air Force mistakenly believed that the ocean liner SS Cap Arcona was a war ship and sank it. The ship was carrying 7,000 women, children and prisoners who were Holocaust survivors.

بۆ ئەم ناسکەبابەتە دەتوانین دوو چت بێژین:

+ "ئاخخخخخ کێری قومری" لەدوو شتی ئاواوە هاتووە!!!!!!

+ کە ئەجەلت هات هۆڵۆکۆستیش نەبێت ڕۆژئەبێتەوە!!!!!

لەساڵی 1945، بەدیاریکراوی تەنها یەك ڕۆژ پێش ئەوەی حکومەتی ئەڵمانیای ئیشقۆڕ تەسلیمی هێزەکانی هاوپەیمانان ببێت، هێزە ئاسمانییەکانی شاهانەی بریتانیا کەشتییەکی زەریابڕیان بینی و بەهەڵە وایانزانی کەشتی جەنگییە، بۆیە پەلاماریانداو نقومیانکرد. ئەو کەشتییە لەڕاستیدا حەوت هەزار ژن و منداڵی و زیندانی لەخۆگرتبوو کە ڕزگاربوی کۆمەڵکوژییەکەی هۆڵۆکۆست بوون.

277. لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، یەکێك لەو بۆمبانەی هێزە ئیشقۆڕەکانی هاوپەیمانان لەسەرەتای بۆمبارانکردنی شاری بەرلین، لەئاسمانی ئەو شارەدا خستیانەخوارەوە، بەر باخچەی ئاژەڵانی بەرلین کەوت و تەنها فیلێك کە لەو باخچەیەدا هەبوو، بەرکەوت و عومری درێژی بۆ فیلەکانی تری ئەڵمانیا جێهێشت.

جۆبز (ستیڤ جۆبز)

Steve Jobs

278. Steve Jobs was dyslexic

ستیڤ جۆبز نەخۆشی دیسلێکسیا-ی بووە واتە نەیتوانیوە شت بەباشی بخوێنێتەوە.

279. ستیڤ جۆبز بەو هەموو شان و شەوکەت و خزمەتەی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، لەگۆڕێکی بێناونیشاندا نێژراوە.

کورد بوایە لانیکەم دەینوسی: ببورن کە ناتوانم لەبەرتان هەڵسم!!!!

کورد بەمردوویش واز لەفشەی زل و رۆمانسییەت ناهێنێت!!!

جەنگی جیهانیی یەکەم
World War 1

280. لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا دیلێکی بریتانیی لەلایەن ئەڵمانەکانەوە ئازادکرا بۆ ئەوەی سەردانی دایکی بکات کە لەسەرمەرگدا بوو. دیلەکە سەردانی دایکی کردو دواتریش گەڕایەوە بۆ کامپی زیندانەکەی چونکە بەڵێنی بە قەیسەر دابوو کە دەگەڕێتەوە راناکات.



281. لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ماریێ کوری هەوڵیدا مەدالیا ئاڵتونییەکانی ئەو خەڵاتە نۆبڵانەی وەری گرتبون، لەپێناو جەنگەکەدا ببەخشێت بەڵام بانکی نیشتمانی فەرەنسا قبوڵی نەکرد.
دەرکەوت ئەویش بێناموصی کردووە!!



282. قەرزەکانی ئەڵمانیا بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بەقەدەر نرخی 96 هەزار تۆن ئاڵتون دەبێت.

2015-5-23

283. لەکاتی یەکەم جەنگی جیهانیدا، زیاتر لە سەد هەزار "کۆتری شەڕ" بەکارهێنراون بۆ ناردنی نامە. لەکۆی ئەو هەمووە، نزیکەی لەسەدا 95یان بەسەرکەوتویی نامەکەیان گەیاندووەتە شوێنی مەبەست.

There were over 100,000 'war' pigeons used to send messages during World War One with ~95 percent successfully reaching their destination with the message intact.

جۆرج واشنتن
George Washington

284. جۆرج واشنتن بەو هەموو شان و شەوکەتەوە تافیۆفۆبیای هەبووە واتە ترسی هەبووە کە زیندەبەچاڵی بکەن. بەهۆی ئەوەوە سور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت پاش مردنی سێ رۆژ لەدەرەوەی مەیتخانە داینێن و نەینێژن نەوەك نەمردبێت و بەزیندویی بنێژرێت.



جیابونەوە
Divorce

285. Cheating men rarely tell their wives they cheated. Without being asked, just 7% of men admitted to their wives that they cheated. Approximately 68% of men never admit to cheating or do so only after their wives have concrete evidence of the affairs.
پیاوانی خیانەتکار بەدەگمەن بە هاوسەرەکانیان دەڵێن کە خیانەتیان کردووە. بەبێ ئەوەی پرسیاریان لێبکرێت، تەنها لەسەدا حەوتی پیاوان لەلای هاوژینەکانیان دان بەوەدا دەنێن کە خیانەتیان کردووە. نزیکەی لەسەدا 68ی پیاوان هەرگیز دان بەوەدا نانێن کە رێکەوتنامەی ستراتیژییان لەگەڵ خانمێکی تردا هەبووە، یان تەنها ئەو کاتە دانی پێدا دەنێن کە خانمەکانیان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگریان لەلا بێت بۆ ئەو خیانەتە.

286. Infidelity is not the leading cause of divorce. While an affair can destroy a marriage, the main reason for divorce is money.
خیانەت هۆکاری سەرەکیی جیابونەوە نیە. هەرچەندە پەیوەندیی دەرەوەی خێزان دەتوانێت هاوسەرگیری وێرانبکات، بەڵام هۆکاری سەرەکی جیابونەوە، پارەیە.

287. Approximately 6% of American couples marry, divorce, and then remarry each other.
نزیکەی لەسەدا شەشی هاوژینە ئەمەریکییەکان هاوسەرگیری دەکەن و پاشان جیادەبنەوەو دواتریش بایئەیەنەوە بۆ یەکترو جارێکی تر هاوسەرگیری لەگەڵ یەك دەکەنەوە.
2016-12

288. In America, the divorce rate for a first marriage is around 41%. The divorce rate for a second marriage is 60%. The divorce rate for a third marriage is 73%.
لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، رێژەی تەڵاق لەیەکەم هاوسەرگیریدا نزیکەی لەسەدا 41ە. لەدووەمدا لەسەدا 60و لەسێیەمدا لەسەدا 73یە.

289. Among the occupations with the lowest divorce rates are agricultural engineers, salespeople, nuclear engineers, optometrists, clergy, and podiatrists.
لەناو ئەو چینانەی کە کەمترین تەڵاق تیایاندا رودەدات، ئەندازیارانی کشتوکاڵ، فرۆشیاران، ئەندازیارانی چەکی ئەتۆمی، چاویلکەسازان، پیاوانی ئاینیی مەسیحی و پزیشکانی منداڵ هەیە.

290. A marriage in which a woman is two or more years older than her husband is 53% more likely to end in divorce than if the husband were three or more years older or only one year younger.
هاوسەرگیرییەك کە خانمەکە دوو ساڵ یان زیاتر لەپیاوەکە گەورەتر بێت، بەڕێژەی لەسەدا 53 ئەگەری جیابونەوەی زیاترە لەوانەی کە پیاوەکە سێ ساڵ یان زیاتر گەورەتربێت یان تەنها ساڵێك بچوکتر بێت لەخانمەکە.

291. The top five reasons for divorce in the U.S. include 1) communication problems; 2) infidelity or betrayal; 3) financial problems; 4) psychological, emotional, and physical abuse; and 5) loss of interest.

سەرەکیترین پێنج هۆکاری جیابونەوە لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان ئەمانەن: کێشەکانی تایبەت بە پەیوەندی تەلەفۆنی و هاوشێوەکانی، ناپاکیی هاوسەرگیری، کێشەی دارایی، دەستدرێژی دەرونی و سۆزداری و فیزیکی، نەمانی حەز بۆ چڕوچاوو بیچم و بۆنیدی یەکتر!!!

292. According to a recent study, dancers and choreographers reported the highest divorce rates (43.1%), followed by bartenders (38.4%), and massage therapists (38.2%). Rounding out the top 10 were casino workers, telephone operators, nurses, and home health aides.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ، سەماکاران و دیزاینەرانی سەما، بە بەراورد بە هەر چینێکی تر، زۆرترین رێژەی جیابونەوە تێیاندا رودەدات کە زیاتر لەسەدا 43یە. بەدوای ئەماندا مەیگێران دێت کە رێژەکەی نزیکەی لەسەدا 38و نیوە. پاش ئەمانیش چارەسەرکاران بە مەساج، دێت کە رێژەکەیان نزیکەی لەسەدا 38و چارەکێکە. هەر لەلیستی ئەو 10 چینەی زۆرترین رێژەی تەڵاقیان تێدا رودەدات، کرێکارانی گازینۆکان و کارپێکەرانی هێڵی تەلەفۆن و پەرستاران و یاریدەدەرە پزیشکییەکانی ماڵەوە، هەن.

2016-12

293. Women on average wait 3.1 years to remarry after a divorce. Men wait 3.3 years.

بەگشتی خانمان پاش جیابونەوە تەنها سێ ساڵ و یەك مانگ و کەمێك چاوەڕێدەکەن، پاشان ناسکەشویەکی لێدەکەنەوە، بەڵام پیاوان نزیکەی سێ ساڵ و چوار مانگ چاوەڕێدەکەن ئینجاکونێ ناسکەژنێکی تر دەهێنن.

294. Divorce is illegal in Malta, a country that is controlled by the Vatican. It is one of the three countries in the world (all Catholic) where divorce is illegal, even if the marriage is not a Catholic marriage.

تەڵاق لە ماڵتا قەدەغەیە. ئەم وڵاتە لەلایەن ڤاتیکانە چکۆلەوە بەڕێوەدەبرێت و یەکێکە لەو سێ وڵاتە کاسۆلیکییەی جیهان کە تیایاندا تەڵاق قەدەغەیە، تەنانەت ئەگەر هاوسەرگیرییەکەش بەگوێرەی ئاینزای کاسۆلیکی ئەنجام نەدرابێت.

295. In 2012, an Italian man brought his mother along on his honeymoon. His new bride asked for a divorce three weeks later.

لەساڵی 2012 پیاوێکی ئیتاڵی لەمانگی هەنگوینییەکەیدا دایکیشی لەگەڵ خۆی برد، بەهۆی ئەمەوە سێ هەفتە دواتر، بوکەخان داوای تەڵاقی لێکرد.

رەنگە زۆر ناحەقی نەبێت، چونکە لەحاڵەتێکی وادا رەنگە خانم لەو ماوەیەدا مەجالی هیچی نەبوبێت و لەبەرخۆیەوە بە ئاخ و داخەوە وتبێتی ئـــــــــــــاخخخخخخخخخخخخ بۆ یەکێ (واتە ئاخ بۆ ماچێکی بێسانسۆر!).

296. The world’s oldest divorcées are a 99-year-old Italian man and his 96-year-old wife. He divorced her after 60 years of marriage when he found love letters she had written to her lover in the 1940s. They married in 1934 and divorced in 2011.

بەتەمەنترین ژن و مێردی جیابووەوە، پیاوێکی خنجیلانەی تەمەن 99 ساڵی ئیتاڵی و خانمە تەمەن 96 ساڵەکەی بووە. پاش 60 ساڵ لەهاوسەرگیری، پیاوەکە بۆیدەرکەوت کە خانم لەساڵەکانی 1940کاندا نامەی حوبحوبێنەی ناردوو بۆ خۆشەویستەکەی، وەڵام ئەمیش نەیکردە نامەردی فڵق سێوەسێ تەڵاقیدا (بەڵام بە ئیتاڵی!!!). ئەم دوانە لەساڵی 1934 هاوسەرگیرییان کردووەو لە 2011 لەیەك جیابونەوە.

297. Burgundian law declared that a woman who tried to divorce her husband should be smothered in a mire.

یاسای بورگوندی دەڵێت، هەر ژنێك هەوڵیدا مێردەكەی تەڵاقبدات، ئەوە پێویستە لەناو زەلكاوێكدا بخنكێنرێت.

چارلی چاپلّن
Charles Chaplin

298. چارلی چاپلّن لەکاتی وتاری کۆتایی فیلمی The great dictatorدا کە زیاتر لە پێنج خولەك دەخایەنێت، کەمتر لە 10 جار چاوی تروکاندووە.

Charles Chaplin blinks fewer than ten times during the entire final speech, which lasts over five minutes.

چاو

Eye

299. The eyes of a chameleon are independent from each other, allowing it to look in two different directions at once.

دوو چاوەکەی حەربا جیان لەیەکتر، بەهۆی ئەمەشەوە ئەو زیندەوەرە دەتوانێت لەیەك کاتدا سەیری دوو ئاڕاستەی جیاواز بکات.

ئەم مواسەفاتە زیاتر بۆ دوو چین باشە. حەربای مرورو حەربای چاوباشقاڵ!!!!

300. Diabetes is the number one cause of blindness in adults in the UK.

لەو بریتانیایەی لای خۆمان، یەکەم هۆکاری کوێربونی کەسانی پێگەیشتوو، نەخۆشیی شەکرەیە.

یا رەببی خوایە هەموان لەو نەخۆشییە بپارێزیت.

301. Research has found that a tie tied too tightly can increase the risk of glaucoma in men.

لێکۆڵینەوە سەلماندویەتی کە بەستنی بۆینباخ زۆر بە توندی، دەکرێ مەترسیی نەخۆشیی ئاوی شین لەپیاواندا زیابکات.

302. In a very basic form, eyes are thought to have first developed in animals around 550 million years ago!

لێکۆڵەران پێیانوایە چاو بەشێوە بنچینەییە جیاوازەکانییەوە، نزیکەی 550 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لەگیاندارانداروستبووە.

303. You actually see with your brain, not your eyes. Our eyes function like a camera, capturing light and sending data back to the brain.

لەڕاستیدا مرۆڤ بە دەماخ دەبینیت نەك بە چاو. ئیشی چاو وەك هی کامێرا وایە، وێنەی روناکی دەگرێت و داتاکان دەنێرێت بۆ مێشك.

304. You see things upside down - it is your brain which turns the image the right way up.

مرۆڤ شتەکان بە هەڵگەڕاوەیی دەبینێت، بەڵام مێشك وێنەکە راستەکاتەوە.

305. The eye contains the fastest muscle in your body – hence why when something happens quickly, we say ‘in the blink of an eye!’

خێراترین ماسولکە لەجەستەی شەریفتدا هی چاوە. هەربۆیەش کاتێك شتێك بەخێرایی رودەدات، دەڤەرموین، لەماوەی چاوتروکاندنێکدا.

306. A blink typically lasts 100-150 milliseconds.

بەشێوەیەکی گشتی هەر چاوتروکاندنێك سەد تا 150 میلیچرکە دەخایەنێت.

307. If the human eye was a digital camera, it would have 576 megapixels.

چاوی مرۆڤ ئەگەر کامێرایەکی دیجیتاڵ بوایە، ئەوا دیقققەکەی 576 مێگاپیکسڵ دەبوو.

ئیمانم نەچێ و خوا پێمنەگرێ، وابزانم ئەم دیققەیە لەکاتی چاوحیزیدا چەند مێگاپێکسڵێکی تریش زیاددەکات!!!

308. The world’s most common eye colour is brown.

باوترین رەنگی چاو لەسەرتاسەری جیهاندا قاوەییە.

سڵاو لەهەموو چاوقاوەییەکانی وەك فەخامەتی بەندەی موخڵیستان!

309. The first blue-eyed person is said to have lived 6,000-10,000 years ago.

دەووترێت یەکەم چاوشین لەمێژودا، شەش هەزار تا دە هەزار ساڵ لەمەوبەر، ژیاوە.

لەبەرئەوەی زۆر جیاواز بووە، رەنگە رەحمەتی شێخی شێت کردبێت و سۆفیشی کردبێت بە دێوانە!!!

310. During a sight test, health conditions including diabetes and high blood pressure can be detected.

دەتوانرێت لەڕێگەی پشکنینی توانای بینینەوە، حاڵەتگەلی تەندروستیی جیاواز لەوانە نەخۆشی شەکرەو بەرزەفشاری خوێن، ئاشکرابکرێت.

311. The only cells that survive from the time you are born until death are in your eyes.

تەنها خانەگەل کە لەو ڕۆژەی لەدایکدەبیت تا ئەو ڕۆژەی عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدێڵیت، نامرێن، خانەکانی چاون.

312. Eyelashes have an average lifespan of five months.

تێکڕای ناوەندیی تەمەنی برژانگی شەریفت، پێنج مانگی ناسکە.

313. If you lined up all the eyelashes shed during one human life, they would measure 98 feet long.

ئەگەر هەموو برژانگەکانی چاوت، بەدرێژایی ژیانت بخەیتە سەر یەك، ئەوا درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی 30 مەتری ناسك.

314. People generally read 25% slower on screen than on paper.

بەگشتی بنیایەم عەنینە بەشەر وایە، بەڕێژەی لەسەدا 25 لەسەر شاشە خاوتر دەخوێنێتەوە وەك لەسەر کاغەز.

315. Although the function of tears is to keep eyes clean, scientists don’t understand why we cry when we are upset.

هەرچەندە ئیشی فرمێسك خاوێنڕاگرتنی چاوە، بەڵام زانایان سەر لەوە دەرناکەن کە بۆچی مرۆڤ لەکاتی بێزاری و بێتاقەتیدا دەگری.

چەپلەر

Lefty

316. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە چەپلەرەکان لەسەدا 12 کەمتر لەڕاستلەرەکانیان دەست دەکەوێت.



2015-5-4

317. A Left handed person is significantly more likely to suffer from autism while at the same time being much more likely to have an IQ over 131.

هەواڵێکی خۆش و یەکێکی ناخۆشم پێیە بۆ چەپلەرەکان کە فەخامەتی بەندەی موخڵیست یەکێکم لەو کەسانە:

خۆشەکە: چەپلەرەکان لەڕاستلەرەکان ئەگەریان زۆر زیاترە کە پلەی زیرەکییان بگاتە سەروو 131.

ناخۆشەکە: چەپلەرەکان لەڕاستلەرەکان ئەگەریان زۆرترە کە توشی ئۆتیزم بن.

چيك
Czech

318. لەو چیکەی لای خۆمان، کڵێسەیەك هەیە کە بە ئێسکەپەیکەری 40 تا حەفتا هەزار کەس رازێنراوەتەوە.



چین

China

319. لەساڵی 2009، ژنێك لەوڵاتی چین، سەرنجیدا شتێك لەلایەکی تەوێڵی واتە تەختی ناوچاوانییەوە وردەورە دەردەکەوێت. ساڵی دواتر ئەم شتە بووە شاخێکی شەش سانتیمەتری و لایەکەی تری تەوێڵی هەمان گەشەکردنی تێدا دەستپێکرد. لەڕاستیدا ئەم شاخە جۆرە لوپەکی پێستە. لەهەموو ئەوانەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەم خانمە رازی نەبوو ئەم لووەی بۆ لابەن چونکە بەهۆیەوە میوانێکی زۆر سەردانی دەکەن و دیاری بۆ دەبەن.

320. لە چین ئەگەر بەسەرخۆشی ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت یەکسەر زیندانی دەکرێیت بەبێ ئەوەی مێرولەیەکیشت کردبێت بەژێرەوە.



وەڵاهی عافەرین، ئەو صینە هەموو شتێکی عادییە بەس ئەم قانونەی زۆر موهیمە!!

321. In China, every citizen older than 11 years old has to plant three to five trees per year.

لە چین هەموو هاوڵاتییەکی سەروو تەمەن 11 ساڵ پێویستە ساڵانە سێ بۆ پێنج درەخت بڕوێنێت.

322. ئەم وێنە ناخەژێنەی دەیبینن، دایك و کوڕێکی چینین پاش بە یەك شادبونەوەیان. لەساڵی 1988 ئەم خانمە ئەم کوڕەی لێ رفێنراوە کە ئەوکاتە منداڵ بووە. ئەم خانمە لەماوەی ئەو 32 ساڵەی تێیدا کوڕەکەی بێسەرو شوێن بووە، لەپێناو دۆزینەوەی کوڕەکەیدا زیاتر لە بیست هەرێم و سەدان شارۆچکە گەڕاوەو دواجار بەیەکتر شادبونەوە.

کورە جاهێشتا چیت دیوە، هەر لەماوەی گەڕانەکەیدا، ئەم خانمە بووەتە هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ پێکشادبونەوەی 29 منداڵی تر بە خێزانەکانیان.

323. Chen Si (born 1968) is a Chinese man who has stopped more than 300 people from committing suicide off the Nanjing Yangtze River Bridge in Nanjing, China. Filmmakers Jordan Horowitz and Frank Ferendo released a documentary film about Chen in 2016 called Angel of Nanjing. The documentary won over 13 awards including seven for Best Documentary.

ئەم برادەرەی دەیبینن هەرچەندە صینییە، بەڵام هەتا حەزکەی ئەصڵ و نەجیبزادەیە وەك هواوی. ئەمە ناوی چین سییەو لەدایکبوی ساڵی 1968ە. تا ئێستا زیاتر لە سێسەد کەسی لەخۆکوشتن رزگارکردووە کە ویستویانە لەسەر پردی روباری نانجینگ یانگستە لەشاری نانجینگی ئەو وڵاتە، خۆیان بخەنەخوارەوەو بەخۆکوشتن عومری درێژیان بۆ تۆ جێبهێڵن.

لەساڵی 2016 دوو فیلمساز، فیلمێکی بەڵگەنامەییان لەسەر ئەم برادەرە صینییە ئەسڵە بڵاوکردەوە بەناوی فریشتەی نانجینگ کە زیاتر لە 13 خەڵاتی بردەوە لەوانە حەوتیان خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەنامەیی بوو.

2020-1-6

324. The number one hobby in China is stamp collecting.

عەیب و شورەیی گەورەترین ئارەزوو لە چین بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، کۆکردنەوەی پولە.

325. In 2007, dog food and toothpaste products made in China were recalled because they contained poisonous ingredients. In July, China's head of the State Food and Drug Administration was found to have accepted bribes from pharmaceutical companies. He was executed.

لەساڵی 2007 بەرهەمی خواردنی سەگ و مەعجونی ددانی دروستکراو لە چین، لەبازاڕەکان کێشرانەوە چونکە پێکهاتەی ژەهراوییان تێدابوو. لەمانگی حەوتی ئەو ساڵە دەرکەوت کە سەرۆکی ئیدارەی خواردن و دەرمانی ئەو وڵاتە بەرتیلی لەکۆمپانیاکانی دەرمانسازی وەرگرتووە، بۆیە لەسێدارەدرا.

326. Cricket fighting is a popular amusement in China. Many Chinese children keep crickets as pets.

لەلای چینییەکان شەڕەسیسرك یارییەکی سەرگەرمیی باوە. زۆرێك لەمنداڵانی ئەو وڵاتە سیسرك وەك زیندەوەری ماڵی بەخێودەکەن.

کەواتە سەد شوکر بە شەڕەکەڵەشێرو کۆتربازییەکەی لای خۆمان، بەتاڵە لای ئەوانە!!!!

327. By the second century B.C., the Chinese discovered that blood circulated throughout the body and that the heart pumped the blood. In Europe, circulation wasn't discovered until the early seventeenth century by William Harvey (1578-1657).

لەسەدەی دووەمی پێش زایینەوە، چینییەکان ئەوەیان دۆزییەوە کە خوێن بەناو جەستەدا دەسوڕێتەوەو دڵیش خوێنەکە هەڵدەدات. لە ئەوروپا ئەم بەزمە کە بەناوە موسەقەفانەکەی پێیدەووترێت سوڕی خوێن، تا سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەم نەدۆزراوەتەوە. بەڵام لەو کاتەدا لەلایەن ولیەم هارڤییەوە دۆزرایەوەو هەر ناوی ئەمیش بەناوبانگە لەو رووەوە. ئینجاکونێ هەر بۆ مەعلوماتی عمومی هارڤی لەساڵی 1578 لەدایکبووەو لە 1657 عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە.

328. The Forbidden City was so named because commoners were forbidden to enter the city. Any commoner who saw the emperor was killed.

لەناوجەرگەی شاری بەیجینگی پایتەختی ئەو چینەی لای خۆمان، شوێنێك هەیە پێیدەووترێت، شاری قەدەغەکراو. ئەم شوێنە کۆشکی ئیمپراتۆر بووە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی چیندا. ئینجاکونێ بۆیە ناونراوە شاری قەدەغەکراو چونکێکوم خەڵکی ئاسایی بۆی نەبووە بچێتە ناوییەوە. هەرکەسێك چوبێتە ناو ئەو کۆشکەو ئیمپراتۆری بینیبێت، کوژراوە.

329. The crossbow was invented and first used by the Chinese. They were also the first in the world to use chemical and gas weapons, 2,000 years before gas was used in Europe during WWI.

یەکەم نەتەوە کە وشە یەکتربڕەکانیان داهێناوەو کردووە، چینییەکان بون. هەروەها یەکەم نەتەوەش بون کە چەکی کیمیایی و گازییان بەکارهێناوە. دوو هەزار ساڵ پێش ئەوەی گاز لەجەنگی جیهانیی یەکەمدا، لە ئەوروپا بەکاربهێنرێت، چینییەکان چەکی کیمیایی و گازییان بەکارهێناوە.

330. Suspension bridges were invented in China in 25 B.C, 1,800 years before such bridges were known in the West.

پردی هەڵواسراو، دوو هەزار ساڵ پێش ئەوەی لەجیهانی خۆرئاوادا بناسرێت، لەلایەن چینییەکانەوە داهێنراوە. بەدیاریکراوی لەساڵی 25ی پێش زایین داهێنراوە.

331. China is the fourth largest country in the world (after Russia, Canada, and the U.S.). It has an area of 3,719,275 square miles (slightly smaller than the U.S.) and its

borders with other countries total more than 117,445 miles. Approximately 5,000 islands lie off the Chinese coast.

چین لەڕووی ڕووبەرەوە، چین چوارەم گەورەترین وڵاتە لەجیهانداو راستەوخۆ دوای ڕوسیاو کەنەداو ئەمەریکا دێت. ڕووبەری ئەم وڵاتە سێ ملیۆن و 719 هەزارو 275 میل دوجایە، واتە کەمێك لەڕووبەری ئەمەریکای ئیشقۆڕ بچوکترە. درێژیی کۆی سنورەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی تردا 117 هەزارو 445 میلە. لەکەنارەکانی چین نزیکەی پێنج هەزار دورگە هەیە.

گوێی شەیتان کەڕبێ ئەگەر هەرکەسێك ناسکەگومانێکی لەم ژمارانە هەیە، ئەو قیناع و بابچێت قیاسیان بکات!!!

332. لەچین، هەموو ساڵێك زیاتر لە دە ملیۆن سەگ بۆ گۆشت و فەرووەکەی، دەکوژرێت.

333. چین دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار سەربازی هەیە، بەمەش خاوەنی گەورەترین سوپایە لەجیهاندا. ئەمەریکای ئیشقۆڕیش بە بونی یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار سەرباز، پلەی دووەمی گرتووە لەهەمان ڕووەوە.

334. لەساڵی 2016، هەموو پێنج ڕۆژێك، ملیاردێرێك لەوڵاتی چین دروستبووە.

335. Of the 55 million deaths per year, about 9.5 million are Chinese.

لەو 55 ملیۆن کەسەی ساڵانە دەمرن، نۆ ملیۆن و نیویان صینین.

336. تەنها لەنێوان ساڵی 2011 بۆ 2013، چین ئەوەندەی چیمەنتۆ بەکاربردووە، کە لەو بڕە چیمەنتۆیە زیاترە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەکاریبردووە.

337. دروستکردنی شورای مەزنی چین، زیاتر لە دوو هەزار ساڵی خایاندووە.



338. لەکاتی دروستکردنی شورای مەزنی چین، نزیکەی یەك ملیۆن کەس عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووە.

339. جارێك لەیەك كاتدا كۆنەكەپڵێكی پیاوێكی چینی لەگەڵ كەپڵەكە حازرییەكەیدا، لەپردێكەوە خۆیان هەڵدایە ناو روبارێكەوە بۆ ئەوەی بزانن كە پیاوەكە كامیان رزگاردەكات. لەئەنجامدا كابرا كەپڵە حازرییەكەی رزگاركرد.

ئەم پیاوە لەبەرئەوەی چینی بووە بۆیە لانیكەم وەفای بۆ حازرییەكەی هەبووە، ئەوە كورد بوایە رەنگە لەو حاڵەتەدا هەردوكیانی ئیهمال بكردایەو بیوتایە: سێیەمین سوننەتە!!!!



340. There was more time between the start and finish of the Great Wall of China than between the start of Christianity and present day.

ئەو كاتەی سەرەتای دروستكردنی شورای مەزنی چین تا تەواوبونی خایاندویەتی، لەكاتی دەسپێكی ئاینی مەسیحی تا ئەمڕۆ، درێژترە.

341. روباری زەرد لەچین، هێندە تەرمی خەڵکی زۆر تێدایە، کە پیاوێك بژێوی ژیانی لەسەر ئەوە بەڕێوەدەبات. ئەم پیاوە دەچێت ئەو تەرمانە لەڕوبارەکە دەردەهێنێت و یەکی بە پێنج وەرەقەی ناسك دەیانفرۆشێتەوە بە خێزانەکانیان.

342. پاش مردنی شی هوانگدین، یەکەم ئیمپراتۆری چین، دووەم کوڕە گەورەکەی نامەیەکی بەناوی باوکە کۆچکردووەکەیەوە تەزویرکرد کە گوایە تێیدا وتویەتی، کوڕە گەورەکەی دەبێت خۆی بکوژێت و دووەم کوڕە گەورەکەی دەبێتە ئیمپراتۆر. پلانەکەشی سەری گرت.

343. لەچین، نزیکەی لەسەدا 20ی هەموو ماڵەکان چۆڵن. ئەمەش مانای وایە کە ئەو وڵاتە هێندە ماڵی چۆڵی تێدایە کە ئەگەر بەسەر هەموو دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوودا دابەشی بکەیت، یەکی ماڵێکیان بەردەکەوێت.

344. In 2009, a 13-year old Chinese girl tried to commit suicide so that she could donate her liver to her dying father.

لەساڵی 2009، کچێکی چینیی تەمەن 13 ساڵ هەوڵیدا خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت جگەری ببەخشێت بە باوکی کە لەسەرەمەرگدا بوو.

345. The largest Chinese restaurant in the world seats 5,000 people, employs more than 300 chefs and goes through 700 chickens and 200 snakes in a week.

گەورەترین ڕێستۆرانتی چینی لەجیهان، جێگای پێنج هەزار میوانی تێدا دەبێتەوەو زیاتر لە سێسەد شێف کاری تێدادەکەن و هەفتانە حەوت سەد مریشك و دوو سەد مار سەرفدەکات.

خواردنەوە

Drinks

346. بەهۆی بونی ڕێژەیەکی زۆری شەکر لەمیزی نەخۆشانی شەکرە، دەکرێ ویسکی لێ دروستبکرێت.
ئەرێ ئەو برادەرانەی دەخۆنەوە، عەیب نیە دوای زانینی ئەم ڕاستییە، واز لەخواردنەوەی ئەو شتە قۆرە نەهێنن؟!

347. Ancient Babylonians took their beer so seriously that if a brewer was found to be watering down his beer, he'd either be drowned in the barrel or forced to keep drinking it till he died.

بابلییە دێرینەکان سەبارەت بە بیرە زۆر شێلگیرو توند بون. ئەگەر بۆیان دەربکەوتایە کە بیرەدروستکەرێك ئاوی کردووەتە بیرەکەیەوە، ئەوا یان لەناو بەرمیلێك بیرەدا نوقمیان دەکرد، یان ناچاریان دەکرد بەردەوام و لەسەرێك بیرەکەی بخواتەوە تا دەیکوژێت.

348. پێش داهێنانی بەفرگرە، خەڵکی روسیاو فنلەندا بۆ ئەوەی شیرەکانیان تێکنەچێت، دەچوون بۆقی قاوەیی زیندویان تێدەکرد.

خواردەمەنی

Food

349. Over 4,500 McDonald’s burgers are eaten around the world every minute.

هەموو خولەكێك، لەسەرتاسەری جیهاندا، چوار هەزارو 500 لەفەی فەلافل، ببورن لەفەی زنجیرە خواردنگەی ماکدۆناڵد دەخورێت!.

خوا پێم نەگرێ و زاکیرەم خیانەتم لێنەکات، وابزانم بەندەی موخڵیستان تائێستا یەك لەفەی ماکدۆناڵد چیە نەمخواردووە!

خۆر

The Sun

350. Six ten-billionths of the Sun is gold.

شەش لەسەر دە ملیاری کێشی خۆر، ئاڵتونە.

351. The Sun is not stationary. It is moving at a speed of 220 km every second. It completes one orbit of the centre of the galaxy every 250 million years.

خۆر جێگیر نیە، بەڵکو بەخێرایی 220 کیلۆمەتر لەچرکەیەکدا دەسوڕێتەوە. هەموو 250 ملیۆن ساڵێك خولگەیەکی چەقی مەجەرەکە تەواودەکات.

352. The distance between our planet and the sun doesn’t stay the same. It normally ranges between 147 million km and 152 million km. You can blame this on the fact that the Earth follows an elliptical orbit when revolving around the Sun.

ئەگەر وابزانیت دوریی نێوان هەسارەی زەوی و خۆر جێگیرە ئەوا دیارە گا بەگونا دەناسیتەوە، چونکە وانیە. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم دوریيە لەنێوان 147 ملیۆن تا 152 ملیۆن کیلۆمەترداية. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو خولگەیەی زەوی لەسەریدا بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە هێلکەییە کە بازنەیی.

353. The Sun is slowly growing hotter. A billion years from now, it will grow so hot that all life on Earth will be extinguished.

بەتێپەڕبونی کات خۆر گەرمتر دەبێت. یەك ملیار ساڵی تر خۆر هێندە گەرم دەبێت کە ژیان بەهیچ شێوەیەك لەسەر زەوی نامێنێت.

خۆکوشتن

Suicide

354. In Ancient Rome, if people wished to commit suicide, they applied to the Senate and, if their petitions were approved, were given free hemlock.

لە رۆمای دێرینداا ئەگەر کەسێك حەزی لەخۆکوشتن بوایە، ناسکەعەریزەیەکی پێشکەش بە ئەنجومەنی پیران دەکرد. ئەگەر عەریزەکەی پەسەندکرایە، ژەهری هێملۆکیان بەخۆڕایی پێدەدا بۆ ئەوەی خۆی پێبکوژێت.

تۆش وەك برام وایت، هێملۆك رووەکێکی زۆر ژەهراوییە.

355. In nearly every country in the world, men are more than twice as likely to commit suicide than women. In some countries (such as Russia and Brazil), suicide rates among men are up to six times higher than those for women.

لەزۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ڕێژەی خۆکوشتنی پیاوان دوو ئەوەندە لە هی خانمان زیاترە. لەهەندێ وڵاتی وەك ڕوسیاو برازیلیش، ڕێژەی خۆکوشتنی پیاوان تا شەش ئەوەندە لەهی خانمان زیاترە.

356. An estimated 1 million people worldwide die by suicide every year. It is estimated that global annual suicide fatalities could rise to over 1.5 million by 2020.

ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە لەسەرتاسەری جیهاندا بە خۆکوشتن عومری درێژیان بۆ تۆ جێدێڵن، بە یەك ملیۆن کەس دەخەملێنرێن. پێشبینیش دەکرێت بە هاتنی ساڵی 2020، ئەم ژمارەیە بگاتە یەك ملیۆن و نیو بۆ هەر ساڵێك.

357. Over 30,000 people in the United States die by suicide every year.

تەنها لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، هەموو ساڵێك، زیاتر لە 30 هەزار کەس بە خۆکوشتن عومری درێژیان بۆ تۆ جێدێڵن.

358. Lesbian, gay, bisexual, and questioning youth are almost 5 times more likely to attempt suicide.

هاوڕەگەزخوازو جوتڕەگەزخوازو ئەو گەنجانەی پرسیار زۆردەکەن، نزیکەی پێنج ئەوەندە ئەگەری هەوڵدان بۆ خۆکوشتنیان، لەکەسانی تر زیاترە.

359. On average, 1 person dies by suicide every 11 minutes in the US.

تێکڕا هەر 11 خولەکێك، کەسێك لەئەمەریکا، بە خۆکوشتن عومری درێژی بۆ تۆ جێدێڵێت.

360. Suicide was the second leading cause of death for people ages 10-34 in the US in 2017.

لەساڵی 2017، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، خۆکوشتن دووەم هۆکاری سەرەکی مردن بووە لەناو کەسانی تەمەن 10 بۆ 34 ساڵ .

361. There were twice as many suicides as there were homicides in the US in 2017.

لەساڵی 2017، لە ئەمەریکا، ژمارەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن دوو ئەوەندەی حاڵەتەکانی کوشتن بەدەستی کەسانی تر، بووە.

362. 47,173 Americans died of suicide in 2017, making it the 10th leading cause of death in the US.

تەنها لەساڵی 2017، 47 هەزارو 173 هاوڵاتی ئەمەریکی بە خۆکوشتن عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووە. بەوەش خۆکوشتن بووەتە دەیەم هۆکاری سەرەکی مردن لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

363. On 27 July 1890, aged 37, Van Gogh shot himself in the chest with a 7mm revolver. There were no witnesses and he died 30 hours after the incident.

لە 27-7-1890 نیگارکێشی هۆڵەندیی بەناوبانگ ڤان کوخ بە دەمانچەیەکی حەوت ملم گوللەی نا بە سنگی خۆیەوە بەڵام هیچ شاهێدحاڵێك نەبوو بۆ ئەو رویداوە. 30 سەعات پاش گوللە بەخۆوە نانەکەی، بەجوانەمەرگی و لەتەمەنی 37 ساڵیدا عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

364. Stephanie Adams (July 24, 1970 – May 18, 2018) was an American model. On May 18, 2018, Adams killed her seven-year-old son and herself. According to the New York City Police Department, Adams pushed her son out of a 25th-story window, before jumping herself.

ئەمە کچەنمایشکاری ئەمەریکی ستیفانی ئادەمزە. لە 24-7-970 لەدایکبووە. لە 18-5-2018 کوڕە حەوت ساڵەکەی و خۆشی کوشتووە. بەگوێرەی پۆلیسی شاری نیۆرك، ئەم خانمە سەرەتا کوڕەکەی لەپەنجەرەی قاتی 25هەمەوە فڕێداوەتە خوارەوە، پاشانیش خۆی بەدوایدا فڕێداوەتە خوارەوە.

365. On August 12, 2013, Allemand was admitted to University Hospital in New Orleans after an attempted suicide by hanging.She was declared brain dead and removed from life support two days later at age 29.

ئەمە کچەئەکتەری ئەمەریکی گیا ئالّیماندە. لە 12-8-2013 ئەم خانمە پاش هەوڵێکی خۆکوشتن لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە، خرایە نەخۆشخانەی زانکۆ لە شاری نیوئۆرلینەزی ئەمەریکا. لەوێ مردنی دەماخی راگەیەنراو دوو رۆژ دواتریش، ئامێرەکانی بەزیندویی هێشتنەوەی، لەجەستەی کرانەوە بەو شێوەیە لەتەمەنی 29 ساڵیدا عومری درێژی بۆ تۆ جهێشت.

366. Lucy Gordon , British actress and model, hanging after an argument with her boyfriend, cinematographer Jerome Alveras.

لەساڵی 2009 ئەم خانمە نازدارە کە کچەئەکتەرێکی بریتانی بەناوبانگ بوو بەناوی لوسی گۆردن، پاش دەمەقاڵەیەك لەگەڵ بۆیفرێندەکەی کە وێنەگرێکی سینەمایی بوو بەناوی جێرۆم ئەلڤێراس، خۆی هەڵواسی و عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

367. Jiah Khan reportedly committed suicide by hanging herself from a ceiling fan at approximately 11:45 pm in her own bedroom of her Juhu family's residence in Mumbai on Monday, 3 June 2013, while her mother, Rabiya, and sister, Kavita, were not at home.

ئەمە جیا خانە کە کچەئەکتەرێکی بریتانی و ئەمەریکی بووەو لەفیلمی هندیدا زۆر دەرکەوتووە. سەبارەت بە مردنی ئەم خانمە، دەووترێت نزیکەی سەعات 11و 45 خولەکی شەوی دوو شەممە 3-6-2013، لەکاتێکدا دایك و خوشکەکەی لەماڵ نەبوون، لەژوری خەوتنەکەی خۆی لەشوێنی نیشتەجێبونی خێزانەکەی خۆیان لەشاری مۆمبای لە هندستان، خۆی هەڵواسیوە بە پانکەی سەقفی ژورەکەو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە.

داروین

Darwin

368. Charles Darwin married his first cousin and had 10 children. 3 died as infants and 3 were infertile.

چارلز داروین، ئامۆزای خۆی هێناوە. 10 منداڵی لێبووە، بەڵام سیانیان هەر بە ساوایی عومری درێژیان بۆ تۆ جێهشتووەو سیانیشیان نەزۆك بون.

دانیشتوان

Population

369. 50% Of the world is under 30.

نیوەی دانیشتوانی جیهان تەمەنیان لەخوار 30 ساڵییەوەیە.

2016-5-20

370. The world’s population is growing by 1.10 percent per year, or approximately an additional 83 million people annually.

ساڵانە دانیشتوانی جیهان بەڕێژەی لەهەزاردا 110، زیادەکات واتە ساڵانە نزیکەی 83 ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا زیادەکات.

2020-2-12

371. The global population is expected to reach 8.6 billion in 2030, 9.8 billion in 2050 and 11.2 billion in 2100.

پێشبینی دەکرێت، ژمارەی دانیشتوانی جیهان لەساڵی 2030 بگاتە هەشت ملیارو 600 ملیۆن و لە 2050 بگاتە نۆ ملیارو 800 ملیۆن و لە 2100 بگاتە یانزە ملیارو 200 ملیۆن کەس.

ئێستا هەرچەندە ژمارەی دانیشتوان نەگەیشتووەتە هەشت ملیار، بەڵام لەبازاڕ ناوێریت دەست بەریت بۆ هینی خۆت، بەر هینی دە کەسی تر دەکەوێت، ئەی هاوار ئەبێ ئەو کاتە بەر هینی چەند کەس بکەوێت؟!!!

372. 50.4 percent of the world’s population is male and 49.6 percent is female.

لەسەدا 50.4ی دانیشتوانی جیهان نێرن و لەسەدا 49.6ەکەی تر مێن.

ئینجاکونێ بۆیە تۆی پیاو نەچی بچی بڵێی: "ژمارەی خانمان زیاترە لەپیاوان، بۆیە بڕیارمدا لەبەرخوا ژنێکی جوانی تر بهێنم".

2020-2-12

373. Amongst the 10 most populous countries in the world, Nigeria’s population, currently the seventh largest in the world, is growing the most rapidly. The population of Nigeria is projected to surpass that of the United States shortly before 2050, at which point it would become the third largest country in the world.

لەناو ئەو 10 وڵاتەی لەسەر ئاستی جیهان، زۆرترین دانیشتوانیان هەیە، نایجێریا حەوتەمینە. زۆربونی دانیشتوانی ئەم وڵاتە بە بەراورد بە نۆ وڵاتەکەی تر، خێراترینە. پێشبینی دەکرێت کەمێك پێش هاتنی ساڵی 2050 ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە، هی ئەمەریکا تێپەڕێنێت و بەوەش ببێتە سێیەم گەورەترین وڵاتی جیهان لەڕوی دانیشتوانەوە.

دراو
currency

374. تەنها لەسەدا هەشتی دراوەکانی جیهان، پارەی ماددی واتە کاغەز یان کانزایین، ئەوانی تر پارەی ئەلیکترۆنین.

375. Believe it or not, it only costs around five US cents to make one US dollar.
بڕوادەکەیت باشە، نایکەیت، بیکەیت باشترە، چونکە راستە: دروستکردنی یەك دۆلاری ئەمەریکی نزیکەی پێنج سەنتی تێدەچێت.

درۆ

lie

376. According to some research, lying is a sign of intelligence in children. Studies show that the earlier kids start lying to you, the smarter they are. Toddlers who lie have a higher verbal IQ—up to ten points higher—than those that don’t.

بەگوێرەی هەندێك لێكۆڵینەوە، درۆكردن نیشانەیەكی زیرەكییە لەمندالدا. چەند لێكۆڵینەوەیەك دەریانخستووە كە منالّ تا لەتەمەنی كەمتردا دەستبكات بە درۆكردن، ئەوە زیرەكترە. ئەو منالّە تەمەن گرۆگالّانەی درۆدەكەن، تا دە خالّی ناسك، پلەی زیرەكییان لەوانە زیاترە كە لەو تەمەندا درۆناكەن.

377. Researchers believe that the first lies started being spread not long after the development of language. Lying was an easy way to get what you wanted from someone without having to hurt them for it. Harvard University ethicist Sissela Bok puts it this way, “It’s much easier to lie in order to get somebody’s money or wealth than to hit them over the head or rob a bank.” She’s not wrong.

لێكۆڵەران لەو بڕوایەدان كە سەرەتای بڵاوبونەوەی درۆ لەگەڵ پەیدابونی زمان، جیاوازییان زۆر نیە. درۆ رێگایەكی ئاسان بووە بۆ دەستكتنی ئەوەی دەتەوێت لەكەسێكی دیاریكراو بەبێ ئەوەی ئازاری ئەو كەسە بدەیت. هەر لەو چوارچێوەیەدا خانمەپسپۆڕێكی ئیشقۆڕی بواری رەفتارناسی بەناوی سیسێلا بۆك دەڵێت: "بۆ بەدەستهێنانی پارە یان سامانی كەسێك، درۆكردن زۆر ئاسانترە وەك لەوەی بكێشی بەسەریدا یان بانكێك تاڵان بكەیت". رەنگە قسەكەی سوسو هەڵەش نەبێت!!!!

378. We lie the most when we’re teenagers—between the ages of 13-17. The ages we lie the least? When we’re six through eight years old.

ئەو تەمەنەی مرۆڤ زۆرترین درۆی تێدادەكات، هەرزەكارییە، لەنێوان 13 بۆ 17 ساڵی. لەتەمەنی شەش بۆ هەشت ساڵیشدا مرۆڤ كەمترین درۆدەكات بە بەراورد بە تەمەنەكانی تر.

379. People who are lying are less likely to use hand movements when they talk.

ئەو برادەرانەی درۆدەكەن، لەكاتی قسەكردندا، كەمتر دەستیان دەجوڵێنن بە بەراورد بە كەسانی تر.

380. When we’re lying our pupils dilate.

مرۆڤی ئیشقۆڕ كاتێك درۆدەكات، بیلبیلەی چاوی گەورەدەبێت.

381. Americans lie 11 times a week on average. That’s a little over one lie per day.

بەگشتی ئەمەریكییەكان هەفتانە 11 درۆدەكەن، واتە رۆژی كەمتر لەدوو درۆ.

382. لێكۆڵینەوەیەك كە لەساڵی 2002 ئەنجامدراوە، دەریخستووە كە لەسەدا 60ی خەڵك ناتوانن 10 خولەك گفتوگۆبكەن بەبێ ئەوەی لانیكەم درۆیەكی تێدا بكەن.


A study from 2002 showed
that 60 percent of people
cannot have a ten minute
conversation without
having lied at least once.

دەروونزانی

Psychology

383. ئەگەر ویستت بزانیت کچێك مەیلی بۆت هەیە یان نا، ئەوا لەو کاتەدا سەرنجی بدە کە هەموان بە نوکتەیەك پێدەکەنن. ئەگەر لەو کاتەدا ئەو سەیری تۆی دەکرد، ئەوە مانای ئەوەیە مەیلی بۆت هەیە. بەپێچەوانەشەوە.

384. ئەگەر نەتتوانی کەسێك لەمێشکی شەریفت بهێنیتەدەرەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە تۆش لەمێشکی ئەودا ماویت، واتە بە شێوە جڵفەکەی دەتوانین بێژین نیشانەی ئەوەیە کە تۆش مێشکی ئەوت ....اوە!!!

385. یابانییەکان دەفەرمون: مرۆڤ سێ رووی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە پیشانی خەڵك بەگشتی دەدات، دووەمیان ئەوەیە کە پیشانی هاوڕێی نزیك و خێزانەکەی خۆی دەدات. سێیەمیشیان ئەوەیە کە هەرگیز پیشانی کەسی نادات. ئەمەی سێیەمیان راستترین رووە.

وتەیەکی زۆر جوانە، بەڵام پێموایە کوردی ئیشقۆڕ لانیکەم رویەکی زیاتری هەیە. چونکە کوردە حەیاتەکە ئەو رووەی کە پیشانی هاوڕێ نزیکەکانی دەدات، جیاوازە لەو رووەی پیشانی خێزانەکەی دەدات. بۆ نمونە دەکرێ لەلای هاوڕێ نزیکەکانی زۆر شەریف و هێمن بێت بەڵام بۆ خێزانەکەی زۆر توندو دڵڕەق و تەبیعەت قەڵب و قۆڕ بێت.



دەریای مردوو

The Dead Sea

386. The Dead Sea is up to 9 times saltier than any other sea or ocean in the world!
دەریای مردوو نۆ ئەوەندە لەسەرجەم دەریاو زەریاکانی تری جیهان، سوێرترە.

387. The Dead Sea is located at an amazing 423 metres below sea level. It’s the lowest land point on Earth.
دەریای مردوو دەکەوێتە 423 مەتر لەخوار ئاستی دەریاوە. بەوەش بووەتە نزمترین خاڵ لەسەر ئاستی زەوی.

دیانا (شازادە دیانا)
Princess Diana

388. ئەو پارەیەی شازادە دیانای رەحمەتی لە 1981 تا 1994 تەنها لەجلوبەرگدا خەرجیکردووە بە 200 دەفتەری ناسك دەخەملێنرێت.

ماڵیم بەقوڕگرت لێی نەزانی، ئەگینا ئەو دوو سەد دەفتەرە، یەك دوو دەفتەری لێبدایە بە چەند ماکسی پانتۆلێکی سادەی لێبکڕیایەو ئەوی تری بدایە بە من و تۆ، ئەوەندە دوعای خێرمان بۆ دەکرد، رەنگە ئێستا لەقەبرو بەرزەخدا جەوی فول بوایەو کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوایە!

روداوی هاتوچۆ
car accident

389. A taxi driver named George Smith was the first person ever arrested for drunk driving in 1897 after he slammed his cab into a building. Smith later pled guilty and was fined 25 shillings.

یەکەم کەس لەمێژودا کە بەهۆی لێخوڕین بە سەرخۆشی دەستگیرکراوە، شۆفێرێکی ئیشقۆڕی تاکسی بووە لەساڵی 1897. ئەم برادەرە پاش ئەوەی تاکسییەکەی دەکێشێت بە باڵەخانەیەکدا، دەستگیرکراو دواتر دانی بە تاوانەکەیدا ناو بەوهۆیەشەوە 25 شلینگی ناسك غەرامەکرا.

390. The deadliest drunk-driving crash in the history of United States was the Carrollton bus crash on May 14, 1988. A drunk driver, Larry Wayne Mahoney, crashed head-on into a church activity bus carrying 66 people. While no one died from the initial collision, the bus burst into flames, killing 27 people and injuring 34.

کوشندەترین روداوی پێکدادانی ئۆتۆمبێل کە هۆکارەکەی لێخوڕین بە سەرخۆشی بوبێت، لەمێژوی ئەمەریکادا، لە 14-5-1988 لەشاری کارۆڵتن رویداوە. لەم روداوەدا شۆفێرێکی ئیشقۆڕی سەرخۆش بەناوی لاری واین بە پاسێکەوە خۆیکێشا بە پاسێکی کلێسەیەك کە 66 کەسی تێدا بوو. لەئەنجامی سەرەتای پێکدادانەکەدا هیچ کەسێك گیانی لەدەست نەدا، بەڵام بەهۆی تەقینەوەی پاسەکەوە 27 کەس عومری درێژیان بۆ تۆ جێهشێت و 34ی تریش بریندار بوون.

391. Every 15 minutes a teenager will die due to drunk driving.

هەموو 15 خولەکێك هەرزەکارێك بەهۆی لێخوڕین بە سەرخۆشی، گیان لەدەستدەدات.

392. Princess Diana's driver had a high blood alcohol level at the time of the now infamous crash that killed both Princess Diana and Dodi al Fayed. He reportedly was driving as fast 120 mph at the time.

شۆفێرەکەی شازادە دیانا لەکاتی ئەو روداوە هاتوچۆیەی کوژرانی خودی دیاناو دودی ئەلفایدی لێکەوتەوە، بڕێکی زۆر ئەلکهول لەخوێنەکەی هەبووە. سەرباری ئەوەش دەووترێت لەوکاتەدا بە خێرایی زیاتر لە 193 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕیوە.

393. An average drunk driver has driven drunk over 80 times before their first arrest.

تێکڕا هەر شۆفێرێکی سەرخۆش، پێش ئەوەی دەسگیربکرێت، زیاتر لە هەشتا جار بەسەرخۆشی ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە.

394. Drunk driving deaths and damages cost about $52 billion per year in the United States.

هەموو ساڵێك تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تێچووی ئەو مردن و زیانانەی تر کە بەهۆی لێخوڕین بە سەرخۆشییەوە رودەدەن، نزیکەی 52 ملیار دۆلارە.

395. Approximately 75% of fatal crashes occurring between midnight and 3am involve alcohol.

نزیکەی لەسەدا 75ی ئەو روداوانەی پێکدادانی ئۆتۆمبێل کە لەنێوان نیوەشەوو سەعات 3ی بەرەبەیان رودەدەن، پەیوەندییان بە ئەلکهولەوە هەیە.

396. A driver with a BAC of .08 g/dL is 11 times more likely to be in a fatal accident than a driver who has consumed no alcohol.

ئەو شۆفێرەی پلەی چڕی ئەلکهول لەخوێنیدا لەسەدا هەشت بێت، 11 ئەوەندە ئەگەری توشبونی بە روداوی کوشندەی هاتوچۆ لەو شۆفێرانە زیاترە کە هیچ بڕە خواردنەوەیەکی کهولییان بەکارنەبردووە.

397. The leading cause of death among young people in the developed world is car accidents.

هۆکاری سەرەکی مردنی کەسانی گەنج لەوڵاتانی پێشکەوتوو بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، روداوی هاتوچۆیە.

398. ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی خۆلێخوڕ واتە بێشۆفێر توشی روداوێکی هاتوچۆ ببێت و دەرکەوێت کە کێشەی ئۆتۆمبێلەکەیە، لەو حاڵەتەدا خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە قەرەبوی زیانەکانی روداوەکە ناکاتەوە، بەڵکو پێویستە دروستکەری ئۆتۆمبێلەکە قەرەبووەکە بکاتەوە.

399. ئەم داتا ترسناکە ناسکەپەیامێکە بۆ ئەو شۆفێرە عەقڵفلۆپییانەی پێیانوایە نوسینی کورتەنامە لەکاتی لێخوڕیندا یەکێکە لەمواسەفاتەکانی شۆفێری لێهاتوو.

لەسەدا 10ی هەموو روداوەکانی ئۆتۆمبێل هۆکارەکەی پەرتەوازەبونی پەرتەوازەبونی سەرنجە، بۆ نمونە لەکاتی نوسینی کورتەنامەدا.


Ten percent of all car accidents are caused by being distracted, for example when writing an sms.

روسیا

Russia

400. The “Road of Bones” is a road in Russia that has a large number of human remains as part of its foundation. The bones are the remnants of the forced laborers who perished while working on the project.

لەو روسیایەی لای خۆمان، ڕێگایەك هەیە بەناوی "ڕێگای ئێسکەکان". بنچینەی ئەم ڕێگایە ژمارەیەکی زۆر ئێسك و پروسکی مرۆڤی تێدایە. ئەم ئێسك و پروسکانە هی ئەو کرێکارە زۆرەملێیە قوربەسەرانەن کە لەکاتی کارکردنیاندا لەدروستکردنی ڕێگاکە، گیانیان لەدەستداوە.

401. لەو روسیایەی لای خۆمان، تۆندوتیژیی خێزانی، بەپێی یاسا بە تاوان دانەنراوە.



402. Foreigners are still amazed at the cooking abilities of Russian women. About 80 percent of Russian women say that they cook at home on a regular basis.

ئەگەر وابزانیت جوانی و ناسکی و نازداریی خانمانی روسیا لەسەر حسابی توانای چێشلێنانیانە، بەو مانایەی زۆر جوانن بەڵام لەچێشتلێنانداکلۆڵن، ئەوا بەهەڵەیەکی گەورەدا چویت چونکە نەك هەر وا نیە بەڵکو هێندە لێهاتون کە تەنانەت خەڵکانی دەرەوەی وڵاتەکەشیان سەرسام کردووە بەو لێهاتوییە.

بەپێچەوانەی هەندێك لەخانمە ئیشقۆڕەکانی لای خۆمان کە ئەگەر زۆر جوان بن نازانن چێشت لێ بنێن یان جوانییەکەیان کردووە بە کارتی فشارو بەهۆیەوە کەم چێشت لێدەدەنێن و زوو زوو پشتەملی هاوژینەکانیان دەگرن بۆ ڕێستۆرانتی دەرەوە، نزیکەی لەسەدا 80ی خانمانی روسیا دەڵێن بەگشتی لەحاڵەتی ئاساییدا لەماڵەوە چێشت لێدەنێن.

403. In Russia, the number of women residents is the largest in Ivanovo and Yaroslavl regions (55% of the population of the region), while their number is the smallest in Chukotka (49% of the population of the region).

ئەو شوێنانەی روسیا کە زۆرترین ڕێژەی خانمیان تێدایە، هەرێمی ئیڤانۆڤۆو یارۆسلاڤڵە کە خانمان تێیاندا لەسەدا 55ی دانیشتوان پێکدەهێنن، کەمترین ڕێژەش دەکەوێتە ناوچەی چوکۆتکا کە تەنها لەسەدا 49یان خانمن.

404. According to current statistics, Russian women have their first child at 25 years of age. In the UK - at 29, in Spain - at 31, in Italy - 29, in Canada and the US - at 30 years of age.

بەگوێرەی ئامارەکانی ئێستا، خانمانی روسیا یەکەم منداڵیان لەتەمەنی 25 ساڵیدا دەبێت. بەڵام هی شانشینی یەکگرتوو لەتەمەنی 29و هی ئیسپانیا لە 31و هی ئیتالیا هەر لە 29و هی کەنەداو ئەمەریکا لە 30ی ساڵیدا یەکەم منداڵیان دەبێت.

405. The average stature of Russian women today is 168 cm and their average weight is 69 kg.

لەئێستادا تێکڕا باڵای هەر خانمێکی روسیا مەترێك و 68 سانتیمەتری ناسکەو کێشیان 69 کیلۆگرامە.

2016-12-16

406. More than 95% of Russians consider themselves ugly.

زیاتر لە 95 لەسەدی روسەکان، خۆیان بە ناشرین دادەنێن.

سەرنجبدە روسەکان بەو هەموو ناسك و نازداریيەوە، هێندە سادەو خاکین، 95 لەسەدیان خۆیان بە ناشرین دادەنێن، کەچی لای خۆمان کابرا ئەڵێی قەڵەو لوت و دەنوکی کورتکراوەتەوە کەچی بە پۆزەوە ئەڵێ، جوانییەکەم کێشەی زۆری بۆ دروستکردوم!!!

407. The Soviet Union legalized abortion in 1955, and the number of abortions started growing rapidly. By 1964, a record number of abortions had been reached - 5.46 million.

لەساڵی 1955 یەکێتیی سۆڤیەت، بەیاسا ڕێگەیدا بە لەباربردن، بەو هۆیەوە ژمارەی حاڵەتەکانی لەبەرباردن بەشێوەیەکی خێرا زیادیکرد. بە هاتنی ساڵی 1964 ئەو وڵاتە ژمارەیەکی پێوانییە لەو ڕووەوە تۆمارکرد کە ئەویش پێنج ملیۆن و 460 هەزار حاڵەتی لەباربردن بوو.

408. An estimated 50 per cent of Russian policemen take bribes.

لەسەدا 50ی پۆلیسەکانی روسیا، بەرتیل وەردەگرن.

ژمارەکە خەملاندنە نەك زۆر دەقیق، بۆیە ئەگەر بژاردت و دانەیەکی کەم یان زیادبوو، نەچی بچی بیکەی بە هۆسە!!!

409. Traffic in Moscow is so bad that wealthy Russians hire fake ambulances to beat the jams.

لەو مۆسکۆیەی لای خۆمان، هاوتۆچۆی ئۆتۆمبێل هێندە چڕوپڕو خراپە، بەشێوەیەك کە دەوڵەمەندەکان، ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری ساختە بەکرێدەگرن بۆ ئەوەی قەرەباڵغییەکە تێپەڕێنن.

410. The male life expectancy is just 65, lower than it is in North Korea or Iraq. Russian women, on the other hand, can expect to live to 76.

لەو روسیایەی لای خۆمان، سوڕی ژیانی پیاو تەنها 65 ساڵە، واتە تەنانەت کەمترە لەهی کۆریای باکورو عیراقیش. بەڵام سوڕی ژیانی خانمەکانیان دەکرێ بگاتە 76 ساڵی ناسك.

411. ئەو پیاوەی جیهانی لەجەنگی سێیەمی جیهانی ڕزگارکرد. لەکاتێکدا هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهانی تەنها دوو خولەکی ناسکی مابوو، ئەم قۆزەدینە کە ئەفسەرێکی سوپای ڕوسیایە بەناوی ڤاسیلی ئارکیپۆف لە 27-10-1962 ڕەتیکردەوە بە بۆمبی ئەتۆمی هێرشبکاتە سەر ئەمەریکا، بەوەش جیهانی لەجەنگێکی تری وێرانکەر ڕزگارکرد.

412. %25 of all Russian men die before they reach their mid-50s, mainly due to vodka.

لەسەدا 25ی هەموو پیاوانی روسیا، پێش ئەوەی تەمەنیان بگاتە ناوەڕاستی پەنجاکان، عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ڤۆدکایە.

413. In 2009, a Russian woman was prosecuted for raping ten men, out of which nine men pressed charges, while one man said he loved it.

لەساڵی 2009 ژنێکی روسی بەتۆمەتی لاقەکردنی 10 پیاو دادگاییکرا. لەو 10 کەسە نۆیان بەڕەسمی تۆمەتیان ئاڕاستەکرد، بەڵام دەیەمیان، وتی پێیخۆشبووە. دورنیە ئەو دەیەمەیان بەڕەگەز کورد بوبێت !!!

414. لەم کوردستانەی خۆمان ماوەیەك لەمەوبەر خانمێك لەکاتی کۆڕبەندێکی تایبەت بە عیلمانییەت و خانمان و ئەو چتانەدا، فەرموی، تەحەدا ئەکەم، کام لەم پیاوانەی کۆڕەکە خۆی بە بەهێز دادەنێت، ئێستا هەستێت بەرامبەرم بووەستێت بە سێ حەرکە دەیدەم بە ئەرزا. نازانم تا چەند دەیتوانی ئەوە بکات یان نا، بەڵام لەو روسیایەی لای خۆمان بە عەمەلی شتێکی نزیك لەو بابەتە رویدا.

لە روسیا جارێك پیاوێك بەمەبەستی تاڵانکردن، هەڵیکوتایە سەر سالۆنێکی خانمان، بەڵام پیس بەسەریدا شکایەوەو بوو بە قوربانی. خاوەنی سالۆنەکە توانی بیبەزێنێت و روتیکردەوەو بەستییەوەو بۆ ماوەی سێ رۆژ وەك کۆیلەی سێکسی بەکاریهێنا. حەتمەن کەواتە حەقی خۆیەتی بێژین: ئاخ کێری قومری!!!!

415. There's a museum in Russia that hires cats to protect its artworks against rodents.

مۆزەخانەیەك هەیە لە روسیا کە بۆ پاراستی کارە هونەرییەکان لەگیاندارە قرتێنەرەکان، پشیلەی بەکرێگرتووە.

416. ئەم برادەرەی کە لەگەڵ عەباسی کەمەندیی رەحمەتیدا ئەڵێی سێوێکی دوانەن، ناوی دیمیتری مێندیلیڤە. ئەمە لەساڵی 1850 کە پێموانیە ئێوە باش بیرتان بێت، نزیکەی هەزارو 610 کیلۆمەتری بەپێ بڕی تا گەیشتە شاری مۆسکۆ تەنها لەپێناو ئەوەی لەزانکۆی مۆسکۆ وەربگیرێت بەڵام بەداخەوە وەرنەگیرا. دواتر رۆشت بۆ شاری سانت پترسبێرگ و لەزانکۆی ئەوێ وەرگیرا. لەڕێگەی خوێندن لەو زانکۆیەوە، توانی خشتەی کاتی توخمەکان واتە ئەوەی تەلەبە ئەنتیکیمیاکان گیریان خواردووە بەدەستییەوە، بدۆزێتەوە.



417. ئەمە کچێکی روسییە بەناوی خێنیاو بە کچی سێڵفییە ترسناکەکان ناسراوە. ئەم کچە واڕاهاتبوو کە لەگەڵ کەپڵەکەیدا، سێڵفی لەسەرلوتکەی باڵەخانە بەرزەکان و شوێنە مەترسیدارەکانی تر دەگرت بەڵام کۆتاییەکەی ترژایدی بوو.
لەساڵی 2014 لەکاتی سێڵفییەکی مەترسیداردا کەوتەخوارەوەو کەوتە سەر کێبڵێك کە کارەبای لەسەر بوو و لەئەنجامدا کارەبا کوشتی و عومری درێژی بۆ نێوە جێهێشت.

زمانەوانی

linguistics

418. English is the third most spoken native language in the world. Standard Chinese and Spanish are first and second, respectively.

لەڕوی قسەپێکردنەوە، زمانی ئینگلیزی سێیەم گەورەترین زمانە لەجیهاندا. یەکەم زمانی ستانداردی چینییەو دووەمیش ئیسپانییە.

419. The Oxford English Dictionary lists 52 words meaning a kiss or kissing.

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد 52 وشەی ریزکردووە کە بەمانای ماچ یان ماچکردن دێن.

زەمینلەرزە

earthquake

420. The world can feel roughly 100,000 earthquakes per year. Only 100 of those cause actual damage, but a more shocking number is there’s actually 500,000 of them that happen in the same timespan.

ساڵانە جیهان هەست بە رودانی سەد هەزار زەمینلەرزە دەکات، لەو ژمارەیەش تەنها سەد دانەیان زیانی فعلی دەگەیەنن. شتێکی سەیرتری پەیوەندیداریش هەیە: لەڕاستیدا هەموو ساڵێك نیو ملیۆن زەمین لەرزە لەجیهاندا رودەدات.

421. دەکرێ تەنها زەمینلەرزەیەك بەگوڕی 15 پلەی ڕێختەر، زەوی لەناوببات.

زەوی
The Earth

422. زۆربەی هەرەزۆری کیشوەری جەمسەری باشور، بە سەهۆڵ داپۆشراوە. کەمتر لەسەدا یەکی بەردەوام بێسەهۆڵە.

زوکەربێرگ
Zuckerberg

423. In 2013, Mark Zuckerberg spent $30 million buying 4 neighboring houses to ensure his privacy. He reportedly took action after he learned that a developer wanted to purchase one of his neighbor's homes and use the fact that Zuckerberg lived close by as a marketing tactic.

لەساڵی 2013، مارك زوکەربێرگ 30 ملیۆن دۆلاری لەکڕینی چوار خانوی دراوسێیدا خەرجکرد لەپێناو ئەوەی لەتایبەتمەندێتی ژیانی خۆی دڵنیابێت. دەووترێت زوکەربێرگ ئەم کارەی پاش ئەوە کردووە کە زانیویەتی بەڵێندەرێك ویستویەتی یەکێك لەو خانوانە بکڕێت و بون بە دراوسێی زوکەربێرگ کە خاوەن و بەڕێوەبەری فەیسبوکە، وەك تاکتیکێکی بازاڕگەری بەکاربهێنێت.

زیمبابۆی
Zimbabwe

424. Zimbabwe's total bank balance was just $217 at the beginning of 2013.
لەسەرەتای ساڵی 2013 بەهای کۆی هەموو ئەو پارەیەی لەسەرجەم بانکەکانی زیمبابۆیدا هەبووە، تەنها 217 دۆلار بووە.

زیندان
prison

425. لەساڵی 2009 چوار زیندانی، ئەفسەرێکی چاکسازییەکەیان لەدەستی زیندانییەکی تر رزگارکرد. پاڵەوانانی ئەم روداوە پێشتر هەتا حەزکەی سەگ و سەگباب بون و بەتۆمەتی دەستدرێژی و تاڵانکردن بە چەکەوەو هەڵکوتانە سەرماڵ و کوشتن و دەستدرێژی سێکسی دەستگیرکرابوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو ئەفسەرە وەك مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ کردبون نەك وەك دڕندە، لەپەلاماری ئەو زیندانییەی تر رزگاریان کرد.



ژاپۆن (یابان)
Japan

426. Japan is so successful at returning lost property that 130,000 mobile phones, or 83% of those reported missing, were returned to their owners in 2018.
یابانە حەیاتەکە لەدۆزینەوەی شتی ونبوو، زۆر سەرکەوتووە. تەنها لەساڵی 2018، 130 هەزار مۆبایلی ونبوو کە دەکاتە لەسەدا 83ی مۆبایلە ونبووەکان، دۆزیوەتەوەو گەڕاندویەتییەوە بۆ خاوەنەکانیان.

427. In 2010, the mummified corpse of Sogen Kato, thought to be Tokyo's oldest man, was found in his bedroom by government officials. He had actually died in 1978.
لەساڵی 2010 تەرمی وشکبووەوەی پیاوێکی یابانی بەناوی سۆجین کاتۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە، لەجێگەی خەوتنەکەی خۆی دۆزرایەوە. لێکۆڵەران پێیانوابوو بەتەمەنترین کەسی تۆکیۆیە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە وانیەو لەڕاستیدا لەساڵی 1978ەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە.

428. The world's largest gold bar weighs 250 kg (551 lb).
گەورەترین قاڵبی ئاڵتون لەجیهاندا کێشەکەی 250 کیلۆگرام واتە چارەکە تەنێکی ناسکەو ئێستا لەمۆزەخانەیەکی یابانە حەیاتەکەیە. ئەمەش وێنەکەیەتی و دەتوانیت بەدڵی خۆت دەستی لێبدەیت!!!!



429. لە یابانە حەیاتەکە، قەڵەوبون کارێکی نایاساییە. هەموو پیاوێکی تەمەن سەروو 40 ساڵ، پێویستە کەمەری شەریفی نەگاتە 80سم و هی خانمانیش نابێت بگاتە 90سم.

It is illegal to be fat in Japan. Each male over 40-years-old must have a waistline smaller than 80cm and women, smaller than 90cm.

430. یابانییەکان چاویان بچوکە بەڵام بەڕاستی عەقڵیان گەورەیە. لەوتەی جەنگی جیهانی دووەم کۆتاییهاتووە، ئەو وڵاتە زیاتر لە 50 جار بە بەیاننامەی ڕەسمی داوای لێبوردنی کردووە لەبەرامبەر ئەو کارانەی لەکاتی جەنگەکەدا ئەنجامیداون.



431. لە یابانە حەیاتەکە وشەیەك هەیە بەناوی (باکوشان) کە بەمانای کچێك دێت کە لەدواوە جوان بێت بەڵام لەپێشەوە ناشرین بێت.

بێگومان ئێمەی کورد ناتوانین لە تۆیتاو تۆشیبا مونافەسەی یابان بکەین، بەڵام پێموایە لە باکوشاندا دەتوانین، بە دەلیلی ئەوەی زۆرجار سایەق سەیارەکان لەکاتێکدا لەدورەوە کچێك دەبینن، لەدڵی خۆیاندا دەڵێن: عەگ خۆزگەم بەو کەسەی ئەم کچە لەداهاتودا بەڕەسمی چای بۆ لێدەنێت، بەڵام کاتێك بەلایدا تێپەڕدەبن هەر لەدڵی خۆیاندا دەڵێن: نێتمە گ.....م خوارد!!!

حەتمەن قسەکەمان بەشێوەیەکی گشتییە، ئەگینا بێگومان کچی زۆر جوانیشمان هەیە کە ئەو ناسکەبەیتەی بەسەردا جێبەجێدەبێت کە دەڵێت: هێندە ناسکە بەبای باوەشێن/// سەرکولمی ئاڵی پردەبێت لەخوێن.

432. In Hong Kong and Japan, McDonald's has "doors are always open" policy. People, who can't afford a place to live, take advantage of this policy and "live" in McDonald's. Because of this, they are called McRefugees.

زنجیرەڕێستۆرانتی ماکدۆنالّد لە هۆنگ کۆنگ و ژاپۆن، سیاسەتێکیان هەیە بەناوی (دەرگاکان هەمیشە کراوەن). ئەو کەسانەی هەژارن و شوێنیان نیە تێیدا بژین، سود لەم سیایەتە وەردەگرن و لەو رێستۆرانتانەدا دەژین. هەربەهۆی ئەمەشەوە بەو جۆرە رێستۆرانتانەی ماکدۆنالّد دەووترێت ماکریفیوجی واتە ماکپەنابەر.

433. زانایانی ئەم وڵاتە توانیویانە بەسەرکەوتویی ئامێرێك دابهێنن کە لەتوانایدایە کت و مت خەوکانت بەشێوەی گرتەی ڤیدیۆ لێبداتەوە.

434. بەگوێرەی تازەترین ریزبەندیی بەهێزترین پاسپۆرتی وڵاتان، هی ژاپۆن بەهێزترینە. خاوەنی ئەم پاسپۆرتە دەتوانێت بەڕەسمی بچێتە ناو 190 وڵاتی جیهانەوە.

2019-8-12

435. لاله، هەروەها خاڵە، لەهەندێك شوێنی ئەم کوردستانە ئیشقۆڕەی خۆمان بە کەسێك دەووترێت کە درۆو فشەی زۆری لابێت، بەڵام لە یابانە حەیاتەکە زۆر جیاوازە.

لە یابان، پەنگوینێکی ماڵی هەیە بەناوی لالە. ئەم پەنگوینە رۆژانە بەتەنها خۆی بە کیسێکەوە دەڕوات بۆ بازاڕو ماسی دەکڕێت و هەر خۆشی بەتەنها دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

436. بەڕاستی یابان نەك هەر ئۆتۆمبێل بەڵکو دایکەکانیشیان هەر یابانییە بەمانای کەلیمە.

ئەمە وێنەی ئەنجامی زەمینلەرزەیەکی یابانە. دایکێك خۆیکردووە بە قوربانی منالّە تازەلەدایکبووەکەی و مۆبایلەکەی جێهێشتووەو نامەیەکی تێدایە کە نوسراوە: "ئەگەر رزگارت بوو، پێویستە هەمیشە ئەوەت لەبیربێت کە "خۆشم دەوێی"".

437. تەنها لەسەدا 11ی یابانییەکان دەیانەوێت جەنگ بۆ وڵاتەکەیان بکەن، ئەم ڕێژەیەش کەمترینە لەسەرتاسەری جیهاندا. لە مەغریب و فیجی ڕێژەکە لەسەدا 94ە.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە یابانییەکان وڵاتەکەیان خۆشناوێت، چونکە ئەگەر وابوایە، ئەوا توێتاو توشیبایان نەدەبوو و وڵاتەکەیان هێندە خۆش و پێشکەوتوو نەدەبوو، بەڵکو مانای ئەوەیە دژی خوێنڕشتنن. لەبەرامبەردا مەغریب و فیجی سەیریان کە چەندە دواکەوتون بەرامبەر بە یابان.

438. لەکلتوری یابانە حەیاتەکەدا، سەرتاشین، شێوازێکی باوە بۆ دەربڕینی پۆزشەێنانەوەی ئاشکرا یان داننانە بە شکستهێنان. بەواتەیەکی تر لەوێ ئەگەر کەسێکت بینی سەری تاشیبوو، ئەوە حەتمەن بێعەیەبییەکی کردووە یان لەشتێکدا شکستی هێناوە.

439. بەڕاستی یابان ئەوەندە پێشکەوتووە خەریکە ناخۆشی ئەکات!

ئەو وڵاتە سیستەمێکی شەمەندۆفێری هەیە بەناوی سیستەمی شەمەندۆفێری گوللـەیی. ئەم سیستەمە تۆڕێك ئامێری هەستیاری زەمینلەرزەپێوی پێوە بەستراوە. لە 11-3-2011 یەکێك لەزەمینلەرزەپێوەکان 12 چرکە پێش رودانی زەمینلەرزەیەکی نزیکەی نۆ پلەیی، کەشفیکردو ئاماژەی وەستانی نارد بۆ 33 شەمەندۆفێری تۆڕەکە. لەئەنجامدا تەنها یەکێك لەو شەمەندۆفێرانە لەهێڵەکەی خۆی لایدا، ئەویش ئەوەیان بوو کە وەك تاقیکردنەوە دەڕۆشت و سەرنشینی تێدا نەبوو.

440. کۆمپانیایەکی یابانی هەیە کە شەش رۆژ پشوی زیاتر دەدات بەو کارمەندانەی جگەرە ناکێشن، وەك قەرەبوویەك بۆ ئەو کاتەی کە کارمەندە جگەرەکێشەکانی لەکاتی کورتەپشوی جگەرەکێشانەکانیاندا بەسەریدەبەن.

441. لەساڵی 1923 زەمینلەرزەیەکی بەهێز ژاپۆنی هەژاندو لەئەنجامدا گێژەڵوکەیەکی ئاگرینی دروستکرد کە بووەهۆی ئەوەی لەماوەی تەنها چارەکێکدا 38 هەزار کەس بسوتێنێت و بیانکاتە خۆڵەمێش. ناوچە کارەساتبارەکە هێندە گەرم بوو کە قاچی خەڵك لکا بە قیری تواوەی شەقامەکانەوەو بەهۆی ئەوەوە نەیانتوانی رابکەن.



442. یابانە حەیاتەکە خانەی بەساڵاچونیان هەیە بۆ سەگی بەتەمەن بۆ ئەوەی لەوێ ئەو خۆشەویستی و چاودێرییە پێویستەیان پێدەدرێت کە لەکۆتا ساڵەکانی ژیانیان پێویستییانە.

443. بەپێی کلتوری ئەم وڵاتە، ئەو خەوەی لەشەوی 1-1دا دەیبینیت، پێشبینی ئەوە دەکات کە ئاخۆ لەو ساڵەدا بەختت باش دەبێت یان خراپ.



444. ئیش هەر لەخۆی جوانە ئەبو تۆیتا!!!

سەرنشینانی فڕۆکەی گەشتی ئێن ئەیچ 106 لە 1-1-2019 گەشتەکەیان لەیابانەوە دەستپێکردو لەساڵی 2018 لەئەمەریکا نیشتنەوە!!!

رەنگە بپرسیت چۆن؟ منیش دەڵێم چاك!

445. لەساڵی 1968، لەم وڵاتە، تاوانکارێك کە بەدرۆ خۆی کردبوو بە پۆلیسێکی ماتۆرسوار، ئۆتۆمبێلێکی سەربە بانکێك کە بە پارەی ئەمرۆ دە ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی تێدا دەبێت، دەوەستێنێت و بەشۆفێرەکەی دەڵێت، ئەم سەیارە تەوقیتکراوە بۆ تەقینەوەو تۆزێکی تر دەتەقێتەوە. پاش ئەوەی شۆفێرەکە لەسەیارەکە دێتە خوارەوە، کابرای تاوانکار زۆر بەئاسانی سەیارەکە لێدەخوڕێت و هەڵدێت. تا ئامادەکردنی ئەم ناسکەزانیارییە، نە تاوانکارەکەو نەپارەکەش نەدۆزاوەتەوە. ئەگەر دۆزیتانەوە پێم بێژن خێرتان دەگات بۆ ئەوەی کتێبەکەو زانیارییەکەش ئێدیت بکەم و دەسەڵاتدارانی یابانیش ئاگاداربکەمەوە!!!!

446. جاری وا هەیە کاتێك لای ناسکەبرادەرێکت دەڵێیت فلانەکەسی خزمم لەو کۆمپانیایە تەباخە، رەنگە ناسکەبرادەرەکە ناسکەزەردەخەنەیەك بکات و بەناسکەگاڵتەکردنێکەوە بڵێت: تەباخی چەند پڵیتەییە؟ ئەی هی نەوتە یان غازە؟!!!

لەڕاستیدا ئەو وشەی شێفە کە زۆرجار هەندێ برادەر دەیڵێن، تەقریبەن هەر تەباخەکەیە بەس تۆزێك خۆی موسەقەف کردووە. شێف تۆزێك لەتەباخ پێشکەوتووترو پیشەیی ترە، ئەگینا هەر تەباخەکەیە.

لەو یابانەی خۆمان بون بە شێفی سوشی کە خواردنێکی ئەو وڵاتەیە، بیست ساڵ خوێندنی پێویستە، لەکاتێکدا بون بە پزیشك هێندە خوێندنی پێویست نیە.

447. لەم وڵاتە زیاتر لە 65 هەزار کەس هەن کە تەمەنیان 100 ساڵ و سەروو سەد ساڵە. وێنەکەش هەندێك لەو برادەرو خوشکەدرانەن.

سەرنج بدەن کە سەرباری ئەو تەمەنەش چەندە سوکەڵەن!

پێموایە لای خۆمان ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان دەگاتە سەد، لەسەد کەس تێناپەڕێت. بۆ؟ چونکە لای خۆمان پیاو هەروەها ژنیش کە تەمەنی گەیشتە 80 دەبێتە مەسخەرەی بوك و زاواو خۆی ببڕێ و خۆی بکوژێ لە نەوەد ساڵیدا عومری درێژیان بۆ جێدەهێڵێت!!!

over 65000 Japanese people
are a 100 years of age or older.

ژمارە پێوانەییەکان

records

448. یەکەم کەس لەمێژودا کە غەرامەی خێرالیخوڕینی ئۆتۆمبێلی داوە، برادەرێك بووە بەناوی وۆڵتەر ئارنۆڵد. لەساڵی 1896 ئەم برادەرە لەناوچەیەکدا کە ئەوپەڕی خێراییەکەی حەوت میل و نیو بووە لەسەعاتێکدا، بە نزیکەی میلێك و سێ لەسەر چواری میلێك خێراتر لێیخوڕیوە، بەهۆی ئەمەوە غەرامەکراوە.



ژن
Woman

449. کتێبێك هەیە بەناوی "هەموو ئەو شتانەی پیاوان سەبارەت بە ژن دەیزانن". سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم کتێبە پێکهاتووە لە 120 لاپەڕە کە سەرجەمیان بۆشن و هیچیان تێدا نیە.

450. ساڵانە خانمان لەجیهاندا 18 ترلیۆن دۆلار پەیدادەکەن، بەڵام 28 ترلیۆن خەرجدەکەن. بێگومان ئەم 10 ترلیۆنەش لەسەر حسابی پیاوی قوربەسەرە!!!

451. لێکۆڵینەوەیەك خەملاندویەتی كە خانمان 72 رۆژی كۆی تەمەنیان لە تاشینی لاقیان بەسەردەبەن.
بەخوا بەینێ خۆمان بێ ئەوانیش كەم بەتاڵ نین!!!



452. خانمان لەپیاوان باشتر دەموچاوی كچانی جوانیان لەبیردەمێنێت چونكە كچی جوان وەك هەڕەشەیەك بۆسەر خۆیان دادەنێن!!
وەڵا زۆر عەیبە غیرە بگاتە ئەو رادەیە!



453. لەهەموو پێنج خانمێك، دوانیان نەخۆشی ئانوپتافۆبیایان هەیە، واتە ترس لەوەی كە هەرگیز خۆشەویستی خۆیان نادۆزنەوە.



454. پشكنینی دەماخ دەریخستووە كە خانمان پاش خواردن وەڵامدانەوەیان بۆ رۆمانسییەت، زیاترە وەك لەكاتەكانی تر. خواردن رێگایەكە بۆ بەدەستهێنانی دڵی خانمان.
رونتر بڵێین، گریمان تۆ دڵت بە خانمێكەوەیەو دەتەوێت داوای خۆشەویستی و هاوسەرگیری لێبكەیت، بەڵام ترست هەیە ئارێكی كەپیتەڵ وەربگریت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر بۆفییەكی كراوەی دوو سەد دۆلاری بۆ بكڕیت و پاش خواردنەكە پێی بڵێیت، ئەگەری قبوڵكردنی زیاترە وەك لەوەی پێش خواردن یان پاش خواردنی فەلافلێكی 500 دیناری پێی بڵێیت!!!!

455. هەر ژنێکی ئاسایی رۆژانە 62 جار زەردەخەنە دەکات بەڵام پیاوێکی ئاسایی تەنها 8 جار زەردەخەنە دەکات لەڕۆژێکدا.



456. عەگ هەزار رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە، لەئاوی خوڕ مەترسە، لەئاوی مەنگ بترسە!!!!!!!
خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لەڕوی "زۆرترین ئۆرگازم لەسەعاتێکدا"، 134 ئۆرگازمە بۆ ژنان، بەڵام لەپیاواندا 16 دانەیە.
لەمەشەوە حیکمەتی ئەو قسەیەی هەندێك لەخانمانمان بۆ دەردەکەوێت کە روو لەمێردە سەربۆ ژنی دووەم خوراوەکانیان دەفەرمون: ئەگەر ئەتوانی، فەرموو بیهێنە، کێ رێی لێگرتویت؟!!!!

457. ئەو خانمانەی پلەی زیرەکییان بەرزترە، بەزەحمەت هاوژینێك دەدۆزنەوە. خانمانی لێهاتوو زیاتر بە سینگڵی دەمێننەوە وەك لەوەی لەگەڵ کەسێکی هەڵەدا بژین.

458. Women like to watch lesbian porn more than straight sex. In fact, the word “lesbian” is the top-viewed category for Pornhub’s female viewers.

لەڕوی پۆرنۆگرافییەوە، خانمان زیاتر حەز لەسەیرکردنی وێنەو ڤیدیۆی پانە بەپانە دەکەن وەك لە هی سێکسی سروشتی واتە هی نێوان ژن و پیاو. پانەبەپانە بە شێوازە موسەققییەکەی پێیدەووترێت لێزبیەن یان هاوڕگەزبازیی مێ. لەڕاستیدا خانمان ریزی پێشەوەی زۆرترین بینەرەکانی وێنەو ڤیدیۆی هاوڕگەزبازی مێیان گرتووە لەیەکێك لەدیارترین ماڵپەڕە پۆرنۆگرافییەکان کە ناونەهێنانیم لەڤیرژنی کوردیی ئەم ناسکەزانیارییەدا بە پێویست زانی.

459. According to PornHub (one of the Web’s largest porn sites), American’s porn-watching sessions are, on average, the longest in the world. Americans spend an average of 10 minutes and 39 seconds on the website every time they visited. The U.K was second, with Germany taking third.

بەگوێرەی یەکێك لەدیارترین ماڵپەڕە پۆرنۆگرافییەکان، لەڕوی زۆرترین ماوەی سەیرکردنی بابەتی پۆرن لەهەر سەردانێکی ماڵپەڕێکی پەیوەندیداردا، ئەمەریکییەکان بە بەراورد بە هاوڵاتیانی وڵاتانی تری جیهان پلەی یەکەمیان گرتووە. هەر هاوڵاتییەکی ئەم وڵاتە تێکڕا لەهەر سەردانێکدا 10 خولەك و 39 چرکە سەیردەکەن، بەدوای ئەماندا بریتانییەکان دێن و ئەڵمانییەکانیش پلەی سێیەمیان گرتووە.

ستالین
Stalin

460. ئەم قۆزەدینە یاکۆڤی کوڕی ستالینە. یاکۆڤ لەساڵی 1941، لەکاتی جەنگی دژە نازییەکان بەدیلگیرا. نازییەکان پێشنیازی ئەوەیان خستە بەردەم ستالین کە کوڕەکەی ئازاددەکەن لەبەرامبەر ئازادکردنی فریدریك پاوڵوس کە مارشاڵێکی مەیدانی ئەڵمانەکان بوو و لەلایەن روسەکانەوە دەستگیرکرابوو. بەڵام ستالین پێشنیازەکەی رەتکردەوەو وتی: مارشاڵێك نا گۆڕمەوە بە مولازمێك.
دواتر یاکۆڤ لەکاتی هەوڵدانیدا بۆ ڕاکردن، کوژراو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت!

461. In 1933, Stalin criminalized male homosexuality but left lesbianism untouched.
لەساڵی 1933 ستالینە ئیشجوان، درێژەبەدرێژەی بە تاوان ناساند، بەڵام دەستی بۆ پانەبەپانە نەبرد!

462. When Joseph Stalin’s first wife died, he said “This creature softened my heart of stone. She died and with her died my last warm feelings for humanity.” He eventually went on to execute her brother, her sister, and her cousin.
کاتێك ژنی یەکەمی جۆزێف ستالین کۆچیدوایی کرد، ستالین وتی: "ئەم مەخلوقە دڵی نەرمکردبوم. ئەوا مردو لەگەڵیشیدا کۆتاهەستە گەرمەکانی مرۆڤایەتیم، مردن". دواجار ئەوە بوو ستالین براو خوشك و ئامۆزای ئەم ژنەی کوشت.

463. ئەو ستالینە بێناموسە بەوەوە نەوەستاوە کە ملیۆنەها کەسی لەناوبردووە. تۆ تەماشا چی تریشی کردووە: ئەم برادەرە لەسەردەمی حوکمڕانییەکەیدا چەندین کەسی بەکرێ گرتبوو بۆ دەسکاریکردنی وێنەکانی. ئەو کەسانەی دواتر

دەبونە دوژمنی، وێنەکانی لەهەموو ئەو وێنانە لادەبرد کە پێشتر لەگەڵیان گرتبونی. کورە تەنانەت هەر بە مۆنتاج و ئێدیت خۆی دەخستە ناو وێنەی ساتە گرنگەکانی مێژوو یان باڵای خۆی بەرزتر دەکرد لەوەی کە هەیە.

ستالینگراد

Stalingrad

464. ژمارەی ئەو هاوڵاتییە سڤیلانەی لەجەنگی ستالینگرد، گیانیان لەدەستدا، لەو کەسانە زیاترە کە بەهۆی هێرشە ئەتۆمییەکانی سەر هەردوو شاری هێرۆشیماو ناکازاکیی ژاپۆن، گیانیان لەدەستدا.

سعودیه

Saudi Arabia

465. Birth control is illegal in Saudi Arabia.

مەنعکردنی منالّبون لە سعودیە، قەدەغەیە.

466. Saudi Arabia’s ruling family, the Al Sauds, spent US$500 million unsuccessfully trying to suppress the documentary Death of a Princess. The film reports the 1978 execution of Princess Mishaal, grandniece of the then reigning King Khaled, who was put to death for sexual transgressions. Already married and divorced, Princess Mishaal had fallen in love with a young man who requested her hand in marriage, but the Royal Family withheld its permission for the union. Princess Mishaal defied her family anyway and met up with her suitor in a Jeddah hotel, where she was recognized and caught. She was shot and her suitor was beheaded.

تەماشاکە بنەماڵەی فەرمانڕەوای سعودیە، چەندە دڕندەن، تەنانەت بۆ شازادەکانی خۆشیان.

بنەماڵەی ئال سعود پەنجا هەزار دەفتەری ناسکیان لەسەرونگومکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بەناوی مەرگی شازدەیەك سەرفکرد، بەڵام سەرباری ئەوەش سەرکەوتوو نەبون. ئینجا تۆ بڵێ ئێ!

فیلمەکە باس لەکوشتنی خانمەشازادەیەکی بنەماڵەی فەرمانڕەوای سعودیە دەکات لەساڵی 1978 بەناوی مەشاعیل کە برازازای شا خالد بوو کە ئەوکاتە پادشای وڵات بوو. ئەم خانمە نازدارە بەتۆمەتی پێشێلکاریی سێکسی، بەشێوەیەکی دڕاندانە کوژرا. ئەم خانمە پاش ماوەیەکی کەم لەهاوسەرگیریکردن و جیابونەوەی، عاشقی پیاوێکی گەنج بوو. ئەم پیاوەش حەددی نەبێ لەڕووی جەنابتا، پیاوانە چووە پێشەوەو خوازبێنی کرد بەڵام خێزانی شاهانە رێیان نەدا ئەم دوانە بە یەك بگەن. لەبەرامبەردا شازادە مەشاعیل تەحەددای بنەماڵەکەی کردو لەگەڵ خوازبێنیکەرەکەیدا لەهۆتێلێك لەشاری جەددە چونەلای یەك، بەڵام لەوێ ناسرایەوەو دەستگیرکراو بە گوللـە کوژراو خوازبێنیکەرەکەشی سەربڕدرا.

دەتوانین بێژین ئەمە وەك بوکی ژێر دەواره رەشەکەی خۆمان واسە، بەڵام نوسخەی سعودییە!!!

467. Immigrants make up more than 30% of the total Saudi population, according to UN data from 2013.

بەگوێرەی داتایەکی ساڵی 2013ی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لەسەدا 30ی دانیشتوانی سعودیە کۆچبەرانن نەك خەڵکی ئەو وڵاتە. واتە ئەگەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی پشتەملی هەر سێ عەگالبەسەرێکی ئەو وڵاتە بگریت، نزیکەی یەکێکیان خەڵکی سعودیە نیە.

468. In Saudi Arabia, there is no minimum age for marriage. In 2008, a Saudi court refused an 8-year-old girl, who asked for a divorce from her 58-year-old husband.

لە سعودیەی ئیشقۆڕ، بەپێی یاسا کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری دیارینەکراوە. لەساڵی 2008، دادگایەکی ئەو وڵاتە داواکارییەکی کیژۆڵەیەکی تەمەن هەشت ساڵی بۆ جیابونەوە لەمێردە تەمەن 58 ساڵەکەی، ڕەتکردەوە.

2013-10-29

469. King Faisal introduced television to Saudi Arabia in 1965. However, religious fanatics opposed the introduction of the TV, considering it salacious. In 1975, one of Faisal’s nephews was shot and killed by police after leading an assault on a television

station. In 1975, perhaps in a tit-for-tat killing, Faisal himself was assassinated by his dead nephew's brother, who was later publicly beheaded for his deed.

لەساڵی 1965 شا فەیسەڵ، پادشای ئەو کاتەی سعودیە، تەلەفزیۆنی هێنایە ناو وڵاتەکەیەوە. لەبەرامبەردا چەندین کەسایەتیی ئاینیی دەمارگیر، دژایەتی ئەم وەرچەرخانەیان کردو بەشتێکی نائەخلاقییان دانا. لەساڵی 1975 یەکێك لەبرازاکانی فەیسەڵ پاش ئەوەی سەرکردایەتی پەلاماردانێکی کرد بۆ سەر وێستگەیەکی تەلەفزیۆن، لەلایەن پۆلیسەوە کوژرا. هەر ئەو ساڵە خودی فەیسەڵ لەلایەن برای برازا کوژراوەکەیەوە، تیرۆکرا کە پێدەچێت لەتۆڵەی براکەیدا ئەو تاوانەی ئەنجامدابێت. دواتر ئەمیش بەهۆی ئەو تیرۆرکردنەوە بەئاشکراو سەربڕدرا.

470. لەسعودیەو ڤەنزوێلا نەوت لەئاو هەرزانترە.

471. گەورەترین هۆتێل لەسەرتاسەری جیهاندا، ناوی ئەبراج کودەیەو لەشاری مەککەی سعودیەیە. ئەم هۆتێلە 10 هەزار ژورو 70 خواردنگەو پێنج نیشنگەی هێلیکۆپتەر لەخۆدەگرێت. بڕیارە لەساڵی 2020 بەڕەسمی بکرێتەوە.

2019-6-29

472. لەساڵی 2013 پیاوێکی سعودی، کە کێشی نزیکەی 610 کیلۆگرام بوو و بەهۆی ئەوەوە دووەم قەڵەوترین کەس بوو لەمێژوودا، لەلایەن پادشای سعودیەوە فەرمانی پێکرا کە کێشی دابەزێنێت. ئەم برادەرە دەستیکرد بە کێش دابەزاندن و لەساڵی 2017 کێشی گەیشتە کەمتر لە 70 کیلۆگرام.

473. Saudi Arabia has 83,000 square miles (2,149,690 square km) in total area, which makes it the 13th largest country in the world. It is the largest country in the Middle East, about the size of Western Europe and one-quarter the size of the U.S.

روبەری سعودیە 83 هەزار میلی چوارگۆشەیە، بەوەش ئەم وڵاتە 13هەمین گەورەترین وڵاتی جیهانە لەڕوی روبەرەوە گەورەترین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. روبەرەکەی بەقەدەر ئەوروپای خۆرئاوا یان چارەکی روبەری ئەمەریکا دەبێت.

474. In 2012, Saudi Arabia banned smoking in government offices and most public places, which includes a ban on shishas (water pipes) and prohibits the selling of tobacco to minors. Saudi statistics state that the country is the world's fourth largest importer of tobacco, and Saudis spend about US$8 million a day on cigarettes.

لەساڵی 2012 سعودیە جگەرەکێشانی لەفەرمانگەکانی حکومەت و زۆربەی شوێنە گشتییەکان قەدەغەکرد. ئەم قەدەغەکردنە نێرگەلەو فرۆشتی جگەرە بە کەسانی ناکامیشی گرتەوە. ئامارەکانی ئەو وڵاتە دەڵێن، سعودیە چوارەم گەورەترین هاوردەکاری تووتنە لەجیهانداو هەموو رۆژێك هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە نزیکەی 800 دەفتەری ناسك تەنها لەجگەرەکێشاندا خەرجدەکەن.

بۆ خەرجی ناکەن سەگبابانە!، پشتیان بە پارەکەیەوە نەئێشاوە، پارەی حەج و عومرەی کەسوکاری فەخامەتی من و تۆیە!!!

475. Homosexual activity in Saudi Arabia is a criminal offense that can attract the death penalty or, at the very least, a long stretch in prison with the customary public flogging as an additional punishment.

لەو سعودیەیەی لای خۆمان چالاکی هاوڕەگەزخوازی تاوانەو دەکرێ سزاکەی بگاتە لەسێدارەدان یان لانیکەم بگاتە زیندانیکردن بۆ ماوەیەکی زۆرو جەڵدلێدان لەشوێنی گشتی وەك سزای زیادە.

سکۆتلەندا

Scotland

476. جارێك نوسەرێکی پیاو بە کۆمێنتی کچێك لەسەر کتێبێکی، هێندە پەست دەبێت، شوێنپێی هەڵدەگرێت و دەگاتە سکۆتلەنداو ئەو دوکانەش کە کاری تێدا دەکات و لەدواوە بوتڵەشەرابێك دەکێشێت بە سەریدا!!
ئەمە پێی ئەووترێت رۆحی ریازی، بەڵام ڤێرژنە کوردییەکەی!!

477. لەساڵی 2007 سکۆتلەندا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، شەش مانگی رەبەق لێکۆڵینەوەو نزیکەی 16 دەفتەرو 30 وەرەقەی ناسکی تەنها لەدروستکردنی دروشمێکی نوێ بۆ وڵات بەسەربرد لەپێناو بەهێزکردنی کەرتی گەشتیاری تێیدا. سەرەنجامی ئەو هەموو کات و پارەیە، دروشمەکە چی بێت باشە؟ "بەخێر بێن بۆ سکۆتلەندا".

سەدام حوسێن
Saddam Hussein

478. During the Iraq-Iran war, Minister of Health Riyadh Ibrahim Hussein suggested Saddam Hussein step down temporarily. When no one else supported the idea, Saddam escorted Minister of Health to the next room, closed the door, shot him, then returned to the meeting. His widow received his dismembered corpse the next day.

لەکاتی جەنگی عیراق- ئێراندا، وەزیری تەندروستی عیراق، لەمیانەی کۆبونەوەیەکدا پێشنیازیکرد کە سەدام حسێن بەشێوەیەکی کاتی دەست لەکاربکێشێتەوە. کاتێك هیچ یەکێکی تر لەئامادەبوانی کۆبونەوەکە، پشتگیری بیرۆکەکەیان نەکرد، سەدام وەزیری تەندروستیی بردە ژورێکی تەنیشت ژوری کۆبونەوەکەو دەرگاکەی داخست و بەدەستی خۆی کوشتی و پاشانیش هیچ خۆی تێکنەداو گەڕایەوە بۆ کۆبونەوەکە.
رۆژی دواتر هاوسەری وەزیر، تەرمی مێردەکەی بە پارچەپارچەکراوی وەرگرتەوە.

سەرۆکەکانی ئەمەریکا

Us presidents

479. President Woodrow Wilson’s face is used on the 100,000 dollar bill. Very few people have actually seen this bill though, as it was used to trade between the Federal Reserve banks and became obsolete after the invention of the wire transfer.

چڕوچاوی وودرۆ ویلسن کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا لەسەر فیئەی 100 هەزار دۆلاری واتە 10 دەفتەری هەیە. ئێستا ئەو فیئەیە نەماوە بەڵام ئەگەر بمایەو سەروو 10 دانەیەکمان هەبوایە، بەسمان بوو بۆ زاڵبون بەسەر ئەم قەیران و کەرەنتینەیەدا. تەبعەن لەگەڵ ئیمانێکی راست و دروست و ناسکەهاوسەرێکی ژیر!!!.

480. Citizens sent Ulysses S. Grant more than 10,000 boxes of cigars as gratitude after a victory at the Battle of Shiloh. He died of throat cancer in 1885.

پاش سەرکەوتن لەجەنگی شیلۆهـ، هاوڵاتیانی ئەمەریکا وەك سوپاس و پێزانین، زیاتر لە دە هەزار قوتووە جگەرەیان بۆ یولیسیس گرانت نارد کە یەکێکە لەسەرۆکە ئیشقۆرەکانی ئەمەریکا. دواجار ئەم برادەرە لەساڵی 1885 بە شێرپەنجەی قوڕگ عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

481. President Andrew Jackson was involved in as many as 100 duels. He was shot in the chest in 1806 and took a bullet in the arm in a bar fight with a Missouri senator Thomas Hart Benton in 1813. Most of the duels were to defend his wife’s honor.

ئاندرو جاکسۆن کە یەکێك بووە لەسەرۆکە ئیشقۆرەکانی ئەمەریکا، لەسەد شەڕدا تێوەگلاوە کە تێدا چەکی جیاواز بەکارهێناوە. لەساڵی 1806 گوللەیەك نراوە بە سنگییەوە. لە 1813ش بەهۆی شەڕێکەوە لەگەڵ سیناتۆرێکی ویلایەتی میزۆری لەبارێکدا، گوللەیەك بەر قۆڵی کەوتووە. ئینجاکونێ سەیرەکە لەوەدایە کە زۆربەی ئەو سەد شەڕەی ئەم برادەرە لەسەر شەرەفی ژنەکەی بووە.

482. JFK may have survived his assassination if it were not for the fact he was wearing a brace for his bad back. Oswald’s first shot hit him in the shoulder and chest, but the brace prevented him from slumping over, allowing Oswald to get a more accurate shot to the head.

جۆن ئێف کێنێدی که یەکێکه لەو چوار سەرۆکەی ئەمەریکا که به تیرۆرکردن عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووه، لەکاتی تیرۆرکردنیدا پشتی ناساغ بوو، بۆیه بەرگێکی پزیشکی لەپشتی کردبوو، ئەو ئیشقۆڕه ئەگەر ئەو بەرگه پزیشکییەی لەپشت نەبوایه رەنگه بەو جوانەمەرگییه عومری درێژی بۆ تۆ جێنەهێشتایه. بۆ؟ چونکێکوم یەکەم تەقەی بکوژەکەی بەر شان و سنگی کەوت بەڵام بەرگەکه رێگری کردو نەکەوت بەدەمدا. ئەگەر ئەو بەرگەی لەبەر نەبوایه، ئەوا دەکەوت به پێشەوەداو رەنگه بریندار ببوایه بەڵام نەمردایه، بەڵام بەهۆی بەرگەکەوه نەکەوت بەدەمدا بۆیه بکوژەکه کەوکوژی دانەیەکی تری تێگرت و ئەمجارەیان نای به تەپڵی سەرییەوه.

483. Of the 44 men who have served as president of the US, 31 had military service.
لەو 44 سەرۆکەی تائێستا بونەته سەرۆکی ئەمەریکاو لەپۆستەکانیاندا نەماون، 31یان خزمەتی سەربازییان کردووه.

484. Both of Barack Obama’s parents are dead, his mother died of cancer in 1995 and his father in a car accident in 1982.
دایك و باوکی باراك ئۆباما لەژیاندا نەماون. لەساڵی 1995 دایکی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوه کۆچی دوایی کردووه. باوکیشی له 1982 بەهۆی روداوی هاتوچۆوه گیانی سپاردووه.

485. Teddy Roosevelt often ate a dozen eggs for breakfast.
تێدی روزڤێلت که یەکێك بووه لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا، زۆرجار تەنها لەنانی بەیانیدا نزیکەی 12 هێلکەی خواردووه.

486. Andrew Johnson: As a teenager, Andrew Johnson was sold as a servant to a tailor with his brother, and ran away 2 years later.
ئەندرۆ جۆنسن که یەکێك بووه لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا، لەسەردەمی هەرزەکاریدا لەگەڵ براکەیدا وەك خزمەتکار فرۆشراوه به بەرگدرویەك، بەڵام دوو ساڵ دواتر هەڵاتووه.

487. When a young girl was invited to meet President Calvin Coolidge, someone made a bet against her claiming that it was impossible for the president to say more than two words to her. When the girl told the president about the bet, President Coolidge responded, “You lose.”
کاتێك کچێکی گەنج بانگهێشتکرا بۆ بینینی کاڵڤن کولیج که یەکێکه لەسەرۆکه ئیشقۆڕەکانی ئەمەریکا، کەسێك گرەوی ئەوەی لەگەڵ کچەکەدا کرد که مەحاڵه سەرۆك لەمیانەی ئەو دیدارەدا به زیاتر لەدوو وشه وەڵامی کچەکه بداتەوه. کاتێك کچەکه چووەلای و گرەوەکەی به سەرۆك وت، سەرۆك لەوەڵامدا وتی: "تۆ دۆڕاندت". واته قسەی کابرا راست بوو.

488. Thomas Jefferson invented the swivel chair, which he sat in while writing the Declaration of Independence.
داهێنەری کورسیی سوڕاو واته دەوار تۆماس جێفریسنه که یەکێکه لەسەرۆکەکانی ئەمەریکاو کاتێك بەیاننامەی سەربەخۆیی وڵاتەکەشی نوسیوه، لەسەر ئەو کورسییه دانیشتووه.

489. James Monroe was the last president that we'll never see a photograph of. He died in 1831, five years after the invention of the photograph but before the new technology had come into widespread use. Every subsequent president, however, was photographed.

جەیمس مۆنرۆی کە پێنجەم سەرۆکی ئەمەریکا بووە، کۆتا سەرۆکی ئەو وڵاتەیە کە وێنەی نیە. هەرچەندە ئەم برادەرە لەساڵی 1831 واتە پێنج ساڵ پاش داهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئەو کاتە ئەکنۆلۆجیایە بڵاونەبوبووەوە. لەم برادەرە بەدواوە، هەموو سەرۆکەکانی تر وێنەیان هەیە.

490. John Quincy Adams started keeping a diary when he was 12. By the time he died, he had written more than 14,000 pages in 51 volumes.
The writings showed, among countless other things, that the sixth president had suffered from depression for most of his life.

جۆن کوینسی ئادەمز کە شەشەم سەرۆکی ئەمەریکایە، هەر لەتەمەنی 12 ساڵییەوە بەشێوەیەکی رۆژانە یادگارییەکانی نوسیوە. کاتێك عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت کۆی یادگارییە نوسراوەکانی گەیشتبووە زیاتر لە 14 هەزار لاپەڕە لەدوو تۆپی 51 بەرگدا. دایکی کوێر بێ یاخوا ئەم برادەرە یەکێك لەو شتانەی لەیادگارییەکانیدا نوسیویەتی ئەوە بووە کە بەدرێژایی زۆربەی ژیانی، خەمۆکی لەگەڵدا بووە.

491. Zachary Taylor's body was exhumed 141 years after he died (having only served 16 months in office) to make sure he hadn't been poisoned.
They found that he had a normal level of arsenic in his body and concluded that it was cholera contracted from drinking milk on a hot day.

زەکاری تایلەر 12هەمین سەرۆکی ئەمەریکایەو تەنها 16 مانگ سەرۆك بووە. پاش 141 ساڵ لەکۆچی دوایی، تەرمەکەی دەرهێنرایەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن کە هۆکاری مردنەکەی ژەهراویکردن نەبووە. لێکۆڵەران بۆیان دەرکەوت کە ئاستی زەرنیج لەجەستەیدا ئاسایی بووەو هۆکاری مردنەکەشی نەخۆشی کۆلێرا بووە کە بەهۆی خواردنی شیر لەڕۆژێکی گەرمدا، توشی بووە.

492. Some scholars believe that James Buchanan may have been gay.
He is the only president that never married, but he lived for years with Alabama Senator William Rufus King.

هەندێك لەزانایان لەو بڕوایەدان کە رەنگە جەیمس بوکانان کە 15هەمین سەرۆکی ئەمەریکا بووە، هاوڕەگەزباز بوبێت. ئەم برادەرە تەنها سەرۆکی ئەمەریکایە کە هەرگیز هاوسەرگیری نەکردووە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێك لەگەڵ ولیەم روفس کینگ، ژیاوە کە پیاو بووەو سیناتۆر بووە لەسەر ویلایەتی ئەلاباما.
سەبارەت بە هاوڕەگەزبازییەکەی دڵنیانیم بەڵام خوا پێم نەگرێ، زاهیرەن سەروکەللــە قەوییەکەی باش نااڵێت!!!



493. Teddy Roosevelt, an avid boxer, was left blind in his left eye following a bout with a young military officer at the White House in 1905.

تێدی روزڤێلت کە 26هەمین سەرۆکی ئەمەریکایە، یاریزانێکی توندی یاری بۆکسینگ بووە. لەسەردەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، بەدیاریکراوی لەساڵی 1905، پاش ئەوەی یارییەك لەگەڵ ئەفسەرێکی گەنجی سوپادا دەکات، چاوی چەپی کوێردەبێت.

سەنگافورە

Singapore

494. In Singapore, selling non-medical chewing gum or chewing normal gum is a fine of $1000. A second offense costs $2000 and being forced to clean a public area of the city for a day.

لەو سەنگافورەیەی لای خۆمان، فرۆشتنی بنێشت جگە لەبنێشتی پزیشکی و جوینی بنێشتی ئاسایی بەپێی یاسا قەدەغەیەو غەرامەکەی دە وەرەقەی ناسکە. ئەگەر کەسێك دوبارەشی بکاتەوە ئەوا غەرامەکەی دەبێتە بیست وەرەقەی ناسك و ناچاریش دەکرێت بۆ ماوەی رۆژێکی تەواو شوێنێکی گشتی لەشارێك، پاکبکاتەوە.

ئەم یاسایە تونده، بەس پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکات مەعقولیش نیە لەبەعزە شوێنێکی گشتیدا بنێشت بجوڕێت و بەعزە کەسێکیش هەن هەر زۆر ناشرین دەیجون!!!

2013-10-29

سوید

Sweden

495. لە سوید بۆت نیە ناوی منداڵەکەت بنێیت ئیکیا یان ئێلڤیس.

496. King Gustav III of Sweden commissioned an experiment to prove that coffee was poisonous. Overseen by two doctors, a prisoner was forced to drink three pots of coffee a day until he died. Both doctors and the King died before the prisoner.

عەنتەری لەهەموو شتێکدا بلوێت، بۆ زانست ناشێت. باشە کاکە!!!

بەمەبەستی ئەوەی بیسەلمێنێت کە قاوە، خواردنەوەیەکی ژەهراوییە، پادشای سوید، گوستاڤی سێیەم، بە سەرپەرشتی سێ پزیشك، زیندانییەکی ناچارکرد کە تا ئەو کاتەی دەمرێت، دەبێت رۆژانە سێ قۆری قاوە بخواتەوە. سەیرەکە لەوەدا بوو کە هەردوو پزیشکەکەو پادشاش عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت کەچی زیندانییەکە نەمرد، بەڵکو دوای ئەوان مرد.

497. In Sweden it is illegal to be found buying the services of a prostitute, even though prostitution is legal. Which means the prostitutes themselves would not be breaking the law. In the past few years Iceland and Norway have also adopted this law.

لەو سویدەی لای خۆمان ئەگەر ببینرێیت سۆزانییەکەت بەکرێ گرتووە بۆ ئەوەی خزمەتت بکات، ئەوە کارێکی نایاساییت کردووە، هەرچەندە لەم وڵاتە بونی خودی سۆزانی کارێکی یاساییە، ئەمەش مانای وایە لەو حاڵەتەدا تەنها پشتەملی تۆ دەگرن و کاریان بە سۆزانییەکەوە نیە چونکە ئەوان یاساشکێنییان نەکردووە. لەماوەی چەند ساڵی رابردودا، ئایسلەندا و نەرویجیش هەمان یاسایان خستووەتەکار.

2013-10

498. With 221,800 islands, Sweden is thought to have more islands than any other country in the world. Only about 1,000 of them are inhabited.

سوید 221 هەزارو 800 دورگەی تێدایە، بەمەش چاودێران لەو بڕوایەدان کە ئەم وڵاتە خاوەنی زۆرترین دورگەیە لەسەرتاسەری جیهاندا. بەڵام لەم هەموو دورگەیە، نزیکەی هەزاریان خەڵکی تێدایە.

499. خانمێکی خەڵکی ستۆکهۆڵمی پایتەختی ئەو سویدەی لای خۆمان هەوڵیدا بەقاچاغ 75 ماری زیندوو و شەش قۆری بباتە ناو فڕۆکەیەکەوە. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە 75 مارەکەی خستبووە ناو ستیانەکەیەوەو شەش قۆرییەکەشی خستبووە ژێر شۆرتەکەیەوە.

500. هەرچەندە سوید دووەم گەورەترین هەناردەکاری کاغەزە لەسەرتاسەری جیهاندا، بەڵام لەڕوی بارستەی زیندەیی دارستانەوە، لەزیادبوندایە. بۆ؟ لەبەرئەوەی لەبەرامبەر هەر درەختێکدا کە دەبڕنەوە، سێ درەخت دەڕوێنن.

501. ئایا دەزانیت لەو شاری ستۆکهۆڵمەی لای خۆمان، شتێك هەیە بەناوی یانسیبی کامێرای چاودێری خێرایی. ئەگەر فەخامەتی جەنابت بەخێرایی دیاریکراو یان کەمتر لەخێرایی دیاریکراو سەیارە لێبخوڕیت، ناوت دەچێتە ئەو یانسیبەوەو

ئەگەر ناوت دەرچوو خەڵات وەردەگریت. پارەی خەڵاتەکەش لەو داهاتە دەدرێت کە لەغەرامەی ئەو شۆفێر ئیشقۆرانە کۆکراوەتەوە، کە خێرا لێدەخورن.

502. Blood donors in Sweden receive a thank you text when their blood is used.

لەو سویدەی لای خۆمان، ئەو کەسانەی خوێن دەبەخشن، هەر کاتێك خوێنەکەیان بەکارهێنرا، ناسکەتێکستەنامەیەك سوپاسێکیان پێدەگات.

سویسرا

Switherland

503. دیموکراسییەکەی سویسرا هێندە ناسکە لەناسکییا ناخۆشی کردووە!

ئەو وڵاتە سیستەمێکی هەیە بەناوی دیموکراسیی راستەوخۆ. بەهۆی ئەم سیستەمەوە هاوڵاتیان دەتوانن حکومەت پشتگوێ بخەن و خۆیان دەنگدانێکی نیشتمانی رێکبخەن و یاسای تایبەت بەخۆیان دابنێن، کورە تەنانەت دەتوانن هەر بەو سیستەمە یاساکانی حکومەت لەکاربخەن.



سێکس

Sex

504. Red lipstick makes women appear sexier, brown lipstick makes them appear more serious

سوراوی رەنگسوری لێو، خانمان سێکسیتر دەردەخات، بەڵام سوراوی قاوەیی جددیتر دەریاندەخات.

505. %69 of first dates end up with a hug.

لەسەدا 69ی یەکەم ژوانەکان بە باوەشپێکداکردن کۆتاییان دێت.

506. %60 of women don't enjoy sex on their first time. (men 14%).

لەسەدا 60ی خانمان چێژ لەیەکەم سێکسکردنیان نابینن، بەڵام ئەم ڕێژەیە لای پیاوان لەسەدا 14یە.

507. The Prague Sex Machines Museum has over 200 objects and machines, including some from hundreds of years ago, that have helped people achieve orgasms and sexual satisfaction.

لەشاری پراگی پایتەختی چیك، مۆزەخانەیەك هەیە بەناوی مۆزەخانەی ئامێرەکانی سێکسکردن. لەم مۆزەخانەیەدا زیاتر لە دوو سەد شت و ئامێری پەیوەست بە سێکسی تێدایە کە هەندێکیان مێژوویان بۆ چەند سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و یارمەتی خەڵکیانداوە لەگەیشتن بە ئۆرگازم و تێربونیان لەڕوی سێکسەوە.

508. The book The Fundamentals of Sex claims that it is possible for some women to experience orgasms up to 100 times in an hour.

ئەم ناسکەزانیاریيە دەیسەلمێنێت کە ژنیش بەشی خۆی بەرازە!!!!

کتێبێك هەیە بەناوی "بنچینەکانی سێکس". ئەم کتێبە دڵێت، هەندێ ژن هەن کە دەکرێ لەماوەی تەنها یەك سەعاتدا تا سەد جار بگەنە ئۆرگازم.

509. The world record for a woman masturbating to orgasm is 6 hours and 30 minutes. The world record for man masturbating to orgasm is 8 hours and 30 minutes.

تائێستا خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لەڕوی ئەنجامدانی خووەنهێنی بۆ گەیشتن بە ئۆرگازم لەناو خانماندا شەش سەعات و نیوی ناسکە، بەڵام لەناو پیاواندا هەشت سەعات و نیوە. کەواتە دەتوانین بڵێین، سەرباری ئەو هەموو فشەفشە ڕۆمانسییەی پیاوان، هێشتا لەو ڕووەوە خانمان بەهێزترو لەپێشەوەن هەرچەندە هات و هاوارو فشەیان زۆر کەمترە.

2017-3-17

510. Anorgasmia means “lack of orgasm.” This condition, where a person cannot achieve orgasm, can affect both men and women.

زۆر جار بە پیاوان دەووترێت، حەزت دەکرد سەد دەفتەرت هەبوایە بەڵام تاکێك لەگونت نەبوایە؟. ڕەنگە بۆ خانمانیش ئەگەر بووترێت "حەزت دەکرد تەنێك ئاڵوتنت هەبوایە بەڵام تاکێك مەمکت نەبوایە"، هەمان کاریگەری هەبێت. لەڕاستیدا ئەم حاڵەتەی خوارەوە لەنەبونی ئەو تاکانە زۆر ناخۆشترە، هیوادارم کەس نەبێت کە ببیێت.

حاڵەتێك هەیە پێیدەووترێت ئەنۆگازمیا واتە نەبونی ئۆرگازم. توشبوانی ئەم حاڵەتە تائێوارە بە ڕاست و چەپدا هەندل لێبدەن سودی نیەو ناگەن بە ئۆرگازم. ئەم حاڵەتە توشی پیاوو ژنیش دەبێت.

511. Approximately 15%–20% of American women have never had an orgasm.

نزیکەی لەسەدا 15 تا لەسەدا 20ی هەموو خانمانی ئەمەریکا، هەرگیز نەگەیشتونەتە ئۆرگازم.

512. People who sleep on their stomachs with their arms above their heads have more sexual dreams.

ئەو فەخامەتانەی لەسەر سك دەخەون و دەستیان دەخەنە سەر سەریان، لەکەسانی تر زیاتر خەوی سێکسی دەبینن.

513. One study found that heterosexual woman climaxed 61.6% of the time, while homosexual women climaxed 74.7% of the time. Bisexual women climaxed 58% of the time.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە ئەو خانمانەی لەڕوی سێکسەوە ئاسایین واتە تەنها حەزیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر هەیە، زیاتر لەسەدا 61و نیوی جارەکان، دەگەنە لوتکەی چێژ. بەڵام ئەم ڕێژەیە لەلای خانمانی هاوڕەگەزخواز نزیکەی لەسەدا 75و لای خانمانی جوتڕەگەزخواز لەسەدا 58ە.

514. Everyday, there are about 100 million acts of sexual intercourse a day globally.

هەموو ڕۆژێك، لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی سەد ملیۆن پێکداچونی سێکسی ئەنجامدەدرێت.

515. Couples in Greece have the most sex, approximately 164 times per year. Brazil follows a close second with 145 times per year. The global average is 103.

هاوژینانی یۆنان بە بەراورد بە هی وڵاتانی تر، زۆرترین سێکس دەکەن کە 164 جارە لەهەر ساڵێکدا، بەدوای ئەماندا خەڵکی برازیل دێت کە ساڵانە 145 جار ئەیکەن. لەسەر ئاستی جیهانیش 103 جارە لەساڵێکدا.

ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر برادەر یان خوشکەدەرێکت هەیەو دەیەوێت بە قاچاخ بچێت لۆ ئەوروپا، نەسیحەتی بکە کە زۆر لە یۆنان نەمێنێتەوە چونکە مەترسی هەیە بۆ سەر ئەمنی قەومی!!!!!

---

516. Married people are more likely to masturbate than people living alone.

کەسانی هاوسەردار ئەگەری ئەنجامدانی خووەنهێنییان لەسینگڵەکان زیاترە.

517. During medieval times, women who were not virgins would go to weird extremes to give their husband the illusion that they were still virgins. To give the illusion of their hymens breaking, some women would place a leech on their labia the day before their wedding night. The sore left by the leech would then bleed during sex, giving their husbands the impression that they were virgins.

عەگ خوا قبوڵی نەکەی باشە!، تۆ تەماشا خانمانی دێرین چ فێڵێکیان لەپیاوی داماو کردووە!

ئەو خانمانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە کچ نەبوون، لەپێناو ئەوەی ئەو خەیاڵە بدەن بە پیاو کە هێشتا هەر کچن، شتی ئەوپەڕی جیاوازو سەیریان دەکرد. لەپێناو ئەوەی ئەو خەیاڵە بدەن بە پیاوان کە پەردەی کچێنییان نەدڕاوە، هەندێکیان شەوی پێش شەوی یەکەمی جیهانیی هاوسەرگیرییەکەیان، دەچون زەرویەکیان دەخستە سەر لێواری دەمی زێیانەوە. دواتر ئەو سوتانەوەیەی ئەو زەوروە دروستی دەکرد دەبووەهۆی ئەوەی لەکاتی یەکەم سێکسکردن لەگەڵ مێردەکانیان، خوێن لەزێیان بهێنێت و بەوەش ئەو ئینتیباعەیان لەلای پیاوەکە دروستدەکرد کە تا ئەو کاتە کچ بوون و ئەمان ئیفتیتاحی ڕەسمییان کردووەو پەتەکەیان پچڕاندووە.

518. The Ancient Egyptians also engaged in sex with animals, even serpents and crocodiles, believed to be gods in the form of animals.

میسرییە دێرینەکان، سەرباری مرۆڤ، سێکسییان لەگەڵ گیاندارانیشدا دەکرد، تەنانەت لەگەڵ مارو تیمساحیشدا دەیانکردو بڕوایان وابوو ئەم گیاندارانە خودان لەشێوەی گیاندارانداً.

519. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو پیاوانەی ورگیان گەورەترەو ئاماژەپێدەری بارستەی جیسمیان زیاترە، تێکڕا سێکسکردنیان نزیکەی حەوت دەقەو بیست چرکە لەهی کەسانی رەشیقتر زیاتر دەخایەنێت.

520. Sex can literally make women prettier. Estrogen levels in the body double, making hair shinier and skin softer.

سێکسکردن خانمان جوانتردەکات. لەکاتی سێکسکرداندا ئاستی دەردانی ئیسترۆجین لەلەشدا دەبێتە دوو ئەوەندە، ئەمەش قژ بریقەدارترو پێست نەرمتر دەکات.

ئێستا خۆ تێگەیشتی کە بۆچی زۆرجار پاش ماوەیەك لەهاوسەرگیری دەبینیت، خانمێك جوانتر بووەو زۆرجار پێشی دەووترێت: وەڵا خۆ پێی ئەکەوێ!!!!

521. Until the 1700s, a man could use a woman's pregnancy as evidence he did not rape her. They believed she could only get pregnant if she enjoyed the sex.

تا ساڵی 1700ەکان، پیاو دەیتوانی دوگیانبونی خانمان وەك بەڵگەیەك بەکاربهێنن لەسەرئەوەی کە لاقەی نەکردووە. تا ئەو سەردەمە لەو بڕوایەدا بون، کە خانمان تەنها لەکاتێکدا دوگیان دەبن کە چێژ لە سێکس ببینن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە مادام دوگیان بووە کەواتە سێکسەکەی لاقەکردن نیە بەڵکو حوسن و رەزایە!!!

عەگ خوا قبوڵی نەکەی (ئەو زوڵمەی لەو سەردەمەدا باو بووە!!!).

522. لەگەڵ هەر لێدانێکی دڵیدا، پیاو هەزارو پێنج سەد خانەی تۆو دروستدەکات.

523. 10 ناوچەی وروژێنەری جەستەی پیاوو ژن (واتە ئەو شوێنانەی کە دەسکاریکردنیان یاتاقی دەسکاریکراوەکە دەسوڕێنێت!!!). ریزبەندی ناوچەکان بەپێی ئاستی زۆری وروژاندن خاڵی بۆ دانراوە لە 1 تا 10. خاڵی 10 واتە وروژێنەرترینە.
پیاو:

1. دەم، لێو: 7.3
2. پشتەمل: 4.53
3. گۆی مەمك: 4.89
4. ناوچەی سەروو چوك (توکەبەری سەرەوە): 4.8
5. کیسی گون، واتە ئەوەی دوو هێلکەکەی تێدایە: 6.5
6. گوێ: 4.3
7. بەرمل: 5.65
8. چوك: 9
9. شیوەکە. ناوچەی نێوان کۆم و کیسی هێلکەکان: 4.81
10. بەشی ناوەوەی ران: 5.84

ژن:
1. دەم، لێو: 7.91
2. پشتەمل: 6.2
3. گۆی مەمك: 7.35
4. بەشی خوارەوەی پشت: 4.73
5. زێ: 8.4
6. گوێ: 5.06
7. بەرمل: 7.51
8. مەمك: 7.35
9. قیتکەی زێ: 9.17
10. بەشی ناوەوەی ران: 6.7



524. سێکسکردن بەشێوەیەکی مونتەزەم دەکرێ تەمەنی پیاوو ژنیش پێنج تا حەوت ساڵ گەنجتر پیشانبدات.

525. لەهەموو سێ کەسێك لە لەدایکبوانی 1980ەکان و 1990ەکان و سەرەتاکانی 2000ەکان، یەکێکیان دانیان بەوەدا ناوە کە یەکەم شت کە پاش سێکسکردن دەیکەن، چێککردنی مۆبایلەکانیانە!!!

526. A study of 918 men in the Welsh town of Caerphilly between 1979 and 1993 found those who made love twice a week had a 50 per cent reduced risk of death compared to those who had sex less than once a month. A man who has 350 orgasms a year lives an average of four years longer than a man who has a typical tally of a quarter of that, according to other research.

Women who have regular sex have longer telomeres – a DNA component that indicates longevity. The longer the telomere, the longer the lifespan. Sex raises levels

of the feelgood hormone oxytocin and dehydroepiandrosterone, which reduces stress, and increases levels of infection-fighting immunoglobulins in the blood.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەداخەوە لەبەرژەوەندی سینگڵەکان نیەو دەشیسەلمێنێت کە "خۆم توشکرد" گلەییەکە لەجێی خۆیدا نیە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر 918 پیاو لەشارۆچکەی کێرفیلیی هەرێمی وێڵز لەنێوان ساڵی 1979 تا 1993 ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ئەو پیاوانەی هەفتانە دوجار سێکسیان کردووە، بەڕێژەی لەسەدا پەنجا، مەترسی مردنیان لەوانە کەمتر بووە کە مانگانە کەمتر لەیەکجار کردویانە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی تر، پیاوێك کە ساڵی 350 جار دەگاتە حاڵەتی بینینی بەهەشت بەملەوەنی!!!، تێکڕا چوار ساڵ لەو پیاوە زیاتر دەژی کە چارەکی ئەو، دەگاتە هەمان جەو.

سەبارەت بە خانمانیش، ئەوانەی بەشێوەیەی ریگیولەر واتە بەردەوام ئەیکەن (سوپاسی خواو باوکی هاوژینەکەیان!!!!) تێلۆمەریان لەخانمانی تر زیاترە. تێلۆمەر بەشێکی دی ئێن ئەیە کە ئاماژەیە بۆ تەمەندرێژی. خانمان تا تێلۆمەریان درێژتر بێت، سوڕی ژیانیان زیاتر دەبێت. هەر سەبارەت بە خانمان، سێکس ئاستی هۆرمۆنی هەست بەباشیکردن ئۆکسیتۆسین و دایهایدۆرئێپیاندرۆستیرۆن لەلەشدا زیاددەکات کە فشاری دەرونی کەمدەکاتەوە. سێکس ئاستی دژەتەنە بەرگرییەکان لەخوێندا زیاددەکات کە دژی تەنینەوەی نەخۆشی کاردەکەن، بەمەش ئەوانیش لەو ناسکەڕێگەیەوە تەمەنیان درێژتر دەبێت لەسینگڵەکان.

527. ئەو ژن و مێردانەی ئیشی ماڵەوە پێکەوە دەکەن، لەکەسانی تر زیاتر سێکس دەکەن.

528. ئەم زانیارییە جەخت لەسەر ئەو دوعایە دەکاتەوە کە دەڵێت: یاخوا کای کۆن گڕنەگرێت!!!!

هەروەها دەشڵێت: ئەگەر یەك سیسی حەزەر لەگەنج دەکەیت، پێویستە 50 سیسی حەزە لەپیر بکەیت!!!!

زانیارییەکە دەڵێت: لەهەموو شەش کەسێکی سەروو تەمەن 80 ساڵ، یەکێکیان هەستدەکەن کە لەماوەی ژیانیاندا، تێر سێکسیان نەکردووە.

529. تێکڕای ناوەندیی ماوەی سێکسکردنی ژن و مێردەکانی ئەمەریکا، دوانزە خولەکی ناسکە.

530. لەسەدا 50ی ئەو کاتانەی خانمان لەکاتی سێکسدا بە هاوژینەکانیان دەڵێن: "بەردەوامبە، خەریکە لێئەبمەوە"، دەبێتەهۆی ئەوەی پیاوەکە لێبیتەوەو ئۆرگازمی خۆی تێکبدات واتە خۆی لێنەبێتەوە. ئەمەش یەکێکە لەو کێشە سێکسییانەی کە تائێستا چارەسەرنەکراوە.

531. ئەگەر هاوژینەکەت وتی: "دەری مەهێنە، با تیابێت"، بێگومان بەقسەی مەکە، دەری بێنە.
دیارە مەخسەوی ئەم ناسکەئامۆژگارییە ئەوەیە کە ئەو کاتێك ئەڵێت دەری مەهێنە، مەکر ئەکا، ئەگینا لێبووەتەوە، واللە اعلم!!!!



532. Sex burns off an average of about 100 calories per escapade. Around 100-200 for men and around 69 for women.

بەگشتی هەر سێکسکردنێك نزیکەی 100 کالۆری دەسوتێنێت. هەر سێکسکردنێك 100 تا 200 کالۆری لەپیاودا دەسوتنێت و نزیکەی 69 کالۆری دەسوتێنێت لەژندا.

بۆچی لەپیاودا زیاتر لەدوو ئەوەندە کالۆری دەسوتنێت بە بەراورد بە ژن؟ دڵنیانیم، بەڵام رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە پیاوان لەو دۆخە ناسکەدا بەبەراورد بە ژنان، زیاتر خۆیان مشەوەش و سەخڵەت دەکەن وەك لەژنان، والله اعلم!!!

533. During the course of your life, you'll probably spend around 20,160 minutes kissing.

بەدرێژایی سوڕی ژیانی شەریفت، ئەگەری زۆرە 20 هەزارو 160 خولەکی تەمەنت تەنها لەماچکردندا بەسەربەریت.

534. Between 1533 and1861, anal sex was punishable by death in England and Wales.

لەنێوان ساڵانی 1533 تا 1861، واتە بۆ ماوەی نزیکەی 350 ساڵی ناسك، سێکسکردن لەڕێگەی کۆمەوە، لەئینگلتەراو وێڵز، قەدەغەبووەو سزاکەی لەسێدارەدان بووە.

535. It's rare to have an orgasm at the same time as your partner (despite what the movies make us think).

گەیشتن بە ئۆرگازمی هەردوو هاوژین لەیەك کاتدا لەکاتی سێکس، شتێکی دەگمەنە، هەرچەندە فیلمەکان وامان لێدەکەن ئەو بیروبۆچونەمان هەبێت.

536. For 75% of men, ejaculation happens within 3 minutes of penetration.

لەسەدا 75ی پیاوان، لەماوەی سێ خولەك پاش تێکردنی چوك بۆ ناو زێی هاوژینەکانیان، هەڵدانی تۆو رودەدات.

537. Warm feet = easier orgasm. Apparently, if you're feet are cold, it's harder to climax.

قاچی گەرم= ئۆرگازمێکی ئاسانتر. دیارە کە ئەگەر قاچەکانت، سارد بن، گەیشتنت بە لوتکەی چێژ سەختترە.

538. If you're under 40 and can't get an erection in under 10 seconds, you might have erectile dysfunction problems.

ئەگەر تەمەنی شەریفت خوار 40 ساڵەو چوکت لەماوەی کەمتر لە 10 چرکەدا هەڵناسێت، ئەوە ئاسایی نیە، بەڵکو رەنگە کێشەگەلی پەیوەست بە لاوازی رەپیونت هەبێت.

539. The vagina can expand by 200 percent when a woman gets horny. So, guys, NOW do you get why women say girth and technique is more important than length.

کاتێك خانمان دەوروژێن، دەکرێ زێیان بەڕێژەی لەسەدا دووسەد فراوان بێت. بۆیە پیاو دەبێت لەوە تێبگات کە بۆچی خانم دەڵێت، ئەستوریی و تەکنیك لەدرێژی موهیمترە!!!

540. When she orgasms, the vagina can then shrink down 30%.
کاتێك خانمان دەگەنە ئۆرگازم، زێیان بەڕێژەی لەسەدا 30 دێتەوە یەك.

541. Men can have erect nipples when they’re aroused too.
کاتێك پیاو دەوروژێنرێت، دەکرێ گۆی مەمکیشی رەپ بێت.
بەکورتی پیاو حەیابەرەیە، چوك و گۆی مەمکیشی هەڵدەسێت، هەر لوتی ماوە خۆی سەخڵەت بکات لەو کاتانەدا!!!

542. Only 5% of the population have sex once a day.
تەنها لەسەدا 5ی دانیشتوانی جیهان، رۆژی یەکجار سێکس دەکەن.

543. 20% have sex 3-4 times a week.
لەسەدا 20ی دانیشتوانی جیهان، هەفتەی سێ تا چوار جار سێکس دەکەن.

544. Apparently, women can make their voice sexier to attract a mate (no surprise there), but men don’t have this ability.
مەعلومە کە خانمان دەتوانن دەنگیان بەشێوەیەك لێبکەن کە وروژێنەر بێت بۆ راکێشانی سەرنجی کەپڵ، ئەمەش مواسەفاتێکی خانمانەو پیاوان ئەم توانایەیان نیە.
هەر بۆیەش هەندێجار پیاوان بەتایبەت مووکرمەلیقەکان بەتەلەفۆنێکی هەڵەی خانمان کورتانیان دەسوڕێت!!!

545. Orgasms are like sneezes. Once they start, you can’t stop them.
ئۆرگازم عەینەن پژمە وایە، هەر کە هات، ناتوانیت بەری پێبگریت.

546. There’s more than one kind of orgasm.
هەروەك بەنزینەکەی لای خۆمان، ئۆرگازمیش زیاتر لەجۆرێکی هەیە.

547. Sex in water is very unhygienic.
سێکسکردن لەناو ئاو، کارێکی زۆر ناتەندروستە.

548. A man’s general health directly relates to his sperm health.
تەندروستیی گشتیی پیاو پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە تەندروستیی سپێرمییەوە هەیە.

549. Put sperm on your face to help with wrinkles (many anti-wrinkle creams use similar compounds found in sperm).
ئێوەش وەك برام وان، سپێرم هەڵسون لەدەموچاو یارمەتی نەهێشتنی چرچولۆچی دەدات. کرێمە دژەچرچولۆچییەکان ئەو پێکهاتانە بەکاردەهێنن کە لەسپێرمدا هەن.

550. In ancient Babylon it was tradition for every woman to go to the Temple of Aphrodite at least once in her life to have sex with a stranger.
سەیری ئەم کافرسانییە:
لە بابلی دێرینداء نەریتێکی سەیر هەبووە. دەبوو هەر خانمێك لانیکەم یەکجار لەژیانیدا سەردانی پەرستگای ئەفرۆدیت بکات بۆ ئەوەی سێکس لەگەڵ کەسێکی بێگانەدا بکات.

551. Humans and dolphins are the only animals, which have sex solely for pleasure.
تەنها دوو زیندەوەر کە سێکس دەکەن تەنها لەپێناو چێژدا، مرۆڤی ئیشقۆرو دۆلفینی خزمەتی!!!

شاجوان
Miss

552. كاتێك خانمەئەكتەرو گۆرانیبێژی ئەمەریكی، ڤانێسا ویلیامز لەدایكبوو، دایك و باوكی بەیاننامەیەكی لەدایكبونیان بڵاوكردەوە كە تێیدا هاتبوو: "ئەمەیە، شاجوانی ئەمەریكا". فعلەن ئەو ناسكەپێشبینییە هاتەدی و لەساڵی 1984 بووە یەكەم خانمی ئەمەریكی بەڕەگەز ئەفەریقی، كە تاجی شاجوانی ئەمەریكا لەسەر بنێت.
بەڕێزان دایك و باوك بەگشتی و دایك بەتایبەتی زۆر موهیمە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت منداڵەكەی بگەیەنێتە لوتكە.

شەکر

shugar

553. In the 16th century, a teaspoon of sugar cost the equivalent of five dollars in London.

لەسەدەی شانزەهەمدا لە لەندەن، کەوچەچایەك شەکر نرخەکەی هاوتای پێنج دۆلار بوو.

عیشق، خۆشەویستی

love

554. More than half of people who believe in love at first sight have already experienced it.

زیاتر لەنیوەی ئەو کەسانەی بڕوایان بە عاشقبون لەیەکەم نیگاوە هەیە، ئەو حاڵەتەیان بەسەرهاتووە.

555. ئەگەر وابزانیت چیرۆکی رۆمیۆو جولیێت عیشقێکی بێحەل بووە، ئەوا دیسان کەوتویتە هەڵەی گا بە گوناسینەکەوە، چونکە نەك هەر وا نەبووە، بەڵکو چیرۆکەکەیان تەنها پەیوەندییەکی سێ رۆژی بووەو لەنێوان دوو هەرزەکاری تەمەن 13و 17 ساڵ، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە ئەم ناسکەپەیوەندییە کوژرانی شەش کەسی لێکەوتەوە.

باشە کاکە!!!

فەرەنسا

France

556. ئەم بێناموصەی لەوێنەکەدا دەیبینن ناوی ڤیکتۆر لوستیجەو فەرەنسییە. ئەمە توانی خۆی بکات بە بەرپرسێکی حکومی و بەهۆی ئەوەوە نەك جارێك بەڵکو دوو جاریش تاوەری ئیفڵی فرۆشتووە.



557. A study from 2003 came to the conclusion that French people, among all nations, have the most frequent sex.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی 2003 ئەنجامدراوە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی خەڵکی فەرەنسا بە بەراورد بە خەڵکی هەر وڵاتێکی تر، زۆرترین جار سێکس دەکەن.

558. In Normandy, France, a preschool teacher thought she was clicking on a cartoon when she inadvertently clicked on a hardcore porn file. Not realizing her mistake, she left the room before the clip began, and the film played for several minutes.

لەشاری نۆرماندیی ئەو فەرەنسایەی لای خۆمان، جارێك مامۆستایەکی باخچەی منااڵن، بەحسابی خۆی ویستی فیلم کارتۆنێك بۆ منااڵکان لێبدات، بەڵام بە هەڵەو نائەنقست کلیکی لەسەر فایلێك کرد کە دیمەنی ڤیدۆیی سێکسکردنی تونڈ بوو. لەوە کارەساتتر ئەوە بوو کە پێش ئەوەی دیمەنە ڤیدۆییەکە بکەوێتەکار، ژورەکەی جێهێشت، بۆیە ئەو دیمەنە ڤیدۆییە کافرسانییە لەبەرچاوی ئەو پەپولانەدا بۆ ماوەی چەند دەقەیەك کاریکرد.

559. In France, a person who receives a DUI will get his or her car confiscated, their license suspended for three years, possibly one year in jail, and a $1,000 fine.

پێموایە لێرە لەکوردستان پێویستمان بە یاسایەکی ناسکی ئاوها هەیە: لەفەرەنسا هەرکەسێك لەکاتی لێخوڕین لەژێر کاریگەری ئەلکهول یان ماددە هۆشبەرەکانی تر دەستگیربکرێت، ئۆتۆمبێلەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێت و مۆڵەتی لێخوڕینەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵدەپەسێردرێت و ئەگەری ئەوەش هەیە خۆشی ساڵێك زیندانی بکرێت و دە وەرەقەی ناسکیش غەرامەدەکرێت.

560. ئەگەر بتەوێت تەنها سێ چرکە لەبەردەم هەر پارچەهونەرییەکی مۆزەخانەی لۆڤر بەسەربەیت، ئەوا پێویستت بە پێنج مانگ دەبێت بۆ ئەوەی هەموویان ببینیت.

19. If you spend 3 seconds in front of every piece of art inside the Louvre Museum, you'd need five months to see everything.

561. In France, a five year old child can buy an alcoholic drink in a bar.

لە فەرەنسا کە بەحساب یەکێکە لەدایکەکانی مافی مرۆڤ و زاراوەکانی زلەکانی تر، منداڵی تەمەن پێنج ساڵ بۆی هەیە خواردنەوەی کهولی لەبارەکاندا بکرێت.

562. تاوەری ئیفڵ لەزستاندا نزیکەی 15سم بەرزترە وەك لەهاوین.

رەنگە بپرسیت چۆن؟ منیش ئەڵێم: چاك!!!!

563. سەیری ئەم کافرصانییە!!!

نزیکەی لەسەدا 96ی هەموو خوێندنگە دواناوەندییەکانی فەرەنسا، ئامێری فرۆشتنی کۆندۆمیان تێدایە.

Approximately 96 percent of all French secondary schools have condom vending machines on their grounds.

فەیسبوك

facebook

564. Facebook has more users than the population of the U.S., China, and Brazil combined.

ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبوك لەکۆی دانیشتوانی هەر سێ وڵاتی ئەمەریکاو چین و برازیل پێکەوە، زیاترە.

565. ئەم برادەرەی دەیبینن، ئیدواردۆ ساڤێرینە کە یەکێکە لەهاودامەزرێنەرانی فەیسبوك. ئەمە بۆ ئەوەی خۆی لەپێدانی باج بەبڕی حەوت هەزار دەفتەری ناسك لابدات، وازی لەڕەگەزنامە ئەمەریکییەکەی هێناوە.

پیاو راست بڕوا زۆر ناحەقیشی نیە، حەوت هەزار دەفتەر کەم نیە، بەری دڵ ئەگرێ!!!

566. هەموو رۆژێك خاوەنی هەشت هەزار ئەکاونتی فەیسبوك عومری درێژیان بۆ ئێوە جێدەهێڵن. بەمشێوەیە دواجار ژمارەی پرۆفایلی مردووەکان لەهی زیندووەکان زیاتر دەبێت و بەمەش ئەم کەڵەماڵپەڕە کۆمەڵایەتییە دەبێتە "گۆڕستانێکی رەقەمی".

567. جارێك ماسیگرێك لەفلیپین پارچە مرواریيەکی دۆزییەوە کە کێشەکەی 34 کیلۆگرام بوو و نرخەکەی بە نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار دەخەملێنرا. بەڵام ئەو سەرگەردانە بەبێ ئەوەی لەنرخەکەی تێبگات، بۆ ماوەی 10 ساڵی تەواو وەك شتێك کە بەختی باشی بۆ بهێنێت، لەژێر جێگەی نوستنەکەیدا داینا. ئەو هەموو ماوەیە نەیزانی کە بەختەکە خودی ئەو شتەیە!!!!

A fisherman in Philippine found a pearl weighing 34kg and estimated around $100 million. Not knowing it's value, the pearl was kept under his bed for 10 years as a good luck charm.
Fuji

فیجی

Fiji

568. Ratu Udre Udre, a Fijian war chief, was the most active cannibal in recorded history. He is reported to have eaten between 872 and 999 people during his lifetime.

راتو ئودرێ ئودرێ، سەرکردەیەکی جەنگیی فیجی بووە کە وڵاتێکی بچوکە. ئەم برادەرە چالاکترین مرۆڤخۆر بووە بەدرێژایی مێژوی تۆمارکراو. دەووترێت ئەم برادەرە بەدرێژایی ژیانی 872 تا 999 کەسی خواردووە.

569. A long-standing Fijian tradition held that women should accompany their husbands into death. As such, in the past, women were typically strangled the day their husbands died and buried alongside them.

رەنگە هۆکارێکی ئەوەی کە هەندێ ژن لەم سەردەمەدا هاربووەو بووەتە دەیناسور، ناسکەتۆڵەیەك بێت لەپیاو لەدژی ئەو ستەمگەلەی لەڕابردودا لەدایەگەورەو پشتەمێینەکانی تریان کراوە!!!

نەریتێکی کۆن هەبووە لە فیجی کە ماوەیەکی زۆر کاری پێکراوە. بەگوێرەی ئەو نەریتە پێویستە خانمان لەمەرگیشدا لەگەڵ مێردەکانیاندا بن. بەهۆی ئەم ناسکەنەریتەوە، ئەگەر پیاوێك عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتایە، هەمان رۆژ ژنەکەیان دەخنکاندو لەتەنیشتی مێردەکەیدا دەیانناشت.

570. The Reverend Thomas Baker was a Methodist missionary who visited Fiji in the 1860s. He was killed and eaten by the natives after accidentally offending one of the chieftains. In 2003, the Fijian descendants of the cannibals who ate Methodist missionary Thomas Baker formally apologized to Baker’s descendants.

لەمێژودا بانگخوازێکی ئاینیی مەسیحیی بەناوبانگ هەس بەناوی تۆماس بەیکەر. ئەم برادەرە لەساڵەکانی 1860ەکان سەردانی فیجی کردووە. بەڵام پاش ئەوەی بەڕێکەوت ئازاری سەرۆك هۆزێکی فیجییەکان دەدات، خەڵکە رەسەنەکەی ئەو وڵاتە دەیکوژن و گۆشتەکەی دەخۆن. بەڵام لێرەدا پێویستە بڵێین ئاخخخخخ کێری قومری. بۆ؟ چونکێکوم پاش نزیکەی 140 ساڵی ناسك، ئینجاکونێ وەچەکانی ئەو مرۆڤخۆرانەی گۆشتەکەیان خوارد، بەڕەسمی داوای لێبوردنیان لەوەچەکانی بەیکەر کرد. زوو نەبوو رەحمان؟!!!!!

571. According to historical records, Fijian cannibals did not eat people who died natural deaths; only those killed in combat were considered good for food.

بەگوێرەی تۆمارە مێژوییەکان، مرۆڤخۆرە فیجییەکان، ئەو کەسانەیان نەدەخوارد کە بەشێوەی سروشتی دەمردن، بەڵکو پێیانوابوو تەنها ئەوانەی لەشەڕدا دەکوژرێن، شیاون بۆ خواردن.

دیارە حسابی مەڕو ماڵاتیان بۆ کردون!!!



572. Human flesh was reported, by both Fijians and Europeans who visited Fiji during the 1800s, to both resemble and taste like pork. Some European travelers occasionally ate human flesh on accident, mistaking it for pork.

هاوڵاتیانی فیجی و ئەو ئەوروپییانەش کە لەساڵەکانی 1800ەکاندا سەردانی فیجییان کردووە، دەڵێن، گۆشتی مرۆڤ لەتام و شێوەشدا لەگۆشتی بەراز دەچێت. هەندێك لەگەشتیارە ئەوروپییەکان هەندێجار بەڕێکەوت گۆشتی مرۆڤیان خواردووەو وایانزانیوە هی بەرازە.

573. Only 59% of Fiji’s population has electricity.

بەینی خۆمان بێ، لەڕوی کارەباوە وەزعمان لەوڵاتی فیجی باشترە!!!

تەنها لەسەدا 59ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە کارەبایان هەیە.

574. In Fiji, it’s considered insulting to touch another person's head.

لە فیجی دەستدان لەسەری کەسێك بە سوکایەتیکردن بەو کەسە دادەنرێت. بەڵام لێرە دەستدان لە سەر کێشە نیە، شوێنی تر کێشەیە!!!.

575. European explorers to Fiji were surprised to discover that Fijian boys were circumcised, traditionally at age 16.

دۆزەرەوە ئەوروپییەکانی فیجی توشی سەرسوڕمان بون کاتێك بۆیان دەرکەوت کە کوڕانی فیجی لەتەمەنی 16 ساڵیدا خەتەنەدەکرێن.

576. Whale teeth are highly prized in Fiji. They are given as dowries for marriage or as gestures of apology.

لەو فیجییەی لای خۆمان، ددانی نەهەنگ شتێکی زۆر بەبایەخ و گرانبەهایە. خەڵکی ئەو وڵاتە وەك ماڕەیی یان ئاماژە بۆ داوای لێبوردنکردن، دەیدەن بە کەسانی تر.

فیلم

Movie

577. An entire village was built on the coast of Malta for the 1980 Popeye movie, and it’s still there.

فیلمێکی کۆمیدی هەیە بەناوی Popeye کە بەرهەمی ساڵی 1980یە. لەپێناو بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە گوندێکی تەواو لەسەر کەناری ماڵتا دروستکراوەو تائێستاش ماوە.

578. فیلمی تایتانیك لەحەوزێکدا تەسویرکراوەو ئاوەکەی ناویشی گەرم بووە.



579. پاش ئەوەی گروپی کۆمپانیاکانی کانون کە بەرهەمهێنەری زنجیرەفیلمی خۆزگەی مەرگە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداو بۆی دەرکەوت کە نزیکەی نیوەی هاوڵاتیانی ئەمەریکا، نازانن ژمارە رۆمانییەکان بخوێننەوە، ناوی بەشی سێیەمی فیلمەکە لە death wish III ەوە گۆڕدرا بۆ .Death wish 3.



580. ئەو شێرەی لەلۆگۆی سەرەکیی کۆمپانیای بواری فیلمسازی، ئێم جی ئێم بەکارهێناوە، رۆژێك پاش وێنەگرتنی لۆگۆکە، راهێنەرەکەو دوو یاریدەدەریشی کوشت.

فینلەندا

Finland

581. In 2004, a tax auditor in Finland died at his desk, and despite there being 100 staff members on the same floor in the department, no-one realized he was dead for 2 days.

لەساڵی 2004، لەو فینلەندایەی لای خۆمان، وردبینێکی باج، لەسەر مێزەکەی خۆی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت. هەرچەندە ستافێکی سەد کارمەندی لەهەمان نهۆمی ئەو باڵەخانەیەدا هەبوو کە ئەم برادەرەی تێدا مرد، بەڵام سەرباری ئەوەش هیچ یەکێك لەو کەسانە تا دوو رۆژ نەیانزانی کە ئەو برادەرە عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە.

582. Finland is the world's happiest country, according to the 2019 World Happiness Report.

بەگوێرەی راپۆرتی جیهانیی بەختەوەری بۆ ساڵی 2019، فینلەندا بەختەوەرترین وڵاتە لەسەرتاسەری جیهاندا.

583. فینلەندا بیلزەبت 187 هەزارو 888 دەریاچەو 179 هەزارو 585 دورگەی هەیە. بەمەش ئەم وڵاتە ئەوروپییە، لەو دوو لایەنەوە بووەتە خاوەنی ریکۆرد لەسەرتاسەری جیهاندا. هەرکەسێکیش ناسکەگومانێکی هەیە لەو ژمارانە، دەتوانێت بیانژمێرێت!!!

ڤەنزوێلا

Venezuela

584. هەتیو تۆ سەیری ئەو شانسەو چەتیو تۆ سەیری ئەو بەختە!!!

پاش ئەوەی کچێکی تەمەن 19 ساڵ بووە سێ ملیۆنەم فۆڵەوەری پەیجی هۆگۆ چاڤێز، سەرۆکی کۆچکردوی ڤەنزوێلا لەسەر فەیسبوك، سەرۆك خانویەکی بەدیاری پێشکەشکرد.

585. There is a place in Venezuela where lightning strikes 280 times per hour, 160 nights a year.

لەو ڤەنزوێلایەی لای خۆمان، شوێنێك هەیە کە لە 160 شەوی هەموو ساڵێکدا، هەموو سەعاتێکی 280 هەورەبروسکەی تێدا رودەدات.

ڤیتنام

Vetnam

586. During the Vietnam War there were several instances of US troops deliberately killing their fellow solider or their superior officer by tossing a grenade into their tent. This was known as “Fragging”. There were nearly 900 known and suspected fragging cases in Vietnam between 1969 and 1972.

لەسەردەمی جەنگی ڤیتنامدا چەندین حاڵەتی کوشتنی بەئەنقەستی سەرباز یان ئەفسەرانی باڵا لەلایەن سەربازە هاوکارەکانیانەوە رویانداوە کە تیایاندا سەربازە بکوژەکە رومانەی هەڵدەدایە ناو خێمەی سەربازی هاوکار یان ئەفسەرە باڵاکەیەوە. ئەم جۆرە کوشتنە لەئینگلیزییەکەی خۆماندا زاراوەیەکی هەیە کە پێیدەووترێت fragging. لەنێوان ساڵی 1969 تا 1972 نزیکەی 900 حاڵەتی دڵنیاو گوماناوی ئەم جۆرە کوشتنە لەڤیتنام رویداوە.

کاسترۆ (فیدڵ کاسترۆ)

Fidel Castro

587. Fidel Castro, the late Cuban leader, once spoke for a solid seven hours and ten minutes at a Communist Party meeting in 1986. He was known for his incredible endurance!

جارێك فیدڵ کاسترۆ، سەرۆکی کۆچکردوی کوبا، لەمیانەی کۆبونەوەیەکی پارتی کۆمۆنیستدا لەساڵی 1986، بۆ ماوەی حەوت سەعات و 10 خولەکی ناسك، قسەیکرد. ئەم برادەرە بەوە ناسرا بوو کە تەحەمولێکی لەڕادەبەدەری هەبوو.

كانزا
metal

588. Mexico, Peru, and China are currently the world's top producers of silver.
ئێستا مەکسیك، پیرۆو چین گەورەترین بەرهەمهێنەری زیون لەجیهاندا.

589. Mercury is the only metal that is a liquid at standard temperature and pressure.
جیوە تەنها کانزایە کە لەپلەی گەرماو ژێر فشاری ئاساییدا، شلە.

590. Gold is edible.
ئاڵتون دەخورێت.

کتێب

Book

591. The Guiness Book of World record is the most stolen Books from Public Libraries in United states.

لەکتێبخانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەوەندەی کتێبی گێنس بۆ ژمارە پێوانەییەکان دزراوە، هیچ کتێبێکی تر نەدزراوە.

کەنەدا

Canada

592. There are 459 cars for every 1000 people.

کەنەدا بەو هەموو ناسك و نازداری و خۆشگوزەرانییەوە، تەنها 459 سەیارەی هەیە بۆ هەموو هەزار کەسێك واتە هەموو دوو کەسێك سەبارەیەکی بەرناکەوێت.

593. Canada is the largest producer of uranium in the world.

کەنەدا گەورەترین بەرهەمهێنەری بۆرانیۆمە لەسەرتاسەری جیهاندا.

594. The capital of Canada is Ottawa, the second coldest capital in the world after Moscow.

پایتەختی کەنەدا ئۆتاوایە کە دووەم ساردترین پایتەختە لەجیهاندا. یەکەم مۆسکۆی پایتەختی روسیایە.

595. Canada has 198 jails.

کەنەدا 198 زیندانی تێدایە.

596. Each Canadian eats an average of 190 eggs per year.

بەگشتی هەر هاوڵاتییەکی کەنەدا، ساڵانە 190 هێلکە دەخوات.

597. Half of the country is covered with forests, which should come as no surprise considering one-tenth of the world's forests are here.

نیوەی روبەری کەنەدا بە دارستان داپۆشراوە، ئەمەش شتێکی سەیر نیە ئەگەر بزانیت یەك لەسەر نۆی دارستانەکانی جیهان دەکەوێتە ئەم وڵاتەوە.

598. 225 Canadian fishermen die every year while urinating over the side of their boat.

ساڵانە تەنها لەکاتی میزکردن لەسەر لێواری بەلەمەکانیان، 225 ماسیگری کەنەدی گیان لەدەست دەدەن.

599. Despite being a huge country, Canada has the fourth lowest population density in the world, with only three people living per square kilometre! Almost half of the population in Canada were born in other countries.

ئەو کەنەدایەی لای خۆمان، هەرچەندە وڵاتێکی زۆر گەورەیە لەڕوی روبەرەوە، بەڵام چوارەم کەمچڕترین وڵاتە لەسەرتاسەری جیهاندا. چڕی دانیشتوان لەم وڵاتە تەنها سێ کەسە بۆ هەر کیلۆمەترێك. سەرباری ئەوەش تەنها نزیکەی نیوەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە، لەدایکبوی وڵاتەکەی خۆیانن.

600. About 90% of Canada's population is concentrated within 160 kilometres (100 miles) of the Canada/US border.

نزیکەی لەسەدا 90ی دانیشتوانی کەنەدا لەسەر هێڵێکی 160 کیلۆمەتری سنوری ئەم وڵاتەن لەگەڵ ئەمەریکا، نیشتەجێن.

601. The average life expectancy at birth is 81.16 years – the sixth highest in the world.

تێکڕای سوڕی ژیانی خەڵك لە کەنەدا زیاتر لە 81 ساڵە، ئەمەش مانای وایە کە خەڵکی ئەم وڵاتە شەشەم زۆرترین سوڕی ژیانیان هەیە لەسەر ئاستی جیهان.

602. 280,681 new permanent residents were welcomed to Canada in 2010. That number does not include temporary workers or foreign students.

تەنها لەساڵی 2010، 280 هەزارو 681 کەس پێشوازییان لێکراوە لە کەنەدا وەك نیشتەجێبون واتە ئیقامەی هەمیشەیی، ئەمە جگە لە کرێکارانی کاتی و خوێندکارانی بیانی.

603. 15.9% of the population is 65 or older. 68.5% are between the ages of 15 and 64.

نزیکەی لەسەدا 16ی دانیشتوانی کەنەدا، تەمەنیان 65 ساڵ یان زیاترە. نزیکەی لەسەدا حەفتاشیان، تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 64 ساڵیدایە.

604. 17% of Canadians are daily smokers.

لەسەدا 17ی هاوڵاتیانی کەنەدا جگەرەکێشی هەمیشەیین.

605. The average Canadian watches 21 hours of television per week. 128,000 Canadian households have TV’s in the bathroom.

بەگشتی هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی کەنەدا، هەفتەی 21 سەعاتی ناسك سەیری تەلەفزیۆن دەکات. هەر لەم وڵاتە 28 هەزار ماڵی تێدایە کە تەلەفزیۆنیان لەحەمامەکانیشاندا داناوە.

606. Canada’s literacy rate is over 99%.

زیاتر لەسەدا 99ی خەڵکی کەنەدا خوێندەواریان هەیە.

كوبا

cuba

607. Because Fidel Castro has chosen not to create a cult of personality, inside Cuba there are no streets, buildings, institutions or localities named for him.

پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکا، فیدڵ کاسترۆ بەپێچەوانەی سەدام حسێنەوە حەزی لەکەسایەتی پەرستن نەبوو، هەر بۆیە لەناو وڵاتەکەیدا، هیچ شەقام و باڵەخانەو دامەزراوەو شوێنێك بەناوییەوە ناونەنراوە.

608. Nelson Mandela co-authored a book with Fidel Castro.

نێڵسۆن ماندێلا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، ئیشێکی زۆر قۆرپشی هەیە، ئەویش نوسینی کتێبێکە بەهاوبەشی لەگەڵ فیدڵ کاسترۆ کە بێگومان یەکێکە لەدیکتاتۆرەکانی سەدەی رابردوو و ئەم سەدەیەش.



609. The CIA had a plot to use a depilatory chemical on Fidel Castro to cause his beard to fall out.

رەنگە ئەمەریکا زۆر بڕوای بەو وتە بەناوبانگە نەبێت کە دەڵێت، بە ریش نیە، بە ئیشە!

دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەو وڵاتە پیلانێکی هەبووە بۆ بەکارهێنانی ماددەیەکی کیمیایی مووڵابەر بۆ ئەوەی فیدڵ کاسترۆ ریشی نەمێنێت.

610. Fidel Castro holds the record for the longest speech ever delivered to the United Nations: 4 hours and 29 minutes, on Sept. 26, 1960.

فیدڵ کاسترۆ خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لەڕوی پێشکەشکردنی درێژترین وتار لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا. ماوەی ئەو وتارەی، چوار سەعات و 29 خولەکی ناسك بووەو لە 26-9-1960 پێشکەشیکردووە.

611. In 1940, 12-year-old boy Fidel Castro wrote a letter to President F. Roosevelt to request a $10 bill because he had never seen one before.

دیارە فیدڵ کاسترۆ هەر لەمنااڵییەوە سەگ بووە!!!

لەساڵی 1940 کە ئەو کاتە تەمەنی شەریفی تەنها 12 ساڵ بووە، نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا، رووزفڵت، نوسیوەو تێیدا داوای 10 دۆلارییەکی کاغەزی لێکردووە، چونکە پێشتر بەهیچ شێوەیەك 10 دۆلاری نەبینیوە.


COLEGIO DE DOLORES
APARTADO 1
SANTIAGO DE CUBA

DIVISION OF
NOV 27 1940
DEPARTMENT OF STATE

Santiago de Cuba.
Nov 6 1940.
Mr. Franklin Roosevelt.
President of the United States.

My good friend Roosevelt
I don't know very En-
glish, but I know as much
as write to you.
I like to hear the radio, and
I am very happy, because
I heard in it, that you will
be President for a new
(período)
I am twelve years old.
I am a boy but I think very
much, but I do not think
that I am willing to the

Fidel Castro Diaz Balart
6 de Noviembre de 1940
Roosevelt
811.00

612. Despite assassination plots, an invasion and five decades of economic sanctions, Fidel Castro outlasted nine U.S. presidents in power, from Eisenhower to Clinton.

بەخوا برا ئەو فیدڵ کاسترۆیەی چەند ساڵێك لەمەوبەر عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، بەراز بووە بەمانای کەلیمە.

ئەم برادەرە سەرباری چەندین هەوڵ بۆ تیرۆرکردنی و پەلامارداناێکی وڵاتەکەی و پێنج سەدە لەسزای ئابوری بۆ سەر وڵاتەکەی، هێشتا ماوەیەکی زۆر لەسەر حوکم مایەوە، ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، نۆ سەرۆکی ئەمەریکای تێپەڕاند، لە ئایزنهاوەرەوە تا بلە سوری مۆنیکا!!!!

کوشتنی بەسۆز

euthanasia



613. Out of the 196 countries in the world, only 9 countries had legalised euthanasia or assisted death including Netherlands, Belgium, Colombia, Luxembourg, Switzerland, Germany, Japan, Albania and US. Even in USA, only the states of Washington, Oregon, Vermont, New Mexico and Montana have it legalised.

لەکۆی 196 وڵات لەجیهاندا، تەنها نۆیان بەپێی یاسا ڕێیان بە کوشتنی بەسۆز یان مەرگی یارمەتیدراو، داوە. ئەوانیش بریتین لە: هۆڵەندا، بەلجیکا، کۆڵۆمبیا، لوکسەمبۆرگ، سویسرا، ئەڵمانیا، ژاپۆن، ئەلبانیا، ئەمەریکا. بەڵام ئەمەریکا هەموو ویلایەتەکانی ڕێیان پێنەداوە، بەڵکو تەنها واشنتۆن، ڤێرمۆنت، نیو مەکسیکۆو مۆنتانا ڕێیان پێداوە.

2018-3-9

614. Euthanasia is mostly administered by giving lethal doses of painkiller or other drugs.

زۆربەی جار کوشتنی بەسۆز لەڕێگەی پێدانی بڕێکی کوشندە لەئازارشکێن یان دەرمانی تردە، ئەنجامدەدرێت.

615. Though euthanasia is still illegal in England, King George V was euthanized. The King was suffering from cardio-respiratory failure, and was given a fatal dose of morphine and cocaine in order to hasten his death.

هەرچەندە لەڕابردوداو تائێستاش ناسکەکوشتن واتە کوشتنی بەسۆز لە ئینگلتەرا کارێکی نایاسایی بووە، بەڵام شا جۆرجی پێنجەمی ئەو وڵاتە، بەو جۆرە کوشتنە، عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە. پادشا توشی لەکارکەوتنی دڵ و سی ببوو، بۆیە بڕێکی کوشندە لەدەرمانی مۆرفین و کۆکاینیان پێدا بۆ ئەوەی زوتر لەحاڵەتی ئاسایی گیان لەدەستبدات.

كووەيت

Kuweit

616. At the end of the Gulf War 2, 20 people died in Kuwait due to falling bullets from celebratory gunfire.

بەناشکوری ئەو خوایە نەبێت، عەرەبیش عەینەن کوردی ئیشقۆڕ وایە، زەحمەتە فێری سەقافەت بن.

لەکۆتایی جەنگی دووەمی کەنداودا، لەو کووەیتەی لای خۆمان، بیست کەس تەنها بەهۆی گوللەی وێڵی تەقەی خۆشییەوە، عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت. باشە کاکە!!!

کۆتاوتەی ژیان
last words of life

618. English writer Virginia Woolf addressed her husband Leonard in her suicide note. Her last written words were "I don’t think two people could have been happier than we have been."

خانمەنوسەری ئینگلیزی، ڤیرجینیا وڵف پێش خۆکوشتنی، پارچەکاغەزێکی جێهێشت کە تێیدا روو لە لیۆناردی مێردی نوسیبوی: "پێموانیە هیچ دوو کەسێك ئەوەندەی ئێمە بەختەوەر بوبێت".

619. The last words of convicted murderer Roosevelt Green were “I am about to die for a murder I did not commit, that someone else committed ... I love the Lord and hope that God takes me into his kingdom, and goodbye, Mother.”

کۆتاوتەی ژیانی بکوژی ئیدانەکراو روزڤڵت گرین ئەمە بوو: "من خەریکە بەهۆی تاوانێکی کوشتنەوە لەسێدارەدەدرێم کە من نەمکردووە، بەڵکو کەسێکی تر کردویەتی.... پەروەردگارم خۆش دەوێت و هیوام وایە خودا بمبات بۆ بەهەشتەکەی، دایە خوا حافیز".

کۆرۆنا

Corona

620. ئەرجەنتینەکە حەیاتەکە هەر بە مێسی بەناوبانگ نیە!!!

ئەم برادەرو خوشکەدەرانە ئەرجەنتینین و کۆمەڵێك زانان کە رێگەیەکیان دۆزیوەتەوە بەهۆیەوە لەماوەی تەنها سەعاتێکی ناسکدا، دەریدەخات کە کەسی گومانلێکراو توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە یان نا.

621. ئەگەر چاوی بە کەوانتەرکڕینەوە لەکێشەکان وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرچاوەی زۆربەیان قۆڕبیاتی سێکسی و لادانی کاتییە!!!

لەو ئەرجەنتینەی لای خۆمان، خانمێکی هاوسەردار پاش گەڕانەوەی لە ئیسپانیا بە نیشانەکانی نەخۆشی کۆرۆناوە، چاوی بە هاوڕێیەکی دەکەوێت و دەیکەن. دواتر ئەم هاوڕێیەی دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەکەی خۆی و دەچێتە ئاهەنگێکەوە کە نزیکەی بیست کەسی تێدا دەبێت. بەهۆی ئەمەوە تەواوی دانیشتوانی شارۆچکەکە کە دوو هەزار و پێنج سەد کەس بون کەرەنتین کران و خانمەکەو مێردەکەشی دەسگیرکران.

622. ئەکادیمییە چینییەکان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی جۆری خوێنەکەیان Aیە، ئەگەری توشبونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر زیاترە لەو کەسانە خوێنیان ئۆیە.

ئێستا تێگەیشی کە سوپاس بۆ خوا بۆچی کوردی ئیشقۆڕی لای خۆمان وەزعی لەوڵاتانی تر زۆر باشترە لەو رووەوە!!!



623. The usual incubation period (the time between infection and symptom onset) ranges from one to fourteen days. It is most commonly five days. In one recorded case, however, it had an incubation period of 27 days.

بەگشتی ماوەی هەڵگریی ڤایرۆسی کۆڤید 19ی کۆرۆنا، واتە ماوەی نێوان توشبون و دەرکەوتنی نیشانەکان، لەڕۆژێکەوە تا 14 رۆژی ناسکە. باوترین ماوەش پێنج رۆژە. خاوەنی زۆرترین ماوەش لەو رووەوە حاڵەتێك بووە کە 27 رۆژ بووە.

624. The coronavirus (COVID-19) seems to mostly spread between people via respiratory droplets. It may also be spread from touching contaminated surfaces and then touching one's face. Researchers have discovered that coronavirus can live up to 72 hours on certain materials such as stainless steel, up to 3 hours in the air and it can likely live up to 96 hours on phone screens.

وادیارە ئەم جۆرە کۆرۆنایە، زۆربەی جار لەڕێگەی دڵۆپۆچکەی دەرچوو لەگەڵ هەناسەدانەوە، لەنێوان خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. دەشتوانێت لەڕێگەی بەرکەوتن بە رووی پیسبوو بە ڤایرۆسەکەو پاشان دەستدان لەدەموچاو بڵاوببێتەوە. لێکۆڵەران بۆیان دەرکەوتووە کە کۆرۆنا دەتوانێت تا ماوەی 72 سەعاتی ناسك لەسەر شتگەلی وەك پۆڵاو بۆ ماوەی سێ سەعات لەناو هەواو 96 سەعات لەسەر شاشەی مۆبایل بمێنێتەوە.

بەکوردی و بەکورتی ئەمیش بۆی خۆی جۆرە بەرازێکە.

کۆریای باشور
South Korea

625. لەکۆریای باشور، تەنها کەسانی نابینا دەتوانن مۆڵەتی بوون بە مەساجکار وەربگرن، ئەم یاسایەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەسەد ساڵ لەمەوبەری سەردەمی ئیستیعماری یابانییەکان و بۆیە دانراوە تا دەستەبەری ژیان بکات بۆ کەسانی نابینا.

کۆریای باکور

north korea

626. North Korea is ranked second to last on the World Press Freedom Index. Eritrea is last.

کۆریای باکور لەلیستی ئازادیی رۆژنامەگەریی جیهانیدا، پلەی پێش کۆتایی گرتووە. پلەی کۆتایی واتە دوای دواوە ئەریتریایە. 2016-12-19

627. In North Korea, there is one doctor for every 700 people and one hospital bed for every 350 people. The infant mortality rate is 51.34/1,000.

لەم وڵاتە بۆ هەر حەوت سەد کەسێك پزیشكێك هەیە. بۆ هەر 350 کەسێکیش بێدێکی نەخۆشخانە هەیە. ڕێژەی مردنی منااڵیش لەم وڵاتە کەمێك زیاتر لە 51 کەس لەهەموو هەزار کەسێك.

628. The manjoko (“satisfaction teams”) are made up of young girls who receive training in sexual practices to please high-ranking North Korean officials.

لە کۆریای باکور چەندین تیم هەن کە پێیان دەووترێت مانجۆکۆ واتە تیمی تێرکردن. ئەم تیمانە پێکهاتون لەکچانی گەنج و ڕاهێنانیان پێدەکرێت لەسەر کاری سێکسی بۆ ئەوەی جەوی سێکسی بۆ بەرپرسە باڵاکانی وڵات دروستبکەن.

629. North Korean women are a major source of human trafficking in China. Prices for North Korean women in China range from several hundred dollars to $2,000. They are often sold to farmers or to old or disabled men.

لە چین خانمانی کۆریای باکور سەرچاوەیەکی سەرەکی بازرگانیکردنن بە مرۆڤەوە. نرخی هەر خانمێکی کۆریای باکور لە چین لەچەند وەرەقەیەکی ناسکەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە بیست وەرەقە. زۆرجار ئەم خانمانە دەفرۆشرێن بە جوتیار یان کەسانی بەساڵاچوو یان خاوەن پێداویستی تایبەت.

630. Sixty to 70% of North Korean defectors who enter China are women, and 70-80% of them become victims of human trafficking. If the Chinese government catches them, they are sent back to Korea, where they are forced into penal colonies or executed. Any Chinese-fathered babies are executed and any pregnancies are forcibly aborted.

تەماشا دڕندەیی ڕژێمی کۆریای باکور:

لەسەدا 60 بۆ 70ی ئەو هەڵاتوانەی کۆریای باکور، کە دەچنە چینەوە، خانمن. لەسەدا 70 تا 80ی ئەمانەش دەبنە قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. ئەگەر حکومەتی چینی ئیشقۆڕ ئەم هەڵاتوانە بگرێت، ئەوا سنورداشی وڵاتەکەی خۆیان دەکاتەوەو لەوێ دەخرێنە کۆمەڵگەی ئەشکەنجەدان یان لەسێدارەدەدرێن. هەر خانمێکی کۆریای باکور منااڵێکی بوبێت و باوکی منااڵەکەی چینی بێت، ئەوا لەسێدارەدەدرێت و هەموو دوگیانبونێکیش بە ناچاری لەبارەدەبرێت.

631. The average life expectancy of North Koreans is 61 years for males and 66 years for females.

تێکڕای ناوەندیی سوڕی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ پیاوان تەنها 61 ساڵ و بۆ خانمان 66 ساڵە.

632. خاکی کۆریای باکور خاوەنی سامانێکی کانزاییە کە بەهاکەی شەش تا 10 ترلیۆن دۆلارە بەڵام بەهۆی نەبونی تەنەکەلۆجیای پێویستەوە، دەستی دەسەڵاتدارانی پێناگات.

633. If you were born in North Korea, After the age of 13 you would be enlisted in the Red Guard Youth and receive about 300 hours of rudimentary military training annually.

ئەگەر لەکۆریای باکور لەدایکبویتایە، پاش تەمەنی 13 ساڵی، دەبوو پەیوەندیت بکردایە بە لاوانی گاردی سوری سەربە رژێم و ساڵانە نزیکەی سێسەد سەعات راهێنانی سەربازیی سەرەتاییت بکردایە.

634. In North Korea, you can drive for hours on the highways without crossing any cars.

رێگا خێراکانی کۆریای باکور هێندە چۆڵن کە دەکرێت بۆ ماوەی چەند سەعاتێك سەیارە لێبخوڕیت بەبێ ئەوەی یەك سەیارە ببینیت.

كينيا

Kenya

635. ئەم برادەرە بەم ملوانکە خاچاوییەوە ئەگەر لای خۆمان بوایە، رەنگە بیانوتایە: "تۆ تەماشا ئەڵێی کچە ملوانکەی لەملایە، ئەی ئێجگاری بۆ شوویەکیش ناکەی؟!!!" بەڵام راستییەکەم ئەی برادەرە باشترین مامۆستایە لەسەرتاسەری جیهاندا.

مامۆستایەکی ماددەی زانستی گوندێکی کینیا کە زۆربەی موچەکەی لەپێناو یارمەتیدانی قوتابییە هەژارەکاندا دەبەخشێت، تاجی باشترین مامۆستا لەسەر ئاستی سەرتاسەری جیهان لەسەرنراو بڕی یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری ناسکی وەك خەڵات پێبەخشراو لەو پێشبڕکێیەدا ئەم مامۆستایە توانی 10 هەزار مامۆستای 179 وڵاتی جیا ببەزێنێت.



گاندی

Gandhi

636. Mahatma Gandhi survived 21 days with no food and with only sips of water

گاندی بۆ ماوەی 21 رۆژ جگە لەئاو هیچ خواردنێکی نەخواردووە، لەگەڵ ئەوەشدا عومری درێژی بۆ تۆ جێنەهێشت!

گەردونزانی

Astronomy

637. The biggest star in the universe – at least known to us – is UY Scuti. How big is it? It's almost 5,000,000,000 times the size of our Sun!

گەورەترین ئەستێرە لەگەردوندا (لانیکەم ئەوەی کە تا ئێستا زانراوە)، ئەستێرەیەکە بەناوی یووای سکوتی. قەبارەی ئەم ئەستێرەیە نزیکەی پێنج ملیار ئەوەندەی قەبارەی خۆرە بەو هەموو شان و شەوکەتەوە!



638. لەسەر رووی پلوتۆ کە یەکێکە لەهەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر، دەریایەکی شێوەدڵ هەیە کە پڕە لەسەهۆڵی ژەهراوی.

639. پێشبینی دەکرێت کە تەنها لەو گەلەئەستێرەیەی ئێمەی مرۆڤی ئیشقۆڕی تێدا دەژین، زیاتر لە 500 ملیۆن هەسارە هەبن کە بۆ ژیان بشێن.

بە بۆچونی بەندەی موخلیستان ئەکریێ ئەمە وەك جەختکردنەوەیەکی تر بۆ بونی بەهەشت و دۆزەخ دابنرێت و رەنگە ناسکەزللەیەکی ئۆتۆماتیکی بێت بۆ ئەو عەقڵناسکانەی بەپاڵنەری مولحیدییەوە دەفەرمون: بەهەشت لەکوێیە؟



640. لەسەر هەسارەی ئۆرانۆس تەنها دوو وەرز هەیە: هاوین و زستان.

641. Over 1,800 stars explode in our universe every minute.

هەموو خولەکێك زیاتر لە هەزارو 800 ئەستێرە لەگەردوندا دەتەقێتەوە.

خوا ئیمانمان سەلامەتکا، ئیتر دانەیەکیش لەئەستێرانە بەر زەوی بکەوێت و حەوالّەی ئەو دنیامان بکات، زۆر خۆشە!

2016-5-6

642. There are more trees on Earth than stars in the Galaxy.

ژمارەی درەختەکانی سەرزەوی لەژمارەی ئەستێرەکانی گەلەئەستێرەی ڕێگای کاکێشان، زیاترە.

ئەگەر بڕواش ناکەیت، پێم ناخۆش نیە، بیژمێرە!!!

643. The average distance between the stars in the sky is 20 million miles.

تێکڕای دوریی نێوان ئەستێرەکان 20 ملیۆن میلە. ئەگەر گومانیشت هەیە، بیپێوە!!!

644. The Milky Way, along with our entire Virgo Supercluster of galaxies are being pulled at 600 km/sec toward an unknown object in space called the Great Attractor that has a mass of tens of thousands of Milky Ways.

وسیەتت کردووە؟ ئەگەر نەتکردووە خێرا بیکە (تەبعەن بیلامانێ!)

ڕێگای کاکێشان و تەواوی هێشووی زەبەلاحی عەزرای گەلەئەستێرەکانمان، بە خێرایی 600 کیلۆمەتر لەچرکەیەکدا بە ئاڕاستەی تەنێکی نەناسراو ڕادەکێشرێت کە پێیدەووترێت ڕاکێشەری مەزن. بارستایی ئەم تەنە دەیان هەزار ئەوەندەی بارستایی ڕێگای کاکێشانە.

ئەگەر بەریەك بکەون ڕەنگە تۆزێك عەزیەتی مرۆڤایەتی بدات!!!!!

الله اعلم بەڵام ڕەنگە بەریەککەوتنیان، هاتنەدی ئەو ئایەت بێت کە دەفەرمێت: " يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ...."

645. مەسافەی نێوان زەوی و مانگ هێندە دەبێت کە جێگای سەرجەم هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆری تێدادەبێتەوە.



646. ئەگەر زەوی، مانگی نەبوایە، ئەوا رۆژمان، تەنها شەش سەعاتی ناسك دەبوو.

647. ساردترین شوێن لەسەرتاسەری کۆمەڵەی خۆردا دەکەوێتە سەر زەوی، بەدیاریکراوی لەتاقیگەی وۆلفگانگ کێتەرلە لەویلایەتی ماساچوستس لە ئەمەریکا. پلەی گەرمای ئەم شوێنە یەك لەسەر ترلیۆن پلەی کەڵڤنە.

648. ئەگەری گیانلەدەستدانت بەهۆی کەوتنەخوارەوەی پاشماوەیەکی گەردونی، نزیکەی یەك لەسەر پێنج ملیارە.



649. دورترین مەجەرەکانی گەردون لەمەجەرەکەی ئێمەوە، بەخێرایی زیاتر لەسەدا 90ی خێرایی روناکی لێمان دوردەکەونەوە.

650. گەردونی ناسراو واتە ئەو بەشەی گەردون کە تائێستا پەی پێبراوە، نزیکەی 50 ملیار مەجەرە واتە کۆمەڵەئەستێرەی تێدایە.

بۆ دڵنیابونیش لەو ژمارەیە فەرموو بچۆ بیژمێرە، ئەگەر یەك دوانێکی کەم یا زیاد بوو نەچی بچی بیکەی بەهۆسە، چونکە من نوسیومە "نزیکەی" نەك "بیلزەبت"!!!!



651. هەر کەشتییەکی ئاسمانی پێویستە لانیکەم خێرایی رۆشتنی 17 میل بێت لەچرکەیەکدا بۆ ئەوەی بتوانێت لەهێزی راکێشانی زەوی رزگاری ببێتت.

652. گڕکانی ئۆڵیمپوس مۆنز کە لەسەر هەسارەی مەریخە، گەورەترین گڕکانە لەسەرتاسەری کۆمەڵەی خۆردا. ئەم گڕکانە نزیکەی سێ ئەوەندە لە شاخی ئیڤریستی سەرزەوی، درێژترە.



653. رۆژێکی هەسارەی عەتارد دوو ئەوەندەی ساڵەکەی درێژترە. ئەم هەسارەیە زۆر بەخاوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە بەڵام خولانەوەی بەدەوری خۆردا کەمتر لە 88 رۆژی پێدەچێت.



654. ساڵی گەردونی بریتییە لەو ماوەیەی خۆر دەیخایەنێت لەکاتی سوڕانەوەی بەدەوری چەقی کۆمەڵەئەستێرەی ڕێگای کاکێشان کە نزیکەی 225 ملیۆن ساڵی ناسکە.



655. تەقریبەن هەموو هەژدە ڕۆژێك، ئەستێرەیەکی نوێ لەو کۆمەڵەئەستێرەیە لەدایکدەبێت کە ئێمەی مرۆڤی ئیشقۆڕی تێدا دەژین.

656. پلەی گەرما لەسەر هەسارەی عەتارد زۆر زۆر جیاواز دەگۆڕێت. لەڕۆژدا دەگاتە 430 پلەی سەدی و لەشەودا بۆ 140 پلەی ژێر سفر دادەبەزێت.



657. تەنانەت ئەگەر بشتوانیت بەخێرایی نزیك خێرایی روناکی بڕۆیت (186 هەزار میل لەچرکەیەکدا)، ئەوا هێشتا سەد هەزار ساڵی ناسکت پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵەئەستێرەی ڕێگای کاکێشان تێپەڕێنیت.



658. ئەم ناسکەزانیارییە ناسکەزللەیەکە بۆ مولحیدان، بەو هیوایەی بێنەوە ریزی جمور:
گەورەترین پێکهاتە کە تائێستا لەگەردوندا دۆزراوەتەوە، شورای مەزنی سلوانە کە بریتییە لەهێشویەکی گەورەی کۆمەڵەئەستێرە کە مەوداکەی یەك ملیارو 370 ملیۆن ساڵی ڕوناکییە.

659. ژمارەی ئەستێرەکانی گەردون بە 10 توان 22 تا 10 توان 24 ئەستێرە دەخەمڵێنرێت.



660. نزیکترین کونی رەش لەزەوییەوە، تەنها هەزارو 600 ساڵی روناکی لێمانەوە دورە.
هەر زۆر نزیکە، تاکسیشی ناوێ!!!

661. جۆرێك ئەستێرە هەیە پێیدەووترێت ئەستێرەی دەمانچە. ئەم جۆرە پرشنگداترین جۆری ئەستێرەی ناسراوە لەگەردوندا و 10 ملیۆن جار لەخۆر پرشنگدارترە.



662. جۆرە ئەستێرەیەك هەیە كە پێیدەووترێت ئەستێرەی نیترۆنی. ئەم جۆرە هێندە چڕییەكەی زۆرە كە ئەگەر یەك ورچی لاستیكی (جۆرە شیرینییەكە لەشێوەی ورچدا) لەبەرزی تەنها یەك مەترەوە، بەربدەیتەوە بۆ سەر رووی ئەم ئەستێرەیە، ئەوا لەماوەی تەنها یەك مایكرۆچركەداو بەهێزی هەزار بۆمبی ئەتۆمی دەدات لەسەرڕووی ئەم ئەستێرەیە. ئەگەر بڕواش ناكەیت تاقیكەرەوە بەڵام لەوە دەچێ تۆزێك عەزیەتت بدات!!!!!!!

ئینجاکونێ هەر بۆ مەعلوماتی عمومی، یەك مایکرۆچرکە واتە یەك لەسەر ملیۆنی چرکەیەك.

8. Neutron stars are so dense that if you dropped a gummy bear from one meter away it would hit the surface in a microsecond with the force of 1,000 nuclear bombs.

663. خۆر چوار سەد ئەوەندە لەمانگ گەورەترە، بەڵام لەبەرئەوەی چوار سەد ئەوەندەش لەزەوییەوە دورە، بۆیە لەلای ئێمەوە هەردوکیان بە یەك قەبارە دەردەکەون.

664. تەنها لەسەدا پێنجی گەردون لەماددەی ئاسایی پێکهاتووە، لەسەدا 25ی ماددەی تاریك و لەسەدا 70کەی تریشی لەوزەی تاریك پێکهاتووە.



665. ئەستێرە نیوترۆنییەکان هێندە چڕن، کە تەنها کەوچکەچایەك لەم جۆرە تەنە ئاسمانییانە، هێندە کێشی زۆرە کە بەقەدەر کێشی هەموو دانیشتوانی جیهان دەبێت.



666. ئەگەر هێندەی سەرەدەمبوسێك لەکوتلەی خۆی بهێنیت و لەسەر زەوی دابنێیت، ئەوا تەنانەت ئەگەر لەدوریی 145 کیلۆمەتریشەوە لەو پارچە بچوکەی خۆر بووەستیت، هەر دەتکوژێت و عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەهێڵیت.



667. تائێستا مرۆڤی ئیشقۆڕ زیاتر لە 200 تون پاشەڕۆی لەسەر مانگ جێهێشتووە، لەوانە: 70 کەشتی ئاسمانی، چەندین جانتای پشت، 96 کیسە میزو رشانەوەو پوت.

668. 31% of Americans believe in astrology.

لەسەدا 31ی ئەمەریکییەکان بڕوایان بە ئەستێرەناسی هەیە.

669. ئەوە من مردوو، ئێوە زیندوو، کامێرای مۆبایلەکانتان حازرکەن و با فولشەحن بن بۆ سێلفی، لەڕۆژی هەینی، 13-4-2029 واتە 10 ساڵ کەمڕۆژێکی تر لەمەودوا، هەسارۆچکەیەك کە پانییەکەی نزیکەی 305 مەتر دەبێت، بەدوریی نزیکتر لەمانگ، بەلای زەویدا تێپەڕدەبێت و مرۆڤ بەئاسانی و بەبێ هیچ دوربین و ئامێرێك دەیبینێت.

2019-4-14

670. NASA's response letter to women applying for astronaut, 1962.

وەڵامی ڕەسمیی ئاژانسی ناسا بۆ نامەی خانمێك کە داوایکردبوو بێتە ئاسمانەوان و گەشتی ئاسمانی ئەنجامبدات.

بەکورتی برادەرانی ناسا زۆر بەجوانی وەڵامیانداوەتەوەو بۆیان نوسیوە،

داواکارییەکەی جێگای سوپاس و پێزانینە بەڵام لەبەرنامەیاندا نیە کە خانم بکەنە ئاسمانەوان و گەشتی فەزایی پێبکەن.

بەڕێزان باش سەرنجی وەڵامەکە بدەن، هێندە بەجوانی وەڵامیانداوەتەوە کە ڕەنگە تامەکەی لەتامی قبوڵکردن کەمتر خۆش نەبێت .

ووشه فۆن... گەورەترین سەنتەری خزمەتگوزاری مۆبایل و ئەلیکترۆنییات/ بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: 07701591187



NATIONAL AERONAUTICS AND SPACE ADMINISTRATION
WASHINGTON 25, D.C

February 26, 1962

IN REPLY REFER TO: APP

Spencer A
The University of Connecticut
Storrs, Connecticut

Dear Miss Kelly:

This is in response to your letter of February 20, 1962.

Your offer to go on a space mission is commendable, and we are very grateful.

This is to advise that we have no existing program concerning women astronauts nor do we contemplate any such plan.

We appreciate your interest and support of the nation's space program.

Sincerely,

O. B. Lloyd, Jr.
Director
Public Information

گوگڵ

google

671. یوتیوب دووەم گەورەترین ماڵپەڕی گەڕانە لەسەرتاسەری جیهانداو راستەوخۆ دوای براگەورە دێت کە گوگڵە. ماڵپەڕی یوتیوب لەسەرجەم ماڵپەڕەکانی بینگ و یاهوو و ئاسك پێکەوە، گەورەترە.

672. فەیسبوك و گوگڵ باش دەزانن کە تۆ سەیری چ پۆرنێك دەکەیت، تەنانەت ئەگەر ئینکۆگنیتۆ واتە شێوازی شاراوەش بەکاربهێنیت. ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر جارێك سەیری پۆرنێکت کردو دوای ئەوە ناسکەپۆستێکی ئاینیت کرد، زۆر سەیر نەبێت بەلاتەوە ئەگەر زوکەربێرگ یان یەکێك لەهاوکارەکانی لەکۆمێنتدا بۆیان نوسیت: ئەمـــــــــــە تۆ!!!!

673. ئەگەر بڕوانامەی زانکۆت نیە زۆر خەفەتی پێ مەخۆ. ئەوەتا کۆمپانیای گوگڵ بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، نزیکەی لەسەدا 14ی کارمەندەکانی نەك هەر بڕوانامەی زانکۆیان نیە، بەڵکو هەرگیز نەچونەتە زانکۆ.

674. ئەگەر لەبۆکسی گەڕانی وێنەی گوگڵ سێرچ بۆ ژمارە 241543903 بکەیت، ئەنجامی گەڕانەکە زۆر سەیر دەبێت: ژمارەیەکی زۆر وێنەی خەڵکت بۆ دەهێنێت کە سەریان کردووە بەناو سەلاجەدا!!!



675. هەرچەندە زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر دامەزراندنی وێبگەڕی گوگڵ تێپەڕیوەو ترلیۆنەها گەڕانی لەسەرکراوە، بەڵام سەرباری ئەوەش تائێستاش لەهەموو شەش گەڕانێکی سەر ئەم ماڵپەڕە، یەکێکیان تازەیەو پێشتر سێرچی بۆ نەکراوە.

گینس

Guinness

676. The world record for the most consecutive push-ups was set in 1980 by Minoru Yoshida from Japan who managed to do 10,507 in a row.

خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لەسەرتاسەری جیهاندا لەڕووی زۆرترین شناوەی لەسەر یەك، برادەرێکی یابانییە بەناوی مینۆرو یۆشیدا کە لەساڵی 1980 توانی 10 هەزارو 507 شناوە بکات لەسەر یەك.

677. For safety reasons, the Guinness Book of World Records does not accept record attempts on how long a person can stay awake. The last registered record dates back to 1964 and is eleven days and 25 minutes.

لەبەر هۆکاری سەلامەتی، کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان ئەو هەوڵانە وەرناگرێت کە دەدرێن بۆ زۆرترین ماوەی مانەوەی مرۆڤ بەبێ خەوتن. کۆتا حاڵەتی تۆمارکراوی ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1964 کە خاوەنەکەی 11 رۆژو 25 خولەك نەخەوتبوو.

678. زێبرا هێندە رۆمانسییە رۆمێو مەجنون و فەرهاد بەلایەوە وشکەسۆفییە. ئەم گیانداڕە بەتەنها خەوی لێناکەوێت.

679. Guinness estimates that 93,000 liters of beer are lost in facial hair each year in the UK alone.

کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان دەیخەمڵێنن کە هەموو ساڵێك و تەنها لەشانشینی یەکگرتوو، 93 هەزار لیتر بیرە بەفیڕۆدەچێت لەناو مووی دەموچاودا.

لەڕاستیدا ئەوەی دەخورێتەوە بەفیڕۆچونێکی مەترسیدارترە!!!

لاتڤیا

Latvia

680. Latvia has the 4th fastest average internet speeds. The US is in 14th place.

لاتڤیا کە ناسکەولّاتێکە، خاوەنی چوارەم خێراترین ئینتەرنێتە لەسەرتاسەری جیهاندا، لەکاتێکدا ئەمەریکا بەو هەموو شان و شەوکەوت و عەنتەرییەوە، ریزبەندییەکەی لەهەمان رووەوە 14هەمە.

لاقەکردن

rape

681. In the past, rape was often punished with death, and it is punishable by death in nearly 10 countries today: China, Afghanistan, United Arab Emirates, Egypt, Bangladesh, Iran, Saudi Arabia, Pakistan, and North Korea.

لەڕابردودا زۆرجار سزای تاوانبارانی لاقەکردن، لەسێدارەدان بووە. لەئێستاشدا نزیکەی 10 وڵات سزای لەسێدارەدان لەدژی لاقەکاران جێبەجێدەکەن کە ئەمانەن: چین، ئەفغانستان، ئیمارات، میسر، بەنگلادیش، ئێران، سعودیە، پاکستان، کۆریای باکور.

2019-12-23

لەسێدارەدان

execution

682. Wanda Jean Allen, a 41-year-old Oklahoma resident, was the first black woman to be executed in the U.S. since 1954. She was convicted of killing her lesbian lover, Gloria Leathers, whom she met in prison. Prior to killing Leathers, Allen was incarcerated for fatally shooting a childhood friend in 1981, the Associated Press reported. She was executed via lethal injection Jan. 11, 2001.

واندا جین ئالینی تەمەن 41 ساڵ، دانیشتوویەکی شاری ئۆکلاهۆمای ئەمەریکا بوو، بووەتە یەکەم ژنی رەشپێست کە لەساڵی 1954ەوە لەسێدارە بدرێت لەو وڵاتەدا. ئەم ژنە بە کوشتنی ژنەعاشقە هاوڕەگەزخوازەکەی بەناوی گلۆریا لیزەرس، کە لەزیندانیدا یەکتریان ناسیوە، ئیدانەکراوە. پێش کوشتنی لیزەرس ئالین بەهۆی تەقەکردنی لەهاوڕێیەکی منداڵی، لەساڵی 1981، دەستگیرکرابوو. دواجار لە 11-1-2001 ئەم ژنە ئیعدامکراو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

---

683. Arkansas woman Christine Riggs was put to death in 2000 for the killing of her two young children in 1997. The 28-year-old former nurse said her depression was what caused her to smother her son and daughter, ages 5 and 2, with a pillow. The New York Times reported that Riggs then tried to kill herself with potassium chloride. Oddly enough, it was potassium chloride that ended up being one of three drugs the state used in her lethal injection execution.

ئەم کەللەبەرانەی دەیبینن، ژنێکی ئەمەریکیی خەڵکی ویلایەتی ئەرکەنساسە بەناوی کریستین ریگس. ئەم گورگە مرۆییە لەساڵی 2000 بەهۆی تاوانی کوشتنی دوو منداڵی بچوکی خودی خۆی، لەسێدارەدراوە. ئەم ژنە تەمەن 28 ساڵە کە بە ناخێری گیانی پەرستاریش بووە، دەڵێت ئەو خەمۆکییەی لەگەڵیدا بووە، بووەتەهۆی ئەوەی کوڕە تەمەن پێنج ساڵەکەی و کچە تەمەن دوو ساڵەکەی بە سەرین لەجێگەی خەوتنەکەیاندا بخنکێنێت. پاش کوشتنی دوو منداڵەکەشی، ئەم ژنە هەوڵیداوە خۆشی بە ئاوێتەی کلۆریدی پۆتاسیۆم بکوژێت. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دواتر ئەم ئاوێتەیە بووە یەکێك لەو سێ دەرمانەی ویلایەتەکە بەکاریهێنا بۆ ئیعدامکردنی بە دەرزیلێدانی کوشندە.

684. Betty Lou Beets was convicted of killing her husband for insurance money and was dubbed “The Black Widow.” The Texas woman murdered her fifth husband in 1983, but said it was because he beat her. She was also charged with killing her fourth husband, and shooting and wounding her second husband. The bodies of her two previous husbands were found buried outside her mobile home, CBS News reported. Beets’ own children testified against her, and she was finally executed Feb. 24, 2000 at the age of 62.

ئەم ژنە دەمبەخەندەیە! بەکوشتنی مێردەکەی لەسەر پارەی زەمان ئیدانەکراوەو نازناوی پیرەژنە رەشەکەی لێنراوە. ئەم بەرازە کە خەڵکی ویلایەتی تەکساسە، لەساڵی 1983ش مێردی پێنجەمی کوشتووە، بەڵام خۆی دەڵێت هۆکارەکەی ئەوە بووە کە مێردەکەی لێیدەدا. هەروەها بە کوشتنی مێردی چوارەمیشی و تەقەکردن لەمێردی دووەم و بریندارکردنی، تۆمەتبارکراوە. تەرمی دوان لەمێردەکانی پێشوی لەژێر خاکی دەرەوەی ماڵە گەڕۆکەکەیدا دۆزراونەتەوە. لەدادگا خودی منداڵەکانی ئەم گورگە مرۆییە، شایەتییان لەدژی داوە. دواجار لە 24-2-2000، لەتەمەنی 62 ساڵیدا، لەسێدارەدراو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێڵرا.

685. Judy Buenoano, known as the "Black Widow," was executed in Florida on March 30, 1998, for the 1971 murder of a husband. She also was convicted in the 1980 murder of a son and attempted murder in 1983 of a boyfriend and is believed to have been involved in several other deaths.

ئەم پەپولەیە!!!! ناوی جودی بوێنوانۆیەو بەهۆی تاوانەکانییەوە بە پیرەژنە رەشەکە بەناوبانگە. ئەم ژنە لە 30-3-1998 لە فلۆریدا بەهۆی تاوانی کوشتنی مێردەکەی لەساڵی 1971، لەسێدارەدرا. هەروەها بە تاوانی کوشتنی کوڕێکی خۆی لەساڵی 1980 و هەوڵدان بۆ کوشتنی کەپڵەکەی لەساڵی 1983 ئیدانەکراوە. لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو بڕوایەدان کە ئەم گورگە مرۆییە تێوەگلاوە لەچەند تاوانێکی تری کوشتندا.

686. Karla Tucker and an accomplice killed two people with a pickaxe. Fifteen years later, in 1998, she became the first woman executed in Texas since the Civil War.

ئەم ژنە ناوی کارلا توکەرە. ئەم شەیتانە لەگەڵ شەریکەتاوانێکی لەخۆی شەریفتردا دوو کەسی بە پاچ کوشتووە. 15 ساڵی ناسك دوای ئەم تاوانە، لەساڵی 1998، بووە یەکەم ژنی ویلایەتی تەکساس کە لەسەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە لەسێدارە بدرێت.

687. Velma Barfield confessed to killing six people, including her mother, with poison. She was executed in North Carolina on Nov. 2, 1984, becoming the first woman executed in the United States after the resumption of capital punishment in 1976.

ئەمەی دەیبینن ژنێکە بەناوی ڤێلما بارفایلد. ئەم پەپولەیە!!! دانیناوە بە کوشتنی شەش کەس بە ژەهراویکردن کە یەکێکیان دایکی خودی خۆی بووە. بەهۆی ئەم تاوانانەوە لە 2-11-1984 لەویلایەتی کارۆلاینای باکور بە دەرزیلێدانی ژەهراوی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێڵراو بەوەش بووە یەکەم ژن کە لەسێدارە بدرێت لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پاش دەستپێکردنەوەی ئەو سزایە لەو وڵاتەدا لەساڵی 1976ەوە.

688. Modern executions are quite expensive, and it takes its toll on the taxpayer. California alone spends close to $200 million per year on capital punishment.

شێوازی لەسێدارەدانی هاوچەرخ، پارەیەکی تاڕادەیەك زۆری تێدەچێت و ئەم پارەیەش لەباج و رسوماتی باجدەرەکانەوە دابیندەکرێت. ئینجاکونێ هەر لۆ نمونە، تەنها ویلایەتی کالیفۆرنیا هەموو ساڵێك نزیکەی 200 ملیۆن دۆلار واتە بیست هەزار دەفتەری ناسك، تەنها لەسزای لەسێدارەداندا خەرجدەکات.

689. The number of death row inmates in 2017 in the United States was 2,817. California had the most prisoners, with 746, while Delaware had a total of 0. No other state was even close to California, as Florida was in second with 374.

تەنها لەساڵی 2017، ژمارەی ئەو زیندانییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووەو لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزاکەدا بون، دوو هەزارو 817 کەس بووە. لەم ژمارەیە ویلایەتی کالیفۆرنیا بەشی شێری بەرکەوتووە کە 746 زیندانی هەبووە، لەبەرامبەردا ویلایەتی دێلەوێر هیچ زیندانییەکی لەو شێوەیەی نەبووە. فلۆریداش دوای کالیفۆرنیا دێت و پلەی دووەمی گرتووەو 374 زیندانی حوکمدراو بە لەسێدارەدانی هەبووە.

690. There are 139 foreign citizens living their lives on death row in the United States. Of those 139, 91 of them come from countries which have abolished the death penalty.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا 139 هاوڵاتی بیانی هەن کە سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچووەو لەئێستادا لەزیندان لەچاوەڕوانی جێبەجکردنی سزاکەیاندان. لەم ژمارەیە 91 کەسیان خەڵکی وڵاتگەلێکن کە سزای لەسێدارەدانی تێدا هەڵوەشاوەتەوە.

2019-12-20

691. As of July 2017, there were 53 women on death row in the US, which accounts for less than 2% of the population of inmates, while “only” 16 women have been executed since 1976.

لەمانگی تەموزی 2017ەوە تا ئامادەکردنی ئەم ناسکەزانیارییە، ژمارەی ئەو ژنە زیندانییانەی سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچووە، 53 ژن بون کە دەکاتە کەمتر لە دوو لەسەدی کۆی زیندانییەکانی ئەمەریکا. لەساڵی 1976یشەوە لەئەمەریکا، تەنها 16 ژن لەسێدارەدراون.

20-12-2019

692. The latest country to abolish the death penalty was Burkina Faso, in 2018.

کۆتا وڵاتی جیهان کە سزای لەسێدارەدانی هەڵوەشاندووەتەوە، بۆرکینا فاسۆیە کە لەساڵی 2018، ئەو سزایەی هەڵوەشاندووەتەوە.

2019-12-20

693. Cooking people alive sounds barbaric, but it hasn’t fully disappeared from the globe. It has been reported that the dictatorship regime of Uzbekistan, known for routinely violating human rights, still executes people by boiling them alive.

کوڵاندنی مرۆڤ بەزیندویی دیارە کە کارێکی وەحشیگەرییە، بەڵام سەرباری ئەوەش تائێستا لەجیهاندا بەتەواوەتی بنەبڕ نەبووە. دەوترێت رژێمە دیکتاتۆرەکەی ئۆزبەکستان کە بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی رۆژانە، ناوی دەرکردووە، تائێستاش خەڵك بە شێوازی کوڵاندن بەزیندویی، ئیعدام دەکات.

20-12-2019

694. France did not do away with the death penalty until 1981, which means that the guillotine was not only still in use until recently, but it remained the country’s standard method of judicial execution for centuries. The last beheading by guillotine in the country which made it famous was in 1977 when Hamida Djandoubi was beheaded for the kidnap and murder of his ex-girlfriend.

فەرەنسا بەو هەموو رۆمانسییەتەوە، تا ساڵی 1981یش خۆی لەسزای لەسێدارەدان رزگارنەکردووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە گیلۆتین نەك تەنها تا ئەم دواییانەش بەکارهێنراوە، بەڵکو بۆ ماوەی چەند سەدەیەك وەك شێوازە باوەکەی لەسێدارەدان ماوەتەوە

لەو ولاتەدا. کۆتا لەسێدارەدان بەشێوازی سەربڕین بە گیلۆتین لەم وڵاتە کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، ئیعدامکردنی برادەرێك بوو بەناوی حەمیدە جەندوبی کە بەهۆی رفاندن و کوشتنی گێڵفرێندەکەیەوە، بە گیلۆتین سەری لەلاشەی جیاکرایەوە.

695. After shooting two bank tellers dead during a bank robbery, Mitchell Rupe was sentenced to the death penalty by hanging. The only issue was that Rupe was over 400 pounds. He argued that this sentence was a form of cruel and unusual punishment, as he was too heavy to be hung properly. After many court proceedings, he was finally spared and given life in prison. He died in 2006 from liver disease.

پاش ئەوەی هەڵیکوتایە سەر بانکێك و دوو ئەمین سندوقی بانکەکەی کوشت، تاوانبارێك بەناوی میشێل روپێ سزای لەسێدارەدان بە هەڵواسینی لەدژ دەرچوو، بەڵام کێشەیەك هەبوو لەجێبەجێکردنی سزاکە. کێشی ئەم برادەرە نزیکەی 182 کیلۆگرامی ناسك بوو. ئەم برادەرە مشتومڕی لەسەر ئەوە دروستکردو دەیویت، هەڵواسینم بەم کێشە زۆرەوە سزایەکی دڕندانەو ناباوەو بەهۆی کێشە زۆرەکەیەوە بەڵکی لەسێدارەدان بە هەڵواسین نایەت. پاش چەندین رێکارو مشتومڕی دادگا، دواجار بڕیاردرا سزای لەسێدارەدانەکەی بۆ بکەن بە زیندانی هەتاهەتایی. دواجار ئەم برادەرە لەساڵی 2006، بەهۆی نەخۆشی جگەرەوە، عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

696. Last meals are often romanticized, however, if you’re a prisoner in the United States, you have a limit of only $40. This is set in place to prevent the ordering of grand meals.

کۆتا ژەمەخواردنی زیندانیانی حوکمدراو بە لەسێدارەدان، خواردنێکی رۆمانسییە، بەڵام سەرباری ئەوەش خوا بەو رۆژێ نەکاو گوێ شەیتان کەڕبێ و هەرچوار پەلیشی بشکێ، ئەگەر تۆ کەسێك بیت لەو جۆرە زیندانییانە ئەوا بەگوێرەی یاسا دەبێت نرخی کۆتا ژەمەکەت لە 40 دۆلاری ناسك تێپەڕنەکات. بۆ نمونە ناتوانین بڵێیت چوار کەوی شاخەکانی کوردستان و پێنج بزنەکێوی و شەش قەلی کوردیم بۆ سەربڕن و کەمێك لەجگەری هەر یەکێکیانم بۆ بهێنن دەیخۆم. ئەم یاسایەش بۆ ئەوەیە کە نەیەڵن زیندانییان داوای خواردنی گرانبەها بکەن.

697. Amazingly, juveniles weren’t spared from being sentenced to death in the United States until 2005. The last minor to be murdered judicially was Leonard Shockley, in 1959 at the age of 17, by gas chamber. He was convicted after the murder a shopkeeper during a robbery in Maryland.

سەیرەو بەداخەوەش کە تا ساڵی 2005یش کەسانی نەوجەوانیش لەسزای لەسێدارەدان بێبەش نەبون لە ئەمەریکا. کۆتاکەسی نەوجەوان کە بەپێی یاسا لەم وڵاتە ئیشقۆرە لەسێدارەدراوە، کوڕێك بوو بەناوی لیۆنارد شۆکلی کە لەساڵی 1959، لەتەمەنی 17 ساڵی بە خستنەژوری گازەوە، ئیعدامکرا. ئەم کوڕە پاش ئەوەی لەویلایەتی مێریلاند هەڵیکوتایە سەر دوکانێك و دوکاندارەکەی کوشت، سزای لەسێدارەدانی لەدژ دەرچوو.

698. In the United States, 96% of the states display a pattern of racial discrimination in regards to the sentencing of the death penalty. A black defendant is three times more likely to receive the death penalty than a white defendant in many states. Also, in many states, a defendant is also three times more likely to be sentenced to death if the victim was white.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان کە رۆژ تا ئێوارە بەرپرسە سەرزلەکانیان مێشکیان گ...ن بە ئازادی و مافی مرۆڤ و زاراوە باق و بریقەکانی تر، لەسەدا 96ی ویلایەتەکانیان لەڕوی سزای لەسێدارەدانەوە، شێوازێك جیاکاریی رەگەزی بەکاردەهێنن

لەبەرژەوەندی سپیپێستەکان. لەزۆرێك لەویلایەتەکانی ئەم وڵاتە، ئەگەری لەسێدارەدانی سکاڵالێکراوێکی رەشپێست سێ ئەوەندە لە هی سکاڵالێکراوێکی سپیپێست زیاترە. هەر لەزۆرێك لەویلایەتەکان، سکاڵالێکراوێك ئەگەر قوربانییەکەی دەستی سپیپێست بێت، ئەوا سێ جار ئەگەری لەسێدارەدانی زیاترە وەك لەوەی قوربانییەکەی دەستی سپیپێست نەبێت.

رەنگە بڵێیت چۆن؟ منیش دەڵێم: چاك!!!!

699. While only making up 13% of the population in the country, black inmates account for 42% of death row inmates.

رەشپێستەکان هەرچەندە لەسەدا 13ی دانیشتوانی ئەمەریکا پێکدەهێنن، بەڵام لەسەدا 42ی سەرجەم ئەو زیندانییانەی حوکمی لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچووەو لەچاوەڕوانی لەسێدارەداندان، رەشپێستن.

---

700. Today, the top five countries committed to the act of capital punishment are China, Iran, Iraq, Saudi Arabia, and the United States.

بەناشکوری ئەو خوایە نەبێت، هەمیشە عیراق دەبێت لەڕوی قۆڕییاتەوە ناوی لەلوتکەدا بێت.

لەئێستادا ئەو پێنج وڵاتەی جیهان کە زۆرترین سزای لەسێدارەدانی تێدا جێبەجێدەکرێت، چین و ئێران و عیراقی ئیشقۆڕو سعودیەو ئەمەریکان.

701. 20 prisoners were executed in the United States in 2019.

بەدرێژایی ساڵی 2019 تا ئێستا، ئەمەریکای ئیشقۆڕ، بیست زیندانی لەسێدارەداوە.

2019-12-11

702. Chipita Rodriguez was hanged in San Patricio County, Texas in 1863 for murdering a horse trader, and 122 years later, the Texas Legislature passed a resolution exonerating her.

لەساڵی 1863 خانمێك بەناوی چیپیتا رۆدریگێز، لەویلایەتی تەکساس، بەتۆمەتی کوشتنی بازرگانێکی ئەسپ، لەسێدارەدرا، بەڵام پاش 122 ساڵ لە لەسێدارەدانی، کۆنگرێسی تەکساس بڕیارێکی دەرکردو تێیدا بێتاوانی ئەو خانمەی راگەیاند.

703. Chiang Kuo-ching (Chiang is the family name, Chinese: 江國慶, 1975–1997) was a Taiwan Air Force soldier who was executed by a military tribunal on August 13, 1997 for the rape and murder of a five-year-old girl. On January 28, 2011, over 13 years after the execution, Hsu Jung-chou (Chinese: 許榮洲), who had a history of sexual abuse, admitted to the prosecutor that he had been responsible for the crime. In September 2011 Chiang was posthumously acquitted by a military court who found Chiang's original confession had been obtained by torture. Ma Ying-jeou, the Republic of China's president, apologised to Chiang's family.

چیانگ کوۆ چینگ سەربازێکی هێزە ئاسمانییەکانی تایوان بوو. لەساڵی 1975 لەدایکبووە. لە 13-8-1997 دادگایەکی سەربازی بە تۆمەتی کوشتن و لاقەکردنی کیژۆڵەیەکی تەمەن پێنج ساڵ، لەسێدارەی دا. لە 28-1-2011 واتە 13 ساڵ پاش لەسێدارەدانی، هەتیوێك بەناوی هسوو جەنگ چوو کە مێژویەکی هەبوو لەدەستدرێژی سێکسی، لەبەردەم داواکاری گشتی، دانی بەوەدا نا کە ئەم ئەو تاوانەی دژی کیژۆڵەکە ئەنجامداوە. دواجار لەئەیلولی 2011 چیانگ واتە لەسێدارەدراوەکە، پاش ئەوەی دادگای سەربازی بۆیدەرکەوت کە دانپێدانانە بنەڕەتییەکەی لەژێر ئەشکەنجەدا دەرهێنراوە، بێتاوانی دەرکرد. هەروەها سەرۆکی ئەو کاتەی چینیش داوای لێبوردنی لەخێزانی چیانگ کرد.

رۆحی شاد.

704. Wei Qing'an (Chinese: 魏清安, 1961–1984, 23 years old) was a Chinese citizen who was executed for the rape of Kun Liu, a woman who had disappeared. The execution was carried out on 3 May 1984 by the Intermediate People's Court. In the next month, Tian Yuxiu (田玉修) was arrested and admitted that he had committed the rape. Three years later, Wei was officially declared innocent.

لەساڵی 1984 برادەرێکی چینی بەناوی وەی کینگان (1961-1984) بەتۆمەتی لاقەکردنی کچێك بەناوی کون لیو کە پێشتر بێسەروشوێن ببوو، لەسێدارەدرا. سزای لەسێدارەدانەکە لە 3-5-1984 لەلایەن دادگای ناوەندیی میلیی چینەوە، جێبەجێکرا. مانگی پاش لەسێدارەدانەکە، برادەرێکی تر بەناوی تیان یوخیو دەستگیرکراو دانی بەوەدا نا کە ئەم تاوانی لاقەکردنەکەی ئەنجامداوە. سێ ساڵ دواتر، وەی واتە برادەرە لەسێدارەدراوەکە بەڕەسمی بێتاوانی راگەیەنرا.

705. Colin Campbell Ross was hanged in Melbourne in 1922 for the murder of 12-year-old Alma Tirtschke the previous year. The case was re-examined in the 1990s using modern techniques and Ross was eventually pardoned in 2008, by which time capital punishment in Australia had been abolished in all jurisdictions—the last execution taking place in 1967.

ئەم برادەرەی دەیبینن، پیاوێك بوو بەناوی کۆڵن رۆس. لەساڵی 1922 بە تۆمەتی کوشتنی نەوجەوانێکی تەمەن 12 ساڵ لەساڵی پێشتر، لەشاری مێڵبۆرن لە ئوسترالیا لەسێدارەدرا. لەساڵەکانی 1990ەکان، پاڵپشت بە تەکنیکی نوێ، پێداچونەوە بە کەیسەکەیدا کرایەوەو دواجار لەساڵی 2008 واتە پاش 86 ساڵ لەئیعدامکردنی، بەڕەسمی داوای لێبوردنی لێکرا کە بەهەڵە لەسێدارەدراوە. کاتێك داوای لێبوردنی لێکرا، دەمێك بوو سزای لەسێدارەدان لەو وڵاتە لەسەرجەم دەسەڵاتە دادوەرییەکان هەڵوەشێنرابویەوە. کۆتا لەسێدارەدان لەو وڵاتە لەساڵی 1967 ئەنجامدراوە.

706. شا لویسی شانزەهەم، لەکاتی ئیعدامکردنیدا، هێندە قەڵەو بوو کە گیلۆتینەکە نەیتوانی بە یەکجار سەری ببڕێت، بەڵکو بەدوجار سەریان بڕی. بەکوردی و بە کورتی ئا ئەمەیە ئەڵێ ملی بە حەوت تەور نابڕرێتەوە.

At the time of his execution, the former king Louis XVI was too fat for the guillotine and it required two attempts to behead him.

ماچ
Kiss

707. ماچ دەکرێ تەمەن درێژبکات. طبعەن هی حەڵاڵ و یاسایی زانسطی!

708. Kissing actually takes a lot of effort to perform. 34 facial muscles are used when kissing, and another 112 muscles in the neck, shoulders, and arms are also used.
ماچکردنی رۆمانسی هەروا ئاسان نیە، چونکە هەر ماچێکی لەو شێوەیە پێویستی بە بەکارهێنانی 34 ماسولکەی دەموچاوو 112 ماسولکەی تری گەردن و شان و قۆڵ هەیە.
واتە شتێکی گێراوەتەوە لەخەباتە!!!

709. Women, as a general rule, like light and frequent kisses, while men like it more vigorous.
بەشێوەیەکی گشتی خانمان حەزیان لە ماچی سوك واتە ناسکەماچ و چەندجارەکردنەوەی هەیە، بەڵام پیاوان حەزیان لەماچی توند واتە ماچی دایسکردنە!!!!

مارلین مۆنرۆی
Marilyn Monroe

710. زۆر کەس لەو بڕوایەدایە کە خانمەئەکتەری ئەمەریکی، مارلین مۆنرۆی لەلایەن خێزانی کێنێدییەوە کوژراوە، ئەویش لەسەر ئەوەی مارلین پەیوەندیی حوبحوبێنەی لەتەك جۆن ئێف کێنێدیدا هەبووە. هەروەها دیمەنێکی ڤیدیۆیی کارفرصانی مۆنرۆی هەیە کە تێیدا بەدەم سێکس لەگەڵ پیاوێکدا دەکات. جەی ئێدگار هوڤەر کە یەکەم سەرۆکی ئێف بی ئایە، لەو بڕوایەداية کە ئەو پیاوە جۆن کێنێدییە کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا. ئێستا هیچ لەم سیانە لەژیاندا نەماون و عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە.

ماڵپەڕ
website

711. ماڵپەڕێك هەیە بەناوی مایفریجفود دۆت كۆم. ئەم ماڵپەڕە خوا داینناوە بۆ ئەو كەسانەی جگە لەهێلكەی كوڵاو هیچی تر نازانن بەتایبەت خانمان.
لەڕێگەی ئەم ماڵپەڕەوە بینا لەسەر ئەو شتانەی كە لەسەلاجەكەتدا هەیە، پێت دەڵێت دەتوانیت ئێستا چی دروستبكەیت و چۆنیش.

712. ماڵپەڕێك هەیە بەناوی thefacesoffacebook.com . ئەم ماڵپەڕە وێنەی پرۆفایلی سەرجەم فەیسبوكەوانەكانی تێدایە كە نزیكەی یەك ملیارو سێ سەد ملیۆنە.

مایکرۆسۆفت
Microsoft

713. موچەی سەرەتایی هەر دیڤیلۆپەرێك لەکۆمپانیای مایکرۆسۆفت، دە دەفتەرو 60 وەرەقەی ناسکە!!!

مایکڵ جاکسۆن

Michael Jackson

714. When Michael Jackson died in 2009, this caused several websites, including Twitter and Wikipedia, to crash, as many people wanted to know more about his death and overloaded the website operators' servers.

لەساڵی 2009 کاتێك مایکڵ جاکسۆن عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، مەرگی ئەم ناوداره کێشەی تەکنیکی لەچەند ماڵپەڕێکدا دروستکرد لەوانە تویتەرو ویکیپیدیا. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر خەڵك بەمەبەستی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە مردنەکەی، سەردانی ئەو ماڵپەڕانەیان کردو بارگرانییەکی زۆریان لەسەر سێرڤەرەکانیان دروستکرد.

مردن

death

715. The leading cause of death among young women in the developing world is childbirth.

هۆکاری سەرەکی مردنی خانمانی گەنج لەوڵاتە پێشکەوتووەکان منداڵبون.

کەواتە منداڵبون سەرکەشییەکی مەترسیدارە، هەربۆیە رەنگە خانمان زۆر ناحەقییان نەبێت کە پۆزی پێوە لێبدەن و جارجارە روو لەپیاوان بێژن: ئەگەر ئازای منداڵێکت ببێت!!!!

716. Every day in 2017, approximately 810 women died from preventable causes related to pregnancy and childbirth.

لەساڵی 2017، هەموو رۆژێك نزیكەی 810 خانم بە هۆكارگەلێكی پەیوەندیدار بە دوگیانی و منداڵبون، كە كە دەكرا رێیان لێبگیرێت، عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووە.

717. Every year, about 8 out of every 1,000 people die, according to the Population Reference Bureau and the CIA's World Factbook. That's about 55.3 million people per year. Or: 151,600 people a day; 6,316 people an hour; 105 people a minute; nearly two people a second.

بەگوێرەی دامەزراوەی نوسینگەی سەرچاوەی دانیشتوان و كتێبی راستییەكانی جیهانی سەربە دەزگای هەواڵگریی ئەمەریكا، ساڵانە لەهەموو هەزار كەسێك لەجیهاندا، هەشتیان عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن.

واتە دەكانە مردنی نزیكەی 55 ملیۆن و سێسەد هەزار كەس لەساڵێكدا یان 151 هەزارو 600 كەس لەڕۆژێكدا. شەش هەزارو 316 كەس لەسەعاتێكدا، 105 كەس لەیەك دەقەداو نزیكەی دوو كەس لەهەموو چركەیەكدا. هەركەسێكیش گومانی هەیە ئەوا دەتوانێت بۆ جەختكردنەوە بیژمێرێت.

718. In any given second, more than twice as many people are born as die.

لەهەر چركەیەكدا كە بیگری (تەبعەن بیلامانێ!)، چەند كەس دەمرێت، زیاتر لەدوو ئەوەندە لەدایكدەبێت.

719. On some bodies, a waxy substance called "adipocere" forms in the first few days after death, covering the skin. It is also known as "corpse wax" and can preserve the rest of the remains for years.

هەندێك مرۆڤ هەیە، تەرمەكەی پاش چەند رۆژێك لەمردنی، ماددەیەكی مۆمی دروستدەكات كە پێیدەووترێت مۆمی تەرم یان مۆمی گۆڕو پێستی مردووەكە دادەپۆشێت و دەكرێ پاشماوەی تەرمەكە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بپارێزێت.

رەنگە هۆكاری مانەوەی تەرمی شەهیدان و بەناحەقكوژراوان، ئەم جۆرە مۆمە بێت، والله اعلم.

720. Forensic scientists can tell roughly how long it has been since death by looking at the species of insect on the body.

زانایانی دادپزیشكی واتە توب عەدلی، دەتوانن لەڕێگەی سەیركردنی ئەو جۆرە مێروانەی لەسەر تەرمێكن، بەنزیكی بزانن كە ئەو كەسە ماوەی چەند بەسەر ئیحالەبونی عومری درێژی بۆ تۆ، تێپەڕیوە.

721. "Fishing is the most dangerous occupation in America (128.9 deaths per 100,000 people), compared to logging (115.7), the military (82, the leading cause being "accident"), flying (72.4), structural iron and steel working (46.4), mining (35) and policing (11.1). The average worker's fatality rate is 3.6."

مەترسیدارترین پیشە لە ئەمەریکا، راوەماسییە. لەکۆی هەموو هەزار کەسێك کە لەم پیشەیەدا کاردەکات، نزیکەی 130 کەسیان عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن. بەدوای ئەودا داربڕین دێت کە رێژەی مردن تیایدا زیاتر لە 115 کەس و نیوە لەهەموو هەزار کەسێك، بەدوای ئەمیش سوپا دێت (82 مردن کە هۆکاری سەرەکییان روداوە)، پاشان گەشتی ئاسمانی (نزیکەی 72 کەس و نیو لەهەزار کەس)، پاشان کارکردن لەبنیاتنانی کانزاو پۆڵا (نزیکەی 46 کەس و نیو)، بەدوای ئەمیشدا کان دێت (35 مردن) و پاشان پۆلیس (زیاتر لە 11 کەس). بەگشتی تێکڕای گیانلەدەستدان لەناو کرێکارانیشدا زیاتر لە سێ کەس و نیوە لەهەموو سەد کەسێك.

722. Approximately 150,000 people die each day around the world.

هەموو رۆژێك نزیکەی 150 هەزار کەس عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن.

723. Soon after death, a person’s eyeballs flatten due to the loss of blood pressure.

ڕاستەوخۆ پاش مردنی مرۆڤ، گڵێنەی چاوی تەخت دەبێت، هۆکاری ئەمەش نەمانی فشاری خوێنە.

724. Mistakes on a doctor’s note, mainly due to messy handwriting, kill over 7,000 people in the U.S. each year.

هەموو ساڵێك بەهۆی هەڵەی نوسینی پزیشکەوە، کە زۆربەی بەهۆی ناشرینی دەسوخەتەوەیە، حەوت هەزار کەس تەنها لە ئەمەریکا گیان لەدەستدەدەن.

725. In 1984, British comedian Tommy Cooper had a heart attack and died on live television. The audience all assumed it was part of his act and laughed/applauded during his final moments.

لەساڵی 1984، کۆمیدیاکاری بریتانی، تۆمی کوپەر، لەگەرمەی نمایشێکی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنیدا، جەڵتەی دڵ لێیداو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت. جەماوەر وایانزانی ئەو جەڵدەو مردنە بەشێکە لەنواندنەکەی، بۆیە دەستیانکرد بەپێکەنین و چەپڵەلێدان.

726. A woman named Chante Mallard hit a homeless man with her car, sending him through her windshield. She drove home, parked her car in her garage and left him stuck there. He died, so she took the body to a park and set fire to the car. She was caught 4 months later when she talked about it at a party.

لەساڵی 2001، خانمێك بەناوی چانتی ماڵارد، بە ئۆتۆمبێلەکەی لەپیاوێکی بێماڵ و حاڵی داو لەئەنجامدا پیاوەکە کەوتە سەر جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە. سەرباری ئەوەش ئەم ژنە لەلێخوڕین بەردەوام بوو و ڕۆشتە ماڵەوەو ئۆتۆمبێلەکەی خستە

گەراجەکەیەوەو پیاوەکەی بەو شێوەیە بەسەر جامی پێشەوە جێهێشت. دواتر ئەم پیاوە گیانی لەدەستدا، پاشان ژنەکە تەرمەکەی برد بۆ پارکێك و سوتاندی.

چوار مانگ دواتر، پاش ئەوەی لەئاهەنگێکدا باسی ئەم روداوەی کرد، تاوانەکە ئاشکرابوو و دەستگیرکراو دواتریش دادگاییکراو سزای زیندانی بۆ ماوەی پەنجا ساڵی ناسکی بەسەردا سەپێنراو ئێستا بۆ خۆی لەزیندان پاڵی لێداوەتەوەو دەڵێ: بەجارێ ماڵی وێرانم، ئەویشم چوو، ئەمیشم چوو (بەڵام بە ئینگلیزی!!!)

ئینجاکونێ بۆیە ئەوەی لەبەردەمتا وتی ژن جنسی لەتیف، هەتا هێزت تیایە، بڵێ شەرت نیە!!!!

منداڵ

child

727. لەم زانیارییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تەنانەت عەولادە نارِەسەنەکانیش، لەسەرەتادا عەولایی رەسەنن!!!!! هەندێجار منداڵ کاتێك پێدەکەنێت لەبەرئەوە نیە کە دڵخۆشە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەزانێت ئەو پێکەنینەی دایك و باوکی دڵخۆشدەکات.

مەدەغەشقەر

Madagascar

728. Madagascar is big. It’s 226,917 square miles to be precise, making it the fourth largest island on the planet (and bigger than Spain, Thailand, Sweden and Germany). The UK is a rather puny 93,410 square miles in comparison.

ئەگەر مەدەغەشقەر بە وڵاتێکی زۆر بچکۆلانە تێگەیشتویت، ئەوا هەڵەیت، چونکە نەك هەر بچوك نیە، بەڵکو زۆر گەورەشە. روبەری ئەم وڵاتە نزیکەی 227 هەزار میلی چوارگۆشەیە، بەمەش بووەتە چوارەم گەورەترین دورگە لەسەرتاسەری زەویدا. ئەم وڵاتە لە ئیسپانیاو تایلاندو سویدو ئەڵمانیاش گەورەترە.

کورە جا هێشتا چیت دیوە. شانشینی یەکگرتوو بەو هەموو شان و شەوکەتەوە روبەرەکەی 93 هەزارو 410 میلی چوارگۆشەیە، واتە مەدەغەشقەر نەك هەر لەمیش گەورەترە، بەڵکو نزیکەی سێ ئەوەندەشی دەبێت.

2020-9-8

729. There are 26.2 million Malagasies, making it a more populous country than Australia, Sri Lanka, The Netherlands, Romania and Greece.

ژمارەی دانیشتوانی مەدەغەشقەر، 26 ملیۆن و 200 هەزار کەسە. واتە دانیشتوانی ئەم وڵاتە بێدەنگە لە هی ئوسترالیاو سریلانکاو هۆڵەنداو یۆنانیش زیاترە.

2018-6-26

مەغریب

Morocco

730. لەساڵی 1955، لە مەغریب ژنێك مەوعیدی نەشتەرگەری منالّبونی بۆ دانرا لەنەخۆشخانە، بەڵام پاش ئەوەی بینی ژنێك لەکاتی نەشتەرگەرییەکی هاوشێوەدا عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، ئەم ژنە لەنەخۆشخانە هەڵات و نەچوو بچێ عەمەلیاتەکە بکات.

دوای هەڵاتنی لەنەخۆشخانە بۆ ماوەی چەند رۆژێك ئازاری هەبوو بەڵام دواتر کتوپڕ ئازارەکە بە قودرەتی قادر نەماو ژنەش بەردەوامیدا بە ژیانی ئاسایی خۆی. 46 ساڵ دواتر پشکنین دەریخست کە وەرەمێك لەسکیدایەو دەرکەوت کە وەرەمەکە منالّەکەیەو بووەتە کلس و ئەو هەموو ماوەیە لەسکیدا ماوەتەوە.

مەکسیك

Mexico

731. In 2016, an indigenous Mexican woman named María Lorena Ramírez from the Tarahumara community won a 50 km ultramarathon featuring 500 runners from 12 countries while wearing a skirt and sandals made from tire rubber.

لەساڵی 2016، خانمێکی سادەی مەکسیکی بەناوی ماریا لۆرێنا رامیرێز کە خەڵکی کۆمەڵگەی تاراهومارای ئەو وڵاتەیە، توانی کەڵەماراسۆنێکی 50 کیلۆمەتری بباتەوە کە تێیدا 500 راکەری 12 وڵات بەشداربیان تێداکرد. سەیرەکە لەوەدا بوو کە ئەم خانمە بە تەنورەو جوتێك نەعلی لاستیکەوە ئەو وەرزەش قورسەی بردەوە.

مۆندیال

World Cup

732. In the 2018 Russian hosted World Cup, the distance between Ekaterinburg and Kaliningrad, the easternmost host city and westernmost host city respectively, is 1,500 miles. That’s the same distance from Moscow to London.

لەمۆندیالی 2018 کە لە روسیا ئەنجامدرا، دوریی نێوان شاری ئێکاترنبێرگ و کالینگراد کە یەکەمیان خانەخوێی ئەوپەڕی خۆرهەڵاتی روسیا بوو و دووەمیان خانەخوێی ئەوپەڕی خۆرئاوا بوو، هەزارو پێنج سەد میل بوو کە دەکاتە دوریی نێوان هەردوو شاری مۆسکۆو لەندەن.

ئەگەر گومانیشات لەو مەسافەیە هەیە، ببینون!!!!

733. In 2026, the number of teams qualified into a World Cup will jump up from 32 to 48.

لەمۆندیالی ساڵی 2026ەوە، ژمارەی هەڵبژاردەکانی مۆندیال لە 32ەوە دەکرێن بە 48.

پێموایە کەواتە دەبێتە منالّبالّبازارِو وەك تۆپانێی کۆڵانە قوڕاوییەکانی لێدێت!!!!

734. Mexico is the team with the most losses, having lost 25 different matches since the World Cup started.

بەدرێژایی مێژوی مۆندیال، هەڵبژاردەی مەسیك بە بەراورد بە هەڵبژاردەکانی تر، زۆرترین یاری دۆڕاندووە. ئەم هەڵبژاردەیە بە هەڵبژاردەی 25 وڵاتی جیای دۆڕاندووە.

735. Egyptian Goalkeeper, Essam El Hadary, is the oldest player to ever play in the World Cup at the age of 45, having played at the 2018 Russian World Cup.

بەتەمەنترین یاریزان کە لەمۆندیالدا بەشداریکردووە، یاریزای هەڵبژاردەی میسر، عیسام ئەلحەزەرییە کە لەمۆندیالی روسیای 2018، هەرچەندە تەمەنی 45 ساڵ بووە، یاریکردووە.

736. The oldest person to ever score a goal at a World Cup was Cameroonian player Roger Milla, who scored against Russia in 1994.

بەتەمەنترین یاریزان کە لەمۆندیالدا گۆڵی تۆمارکردووە، یاریزانی هەڵبژاردەی کامیرۆن، رۆجەر میلا بووە کە لەمۆندیالی 1994 گۆڵی لەهەڵبژاردەی روسیا کردووە.

737. تەنها هەڵبژاردەی تۆپی پێ کە یاری لەبەرامبەر برازیل نەدۆڕاندووە، هی نەرویجە. کورە نەك هەر ئەوە، بەڵکو تەنانەت دوو یاریشی لێبردووەتەوەو لەدوانیشدا تەعادول بون.

738. Nearly half of the world's population watched both the 2010 and 2014 FIFA World Cup games.

نزیکەی نیوەی دانیشتوانی هەموو جیهان، سەیری هەردوو مۆندیالی 2010و 2014یان کردووە.

739. لەمۆندیالی 2002، یاریزانێکی کۆریای باشور بەناوی ئان جونگ هاون لەکاتی بەدەل زائیع، ناسکەگۆڵێکی لەدژی هەڵبژاردەی ئیتالیا تۆمارکردو بەو گۆڵەش ئیتاڵیا لەمۆندیالەکە کرایە دەرەوە. رۆژی دواتر خاوەنی ئەو یانە ئیتالییەی ئەم یاریزانە بەدەر لەمۆندیال یاری بۆ دەکرد، گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوەو لەئاماژەیەکدا بۆ ئەو گۆڵە جەهەنەمییە، وتی، ناتوانێت پارەبدات بە کەسێك کە تۆپی پێی ئیتاڵیا لەناوببات. ئەم رۆحە ناڕیازییەی خاوەنی ئەو یانەیە زیاتر لەناو کورددا هەیە نەك ئەورووپی، بۆیە بەدوری نازانم ئەو برادەرە بەڕەچەڵەك کورد بوبێت. والله اعلم.



مێژوو

History

740. Ancient Egyptian women avoided pregnancy by shoving crocodile dung into the vagina to act as a diaphragm.

لەمیسری دێرینداا خانمان بۆ ئەوەی دوگیان نەبن، دەچون پیسایی تیمساحیان دەکردە زێیانەوە تاوەکو وەك بەربەستێکی دوگیانبون، کاربکات.

741. Humans have been burying their dead for at least 200,000 years. Among the earliest suspected grave sites are Atapuerca, Spain, and Pontnewydd Cave, Wales.

مێژوی ناشتنی تەرمی مرۆڤ بۆ لانیکەم 200 هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە پێموانیە باش بیرتان بێت!!!! دوان لەکۆنترین شوێنەکانیش کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت، هی گۆڕ بن، دەکەونە ئیسپانیاو وێڵزەوە.

ناپاکیی هاوسەرگیری
Marital Infidelity

742. 42% of blonde, 23% of redheaded, 20% of brown-haired, and 11% of black-haired women admit to cheating.

لەسەدا 42ی خانمە قژزەردەکان و لەسەدا 23ی قژسورەکان و لەسەدا بیستی قژقاوەییەکان و لەسەدا 11ی قژڕەشەکان ئیعترافیان کردووە کە خیانەت دەکەن.

743. Ashley Madison revealed that cheating happens the most on Wednesdays in the early evening.

ئاشلی مادیسۆن کە ماڵپەڕێکی تایبەت بە ناپاکیی هاوسەرگیرییە، دەڵێت، زۆرترین خیانەتەکان لەسەرەتای ئێوارانی چوارشەممادا ئەنجامدەدرێن.

744. 2%-3% of children are the result of infidelity. Furthermore, most of these children are raised without knowing that their father figures are not their biological fathers.

لەسەدا دوو تا سێی منداڵان بەرهەمی خیانەتن. ئینجاکونێ زۆربەی ئەم منداڵانەش پەروەردەکرێن بەبێ ئەوەی بزانن کەسایەتیی باوکیان، باوکی بایۆلۆجی واتە راستەقینەیان نیە.

745. When a woman cheats, it's usually for emotional satisfaction, whereas when a man cheats, it's usually from a physically sexual motivation. In perhaps telling results, men also believe sexual cheating is worse than emotional cheating, while women believe the opposite.

کاتێك خانمێك خیانەتدەکات، عادەتەن بۆ تێرکردنی هەستی سۆزداری دەیکات، بەڵام کاتێك پیاو خیانەت دەکات، هۆکارەکەی پاڵنەری سێکسیی جەستەییە. رەنگە لەمەوە سەرەنجام بگەینە ئەوەی کە بتوانین بێژین دەی سا کەواتە پیاوان لەو بڕوایەدان کە خیانەتی سێکسی لە هی سۆزداری خراوترە، بەڵام خانمان بۆچونیان پێچەوانەی ئەمەسە!!!

746. Business trips set the scene for infidelity to occur. About 35% of men and women admit to cheating on a partner while away for work.

گەشتە بازرگانییەکان شوێن بۆ رودانی ناپاکیی هاوسەرگیری رێکدەخەن. نزیکەی لەسەدا 35ی پیاوان و ژنانیش دان بەوەدا دەنێن کە لەکاتێکدا بەهۆی کارەوە دوربون لەهاوژینەکانیان، خیانەتیان لێدەکەن.

747. Men and women who have been unfaithful before are 350% more inclined to cheat again than those who haven't.

ئەو پیاوو ژنانەی پێشترخیانەتیان کردووە، بەڕێژەی لەسەدا 350 ئەگەری خیانەتکردنەوەیان لەکەسانی تر، زیاترە.

748. Do you suspect your partner of cheating? Better check the calendar first.
A new survey has found that people are most likely to engage in extramarital affairs at 6:45 p.m. on Fridays.

گومانی ئەوە دەکەیت کە هاوژینەکەت رێکەوتنامەی ستراتیژی لەگەڵ کەسێکی تردا هەبێت؟ سەرەتا لەڕۆژمێر وردبەرەوە. لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە ئەگەری زۆرە خەڵك لەسەعات 6:5ی ئێوارەی رۆژی هەینی، پەیوەندیی دەرەوەی خێزان دروستبکەن.

749. In over one third of marriages, one or both partners confess he or she has cheated.

زیاتر یەك لەسەر سێی هاوسەرگیرییەکان، یەکێك لەهاوسەرەکان یان هەردوکیان، دان بەوەدا دەنێن کە خیانەتی کردووە.

ناوداران
Celebrities

750. ئایا دەزانیت کە بەگوێرەی پێودانگەکانی زانست، خانمەنمایشکاری لێهاتوو بێلا حەدید جوانترین خانمە لەسەر ئاستی جیهان. چونکێکوم دەموچاوی ئەم خانمە بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا 94و نیو، پێرفێکتە.



751. According to Osama Bin Laden’s will, he requested that his children avoid joining the Jihad and al-Qaeda.
ئوسامە بن لادن لەوەسیەتەکەیدا داوای لەمندالّەکانی کردووە پەیوەندی بەجیهادو رێکخراوی ئەلقاعیدەوە نەکەن.

752. The actor Brad Pitt is thought to suffer from a condition where he struggles to remember faces, apparently including his own.
براد پیت کە یەکێکە لەقۆزەدینەکانی هۆڵیوود (تەبعەن حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتا!) حاڵەتێکی تەندروستی لەگەڵدایە کە بەهۆیەوە بەزەحمەت دەموچاو دەناسێتەوە، بە دەموچاوی خۆشییەوە بەو هەموو قۆزییەوە!

753. ئەو ڤیدیۆیەی کە لەسەر یوتیوب زۆرترین کەس دیسلایکی کردووە، ڤیدیۆیەکی جەستن بیبەرە بەناوی "Baby" کە زیاتر لە 4 ملیۆن و 400 هەزار جار دیسلایك کراوە.
قەیناکا، هەر لە پیاو ئەقەومێ!!!



2015-4

754. لەسەدا 97ی خەڵك ئەو زانیارییەیان نەزانیوە کە ئوسامە بن لادن لەساڵەکانی 1980کاندا کارمەندی CIA بووە.



2015-4-29

755. Madonna auditioned for Rose’s role but was considered very old to play the character of younger Rose.

بەمەبەستی بینی رۆڵی رۆز لەفیلمی تایتانیك، مادۆنا خرایە ژێر تاقیکردنەوەوە، بەڵام وتیان پیرەو بە کەڵکی ئەو رۆڵە نایەت!!! کورد دەمێکە وتویانە پیری و 999 عەیب بەڵام بڵێین چی ئەمەریکا تێناگات!!!

756. ئەم برادەرەی دەبینن ئەکتەرێکی هندییە بەناوی سونیێل شێتی. ئەم برادەرە هەرچەندە موعەقەد دیارە، بەڵام حەددی نەبێ لەڕووی جەنابتا هەتا حەزکەی پیاوە!. لەساڵی 1996 کەرامەتی 128 خانمی نیپاڵی رزگارکردو لەچنگی باندێکی بازرگانیکردن بە سێکسەوە، دەریهێنان. پاش رزگارکردنیان حکومەتی خۆڕیی نیپاڵ ئامادەنەبوو لەسەر حسابی خۆی بیانگێڕێتەوە بۆ وڵات، بۆیە ئەم برادەرە زیاتر هاتە پێشەوەو بلیتی فڕۆکەکەشی بۆ کڕین و ناردنییەوە. سەرباری ئەو کارە مرۆییە گەورەیە، ئەم پیاوە هێندە پیاو بوو کە نەچوو بچێت ئەم چاکەیە لای هیچ کەسێك باسبکات و بیکات بە هۆسە. بەڵام بەمدواییانە واتە 24 ساڵ دوای روداوەکە، یەکێك لەو خانمە رزگاربوانە روداوەکەی لەمیانەی دیمانەیەکدا ئاشکراکرد.



757. لەسەرتاسەری ئەمەریکادا تەنها یەك ماڵ هەیە کە لە ماڵی ئێلفیس پریسلی میوانی زیاترە، ئەو ماڵەش کۆشکی سپییە.

758. زۆر دورناکەوینەوە، تەنها 155 ساڵێك لەمەوبەر، واتە لەساڵی 1665 کاتێك کە تاعونی مەزن لە لەندەن بڵاوبووەوە، زانکۆی کامبریج بەو هەموو شان و شەوکەتەوە داخراو، ئیسحاق نیوتنە ئیشقۆڕیش بەشێوەیەکی بنچینەیی خۆی کەرەنتین کرد لەماڵەکەی خۆیدا. هەر لەو کاتەدا ئەو ئیشقۆڕە بنچینەی بیرۆدۆزەکانی جیاکاری و تەواوکاری و بیردۆزەکانی هێزی راکێشان و جوڵەی دۆزییەوە. بەکورتی و بەکوردی دەتوانین بێژین ئەگەر ئەو ئیشقۆڕە خۆی کەرەنتین نەکردایە ئەوا رەنگە عومری درێژی بۆ تۆ جێبهێشتایەو ئەو بیردۆزانە نەدۆزرانایەوەو ملیۆنان تەلەبەی داماوی دژە فیزیاو بیرکاری بەدەست ئەو دوو مادەیەوە گیرۆدە نەدەبون.



759. William Shakespeare became wealthy by hoarding the grain and reselling at inflated prices during a period of famine. He used the profits for money-lending activity and was pursued by authorities for tax evasion and was prosecuted for hoarding grain.

لەم زانیارییەی خوارەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رەنگە شکسپیر بە رەچەڵەك کورد بوبێت!!!!

ئەم برادەرە دەچوو دانەوێڵەی دەکڕی و دواتر لەکاتی برسێتی و گرانیدا بە نرخی زۆر گران دەیفرۆشتەوە. دواتر قازانجی ئەمەشی لە چالاکی بە قەرزدان، بەکاردەهێنایەوە. بەهۆی ئەم قۆرییاتانەوە دەسەڵاتداران بە تۆمەتی خۆدزینەوە لەباج لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردو بەهۆی قۆرخکردنی دانەوێڵەشەوە، دادگاییکرا.

760. Napoléon Bonaparte’s penis was removed from his dead body during autopsy, displayed at a museum, and eventually sold for $2,700ز

تۆش وەك برام وای، پاش مردنی ناپلیۆن بۆناپارت، چوکی لەجەستەی کرایەوەو لەمۆزەخانەیەکدا نمایشکراو دواتریش لەساڵی 1970کاندا بە 27 وەرەقەی ناسك فرۆشرا!!!

761. On September 26th, 2011 Mikey Welsh posted on Twitter, “Dreamt I died in Chicago next weekend (heart attack in my sleep). Need to write my will today” followed by, “Correction – the weekend after next.” He died October 8th, 2011 from a heart attack in his sleep in a hotel room in Chicago.

رەنگە ئەم زانیارییە کەللەتەزێنە، ناسکەزللەیەك بێت بۆ ئەو مولحیدە چاوگەشانەی بڕوایان بە غەیبییات و خودا نیە.

مایکی وێڵش هونەرمەندێکی دیاری ئەمەریکی بوو. لە 26-9-2011 ئەم برادەرە لەپۆستێکدا لە تویتەر نوسی: "خەوم بینی کە لەپشوی کۆتایی هەفتەی داهاتوو بە جەڵتەی دڵ لەکاتی خەوتندا مردم. بۆیە پێویستە ئەمڕۆ وسیەتەکەم بنوسم"، پاش ئەم تویتە، لەتوێتێکی تردا نوسی: "راستکردنەوە، پێشوی کۆتایی هەفتەی داهاتوو نا، ئەوەی دوای ئەو". فعلەن ئەوە بوو قسەو خەوەکەی راست دەرچوو و لە 8-10-2011 بەهۆی جەڵتەی دڵەوە، لەکاتی خەوتندا لەژوری میوانخانەیەك لەشاری شیکاگۆ، عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

762. Warren Buffett made enough money selling Coke Bottles and magazines door to door to buy a 40 acre farm at the age of 14.

وارین بەفیت کە یەکێکە لەملیاردێرەکانی جیهان، هەر لەمندالییەوە بەمانای کەلیمە کاسب بووە. ئەم برادەرە تەنها بە فرۆشتنی قوتوی کۆکاکۆلاو گۆڤار بەشێوەی ماڵ بە ماڵ، هێندە پارەی کۆکردووەتەوە، کە لەتەمەنی 14 ساڵیدا بەشی کڕینی کێڵگەیەکی کردووە کە روبەرەکەی نزیکەی 162 هەزار مەتر دوجا بووە.

763. Famous left-handed intellectuals include Albert Einstein, Isaac Newton, Charles Darwin, and Benjamin Franklin.

لیستی رۆشنبیرە ناودارەکان چەندین چەپلەریان تێدایە، لەوانە: ئەلبێرت ئاینیشتاین، ئیسحاق نیوتن، چارلز داروین.

764. British actor Gareth Jones died of a heart attack while performing in a live televised play in 1958 – in which his character was scripted to have a heart attack. The rest of the cast improvised around his death and finished the play.

لەساڵی 1958 ئەکتەرێکی بریتانی بەناوی گارس جۆنز، لەگەرمەی نواندنی لەشانۆگەرییەك کە راستەوخۆ لەتەلەفزیۆنەوە پەخشدەکراو بەپێی سیناریۆکە دەبوایە جەڵتەی دڵ لێبدات، هەر بەڕاستی و بەبێ سوعبەت جەڵتەی دڵ لێیداو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت. برادەرانی تری کاستەکە بەشێوەیەکی ئیرتیجالی لەدەوری مەرگەکەی، شانۆگەرییەکەیان تەواوکرد.

765. Carl Wilhelm Scheele was a brilliant Swedish chemist who had an unwise habit of tasting all the chemicals he discovered. He died in 1786 as a result of his exposure to lead, hydrofluoric acid, arsenic and various other poisons.

کارڵ ویلهێڵم کیمیاگەرێکی سویدی لێهاتوو بوو بەڵام خوێکی قۆڕیشی هەبوو، ئەویش تامکردنی سەرجەم ئەو ماددە کیمیاییانە بوو کە دەیدۆزینەوە. بەهۆی ئەم خووەوە، ئەم برادەرە ئیشقۆڕە لەساڵی 1786 لەئەنجامی بەرکەوتنی بە قوڕقوشم و ترشی هایدرۆفلۆریك و زەرنیخ و چەند ژەهرێکی تر، عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

766. General John Sedgwick was killed by a sniper in the American Civil War shortly after uttering the words "They couldn't hit an elephant at this distance."

جەنەڕاڵێکی ئەمەریکی هەبوو بەناوی جۆن سێجویك. ئەم برادەرە لەجەنگی ناوخۆی ئەمەریکاداو بەدیاریکراوی کەمێك پاش ئەوەی وتی: "ئەوان (هێززەکانی دوژمن) لەم دوریيەوە ناتوانن فیلێکیش بپێکن"، گوللەی قەناسێکی بەرکەوت و بەو هۆیەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

767. The owner of the company that makes Segways died in 2010 after accidentally driving his Segway off a cliff.

جەیمس هێسڵدن، خاوەنی ئەو کۆمپانیایەی سکۆتەری دوتایە دروستدەکات، لەساڵی 2010، لەکاتێکدا یەکێك لەسکۆتەرەکانی لێدەخوڕی، بەڕێکەوت کەوتە کەندەڵانێکەوە بەهۆی ئەوەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

2010-9-27

768. AFTER LEONARDO DA VINCI'S DEATH, KING FRANCIS I OF FRANCE HUNG THE MONA LISA IN HIS BATHROOM.

پاش ئەوەی داهێنەری مەزان، لیۆناردۆ داڤێنشی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، شا فرنسیسی یەکەمی فەرەنسا تابلۆی مۆنالیزای لە حەمام توالێتەکەیەدا هەڵواسی. سەیری ئەو رێزو ئیحترامە!!!

769. لەساڵی 1911، کاتێك تابلۆی مۆنالیزا لەمۆزەخانەی لۆڤر دزرا، یەکێك لەگومانلێکراوەکان پابلۆ پیکاسۆ بوو. ئەم پیکاسۆیە لەبەرئەوەی زۆر بێناموص بووە، هەموو شتێکی لێ چاوەڕوانکراوە.

770. Charlie Sheen. In 2002, Sheen said he was up to more than 5,000 women.

چارلی شین کە یەکێکە لەئەکتەرەکانی هۆڵیوود، لەساڵی 2002 رایگەیاند، سێکسی لەگەڵ زیاتر لە پێنج هەزار خانمدا کردووە.

771. A 2008 documentary claimed that the Cuban leader slept with at least two women a day for about 40 years, and sometimes snuck in a third at dinner. The source behind the leak, is a former Castro official.

ئەگەر وابزانیت فیدڵ کاسترۆ لەبەر شۆڕش و کاری سیاسی، مەجالی قۆڕبیاتی تایبەتی نەبووە، یان ئەوەندە شەریف بووە کە نەیکردووە، ئەوا دیارە گا بە گونا دەناسیتەوە. ئەم برادەرە نەك هەر وا نەبووە، بەڵکو بێناموسێکی عەیارە 24 بووە لەڕوی ژیانی تایبەتەوە. بەڵگەنامەیەك کە لەساڵی 2008 بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت، کاسترۆ بۆ ماوەی نزیکەی 40 ساڵی ناسك، هەموو رۆژێك لەگەڵ لانیکەم دوو خانمدا خەوتووە. هەندێ رۆژێیش لەکاتی نانی ئێوارەدا دزەیکردووە بۆ سێیەم. سەرچاوەی دزەکرێکردنی ئەم ناسکەهەواڵەش بەرپرسێکی پێشوی خودی کاسترۆ بووە.

772. Jack Nicholson once mused that he believes he has slept with more than 2,000 women

جاك نیکڵسن کە یەکێکە لەئەستێرەکانی هۆڵیوودو بێگومان زۆربەمان چڕوچاویمان لەفیلمەکاندا بینیوە، جارێکیان وتی، لەو بڕوایەدایە کە لەگەڵ زیاتر لە دوو هەزار خانمدا خەوتووە.

773. Robin Williams committed suicide in his Paradise Cay, California, home at age 63 on August 11, 2014. His wife attributed his suicide to his struggle with Lewy body disease.

ئەکتەرو کۆمیدیاکاری بەناوبانگ رۆبن ولیەمز لە 11-8-2014، لەتەمەنی 63 ساڵیدا، لەماڵەکەی خۆی لەویلایەتی کالیفۆرنیا خۆی کوشت. هاوسەرەکەی هۆکاری خۆکوشتنەکەی بۆ ململانێی لەگەڵ جۆرێك نەخۆشی خەڵەفان، گەڕاندەوە.

774. ئەو کورسییە گەڕۆکەی لەلایەن فیزیازانی بەناوبانگی رەحمەتی ستیفن هاوکینگەوە بەکاردەهێنرا، لەزیادکردنێکی ئاشکرادا بەنزیکەی چل دەفتەری ناسك فرۆشرا. تێزی دکتۆراکەشی نزیکەی 77 دەفتەری ناسکی کرد.

775. When actor Liam Neeson's wife, Natasha Richardson, died in 2009, he donated her organs. Her heart, kidneys, and liver are keeping three people alive.

نەچی بچی بە فیلمی takenدا تێبکەویت و وابزانیت پاڵەوانی فیلمەکە، لیام نیسن شەقاوەو خوێرییەو حساب بۆ یاسا ناکات و لێبوردەو بەخشندە نیە، چونکە وانیە. ئەم لیام نیسنە، حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتا، پیاوێکی زۆر پیاوانەو خێرخوازە. لەساڵی 2009 کاتێك هاوسەرەکەی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، لیام ئەندامەکانی جەستەی بەخشی. بەهۆی دڵ و گورچیلەو جگەری خێزانی ئەم برادەرەی هۆڵیوودەوە، ئێستا سێ کەس لەژیاندان.

776. هەرچەندە من زۆر تاقەتی چڕوچاوی شارۆخانم نیەو پێموایە ئەکتەرێکی جیاواز نیەو گەورەکراوە، بەڵام پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکا، شتی باشیشی زۆرە، یەکێك لەوانە ئەمەیە:

ژمارەیەکی زۆر قوربانیانی تێزابپاکردن لەسەر خەرجی دامەزراوەی میر چارەسەردەکرێن کە لەلایەن ئەم ئەستێرەیەی بۆڵیوودەوە بەڕێوەدەبرێت. زۆربەمان ئەم زانیاریە نازانین، چونکێکوم شارۆخان بەپێچەوانەی زۆرێك لەخێرخوازەکانی تری وەك کوردەوە، نەچووە بچێت بیکات بە هۆسەو هات و هاوارو هەرگیز قسەی لەسەر ئەمە نەکردووە.

لای خۆمان بەدوری مەزانە، خێرخوازێك سێتێك مەسینەو نەعل بۆ مزگەوتێك دابینبکات و دواتر لەمیدیاکانەوە ببینیت بڵێت: "ئەمڕۆ لەسەر ئەرکی خۆمان هەستاین بە دابینکردنی سێتێك مەسینەو نەعل بۆ مزگەوتی فلان"، یان ببینیت لەپاڵ دوو مەسینەو جوتێ نەعلدا سێلفییەکی گرتبێت.

بەڵام سەرباری ئەوەش هەر دابینکردنەکە باشترە لەدابیننەکردن.

777. پرینس رۆجەرز نیلسن هونەرمەندێکی دیاری ئەمەریکییە. ئەم برادەرە کاتێك لەساڵی 2016 بەبێ جێهێشتنی هیچ وەسیەتێك سەبارەت بە خانوبەرەو مولّکەکانی کە نرخەکانیان دەگاتە دەیان ملیۆن دۆلار، عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، لەماوەی تەنها سێ هەفتەی پاش مردنیدا، نزیکەی حەوت سەد کەس پەیدابوون کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زۆرخوشك و زۆربرای رەحمەتین بەو هیوایەی سودمەند بن لە عەقاراتەکانی. تا ئامادەکردنی ئەم ناسکەبابەتە، کێشەی مولّك و خانوبەرەکانی ئەم برادەرە یەکلایی نەکراوەتەوە.

778. بەز ئەڵدرین کە دووەم کەسە لەسەرتاسەری جیهاندا پێی شەریفی ناوەتە سەر مانگ، پاش گەڕانەوەی لەو گەشتە مێژوییە، قسەیەکی سەیری کرد ئەویش ئەوە بوو کە وتی کاتێك لەسەر مانگ بووە، بەو چاوە گەشانەی خۆی، بونەوەری فەزایی بینیوە. ئەم قسەیەی بۆ ئاژانسی ناسا کردو دواتریش خستیانە ژێر ئامێری ئاشکراکردنی درۆو زمانحاڵی ئامێرەکەش وتی: بەگەردنم راست ئەکا!!!!

779. پێنج سەعات پێش ئەوەی مایکڵ جاکسۆن عومری درێژی بۆ تۆ جێبهێڵێت، کەسێك بابەتێکی لەسەر مردنی لەماڵپەڕی ویکیپێدیا نوسی بە وردەکارییەکی دەقیقی لەسەدا سەدەوە، بەڵام هیچ کەسێك گوێی بەمە نەداو وایانزانی نوسەرەکە رادەبوێرێت. ئینجاکونێ لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە تائێستا هیچ شتێك سەبارەت بەو کەسە نەدۆزراوەتەوە کە ئەو بابەتەی نوسیوە.

بەڕەئی بەندەی موخلیستان ئەو نوسەرە ئەگەر جنۆکە نەبوبێت، رەنگە دختورە تایبەتەکەی بوبێت!!!!!

780. یەکێك لەدیارترین کەسایەتییە مێژوییەکانی ئەمەریکا بینجامین فرانکلینە. سەرباری لێهاتوویەکەی تەسەروفات و بیروبۆچونی زۆر سەیریشی هەبووە. ئەم برادەرە جارێك وتارێکی لەسەر تڕ نوسیوە بەناوی "بە شانازییەوە تڕلێدە!".



781. رەنگە هەندێك ئەم فەرمایشتەیان بەدڵ نەبێت، بەڵام پێموایە تاڕادەیەکی زۆر راستە. بەگشتی خانمە بانئاساییە لێهاتووەکان روخساریان زۆر جوان نیە. بەڵام هێدی لامار (1914-2000) یەکێکە لەو خانمە دەگمەنانەی ئەو ناسکەیاسایە نایانگرێتەوە.

لامار، حەددی نەبێت لەڕوی جەنابتانا هێندە جوان بووە تەنانەت جارێك نازناوی "جوانترین خانم لەجیهان"ی لێنراوە. ئەم خوشکەدەرە سەرباری ئەو ناسك و نازداری و جوانییە، بیرکاریزان بووەو داهێنەری تەکنۆلۆجیای بازدانی لەرەلەرئامێز بووە کە بۆ بلوتوس و وای فای بەکاردەهێنرێت، بەڵام بیرۆکەکەی رەتکرایەوەو خەڵکی تر سودیان لێبینی.
ئەم خانمە بەدرێژایی ژیانی بەو ئاواتەوە بوو کە خەڵك لەبری سەنجدانی لەش و لارە جوانەکەی، سەرنجی مێشکی بدەن.



782. دایکی کوێر بێ یاخوا! ئیسحاق نیوتن بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، بەکوڕی سەری نایەوەو هەرگیز هاوسەرگیری نەکردووە!!!



783. A teacher wrote of a young Roald Dahl on his school report card: "I have never met anybody who so persistently writes words meaning the exact opposite of what is intended."

رۆماننوسی بەناوبانگی بریتانیا، رواڵد داڵ لە 1916 لەدایکبووەو لە 1990 عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە. لەتەمەنی منااڵیدا، جارێك مامۆستایەکی لەسەر راپۆرتی قوتابخانەکەی دەنوسێت: "هەرگیز کەسێکم نەبینیوە بەقەدەر ئەم بەشێوەیەکی بەردەوام شتێگەلێك بنوسێت کە تەواو پێچەوانەی ئەوە بێت کە دەبێت بینوسێت".



784. دەڵێن لەپشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە، بەاڵم رەنگە ئەم وتەیە بۆ نوسەری بەناوبانگ ئێرنست هێمنگوای پێچەوانە بێت. لەساڵی 1922 هاوسەری ئەم برادەرە لەکاتی گەشتێکیدا بە شەمەندۆفێر لە پاریسەوە

بۆ سویسرا بەمەبەستی بینینی هێمنگوای، جگە لەدوان، سەرجەم دەسنوسەکانی ئەو پیاوەی مەزنەی ونکردو هەرگیز نەدۆزرانەوە.



785. لەساڵی 2013 ئەستێرەی هۆڵیوود، جۆرج کلۆنی، بەشێوەیەکی سوپرایز، 14 ملیۆن دۆلاری بەخشی بە 14 هاوڕێی. واتە یەك ملیۆنی ناسکی دا بە هەر یەکێکیان. ئەو هاوڕێیانە ئەو کەسانە بون کە پێش بەناوبانگبونی، یارمەتییان دابوو. هەندێك لەم کەسانە ژیانیان تەنها لەسەر موچەکانیان بوو. سەرباری ئەو 14 ملیۆنە، کلۆنی 300 هەزار دۆلاری تریشی پێدان بۆ ئەوەی باجی پێببەن.

786. جاکی چان کە زۆربەمان تەقلیدی عەرەبییەکە دەکەینەوەو پێی دەڵێین جاکی شان، پێش لەدایکبونیشی جیاواز بووە. کورد وتەنی لەئوممەتی محەمەد نەچووە!!!. ئەم برادەرە زیاتر لە 12 مانگ لەسکی دایکیدا ماوەتەوە.

نایجێریا
Nigeria

787. ئەگەر وابزانیت هۆڵیوود گەورەترین بەرهەمهێنەری فیلمە لەجیهاندا، ئەوا گا بە گونا ئەناسیت، لەکاتێکدا مەفروزە گا تەنها بە سەیرکردنێکی کەللـەی بناسرێتەوە!.

هۆڵیوود نەك یەکەم نیە بەڵکو دووەمیش نیە. نۆڵیوود کە نازناوی پیشەسازیی بەرهەمهێنانی فیلمە لە نایجێریا، دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری فیلمە لەسەر ئاستی جیهان و راستەوخۆ دوای بۆڵیوود دێت کە هی هندستانە. بەڵام زۆربەی بەرهەمەکانی نۆڵیوود لەسەر دیڤیدی دەفرۆشرێن، چونکە کۆی هۆڵە سینەماییەکان لەسەرتاسەری ئەو وڵاتەدا ناگاتە 20 دانە.

نزگەرە

hiccup

788. Charles Osborne holds the record for the ‘longest bout of hiccups’ - 68 years. He hiccuped up to 40 times a minute in the first couple decades but they slowed to 20 a minute as he got older. Doctors estimated he hiccuped nearly 600,000,000 times in his lifetime.

خوانەخواستەو گوێی شەیتان کەڕ بێ و هەر چوار پەلیشی بشکێ، ئەگەر هێندە هەژار بیت ئەسپێ لەباخەڵتا سەرچۆپی گرتێت، ناسکە زەختێکیشت هەبێت، کورە تەنانەت ئەگەر تاکێك لەهینیشت نەبێت، هێشتا دەبێت سوپاسگوزار بیت، چونکە لانیکەم بە بەراورد بەم برادەرەی خوارەوە، لەنیعمەتێکی گەورەدا دەژیت.

چارلز ئۆسبۆرن خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لەڕوی زۆریی ماوەی نەوبەی نزگەرەوە. ماوەی ئەو نەوبە نزگەرەیەی توشی ئەم برادەرە بووە، 68 ساڵ بووە. ئەم برادەرە لەیەکەم و دووەم دەیەی توشبونی بەم نەوبە نزگەرەییەوە، لەخولەکێکدا تا 43 جار نزگەرەی دەکرد، بەڵام لەگەڵ بە ساڵاچونیدا ژمارەی نزگەرەکان بۆ 20 نزگەرە لەخولەکێکدا کەمبووەوە. بەگوێرەی خەملاندنی پزیشکان، ئەم قوڕبەسەرە بەدرێژایی ژیانی، نزیکەی 600 ملیۆن جار نزگەرەی کردووە.

نەرویج
Norway

789. In Norway, there is a law that protects all female dogs and cats from being spayed. Only male dogs and cats can be neutered.

لەو نەرویجەی لای خۆمان یاسایەك هەیە كە هەموو دەڵەسەگ و پشیلە مینەكان لەخەساندن دەپارێزێت. بەپێی یاسا تەنها نێرینەی ئەو گیاندارانە دەتوانرێت بخەسێنرێن.

790. لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە تائێستا، لە نەرویج تەنها 10 پۆلیس كوژراون.

2015-5-5

نۆبڵ

nobel

791. جولەکە تەنها لەهەزاردا دووی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەدا 20ی هەموو خەڵاتەکانی نۆبڵیان بردووەتەوە.

ئەو کافرانە زۆر زیرەکن!!!!!



نۆستراداموّس

Nostradamus

792. French physician Nostradamus last words were "Tomorrow, at sunrise, I shall no longer be here," correctly predicting his death.

کۆتاوتەی ژیانی فیزیاناس و پێشبینکەری فەرەنسیی بەناوبانگ نۆستراداموس ئەمە بوو: "سبەینێ لەکاتی خۆرهەڵاتندا، پێویستە چیتر لێرە نەبم". ئەوەش پێشبینکردنی مەرگی خۆی بوو و ئەو بێناموسە پێشبینییەکەشی فعڵەن راست دەرچوو.

نیپاڵ

Nepal

793. لەساڵی 2005 ئەم کوڕو کچە نیپاڵییە بون بە یەکەم کوڕو کچ لەمێژودا کە لەسەر لوتکەی ئیڤرست هاوسەرگیریییان کرد.

نیکسۆن (ریچارد نیکسۆن)
Nixon

794. ئاخر ئەشڵێن کاکە بۆ مەشروبات حەرامە. لەبەر دوو شتی ئاوا حەرامکراوە:
ریچارد نیکسۆن، سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا، لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا بە سەرخۆشی فەرمانیدا بە چەکی ناوکی لەکۆریای باکور بدرێت، بەڵام کاتێك هۆش خۆی هاتەوە، فەرمانەکەی هەڵوەشاندەوە. باشە کاکە؟!!!

نیوزلەندا

New Zealand

795. لەساڵی 2006 پیاوێکی ئوسترالی هەوڵیدا لەڕێگەی زیادکردنێکی ئاشکراوە لەسەر سایتی ئیبەی، نیوزلەندا بفرۆشێت. نرخی سەرەتای، یەك سەنتی ئوسترالی لەسەر دانابوو. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە تا ئیبەیە گێژ پێیزانی و زیادکردنەکەی داخست، مشتەریشی بۆ پەیدا بوو و سعرەکەی گەیشتە سی وەرەقەی ئوسترالی.

هاوسەرگیری

Marriage

796. For many centuries, the Catholic Church argued that contraception was a sin and made the wife no better “than a harlot.” Up until 1930, many Protestant churches agreed.

بۆ ماوەی چەندین سەدە، کڵێسەی کاتۆلیکی، دەیوت مەنعکردنی منداڵبون گوناهەو ژن بەشێوەیەك گوناهباردەکات کە لەسۆزانییەك باشتر نەبێت. تا ساڵی 1930ش، زۆرێك لەکڵێسەکانی پرۆستانتەکان، لەسەر ئەم بۆچونە کۆکبون.

797. Nearly 60% of married adults have had at least one affair.

نزیکەی لەسەدا 60ی پێگەیشتووە هاوسەردارەکان، پێشتر لانیکەم پەیوەندییەکی حوبحوبێنەیان هەبووە.

798. Eighty-five percent of couples have had premarital sex.

لەسەدا 85ی ژن و مێردەکان، پێش هاوسەرگیری، بێعەیبیی سێکسییان کردووە!!!

799. In the United States, over 50% of first marriages end in divorce, 67% of second marriages end in divorce, and nearly 74% of third marriages end in divorce.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زیاتر لەسەدا 50ی یەکەم هاوسەرگیرییەکان، بە جیابونەوە کۆتاییان دێت. لەسەدا 67ی دووەم هاوسەرگیرییەکانیش هەر بە جیابونەوە کۆتاییان دێت. تەنها لەسەدا 26ی سێیەم هاوسەرگیرییەکانیش بە جیابونەوە کۆتاییان نایەت.

800. One in three American marriages is “low sex” or “no sex.

لەهەموو سێ هاوسەرگیرییەك لەئەمەریکا، یەکێکیان هاوژینەکان سێکسی تێدا ناکەن، یان زۆر کەم دەیکەن.

801. Washington, D.C., has the lowest marriage rate in the nation.

واشنتنی پایتەخت، بەبەراورد بە هەر ناوچەیەکی تری ئەمەریکا، کەمترین ڕێژەی هاوسەرگیری تێدا ئەنجامدەدرێت.

802. Nevada, Maine, and Oklahoma have the highest percentage of divorced adults. Arkansas and Oklahoma have the highest rates of people who have been married at least three times.

لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکا، نیڤاداو مەین و ئۆکلاهۆما زۆرترین ڕێژەی تەڵاقی کەسانی پێگەیشتویان تێدایە. ئەرکەنساس و ئۆکلاهۆماش زۆرترین ڕێژەی ئەو کەسانەیان تێدایە کە لانیکەم سێجار هاوسەرگیرییان کردووە.

2016-11-22

803. At Italian weddings, it is not unusual for both the bride and groom to break a glass. The number of shards will be equal to the number of happy years the couple will have.

لەو ئیتالیایەی لای خۆمان، شکاندنی پەرداخە شوشە لەلایەن بوك و زاواوە لەکاتی ئاهەنگی هاوسەرگیری، شتێکی ناباو نیە. بەگوێرەی بیروڕای ئەوان، ژمارەی ئەو پارچانەی لەئەنجامی شکاندنی ئەو شوشەیە دروستدەبن یەکسانە بە ژمارەی ئەو ساڵانەی ئەو ژن و مێردە بە بەختەوەری پێکەوەی بەسەردەبەن.

804. Traditionally, bridesmaids would be dressed in similar bride-like gowns to confuse rival suitors, evil spirits, and robbers.

هەر لەکۆنەوە هاوەڵی بوك بۆیە جەزی هاوشێوەی بوکی لەبەرکردووە، بۆ ئەوەی سەر لەخاوزبێنیکەری مونافسی زاواو ڕۆحی خراپەکارو ڕفێنەران، بشێوێنێت و نەزانن کامیان بوکەو کامیان هاوەڵبوك.

بە نیسبەت کوردەوە رەنگە جێیەجێکردنی ئەم نەریتە مەترسیداربێت، چونکە خوا بەو رۆژێ نەکا ئەگەر هاوەڵبوکێك زۆر لەبوکەکە جوانتر بێت، بەدور نازانرێت زاوای ساختەچی لەکۆتایی ئاهەنگەکەدا قۆڵبکات بە قۆڵی هاوەڵداو بیبات و دواتریش بڵێ وەڵام ببورن لێم تێکچوو!!!!

805. The Oneida colony established in New York in 1848 advocated “complex” or group marriage in which every woman was married to every man. They also practiced “scientific breeding” where parents where matched by a committee according to physical and mental health.

تۆ تەماشا ئەم کافرسانی و هاتن بۆ هەموانەیە!!!

لەو نیۆرکەی لای خۆمان، لەساڵی 1848 کۆمەڵگەیەك بەناوی ئۆنەیدا دامەزراوە کە پشتگیری هاوسەرگیری لێکدراو یان گروپی دەکرد کە بەهۆیەوە هەموو خانمێك لەهەموو پیاوێك مارەدەکرا. هەر ئەم کۆمەڵگەیە سیستەمێکی بەخێوکردنیان پەیرەودەکرد بەناوی "بەخێوکردنی زانستی". بەپێی ئەم سیتەمە دایك و باوکەکان لەلایەن لیژنەیەکەوە، بەگوێرەی تەندروستی مێشك و جەستەیان، جیادەکرانەوە.

806. The Talmud is very strict about banning extramarital sex—but also enforcing marital sex. The Talmud even lays out a timetable for how often husbands should “rejoice” their wives. For men of independent means, every day; for laborers, twice a week; for ass-drivers, once a week; for camel-drivers, once in 30 days; and for sailors, once in six months.

تەلمود کە کتێبێکی پیرۆزی جولەکەکانە، سەبارەت بە سێکسکردن لەدەرەوەی خێزان زۆر تونده، بەڵام هاوکات زۆر هانی سێکسکردنی ناو خێزان دەدات. تەنانەت خشتەیەکی کاتی داناوە بۆ ژمارەی ئەو جارانەی کە پێویستە پیاوەکان بەهەشت بە ملەوەنی پیشانی ژنەکانیان بدەن!.

بەگوێرەی رێنماییەکانی ئەم کتێبە، ئەو پیاوانەی هۆکارگەلی سەربەخۆی ئیشکردنیان هەیە، پێویستە هەموو رۆژێك جارێك ژنەکانیان تێربکەن، بۆ کرێکارەکان دوو جار لەهەفتەیەکدا، بۆ شۆفێری کەر هەفتەی جارێك، بۆ حوشترەوان مانگانە یەکجارو بۆ دەریاوانیش شەش مانگ جارێك.

ناسکەتێبینی: تەبعەن مەخسەوی شەریفم لە شۆفێری کەر ئەو کەسانەیە کە گوێدرێژ بەکاردەهێنن بۆ ئیش و کار، نەك ئەو شۆفێرانەی ئۆتۆمبێل کە رۆنگ ساید دەڕۆن و دەدەن لەلایتی سورو هتد...!!!

807. Due to jobs, kids, TV, the Internet, hobbies, and home and family responsibilities, the average married couple spends just four minutes a day alone together.

بەهۆی ئیش و منداڵ و تەلەفزیۆن و عەنتەرنێت و ئارەزوو و بەرپرسیارێتیی ماڵ و خێزانەوە، تێکڕا هەر ژن و مێردێك، رۆژانە تەنها چوار خولەکی ناسك پێکەوە بەسەردەبەن.

808. An Iraqi man on paid his future wife $8 million in dowry, considered the highest amount in Iraq’s history.

The 33-year-old woman, who is divorced and has two children, will receive $3 million prior to the marriage and the rest to be paid after the wedding, an official court document shared on social media revealed.

The bridegroom, 35, undertook to look after the bride’s two children.

پیاوێکی عیراقی بڕی هەشت ملیۆن دۆلار واتە 800 دەفتەری ناسك وەك مارەیی دەدات بە ژنی داهاتووی، ئەم مارەییەش بە گرانترین بڕە مارەیی دادەنرێت لەمێژوی عیراقدا.

بوکەخان کە تەمەنی 33 ساڵەو پێشتر تەڵاقدراوەو دوو منداڵیشی لەگەڵدایە، پێش هاوسەرگیرییەکە بڕی سێ ملیۆن لە هەشت ملیۆنەکە وەردەگرێت و ئەوی تریشی پاش ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە وەردەگرێت. بەڵگەنامەیەکی دادگا کە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە، جەخت لەمە دەکاتەوە.

کاکی زاواش کە دیارە پارەی زۆر زۆرەو عەقڵی زۆر کەمە، تەمەنی 35 ساڵەو بەڵێنیشیداوە کە دوو منداڵەکەش بەخێوبکات.

2019-6

809. لەسەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا ژن و پیاوی هاوسەرگیریکردوو ئەڵقەی هاوسەرگیرییان دەکردە پەنجەگەورەیانەوە.

810. لەسەدا بیستی هەموو هاوسەرگیرییەکان لەسەرتاسەری جیهاندا، لەنێوان ئامۆزاو خاڵۆزاکاندا ئەنجامدەدرێن.


Twenty percent of all marriages globally are between first cousins.
92Y

هندستان

India

811. سبحان الله هندستان روداوەكانيشيان وەك سيناريۆى فيلمەكانيان سەيرو سەمەرەيە!

جارێك فيلێكى نێر لەو وڵاتە هێرشدەكاتە سەر ماڵى ژن و پياوێك بەناوى كيپاك و لاليتا. پاش روخاندنى ديوارى ماڵەكەيان، منداڵێكيان دەكەوێتە ژێر داروپەردوى ماڵەكەو ئازارى پێدەگات و دەستدەكات بە گريان، لەم كاتەدا فيلەكە كە تازە دەستيكردبوو بە دوركەوتنەوە لەماڵەكە، كاتێك گوێى لەگريانى دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەكەو بە لوتى، زۆر بەوريايىەوە شتەكانى سەر منداڵەكە لادەبات و لەمردن رزگارى دەكات.

2014-3-12

812. لەسەدا 16ى شيرى جيهان لەلايەن تەنها وڵاتێكەوە بەرهەمدەهێنرێت كە هندستانە، ئەمەش ئەو وڵاتەى كردووەتە گەورەترين بەرهەمهێنەرى شير لەسەرتاسەرى جيهاندا.

813. In parts of India, a man who is in debt can offer up his wife until the debt is paid.
سەیری ئەم غیرەت و کەرامەت و کافرسانییە!!!
لەهەندێك ناوچەی هندستان، ئەگەر پیاوێك قەرزاربێت، دەتوانێت ژنەکەی بدات بە خاوەن قەرزەکە تا ئەو کاتەی قەرزەکە دەداتەوە. سەگبابانە حسابی سەیارەو پارچە ئەرزەیان بۆ ژنەکانیان کردووە.

2013-10

814. India had highest rate of violence during pregnancy - 50 percent were kicked, beaten or hit when pregnant.
هندستان لەڕووی ڕێژەی تووندوتیژی لەدژی خانمان لەکاتی دوگیانیدا لەبەرزترین ئاستدایە. لەسەدا 50ی خانمان لەکاتی دوگیانیدا شەقیان تێهەڵدراوە یان بەشێوەی تر لێیاندراوە.

815. 45 percent of Indian women are slapped, kicked or beaten by their husbands
لەسەدا 45ی خانمانی هندستان لەلایەن مێردەکانیانەوە، زللەیان لێدەدرێت، یان شەقیان تێهەڵدەدرێت، یان بەشێوەی تر لێیان دەدرێت.
پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکات، پیاوانی کوردیش لەم رووەوە زۆر لەهندییەکان شەریفتر نین!!!

816. A rape occurs every 34 minutes
هەموو 34 خولەکێك لە هندستان، حاڵەتێکی لاقەکردنی خانمێك رودەدات.

817. Every 43 minutes, a woman is kidnapped.
هەموو 43 خولەکێك خانمێك لە هندستان دەڕفێنرێت.

818. Every 93 minutes, a woman is killed.
هەموو 93 خولەکێك، خانمێك لە هندستان دەکوژرێت.

819. Every 102 minutes, a dowry death.
لە هندستان، هەموو 102 خولەکێك، حاڵەتێکی کوشتن لەسەر مارەیی رودەدات.

820. A woman is molested in the country every 26 minutes.
لە هندستان هەموو 26 خولەکێك، خانمێك تەشقەڵەی پێدەکرێت.

821. The Zoroastrian Parsi community in India offers its dead to vultures rather than burying them. However, in recent decades, the vulture population has collapsed.

لەو هندستانەی لای خۆمان کۆمەڵگەیەك هەیە بەناوی پارسیی زەردەشتی. خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە تەرمی مردووەکیان زیاتر دەدەن بە داڵ و لەناشتن بەباشتری دەزانن، سەرباری ئەوەش لەم چەند دەیەی دواییدا دانیشتوانی داڵ کەمی کردووە.

822. یاسایایەکی ناسك لەبەرژەوەندی ناسکان:

بەگوێرەی دادگای باڵای هندستان، نابێت خانمان پێش خۆرهەڵاتن و دوای خۆرئاوابون دەسگیربکرێن.

823. An Indian man named Jadav Payeng single-handedly planted a 1,360-acre forest by planting a tree everyday for the past 35 years. Today, the forest is home to rhinos, tigers, deers, apes and hundreds of elephants.

لێرە لای خۆمان، جارجارە دەبینین کوردی ئیشجوان کاتێك لەباخێك دادەنیشێت، بەدەم خەیاڵاتی قۆڕقۆرەوە، چیلکە لەدرەختەکان دەکاتەوە دەیکاتە پێخۆری خەیاڵاتەکانی، بەڵام لەوێ لە هندستان کە گاڵتە بە فیلمەکانیان پێدەکەین، زۆر جیاوازە.

ئەم برادەرەی دەیبینن، سینگڵێکە بەناوی جاداف پاینگ کە بەدەستی شەریفی خۆی، دارستانێکی بە روبەری زیاتر لە پێنج کیلۆمەترو نیو دروستکردووە، ئەویش لەڕێگەی ئەوەی لەماوەی 35 ساڵی رابردودا، هەموو رۆژێك درەختێکی رواندووە. ئێستا ئەو دارستانەی ئەم دروستیکردووە، بووەتە نیشتمانێك بۆ گیاندارانی وەك یەکشاخ و پڵنگ و ئاسك و مەیمون و سەدان فیل.

رەنگە هۆکارێکی سەرکەوتنەکەی سینگڵییەکەی بوبێت، چونکە ئەگەر تاکێکی هەبوایە، ئەوەندە پرسیارو لێکۆڵینەوەی قۆڕقۆڕی لەگەڵدا دەکرد لەکاتی چونیدا بۆ کارەکەی، وازی دەهێناو دەیوت، ئەوە هەر ئەو دارستانەشم نەویست!!!!

824. ژمارەی ئەو مینە زەمینییانەی تائێستاش لەژێر خاکی هندستاندا ماون، بە پێنج ملیۆن دەخەملێنرێن.

825. لەو هندستانەی لای خۆمان پەرستگایەك هەیە بەناوی پەرستگای ئاڵتونی. ئەم پەرستگایە رۆژانە خواردن دەدات بە نزیکەی سەد هەزار کەس بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئاین یان رەگەزی ئەو کەسانە.

826. ئەم برادەرەی دەیبینین ئەگەر کوردبوایەو ئەم رەسمەی بڵاوبکردایەتەوە، ئەگەری زۆر بوو بەم سەرو شکڵ و تەمەنەوە، ئەو نازدارە سپیپۆشەی تەنیشتی ناسکەژنێکی بوایەو ئەوانی تریش قژرژنی کۆنی ژنەکانی یان خزم و کەسوکاری بوایە. بەڵام لەبەرئەوەی کورد نیە، قەزیەکە تەواو جیاوازە. ئەم برادەرە ناوی ماهیش ساڤانییەو خەڵکی هەرێمی گوجاراتە لە هندستان. حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتاندا پیاوێکی زۆر پیاوانەو کەموێنەیەو بە ئەنجامدانی کاری مرۆیی بەناوبانگە. ئەمە سااڵنە سەرجەم تێچووی ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ نزیکەی چوار سەد کچی بێباوك لەئەستۆدەگرێت، بەبێ ئەوەی جیاوازی بکات لەنێوان ئاینی کچەکان، واتە گوێنادات بەوەی چ ئاینێکیان هەیە. ئەم پیاوە هەموو شتێك کە باوکێکی راستەقینە بۆ کچەکەی دەیکات، بۆ ئەو کچانە دەکات.



827. لەساڵی 2017 هندستان پاش ئەوەی توانی 68 ملیۆن درەخت لەماوەی تەنها 12 سەعاتدا بڕوێنێت، ریکۆردێکی نوێی لەکتێبی گێنس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، تۆمارکرد.

828. لەمەوە تێدەگەیت کە فیلمی هندی بەو دەرەجەیە فشە نیە کە پێتوایە!!!
ئەمە عوزام سینگە، ئەو شۆڕشگێڕە هندییەی کە دوو کیشوەری بڕی و ماوەی 21 ساڵی چاوەڕوانی کرد تا توانی ئەو پیاوە تیرۆربکات کە فەرمانکردبوو بە کۆمەڵکوژییەکەی جەلیانوالا باغ لەساڵی 1919 کە تێیدا 379 هاوڵاتی هندیی بێچەك کوژران و نزیکەی هەزارو 100ی تر بریندار بوون.



829. بەهاتنی ساڵی 2024 واتە چەند ساڵێکی تر، هندستان لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە چین تێدەپەڕێنێت کە ئێستا گەورەترین وڵاتی جیهانە لەو رووەوە.

2019-6-8

830. سبحان اللە! هندستان زانیارییەکانیشیان هەر لەفلیمی هندی دەچێت!!
ئەم وڵاتە 454 زمانی زیندوی هەیە، بەڵام تەنها 16یان ڕەسمییە.

831. A village named Marottichal in India is addicted to chess after one man taught everyone how to play 50 years ago to stop excessive alcohol use and gambling which has now all declined to almost nothing.

لەهندستان گوندێك هەیە بەناوی مارۆتیچاڵ کە خەڵکەکەی ئاڵودەبوی یاری شەترەنجن. پەنجا ساڵ لەمەوبەر پاش ئەوەی پیاوێك بەمەبەستی نەهێشتنی بەکاربردنی زۆری ئەلکهول و قورمارکردنی بێشومار، کە لەو گوندەدا باو بوو، فێری شەترەنجی کردن. لەئەنجامدا خویان بە شەترەنجەوە گرت و ئێستا رێژەی خواردنەوەو قورمارکردن لەو گونده هێندە پاشەکشەی کردووە کە لەسفرەوە نزیکە.

15-3-2018

هەنار

Pomegranate

832. Sources are in disagreement about how many seeds a pomegranate holds. Some sources fix the number to exactly 613, some allow for an error of +/- 200.

سەبارەت بە ژمارەی دەنکەهەنارەکانی هەر هەنارێك، سەرچاوەکان کۆك نین. هەندێ سەرچاوە پێیانوایە کە ئەو ژمارەیە بیلزەبت 613 دەنکە، هەندێکیش پێیانوایە کە دەکرێ 200 دەنك لەو ژمارەیە زیاتر یان کەمتر بێت، واتە 813 یان 413 دەنك بێت.

هۆشبەر (ماددەی هۆشبەر)

Drug

833. رۆد ستیوارت كه هونەرمەندێكی بریتانیایه، وا راهاتبوو كه ئەو كۆكاینەی بەكاریدەبرد، لەڕێگەی كۆمی شەریفییەوە بەكاریدەبرد نەك لەڕێگەی لوتەوە، بۆ ئەوەی زیان لەڕێڕەوەكانی لوتی شەریفی نەدات.

هۆڵەندا

Netherlands

834. لەهەوڵێکدا بۆ کەمکردنەوەی روبەڕی شوێنی پاککردنەوە، فڕۆکەخانەیەك لە ئەمستردام، وێنەی مێشێکی لەسەر میزگەکەیان داکوتیوە، بۆ ئەوەی کوڕو کاڵ لەکاتی میزکردن لەبری ئەوەی میزەکە بپرژێنن و بڵاوییکەنەوە، مێشەکە بکەنە ئامانج و بیدەنە بەر حەفتاو پێنجیی میز!!!. بیرۆکەکەشیان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە!

هیتلەر

Hitler

835. A 2018 study of Hitler's teeth, held in Moscow, claims to prove he died after taking cyanide and shooting himself in the head in 1945.

سێ چارەکە سەدەیە شەیتان وازی لە هیتلەر هێناوە، کەچی وا دیارە روسەکان هەر وازی لێناهێنن!!!

لێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی 2018 لە مۆسکۆ لەسەر ددانی هیتلەر ئەنجامدراوە، دەڵێت، هیتلەر لەڕێگەی خواردنی سیانیدو گوللـەنان بەسەری خۆیەوە، عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە.

2020-3-20

836. لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، هیتلەرە ئیشقۆڕ فەرمانیکرد هێزەکانی، شاری بلاکپولی بریتانیا بۆمباران نەکەن چونکە بەنیازبوو پاش سەرکەوتنی ئەڵمانیا لەو جەنگە جیهانییەی قوڕیکرد بەسەر خۆی و وڵاتەکەشیدا، بۆ کاتی پشودان، بچێتە ئەو شارە.



837. Congress brings up Hitler 7.7 times per month.

کۆنگرێسی ئەمەریکا هەموو مانگێك زیاتر لەحەوت جارو نیو باسی هیتلەر دەکات، هەرچەندە نزیکەی 75 ساڵی ناسك بەسەر نەمانی ئەو ئیشقۆڕەدا تێپەڕیوە. باشە کاکە؟!!!

838. In 1939, Adolf Hitler's nephew wrote an article called "Why I Hate My Uncle."

"هیتلەر برازایەکی هەبوو رقی لێی بوو. ئەم برازایە لەساڵی 1939 وتارێکی نوسی لەژێر ناونیشانی "بۆ رقم لەماممە؟

839. Wilhelm II, leader of Germany in World War 1, sent a telegram to Hitler in 1940 congratulating him on invading the Netherlands, and hoping the German monarchy would be restored. Hitler, upon reading the telegram, said to his valet, "What an idiot!"

کاتێك هیتلەرە ئیشقۆڕ لەساڵی 1940 هۆڵەندای داگیرکرد، فێڵهێڵمی دووەم، پادشای پێشووی ئەڵمانیا، بروسکەیەکی بۆ ناردو تێیدا وێڕای پیرۆزبایی بەو بۆنەیەوە، هیواشی خواستبوو کە سیستمی پاشایەتی بگەڕێتەوە بۆ وڵات، هیتلەر پاش خوێندنەوەی بروسکەکە، بە خزمەتکارەکەی وت: ئەی هاوار چ کەرێکە ئەمە!!".

ساڵی دواتریش فێڵهێڵمی دووەم عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت!!!!

وەرزش

Sport

840. Footballs used in the NFL are not made from pigskin, but from the leather of a cow.

ئەو تۆپانەی لەیارییەکانی خولی نیشتمانیی تۆپی پێی ئەمەریکیدا بەکاردەهێنرێن، لەپێستی بەراز دروستناکرێن، بەڵکو لەپێستی مانگا دروستدەکرێن.

841. دیارە ئەوروپییەکانیش رەگێکی کەرێتییان تێدایە!!!

یارییەکی ئیتالی هەیە بەناوی کالسیۆ ستۆریکۆ. ئەم یارییە تێکەڵەی فوتبۆڵ و روبی و شەڕە بەدەست و قاچی رووت و بە توندوتیژترین وەرزش لەجیهاندا ناسراوە.



842. لەساڵی 1912 هاوڵاتییەکی هندی بەئەسڵ ئەمەریکی، بەناوی جیم سۆرپ، بە جوتێك پێڵاوی تاکەوتاك کە لەحاویەیەکدا دۆزیبویەوە، توانی دوو مەدالیای ئاڵتونی لەیارییە ئۆڵۆمپییەکاندا بباتەوە.

843. پاڵەوانێتییەکی ڕەسمیی جیهانی هەیە بەناوی (پاڵەوانێتی هەڵگرتنی ژن) کە لەساڵی 1992ەوە فینلەندا میوانداری دەکات. لەم پاڵەوانێتییەدا پیاوان ژنەکانیان هەڵدەگرن و تا بتوانن بە خێرایی ڕادەکەن لەماوەیەکی درێژدا تا دەگەنە ئەو بەربەستەی بۆیان دیاریکراوە. لەکۆتایشدا براوەی یارییەکە بەقەدەر کێشی ژنەکەی، بیرەی بە خەڵات پێدەدرێت.

ئەم پاڵەوانێتییە ئەگەر کوردستان میوانداری بکردایە، بە دەگمەن کوردێك دەیبردەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی ژنانی کورد کێشیان زۆرە بەبەراورد بە هی وڵاتانی تر بۆیە پیاوەکانیان نەیاندەتوانی وەك پێویست هەڵیانبگرن و رابکەن. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە هەندێك پیاو زۆر تاقەتی چڕوچاوی ژنەکەی خۆی نیە هەڵیبگرێت بۆیە ئەگەر هەڵشیبگرێت بەدڵ نیەو بەو پێیەش یارییەکە ناباتەوە، بەڵام ئەگەر ژنی کەسێکی تر بێت، ڕەنگە ئەوەندە بە حەسرەتەوە هەڵیبگرێت و رابکات، نەك هەر یەکەم دەبێت بەڵکو لەبەربەستەکەشدا نەوەستێتەوەو بیبات!!!!!

844. دەکرێ یارییەکی شەترەنج بە تەنها دوو جولّە ببرێتەوە. ئەم بردنەوە خێرایە بە "کش گاجوت!" ناسراوە.

845. ژمارەی ئەگەرەکانی جوڵە لەیارییەکی شەترەنجدا، بریتییە لە 46,783,665,034,756,288,456,012,645 جوڵە. کێش بڕواناکات با بیژمێرێت، ئەگەر وا نەبوو قەرەبوی ماددی و مەعنەوی دەکەمەوانێ!!!

846. هەتیو تو سەیری ئەو نەگبەتییە!!!
لەساڵی 1957 ژنێکی بەتەمەن، لەستادیۆمی یارییەکی بەیسبۆڵ، پاش ئەوەی توپێکی یارییەکە بەر دەموچاوی کەوت، پێویستیکرد بیبەنە دەرەوەی یاریگاکە، لەکاتی بردنەدەرەوەیدا لەلایەن فریاگوزارانی سەرەتاییەوە، فڵق توپێکی تر هات بەریکەوت.



847. ئەگەر وابزانیت مەدالیای ئاڵتونی یارییە ئۆڵۆمپییەکان، هەموی لەئاڵتون پێکهاتووە، ئەوا کەوتویتە ناسکەهەڵەوە، چونکە ئەو مەدالیایە نەك هەر هەموی ئاڵتون نیە بەڵکو لەسەدا 2شی ئاڵتون نیە. ئەو مەدالیایە، تەنها لەسەدا 1,34ی ئاڵتونە. لەسەدا 92.5ی زیوەو ئەوی ترشی مسە.



848. لەساڵەکانی 1910کان، لەئەمەریکا تیپێکی یاری بەیسبۆڵ هەبوو کە یاریزانەکانی زیندانیکراوێك بون کە سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچوو بوو و لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزاکەدا بوون. ئەم کەسانە بەهۆی ئەوەی بەردەوام یارییەکانیان دەبردەوە، لەسێدارەدانیان زۆر زۆر دواخرا.

849. ئەم برادەرە بێن جۆنسۆنە کە یاریزانێکی راکردنی بەناوبانگ بووەو لەیاریيە ئۆڵۆمپییەکاندا چەند مەدالیایەکی بردووەتەوە.
جارێك چەند منداڵێکی قەرەج 49 وەرەقەی لێدەدزن. ئەمیش شوێنیان دەکەوێت بەڵام نەیتوانی بیانگرێتەوە!!!
وابزانم زاراوەی تڕحێوی کوردی لەدوو شتی ئاواوە پەیدابووە!!!



850. هەرچەندە بەهۆی ئەوەی پۆزلێدەدات، زۆر تاقەتی چڕوچاوی رۆناڵدۆم نیە، بەڵام مرۆڤ دەبێت عادل بێت و چاو لەئاستی لایەنە پۆزەتیڤەکانی کەسی نەیاری دانەخات. ئەم برادەرە نە مەشروبات دەخواتەوە، نە جگەرە دەکێشێت، نە تاتۆی لەسەر جەستەی دروستکردووە. ئەمانەش شتگەلێکن کە نەبونیان لەیاریزانێکی ئاستبەرزی وەك رۆناڵدۆ، دەگمەنە.

رۆناڵدۆ بۆیە تاتۆی لەسەر جەستەی نەکێشاوە، چونکە ساڵی دوو جار خوێن دەبەخشێت و نایەوێت بەهۆی تاتۆوە کاریگەری لەسەر ئەوە دروستبێت. مەشروباتیش بۆیە ناخواتەوە چونکە باوکی بەهۆی کێشەی توندوتیژی پەیوەست بە ماددە کهولییەکانەوە، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە، جیا لەوەش نایەوێت بەهۆی خواردنەوەوە کێشە بۆ توانای وەرزشی دروست ببێت، لەبەر هەمان هۆش جگەرەش ناکێشێت.

Cristiano Ronaldo doesn't drink, smoke, have any tattoos, Very rare for a player at that level!

No tattoos because he donates blood twice a year and does not want to affect that, No drinking because his father died of alcohol abuse problems, and also because he doesn't want to do something that will hinder his ability and the Same reason behind smoking.

ویکیپیدیا

Wikipedia

851. American Steven Pruitt has written over 30,000 articles on Wikipedia and improved over three million articles. This corresponds to about one third of all articles available on Wikipedia in English. In 2017, Time magazine therefore named him one of the 25 most influential people on the Internet, along with Donald Trump, J. K. Rowling and Kim Kardashian.

ئەم خەڵکەی دەیبینن، ئەگەر کورد بوایە رەنگە کچ زۆر نەیوێرایە مەرحەبایی بکردایەو ئەگەر کچێك مەرحەبایی بکردایە، رەنگە لەیەکەم وەڵامدا بیوتایە: های2، ئای لەف یوو سویتی. بەڵام لەبەرئەوەی کورد نیە تەواو جیاوازە. ئەم خەڵکەیە ستیڤن پروتە کە زیاتر لە 30 هەزار وتاری لەماڵپەڕی ویکیپیدیادا نوسیوەو زیاتر لە سێ ملیۆن وتاری تری دەوڵەمەندکردووە. ئەم ژمارەیەش دەکاتە نزیکەی یەك لەسەر سێی کۆی هەموو وتارە بەردەستەکانی بەشی ئینگلیزیی ویکیپیدیا کە یەکێکە لە عەشرە ئەوائیلی سایتەکان لەسەرتاسەری جیهاندا. ئینجاکونێ قسە هەیەو قسە بەر کەللە ئەیا هەر بەهۆی ئەو لێهاتوویەی خەڵگیانەوە، لەساڵی 2017 گۆڤاری تایم ناوی لەلیستی 25 کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهان لەسەر عەنتەرنێت هێناوەو ناوی لەپاڵ ترەمپە سەرپەموو و جەی کەی رۆڵینگ و کاردشیاندا هاتووە.

852. A human brain has a capacity to store 5 times as much information as Wikipedia

مێشکی مرۆڤ جێگەی پێنج ئەوەندەی زانیارییەکانی ناو ماڵپەڕی ویکیپیدیای، تێدادەبێتەوە.

---

853. ئەم قۆزەدینە (تەبعەن حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتانا!!!) جیمی وەیڵز، دامەزرێنەری کەڵەماڵپەڕی ویکیپیدیایە، ئەم برادەرە رزگارکەری لەسەدا 95ی فێرخوازانە لەسەرتاسەری جیهاندا!!!!.

This is Jimmy Wales
The Founder of Wikipedia
& The saviour of 95% of
students around the world

وێنە
photo

854. ئەمە وێنەگری بەناوبانگ ئالان ماکفایدنە، خاوەنی وێنەکەی لای چەپە. ئالان بۆ گرتنی ئەم وێنەیە شەش ساڵی پێچووەو لەو ماوەیەدا 720 هەزار محاوەلەی کردووە، تا ئەم وێنەیەی گرتووە.
سەرباری ئەو ماندبون و گرنگییە، ئەو وێنەیە کاتێك بڵاوکراوەتەوە یان هیچ لۆگۆیەکی پێوە نیە یان ناسکەلۆگۆیەکی بچوکی پێوەدەکات. کەچی زۆرجار دەبینین کوردی ناموسەقەف و نەدی و بدی، رەسمێکی رسواو زۆر عادی دەگرێت، لۆگۆیەك بەقەدەر جامخانەیەك دەنێت بەناوەڕاستییەوە!!!. لەوەش ناموسەقەفتر ئەوکەسانەن کە دەچن لەگوگڵ وێنەیەك دەدۆزنەوەو لۆگۆی خۆیانی لێدەدەن. داوەشێن یاخوا!!!!

یوتیوب

Youtube

855. 1 billion hours of video are watched on YouTube every day.

هەموو رۆژك یەك ملیار سەعات دیمەنی ڤیدیۆیی لەسەر یوتیوب سەیردەكرێت.

ئەگەر بڕواش ناكەیت، قیاسی كە، ئەگەر یەك خولەك كەم و زیادی هەبوو، بڵێ مەعلوماتەكەت خەڵەلی تیایە!!!!

یۆگسلاڤیا

Yogoslavia

856. Baba Anujka was a serial killer from the village of Vladimirovac, Yugoslavia (in Serbia). She poisoned at least 50 people and possibly as many as 150 in the late 19th and early 20th centuries. She was apprehended in 1928 at age 90 and sentenced to 15 years in prison in 1929 as an accomplice in two murders. She was released due to old age after spending eight years in prison.

ئەم پیرەژنەی دەیبینن، ناوی بابا ئانوجکایە. فرەبکوژێکی یۆگۆسلاڤی بوو. ئەم دڕندەیە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لانیکەم 50 کەسی ژەهراویکردووەو پێدەچێت ژمارەی ژەهراویکراوەکانی دەستیشی گەیشتبێتە 150 کەس.

ئەم ژنە لەساڵی 1928، لەتەمەنی 90 ساڵیدا دەستگیرکراو بەتۆمەتی بونەهۆکار بۆ کوشتنی دوو کەس، سزای 15 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا، بەڵام پاش بەسەربردنی هەشت ساڵ لەماوەی زیندانییەکەی، بەهۆی پیرییەوە، ئازادکرا.

857. Alexander I of Yugoslavia refused to attend public events on Tuesdays after three family members died on that day of the week. After finally being forced to appear on Tuesday, he was promptly assassinated.

ئەلێکسەندەری یەکەم، پادشای یۆگسلاڤیا، پاش ئەوەی سێ ئەندامی خێزانەکەی لەڕۆژانی سێشەممانداا عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت، لەو رۆژەی هەفتەدا ئامادەی بۆنە گشتییەکان نەدەبوو. بەڵام دواجار کاتێك ناچارکرا کە لەو رۆژەدا دەربکەوێت، دایکی کوێر بێ یاخوا، یەکسەر تیرۆرکرا.

یۆنان
Greece

858. In Greece, the dead are always buried because the Greek Orthodox Church forbids cremation. Five years after a burial, the body is exhumed and the bones are first washed with wine and then placed in an ossuary. This is done in part to relieve the shortage of land in Greek cemeteries.

تۆ تەماشا ئەم حەیتەرەحونەیەی لە یۆنان دەکرێت!!!
لەو وڵاتە کاتێك کەسێك عومری درێژی بۆ تۆ جێدێڵێت، بەخاك دەسپێردرێت چونکێکوم کڵێسەی ئۆرسۆدۆکسی یۆنان سوتانی تەرمی حەرامکردووە. بەڵام پاش پێنج ساڵ لەناشتنی، روفاتەکەی لەگۆڕ دەردەهێنرێتەوەو سەرەتا ئێسکەکان بە بیرە دەشۆردرێن و پاشان لەژوری تایبەت بە روفاتی مردوان دادەنرێن. هۆکاری ئەمەش سوککردنی بارگرانییە لەسەر خاکی گۆڕستانەکان کە کەمە لەو وڵاتەدا.

859. No point in Greece is more than 85 miles (137 kilometers) from water. Greece has about 9,000 miles of coastline, the 10th longest in the world.

هەر خاڵێکی یۆنان بگریت، دوورییەکەی لەناوچەی ئاوییەوە 85 میل تێناپەڕێنێت. درێژیی کەنارەکانی ئەم وڵاتە نزیکەی نۆ هەزار میلە، بەوەش کردویەتی بە خاوەنی دەیەم درێژترین کەنار لەسەرتاسەری جیهاندا.

860. Soldiers (hoplites) in ancient Greece wore up to 70 pounds (33 kilograms) of bronze armor.

سەربازانی یۆنانی دێرین، سێتێك قەڵغانی برۆنزییان لەبەردەکرد کە کێشەکەی نزیکەی 35 کیلۆگرامی ناسك دەبوو.

861. After giving a compliment, Greeks make a puff of breath through pursed lips, as if spitting. This is meant to protect the person receiving the compliment from the “evil eye.

رەنگە یۆنانییەکانیش بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، ناسکەکەرێتییەکیان تێدا بێت، هەرچەندە ئیحتیمالی هەیە ئەو ناسکەکەرێتییە کافی بێت بۆ بون بە ئەندامێکی باڵای پارتی کەرگەل!!!

کاتێك كەسێك وەسفی كەسێكی یۆنانی دەكات، ئەو كەسە بە لچولێوێكی داخراوەوە، پیفێكی تێكەڵ بە هەناسەدان دەكات وەك ئەوەی بڵێی تفدەكات. مەبەست لەم پفە، لای ئەوان بریتییە لەپاراستی وەسفكراوەكە لەچاوی شەیتان. باشە كاكە!!!

862. The British poet Lord Byron (1788-1824) was so enamored with the Greeks that he traveled to Greece to fight against the Turks in the Greek War of Independence. He contracted a fever there and died at the age of 36. The Greeks consider him a national hero.

شاعیرێکی گەورەی بریتانی هەیە بەناوی لۆرد بایرۆن کە لەساڵی 1788 لەدایکبووەو لە 1824 عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە. ئەم برادەرە ئەوەندە شەیدای یۆنانییەکان بووە، کە لەوڵاتەکەی خۆیەوە گەشتیکردووە بۆ یۆنان بۆ ئەوەی لەدژی تورکەکان، بەشداری جەنگی سەربەخۆیی یۆنان بکات. لۆرد توشی تا دەبێت و بەهۆیەوە لەتەمەنی 36 ساڵیدا، هەر بەجوانەمەرگی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە. بەڵام خوا هەڵناگرێ یۆنانییەکانیش زۆر وەفادارو پیاون بەمانای کەلیمەو هەرچەندە ئەم برادەرە یۆنانی نەبووە، بەڵام بە پاڵەوانێکی نیشتمانی دادەنێن.

863. Greece’s currency, the drachma, was 2,650 years old and Europe’s oldest currency. The drachma was replaced with the Euro in 2002.

دراخما كە دراوی پێشوی یۆنان بوو، تەمەنی دوو هەزارو 650 ساڵی ناسك بوو و كۆنترین دراو بوو لەسەر ئاستی ئەوروپا. بەڵام لەساڵی 2002 ئەم دراوە گۆڕدرا بە یۆرۆ.

864. The Greek flag is includes nine blue-and-white horizontal stripes, which some scholars say stand for the nine syllables of the Greek motto “Eleftheria i Thanatos” or “Freedom or Death.” Blue represents Greece’s sea and sky, while white stands for the purity of the struggle of freedom. In the upper left-hand corner is the traditional Greek Orthodox cross.

ئاڵای یۆنان پێکهاتووە لە نۆ شریتی ئاسۆیی شین و سپی و خاچێکیش لەبەشی سەرەوەی گۆشەی چەپ. بە فشەی هەندێك لەزانایان، نۆ شریتەكە ئاماژەیە بۆ ئەو نۆ برگەیەی دروشمی یۆنانی پێكهێناوە كە دەڵێت، ئازادی یان مردن. رەنگی شینەكەش گوزارشت لەئاسمان و دەریای یۆنان دەكات. سپییەكەش ئاماژەیە بۆ پاكیی خەبات لەپێناو ئازادیدا. خاچەكەش ئاماژەیە بۆ خاچی كلاسیكیی ئاینزای ئۆرسۆدۆكسی یۆنانییەكان.

865. The Greeks would sacrifice one hundred bulls to Zeus during each Olympics.
یۆنانییەکان هەموو جارێك لەکاتی یارییە ئۆلۆمپییەکاندا سەد گا دەکەنە قوربانی بۆ زیوس کە گەورەترین خواوەندیانە.

866. Greece has one of the lowest divorce rates in the EU.Greece traditionally also has the highest abortion rates.
یۆنان لەسەر ئاستی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی تەڵاق تێیاندا کەمترینە. بەڵام لەڕووی ڕێژەی لەباربردنەوە، لەلوتکەدایە.

867. Greece enjoys more than 250 days of sunshine—or 3,000 sunny hours—a year.
لەکۆی ڕۆژکانی ساڵ، یۆنان زیاتر لە 250 ڕۆژی چێژ لەخۆرەتاو دەبینێت، یان دەتوانین بڵێین لەساڵێکەدا سێ هەزار سەعاتی خۆرەتاوە.

868. Greeks do not wave with an open hand. In fact, it is considered an insult to show the palm of the hand with the fingers extended. Greeks wave with the palm closed.
بەپێچەوانەی ئێمەمانانەوە، یۆنانییەکان ناچن بچن بە شێوازی دەستی کراوە، سڵاو لەیەکتر بکەن، چونکە ئەو شێوازەی کە سڵاوبکەیت و پەنجەکانت درێژبوبن و کراوە بن، لای ئەوان بە سوکایەتیکردن دادەنرێت. ئەمان کاتێك سڵاودەکەن، لەپی دەستیان داخراوە.

869. Greek has been spoken for more than 3,000 years, making it one of the oldest languages in Europe.
زمانی یۆنانی زیاتر لە سێ هەزار ساڵە قسەی پێدەکرێت، ئەمەش کردویەتی بە یەکێك لەکۆنترین زمانەکان لەسەر ئاستی ئەورووپا.

870. Greece organized the first municipal dump in the Western world around 500 B.C.
هەتیو ئەم یۆنانییانە، هەر لەکۆنەوە ئەوەندە موسەقەف بون ناخۆشییان کردووە!

لەدەوروبەری ساڵی 500ی پێشزایینەوە، واتە دوو هەزارو پێنج سەدو بیست ساڵی ناسك لەمەوبەر، یەکەم پرۆسەی پاککردنەوەی شارەوانییان رێکخستووە.

871. Greece has one of the richest varieties of wildlife in Europe, including 116 species of mammals, 18 of amphibians, 59 of reptiles, 240 of bird, and 107 of fish.

یۆنان یەکێك لەدەوڵەمەندترین وڵاتەکانی ئەوروپایە لەڕوی بونی فرەجۆریی زیندەوەرە کێوییەکانەوە. 116 جۆر زیندەوەری مەمکدارو 18 جۆر زیندەوەری وشکاوی و 15 جۆر خشۆوك و 240 جۆر باڵندەو 107 جۆر ماسی تێدایە.

ئەگەر بڕواش ناکەن، بچن بیژمێرن، ئەگەر وا نەبوو وەعد دەیسڕمەوە!!!!

872. The life expectancy for ancient Greek women was 36, and the average for males was 45. Of the children born, only half survived infancy.i Currently the life expectancy for Greek females is 82 years and for men, 77 years. Greece is ranked #26 in the world for life expectancy rates. The United States is ranked #49.

سوڕی ژیانی خانمانی یۆنانی دێرین، تەنها 36 ساڵ بووەو هی پیاوانیش تەنها 45 ساڵی ناسك بووە. سەبارەت بە منااڵنیشیان، تەنها نیوەیان قۆناغی ساواییان تێپەڕاندووەو نەمردون. بەاڵم لەئێستادا سوڕی ژیانی خانمانی یۆنان 82 ساڵەو هی پیاوانیش 77 ساڵە. لەڕوی سوڕی ژیانی خەڵکەکەیەوە، یۆنان پلەی 26هەمی لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان گرتووە لەکاتێکدا ئەمەریکای ئیشقۆڕ بەو هەموو شان و شەوکەتەوە پلەی 49ی گرتووە.

873. In Greece, police are allowed to arrest anyone suspected of having HIV. Police are also allowed to force HIV testing, to publicize the names of HIV-positive people and to have them evicted from their homes.

لەو یۆنانەی لای خۆمان، پۆلیس رێپێدراوە بە دەستگیرکردنی هەرکەسێك کە گومانی بونی ڤایرۆسی ئەیچ ئای ڤی کە هۆکارە بۆ توشبون بە ئایدز، لێبکرێت. هەروەها رێپێدراوە بە ناچارکردنی خەڵك بە پشکنینی تایبەت بەو ڤایرۆسەو بااڵوکردنەوەی ناوی هەڵگرانی ئەیچ ئای ڤی و دەرکردنیان لەماڵەکانیان.

874. Approximately 16.5 million tourists visit Greece each year, more than the country’s entire population. Tourism constitutes nearly 16% of the Gross Domestic Product (GDP).

هەموو ساڵێك نزیکەی 16 ملیۆن و 500 هەزار گەشتیار سەردانی ئەم وڵاتە دەکەن. ئەم ژمارەیەش لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە زیاترە. گەشتیاری، نزیکەی لەسەدا 16ی کۆی داهاتی ناوخۆی وڵاتەکە پێکدەهێنێت.

2017-2-3

875. No one in Greece can choose to not vote. Voting is required by law for every citizen who is 18 or older.

لە یۆنان دەنگدان بەپێی یاسا ئیختیاری نیە بەڵکو ناچارییە. هەموو کەسێکی تەمەن 18 ساڵ و زیاتر، پێویستە لەسەری دەنگبدات.

2017-2-3

876. In the 1950s, only about 30% of Greek adults could read and write. Now, the literacy rate is more than 95%.

لەساڵەکانی 1950کان، نزیکەی لەسەدا 30ی کەسانی پێگەیشتوی یۆنان، دەیانتوانی بخوێننەوەو بنوسن، بەاڵم لەئێستادا ئەو ڕێژەیە لەسەروی لەسەدا 95هوەیە.

877. Continuously inhabited for over 7,000 years, Athens is one of the oldest cities in Europe. It is also the birthplace of democracy, Western philosophy, the Olympic

Games, political science, Western literature, historiography, major mathematical principles, and Western theories of tragedy and comedy.

شاری ئەسینا کە ئێستا پایتەختی یۆنانە، زیاتر لە حەوت هەزار ساڵە بەردەوام خەڵکی تێدا دەژی و ئاوەدانە. ئەم شارە یەکێکە لەکۆنترین شارەکان لەسەرتاسەری ئەوروپادا. هەروەها زێدی ئەمانەیە: دیموکراسی، فەلسەفەی خۆرئاوا، یاریيە ئۆلۆمپییەکان، زانستی سیاسی، ئەدەبی خۆرئاوا، بنەما سەرەکییەکانی بیرکاری، بیردۆزە خۆرئاواییەکانی تراژیدیاو کۆمیدیا.

526. Over 40% of the population lives in the capital Athens (Athina in Greek). Since becoming the capital of modern Greece, its population has risen from 10,000 in 1834 to 3.6 million in 2001.

زیاتر لەسەدا 40ی دانیشتوانی یۆنان، لەشاری ئەسینای پایتەخت دەژین. ئەم شارە لەوەتەی بووەتە پایتەختی بۆنانی هاوچەرخ، دانیشتوانەکەی لە دە هەزار کەسەوە لەساڵی 1834، زیادیکردووە بۆ سێ ملیۆن و 600 هەزار کەس لەساڵی 2001.

527. Greece has more than 2,000 islands, of which approximately 170 are populated. Greece’s largest island is Crete (3,189 sq. miles) (8,260 sq. km.).

یۆنان زیاتر لەدوو هەزار دورگەی تێدایە. نزیکەی 170یان خەڵکی تێدا دەژی. گەورەترینی ئەم دورگانەش کریتە کە روبەرەکەی هەشت هەزارو 260 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

یەکەمەکان

firsts

878. Anna Kopchovsky, the first woman to cycle around the world in 1894, had only learned how to cycle a few days before she set off. She covered the entire distance in 15 months and received a reward of 10,000 dollars.

ئەم نازدارەی دەیبینن، خانمێکە بەناوی ئانا کۆپچۆڤسکی. یەکەم خانمە لەمێژودا کە بە پاکسیل بەدەوری جیهاندا سوڕاوەتەوە، ئەویش لەساڵی 1894دا بووە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم خانمە تەنها چەند رۆژێکی کەم پێش ئەو گەشتە مێژوییەی، فێری پاسکیل لێخوڕین بووە. تەواوی مەسافەکەی لەماوەی 15 مانگدا بڕیوەو یەك دەفتەری ناسکی وەك خەڵات وەرگرتووە. هەتیو یەك دەفتەری ساڵی 1894!!!!! دە ئیتر خۆو بیقەبڵێنە بۆ ئێستا!!!

879. باشتر وایە پێداچونەوەیەکی ناسك بکرێت بە ناونانی خانمان بە جنسی لەتیف، چونکێکوم ئەم ناسکەزانیاریيە بە ناڕاستەوخۆ دەڵێت خانمان زۆر لەتیفیش نین!!!.

لەساڵی 1972 ئەم خانمە کە ناوی ڤێسنا ڤوڵۆڤیکەو خانەخوێیەکی فڕۆکەوانیی سربی بوو، بووە یەکەم کەس کە پاش بەرزترین کەوتنەخوارەوەی بێپەڕەشوت، لەمردن رزگاری ببێت. پاش ئەوەی تەقینەوەیەك لەژوری کەلوپەلەکانی ئەو فڕۆکەیەی ئەم خانمە تێیدا خانەخوێ بوو، تەقییەوە، فڕۆکەکە تێکشکاو ئەمیش لەبەرزایی دە هەزارو سەدو مەترەوە کەوتە خوارەوە نەشمرد.

880. یەکەم روداوی ئۆتۆمبێل کە گیانلەدەستدانی لێکەوتووەتەوە، لەساڵی 1896 رویداوەو خێرایی ئۆتۆمبێلەکەش لە چوار میل لەسەعاتێك، کەمتر بووە.

off
The first car accident with fatalities happened in 1896 at a speed of less than four miles per hour.

ئەوانی تر
Others

881. لەسەردەمەکانی یۆنانی کۆن و رۆمانەکاندا، گواستنەوەی خوێن لەڕێگەی دەمەوە ئەنجامدەدرا. لەو سەردەمانەدا لەو بڕوایەدا بون کە لەو ڕێگەیەوە گەنجی لەبەخشەرەکەوە بۆ وەرگرەکە دەگوازرێتەوە.

882. ئەوە دەرکەوت پەپولەش بێناموصەو ناسکەڕستەی "ئەوندە پاك و بێگەردە ئەڵێی پەپولەیە"، لەجێی خۆیدا نیە. ئەم زانیاریيە دەفەرمێت هەموو پەپولەیەك ئەگەر فرسەتی پێبدرێت، بەخۆشحاڵییەوە خوێنت دەمژێت!!!

883. زۆر دڵت بەم جەوەی وێنەکە خۆش نەبێت، چونکە بۆ نمونە ئەگەر لە ئوسترالیا لەدایکبیت و تەمەنیشت بگاتە 70 ساڵ، ئەوا گوێی شەیتان کەڕبێ و چاویشی کوێربێ، هەڵی توشبونت بە شێرپەنجەی پێست لەسەدا 66ە. بەگوێرەی ئەنجومەنی شێرپەنجەی ئوسترالیا، لەهەموو سێ کەسێکی ئوسترالیا بەگەیشتنیان بە تەمەنی 70 ساڵی، دوانیان توشبونیان بەشێرپەنجەی پێست دیاریدەکرێت. لەسەدا 95ی لووە پیسە پێستییەکان هۆکارەکەی سوتانی بەرخۆرە.

884. بەپێچەوانەی مرۆڤی ئیشقۆڕو زۆربەی زیندەوەرانی تر‌ەوە، مردنی تیمساح بەهۆی پیرییەوە مومکین نیە. تیمساح لەگەڵ بەسالاچونی زیاتر دەخوات و پێویستی بە خواردنی زیاتر دەبێت، دواجار بەهۆی برسێتی یان نەخۆشییەوە گیان لەدەستدەدات یان لەلایەن راوکەرێکەوە دەکوژرێت.



885. Hippos kill 2,900 people annually in Africa.

هەموو ساڵێك تەنها لەئەفەریقا، دوو هەزارو نۆسەد کەس بەهۆی پەلاماری ماینی روبارەوە گیان لەدەستدەدەن کە زیندەوەرێکی زەبەلاحی رەزاتاڵە.

886. Icicles kill 100 people per year in Russia.

لە روسیا هەموو ساڵێك سەد کەس تەنها بەهۆی چلورە (پارچە سەهۆڵی شۆڕبووەوە نەك چلورەی خواردن)، گیان لەدەستدەدەن.

887. Jellyfish kill 20-40 people per year in the Philippines alone.
ساڵانە تەنها لە فلیپین، 20 تا چل کەس بەهۆی پەلاماری چرای دەریاوە عومری درێژیان بۆ ئێوە جێدەهێڵن.

888. Overall, the risk of injury while riding a roller coaster is very low. In the U.S. people take about 900 million rides per year, and only about 1 in 124,000 result in an injury.
However, studies show that between the years 1994-2004 there were 40 deaths from roller coasters total, and currently the annual death rate is about 4 per year in the U.S.A.
ناسکەزانیارییەکی خۆش بۆ ئەو برادەرو خوشکەدەرانەی کە زۆر لەشەمەندەفەری مەرگ دەترسن کە لای خۆمان زیاتر بە "سکە الموت" ناسراوە.
هەرچەندە ناوو وێنەو دیزاینەکەشی مەترسیدارە، بەڵام لەڕاستیدا خۆی هێندە مەترسیدار نیە.
بەگشتی مەترسیی بریندار بون لەکاتی سواربونی شەمەندەفەری مەرگ، زۆر کەمە. لەئەمەریکا، خەڵك هەموو ساڵێك نزیکەی 900 ملیۆن جار سوار ئەم شەمەندەفەرە دەبن، بەڵام سەرباری ئەو ژمارە زۆرەش، لەهەموو 124 هەزار سواربونێك تەنها یەکێکیان بریندار بونی لێدەکەوێتەوە.
جیا لەوەش، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە لەنێوان ساڵانی 1994 تا 2004، واتە لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا، تەنها 40 کەس بەهۆی شەمەندەفەری مەرگەوە، عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە. لەئێستاشدا لەئەمەریکا ساڵانە تەنها چوار کەس گیان لەدەست دەدەن.

889. Less than 1% of Americans ride their bike to work, while 50% of Copenhagen residents bike to work or school.
کەمتر لە 1%ی ئەمەریکییەکان بە پاسکیل دەڕۆن بۆ سەر کار، لەکاتێکدا نیوەی دانیشتوانی کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارك، بە پاسکیل دەڕۆن بۆ سەر کار یان قوتابخانە.

890. A woman named Joy Milne from Perth, Scotland can smell Parkinson's disease. In a study, she was able to accurately identify 11 out of 12 patients with

Parkinson's disease. Less than a year later, the last patient was also diagnosed with Parkinson's, making prediction correct in 12 out of 12 patients.

ئەم خانمەی دەیبینن ناوی جۆی میلنێیەو خەڵکی شاری پێرسە لەسکۆتلەندا. ئەمە مواسەفاتێکی عەجیب و غەریبی هەیە ئەویش دەستنیشانکردنی نەخۆشی پارکینسۆنە لەڕێگەی بۆنکردن، واتە لەڕێگەی لوتی شەریفییەوە. لەلێکۆڵینەوەیەکدا توانی لەکۆی 12 توشبوی ئەو نەخۆشییە، 11یان بەوردی بناسێتەوە. لەماوەی کەمتر لەساڵێك دواتر، ئەم ژنە توانی توشبوی دوانزەهەمیش بناسێتەوە، بەوەش توانی لەکۆی 12 تشوبوی پارکینسۆن، هەر 12یان بناسێتەوە.

891. جیابونەوەی هاوژین لەڕەفزە کۆمەڵایەتییەکانی تر کاریگەری تووندترە چونکە ئەو بەشانەی دەماخ کە رۆمانسییەت پەیوەندی پێوەیان هەیە لەو بەشانە بنچینەییترن کە رەفزە کۆمەڵایەتییەکانی تر پەیوەندییان پێوەیان هەیە.



892. ئەگەری جیابونەوە لەهاوسەرگیری دووەم و سێیەم لەهی یەکەم زۆر زیاترە.



893. Louis Le Prince, who filmed the first ever motion pictures, disappeared without a trace in 1890. Thomas Edison soon took credit as the first and sole inventor of cinema and even took Le Prince's son to court to dispute it. A few years later, the son also died under mysterious circumstances.

لەساڵی 1890 ئەم برادەرە کە ناوی لویس لی پرینسەو تەسویری یەکەم وێنەی جوڵاوی کردووە لەمێژودا، بێسەروشوێن بوو و کەس نەیزانی چی لێهات. پاش ماوەیەکی کەم ئەدیسۆن ناوبانگی وەك یەکەم و تەنها داهێنەری سینەما، دەرکرد، تەنانەت کوڕەکەی لی پرینسیشی راپێچی دادگا کرد بەهۆی ناکۆکی لەسەر ئەم یەکەمییە. چەند ساڵێك دواتر کوڕەکەی لی پرینسیش لەدۆخێکی تەمومژاویدا، گیانی لەدەستدا.

هەرچەندە چڕوچاوی ئەم برادەرە عەکس دیارە، بەڵام ئەدیسۆنیش زانایەکی زۆر شەریف نەبووە، بۆیە بەدور نازانرێت دەستی ئەوی تێدا بوبێت. ئەدیسۆن هەرچەندە زانایەکی مەزن بوو لەڕوی داهێنانەوە، بەڵام کەسێکی موعەقەد بووەو لەگەڵ زانایانی تردا نە دانویان پێکەوە کوڵاوە، نە محەلەبیشیان پێکەوە بەستویەتی.

894. ئەم برادەرە ئیدواردۆ ساڤێرینەو هاوادامەزرێنەری فەیسبوکە. ئەم برادەرە لەپێناو خۆلادان لەدانی حەوت هەزار دەفتەر دۆلاری سەیی وەك باج، وازی لەرەگەزنامەکەی خۆی هێنا کە ئەمەریکی بوو.

895. Mark Zuckerberg, the billionaire, and CEO of Facebook puts tape over his webcam. FBI Director James Comey also tapes over his webcam and the American digital rights group EFF sells webcam stickers.

ئینجاکونێ بۆیە کاتێك دڵسۆزێکت پێت دەڵێت با کامێرای لاپتۆپەکەت بە لەزگە یان تیپ داپۆشرابێت، قەشمەریت پێی نەیەت و بڵێیت فشەیە.

مارك زوکەربێرگ، ملیاردێرو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری فەیسبوك بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، لەزگەی ناوە بە وێبکامەکەی خۆیەوە. لەوەش موهیمتر، جەیمس کۆمی بەڕێوەبەری نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکاش لەزگەی ناوە بە وێبکامەکەیەوە. لەولاشەوە گروپی مافی زانیاریی دیجیتاڵیی ئەمەریکی کە بە ئی ئێف ئی ناسراوە، لەزگەی تایبەت بە وێبکام دەفرۆشن.



896. In 2005, Mark Zuckerberg offered to sell Facebook to Myspace. Myspace CEO Chris DeWolfe rejected Zuckerberg's asking price of 75 million dollars.

ئەم قژدەفتەرییە کریس دیۆلّفە کە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی ماڵپەڕی مای سپەیس بوو. کاتێك ئەم مدیری ئەو سایتە بەناوبانگە بوو، بەدیاریکراوی لەساڵی 2005، مارك زوکەربێرگ وتی وەرە با فەیسبوکت بە حەوت هەزارو پێنج سەد دەفتەری رسوا پێبفرۆشم، لەوەڵامدا کریس وتی نامەوێط!!!

ئەو گێژە نەیکڕی. ئەگەر بیکڕایە ئێستا بە ملیاری دەووت سفرو هیچ بەدەستەوە!!!

897. A stray dog named Rufus in Afghanistan saved 50 American soldiers. A Facebook group raised $21,000 to bring the dogs back to the US and reunite them with the soldiers.

سەگێکی پەرتەوازە بەناوی روفوس لەئەفغانستان ژیانی پەنجا سەربازی ئەمەریکی رزگارکرد. لەبەرامبەردا گروپێك لەفەیسبوك 21 هەزار دۆلاریان کۆکردەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو سەگە بۆ ئەمەریکا بۆ ئەوەی بەو سەربازە رزگارکراوانە شادبێتەوە.

898. Back in 2011, Julian Assange called Facebook the "most appalling spying machine that has ever been invented."

با بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 2011. لەو ساڵەدا جولیان ئەسانج واتە قۆزەدینە قژپەمووەکەی ویکیلیکس فەیسبوکی بە "ترسناکترین ئامێری سیخوڕیکردن کە بەدرێژایی مێژوو داهێنرابێت" ناوبرد.

899. US president Stephen Grover Cleveland developed a close relationship with his friend's baby daughter (Frances Folsom Cleveland Preston). When his friend died, a court-appointed him to administer the estate, making him closer to the then 11 year-old-girl. When she graduated university at 21, Cleveland (49-year-old) married her while President.

ستیفن گرۆڤەر کلیڤلاند کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا، پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ کچی هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بەناوی فرانسیس فۆلسەم کلیڤلاند پریستن دروستکرد کە منداڵ بوو. کاتێك هاوڕێکەی مرد، دادگا ستیفانی دیاریکرد بۆ ئەوەی سامانەکەی ئەم پیاوە بەڕێوەببات و بەوەش زیاتر لەو کچەی نزیککردەوە کە ئەو کاتە تەمەنی تەنها 11 ساڵ بوو. دواتر پاش ئەوەی ئەم کچە گەورە بوو و لەتەمەنی 21 ساڵیدا زانکۆی تەواوکرد کە ئەو کاتە تەمەنی کلیڤلاند 49 ساڵ بوو و سەرۆکی ئەمەریکا بوو، فڵق شوی پێکردو ئەمەی خوارەوە وێنەکەیەتی.

پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکا، هیچیان زەرەریان نەکردووە!!!

900. According to Romani Gypsies tradition, if a boy/man who is single kidnaps a girl and is able to keep the girl hostage for 3-5 days, then he has legally all the rights to get married to the girl.

بەگوێرەی نەریتی قەرەجی رۆمانی، ئەگەر کوڕ یان پیاوێکی سینگڵ کچێك بڕفێنێت و بتوانێت بۆ ماوەی سێ تا پێنج رۆژ وەك بارمتە بیگرێت، ئەوا بەپێی یاسا هەموو مافێکی هەیە بۆ ئەوەی مارەی بکات.

901. سێ ساڵ لەمەوبەر، بڕێك هەنگوین دۆزرایەوە کە تەمەنی سێ هەزار ساڵ بوو. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەو هەنگوینە پاش ئەو هەموو تەمەنەش بەتەواوی بۆ خواردن دەشیا.

902. ئەو ئایسلەندایەی لای خۆمان هێندە ئارامی و ئاسایشی تێیدا بەرقەرارە کە دایکان و باوکان بەشێوەیەکی رۆتینی لەکاتی جێبەجێکردنی ئیش و کارەکانیان منداڵەکانیان لەناو عەرەبانەکەیان لەدەرەوە بەجێدەهێڵن بۆ ئەوەی بخەون و هیچ ترسێکیشیان نیە.

903. لەیابانە حەیاتەکە زۆر بەدەگمەن رووەدات شەمەندۆفێر درەنگ بگاتە شوێنی مەبەست. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك درەنگکەوتنێك رووەدات ستافی شەمەندەفەرەکە بەکێشەیەکی زۆر جددی وەردەیگرن.

رێبەرانەی شەمەندۆفێرەکە دانە دانە خاڵ دانە دانە دەچنە لای سەرجەم سەرنشینەکان و داوای لێبوردنیان لێدەکەن، نەك بە مایکرۆفۆن بڵێن شەمەندەفەرەکە دواکەوتووە.

کورە جا هێشتا چیت دیوە!!! تەنانەت ئەگەر دواکەوتنەکە تەنها پێنج دەقەش بێت، رێبەرانی شەمەندۆفێرەکە بەڵگەیەکی نوسراوی تایبەت بە دواکەوتنەکە تەسلیم سەرجەم سەرنشینەکان دەکەن کە دەتوانیت تۆی سەرنشین پیشانی مدیرەکەت یان قوتابخانەکەتی بدەیت بۆ ئەوەی بزانن کە دواکەوتنەکەت هەڵەی تۆ نەبووە، بەمەش تۆ رزگارت دەبێت لەئیحراجبونی تایبەت بە پۆزشهێنانەوە بۆ قوتابخانەو مدیرە ئیشقۆرەکەت.

ئەمە لە یابان، بەڵام لێرە..... کورە قسەم پێمەکەن با قسە نەکەم!!!

In Japan, it is an extremely rare event for the train to arrive late. But when it happens, they take it very seriously. The train conductors will walk around and personally apologize to every one on the train instead of just announcing it on the mic, but that's not the best part!

Even the delay is just over 5 minutes, they actually hand each passenger a printed "Proof of Lateness" slip so that you could show it to your boss or school to know it was not your fault of being late, saving you the embarrassment of excuses.

Japan, the nation of manners overdose!

904. کەنگەری مێ دەتوانێت لەیەك کاتدا شیری پرچەوری و شیری کەمچەوری بەرهەمبهێنێت، بۆ ئەوەی خواردن بدات بە دوو بێچوی لەقۆناغە جیاکانی گەشەکردنیاندا.

905. Our brains have special neurons that help us find each other's lips in the dark.
بینا لەسەر ئەم ناسکەزانیارییەی خوارەوە رەنگە بتوانین بێژین: بەخوا دەماخیش سەگە!
دەماخی مرۆڤ دەمارەخانەگەلێکی تایبەتی هەیە کە یارمەتی دەدات لەتاریکیدا لێوی یەکتر بدۆزنەوە.

906. A quick romantic kiss burns about 2-3 calories. A more passionate kiss burns 5 or more calories, depending on the duration and intimacy of the kiss.
ماچێکی رۆمانسی سەریع نزیکەی دوو تا سێ کالۆری دەسوتێنێت. ماچێکی گەرمتر بەگوێرەی ماوەو گەرموگوڕییەکەی، پێنج یان زیاتر کالۆری دەسوتێنێت. بە نەیسبەت ماچی کەڵەشاخیشەوە ئەوە هەر باسی مەکە!!!!

907. The condition and appearance of a potential partner’s teeth plays a determining factor in a woman’s decision to kiss someone or not.
دۆخ و روخساری ددانەکانی هاوژینێکی موحتەمەل رۆڵی هۆکارێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لەبڕیاردانی خانمێك بۆ ماچکردنی کەسێك یان نا.

ناسکەئاسانکردنێك بۆ ئەو کەسانەی رقیان لەدەستەواژەی رەسمییە: بەکورتی و بەکوردی ئەم زانیارییە واتە ئەگەر خانمەکە ددان و دەموفڵقی کابرای بەدڵ بوو ماچی دەداتێ و بەپێچەوانەوەشەوە!!!

908. Men are more likely to initiate kissing before sex. Women are more likely to initiate kissing after sex.
پیاوان زیاتر دەیانەوێت لەپێشدا ماچ بکەن ئینجا سێکس بکەن، بەڵام خانمان دەیانەوێت لەپێشدا سێکس بکەن پاشان ماچ بکەن.

909. About 24,000 people are killed by lightning strikes around the world each year.
هەموو ساڵێك لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی 24 هەزار کەس تەنها بەهۆی هەورەبروسکە، گیان لەدەست دەدەن.

910. Nissan.com is not owned by the car company, but by a single guy named Uzi Nissan. He has been fighting the car company in court since 1999.
نەچی بچی وابزانیت کە ماڵپەڕی نیسان دۆت دۆت کۆم هی کۆمپانیا زەبەلاحی نیسانە، چونکە وا نیە. ئەم ماڵپەڕە هی ئەم برادەرەیە کە ناوی ئوزی نیسانە. ئەم برادەرە لەساڵی 1999ەوە لەشەڕێکی یاساییدایە لەگەڵ ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە.

هەرچەندە رەنگە هەندێك بڵێن ماستاو بۆ نیسان ئەکا، بەڵام بەخوا چڕوچاوی ئەم برادەرە عەکس دیارەو رەنگە خەتای ئەم بێت نەك نیسان!!!!



911. Parrots mate for life. To find a mate, a male parrot puts up a courtship display and impresses female parrot. And once female chooses the male parrot, they stay together forever. They are monogamous.

بەپێچەوانەی مرۆڤی ئیشقۆرەوە کە بە سوعبەتێکی راستییەوە دەفەرمێت کە تازە هات کۆنە خەڵاتە، توتی یەك هاوژین دەگرێت تا کۆتایی ژیانی. نێرەی ئەم زیندەوەرە بەمەبەستی دۆزینەوەی هاوژین، نمایشی موغازەلە دەکات و کاردەکاتە سەر مێینە. هەر کە مێنینەکەش نێرینەکەی هەڵبژارد وەك هاوژین، ئەم دوانە بەدرێژایی ژیانیان پێکەوە دەمێننەوە. توتی زیندەوەرێکی تاکهاوژینەو وەك مرۆڤ نیە بچێت بڵێت خوا چواری حەڵاڵکردووە!!!!

912. Parrots cannot eat chocolates. It is very poisonous for their body.

نەچی بچی لەجەژن و موناسەبەکاندا چوکلێت بەزۆر بدەیت بە توتییەکەت. چونکە توتی ناتوانێت ئەم خواردنە بخوات. چوکلێت زۆر ژەهراوییە بۆ جەستەی ئەم زیندەوەرە.

913. Feeling stressed? Read. Getting lost in a book can lower levels of cortisol, or other unhealthy stress hormones, by 67 percent.

هەست بە فشاری دەرونی دەکەیت؟ بخوێنەرەوە. رۆچون بەناو دنیای کتێبێکدا دەکرێ ئاستی کۆرتیزۆڵ یان هۆرمۆنە ناتەندروستەکانی تری پەیوەست بە فشاری دەرونی، بەڕێژەی لەسەدا 67 کەمبکات.

914. There are over 40 breeds of sheep in the U.S. and approximately 900 different breeds around the world.

تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زیاتر لە 40 جۆر مەڕ هەیە. لەسەرتاسەری جیهانیشدا نزیکەی نۆ سەد جۆری جیاواز مەڕ هەیە.

915. Sheep do not have teeth in their upper front jaw.

شەویلگەی سەرەوەی مەڕ، ددانی نیە.

916. The life expectancy for sheep is between 6 to 11 years.

سوڕی ژیانی مەڕ شەش بۆ 11 ساڵە.

دایکی کوێر بێ یاخوا هەر بەجوانەمەرگی سەردەنێتەوە!!!

917. All sheep make the sound “baa” while goats make the sound “maa.”

مەڕ دەڵێت "باااع" بەڵام بزن دەڵێت "ماع".

918. One pound of wool can make ten miles of yarn.

تەنها یەك پاوەند خوری دەتوانرێت دەزویەکی لێدروستبکرێت کە درێژییەکەی 10 میل بێت.

919. ئەگەر بۆ ماوەی 15 خولەك نەجوڵێیت، ئەوا خەوت لێدەکەوێت.

ئێستا خۆ تێگەیشتی بۆچی کاتێك بە پاڵکەوتنەوە سەیری فیلم یا ناسکەبەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری یان جرت و چەقەنەیەکی کەنالە کوردییەکان دەکەیت، پێش ئەوەی شتەکە تەواو بێت، لەخەوت ساڵان راستدەبیتەوە!!!

920. جۆرێك مار هەیە پێی دەووترێت تایپانی خۆرئاوایی. ئەم جۆرە بە ژەهراویترین مار دادەنرێت لەسەرتاسەری جیهاندا. بەگوێرەی خەملاندنەکان، تەنها یەك پێوەدانی ئەم مارە هێندە ژەهری تێدایە کە لانیکەم 100 کەسی تەواو پێگەیشتوو بکوژێت.

921. If you put some Viagra in a vase, it will make flowers stand up straight for a week beyond when they would normally wilt.

ئەگەر هەندێك ڤیاگرا بکەیتە ناو ئینجانەیەکەوە، ئەوا گوڵەکانی ناو ئینجانەکە بەهۆی ئەو ڤیاگرایەوە زیاتر لەحەفتەیەك لەحاڵەتی ئاسایی، بە رێك و ڕەپی دەمێننەوە، دوای ئەوە سیس دەبن.

922. ئەگەر تەبیعەتت زۆر کشمشی بێت و بێزو قێز زۆر بکەیتەوەو هەرگیز ناتوانیت لێوی شەریفت بنێیت بەلێوی پەرداخێکەوە کە لێوی یەکێکی تر بەرکەوتووە، ئەوا بەهەڵەدا چویت و ناتوانیت!

ئەم زانیارییە دەفەرمێت: ئەو بڕە ئاوەی فەخامەتی جەنابت دەیخۆیتەوە، پێش تۆ لەلایەن یەکێکی ترەوە خوراوەتەوە، کورە رەنگە لەلایەن چەند کەسێکی ترەوە خورابێتەوە نەك تەنها کەسێك.



923. ئۆرك واتە نەهەنگی کوشندە هەرچەندە راوکەرێکی نایابە، بەڵام مرۆڤ بەچاوی نێچیرەوە نابینێت. تەنانەت لەهەندێك دۆخدا ملکەچی مرۆڤ دەبێت. هیچ راپۆرتێکی نوێش نیە کە باس لەکوژرانی مرۆڤ بکات بەهۆی ئەم زیندەوەرە درندەوە.

هەرکەسێکیش بڕوا بەم زانیارییە ناکات، شایەتومانێکی خەست بهێنێت و بچێتە سەر دەریاو کلکەقنێ یەکێك لەم جۆرە نەهەنگە بدات. گوێی شەیتان کەڕبێ ئەگەر خوا بەو رۆژێ نەکا کوشتی، ئەوە بێگومان هەمومان دوعای خێری بۆ دەکەین.



925. A bolt of lightning contains enough energy to toast 160,000 pieces of bread.
تەنها یەك هەورەبروسكە هێندە وزە لەخۆدەگرێت كە بەشی برژاندنی 160 هەزار نان دەكات.

926. A giraffe's neck can measure up to 6 feet (1.8 m) long
درێژی ملی زەرافە دەگاتە مەترێك و 80 سانتیمەتر. بەواتەیەكی تر دەتوانین بڵێین كە درێژی تەنها ملی ئەو زیندەوەرە بەقەدەر درێژی هەموو جەستەی مرۆڤێكی باڵا عەرعەری دەبێت!

927. Facebook loses almost US$25,000 for every minute it's down.
لەبەرامبەر داخرانی فەیسبوك بۆ هەر دەقەیەك، دوو دەفتەرو نیو زەرەردەكات.

928. Apple earns US$300,000 per minute.
بێچاوێنی بێ كۆمپانیای ئەپڵ هەموو دەقەیەك 30 دەفتەری سەیی دەست دەكەوێت!
عەگ رەببی پێیان حەڵاڵ بێت چونكە بەخوا قابیلیانە هەرچەندە خۆم زۆر تاقەتی چڕوچاوی ئایفۆنم نیەو گالاكسیچیم.

929. Left-handed people process things faster than righties while playing computer games or sports.
چەپلەرەكان لەیاریكردنی كۆمپیوتەرو و وەرزشدا بەبەراورد بە راستلەرەكان، خێراترن.. ئحم ئحم بەناوی خۆم و هەموو چەپلەرەكانی تری كوردو كوردستانەوە!

930. 10% of all the photographs in the world were taken in the last 12 months.
لەسەدا 10ی هەموو وێنە فۆتۆگرافییەكانی جیهان، لەماوەی 12 مانگی رابردوودا گیراون.

931. Blondes have more hair than brunettes and redheads.
قژزەردەكان بەبەراورد بە قژڕەش و قژقاوەیی و قژسورەكان، مویان زیاترە.

932. Dolphins give each other names and will answer to it even when called by dolphins they don't know.
دۆلفینەكان ناوی خۆیان بە یەكتر دەڵێن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە كە ئەگەر دۆلفینێك بانگی دۆلفینێكی تر بكات بە ناوەكەیەوە وەڵامی دەداتەوە تەنانەت ئەگەر نەشی ناسێت.

933. The letter J was one of the last letters added to the alphabet.
پیتی جەی یەكێكە لەو پیتانەی ئینگلیزی كە بنەڕەتی نین و دواتر بۆ ئەبجەدیی ئینگلیزی زیادكراون.

934. In 1987, a man convinced 2.8 million people to send him a penny each for his college education.
لەساڵی 1987 پیاوێك توانی قەناعەت بە دوو ملیۆن و 800 هەزار كەس بكات كە هەریەكێكیان بڕی یەك سەنتی پێبدەن بۆ خوێندنی كۆلێژەكەی. بە كوردییەكەی خۆمان دەكاتە دوو دەفتەرو هەشتا وەرەقە.
تەبعەن بەڕێزان یەك سەنت هەر هیچ نیە بەڵام كە خەڵك بە كۆمەڵ بیدات سەیركە چەندە زۆرە!

935. 3 AM is when most Americans are sleeping (95.1%). Conversely, 6 PM is when most Americans are awake (97.5%).
سەعات 3ی بەرەبەیان زۆربەی ئەمەریكییەكان (لەسەدا 95.1) خەوتون. سەعات 6ی ئێوارەش زۆربەیان (لەسەدا 97.5) بەئاگان.

936. An Iran Air passenger flight was shot down by a U.S. Navy missile in 1988. All 290 people on board died. The U.S. never apologized or acknowledged wrongdoing.

لەساڵی 1988 فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئێرانی بە موشەکێکی هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا خرایە خوارەوە. لەئەنجامدا سەرجەم سەرنشینەکانی کە 290 کەس بوون، گیانیان لەدەستدا. کەچی ئەو ئەمەریکایە ئەوەندە بێناموس بوو، نە داوای لێبوردنی کرد نە دانی بەوەدا نا کە کارێکی هەڵەی کردووە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمەریکییەك لەوپەڕی دنیا زللـەیەکی لێبدرێت، واشنتۆن ئەیکا بە هۆسە. وەك ئەوەی بڵێی تەنها ئەمەریکی ئازارو کۆژانی هەیە.

937. Hajimi Fuji, who volunteered for the kamikaze but was refused acceptance because he had a wife and two young children. To honour his wish his wife drowned her two young girls and drowned herself. Hajimi then flew as a kamikaze pilot, meeting his death on the 28th May 1945.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا برادەرێکی یابانی هەبوو ویستی وەك خۆبەخش ببێتە فڕۆکەوانێکی کامیکازی واتە ئەو فڕۆکەوانانەی هێرشی خۆکوژی و بێگەڕانەوە لەدژی هێزەکانی ئەمەریکا ئەنجامدەدەن بەڵام لەبەرئەوەی ژن و دوو منداڵی هەبوو، داواکارییەکەی قبوڵ نەکرا. بەڵام ژنەکەی بۆ ئەوەی مێردەکەی بەو ئاواتەی بگات و سەربەرز بێت، هەردوو منداڵەکەی غەرقکردو دواتریش خۆی غەرقکردو گیانیان لەدەستدا. پاشان پیاوەکە کە ناوی هاجیمی فوجی بوو بۆ کامیکازی و لە 28-5-1948 هێرشە خۆکوژییەکەی ئەنجامداو گیانی لەدەستدا.

بەچاوپۆشین لەکوشتنی ئەو دوو منداڵە بێتاوانەو خۆکوشتنی ئەو خانمە، پێموایە ئەمە لوتکەی وەفاداری و قوربانیدانەو دەیسەلمێنێت کە یابانییەکان تەنها لەتەکنۆلۆجیادا یەکەمی بێرکەبەر نین.

938. The Shanghai government will lower your credit score if you don't visit your parents. Parents can also sue their kids for neglect.

لە چین شتێك هەیە پێی دەووترێت خاڵ یان ئاستی متمانە واتە تا چەند متمانەت هەیە لەلای حکومەت بۆ دانەوەی قەرز. لە شەنگەهای ئەگەر کەسێك سەردانی داك و بابی نەکات، حکومەتی ئەو ناوچەیە خاڵی متمانەی کەمدەکاتەوە. هەر لەوێ، دایکان و باوکان دەتوانن سکاڵا لەسەر منداڵەکانیان تۆماربکەن ئەگەر پشتگوێیان بخەن.

لێرە لەکوردستان زۆرجار ئەگەر شتێك خراپ بێت دەڵێین ئەو سینییەکەیە. بەڵام بەڕاستی ئەم قانونەیان زۆرجوانەو حەق نیە چیتر خراپەکان ناو بنێین سینی.

939. You can go temporarily blind in one eye from checking your smartphone in the dark while lying on your side.

دەکرێ بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکەتەوە لەسەر جێگای خەوتن بە تاریکی، بەشێوەیەکی کاتی چاوێکت کوێر ببێت. بۆیە یان لەو شوێنەدا یان بەکاری مەهێنە یان با گڵۆپەکە هەڵکرابێت.

940. In 1770 a man invented a machine that could play a strong game of chess against a human opponent. The "android" that played the game was nicknamed The Turk (as was the machine itself). It wasn't until 1857 that it was revealed to be a hoax (a chess master was hiding in the machine).

لەساڵی 1770 پیاوێك "ئامێرێکی" داهێنا کە دەیتوانی زۆر بە لێهاتوانە یاری شەترەنج لەبەرامبەر رکەبەرێکی سەرسەختی مرۆیی ئەو یاربیەدا بکات. ئەم ئامێرە نازناوی زە تورکیان لێنابوو. بەڵام لەساڵی 1857 واتە پاش نزیکەی 90 ساڵ لەداهێنانی دەرکەوت کە فێڵ بووەو لەناو ماۆستایەکی لێهاتووی شەترەنج هەبووەو ئەو یاربیەکەی کردووە!

941. After his wife was denied access to water due to her caste, Indian man Bapurao Tajne single-handedly dug a well in 40 days.

لە ناوچەیەکی هندستان پاش ئەوەی بەهۆی جیاوازیی تایەفەگەرییەوە ئاویان نەدەدا بە ژنەکەی، پیاوێك بەناوی باپوراو تاجنی، شێخی نەماو خودی خۆی بە تەنها لەماوەی 40 رۆژدا بیرێکی لێدا.

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە گۆشتی هینی خۆت بخۆ، زۆر لەمنەتی هین باشترە!

942. The USA is the only English speaking country that pronounces Z as zee instead of zed.

لەناو ئەو وڵاتانەی دانیشتوانەکەی بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن، تەنها ئەمەریکا پیتی z بە زیی گۆدەکات نەك زێد!

943. Michael Phelps has 28 Olympic medals, 23 of them are gold. Not only is he the most decorated Olympian, he has more medals than 91 other countries and more gold medals than 108 countries.

میشێل فێلپس لەیارییە ئۆلۆمپییەکاندا 28 مەدالیای بردووەتەوە. 23یان مەدالیای زێڕن. ئەم برادەرە رازاوەترین یاریزانی ئۆلۆمپییە بە خەڵات. ئەگەر بەباشی حلێبی کەین دەبینین کۆی ئەو مەدالیایانەی بردونیەتەوە، لەکۆی ئەو مەدالیایانە زیاترە کە 91 وڵاتی تر بردونیەتەوە. لەڕوی مەدیالیای ئاڵتونیشەوە، کۆی ئەوانەی فێلەگیان بردونیەتییەوە لەکۆی ئەو مەدالیا ئاڵتونیانە زیاترە کە 108 وڵات بردویانەتەوە.

تۆ چیت بێنە ماچ بۆ دوو شتی ئاوا نەبێ بۆ چی باشە!!!

944. "100 Years—The Movie You Will Never See," starring John Malkovich and directed by Robert Rodriguez, won't be in theaters until 2115.

فیلمێك هەیە بەناوی "100 ساڵ- ئەو فیلمەی هەرگیز نایبینیت". ئەم فیلمە تا ساڵی 2115 واتە تا نزیکەی سەد ساڵی تر نمایش ناکرێت. بە واتەیەکی تر کاتێك ئەم فیلمە نمایش دەکرێت ئێمە مانان کورد وتەنی دەمێکە لەحەوت ساڵان راستبوینەتەوە.

945. Alexander The Great named around 70 cities after himself.

ئەسکەندەری مەزن نزیکەی 70 شاری بەناوی خۆیەوە، ناوناوە.

946. In Detroit in the 1930s, a baby fell from a high window and landed on a man who was passing the street below. The baby and the man both survived the incident. A year later, the SAME baby fell from the SAME window and landed on the SAME man, and they both survived.

لەساڵەکانی 1930یەکان، لەشاری دیترۆیتی ئەمەریکا، جارێك منداڵێك لەپەنجەرەیەکی بەرزەوە کەوتە خوارەوەو بەر پیاوێك کەوت کە سودفە لەوکاتەدا بەو شەقامەدا دەڕۆشت. لەئەنجامی ئەو روداوەدا هیچ یەکێکیان نەمردن. لەوە سەیرتر ئەوەیە کە ساڵێك دواتر، هەمان منداڵ لەهەمان پەنجەرەوە کەوتەوە خوارەوەو بەر هەمان پیاویش کەوتەوە. هەمان نەتیجەی جاری پێشوشی هەبوو و هیچ یەکێکیان نەمردن.

947. "I never said she stole my money" has 7 different meanings depending on which word is stressed when you speak it aloud.

"هەرگیز نەمفەرموو ئەو پارەکەی دزیوم". ئەم رستەیە بە زمانی ئینگلیزی تاڕادەیەکی زۆر بەسیت دیارە. بەڵام لەڕاستیدا بەگوێرەی ستریس خستنە سەر وشەکانی، حەوت مانای جیاوازی هەیە. بێگومان بۆ کوردیش تاڕادەیەك ئەمە راستە.

948. Edmund Thomas Clint, an Indian child prodigy painted over 30,000 paintings until his death due to kidney failure. He was seven years old.

منداڵێکی هندی هەبوو بەناوی ئیدمۆند کلینت. ئەمە بلیمەت بوو بەمانای وشەو بەدرێژایی ئەو ژیانە کورتەی کە لەتەمەنی حەوت ساڵیدا بەهۆی لەکارکەوتنی گورچیلەوە، کۆتاییهات، زیاتر لە 30 هەزار تابلۆی دروستکردووە.
خوا بداتێ تەنها دین و ئیمان و یەك ملیۆن دۆلارو 30 منداڵی ئاوها بلیمەت، ئیتر هیچی ترت نەبێ قەیناکا چونکە قەناعەت شتێکی باشە!

949. 1.5 trillion dollars are paid in bribes every year, according to a World Bank estimate.

بەگوێرەی خەملاندنێکی بانکی جیهانی، ساڵانە یەك ترلیۆن و 500 ملیار دۆلار، دەدرێت بە بەرتیل.

950. Researchers found 1,458 new species of bacteria in belly buttons.

لێکۆڵەران 1458 جۆری نوێی بەکتریایان لەناو ناوکی مرۆڤدا دۆزیوەتەوە.

951. While sudden heart attacks during sex are rare, 75% of them happen to men who are cheating on their wives.

هەرچەندە رودانی جەڵتەی دڵی کتوپڕ لەکاتی سێکسدا دەگمەنە، بەڵام 75 لەسەدی ئەو حاڵەتانە، بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە ناپاکی لەهاوسەرەکانیان دەکەن.

952. Every year, 1,000 letters arrive in Jerusalem, Israel, addressed to God.

هەموو ساڵێك هەزار نامە دەگاتە شاری قودسی داگیرکراو لە ئیسرائیل و لەسەری نوسراوە: بۆ خوا.

953. A 2015 survey found that more than 40% of couples didn't know each other's annual earnings.

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2015 دەریخستووە کە زیاتر لە 40 لەسەدی هاوژینەکان، نازانن داهاتی ساڵانەی هاوژینەکانیان چەندە.

954. If your pee smells sweet, take note. It's usually an indicator of diabetes.

ئەگەر میزەکەت بۆنی خۆش بوو، وریابە. ئەوە بەگشتی نیشاندەرێکی نەخۆشی شەکرەیە.

955. According to a US study, men fall in love faster than women! Who would've guessed?

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەمەریکی، پیاوان لەخانمان سەریعتر عاشق دەبن.

956. According to scientists, most people will fall in love approximately 7 times before finding "the one" whom they wish to marry!

بەگوێرەی زانایان، زۆربەی خەڵك پێش ئەوەی ئەو کەسە بدۆزێتەوە کە دەخوازێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، نزیکەی حەوت جار دەکەوێتە داوی عەشقەوە.

957. An elephant's trunk has more than 40,000 muscles. In comparison a human being only has 639 muscles total.

لەشی فیل زیاتر لە 40 هەزار ماسولکەی هەیە بەڵام مرۆڤ تەنها 639ی هەیە.

958. Every day, your heart creates enough energy to drive a truck for 20 miles (32 km).

هەموو رۆژێك دڵت وزە هێندە دروستدەکات کە بەشی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەکات بۆ ماوەی 32 کیلۆمەتر.

959. California produces 80% of the world's almonds.

لەسەدا 80ی بادەمی جیهان، بەرهەمی کالیفۆرنیایە.

960. A study found that nearly 16,000 American babies are born premature each year at least in part because of air pollution.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە ساڵانە 16 هەزار منداڵی ئەمەریکی پێش کاتی ئاسایی لەدایك دەبن و لانیکەم هۆکارێکی ئەمەش پیسبونی هەوایە.

961. Muscle comes from the Latin musculus, which means "little mouse," because a flexed muscle was thought to resemble a mouse.

وشەی muscle کە لەزمانی ئینگلیزیدا بەمانای ماسولکە دێت، لەوشەی musculusی لاتینی وەرگیراوە کە بەمانای مشکی بچوك دێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەکۆندا پێیان وابووە ماسولکەی لولکراو لەمشك دەچێت.

962. Liars blink less frequently than normal during the lie, and then speed up to around eight times faster than usual afterwards.

لەکاتی درۆکردندا مرۆڤ کەمتر لەحاڵەتی ئاسایی چاوی دەتروکێنێت. دوای درۆکەش، خێرایی چاوتروکاندنەکەی هەشت ئەوەندەی ئاسایی خێراتر دەیتروکێنێت.

ئەمە نیشانەیەکی چاك و تارادەیەکیش ئاسانە بۆ ناسینەوەی ئەوانەی درۆدەکەن.

963. Ancient Egyptians worshiped over 1,400 different gods and goddesses.

میسرییە دێرینەکان عیبادەتیان بۆ زیاتر لە 1400 خواوەندی نێرو مێ کردووە.

بەڕاستی ئەمە زۆر موهیمە. خۆزگە لێرەش ژمارەی کتێبخانەکان لانیکەم بەقەدەر نیوەی خواردنگەو ڕێستۆرانتەکان بوایە. چونکە ئەوە نیشانەیەکی دیاری سەقافەتە.

964. From birth to toilet training, a baby goes through an average of 8000 diaper changes.

بەگشتی منداڵ لە لەدایکبونییەوە تا ئەوکاتەی ڕاهێنانی پێدەکرێت لەسەر چونە توالێت، 8000 دایبی بۆ دەگۆڕدرێت.

965. India is expected to be the world's most populous country by 2050. With 1.6 billion people, it will almost equal the U.S. and China's population combined.

پێشبینی دەکرێت بە هاتنی ساڵی 2050، ژمارەی دانیشتوانی هندستان بگاتە ملیارێك و 600 ملیۆن. بەوەش دەگاتە نزیکەی دانیشتوانی ئەمەریکاو چین پێکەوەو دەبێتە گەورەترین وڵاتی جیهان لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە.

966. WW1 was the sixth deadliest conflict in world history.

جەنگی جیهانی یەکەم شەشەم کوشندەترین ناکۆکییە لەمێژوی جیهاندا.

967. Earthquakes are common in California because of the state's location along the Pacific Ring of Fire.

ڕودانی زەمینلەرزە لەکالیفۆرنیا زۆر باوە. چونکە ئەم ویلایەتە دەکەوێتە سەر ئەو خەتەی پێی دەووترێت ئەڵقەی ئاگری زەریای ئارام.

جا خوا ڕەحمیکردووە کە ئێمە لەسەر ئەو خەتە نین، ئەگینا حاڵمان زۆر لەئێستا خۆشتر دەبوو!!!

968. The Vatican has a crime rate of 133.6%.

نەچی بچی وابزانی ڤاتیکان وڵاتێکی زۆر هێمنە چونکە نەك هەروا نیە بەڵکو رێژەی تاوان لەم وڵاتە بچکۆلەیەدا زۆر بەرزە کە لەسەدا 133.6ە.

969. Abraham Lincoln wore size 14 shoes, the biggest in U.S. president history.

ئەبراهام لینکۆڵن کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، پێڵاوی ژمارە 14ی لەپێکردووە. ئەم ژمارەیەش لەناو پێڵاوەکانی سەرۆکەکانی ئەو وڵاتەدا گەورەترینە.

970. There's no physical description of Jesus in the Bible.

لە ئینجیلدا بەهیچ شێوەیەك باسی شێوەی جەستەی حەزرەتی عیسا نەکراوە.

971. U.S. Ex-President Jimmy Carter sent his first text message in 2014.

جیمی کارتەر، سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکا یەکەم تێکستەنامەی لەساڵی 2014دا ناردووە.

972. During World War II in Australia, there was a dog whose hearing was so acute that it could warn airforce personnel of incoming Japanese planes 20 minutes before they arrived, and before they showed up on radar. "Gunner" could also differentiate the sounds of allied and enemy aircraft.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، سەگێك هەبوو لە ئوسترالیا بەناوی گەنەر. توانای بیستنی ئەم سەگە هێندە دەقیق و بەهێز بوو کە دەیتوانی 20 دەقە پێش گەشتنی فڕۆکەکانی یابان و پێش ئەوەی رادار کەشفیان بکات، دەستەی هێزە ئاسمانییەکان ئاگاداربکاتەوە.

کورە جا هێشتا چیت دیوە!

هەر ئەم سەگە دەیتوانی دەنگی فڕۆکەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی دوژمن لەیەك جیابکاتەوە.

کەواتە حەقی خۆیەتی بێژین بەخوا ئەم سەگە سەگ بووە!!!

973. Microsoft has created 3 billionaires and an estimated 12,000 millionaires.

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت سێ ملیاردێرو نزیکەی 12 هەزار ملیۆنەری دروستکردووە.

بەخوا قابیلیانەو ئەو سامانەیان وەك شیری دایك پێ حەڵاڵ بێت.

974. Married couples get angry and mean towards one another when their blood sugar is low.

کاتێك رێژەی شەکر لەخوێنیاندا نزم بێت، هاوژینەکان لەیەکتر تورەدەبن و بەرامبەر یەك خراپ دەبن.

975. The average salary in Cuba in 2013 was 471 pesos or US$20 a month.

لەساڵی 2013 موچەی مانگانەی کارمەندێکی ئاسایی لە کوبا 471 پیسۆ بووە کە دەکاتە 20 دۆلار.

976. Your heart beats over 100,000 times per day.

دڵت رۆژانە زیاتر لەسەد هەزار جار لێدەدات. تەنانەت لەپشووە رەسمییەکانیشدا!!!

977. It is estimated that Genghis Khan killed about 40 million people across Asia and Europe.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرتاسەری کیشوەری ئاسیاو ئەوروپادا لەلایەن جەنگیزخانەوە کوژراون، بە نزیکەی 40 ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێن.

978. Vincent Van Gogh's last words were, "The sadness will last forever."

ئەخیر قسەی نیگارکێشی جیهانیی بەناوبانگ ئەمە بوو: خەفەت بۆ هەتا هەتایە بەردەوامە.

979. Almost half the world's credit card frauds happen in the U.S.

نزیکەی نیوەی هەموو فرتوفێڵەکانی پەیوەست بە کرێدیت کارت، لە ئەمەریکا رودەدەن.

980. There's an Obama Fried Chicken (OFC) in China.

حەق نیە زۆر گاڵتە بە ناوە هەزەلییەکانی شوێنە گشتییەکانی لای خۆمان بکەین. ئەوەتا لە چین خواردنگەیەك هەیە بەناوی مریشکی سورەوەکراوی ئۆباما!

981. The "new car smell" is composed of over 50 volatile organic compounds.

بۆنی سەیارەی تازە لەزیاتر لە 50 لەو ئاوێتانە پێکدێت کە پاش ماوەیەکی کەم نامێنن.

982. Osama bin Laden's father married 22 times, fathering at least 54 children. Osama was his 17th son.

باوکی ئوسامە بن لادنی ئیشقۆر، 22 جار هاوسەرگیری کردووەو لانیکەم 54 منداڵی هەبووە. ئوسامە حەوتەم منداڵی بووە.

983. 63. It is illegal to spay or neuter your dog in Norway except under very specific circumstances.

لە نەرویج خەساندنی سەگەکەت قەدەغەیە تەنها لەحاڵتی زۆر تایبەتدا نەبێت.

984. 64.Switzerland sent 31 soldiers to Afghanistan in 2003, its first military deployment since 1815.

لەساڵی 2003، سویسرا 31 سەربازی نارد بۆ ئەفغانستان. ئەوە یەکەم بڵاوەپێکردنی سەربازی ئەو وڵاتە بوو لەساڵی 1815وە.

985. 65.Elaine Esposito lost consciousness at age 6 and spent her life in a coma until the age of 43, a world record.

کچێك هەبوو بەناوی ئیلاینێ ئێسپۆسیتۆ (1978-1934). ئەم کچە خاوەنی درێژترین ماوەی لەهۆشخۆچوون واتە کۆمایە لەمێژوودا. لەتەمەنی شەش ساڵییەوە توشی کۆما هاتووەو لە 43 ساڵیدا واتە ماوەیەکی کەم پێش مردنی، هۆش خۆی هاتۆتەوە.

986. 66.The dates 4/4, 6/6, 8/8, 10/10, and 12/12 all fall on the same day of the week.

بەرواڕەکانی 4-4و 6-6 و 8-8و 10-10و 12-12، هەمویان دەکەونە هەمان ڕۆژی هەفتەوە.

987. 67.In August 2001, actor James Woods reported 4 suspicious individuals on his flight. Authorities did not act on his claim and they later turned out to be the 9/11 hijackers.

لەئابی 2001، جەیمس وودز کە ئەکتەرێکی دیاری هۆڵیوودە حەددی نەبێ لەڕووی جەنابتانا، لەمیانەی گەشتێکی ئاسمانیدا، دەسەڵاتدارانی لەچوار کەسی گومانلێکراوی ناو تەیارەکەی ئاگادارکردەوە بەڵام دەسەڵاتداران گوێیان پێنەداو وتیان بڕۆ بۆ حەلاوی باس بکە (بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی!). دواتر دەرکەوت کە هەر چواریان لەو تیرۆریستانە بوون کە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەریان ئەنجامدا.

988. 68.You can't cry on space because your tears won't ever fall.

ناتوانیت لەبۆشایی ئاسماندا بگریت، چونکە لەوێ فرمێسك بەهیچ شێوەیەك لەچاوت نایەتە دەرەوە.

989. Facebook tracks which sites you visit, even AFTER you have signed out.
فەیسبوك دەزانێت سەردانی چ سایتێك دەكەیت. تەنانەت پاش ئەوەش كە ساین ئاوت دەبیت.

990. Humans are 50% heavier and four inches taller in the past 100 years than they have been throughout most of human history.
مرۆڤی سەد ساڵی رابردوو بە بەراورد بە زۆربەی كاتەكانی تری مێژووی مرۆڤایەتی، بەڕێژەی لەسەدا 50 قورسترو زیاتر لە 10 سانتیمەتر باڵای بەرزتر بووە.

991. The Blue-ringed octopus is one of the world's most venomous marine animals: it can kill you in one bite, there is no antivenom.
جۆرێك هەشت پێ هەیە پێی دەووترێت هەشتپێی ئەڵقەشین. یەكێكە لەژەهراوترین گیاندارە دەریاییەكان لەجیهانداو دەكرێ تەنها بە یەك پێوەدان بتكوژێت!. ئەم ژەهرە دەرمانی دژەژەهریشی نیە.

---

992. 16,000 African Muslims convert to Christianity every day.
هەموو رۆژێك 16 هەزار موسڵمانی ئەفەریقی دەبن بە مەسیحی.
دیارە ئەمانە موسڵمانی علوجن و تەنها بە تەسكەرە موسڵمانن ئەگینا موسڵمانی عەیارە 24، لەژێر هیچ دۆخێكدا نیمچەمەحاڵە ئاینی خۆی بگۆڕێت.

993. 96 elephants are killed every day in Africa.
هەموو رۆژێك تەنها لەئەفەریقا، 96 فیل دەكوژرێت.

994. In 536 A.D., there was a worldwide dust cloud that blocked out the sun for a year, resulting in widespread famine and disease.
لەساڵی 536ی زاینی، تەپوتۆز وەك هەور ئاسمانی سەرتاسەری جیهانی داپۆشی. لەئەنجامدا خۆر بۆ ماوەی ساڵێك دەرنەكەوت و برسێتی و نەخۆشی بڵاوبووەوە. بەڵام ئەوكاتە ئێوە منداڵ بوون و بیرتان نایە!!!

995. 75.South Africa is called the "Rainbow Nation" because it has 11 official languages.
بەهۆی ئەوەی 11 زمانی ڕەسمی هەیە، بە ئەفەریقای باشور دەووترێت وڵاتی پەلكەزێرینە.

996. 76.Exposure to Secondhand smoke causes nearly 50,000 deaths each year in the U.S. alone.
ساڵانە تەنها بەهۆی بەركەوتن بە دوكەڵی جگەرەی دەسی دووەوە، تەنها لە ئەمەریكا نزیكەی 50 هەزار كەس گیان لەدەستدەدەن.

997. One Puffer Fish contains enough poison to kill 30 people.
جۆرێك ماسی هەیە پێی دەووترێت ماسی ئاوساو. ئەم جۆرە ژەهراوییەو هەر یەكێكیان بەشی كوشتنی 30 كەس ژەهری تێدایە.

998. After WW2, a group of Jewish "Avengers" formulated a Holocaust revenge plan to kill 6 million Germans by poisoning the water supply of many German cities. However, it was foiled by British police while the poison was in transit.
پاش جەنگی جیهانی دووەم، كۆمەڵێك تۆڵەسێنی جولەكە لەتۆڵەی هۆڵۆكۆستدا پلانێكیان دانا بۆ كوشتنی شەش ملیۆن هاوڵاتی ئەڵمانی لەڕێگەی ژەهراویكردنی سەرچاوەی ئاوی چەندین شاری ئەڵمانیاوە. بەڵام ژەهرەكە لەكاتی گواستنەوەیدا، لەلایەن پۆلیسی بریتانیاوە كەشفبوو و فڵق پلانەكەیان شكستی هێنا.

999. Australians are the world's biggest meat eaters, consuming almost 200lbs each every year, closely followed by Americans.

ئوستراڵییەکان بە بەراورد بە هەر نەتەوەیەکی تر، زۆرترین گۆشت دەخۆن. هەر کەسێك لەخەڵکی ئەم وڵاتە ساڵانە نزیکەی 91 کیلۆگرام گۆشت دەخوات. بەدوای ئەمانیشدا لەهەمان رووەوە ئەمەریکییەکان دێت.

1000. Kissing someone for one minute burns about 2 calories.

ماچکردنی کەسێك بۆ ماوەی یەك خولەك نزیکەی دوو کالۆری دەسوتێنێت.

1001. The population of Germany is in decline. It has fallen by 2 million in the last decade.

ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا لەکەمبونەوەی بەردەوامدایە. تەنها لەدەیەی رابردوودا دوو ملیۆن کەس کەمیکردووە.

1002. Charles Darwin and Abraham Lincoln were born on the same day.

چارلز داروین و ئەبراهام لینکۆڵن لەهەمان رۆژدا لەدایکبون.

هەرچەندە داروین بیردۆزێکی قۆڕی بەناوبانگی هەیە بەڵام بەعام هەر یەکێك لەم دوو کەسایەتییە رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەمێژوودا بۆیە هەردوکیان چاومانن.

1003. During a mating bout, lions have sex 20 to 40 times a day for a couple of days.

لەکاتی هەر وەرزێکی جوتبونی شێردا، ئەو زیندەوەرە رۆژانە 20 بۆ 40 جار سێکس دەکات.

کەواتە شێر شێرە بەمانای کەلیمە. هەم لەڕوی ئازایەتییەوە، هەم لەڕوی رۆمانسییەوە!

1004. An employee spends an average of 1.5 to 3 hours a day on private activities at work.

هەر کارمەندێك رۆژانە لەگەرمەی دەوامدا، سەعات و نیوێك بۆ سێ سەعات بە کاری تایبەتی خۆیەوە بەسەردەبات.

1005. Valentine's Day is also National Condom Day in the U.S.

رۆژی ڤالانتاین واتە رۆژی خۆشەویستی لەئەمەریکا رۆژی نیشتمانی کۆندۆمیشە!

1006. 89% of people in Sweden speak English.

لەسەدا 89ی خەڵکی سوید، بە ئینگلیزی قسەدەکەن.

1007. Liechtenstein, the world's 6th-smallest country, is the world's largest exporter of false teeth.

وڵاتێکی بچکۆلانە هەیە ناوی لیخنشتاینە. روبەری ئەم وڵاتە تەنها 160 کیلۆمەتر دوجایە لەگەڵ ئەوەشدا شەشەم گەورەترین هەناردەکاری تاقمی ددانە لەجیهاندا.

ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە روبەر فشەیە، ئەخلاق شەرتە!

1008. Disconnecting people from the Internet is a human rights violation according to the United Nations.

بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕینی خەتی ئینتەرنێت لەخەڵك، پێشێلکاری مافی مرۆڤە.

ئەمە ئەگەر لێرە تەتبیق بکرایە رۆژانە دەبوو هەموو کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و ئاسیاو کۆرەك و زێنیش، بەتۆمەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دادگایی بکرانایە.

1009. The name "Jessica" first appeared in Shakespeare's play "The Merchant of Venice."

ناوی جێسیکا بۆ یەکەمین جار شانۆنامەی بازرگانەکەی ڤینیسیای شکسپیردا دەرکەوتووە. ئەو شانۆنامەیەی کە زۆربەمان یاردگاری ترش و تاڵ و شیرینمان لەگەڵیدا هەس.

1010. We consume about 74 gigabytes -- nine DVDs worth -- of data every day.

ئێمەی مرۆڤ رۆژانە نزیکەی 74 گێگابایت واتە بەقەدەر قەبارەی نۆ دیڤیدی، داتا بەکاردەبەین.

1011. There are at least 5,000 people in the U.S. who identify themselves as real vampires, a survey found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، تەنها لەئەمەریکا، لانیکەم پێنج هەزار کەس هەن کە خۆیان وەك ڤامپایەر ناساندووە.

جا بیلموناسەبە ڤامپایەر بە حساب کەسی مردووەو زیندوو بووەتەوەو گازدەگرێ لەپشتەملی خەڵك و خوێنیان دەمژێ.

1012. The world's most expensive musical instrument, a Stradivarius violin, was sold in 2011 for US$15.9 million.

گرانترین ئامێری موزیك لەجیهاندا کەمانچەیەکی ستراديڤاریوسە. ئەم کەمانچەیە لەساڵی 2011 بە 15 ملیۆن و 900 هەزار دۆلار واتە هەزارو پێنج سەدو 90 دەفتەری صەیی فرۆشرا.

ئەمەش پەیوەندی بە شانسەوە هەیە. باوەڕکەن ئێمە مانان ئەو کەمانچەیەمان هەبوایەو بمانبردایە بۆ دارەسوتاوەکەی سلێمانی دەیان وت: کاکە بە هەزار و پێنج دینار دەیفرۆشی، چونکە خۆی بکوژێ و خۆی ببڕێ دوو هەزار دەکات بۆ ئێمە!!!

1013. The chances of dying in a plane crash are 1 in 11 million.

ئەمە زانیارییەکی ترسڕەوێنە بۆ ئەو برادەرانەی لەسواربونی تەیارە دەترسن.

ئەگەری مردن بەهۆی تێکشکانی فڕۆکەوە یەك لەسەر 11 ملیۆنە.

1014. You don't like the original version of a song because it's better. You like it because it's the one you heard first.

تۆ لەبەرئەوە حەزت لەڤێرژنی ئۆریجناڵی گۆرانی نیە کە باشترە بەڵکو لەبەرئەوەیە کە یەکەمجار ئەوەت بیستووە.

1015. There's a nude beach under the Golden Gate Bridge in San Francisco.

لەژێر پردی گۆڵدن گەیت لەشاری فرانسیسکۆی ئەمەریکا کەناراوێك هەیە کە خەڵك تێیدا بە فول ئێچ دی دەگەڕێن!

تەبعەن ئەمە هەروەك مەعلومات وەری بگرن. نەچن بچن بۆ ئەو کافرسانییە!

1016. Parrots parents name their chicks, and the names follow them for life.

داك و بابی توتی ناوی بێچووەکانیان دەنێن و ئەو ناوەش بەدرێژایی ژیانیان پێوەیان دەمێنێتەوە.

1017. Nigeria was the 33rd richest country in the world in the 1970s, then dropped to 13th poorest country by 1997.

لەساڵەکانی 1970کاندا نایجێریا 33هەمین دەوڵەمەندترین وڵات بووە لەجیهاندا. بەڵام دواتر رسوا بوو و لەساڵی 1997 بووە 13هەمین فەقیرترین وڵات لەجیهاندا.

سەد رەحمەت لە ئاغا کە ئەفەرمێ: نەگبەتی سوید ئەکا بە سۆماڵ!

1018. Steve Jobs turned down a partial liver transplant from now Apple-CEO Tim Cook 2 years before dying of cancer.

دوو ساڵ پێش مردنی ستیڤ جۆبز، تیم کوك کە ئێستا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەپڵە، ویستی بەشێك لەجگەری پێشکەش بکات تا لەلەشی جۆبزدا بچێنرێت بەڵام جۆبز رەتیکردەوە.

1019. Elephants are scared of bees.

فیل زۆر لەهەنگ دەترسێت!

1020. 1 in every 8 deaths on earth are linked to air pollution, a study says.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، لەهەموو هەشت حاڵەتێکی مردن، یەکێکیان پەیوەندی پیسبونی ژینگەوە هەیە.

1021. In 2007, a man faked his own death to see how many people attended his funeral.

لەساڵی 2007، پیاوێك خۆی کرد بە مردوو بۆ ئەوەی بزانێت کێ ئامادەی بەڕێکردنی جەنازەکەی دەبێت.
تاقیکردنەوەیەکی راقییە!

1022. A new skyscraper is built in China every five days.

لە چین هەموو پێنج رۆژێك، هەوربڕێکی نوێ دروستدەکرێت.

1023. 90% of the world's Internet Users Don't Use Twitter.

لەسەدا 90ی بەکارهێنەرانی عەنتەرنێت لەجیهاندا، تویتەر بەکارناهێنن.

1024. A study in 1999 found 1 sq kilometer (247 acres) of Amazon rainforest can contain about 90,790 tonnes of living plants.

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 1999 دەریخستووە کە هەر کیلۆمەترێك چوارگۆشەی دارستانی باراناویی ئەمازۆن دەکرێ 90 هەزارو 790 تۆن رووەکی زیندوو لەخۆبگرێت.

1025. Polar bears can swim 60 miles (96 km) without stopping.

ورچی جەمسەری دەتوانێت بەبێ وەستان بۆ ماوەی 96 کیلۆمەتر مەلەبکات.

1026. The Earth is smoother than a billiard ball, if both were the same size.

ئەگەر قەبارەی زەوی بەقەدەر تۆپێکی بلیارد بچوکبکرێتەوە، ئەوا رووی زەوی لەڕوی تۆپەکە سافتر دەبێت.

1027. On April 18, 1930, the BBC announced, "There is no news today," and played piano music instead.

لە 18-4-1930 رادیۆی بی بی سی رایگەیاند، ئەمڕۆ هیچ هەواڵێك نیە. لەبری ئەوە موزیکی پیانۆیان لێدا.
ئەمە بەڵگەی ئەوپەڕی راستگۆییە. سڵاو لە بی بی سی و هەموو میدیا راستگۆکانی تر هەرچەندە دڵنیام ئەم سڵاوە ژمارەیەکی کەم میدیا دەگرێتەوە.

1028. There's a small town in France called "La-mort-aux-Juifs," meaning "Death to Jews."

لە فەرەنسا شارێك هەیە بەناوی "مەرگ بۆ جولە".

1029. 110. Sultan Moulay Ismail, who ruled Morocco in the 17th century, is said to have fathered around 1000 children .

ئیمانم نەچێ و بەینی خۆمان بێ، دەووترێت سوڵتان مەولای ئیسماعیل کە لەسەدەی 17هەمدا حوکمی مەغریبی کردووە، نزیکەی هەزار منداڵی هەبووە.
یەك پرسیاری جەوهەری لێرەدا خۆی قوتدەکاتەوە. ئەویش ئەمەیە. گریمان ئەم برادەرە لەڕوی توانای سێکسییەوە زۆر بەقووەت بووە. بەڵام ئەی چۆن فریا کەوتووە لەکاتێکدا حوکمی وڵاتێکیشی کردووە؟!

1030. You spend 10% of your waking life blinking.

دە لەسەدی ئەو کاتانەی بەخەبەریت، بە چاوتروکاندن بەسەردەبەیت.

1031. A man left Havana in a hot air balloon in 1856 and has been missing ever since.
لەساڵی 1856، پیاوێك لەشاری هاڤانای کوبا بە باڵۆنێکی هەوای گەرم گەشتێکی ئەنجامدا. بەڵام لەوکاتەوە نەبینراوەتەوەو بێسەرو شوێنە.

1032. 25% of the human bones are on the feet.
لەسەدا 25ی ئێسکەکانی مرۆڤ، لەقاچەکانیدایە.

1033. 80% of plane crashes occur in the first 3 or last 8 minutes of a flight.
لەسەدا 80ی رووداوەکانی تێکشکانی تەیارە لە سێ دەقەی سەرەتا یان هەشت دەقەی کۆتایی فڕینەکە روودەدات.

1034. In 1961, Robert F Kennedy said the U.S. would have a black president within 40 years.
لەساڵی 1961، ڕۆبەرت کێنێدی، بڕای جۆن کێنێدی کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، ڕایگەیاند، ئەمەریکا لەماوەی 40 ساڵی داهاتوودا سەرۆکێکی ڕەشپێست بەخۆیەوە دەبینێت.
فەرمایشتەکەی چەند ساڵێکی کەم پاش ئەو 40 ساڵە هاتەدی.

1035. Animals avoid power lines because they see frightening ultraviolet flashes that are invisible to humans.
زیندەوەران بۆیە خۆیان لەتەلی کارەبا لادەدەن چونکە ئەو تیشکە ڕەنگ سەرووەنەوشەییە تۆقێنەرە دەبینن کە مرۆڤ ناتبینێت.

1036. The first ever 3D movie was "The Power Of Love," a silent film released in 1922.
یەکەم فیلمی سێ دووری ناوی "The power of love" بووە کە فیلمێکی بێدەنگەو لەساڵی 1922 نمایشکراوە.

1037. 80% of all marriages in history were between second cousins or closer.
لەسەدا 80ی هاوسەرگیرییەکانی مێژوو، لەنێوان ئامۆزازاکان یان پورزازاکان یان نزیکتر ڕویانداوە.

1038. In zero gravity, a candle's flame is round and blue.
ئەگەر مۆمێکی داگیرساو بخرێتە شوێنێکەوە کە هێزی ڕاکێشانی زەوی تێدا سفر بێت، گڕەکەی خڕو شین دەبێت.

1039. Owning a cat can reduce the risk of heart attacks and strokes by more than a third, researchers found.
لێکۆڵەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو برادەرانەی پشیلەیان هەیە، توشبونیان بە جەڵدەی دڵ و دەماخ بەڕێژەی زیاتر لە سێیەك کەمترە.

1040. In Milan, Italy, it's a legal requirement to smile at all times, except during funerals or hospital visits.
لەشاری میلانی ئیتاڵیا زەردەخەنەکردن لەهەموو شوێنێکدا جگە لەکاتی مەراسیمی بەخاکسپاردنی مردن و سەردانی نەخۆشخانە نەبێت، پێویستییەکی یاساییە.

1041. Some women in Mauritania force-feed their daughters because obesity for women is idealized in the country.
لە مۆریتانیا هەندێك لەژنان کچەکانیان ناچاردەکەن خواردن زۆر بخۆن چونکە قەڵەوی لەو وڵاتە مواسەفاتێکی موهیمە!!

1042. 124. Antoni Dobrowolski, the oldest known survivor of Auschwitz, died aged 108 on October 21, 2012, in Poland.

بەتەمەنترین رزگاربوی کامپی لەناوبردنی جولەکەکانی ئۆشفیتز، برادەرێکە بەناوی ئەنتۆنی دۆبرۆلسکی. ئەمە لە 21-10-2012 لە پۆڵەندا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت!

1043. HP Printer black ink is more expensive than blood.

حیبرە رەشەکەی پرینتەری مارکەی ئێچ پی، لە خوێن گرانترە.

1044. New York is the unhappiest city in the U.S., a 2014 research found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2014، شاری نیۆرك نابەختیارترین شارە لەسەرتاسەری ئەمەریکادا. باشە کاکە!

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە دەنگی دەهۆڵ لەدورەوە خۆشە!

1045. A single cigarette contains over 4,800 chemicals, 69 of which are known to cause cancer.

هەر جگەرەیەك زیاتر لەچوار هەزارو 800 ماددەی کیمیایی تێدایە. لەوانەش 69یان هۆکاری توشبونی شێرپەنجەن.

1046. Between 1838 and 1960, more than half the photos taken were of babies.

زیاتر لەنیوەی ئەو وێنانەی لەنێوان ساڵی 1838 بۆ 1960 گیراون، وێنەی منداڵن.

1047. Every U.S president with a beard has been a Republican.

سەرجەم ئەو سەرۆکانەی ئەمەریکا کە ریشیان هەبووە، سەربە کۆمارییەکان بوون.

1048. It took Victor Hugo 12 whole years to write the novel "Les Miserables."

نوسینی رۆمانی بێنەوایان لەلایەن ڤیکتۆر هوگۆوە، 12 ساڵی تەواوی پێچووە.

1049. Octopus blood is blue.

رەنگی خوێنی هەشتپێ شینە.

1050. During WW2, two polish doctors saved 8,000 Jews from the Holocaust by faking a typhus epidemic that stopped the Nazis entering their town.

لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا، دوو پزیشکی پۆڵەندی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ئەوەی کە گوایە پەتای تای خاڵدار لەناو شارۆچکەکەیاندا بڵاوبووەتەوە، تواناییان ژیانی هەشت هەزار جولەکەی دانیشتوانی شارۆچکەکە رزگاربکەن، چونکە بەهۆی ئەو دەنگۆیەوە ئەڵمانە نازییەکان نەچونە ناو شارەکەوە.

1051. It's not illegal to go topless in NYC.

لەشاری نیۆرکی ئەمەریکا، گەڕان بە سنگی روتەوە کارێکی نایاسایی نیە.

1052. Bolivia has 37 official languages.

بۆلیڤیا کە وڵاتێکی ئەمەریکییە، 37 زمانی ڕەسمی هەیە.

1053. Karl Marx last words were "Go on, get out! Last words are for fools who haven't said enough!".

ئەخیر قسەی ژیانی کارل مارکس ئەمە بوو: دەی، بچنە دەرەوە، قسەی کۆتایی بۆ ئەو بێعەقڵانەیە کە پێشتر وەك پێویست قسەیان نەکردووە.
دیارە مەبەستی ئەوە بووە کە لەژیانیدا هەموو شتێکی وتووەو هیچی نەماوە بیڵێت.

1054. In 2014, a prisoner escaped a detention center in Arizona to spend Valentine's Day with his girlfriend.
لەساڵی 2014، زیندانییەك لەویلایەتی ئەریزۆنای ئەمەریکا بۆ ئەوەی جەژنی ڤالانتاین لەگەڵ کەپڵەکەیدا بەسەربەرێت، لەسەنتەری راگرتنەکەی هەڵات.

1055. The average rent for a one-bedroom in Manhattan, New York is US$3,400.
کرێی مانگانەی ئاسایی یەکەیەکی نیشتەجێبون کە تەنها یەك ژوری نوستنی هەبێت، لەگەڕەکی مانهاتنی شاری نیۆرك، 34 وەرەقەیە.
زۆر هەرزانە بۆپیاوی فەقیر!!!

1056. Most streets in Japan have no name.
زۆربەی شەقامەکانی یابان، ناویان نیە.

1057. More than a third of Europeans have a mental health disorder.
زیاتر لە سێیەکی ئەوروپییەکان کێشەی دەرونییان هەیە.
لێرەدا پرسیارێك خۆی قوتدەکاتەوەو دەفەرموێ: ئەوروپا بەو هەموو سەقامگیری و پێشکەوتن و دیموکراسی و عەدالەتەوە سێیەکی دانیشتوانەکەی کێشەی دەرونییان هەبێت، ئەی ئەبێ لای ئێمە بەو هەموو قۆرییاتەوە کێشەی دەرونیمان چەند بێت؟!!

1058. Jamaica, Colombia and St Lucia are the only countries where a woman is more likely to be a boss than a man.
لەسەرتاسەری جیهاندا، تەنها سێ وڵات هەن کە ئەگەری بوون بە مدیری ژن تیایاندا لەپیاوان زیاترە: جامایکا، کۆلۆمبیا، ساینت لوسیا.

1059. 143. In Spanish, the word "esposas" means both "wives" and "handcuffs."
لای خۆمان زۆرجار دەووترێت وشەی ژن لەژانەوە هاتووە چونکە زۆرجار دەبی بە فیلم بەدەستییەوەو ژیانت لێدەکات بە دۆزەخ. بێگومان ئەگەر ژنەکە باش نەبێت.
لەزمانی ئیسپانیشدا چتێکی تەقریبەن لەو بابەتە هەس. وشەی esposas لەو زمانەدا هەم بەمانای ژن دێت، هەم بەمانای ئەو کۆتە دێت کە دەخرێتە مەچەکی زیندانییانەوە.
خوا پێم نەگرێ و ئیمانم نەچێ رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە پێیان وابێت ژن پیاو کوت و بەندەکات و دەیزنجیرێنێت!!!

1060. 144. Tibetans say hello by sticking their tongues out at each other.
خەڵکی هەرێمی تبت، لەڕێگەی دەرهێنانی زمان لەیەکترەوە، بە یەکتر دەڵێن: مەرحەبا؟!!

1061. There are approximately 38,000 known species of spiders.
نزیکەی 38 هەزار جۆر جاڵجاڵۆکە هەیە.

1062. Meet Violet Jessop, a ship nurse who served on each of the three sister-ships, Titanic, Britannic and Olympic. While she was on board, the Olympic collided with a warship and nearly sank, the Titanic hit an iceberg and sank, the Britannic hit an underwater torpedo and sank, but Violet was able to survive all three.

پەرستارێك هەیە لەمێژوودا بەناوی میت ڤایۆلێت جێسۆپ کە لەسەر کەشتی خزمەتی کردووە. ئەم ژنە لەسەر هەرسێ کەشتی دەستەخوشك تایتانیك و بریتانیك و ئۆلێمپیك خزمەتیکردووە. لەکاتێکدا لەسەر ئۆلێمپیك بوو، ئەو کەشتییە خۆی کێشا بە کەشتییەکی جەنگیداو خەریکبوو نوقمبێت. لەکاتێکدا لەسەر تایتانیك بوو، خۆی کێشا بە شاخە سەهۆلینەکەو نقومبوو. لەکاتێکیشدا لەسەر بریتانیك بوو، موشەکێکی ژێرئاوی بەر کەشتییەکە کەوت و نقوم بوو. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لەهەموو ئەو روداوانەدا ئەم ژنە نەمردوو رزگاری بوو.

1063. 73% of Americans believe that Jesus was born of a virgin.

تەنها لەسەدا 73ی ئەمەریکییەکان پێیان وایە کە حەزرەتی مەسیح لە کچ لەدایکبووە.

1064. People who spend a lot of time on the internet are more likely to be depressed, lonely and mentally unstable, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو کەسانەی کاتێکی زۆر لەسەر عەنتەرنێت بەسەردەبەن، ئەگەری طوشبونیان بە خەمۆکی و تەنیایی و ناجێگیریی دەرونی، زیاترە.

1065. 149. In Britain, a woman was given 20 months in jail for creating fake Facebook profiles to send abusive messages to herself.

لە بریتانیا پاش ئەوەی ژنێك چەند فەیسبوکێکی ساختەی دروستکردو لەڕێگەیانەوە نامەی ناشرینی بۆ خۆی نارد، سزای شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

1066. 150. The World's deadliest sniper ever, Simo Hayha, had 505 confirmed kills in less than 100 days during the Winter War.

غەزەبترین نیشانپێك لەمێژوودا برادەرێکە بەناوی سیمۆ هایها کە لانیکەم 505 کەسی لەماوەی کەمتر لە 100 رۆژی میانەی ئەوەی بە جەنگی زستان ناسراوە کوشتووە.

دیارە ئەم برادەرە مرۆڤ بە کەوو رێوی تێگەیشتووە!!!

1067. 151. Shakira was rejected from the school choir because the teacher thought she sounded like a goat.

لەسەردەمی قوتابخانەیدا، شەکیرا لە کۆڕاڵ دەرکراوە چونکە مامۆستاکەی پێیوابووە کە دەنگی لەبزن دەچێت.

1068. $28 billion dollars were donated by Bill Gates so far.

بیل گەیتس تا ئێستا 28 ملیار دۆلار واتە دوو ملیۆن و هەشت صەد هەزار دەفتەری صەیی، بەخشیوە.

1069. More than 28,000 people died during terrorist events in 2015.

تەنها لەساڵی 2015، زیاتر لە 28 هەزار کەس بەهۆی روداوە تیرۆریستییەکانەوە، کوژراون.

بەداخەوە ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ درندەترین زیندەوەرە.

1070. Queen Victoria survived at least 7 assassination attempts.

شاژنە ڤیکتۆریای بریتانیا لانیکەم لە حەوت هەوڵی تیرۆریستی رزگاری بووە.

1071. Each year, 15 million girls get married before the age of 18.
هەموو ساڵێك 15 ملیۆن کچی خوار تەمەن 18 ساڵ، لەسەرتاسەری جیهاندا، شوودەکەن.
ئەمەش دەیسەلمێنێت کە مرۆڤ زیندەوەرێکی درندەیە چونکە زۆربەی کچ لەو تەمەندا مەسڵەحەتی خۆی نازانێت و دواتر دەبێت بە فیلمی هندی بەدەست مێردی خراپ و ماڵ و منداڵەوە.

1072. The Titanic's architect, Thomas Andrews, was among those who died in the sinking.
ئەو ئەندازیارە ئیشقۆڕەی کە کەشتی تایتانیکی دروستکردبوو، لەکاتی نقومبونیدا لەناو کەشتییەکەدا بوو و هەر لەو روداوەشدا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

1073. The average person burns 80 calories per hour while typing.
هەر دەقەیەك تایپی کەسێکی ئاسایی، 80 کالۆری دەسوتێنێت.

1074. 24 rabbits that were introduced to Australia in 1859 had multiplied in number to over 2 million in ten years.
لەساڵی 1856، بیست و چوار کەرویشك خرانە ئوستراليا. لەماوەی 10 ساڵدا ئەو 24ە بوون بە زیاتر لە دوو ملیۆن.
ئەوە ئێرەبوایە، 24ەکە، دەمودەست 10یان راودەکردو دەیانکرد بەشیشداو بەدەم خواردنەوە دەیانوت ئۆففففففففففففف کە خۆشە!

1075. During the 16th century and until the late 19th, young boys in the Western world wore gowns or dresses up until the age of eight.
لەسەدەی 16هەم تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش، منداڵانی کوڕ لەجیهانی خۆرئاوا، تا تەمەنی هەشت ساڵی عەزیبان لەبەردەکرد.

1076. A nanometre is about as much as your nails grows every second.
نانۆمەترێك بریتییە لەنزیکەی ئەو بڕەی نینۆکمان کە لەماوەی یەك چرکەدا درێژدەبێت.

1077. There are over 30 replicas of the Eiffel Tower around the world.
لەسەرتاسەری جیهاندا، زیاتر لە 30 هاوشێوەی تاوەری ئیفڵ هەیە.
جا بیلموناسەبە کورد ئەوەندە عەکسە تائێستاش هەندێکیان بە تاوەری ئیفڵ دەڵێن ئیڤڵ و بە بەرنامەی ڤایبەریش دەڵێن فایبەر!!!

1078. Alexander the Great had heterochromia iridum: one of his eyes was blue and the other was brown.
ئەسکەندەری مەزن چاوێکی شین بووەو چاوەکەی تری قاوەیی بووە.

1079. Sony sold more than 12 millions of floppy disks in 2009.
ئەو فلۆپییەی کە ئێستا لەکورد بێکەسترەو کەس لێی ناپرسێ، کۆمپانیای سۆنی تەنها لەساڵی 2009، زیاتر لە دوانزە ملیۆنی لێفرۆشتووە.

1080. A wild turkey can run at speeds up to 25 mph.
خێرایی رۆیشتنی قەلی کێوی دەگاتە 25 میل لەسەعاتێکدا.

1081. In Victoria, Australia, only a licensed electrician is allowed to change a light bulb.

لەهەرێمی ڤیکتۆریای ئوستڕالیا، تەنها کارەباچیی خاوەن ئیجازە، ڕێی پێدەدرێت گڵۆپ بگۆڕێت.

1082. In 1898, Nikola Tesla predicted drone warfare.

لەساڵی 1898 واتە نزیکەی 120 ساڵ لەمەوبەر، نیکۆلا تێسلا پێشبینی جەنگی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کردووە. پێشبینییەکەشی ڕاست دەرچوو بێگومان.

تەبعەن ئەم برادەرە یەکێکە لەلێهاتوترین کەسایەتییەکانی مێژوو و چاومانە!

1083. 24k Gold melts at 1063°C or 1945°F.

ئاڵتونی عەیارە 24 لە 1063 پلەی سەدیدا دەتوێتەوە.

1084. In Jamaica, sex between men is punishable with up to 10 years' imprisonment. But lesbian action is allowed.

لەو جامایکایەی لای خۆمان، سێکسکردن لەنێوان پیاواندا تاوانەو سزاکەی دەگاتە 10 ساڵ زیندانی بەڵام لەنێوان ژنان خۆیاندا واتە هاوڕەگەزبازیی مێیینە ڕێپێدراوە.

ئا ئەمەیە ئەڵێ بانێکەو دوو هەوا. ئەگینا هاوڕەگەزبازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا تاوانێکی عەیارە 24ی نامرۆڤانەیە.

1085. 1The Spanish flu caused about a third of total military deaths in WW1.

یەك لەسەر سێی مردنەکانی سوپا لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەهۆی ئەنفلۆنزای ئیسپانییەوە بووە.

1086. 75% of people who marry partners from an affair eventually divorce.

لەسەدا 75ی ئەو هاوژینانەی پاش حوبحوبێنە دەیزەوجێنن، دواتر لێك جیادەبنەوە.

1087. In 2014, about 89% of Google's US$66 billion in revenue came from advertising.

نزیکەی لەسەدا 89ی داهاتی ساڵی 2014ی کۆمپانیای گوگڵ کە 66 ملیار دۆلار بووە، بەهۆی ریکلامەوە دەستیکەوتووە.

1088. The Statue of Liberty is estimated to be hit by about 600 bolts of lightning every year.

ژمارەی ئەو هەورەبروسکانەی ساڵانە لەپەیکەری ئازادی دەدەن، بە زیاتر لە 600 هەورەبروسکە دەخەمڵێنرێن.

1089. Giving birth can cause an orgasm: the release of hormones during delivery can push some women to ecstasy.

دەکرێ منداڵبون ئۆرگازم لەلای ژن دروستبکات. چونکە لەکاتی دەرچونی منداڵەکە لەجەستەی، چەند هۆرمۆنێك دەردەدرێت کە هەندێك لەژنان دەگەیەنێتە ئۆرگازم.

هەرچەندە هەندێك ژن ئەم کوالیتییەیان هەیە بەڵام هیچیان باسی ئەو مواسەفاتە ناکەن تەنها مێشکی پیاوی داماویان بەوە کونکردووە کە منداڵبون ئازارێکی بێوێنەی هەیەو خۆزگە ڕۆژێك پیاو منداڵێکی ببوایە!!!

1090. Smoking causes 1 in every 5 deaths in the U.S. every year.

لەهەموو پێنج مردنێکی ئەمەریکا، هۆکاری یەکێکیان جگەرەیە.

ئینجاکونێ بۆیە جگەرەکێشی خۆشەویست: بەخوێندنەوەی ئەم فاکتە دەسبەجێ پشتەملی جگەرەکەت بگرەو بیکە بە دوو کەرتەوەو بیکە تەنەکەی خۆڵەوەو وازی لێبێنە چونکێکوم بەدوری مەزانە رۆژێك لەڕۆژان یەکێك لەو پێنجە تۆبیت.

1091. The "cheerleader effect", the theory that girls look more attractive in groups, is scientifically proven.

ئەو بیردۆزەی کە دەفەرموێ کچان بە گروپ سەرنجڕاکێشتر دەردەکەون، بەشێوەیەکی زانستی سەلمێنراوە کە راستە.

تەبعەن ئەمە بە نیسبەت رەگەزی بەرامبەرەوە، ئەگینا بە نیسبەت خۆیانەوە پێموانیە سەرنجڕاکێشتر دەربکەون و هەمیشە بەگشتی نە دانویان پێکەوە دەکوڵێ و نە محەلەبیشیان پێکەوە دەیبەستێ بەتایبەت لەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە روخسارەوە هەیە.

1092. Most female tarantulas will eat males after mating.

زۆربەی گورگەجاڵجاڵۆکە مێینەکان پاش سێکس، نێرینەکە دەخۆن.

ئەوەیە رۆمانسییەت!

ئیحتیمالی هەیە "عەگ بوخۆم"ەکەی لای ئێمەی مرۆڤ، فکرەکەی لەوانەوە وەرگیرابێت!

1093. 178. The World's smallest poisonous frog is less than a centimeter long and its skin is 200 times more toxic than morphine.

بچوکترین بۆقی ژەهراوی لەجیهاندا، درێژییەکەی لەسانتیمەترێك کەمترەو پێستەکەی 200 جار لەمۆرفین ژەهراویترە.

بۆیە ئەگەر بینیت نەچی بچی بیگری و کوردئاسا بڵێی: وەی لۆلەگیان کە جوانە، کوبانی!

1094. 179. The first thing ever bought and sold across the Internet was a bag of marijuana around 1971.

یەکەم شت کە لەڕێگەی عەنتەرنێتەوە کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، کیسێك ماریجوانا بووە لەساڵی 1971 واتە پێش چاپبونی ئێمەمانان!

1095. 180. It's estimated 1.5 million people are "missing missing" in the U.S.; people who have disappeared but haven't been reported as missing.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەئەمەریکا "بێسەروشوێنبووی بێسەروشوێنبوو"ن واتە بێسەرووشوێنبوو دووجان بە ملیۆنێك و 500 هەزار کەس دەخەملێنرێن. ئەم کەسانە بۆیە وایان پێدەووترێت چونکە سەرباری ئەوەی بێسەروشوێن بوون، دەسەڵاتدارانیشیان لێ ئاگادارنەکراوەتەوە کە بێسەروشوێن بوون.

ئێستا ئێوە واز لەخەفەتەکەی بهێنن.. بەڵام هەوڵبدەن سێ جار بە سەریعی بیڵێنەوە!!

1096. 181. There's US$75 trillion in the entire world. If this is disd amongst all people on Earth, each person will have less than $11,000.

لەسەرتاسەری جیهاندا، 75 ترلیۆن دۆلار هەیە. ئەگەر ئەم پارەیە بەسەر هەموو دانیشتوانی جیهاندا دابەشبکرێت، هەرکەسەو نزیکەی 11 هەزار دۆلار واتە دەفتەرێکی صەیی و 10 وەرەقەی بەردەکەوێت.

1097. Pollution kills more than 1 million seabirds and 100 million mammals every year.

پیسبونی ژینگە ساڵانە زیاتر لە یەك ملیۆن باڵندەی دەریایی و سەد ملیۆن زیندەوەری مەمکدار دەکوژێت.

1098. 183. One woman dies every hour in India because of dowry-related crimes.

هەموو سەعاتێك لە هندستان ژنێك بەهۆی تاوانی پەیوەندیدار بە مارەییەوە دەکوژرێت.

کەواتە جارێکی تر مرۆڤ سەلماندی کە دڕندەترین زیندەوەرە. لەم تاوانانەشدا پشکی شێر بە پیاو دەکەوێت..

1099. 184. Venezuela was the most murderous place on Earth in 2015, where one person was murdered every 21 minutes.

لەساڵی 2015، ڤەنزوێلا کوشندەترین شوێن بووە لەسەرتاسەری جیهاندا. هەموو 21 دەقەیەك، کەسێکی تێدا کوژراوە.

1100. 185. In the 16th century, a London law forbade wife beating after 9:00 P.M., but only because the noise disturbed people's sleep.

لەسەدەی 16هەمی زاینیدا، لەندەن بەپێی یاسایەك لێدانی ژنی لەدوای سەعات نۆی شەوەوە قەدەغەکرد.

بەڵام نەچی بچی وابزانی پاڵنەری ئەو قەدەغەکردنە مافی ژن و رێزگرتن لەخانمان بووە چونکە مێژووی ئەوروپا ئەوەندە شەریف نیە لەو رووەوە. بەڵکو هۆکاری ئەو قەدەغەکردنە ئەوە بووە کە دەنگەدەنگی لێدانەکە خەوی خەڵکی تێکداوە!!!

1101. A 70-year-old man robbed a Kansas City bank and then sat down in the lobby, saying he'd rather live in jail than with his wife.

نامەوێت شەڕی تائیفی دروستبکەم لەنێوان پیاوو ژندا بەڵام کەم نین ئەو پیاوانەی ژنی خراپ، ژیانی لێکردون بە ژان و دۆزەخ.

با زۆر دوور نەڕۆین، هەر لەو شاری کەنساسەی ئەمەریکای لای خۆمان، پیاوێکی تەمەن 70 ساڵ هەڵیکوتایە سەر بانکێك و پاشان لەهۆڵەکەیدا دانیشت و وتی: ژیان لەزیندان باشترە وەك لەگەڵ ژنەکەم!

بێگومان ئەم قێرژنە پیاوەشمان هەیە کە هاوسەرەکەی گیریخواردووە بەدەستییەوە.

سڵاو لەهەموو پیاوو ژنێکی باش و لێبوردەو بۆیەکتر سوڵحاوو ئەو شتانە!

1102. During your lifetime, you will produce enough saliva to fill two swimming pools.

کۆی ئەو لیکەی جەستەت بەدرێژایی ژیانت دەریدەدات، دوو حەوزی مەلەکردن پڕدەکات.

1103. Receiving a text message which says, “”can I ask you a question” is known to scare 99% of people!

تێسکتەنامەی "ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم" بەوە بەناوبانگە کە لەسەدا 99ی ئەو کەسانە دەتوقێنێت کە بۆیان دەرنێردرێت.

1104. Monkeys floss their teeth

مەیمون بە دەزوو ددانەکانی پاکدەکاتەوە.

1105. Every ten minutes, someone is murdered in Brazil.

هەموو 10 دەقەیەك، کەسێك لە برازیل دەکوژرێت.

1106. Some parts of Antarctica have had no rain or snow for the last 2 million years.

هەندێك شوێنی جەمسەری باشوری گۆی زەوی هەیە کە لەماوەی دوو ملیۆن ساڵی رابردوودا باران یان بەفری لێنەباریوە.

1107. Every year, about a million girl fetuses are aborted and tens of thousands of girl babies are abandoned in China because of the country's one-child policy.

بەهۆی سیاسەتی یەك منداڵی حکومەتی چینەوە، ساڵانە نزیکەی یەك ملیۆن کۆرپەی کچ لەباردەبرێن و دەیان هەزار منداڵی کچی تریش، فرێدەدرێن.

1108. Americans spent about US$61.4 billion on their pets in 2011.

لەساڵی 2011، ئەمەریکییەکان نزیکەی 61 ملیارو 400 ملیۆن دۆلاریان، تەنها لەزیندەوەرە ماڵییەکانیاندا خەرجکردووە.

1109. 30,000 websites are hacked every day.

رۆژانە 30 هەزار ماڵپەڕ هاکدەکرێن.

1110. In Belarus, it is illegal to applaud in public.

لەڕوسیای سپی، چەپڵەلێدان لەشوێنە گشتییەکاندا، کارێکی نایاساییە.

1111. Many animals have been reported to commit suicide, including dogs, cows, bulls, and sheep.

سەرباری لەمرۆڤی ئیشجوان، تائێستا چەندین زیندەوەری تر خۆیان کوشتووە لەوانە سەگ، مانگا، گا، مەڕ.

بەڵام تۆ بڵێی بیرۆکەی ئەم ئیشەقۆرە، کامیان لەکامیان وەرگرتبێت؟!

1112. Having an orgasm at least 3 times a week cuts in half the likelihood of coronary heart disease.

گەیشتن بە ئۆرگازم لانیکەم سێ جار لەهەفتەیەکدا، ئەگەری توشبون بە نەخۆشییەکانی خوێنبەری تاجیی دڵ، بەڕێژەی نیوە کەمدەکات.

ئۆرگازمی یاسایی، ئەگینا زیانەکانی زۆر لەو نەخۆشییانە زیاترە.

1113. 198. A quarter of all Americans did not read a single book in 2013.

یەك لەسەر چوار ئەمەریکییەکان، لەساڵی 2013، تەنها یەك کتێبیشیان نەخوێندووەتەوە.

بێگومان لەو رووەوە لای ئێمەی کورد زۆر خراپترە. ئەگەر بفەرموین ژمارەیەکی زۆر کەس هەن کە نەك ساڵێك بەڵکو دە ساڵیش دەبێت یەك کتێبیان نەخوێندووەتەوە، فەرمایشتەکەمان راست دەردەچێت!!!

1114. 199. Looking at a photo of a loved one reduces pain by 44%, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، سەیرکردنی وێنەی کەسێکی خۆشەویستت، ئازار بەڕێژەی لەسەدا 44 کەمدەکاتەوە.

1115. Seven people alive today were born in the year 1900.

لەئێستادا کە 2016/9/14یە، تەنها حەوت کەسی لەدایکبوی ساڵی 1900، لەژیاندا ماون. سەرجەم ئەوانی تر عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە!

1116. A small survey of college men revealed that 1 in 3 of them would commit rape if they knew no one would find out.

لێکۆڵینەوەیەکی بچوك کە لەسەر کوڕانی زانکۆ ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە کوڕان ئەگەر بزانن کەس پێیان نازانێت، ئەوا تاوانی لاقەکردن ئەنجامدەدەن.

ئەمە جارێکی تر جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ درندەترین زیندەوەرەو لەناو مرۆڤیشدا پیاوان درندەترن لەژنان.

1117. 202. 55 percent of Americans are in favor of same-sex marriage.

لەسەدا 55ی ئەمەریکییەکان پشتگیری هاوسەرگیریی نێوان هاوڕەگەزبازەکان دەکەن.

بەداخەوە ئەمە جەختدەکاتەوە کە کۆمەڵگەی ئەمەریکا لەحکومەتەکەیان شەریفتر نیە.

1118. 203. If you are nominated for an Oscar and lose, you get a $50,000 consolation prize.

ئەگەر فەخامەتی جەنابت بۆ خەڵاتی ئۆسکار کاندیدبکرێیت بەڵام نەیبەیتەوە، ئەوا خەڵاتێکت پێدەدرێت کە پێی دەووترێت "خەڵاتی ژیرکردنەوە!".

نەچی بچی گاڵتە بەم خەڵاتە بکەیت چونکە بڕەکەی کەم نیە. پێنج دەفتەری صەییە!

ئەوە بۆیە کاندیدەکان ئەگەر خەڵاتەکەش نەبەنەوە هەر دڵخۆشن و پێدەکەنن!

1119. 204. Have a stomach ache? Lay on your left side and rub your stomach in clockwise circles. It'll help!

ئازارێك لەسكتا هەیە؟ لەسەر لای چەپت بكەوەو بەئاڕاستەی میلی كاتژمێرو بەشێوەیەكی بازنەیی دەست بە سكتا بهێنە. ئەم بەزمە یارمەتیدەرێكی باشە بۆ سوككردن یان نەمانی ئازارەكە.

بەڵام هەوڵبدە ئەمە بەتەنهاو دوور لەچاوی كەسوكار بكەیت، نەوەك بڵێن: وەیش توخوا، بەخوا ئەویش فت، عەقڵی تێكچوو!

1120. Soccer player Ronaldinho came to media attention at 13 years old when his team won 23-0. He'd scored all 23 goals.

یاریزانی لێهاتووی فوتبۆڵ رۆناڵدینۆ، هەر لەتەمەنی 13 ساڵییەوە بە حەبل سەرنجی میدیاكانی راكێشاوە.. لەو تەمەنەدا لەتیپێك یاریكردووە كە یارییەكی بە23 گۆڵی خاوێن بردووەتەوە. لەوەش عەجیبتر ئەوە بووە كە هەر 23 گۆڵەكە، رۆناڵدینۆ تۆماریكردووە.

1121. 206. TV series "The Walking Dead" makes US$8 million per episode.

هەر ئەڵقەیەكی زنجیرەی تەفەزلیۆنی "The Walking Dead" هەشت ملوێن دۆلار واتە هەشت سەد دەفتەری صەیی قازانج كردووە.

1122. 207. 97% of dieters in the U.S. regain the weight they lost and then some within 3 years.

لە ئەمەریكا لەسەدا 97ی ئەوانەی بەمەبەستی دابەزاندنی كێش پارێزدەكەن، لەماوەی سێ ساڵدا، فڵق وەك خۆیان لێدێتەوە. ئەگەر لەئەمەریكا وابێت ئەوا حەتمەن لێرە رێژەكە زیاترە یان قەڵەوبونەوەكەی دوای پارێز، خێراترە.

1123. 208. Bill Gates' Foundation spends more on global health each year than the World Health Organization of the United Nations.

دامەزراوەكەی بیل گەیتس لەڕێكخراوی تەندروستی جیهانیی سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان، زیاترە پارەی بەخشیوە لەپێناو تەندروستی جیهانیدا.

بەداخەوە ئێمەی كورد لەناو ئەو سوپەردەوڵەمەندانەماندا كە بە ملیۆن دەڵێن سفر، پیاومان لەماڵ نیە ئەگینا تەنها یەك پیاوی وەك گەیتس بەخشندەمان هەبوایە، ئەوا بە دەگمەن فەقیرمان لەناو ئەم وڵاتە دەبینی.

سڵاو لەگەیتس و ملیۆنێك سوپەردەوڵەمەندی كوردو عەرەب و هتد..ی تریش لەوانەی كە نابەخشن یان بە سرنج دەبەخشن، بەقوربانی ئەم پیاوە بن.

1124. 209. Over 5,000 climbers have successfully reached Mount Everest's peak, including a 13-year-old, a blind person, and a 73-year-old woman.

تائێستا زیاتر لە پێنج هەزار كەس بەسەركەوتویی گەیشتونەتە لوتكەی ئیڤرست. لەناویاندا منداڵێكی تەمەن 13 ساڵ و كەسێكی نابیناو ژنێكی تەمەن 73 ساڵ هەیە.

منیش حەظم لێیەتی بەڵام دووڕەو نایگەمێ!

1125. A new study finds delays in texting responses may indicate the other person is lying.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە درەنگ وەڵامدانەوەی تێکستەنامە رەنگە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە وەڵامدەرەوەکە درۆدەکات!!

1126. 212. There are more than 4 million new bras produced every day.

هەموو رۆژێك زیاتر لەچوار ملیۆن ستیانی نوێ بەرهەمدەهێرێت.

1127. 213. Sleeping facedown can change the shape of your breasts over time.

دەکرێ خەوتن لەسەردەم بەتێپەڕبونی کات، شێوەی مەمکی خانمان، بگۆڕێت.

1128. There are eight different types of nipples.

گۆی مەمك هەشت جۆری هەیە. واتە تەقریبەن وەك بەنزینەکەی لای خۆمان وایە!!!

1129. 215. In New York state, there is a very exclusive restaurant that has a 10-year wait list.

لەویلایەتی نیۆرکی ئەمەریکا، ڕێستۆرانتێکی زۆر تایبەت هەیە کە سەرەی تا دە ساڵی بۆ نوسراوە.

کەواتە سەرەی ئەشیعەی MRIەکە بەچاوییەوە سەرەی سەمونە!

1130. 216. 1% of the world's population is ambidextrous.

لەسەدا یەکی دانیشتوانی جیهان دەتوانن هەردوو دەستیان وەك یەك بەکاربهێنن واتە لەیەك کاتدا ڕاستلەرو چەپلەریشن.

من یەکێك نیم لەو جۆرە کەسانە!!!

1131. 217. Because of female sharks' resistance, fewer than 10% of mating attempts actually succeed.

لەبەرئەوەی مێینەی قرش زۆر قیرچەسمەن و لەکاتی جوتبوندا هێندە بەزەحمەت خۆیان دەدەن بەدەستەوە، کەمتر لە 10 لەسەدی جوتبونەکان، سەرکەوتن بەدەستدەهێنن.

دیارە مێینەی قرش ئەو مەبدەئەی هەیە کە سێکسکردن هێرشکردنە بۆ سەریان نەك پەیوەندییەکی ڕۆمانسی بۆیە قبوڵی ناکەن.

لەناو هاوژینەکانی مرۆڤی ئیشقۆڕیشدا هەندێك خانمان یان ڕازی نابن یان مەرجی تەعجیزی دادەنێن بۆ مێردەکانیان. جاری واش هەیە بەپێچەوانەوە تا ژنەکە بەڕەسمی داوانەکات پیاوەکە هیچ ناڵێت و قەت داواناکات. ئەمانەش هەر هەڵەن و لێکەوتەی

1132. People in Kuwait celebrated the end of the first Gulf War by firing weapons into the air. 20 Kuwaitis died from bullets falling from the sky.

سوبحانەڵڵا کوردو عەرەب لەئیشجوانییا ئەڵێی سێوێکن و کراون بەدوو لەتی تەپیوەوە.

خەڵکی کووەیت بەبۆنەی کۆتاییهاتنی جەنگی کەنداوەوە کە لەچنگی سەدام ڕزگاریکردن، ئاهەنگێکی فراوانیان سازکردو تەقەیەکی زۆری خۆشییان کرد. بەهۆی ئەو تەقانەوە بیست هاوڵاتی ئەو وڵاتە بە گوللەی وێڵ کوژران.

1133. 219. McDonald's restaurants feed 68 million people every day. That's more than the entire population of the U.K.

ڕێستۆرانتەکانی ماکدۆنالد ڕۆژانە خواردن دەدەن بە 68 ملیۆن کەس. ئەمەش لەکۆی دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوو، زیاترە.

1134. 220. Al Pacino was the first "face" on Facebook.

یەکەم وێنەی دەموچاو کە لەسەر فەیسبوك پۆستکراوە، وێنەی دەموچاوی ئەستێری هۆلیوود، ئەلپاچینۆ بووە. بەڵام ئەلپاچینۆی ئەسڵ نەك عەلی کەمال!!!

1135. On April Fool's day of 2007, Google sent an e-mail out to its employees warning that a python was loose in the facilities. It wasn't a joke.
لە 1-4-2007 واتە لەڕۆژی درۆی نیسانی ئەو ساڵە، کۆمپانیای گوگڵ ئیمەیڵێکی بۆ کارمەندەکانی ناردو ئاگاداریکردنەوە کە مارێکی گەورە لەکارخانەکانیاندا ونبووە. بێگومان روداوەکە راست بوو نەك فشەی نیسان.

1136. The probability of two whole fingerprints matching is around 1 in 64 billion.
ئەگەری لێکچونی پەنجەمۆری دوو کەس، بریتییە لەنزیکەی یەك لەسەر 64 ملیار.

1137. All existing JFK assassination related documents will be made public by 2017.
تائێستا هەموو بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە جۆن ئێف کێنێدی کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، بۆ هەموو خەڵم بڵاونەکراونەتەوە. بەڵام لەساڵی 2017 هەر هەموویان بڵاودەکرێنەوە.

1138. Lightning strikes Earth about 100 times per second or 8.6 Million times per day.
هەموو چرکەیەك نزیکەی 100 جار هەورەبروسکە لەزەوی دەدات. واتە هەشت ملیۆن و 600 هەزار جار لەهەر رۆژێکدا.

1139. Russia is bigger than Pluto.
روبەری روسیا لەڕوبەری هەسارەی پلوتۆ، گەورەترە.

1140. Over 80% of Australian adults engage in gambling of some kind, which is the highest rate of gambling in the world.
زیاتر لە 80 لەسەدی هاوڵاتیانی ئوسترالیا بەشێوەیەك لەشێوەکان قوماردەکەن. ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لەسەرتاسەری جیهاندا.

1141. The Bonobo monkey, the closest relative to humans, is naturally bisexual.
جۆرێك مەیمون هەیە پێیان دەووترێت بۆنۆبۆ. ئەم جۆرە کە زۆر لەمرۆڤەوە نزیکە، بەشێوەیەکی سروشتی جوترەگەزبازە. ئیحتیمالی هەیە هەرچی زیندەوەری ئیشقۆڕ هەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان خزمایەتییەکی لەگەڵ مرۆڤدا هەبێت.

1142. Syngenesophobia is the fear of relatives.
جۆرێك نەخۆشی دەرونی هەیە پێی دەووترێت ترس لەخزم.
بەفشەی زانایان ئەمە جۆرێکە لەفۆبیا. هاوڕایانم بەڵام بەخوا جاری واش هەیە خەڵك ناحەقی نیە ئەم جۆرە فۆبیایەی هەبێت چونکە خزمی واهەیە بە قسەیەکەوە دەیگرێت و هەرکاتێك بێت بۆ ماڵتان یان بچی بۆ ماڵیان دوبارەی دەکاتەوە.
با رونتری بکەمەوە. بۆ نمونە گریمان تۆ بە منداڵی چویت بۆ ماڵی ئەو خزمەتان یان ئەو هاتووە بۆ ماڵتان و تۆ پەرداخێکت بەدەستەوە بووەو ئەو خزمەشتان کەئێستا پیاوێکی گەورەیە زۆری پێوتویت ئەو پەرداخە دانێ، ئەیشکێنیت. تۆش بە گوێی ناکەیت و دواجار پەرداخەکە دەشکێت و دەستی خۆت بریندارەدەکەیت. ئەویش ئەڵێ من نەموت ئەیشکێنیت؟
ئێستاش پاش تێپەڕبونی چەندین ساڵ هەرکاتێك هاتوچۆی یەکتر دەکەن پێت دەڵێت: بیرت یەت کە پێم وتی دەسکاری ئەو پەرداخە مەکەو تۆش کردت و شکاندت و خۆت بریندارکرد؟!!
ئێ لە دوو شتی واوە کابرا توشی ئەم جۆرە فۆبیایە دەبێت.

1143. For every 1 million tons of oil shipped, about 1 ton is spilled.
لەهەر ملیۆن تۆنێك نەوت کە بە کەشتی دەگوازرێتەوە، یەك تۆنی دەڕژێت.

1144. At least a dozen Americans were killed by the atomic bomb in Hiroshima, a fact that the U.S. did not acknowledge until the 1970s.

لەئەنجامی هێرشە ئەتۆمییەکەی ئەمەریکا بۆ سەر شاری هیرۆشیمای یابان، جگە لەیابانییەکان، دەیان هاوڵاتی ئەمەریکیش گیانیان لەدەستدا. بەڵام ئەمەریکا تا ساڵی 1970کان دانی بەو راستییەدا نەنا.

1145. Without your little finger, you would lose 50% of your hand strength.

نەچی بچی گاڵتە بە پەنجەتوتەی دەستت بکەیت. چونکە بە لەدەستدانی ئەو پەنجەیە، لەسەدا 50ی هێزی دەستت، لەدەست دەدەیت.

1146. People are more likely to cry at night because the lack of sleep makes emotions hard to control.

ئەگەری گریانی مرۆڤ لەشەودا زیاترە، چونکە کەمخەوی کەزیاتر لەشەودایە، وادەکات کۆنترۆڵکردنی هەستەکان سەخت بێت.

1147. 87% of people ask questions they already know the answers too.

لەسەدا 87ی خەڵك پرسیارگەلێك دەکەن کە وەڵامەکەشی دەزانن.

1148. The poorest Americans are still richer than 80% of the world.

فەقیرترین ئەمەریکییەکان، هێشتا بەو حاڵەشەوە لە 80 لەسەدی دانیشتوانی جیهان دەوڵەمەندترن.

1149. If the Ancient Persians decided something while drunk, they had a rule to reconsider it when sober. If they made a decision sober, they would reconsider it while drunk.

فارسە کۆنەکان یاسایەکیان هەبوو کە بەپێی ئەو یاسایە ئەگەر لەکاتی سەرخۆشیدا بڕیارێکیان دەربکردایە، دەبوایە لەکاتێکدا کە لەژێر کاریگەری ئەلکهولدا نەبونایە پیاچونەوەی بۆ ئەو بڕیارە بکەن. بەپێچەوانەشەوە، واتە ئەگەر لەکاتی ئاساییشدا بڕیارێکیان دەربکردایە، لەکاتی سەرخۆشیدا پیاچونەوەیان بۆ دەکرد.

1150. In Switzerland if you fail the driving license practical exam more than three times, you will have to see an official psychologist who can assess the reasons for your previous failures. Once the psychologist reports that you are once again ready to take the exam, you can try again.

لەسویسرا ئەگەر کەسێك لەکاتی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریدا، زیاتر لە سێ جار لەتراییدا دەرنەچێت، ئەوا بەپێی یاسا پێویستە لەسەری دەروننناسێکی رەسمی ببینێت و هۆکارەکانی ئەو شکستانەی بۆ رونبکاتەوە.

لەوەش زیاتر ئەوەیە کە تا ئەو دەروننناسە راپۆرتێك پێشکەش نەکات و نەفەرمێت ئەو کەسە ئامادەیە بۆ ترایی داهاتوو، ئەم برادەر یان خوشکەدەرە ناتوانێت ترایی داهاتوو ئەنجامبدات. بەڵام هەر کە دەروننناسەکە راپۆرتەکەی پێشکەشکرد، ئەوا دەتوانێت ترایی داهاتوو ئەنجامبدات.

خوا رەحمی کردووە ئەم یاسایە لێرە نیە، ئەگینا لەسەدا 80ی ئەوانەی ئیجازە دەردەهێنن، دەبوایە بخرانەیە لای دەروننناسان. دەروننناسانیش نانیان دەکەوتە رۆنێکی چەوری بێکۆلیسترۆڵەوە!!!

1151. Horror writer Stephen King sleeps with his lights on.

ستیفن کینگ کە یەکێکە لەو رۆمانووسانەی بە رۆمان و نوسینە ترسناکەکان ناسراوە، کاتێك کە دەخەوێت، گڵۆپەکانی ژورەکەی ناکوژێنێتەوە.

1152. A sleeping human brain can still understand the words being spoken around it.
دەماخی مرۆڤی خەوتوو دەکرێ بە خەوتوییش لەو وشانە تێبگات کە لەنزیکییەوە دەووترێن.

1153. More civilians were killed in WW2 than soldiers.

لەجەنگی جیهانی دووەمدا، ژمارەی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کوژران، لەسەربازەکان زیاتر بوون.
ئەمەش زیاتر پەنی هیتلەرە ئیشقۆڕ بوو.

1154. Joseph Stalin was nominated for the Nobel Peace Prize, Twice.
ستالین دووجار بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی کاندیدکراوە.
چونکە زۆر رۆحی سوك بووەو لەجەنگی جیهانی دووەمدا پەپولەیەکیشی بەکوشت نەداوە!!!

1155. We learn how to laugh before we learn how to talk.
ئێمە لەپێش ئەوەی فێری قسەکردن بین، فێری پێکەنین دەبین.

1156. If the Internet went down for a day, 196 billion emails, 3 billion Google searches, and 500 million Tweets would have to wait.
ئەگەر ئینتەرنێت بۆ ماوەی تەنها 24 سەعات لەسەرتاسەری جیهاندا ببڕێت، 196 ملیار ئیمەیڵ و سێ ملیار گەڕان لەگوگڵ و 500 ملیۆن توویت لەچاوەڕوانیدا دەمێننەوە.

1157. A study suggests women can tell if a man is a cheater just by looking at him, but men can't do the same with women.
لێکۆڵینەوەیەك پێیوایە کە خانمان دەتوانن تەنها لەڕێگەی سەیرکردنی هەر پیاوێکەوە، بزانن ئەو پیاوە خیانەت دەکات یان نا بەڵام پیاو ئەو مواسەفاتەی نیە!!
تا چەند هاوڕای ئەم لێکۆڵینەوەیەیت؟!

1158. More than half of Canada’s population have a college degree, making it the most educated country in the world.
زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی کەنەدا بڕوانامەی زانکۆیان هەیە. بەوەش ئەم وڵاتە یەکەمی بێرکەبەری جیهانە لەو رووەوە.

1159. Marrying your best friend eliminates the risk of divorce by over 70%. These marriages are more likely to last a lifetime.
هاوسەرگیریکردن لەگەڵ باشترین هاوڕێت، مەترسی جیابونەوە بەڕێژەی زیاتر لە 70 لەسەد، ناهێڵێت و ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەگەری زۆرە تا هەتاهەتایە بەردەوام بێت.

1160. Put your wet sponge in the microwave for 2 minutes to kill 99% of the bacteria.
ئیسفەنجە تەڕەکەت بۆ ماوەی دوو دەقە لەناو فڕنی کارەباییدا دابنێ، لەسەدا 99ی ئەو بەکتریایانەی تێیدایە دەکوژێت.

1161. Hugo Chávez, as president of Venezuela, hosted a TV show every Sunday from 1999 to 2012.
هوگۆ چاڤێز لەساڵی 1999 بۆ 2012 هەرچەندە سەرۆکی ڤەنزوێلا بوو، هەموو یەکشەممەیەك بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکرد.

1162. The world suicide rate has risen by 60% in the last 45 years.
خۆکوشتن لەجیهاندا، لەماوەی 45 ساڵی رابردودا بەڕێژەی لەسەدا 60 بەرزبووەتەوە.

1163. The words a, and, be, have, he, I, in, of, that, the and to make up 25% of all written English.
لەسەدا 25ی هەموو ئەو تێکستانەی بە ئینگلیزی دەنوسرێن بریتین لەم وشانە:
a, and, be, have, he, I, in, of, that, the, to.

1164. A lack of education can be as deadly as smoking, according to a new study.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ، دەکرێ نەبونی خوێندەواری بەقەدەر جگەرەکێشان کوشندە بێت.

1165. There are between 25 to 50 serial killers active in the United States at any one time.
لەئەمەریکا، لەهەرکاتێکدا 25 بۆ 50 فرەبکوژی چالاك هەیە.

1166. At Stalin's funeral, 500 people were trampled to death.
لەمەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی ناشەریفی ستالین، 500 کەس بوون بەژێرەوەو گیانیان لەدەستدا.

1167. Four million years ago, rats in South America were the size of hippos.
چوار ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، قەبارەی جرج لەئەمەریکای باشور بەقەدەر ماینێکی روبار، بووە.

1168. The human brain has enough memory to hold three million hours of television.
یادگا واتە زاکیرەی مێشکی مرۆڤ بەشی سێ ملیۆن سەعات پەخشی تەلەفزیۆنی دەکات.

1169. Neil Armstrong's boots are still floating around in space.
کورد وتەنی عەیب نەبێ و پەرژینێکی قایم بێ و حاشاحازری و بێعەیبی نەبێ لەڕوی جەنابتانا، پوتەکانی نەیل ئارمسترۆنگ تائێستاش لەبۆشایی ئاسماندا وەك کۆلارە دێت و دەچێت!
ئارمسترۆنگ یەکەم کەس بووە کە پێی شەریفی ناوەتە سەر مانگ.

1170. Alexander the Great, Napoleon, Mussolini and Hitler, all suffered from ailurophobia, the fear of cats.
هەریەکە لە ئەسکەندەری مەزن و موسۆلۆنی و هیتلەر، نەخۆشی ترس لەپشیلەیان هەبووە.

1171. Japan has a network of roads that play music as you drive over them at the correct speed.
ژاپۆن تۆڕێك جادەی هەیە کە ئەگەر بەخێرایی بەرپرسانە سەیارە بەسەریا لێبخوڕیت، موزیك لێدەدات.
بەینی خۆمان بێت تائێستا زۆرترین خێراییت چەند بووە؟

1172. NASA estimates that the near-Earth asteroid, Eros, contains 20 billion tons of gold.

هەسارۆچکەیەك هەیە لەنزیك هەسارەی زەوی ناوی ئیرۆسە. بەگوێرەی خەملاندنەکانی ناسا، ئەم هەسارۆچکەیە 20 ملیار تەن ئاڵتونی تێدایە. عەگ بەڵێوم!

1173. The world's oldest fish hooks were found in a cave in Japan, dating from about 23,000 years ago.

کۆنترین قولاپی ماسی لەئەشکەوتێك لەژاپۆن دۆزراوەتەوە. مێژووی ئەم قولاپە بۆ نزیکەی 23 هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

1174. In 2014, a single parking space in London was sold for £400,000.

لەساڵی 2014، لەو لەندەنەی لای خۆمان، تەنها جێگەی پارککردنی ئۆتۆمبێلێك بۆ 400 هەزار پاوەن، فرۆشرا.

1175. In 2009, Bill Gates gave a presentation on mosquitoes and malaria. After he explained the severity of the disease and how it's transmitted via mosquitoes, he ended his presentation by releasing a swarm of mosquitoes into the audience.

لەساڵی 2009 بیل گەیتس وتارێکی لەسەر مێشولەو مەلاریا پێشکەشکرد. پاش ئەوەی مەترسی نەخۆشییەکەو چۆنیەتی گواستنەوەی لەڕێگەی مێشولەوە رونکردەوە، وتارەکە بە هەڵدانی کۆمەڵێك مێشوولە بۆ ناو ئامادەبوانی وتارەکە، کۆتایی پێهێنا. من زۆر موعجیبم بەدوو شتی ئەم پیاوە: بەخشندەییەکەی، زیرەکەییەکەی.

1176. Monaco, at 2 sq km, is the world's most densely populated country. It has been ruled by the same family since 1419.

مۆناکۆ وڵاتێکی خشپیلانەو خنجیلانەیەو روبەرەکەی تەنها دوو کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. لەڕوی چڕی دانیشتوانەوە یەکەمە لەجیهاندا. ئەم ناسکەوڵاتە لەساڵی 1419ەوە یەك بنەماڵە حوکمی دەکات.

1177. 100 pounds of chocolate are eaten in the U.S. every second.

هەموو چرکەیەك، تەنها لەئەمەریکا زیاتر لە 45 کیلۆگرام و 300 گرام چکلێت دەخورێت.

1178. Before the Holocaust, Hitler gave the U.S., Great Britain, and many other nations a chance to take in Jewish refugees. They refused.

پێش ئەوەی کۆمەڵکوژییەکەی هۆڵۆکۆست ئەنجامبدات کە تیایدا ملیۆنان جولەکەی لەناوبرد، هیتلەر بە بریتانیاو ئەمەریکاو چەند وڵاتێکی تریشی وت: کاکە من خوێن روو لەجولەکە بەرچاوی گرتوم، بۆیە ئەم جولەکانەی ئەوروپا وەك پەنابەر وەربگرن. بەڵام ئەو وڵاتانە پێشنیازەکەیان رەتکردەوەو وتیان: بڕۆ بۆ حەلاوی باس بکە (بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی و ئەڵمانی).
ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە بریتانیاو ئەمەریکا بە ناڕاستەوخۆ بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو کۆمەڵکوژییەیان دەکەوێتە گەردن، هەرچەندە جولە خۆی ئەوەندە شەریف نیە.

1179. Four of Freud's sisters died during the Holocaust in Nazi concentration camps.

چوار خوشکی فرۆیدە ئیشجوان لەکامپەکانی هۆڵۆکۆستدا لەناوبراون.

1180. There are more than 100 types of cancers; any part of the body can be affected.

زیاتر لەسەد جۆر شێرپەنجە هەیە. هەموو بەشێکی جەستە قابیلی ئەوەیە توشی ئەم نەخۆشییە ببێت.
یا رەببی خوا توشبوانی ئەم نەخۆشییە شیفا بدەیت و ئێمەمانای ساخیش بەم نەخۆشییە تاقی نەکەیتەوە.

1181. The color red opens your appetite.

رەنگی سوور ئارەزوی خواردن دەکاتەوە.

1182. Just 9 months after his inauguration, Barack Obama was named the 2009 Nobel Peace Prize laureate.
تەنها نۆ مانگ پاش دەستبەکاربونی وەك سەرۆکی ئەمەریکا، ئۆباما خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی 2009ی بردەوە.
بەڕەئی تۆ قابیلی ئەو خەڵاتە بوو یان وەك عەرەب ئەڵێ: "من قلة الرجال سموا الديك ابو علي"

1183. The average Facebook U S. user spends 40 minutes a day on the site.
بەگشتی هەر بەکارهێنەرێکی ئەمەریکیی فەیسبوك، رۆژانە 40 خولەك لەسەر ئەم ماڵپەڕە بەسەردەبات.
ئەی فەخامەتی جەنابت رۆژانە چەند لەسەر فەیسبوك بەسەردەبەیت؟!

1184. The constitutions of 7 U.S. states (Arkansas, Maryland, Mississippi, North Carolina, South Carolina, Tennessee, Texas) ban atheists from holding public office.
دەستوری حەوت ویلایەتی ئەمەریکا (ئەرکەنساس، ماریلاند، میسیسیپی، کارۆلاینای باکور، کارۆلاینای باشور، تێنێسی، تەکساس)، رێگانادات هیچ مولحیدێك پۆستی گشتی وەربگرێت.

1185. We Are Living In The Most Peaceful Time In Human History.
سەرباری هەبوونی داعش و ماعش و جەنگی سوریاو ئەو بەزم و رەزمەی ئێستا لەجیهاندا هەیە، ئێستای جیهان بەبەراورد بە هەرکاتێکی تری مێژوو، ئارامترین کاتە.

1186. 3% of children born in the U.S. are the product of extra-marital affairs.
لەسەدا سێی ئەو منداڵانەی لەئەمەریکا لەدایك دەبن، بەرهەمی پەیوەندیی دەرەوەی خێزانن.

1187. The average adult in Switzerland has a net worth of US$513,000.
بەگشتی سامانی پەتی هەر کەسێکی گەورەسالی سویسرا، 51 دەفتەرو 30 وەرەقەیە.

1188. Spain was neutral in WW1 and WW2, but experienced a civil war (1936-1939) which killed over 500,000 people.
ئیسپانیا لەهەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا بێلایەن و زۆر پیاوێکی پیاوانە بوو. بەڵام پاش بیریکردەوە، عەینەن کورد لەدڵی خۆیدا وتی، سیاسەت و پیاوی باشیان نەوتووەو شەڕ لەبەتاڵی باشترە. بۆیە لەنێوان ساڵانی (1936-1939) جەنگێکی ناوخۆیان هەڵگیرساند کە تێیدا کوژرانی زیاتر لە 500 هەزار کەسی لێکەوتەوە.

1189. You burn about 200 calories during 30 minutes of active sex.
لەماوەی 30 خولەك سێکسی چالاکدا، نزیکەی 200 کالۆری دەسوتێنیت.

1190. These days, the Greeks have more sex than any other nationality. They're followed closely by the Croatians.
لەم سەردەمەدا، یۆنانییەکان بەبەراورد بە هەر نەتەوەیەکی تر، زۆرترین سێکس دەکەن. بەدوای ئەوانیشدا بەجیاوازییەکی کەم کرواتییەکان دێن.

1191. American Jonah Falcon has the world's largest penis at 9.5 inches when flaccid and 13.5 inches when erect.
جۆنا فاڵکۆن کە پیاوێکی ئەمەریکییە، خاوەنی گەورەترین چوکە لەجیهاندا. درێژییەکەی لەکاتی ئاساییدا زیاترە لە 24 سانتیمەترو لەکاتی ڕەپبوندا نزیکەی 34 سانتیمەترو نیوە.

1192. The average penis size is 3.5 to 3.7 inches when flacid and between 5.0-5.7 inches when erect.

درێژیی چوکێکی ئاسایی لەکاتی ئاساییدا نزیکەی نۆ سانتیمەترە بەڵام لەکاتی خۆسەخڵەتکردندا نزیکەی 12سم و نیو بۆ 14و نیوە.

1193. Whales are the owners of the world's largest penises. The biggest recorded whale penis was the 8-footer of a killer whale.

لەناو زیندەوەراندا، نەهەنگ گەورەترین چوکی هەیە. درێژیی گەورەترین چوکی نەهەنگ کە تائێستا تۆمارکراوە، چوکی نەهەنگی کوشندەیە کە درێژییەکەی نزیکەی دوو مەترو نیوە.

1194. In Britain we have on average, 10 sexual partners in our lifetime. The Chinese have the most with 19 and the Vietnamese only get round to having sex with 2 1/2 people.

لە بریتانیا بەگشتی هەرکەسێك 10 هاوڕێی سێکسی دەبێت لەسەرتاسەری ژیانیدا. ئەم ژمارەیە لە چین 19یەو لەناو ڤیتنامییەکانیشدا دوو کەس و نیوە.

1195. There are roughly 100 million acts of sexual intercourse each day.

ڕۆژانە نزیکەی 100 ملیۆن سێکسی تەواوەتی رودەدات. مەخسەوی شەریفم لەسێکسی تەواوەتی بریتییە لەوەی پێی دەووترێت جیماع یان کاری سەرجێیی.

1196. Most turkeys and giraffes are bisexual.

زۆربەی قەل و زەڕافەکان جوتڕەگەزبازن. واتە حەزی سێکسییان بۆ هەردوو ڕەگەز هەیە.

قەل بە خۆفشکردنەوە هات و هاوارەکەیدا دیارە هەموو شتێکی لێدەوەشێتەوە. بەڵام هەرگیز تەسەورم نەدەکرد زەڕافە بەو دەموچاوە بەرێئەوە ئەوەندە بێناموص بێت!!

1197. Women are more likely to reach orgasm when their partners penis is larger than 5.8 inches .

ئەو خانمانەی درێژیی چوکی هاوسەرەکانیان لە 14 سانتیمەترو سێ ڕوبع زیاترە، ئەگەر گەیشتنیان بە ئۆرگازم زیاترە.

1198. An apple a day can boost your sex life. According to one study, women who ate the fruit once a day had higher sexual quality of life. Plus, apples are delicious, so it's a win-win .

دەکرێ خواردنی سێوێك بەشێوەیەکی ڕۆژانە، ژیانی سێکسی باشدەکات. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو خانمانەی ڕۆژانە سێو دەخۆن، ژیانیان لەڕوی سێکسەوە باشترە. ئەمە جگە لەوەی کە سێو خواردنێکی بەلەزەتیشە. کەواتە ئەوەی بەشێوەیەکی ڕۆژانە سێو دەخوات بەدوولا مەست و حەیران دەبێت!!!

1199. In case you were wondering, there is enough sperm in one single man to impregnate every woman on the planet who is fertile.

تەنها یەك پیاو، بەڵێ تەنها یەك پیاو هێندە سپێرمی پێیە کە بەشی دوگیانکردنی هەموو خانمانی سەرتاسەری جیهان دەکات بەشەرتێ ژنەکە نەزۆك نەبێت.

1200. We all know you need to be in good health to have great sex, but studies show that lower cholesterol is directly related to a better performance in the bedroom.

تەندروستی باش پەیوەندییەکی پتەوی بە سێکسێکی نایاب واتە سێکسێك کە بەری دڵ بگرێت، هەیە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە کەمی کۆلیسترۆڵ لەخوێندا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە توانایەکی باشترەوە هەیە لەژووری عەمەلیاتدا!!!

1201. Humans are not the only ones interested in performing oral sex, wolves, bears and bats are also known to participate in the practice quite often.

هەرچەندە سێکسکردن بەدەم شتێکی پیسە، بەڵام تەنها مرۆڤ نیە کە حەزی لەو جۆرەیە.

گورگ و ورچ و شەمشەمەکوێرەش زۆرجار ئەم کارە دەکەن.

سەیرە مرۆڤ بەگشتی عادەتە قۆرەکانی زیندەوەرەکانی تر پەیڕەودەکات کەچی عادەتە باشەکانیان بۆ نمونە وەفای سەگ، پەیڕەوناکات.

1202. While many know that chocolate can be an excellent arousal for having sex, apparently the smell of pumpkin can help increase the blood flow to the penis to encourage an erection.

زۆربەی خەڵك دەزانن کە چوکلێت دەکرێ هاندەرێکی نایاب بێت بۆ وروژاندنی ئارەزوی سێکسی،بەڵام ئیحتیمالی هەیە ئەمەیان نەبیستبێت: بۆنی کولەکە دەکرێ یارمەتیدەری زیادکردنی رۆیشتنی خوێن بێت بۆ چوك و ئەمەش هانی هەستانی ئەو ئەندامە دەدات.

1203. .Marilyn Monroe, a sex icon with a long list of lovers, said she never had an orgasm.

مارلین مۆنرۆی کە بە رەمزێکی سێکسی ناسراوەو پەیوەندی لەگەڵ لیستێك پیاودا هەبووە، وتوبەتی: هەرگیز نەگەیشتومەتە ئۆرگازم.

1204. Male and female hearts beat at 140 BPM when achieving orgasm.

لێدانی دڵی پیاوو ژن لەکاتی ئۆرگازمدا دەگاتە 140 لێدان لەخولەکێکدا.

1205. A man's ejaculate travels at 28 MPH. The record in the 100-meter dash is 27.5 MPH.

خێرایی هەڵدانی سپێرمی پیاو 28 میلە لەسەعاتێکدا بەڵام ریکۆردی راکردنی 100 مەتری، تائێستا 27 میل و نیوە لەسەعاتێکدا.

1206. An average man will ejaculate 17 liters of sperm in his lifetime. That's about a half-trillion individual sperm.

هەر پیاوێکی ئاسایی بەدرێژایی ژیانی، 17 لیتر سپێرم هەڵدەدات. ئەمەش دەکاتە نزیکەی نیو ترلیۆن مرۆڤ.

خوا رەحمی کردووە هەمووی نایگرێ ئەگینا ئێستا لەبری ئەو حەوت ملیار دانیشتوانەی جیهان، حەوت دیسیلیۆن دەبوو و شوێنە گشتییەکانیش هێندە قەرەباڵغ دەبوون دەستت بۆ لوتت ببردایە، دەچوو بە کونەلوتی 100 کەسدا!!!

1207. Besides humans, only bonobos and dolphins have sex for pleasure.

لەناو زیندەوەرەکاندا، جگە لەمرۆڤ، تەنها بۆنۆبۆو دۆلفین بۆ چێژوەرگرتن، سێکس دەکەن.

جا بیلموناسەبە، بۆنۆبۆ جۆرە شامپانزییەکە.

1208. During sex, the inner nose swells, in addition to the breasts and genitals.

لەکاتی سێکسکردندا ئەندامەکانی زاوزێ و مەمك و ناوەوەی لوت گەورەدەبن.

1209. The average female orgasm lasts 20 seconds, while the average male's only lasts 6.

بەگشتی ئۆرگازمی خانمان 20 چرکە دەخایەنێت بەڵام هی پیاوان تەنها شەش چرکە دەخایەنێت.

1210. Researchers found different parts of the brain get stimulated when different parts of the body are aroused.

لێکۆڵەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە لەکاتێکدا بەشە جیاوازەکانی جەستە دەوروژێنرێن، بەشە جیاوازەکانی مێشکیش دەوروژێت.

کەواتە ئاسانتر دەتوانین بڵێین: لەو کاتانەدا تەقریبەن خۆپێشاندانی سەرتاسەری رودەدات!

1211. The average married couple has sex 68.5 times a year, which is slightly more than once a week.

بەگشتی هەر جوتەهاوژینێك ساڵانە 68 جارو نیو سێکس دەکەن کە دەکاتە کەمێك زیاتر لەیەك سێکس لەهەفتەیەکدا.

1212. The Atlantic salmon's sense of smell is 1000 times greater than that of a dog.

هەستی بۆنکردنی ماسی سالمۆنی زەریای ئەتڵەسی، هەزار جار لەهی سەگ بەو سەگێتییەی خۆیەوە!، بەهێزترە.

1213. Clement Vallandigham, a lawyer who, while trying to demonstrate how the victim might have accidentally shot himself, shot himself and died. He then won the case.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا پارێزەرێکی بەناوبانگ هەبوو بەناوی کلێمەنت ڤالاندیگهام. ئەم برادەرە لەهۆڵی دادگاو بەدیاریکراوی لەکاتی شەرحکردنی ئەوەی کە دەکرێ قوربانیی ئەو کەیسەی ئەم دیفاعی لێدەکرد، خۆی خۆی کوشتبێت، بەهەڵە تەقەی لەخۆی کردو خۆی کوشت. دواتر کەیسەکەی بردەوە.

1214. A popular way to cure impotence in the 14th century was to wear your trousers on your head for 24 hours.

شێوازێکی باو بۆ چارەسەرکردنی لاوازی سێکسی لەسەدەی 14هەمدا ئەوە بووە کە بۆ ماوەی 24 سەعات پانتۆڵی نەخۆشەکەیان بەسەردا لەبەردەکرد!!!

1215. The US Dollar is the official currency of Ecuador, El Salvador and Panama.

دراوی ڕەسمی هەریەکە لە ئیکوادۆر، ئەلسەلڤادۆرو پەنەماش، دۆلاری ئەمەریکییە.

1216. 600 Americans die each year from falling out of bed.

ساڵانە، تەنها لەئەمەریکا، تەنها بەهۆی کەوتنەخوارەوە لەسەر جێگەی خەوتن، 600 کەس گیان لەدەست دەدەن.

1217. 8% of your body weight is in your blood.

خوێن لەسەدا هەشتی کێشی جیسمت پێکدەهێنێت.

1218. Abraham Lincoln's wife was an opium addict.

ژنەکەی ئەبراهام لینکۆڵن ئاڵودەبوی ئەفیون بووە کە یەکێکە لەمادده هۆشبەرەکان.

1219. The Bible was Isaac Newton's greatest passion, writing more about religion than science and mathematics.

ئیسحاق نیوتن واتە ئەبو تووفاح هیوایەتی ئینجیل بووە. ئەم زانا عەنتیکەیە ئەوەندەی لەسەر ئایین نوسیویەتی، ئەوەندە لەسەر زانست نەینوسیوە.

1220. One-third of Italians have never used the Internet.

سێیەکی ئیتاڵییەکان، هەرگیز عەنتەرنێتیان بەکارنەهێناوە.

1221. Christianity is the world's largest religion, with over 2.4 billion adherents, about a third of the world's population.

ئاینی مەسیحی گەورەترینە لەجیهاندا. لەئێستادا خاوەنی زیاتر لە دوو ملیارو 500 ملیۆن شوێنکەوتووە لەجیهاندا کە دەکاتە سێیەکی دانیشتوانی جیهان.

بەڵام خوا پێم نەگرێ و ئیمانم نەچێ وابزانم شوێنکەوتووەکانی ئەوانیش عەینەن لای خۆمان تەسکەرەیین نەك شوێنکەوتوی راستەقینە!

1222. If you die homeless or with no money in New York City, you are buried by prisoners on Hart Island in a mass grave: up to 1000 per grave for children and 50 for adults.

ئەگەر لەشاری نیۆرك کەسێکی بێماڵ و حاڵ یان کەسێکی بێپارە بمرێت، ئەوا تەرمەکەی لەلایەن زیندانییانەوە لەگۆڕێکی بەکۆمەڵ لەدورگەی هارت بەخاك دەسپێردرێت.

هەر گۆڕێك لەوانە نزیکەی هەزار منداڵ یان 50 گەورەسالّی تێدا دەنێژرێت.

ئەمەش ئەو ئەمەریکایەی کە زۆر کەس بەشان و باڵیدا هەڵدەدەن.

1223. Some American officials, like FBI director J. Edgar Hoover, thought Albert Einstein was a soviet spy.

هەندێك لەبەرپرسانی ئەمەریکا لەوانە جەی ئێدگار هوڤەر، بەڕێوەبەری ئێف بی ئای، پێیان وایە ئاینیشتاین، سیخوڕی یەکێتی سۆڤیەت بووە.

1224. The South American revolutionary Simon Bolivar was, at various times, president of Bolivia, Colombia, Ecuador, Peru and Venezuela.

شۆڕشگێڕێکی بەناوبانگی ئەمەریکای باشور هەیە بەناوی سیمۆن بۆلیڤار. ئەم برادەرە لەچەند کاتێکی جیادا، سەرۆکی بۆلیڤیا، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، پیرۆو ڤەنزوێلا بووە.

1225. 46% of American adults believe that the world is less than 10,000 years old, a 2012 survey found.

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2012، دەریخستووە کە لەسەدا 46ی گەورەسالّانی ئەمەریکا، لەو بڕوایەدان کە تەمەنی جیهان لە 10 هەزار ساڵ کەمترە.

1226. Over 200 women have run for President of the United States.

تائێستا زیاتر لە 200 ژن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا، کاندیدکردووە بەڵام بەداخەوە هیچیان سەرنەکەوتوون.

1227. 1 in 3 women in the UK have an abortion in their lifetime.

لەهەموو سێ ژنێکی بریتانیا، یەکێکیان لەکاتێك لەکاتەکانی ژیانیاندا، منداڵیان لەباربردووە.

1228. A Queen of Thailand drowned in 1880 as her subjects looked on, because they were forbidden to touch her.

لەساڵی 1880 کە ئەوکاتە ئێوە منداڵ بوون و باش بیرتان نایە!!!، شاژنێکی تایلاند، لەبەرچاو دەست و پێوەندەکانی نقومبوو و خنکا بەبێ ئەوەی کەسیان بەهانایەوە بچن چونکە بەپێی یاسا قۆرەکانیان دەستدان لەشاژنەوە قەدەغە بوو.
ئەم روداوە جەختدەکاتەوە کە پێویستە ویژدان سەروەر بێت نەك یاسا. ئەو قسەیەی کە دەڵێت پێویستە یاسا سەروەر بێت زۆر هەڵەیە.

1229. The skin of a female shark is much thicker than that of a male because males bite females during mating.
پێستی مێینەی قرش زۆر لەهی نێرینەکانیان ئەستورترە. خوا رەحمی پێکردوون کە وایە ئەگینا حاڵیان شڕدە بوو چونکە لەکاتی جوتبوندا نێرینە گازی لێدەگرێت.
ئەم تەبیعەتە لەناو مرۆڤیشدا تارادەیەك هەیە. زۆر جار دەبینیت یەکێك لەهاوژینەکان ئەمرۆ عەیبی نیە، کەچی بەیانی دەبینیت دوو سێ شوخت بەدەموچاوییەوەیە، ئەڵێی دەعمی کردووە!!!

1230. Over 80% of women wear the wrong bra size.
زیاتر لە 80 لەسەدی خانمان ستیانی قەبارە هەڵە لەبەردەکەن.

1231. Only 333 bodies of the Titanic's victims were recovered, one in five of the over 1500 victims.
لەکۆی 1500 خنکاوەکەی روداوی نقومبونی کەشتی تایتانیك، تەرمی تەنها 333 کەسیان دۆزرانەوە.

1232. Potatoes were illegal in France between 1748 and 1772.
لەنێوان ساڵی 1748 بۆ 1772، پەتاتە لەفەرەنسا، قەدەغە بووە.

1233. Of the 142 million deaths caused by an ideology in the 20th century, 94 million were due to communism.
لەو 142 ملیۆن کەسەی بەهۆکاری ئایدۆلۆجی، لەسەدەی 20ەمدا تیاچوون، 94 ملیۆنیان بەهۆی کۆمۆنیزمەوە بووە.

1234. Female students in China outperform men to such an extent that some universities have introduced a male quota.
لە چین کچەخوێندکارەکان بەڕادەیەك لەکوڕەخوێندکارەکان سەرکەوتوترن، کە هەندێك لەزانکۆکانی ئەو وڵاتە بەپێی سیستمی کۆتا کوڕان وەردەگرن.
خۆ ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی سادەو دوور لەهەموو فەلسەفەو جددیاتێك پێناسەی سیستمی کۆتابکەین ئەوا دەڵێن بریتییە لەخێرپێکردن!!!

1235. Babies cannot recognize themselves in a mirror until they are at least 18 months old.
منداڵی ساوا لانیکەم تا تەمەنی 18 مانگی، خۆیان لەئاوێنەدا ناناسنەوە.

1236. The world record for the most candles ever put on a birthday cake was 50,151.
تا ئێستا زۆرترین مۆم کە لەسەر کێکێکی تایبەت بە جەژنی لەدایکبون دانرابێت، 50 هەزارو 151 کێك بووە.

1237. It's illegal in Iceland for parents to threaten children with fictional characters.
لە ئایسلەندا بەپێی یاسا ترساندنی منداڵ لەلایەن دایك و باوکیانەوە بە کەسایەتییە خەیاڵییەکان، کارێکی نایاساییە.

1238. In 2008, more than 1.4 billion adults, 20 and older, were overweight. Of these over 200 million men and nearly 300 million women were obese.
لەساڵی 2008 ژمارەی ئەو گەورەساڵە تەمەن 20 ساڵ و سەروترانەی کێشیان زیاد بووە، نزیکەی ملیارێك و 400 ملیۆن کەس بوون لەسەرتاسەری جیهاندا. لەو ژمارەیە 200 ملیۆن پیاوو سێ سەد ملیۆن ژنیان، قەڵەو بوون.

1239. A scientist cracked his knuckles on one hand for over 50 years to prove it did not cause Arthritis.
زانایەك بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدە جومگەی پەنجەکانی دەستێکی تەقاندووە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە تەقاندنی پەنجە نابێتەهۆی نەخۆشی هەوکردنی جومگەکان.

1240. Once you become President of the United States of America you can no longer drive on public roads.
هەرکە بویت بە سەرۆکی ئەمەریکا، چیتر بۆت نیە لەجادە گشتییەکاندا، سەیارە لێبخوڕیت.

1241. In 117 ad, Emperor Hadrian declared attempted suicide by soldiers, a form of desertion and made it a capital offence.
لەساڵی 117ی زاینی، ئیمپراتۆر هادریان رایگەیاند کە هەوڵی خۆکوشتنی سەرباز، جۆرێکە لەهەڵاتن لەخزمەتی سەربازی و تاوانێکە سزاکەی لەسێدارەدانە.

1242. Four POPES HAVE DIED WHILE HAVING SEX.
تائێستا چوار پاپا لەگەرمەی سێکسکردندا عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە!!

1243. THE BIGGER HIS BALLS, THE MORE LIKELY HE IS TO CHEAT.
ئەو پیاوانەی هێلکەگونیان گەورەترە، ئەگەری خیانەتکردنیان زیاترە.

1244. The most flowers sold in one day in U.S. history was the day after Elvis Presley died in 1977.
بەدرێژایی مێژووی ئەمەریکا، ئەو رۆژەی کە زۆرترین گوڵی تێدا فرۆشراوە، ئەو رۆژەی ساڵی 1977 بوو کە تێیدا ئێلڤیس پرێسلی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

1245. A majority of Hindus eat meat, only 30% do not.
زۆرینەی هندۆسەکان گۆشت دەخۆن، تەنها لەسەدا 30یان نایخۆن.

1246. In Japan, there's a building with a highway passing through it.
لەیابانە حەیاتەکە باڵەخانەیەك هەیە کە ڕێگایەکی خێرای بەناودا تێپەڕدەبێت.

1247. Romania recognizes witchcraft as a legal profession.

رۆمانیا جادوی وەك پیشەیەکی یاسایی، ناساندووە.

1248. The only English word with three "Y" is "syzygy," which happens to describe the alignment of 3 celestial bodies in a straight line.

لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها یەك وشە هەیە کە سێ پیتی y ی تێدا بێت. ئەویش syzygy یە. ئەم وشەیە ناوەو بەمانای کەوتنەسەر یەك هێڵی راستی سێ تەنی ئاسمانی، دێت.

1249. Human knowledge is doubling every 12 months and is soon to be every 12 hours.

لەئێستادا زانیاریی مرۆڤ هەموو 12 مانگ جارێك دەبێتە دوو ئەوەندەو بەمزوانەش خێراییەکە زیاتر دەبێت و دەگاتە هەموو 12 سەعات جارێك.

1250. During WW1, the King of England, the Tsar of Russia, and the Emperor of Germany were all first cousins.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا پادشای ئینگلتەراو قەیسەری روسیاو ئیمپراتوری ئەڵمانیا ئامۆزای یەکتر بوون.
خۆی بە عام ئامۆزا زۆر تاقەتی چڕوچاوی یەکتریان نیە، جاوەرە دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵاتیش بن!!!

1251. Firefox web browser's lead developer is now working for Google Chrome.

دروستکەری سەرەکی وێبگەڕی فایەرفۆکس واتە مۆزیللا ئێستا کار بۆ گوگڵ کرۆم دەکات.

1252. A 2-headed dolphin was discovered on a beach in Turkey in 2014.

لەساڵی 2014، دۆلفینێکی دوسەر لەکاناراوێکی تورکیا دۆزرایەوە.

1253. On average, people spend two weeks a year in the bathroom.

بەگشتی هەر کەسێك ساڵانە دوو هەفتەی تەمەنی لەتوالێتدا بەسەردەبات.

1254. Over 100,000 new dot com domains are registered on the web every day.

هەموو رۆژێك زیاتر لە 100 هەزار ماڵپەڕی نوێ، تەنها بەدۆمەینی دۆت کۆم، تۆماردەکرێت. ئەمە جگە لە دۆت نێت و دۆت ڕەمزی وڵاتەکان و هتد..

1255. Cats can get sick or die from eating chocolate.

دەکرێ پشیلە بەهۆی خواردنی چوکلێتەوە نەخۆش بکەوێت یان بمرێت.

1256. 400 million years ago there were 22 hours in a day and more than 400 days in a year.

چوار سەد ملیۆن ساڵ لەمەوبەر رۆژ 22 سەعات بووەو ساڵ زیاتر لە 400 رۆژ بووە.

1257. The more sex you have, the more you want, research says.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، تا سێکس زیاتر بکەیت، زیاتر چڵێس دەبیت لەو رووەوە!

1258. A recent study found that poor kids are more likely to be generous than rich kids.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە ئەگەری بوون بە بەخشندەی منداڵی فەقیر لەهی دەوڵەمەند زیاترە.

1259. Crying is how your body speaks when your mouth can't explain the pain you feel.

گریان بریتییە لەچۆنیەتی قسەکردنی جەستەت لەکاتێکدا دەمت ناتوانێت ئەو ئازارە رونبکاتەوە کە هەستی پێدەکەیت.

1260. Yellow teeth are stronger, the natural color of our teeth is a light yellow color. Whitening your teeth can permanently weaken them.

ددانی زەرد بەهێزترە. رەنگی سروشتی ددان زەردی کاڵەو سپیکردنەوەیان دەکرێ ببێتەهۆی لاوازبونیان.

1261. You are more likely to orgasm if your feet are warm.

ئەگەری گەیشتنت بە ئۆرگازم لەکاتێکدا کە قاچت گەرم بێت، لەکاتەکانی تر زیاترە.

1262. To increase the size of their penis, the men of some African Tribes, just prior to intercourse, would have bees sting their penis.

پیاوانی هەندێك لەهۆزەکانی ئەفەریقا، بۆ ئەوەی قەبارەی چوکیان گەورە بێت، راستەوخۆ پێش سێکس دەیدەنە بەر هەنگ بۆ ئەوەی پێوەی بدات!

1263. The first time the Japanese people heard their Emperor's voice was when he announced Japan's surrender on the radio during WW2.

بۆ یەکەمین جار کە گەلی یابان گوێیان لەدەنگی ئیمپراتۆرەکەیان بوو، لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا بووە، بەدیاریکراوی لەکاتێکدا تەسلیمبونی وڵاتەکەی لەڕێگەی رادیۆوە راگەیاند.

1264. 5,000 years ago, watermelons were pale-green, and bitter. As watermelons were bred to become sweeter, their flesh slowly changed to red.

پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر کە ئێوە باش بیرتان نایەو منڵ بوون!، رەنگی شوتی سوور نەبووە بەڵکو سەوزێکی کاڵ بووەو تامیشی تاڵ بووە. بەتێپەڕبونی زەمەن و لەگەڵ شیرینبونیدا، رەنگی گۆشتەکەشی پلەبەپلە سوور بووە.

1265. a spending rate of $1 million a day, it would take Bill Gates 218 years to spend all his money.

بیل گەیتس، خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت هێندە دەوڵەمەندە، ئەگەر هەموو رۆژێك یەك ملیۆن دۆلار واتە 100 دەفتەری صەییش خەرجبکات، 218 ساڵی پێدەچێت تا سامانەکەی تەواودەبێت.

بەڵام بەخوا قابیلیەتی و پێشموایە وەك شیری دایکی پێی حەڵاڵە چونکە لەزۆربەی بوارەکاندا بەتایبەت لەڕوی لێهاتوویی و بەخشندەییەوە نەك هەر یەکەمی بێرکەبەرە بەڵکو دووەم و سێیەمیش هەر خۆیەتی!!!

1266. Sex before marriage is still illegal in Virginia.

لە 50 ویلایەتەکەی ئەمەریکا تەنها لە ڤیرجینیا، سێکسکردن پێش هاوسەرگیری، بەپێی یاسا قەدەغەیە. ئەوانی تر رێپێدراوە.

1267. There are a few "human libraries" where you can "borrow a human" and listen to its stories.

لەچەند شوێنێکی جیهاندا، چەند کتێبخانەیەکی گشتی هەن کە پێیان دەووترێت "کتێبخانەی گشتی مرۆڤ". دەتوانیت لەم کتێبخانانەدا لەبری کتێب مرۆڤ بە خواستن واتە ئیستیعارە وەربگریت و گوێ لەچیرۆك و قسەکانیان بگریت.

بەڕەئی یەندەی موخلیستان، بەعام ئەمە شتێکی خراپ نیە. بۆ نمونە رزگاربویەکی هۆلۆکۆست بەخواستن ببەیتەوە بۆ ماڵەوە، چێژ لەگێڕانەوەکانی وەردەگریت .بەڵام تەسەورکە ئەوروپییەکی دڵساف بچێتە یەکێك لەو کتێبخانانەو کوردێك بەخواستن بباتەوە، ئەبێ چ فشەیەکی بۆ بکات!!!

1268. There are nearly 7 million stroke survivors in the U.S. Stroke is the 5th leading cause of death in the U.S.

لەسەرتاسەری ئەمەریکادا، نزیکەی حەوت ملیۆن کەس هەن کە جەڵدەی دەماخ لێیدوان و رزگاریان بووە. هەر لەو وڵاتە ئەم نەخۆشییە پێنجەم هۆکاری سەرەکی مردنە.

1269. MYTH: Strokes are not hereditary. Family history of stroke increases your chance for stroke.

ئەگەر وابزانیت بۆماوەیی هیچ رۆڵێکی نیە لەجەڵدەی دەماخدا، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە گا بە گونا ئەناسیت، لەکاتێکدا مرۆڤی وردبین دەبێت تەنها لەڕێگەی سەیرکردنی کەللـەوە، گا بناسێتەوە.

بەگوێرەی زانایان ئەو خێزانانەی مێژوویەکیان لەگەڵ جەڵدەی دەماخدا هەیە، ئەگەری لێدانی ئەو جەڵدەیە لەناو تاکەکانیاندا زیاترە.

تەبعەن ئەمە بۆ ترساندن نیە بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوەیەو ان شاء الله هەموو لایەك سەلامەت دەبین.

1270. In Japan there are more pets than children.

لە یابان، ژمارەی زیندەوەرانی ماڵی لەمنداڵ، زیاترە.

1271. Martin Luther King, Jr. long opposed American involvement in the Vietnam War.

مارتن لوتەر کینگ نەیاری دەستوەردانی ئەمەریکا نەبووە لەجەنگی ڤیتنامدا.

کەواتە دەتوانین بەویش بڵێین ئیشقۆڕ چونکە ئەم فاکتە دەریدەخات کە بانەکەی ئەویش دوو هەوا بووە!!!

1272. The entire Wikipedia fits into 2 DVDs.

ئەو هەموو مەعلوماتەی لەماڵپەڕی ویکیپێدیادا هەیە، لەتەنها دوو دیڤیدیدا جێگەی دەبێتەوە.

1273. When you kiss someone your heart beats faster and more oxygen reaches your brain.

کاتێك کەسێك ماچ دەکەیت، لێدانی دڵت خێراتر دەبێت و ئۆکسجینی زیاتر دەگاتە مێشکت.

1274. Dr. Seuss cheated on his wife while she had cancer. After finding out about the affair, she killed herself and Dr. Seuss married his mistress.

وێنەکێشێکی کارتۆنی بەناوبانگ هەبوو بەناوی دکتۆر سوس. لەکاتێکدا هاوسەرەکەی توشی شێرپەنجە دەبێت، خیانەتی لێدەکات و پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا دەبەستێت. کاتێك ژنەکەی بەم پەیوەندییە دەزانێت، خۆی دەکوژێت و دواتریش سوس ئەو کەسە دەهێنێت کەپەیوەندی لەگەڵدا هەبوو.

ئەم فاکتە جەرگبڕە جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ درندەترین زیندەوەرە چونکە ئەگەر ئەو پیاوە، وە هەروەها کەپڵەکەشی یەك زەڕە ویژدانیان هەبوایە، لانیکەم لەو دۆخە هەستیارەدا پەیوەندییان نەدەبەست.

1275. Since 1870, global sea levels have risen by about 8 inches (20 cm).

لەساڵی 1870وە تائێستا ئاستی دەریا 20 سانتیمەتر بەرزبووەتەوە.

1276. German Goalkeeper Arrested After Conceding 43 Goals In One Match.

پاش ئەوەی لەتەنها یارییەکدا 43 گۆڵی مزر لەیانەکەی کرا، پۆلیسی ئەڵمانیا گۆڵچییەکەی دەستگیرکرد. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە یارییەکە 43 بە سفر کۆتایی هات بۆیە بە رەئی من حەقبوو یاریزانەکانی تری هەمان یانەش دەستگیربکرێن نەك تەنها گۆڵچییەکە.

1277. 80% of all pictures on the internet are of naked women.
لەسەدا 80ی هەموو وێنەکانی سەر ئینتەرنێت، وێنەی ئافرەتی رووتن.

1278. Hitler killed his dog with a cyanide capsule. He also shot the five puppies and buried them with their mother.
هیتلەرە ئیشقۆڕ پێش خۆکوشتنی سەگەکەشی بە گولاجێکی سیانید کوشت. هەروەها پێنج توتکەسەگیشی کوشت و لەگەڵ دایکیاندا ناشتنی.

1279. Octopus skin can change color 177 times an hour.
هەشتپێ دەتوانێت لەماوەی تەنها یەك سەعاتدا، 177 جار رەنگی پێستی بگۆڕێت.

1280. Couples who are in love synchronize their heart rates after gazing into each others' eyes for three minutes.
ئەو هاوژینانەی عاشقی یەکن، پاش سێ دەقە لەچاوبڕینە یەکتر، تێکڕای لێدانی دڵیان یەکسان دەبێت.

1281. Cuddling triggers the same neurological reaction as taking painkillers.
باوەشکردن بەهاوژینەکەت هەمان کاردانەوەی دەماریی دەرمانە ئازارکوژەکانی هەیە.
کەواتە دەتوانین بێژین بریتییە لەپاراستۆڵ و ئەسپرینێکی بێ سایدئیفێکت!!!

1282. The heart symbol was first used to denote love in the 1250. Prior to that, it represented foliage.
لەساڵی 1250 بۆ یەکەمین جار رەمزی دڵ وەك نیشانەی خۆشەویستی بەکارهێنراوە. پێش ئەو مێژووە، بۆ گوزارشتکردن لەگەڵای رووەك بەکارهێنراوە.

1283. It's scientifically proven: being in love makes you a less productive person.
زانست سەلماندویەتی کە عاشقبوون دەبێتەهۆی کە عاشقەکە بەرهەمی کەمتر بێت.

1284. Philophobia is the fear of falling in love.
جۆرە ترس واتە فۆبیایەك هەیە پێی دەووترێت ترس لەعاشقبوون. ئەمە نەخۆشییەکی دەروونییەو پێی دەووترێت فیلۆفۆبیا.

1285. 2% of couples have fallen in love in a supermarket, according to a survey.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك لەسەدا دووی ژن و مێردەکان لەسوپەرمارکێتێکدا عاشقی یەکتر بوون.

1286. 23% of the couples who meet through online dating end up marrying.
لەسەدا 23ی ئەو هاوژینانەی لەڕێگەی عەنتەرنێتەوە بەخزمەت یەکتر گەیشتوون، دواتر هاوسەرگیرییان کردووە.

1287. Men are more likely to say "I love you" first than women are, a study found.
ئەگەری وتنی یەکەم "خۆشم ئەوێی" لەلای پیاو زیاترە وەك لەژن.
بەکوردییەکەی دەتوانین بڵێین پیاو زۆر "خۆشم ئەوێی" سەرف ئەکا بۆیە زیاتر یەکەمەکە بەر ئەو دەکەوێت!!!

1288. Male bees die after having sex.

نێرینەی هەنگ پاش سێکسکردن، دەمرێت.

1289. An average person spends 6 years of his life dreaming.

بەگشتی هەرکەسێك شەش ساڵی تەمەنی بە خەوبینین بەسەردەبات.

1290. There are more bicycles in Copenhagen, Denmark, than people.

لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارك، ژمارەی پاسیکل لە مرۆڤ زیاترە.

1291. There is a language called Toki Pona that has only 120 root words.

زمانێك هەیە پێی دەووترێت تۆکی پۆنا. ژمارەی وشە ئۆریجناڵەکانی ئەم زمانە تەنها 120 وشەیە.

1292. Monowi is a town of Nebraska that has a population of 1. The Mayor pays taxes to herself.

لەویلایەتی نیبراسکای ئەمەریکا شارۆچکەیەك هەیە بەناوی مۆنۆوی. ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە تەنها یەك کەسە. ئەو کەسەش باجەکان دەدات بەخۆی!

1293. Google got its name by accident. The founders misspelled "googol", which refers to the number 1 followed by 100 zeroes.

کۆمپانیای گوگڵ ناوەکەی بە سودفە نراوە. دامەزرێنەرانی گوگڵ لەبری ئەوەی بنوسن گوگۆڵ کە بریتییە لە 10 توان سەد، بەهەڵە نوسییان گوگڵ، بەڵام دواتر چاکیان نەکردەوەو وتیان قەیناکا با عەباسی گوڵچین بێ و ببڕێتەوە (بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی!!!).

1294. You can burn 20% more fat by exercising in the morning on an empty stomach.

ئەگەر فەخامەتی جەنابت لەبەیانیاندا بە مەعیدەی خاڵییەوە وەرزش بکەیت، بەڕێژەی لەسەدا بیست زیاتر چەوری دەسوتێنیت.

1295. The penalty of killing an elephant in Sri Lanka is death.

سزای کوشتنی فیل لە سریلانکا، لەسێدارەدانە.

1296. 40% of births in the US come from unmarried women.

لەسەدا 40ی ئەو منداڵانەی لە ئەمەریکا لەدایك دەبن، هی ئافرەتگەلێکن کە هاوسەرگیرییان نەکردووە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چ کافرسانییەك لەو ئەمەریکایە دەگوزەرێت!

1297. Hitler married Eva Braun less than 40 hours before they died.

ماوەی نێوان خۆکوشتنی هیتلەرو ئیڤا براونی ژنی لەگەڵ هاوسەرگیرییەکەیاندا، لە 40 سەعات کەمتر بوو.

بەداخەوە کەس فریای پاشتێلانەکەیان نەکەوت!!!

1298. In 2013, Bill Gates admitted that the Ctrl+Alt+Delete command was a mistake, and should have been a single button.

لەساڵی 2013 بیل گەیتس دانی بەوەدا نا کە فەرمانی کۆنترۆڵ+ئاڵت+دیلیت کە لەسیستمی ویندۆزدا تاسك مەنیجەر دەخاتە خزمەتتان، هەڵە بووەو دەبوو ئەو فەرمانە بە یەك کلیك بکرایە نەك سیان.

ئەمە یەکێکە لەسیفەتەکانی گەورەپیاوان.. هەرگیز لەدانان بە هەڵەدا سڵ ناکەنەوە.

1299. More people have died by taking selfies in 2015 than by shark attacks.

لەساڵی 2015، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی سێلفییەوە، گیانیان لەدەستداوە، لەوانە زیاتر بووە کە لەئەنجامی هێرشی قرشدا عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە.

1300. Rape is reported in the U.S. every 6 minutes.

لەئەمەریکا، هەموو شەش خولەکێك، دەسەڵاتداران لەحاڵەتێکی لاقەکردن ئاگادارەکرێنەوە.

1301. There is a town/city named Lincoln in every state of the U.S.

لەهەر یەکێك لەپەنجا ویلایەتەکەی ئەمەریکا، شارێك یان شارۆچکەیەك هەیە بەناوی لینکۆڵن.

1302. Every seven years, you lose about half of your friends and replace them with new people.

هەموو حەوت ساڵ جارێك نزیکەی نیوەی هاوڕێکانت لەدەست دەدەیت و هاوڕێی نوێ جێگەیان دەگرێتەوە.

1303. Microsoft had offered to buy Yahoo for US$44.6 billion in 2008. Yahoo rejected the offer. In 2016, it sold for just US$4.8 billion.

لەساڵی 2008 مایکرۆسۆفت 44 ملیارو 600 ملیۆن دۆلاری دا بە بەرپرسانی یاهوو بۆ کڕینی بەڵام رازی نەبوون.
دواتر لەساڵی 2016 ئەو یاهووە نازدارە بە تەنها چوار ملیارو 800 ملیۆن فرۆشرا.
ئیتر ئەمە بازاڕە.. هی واش هەیە سەیارە شڕەیەکی کڕیوە بە دەفتەرێك کەچی ئەیەوێت دەفتەرەکەی بۆ بکاتەوە!!!

1304. There's a 'Rent a Mourner' service in the UK to fill your funeral with fake friends.

لەشانشینی یەکگرتوو خزمەتگوزارییەك هەیە پێی دەووترێت "پرسەگەرمکەرێك بەکرێ بگرە". لەڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە دەتوانیت هاوڕێی ساختە بەکرێ بگریت تا لەکاتی مردنتا پرسەکەت وەك حەمام بۆ گەرمبکەن و بۆت بهۆننەوە بۆ نمونە بڵێن: بەخوا شێربوو، بیللا شێر بوو، تەڵلا شێربوو و ئەملای نابوو بەولایا!!!!

بێگومان ئەم کارە شەرعی نیەو لەوکاتەدا مەلائێکە دەمالێ بە سنگی مردووەکەداو پێی دەڵێن باشە تۆ وابوویت؟. بۆیە دڵنیام ئەگەر خوای گەورە رێی بدایە لەکاتی ئەو هۆنینەوەیەدا مردووەکە زیندوو ببوایەتەوە ئەوا یەکەم قسە کە بەڕووی ئەو هاوڕێ بەکرێگیراوانەدا دەیکرد ئەمەبوو: عەگ خوا ئەو رووتانە رەشکا بۆ راستتان!!

1305. If Malaria was eradicated 670,000 deaths would be avoided every year.

ئەگەر نەخۆشی مەلاریا بنەبڕبکرێت، ئەوا دەتوانرێت ساڵانە بەربە 670 هەزار حاڵەتی مردن بگیرێت.

1306. Christopher Columbus thought he saw mermaids in 1493, but from his description, they were probably manatees.

کریستۆفەر کۆڵومبوس پێیوابووە کە لەساڵی 1493 بوکی دەریای بینیوە. بەڵام بەوردبونەوە لەو وەسفەی بۆ ئەو بوکی دەریایەی ئەو بینیویەتی، زانایان دەڵێن ئیحتیمالی زۆرە مەڕی دەریا بوبێت.
دایکی کوێر بێ رۆڵە ئەوندە گەڕاوە عەقڵەکەشی لەدەستداوە ئەگینا بوکی دەریاو مەڕی دەریا کوجا مەرحەبا!!!

1307. From 1989 to 2009, about 2,000 schools were closed in Germany because of a scarcity of children.

لەساڵی 1989 بۆ 2009، بەهۆی کەمیي قوتابییەوە، نزیکەی دوو هەزار قوتابخانە لەئەڵمانیا داخراون.

1308. Michael Jackson's funeral was the second most-watched ever (31 million people), after Princess Diana's (33.25 million).

رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مایکڵ جاکسۆن، دووەم پڕبینەرترین بووە لەمێژوودا. 31 ملیۆن کەس سەیریان کردووە. یەکەمیش هی شازادە دیانای بریتانیا بوو کە 32 ملیۆن و 250 هەزار کەس سەیریان کردووە.

1309. 10 times more people suffer from major depression now than in 1945.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەئێستادا توشی خەمۆکیی سەخت بوون، 10 ئەوەندە لەوانە زیاترە کە لەساڵی 1945 توشبوون.
ئەم فاکتە جەرگبڕە جەختدەکاتەوە کە تەنەکەلۆجیا ئاسانکاری بەدوای خۆیدا هێناوە بەڵام بەختەوەری نا. بۆیە هیچ عەجیب نەبێت بەلاتەوە کاتێك باوو باپیرانمان دەڵێن: سەد خۆزگەم بەجاران.

1310. Lincoln suffered depression and avoided carrying knives, fearing he would use it on himself.

ئەبراهام لینکۆڵن ، نەخۆشی خەمۆکی هەبووەو نەیوێراوە چەقۆ هەڵبگرێت چونکە ترسی ئەوەی هەبووە کە بیدا لەخۆی.

1311. 603 million women live in nations where domestic violence is not a crime.

603 ملیۆن ژن لەوڵاتگەلێکدا دەژین کە تیایاندا توندوتیژی خێزانی، بەپێی یاسا نەکراوە بە تاوان.

1312. Men spend almost a year of their lives staring at women, a survey found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك بە گشتی پیاو نزیکەی ساڵێکی تەمەنی بە سەیرکردنی خانمان بەسەردەبات. سەیرکردنی خۆنەویستانەش نا بەڵکو هی کەوانتەرکرین واتە چاوتێبڕین!!!

1313. In 1990, Stephen Hawking dropped his wife of almost 30 years --who was having an affair-- and took off with his nurse.

لەساڵی 1990 زانای گەورەی ئەمەریکی، ستیفن هاوکینگ پاش ئەوەی ژنەکەی کە بۆ ماوەی 30 ساڵ هاوسەری بوو، پەیوەندی لەگەڵ پەرستارەکەیدا هەبوو و لەگەڵیدا رۆشت، ناچاربوو بەتەواوەتی وازی لێبهێنێت.ئەم فاکتە جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرەو حەقیشە پیاچونەوە بە زاراوەی "جنسی لەتیف"دا بکرێت!

1314. California has more than 130,000 people in prison.

تەنها لە کالیفۆرنیا، زیاتر لە 130 هەزار کەس لەزیندانداڵ.

2015-5-16

1315. 1 in 3 Children Under the Age of 5 Do Not Officially Exist.

لەهەموو سێ منداڵێکی تەمەن خوار پێنج ساڵ، یەکێکیان بەڕەسمی بوونی نیە. واتە بەڵگەنامەیان نیەو تۆمارنەکراون.

1316. A woman's risk of breast cancer approximately doubles if she has a first-degree relative (mother, sister, daughter) who has been diagnosed with breast cancer.

ئەگەر خانمێك خزمێکی پلەیەك (دایك، خوشك، کچ)ی توشی شێرپەنجەی مەمك بوبێت، ئەگەری توشبونی نزیکەی دوو ئەوەندەی کەسانی تره.
یا رەبی خوایە بە نەخۆشییەك تاقیمان نەکەیتەوە کە نەتوانین بەرگەی بگرین.

1317. Mexico is the world's fattest country.

مەکسیك، قەڵەوترین وڵاتە لەجیهاندا واتە خەڵکەکەی بەبەراورد خەڵکی وڵاتی تر قەڵەوترینن.

1318. The Moon is not round, but egg shaped.

شێوەی مانگ خڕ نیە. هێلکەییە.

1319. Every minute, 1.8 million new "likes" are made on Facebook.

لەفەیسبوك هەموو دەقەیەك ملیۆنێك و 800 هەزار لایکی نوێ دەکرێت.

1320. Warren Buffett, the most successful investor of the 20th century, doesn't carry a mobile phone or have a computer on his desk, and drives his own car.
وارین بوفێت کە یەکێکە لە 10 سوپەرملیاردێرەکەی جیهان و سەرکەوتووترین وەبەرهێنی سەدەی 20ەمە، نە مۆبایل هەڵدەگرێ و نە مێزەکەشی کۆمپیوتەری لەسەرە. خودی خۆشی سەیارەکەی خۆی لێدەخورێت.
بەڵام ئەم برادەرە عادەتێکی قۆڕیشی هەیە زۆر بە دەگمەن پارەش دەبەخشێت بۆیە رەنگە بە ئەسڵ کورد بێت یان لانیکەم دوو چای دیشلەمەی لەگەڵ کورددا خواردبێتەوە.

1321. 27 million Soviet citizens died in WWII. By comparison, 1.3 million Americans have died as a result of war since 1775.
لەجەنگی جیهانی دووەمدا 27 ملیۆن هاوڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی، لەناوچوون. بەڵام ژمارەی ئەو ئەمەریکییانەی لەساڵی 1775ەوە تائێستا لەئەنجامی جەنگ، تیاچوون، تەنها ملیۆنێك و 300 هەزارە.

1322. In Ancient Egypt, men could take time off of work to care for menstruating wives and daughters.
لە میسری دێرینداء ئەگەر ژن یان کچی پیاوێك بکەوتایەتە عادەوە، ئەو مێرد یان باوکەکە دەیتوانی مۆڵەت لەکار وەربگرێت.
بە کوردییەکەی لەو سەردەمەدا پیاوان مۆڵەتی عادەی هاوسەر یان کچەکانیان هەبووە!!!
خوا رەحمی کردووە ئەم مۆڵەتە لێرە نیە ئەگینا دۆسیەی کارمەندانی پیاو پڕدەبوو لەمۆڵەتی عادەو مونافەسەی مۆڵەتی منااڵبونی ژنانیان دەکرد!!!

1323. Lack of sleep can cause weight gain of 2 pounds (0.9 kg) in under a week.
بەپێچەوانەی ئەوەی کە رەنگە لەمێشکی شەریفتا بێت، کەمخەوتن دەکرێ لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەکدا، کێشت بەبڕی 900 گرام زیادبکات.

1324. The Great Wall of China is not visible from space, but China's air pollution is.
شورای مەزنی چین بەو هەموو گەورەییەوە لەبۆشایی ئاسمانەوە نابینرێت بەڵام پیسبونی هەوای ئەو وڵاتە دەبینرێت.

1325. About 3,000 Euros are thrown into the Trevi fountain, in Italy, each day.
لە ئیتاڵیا فوارەیەکی بەناوبانگ هەیە بەناوی ترێڤی. رۆژانە نزیکەی سێ هەزار یۆرۆ هەڵدەدرێتە ناویەوە.

1326. St Lucia is the only country in the world named after a woman.
لەکۆی ئەو هەموو وڵاتەی جیهان تەنها یەکێکیان بەناوی ژنەوە ناونراوە. ئەویش ساینت لوسیایە.

1327. Nigeria has more English speakers than the United Kingdom.
ژمارەی ئەو کەسانەی لە نایجێریا بە ئینگلیزی قسەدەکەن لە هی شانشینی یەکگرتوو زیاترە.

1328. Malaysia and Singapore are the only two countries on earth that are allowed Visa-free travel to North Korea.
تەنها دوو وڵات هەن لەجیهاندا کە هاوڵاتییەکانیان دەتوانن بە پاسپۆرتی بێڤیزاوە سەردانی کۆریای باکور بکەن: ماڵیزیاو سەنگافورە.

1329. About 17% of twins are left-handed. This compares to about 10% in the non-twin population.

نزیکەی لەسەدا 17ی دوانەکان، چەپلەرن. بەڵام بەگشتی دانیشتوانی جیهان (جگە لەدوانەکان) لەسەدا 10یان چەپلەرن.

1330. The first Selfie was taken in 1839 by Robert Cornelius.
یەکەم سێڵفی لەمێژوودا لەساڵی 1839 لەلایەن برادەرێکەوە گیراوە بەناوی رۆبەرت کۆرنێلیوس. بەڵام ئەو کاتە ئێوە منداڵ بوون و باش بیرتان نایە!!!

1331. If the earth didn't have the moon, our days would only be 6 hours long.
ئەگەر زەوی مانگی نەبوایە، رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت!، ئەو کاتە رۆژمان لەبری 24 سەعاتەکەی ئێستا تەنها شەش سەعات دەبوو!!!

1332. Just 65% of people with Cancer in the U.S. survive.
لەسەدا 65ی توشبوانی شێرپەنجە لەئەمەریکا، لەمردن رزگاریان دەبێت.

1333. In 1999, hackers revealed a security flaw in Hotmail allowing to log into any Hotmail account using the password "eh".
لەساڵی 1999 چەند هاککەرێك دەرچەیەکی ئەمنییان لەئیمەیڵی هۆتمەیڵدا ئاشکراکرد کە لەڕێگەیەوە دەتوانرا بە پاسپۆردی "eh" داخڵی هەموو ئیمەیڵێکی هۆتمەیڵ ببیت.

1334. Alexander the Great founded 70 cities, naming at least 20 after himself and one after his horse.
ئەسکەندەری مەزن، 70 شاری دامەزراندووە. لانیکەم 20ی بەناوی خۆیەوە ناوناوە. هەر بۆ دەرمانیش دانەیەکی تری بەناوی ئەسپەکەیەوە ناوناوە.

1335. 1 sperm contains 37 MB of DNA information. This means an ejaculation has a data transfer of 1587 GB in 3 seconds.
هەر سپێرمێك 37 مێگابایت زانیاریی دی ئێن ئەی تێدایە. ئەمەش مانای وایە کە هەر هەڵدانێکی تۆو، لەماوەی تەنها سێ چرکەدا 1587 گێگابایت زانیاری دەگوازێتەوە.

1336. The total size of Google Earth's database is over 20 Petabytes.
کۆی قەبارەی داتابەیسی گوگڵ ئێرث، زیاتر لە 20 پێتابایتە.

1337. The American Civil War claimed the lives of 10% of all Northern males 20–45 years old, and 30% of all Southern white males aged 18–40.
ئەمەریکییەکان شەڕێکی ناوخۆییان کردووە ئەوەی کورد بەچاوییەوە فڕیوە بووە نەك شەڕ. لەئەنجامی ئەو شەڕەدا لەسەدا 10ی هەموو نێرینە تەمەن 20 بۆ 45 ساڵەکانی باکورو لەسەدا 30ی هەموو سپیێستە نێرینە تەمەن 18 بۆ 40 ساڵەکانی باشوری تێدا کوژراوە.
بەڵام یەك جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان کوردو ئەمەریکیدا لەو رووەوە. ئەویش ئەوەیە کە ئەوان بەتەواوەتی تەرکیان کردو دەرسێکی باشیشیان لێوەرگرت بەڵام بەداخەوە کورد نا!

1338. There's a shark in Greenland that eats polar bears and can live up to 200 years.
لە گرینلاند جۆرە قرشێك هەیە کە ورچی جەمسەری دەخواو دەکرێ تەمەنیشی بگاتە 200 ساڵ.

1339. London attracted over 16 million international visitors in 2014, making it the world's most visited city.

لەندەن لەساڵی 2014 16 ملیۆن گەشتیاری نێودەوڵەتی راکێشاوە. بەمەش بووە خاوەنی زۆرترین گەشتیار بە بەراورد بە هەر شارێکی تری جیهان.

1340. 30% of American adults do not consume any alcohol ever.

لەسەدا 30ی گەورەسااڵنی ئەمەریکا، هیچ جۆرە خواردنەوەیەکی کحولی ناخۆنەوە.

1341. In China, identical twin sisters who married identical twin brothers are getting plastic surgery so no one gets confused.

لە چین ئەو خوشکە دوانە زۆر لێکچووانەی شوو بە برا دوانە زۆر لێکچووەکان دەکەن، نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی هیچ یەکێکیان لێیان تێك نەچێت و کافرسانی رونەدات!!!

1342. If you could fold a piece of paper 50 times, its thickness would exceed the distance from here to the Sun.

ئەگەر بتوانیت پارچەکاغەزێك 50 جار قەدبکەیت، ئەوا ئەستوریییەکەی لەماوەی نێوان زەوی و خۆر زیاتر دەبێت.

ئەم مەعلوماتە هەرچەندە لە فلیمی هندی ئەچێ بەڵام راستە، ئەگەر بڕواش ناکەیت تاقی بکەرەوە!!!

1343. There're more bacteria in your mouth than there are people in the world.

ژمارەی ئەو بەکتریایانەی لەدەمی شەریفی هەر یەکێکماندا هەیە، لەژمارەی دانیشتوانی جیهان، زیاترە.

1344. Between 1990 and 2005, a new prison opened in the U.S. every 10 days.

لەنێوان ساڵی 1990 بۆ 2005، هەموو دە رۆژ جارێك زیندانێکی نوێ، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کراوەتەوە.

1345. In August 2016, a dog was elected mayor of Cormorant, Minnesota, for its third term in a row.

لەئابی 2016، سەگێك بۆ سێیەمین جار لەسەر یەك، وەك سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی کۆرمۆرانت لەویلایەتی مینیسۆتای ئەمەریکا، هەڵبژێردرا.

1346. Those who wear nothing in bed are more content in their relationships than those who cover up, according to a poll.

پەیوەست بەجلوبەرگ پۆشین لەکاتی خەوتندا، سێ جۆر خەوتن هەیە: خەوتن بە شێوازی خشەخش (ئەوەی کە تەرزەی هەیە) و ئێس دی و ئێچ دی. بەگوێرەی راپرسییەك ئەو کەسانەی بەشێوازی ئێچ دی دەخەون، لەوانی تر مورتاحترن!!!

1347. London has more Indian restaurants than Mumbai or Delhi.

ژمارەی ئەو ڕێستۆرانتە هندییانەی لە لەندەن هەیە، لەوانە زیاترە کە لەشاری مومبای یان دەلهی هەیە.

ئەم سەیروسەمەرەیە رێك وەك ئەوە وایە گوێزی هەورامان لەزاخۆ زیاتر بێت وەك لەهەڵەبجە!!!

1348. George Washington had no formal education.

جۆرج واشنتن، یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا، هیچ خوێندنێکی ڕەسمی نەخوێندووە.

1349. 40% of all bottled water sold in the world is tap water.

لەسەدا 40ی ئەو ئاوانەی لەسەرتاسەری جیهاندا دەفرۆشرێن و لای خۆمان پێیدەووترێت ئاوی مەعدەنی، ئاوی بەڵوعە حەیاتەکەن واتە جیاوازییەکەی لەگەڵ ئاوی بەڵوعەدا تەنها ئەوەیە کە عەزیەتی کردنە ناو بوتڵ یان پەرداخەکەیان لەکۆڵ کردوینەتەوە ئەگینا نە مەعدەنییەو نە تەڕەماش!!!

1350. 1 in 7 of American adults who have a tattoo, regret it.

لەهەموو حەوت هاوڵاتییەکی ئەمەریکی لەوانەی تاتۆیان کێشاوە، یەکێکیان پەشیمانە.

1351. Falling In Love Has Neurological Effects Similar To Those Of Cocaine.
عاشقبوون کاریگەری دەرونیی هاوشێوەی کاریگەریی بەکاربردنی کۆکاینی هەیە.

1352. Even Looking At A Picture Of A Loved One Relieves The Pain.
تەنانەت سەیرکردنی وێنەی کەسێك کە خۆشت دەوێت، ئازار هێوردەکاتەوە.

1353. Looking Into Each Others' Eyes Can Make Strangers Fall In Love
سەیرکردنی چاوی یەکتر دەکرێ دوو کەسی بێگانە بە یەکتر عاشقبکات بەبێ ئەوەی رۆژێك لەڕۆژان تەنانەت فەلافلێکیشیان پێکەوە خواردبێت!!!

1354. Some baby turtles talk to each other while they are still in their eggs so that they all hatch together.
هەندێك بێچووی کیسەڵ لەناو هێلکەکانیاندا پێش تروکاندن، قسە بۆ یەکتر دەکەن و مەوعیدێك دادەنێن بۆ ئەوەی پێکەوە لەهێلکە بێنەدەرەوە.

1355. After multiple assassination attempts by Stalin, President Tito replied: 'Stop sending people to kill me. We've already captured five of them, one of them with a bomb and another with a rifle… If you don't stop sending killers, I'll send one to Moscow, and I won't have to send a second.'
پاش ئەوەی جۆزێف ستالین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت، لەڕێگەی ناردنی پیاوکوژەوە چەندین هەوڵیدا بۆ تیرۆرکردنی جۆزیپ بروز تیتۆ، یەکەم سەرۆکی یۆگۆسلاڤیا، تیتۆ لەوەڵامدا پێیوت: "هەتیو کەم خەڵك بنێرە بۆ کوشتنم. ئێمە تازە پێنج لەو کەسانەمان گرتووە. یەکێکیان بۆمبی پێبووەو یەکێکی تریان تفەنگی پێبووە. ئەگەر واز لەم بەزمە نەهێنیت ئەوا من تەنها یەك کەس دەنێرم بۆ مۆسکۆو پێویست بە ناردنی دووەم ناکات".

1356. 20% of the Earth's oxygen is produced by the Amazon rainforest.
لەسەدا 20ی ئۆکسجینی زەوی، بەرهەمی داراستانی باراناویی ئەمازۆنە.

1357. The Amazon River once flowed in the opposite direction, from east to west.
لەکۆندا جارێك، روباری ئەمازۆن بەئاڕاستەی پێچەوانەی خۆی (لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا) رویشتووە.

1358. The Amazon represents more than half of the Earth's rainforests.
داراستانی باراناوی ئەمازۆن، زیاتر لەنیوەی کۆی داراستانە باراناوییەکانی جیهان پێکدەهێنێت.

1359. Amazonian Butterflies Drink Turtle Tears.
پەپولەکانی ئەمازۆن، فرمێسکی کیسەڵ، دەخۆنەوە.

1360. There's an underground river 4 KM (2.4 mi) beneath the Amazon River in Brazil, that might be as long, but hundreds of times wider.
چوار کیلۆمەتر لەژێر روباری ئەمازۆن لە برازیل، روبارێکی ژێر زەوی هەیە کە سەدان جار لەڕوباری ئەمازۆنی سەرزەوی، پانترە. هەروەها رەنگە درێژیش بێت.

1361. In 2008, Norway donated US$1 billion to help save the Amazon rainforest.

لەساڵی 2008، نەرویج کە وڵاتێکی ئەوروپییە، بڕی یەك ملیار دۆلاری بەمەبەستی یارمەتیدانی هەوڵەکانی پاراستنی دارستانی باراناوی ئەمازۆن، بەخشیوە.

1362. Iquitos, Peru is the largest city in the world inaccessible by road. It's located deep in the Amazon rainforest and has over 400,000 people.

شاری ئیکیتۆس لە پیرۆ، گەورەترین شارە لەجیهاندا کە ناتوانرێت لەڕێگای ئاساییەوە بچیتەناوی. ئەم شارە دەکەوێتە قوڵایی داراستانی باراناوی ئەمازۆن و ژمارەی دانیشتوانەکەی 400 هەزار کەس دەبێت.

1363. There are no bridges over the Amazon River.

روباری ئەمازۆن، هیچ پردێکی لەسەر نیە.

1364. The name ‘Apple’ came from founder Steve Jobs’ like of the fruit. Mystery surrounded the reason for the name Apple, but in truth it was just the fruit that Jobs’ liked and named the company after that.

وشەی ئەپڵ لەزمانی ئینگلیزیدا بەمانای سێو دێت. سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەم کۆمپانیای ئەپڵ ئەو ناوەی لێنراوە، نارونییەك هەیە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ستیڤ جۆبز، کە یەکێك بووە لەهاودامەزرێنەرانی کۆمپانیاکە، زۆر حەزی لەم میوەیە بووە، بۆیە کۆمپانیاکەی بەو ناوەوە، ناوناوە.

1365. Apple originally had three co-founders. The third co-founder, a man named Ronald Wayne, had joined co-founders, Steve Jobs and Steve Wozniak but he left the company only 12 days after it was founded. He sold his 10% share for only $800 and got an additional payout of $1,500. Had Wayne stayed with the company, his shares would be worth today around $60 billion!

لەبنەڕەتدا ئەپڵ سێ هاودامەزرێنەری هەبووە. سێیەم هاودامەزرێنەری پیاوێك بووە بەناوی ڕۆناڵد واین. ئەم برادەرە پاش ستیڤ جۆبزو ستیڤ وۆزنیاك بووەتە هاودامەزرێنەری کۆمپانیاکە. بەڵام پاش تەنها 12 ڕۆژ لەپەیوەندیکردنی، لەسەدا 10 پشکەکەی فرۆشت بە تەنها هەشت وەرەقە. وێڕای ئەوەش 15 وەرەقەی تری لەبری دەرچون لەکۆمپانیاکە وەرگرت.
جا هێشتا چیت دیوە؟!! خەفەتەکە لێرەدایە. ئەو پشکەی ئەو برادەرە، ئێستا بایی 60 ملیار دۆلارە!!!

1366. Apple employs more people than a good sized city. Apple employs over 90,000 people. However, millions more make money from Apple.

ژمارەی کارمەندانی کۆمپانیای ئەپڵ لەدانیشتوانی شارێك، زیاترە. ژمارەی کارمەندانی لە 90 هەزار کەس زیاترە. بەدەر لەوەش، ملیۆنەها کەسی تر لەسەرتاسەری جیهانەوە، بەشێوازی جیا، پارە لەڕێگەی ئەم کۆمپانیایەوە پەیدادەکەن.

1367. Apple is so successful, it has twice the amount of money than the U.S. Treasury.

ئەپڵ هێندە داهاتی زۆرە، بڕی پارەکەی، لەهی وەزارەتی گەنجینەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاترە.

1368. Apple is so successful, that in the first quarter of 2014, it made more money than Amazon, Google, and Facebook combined.
داهاتی ئەپڵ لەچارەکی یەکەمی 2014، لەکۆی داهاتی کۆمپانیاکانی ئەمازۆن، گوگڵ، فەیسبوك پێکەوە، زیاتربووە.

1369. To raise capital for Apple, co-founder Steve Wozniak had to sell his scientific calculator.
بەمەبەستی زیادکردنی سەرمایەی ئەپڵ، وۆزنیاك ناچاربوو حاسیبە زانستییەکەی بفرۆشێت.

1370. Apple was the first to make a digital color camera.
ئەپڵ یەکەم کۆمپانیا بووە کە کامێرای دیجیتاڵی ڕەنگاوڕەنگی دروستکردووە.

1371. At present, Apple is the largest publicly traded company in the United States.
لەئێستادا ئەپڵ گەورەترین کۆمپانیای بازرگانی ئاشکرایە لە ئەمەریکا.

1372. Apple’s cash on hand, around $155 billion, could give everyone in the US, $490.00!
پارەی کاش واتە نەقدی ئەم کۆمپانیایە، نزیکەی 155 ملیار دۆلارە. کەواتە ئەگەر دابەشی بکات بەسەر خەڵکی ئەمەریکا، هەر کەسێکی ئەو وڵاتە 490 دۆلاری بەردەکەوێت.

1373. If Apple was a country, it would be the world’s 27th largest country, between Venezuela and Belgium.
ئەگەر ئەپڵ وڵات بوایە، ئەوا 27هەمین گەورەترین وڵات دەبوو لەجیهانداو دەکەوتە نێوان ڤەنزوێللاو بەلجیکاوە. ڤەنزوێللا وڵاتێکی ئەمەریکییە بەڵام بەلجیکا ئەورووپییە.

1374. By 2011, the Apple iPhone accounted for 40% of the company’s annual revenue. It’s estimated that over three quarters of Apple’s income is from products that were invented within the past 10 years.
لەساڵی 2011، لەسەدا 40ی کۆی هەموو داهاتی ساڵانەی ئەپڵ بەهۆی ئایفۆنەوە بووە. بەگوێرەی خەملاندنەکانیش، زیاتر لەسێ لەسەر چواری داهاتی ئەم کۆمپانیایە، هی ئەو بەرهەمانەی کۆمپانیاکەن کە لەماوەی 10 ساڵی رابردودا دروستیکردون.

1375. Within three days of death, the enzymes that once digested your dinner begin to eat you.
لەماوەی تەنها سێ ڕۆژدا لەپاش کۆچی دوایی فەخامەتی جەنابت، ئەو ئەنزیمانەی ژەمەخۆراکی ئێوارەتیان هەرسکردووە، دەستدەکەن بەخواردنی جەستەت.

1376. The practice of burying the dead may date back 350,000 years.
مێژووی ناشتنی مردوو ڕەنگە بۆ 350 هەزار ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە.

1377. About 100 billion people have died in all human history.
بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، نزیکەی 100 ملیار کەس مردون. تەبعەن ملیارو بلێون دوانەن! واتە هاومانان.

1378. About 153,000 people will die on your birthday.
لەڕۆژی لەدایکبونی جەنابتا کە هەندێك پێی دەڵێن جەژنی لەدایکبون، نزیکەی 153 هەزار کەس، دەمرن.

1379. Left-handers die 3 years earlier than right-handed people.
بنیایەمی چەپلەر سێ ساڵ لەڕاستلەر، زووتر دەمرن. ئەمەش خەفەتێکی تر با بچێتە سەر خەفەتەکانی ئێمەی چەپلەر!

1380. When a person dies, his sense of hearing is the last to go.
کاتێك کەسێك عومری خێری بۆ تۆ جێدەهێڵێت، هەستی بیستنی ئەخیر شتە کە نامێنێت.

1381. Every hour, at least 1 person is killed by a drunk driver in the U.S.
هەموو سەعاتێك لانیکەم یەك کەس لە ئەمەریکا بەهۆی شۆفێری سەرخۆشەوە، دەکوژرێت.

1382. Mount Everest has about 200 dead bodies on it, which are now landmarks on the way to the top.
شاخی ئیڤرست کە بەرزترین شاخە لەجیهاندا، تەرمی نزیکەی 200 کەسی لەسەرە. ئەم تەرمانەش وەك رێبەرێك بۆ چونە سەر لوتکەی ئەو شاخەیان لێهاتووە.

1383. Sharks kill 12 people per year while people kill 11,417 sharks per hour.
ساڵانە قرش تەنها 12 کەس دەکوژێت، بەڵام مرۆڤ هەموو سەعاتێك 11 هەزارو 417 قرش دەکوژێت. ئەمەش جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە.

1384. 80% of all Soviet males born in 1923 died in World War II.
لەسەدا 80ی هەموو پیاوە لەدایکبووەکانی ساڵی 1923ی سۆڤیەت، لەجەنگی جیهانی دووەمدا، تیاچوون.

1385. You are more likely to die slipping in the bathtub, getting struck by lightning, or drowning in the bathtub, than from Terrorism.
ئەگەری مردنت بە هەڵخزان لەناو حەوزی حەمام یان بەرکەوتنی هەورەبروسکە یان نوقومبون لەحەوزی حەمام، لەمردنت بەهۆی کاری تیرۆری، زیاترە.

1386. Every 90 seconds, one woman dies during pregnancy or childbirth.
هەموو 90 چرکەیەك ژنێك لەکاتی دوگیانی یان لەکاتی منداڵبون، گیان لەدەست دەدات.

1387. 35 million of your cells die every minute.

هەموو خولەكێك 35 ملیۆن خانەی جەستەت، دەمرن.

1388. 600 Americans die each year from falling out of bed.
هەموو ساڵێك 600 هاوڵاتی ئەمەریکی تەنها بەهۆی کەوتنەخوارەوە لەسەر جێگەی خەوتن، دەمرن.

1389. Obese drivers are 78% more likely to die in a car crash.
شۆفێری قەڵەو، ئەگەری مردنی بەهۆی روداوی هاتوچۆ، بەڕێژەی لەسەدا 78، زیاترە.

1390. You are more likely to die in the taxi cab on the way to and from the airport than on the flight itself.
ئەگەری مردنت لەکاتێکدا لەناو تاکسیدایت و دەڕۆیت بەرەو فڕۆکەخانە، لەئەگەری مردنت لەکاتی گەشتە ئاسمانییەکە، زیاترە.

1391. 20,000 children die worldwide every day due to poverty.
هەموو ڕۆژێك 20 هەزار منداڵ لەسەرتاسەری جیهاندا، تەنها بەهۆی هەژارییەوە دەمرن.

1392. We are born with over 270 bones, and die with 206.
کاتێك لەدایك دەبین، جەستەمان لە 270 ئێسك پێکدێت بەڵام کاتێك دەمرین، ژمارەی ئێسکەکانمان تەنها 206ە.

1393. As many as 440,000 people die from preventable medical errors every year.
هەموو ساڵێك 440 هەزار کەس بەهۆی جۆرە هەڵەگەلێکی پزیشکییەوە دەمرن کە دەکرێ بەریان پێبگرێت.

1394. In London, it is illegal to die in the Houses of Parliament.
لە لەندەن، مردن لەناو پەرلەماندا، قەدەغەو نایاساییە.

1395. In Greek mythology, it was believed that redheads turn into vampires when they die.
بەگوێرەی ئەفسانەی یۆنان، سەرسورەکان کاتێك دەمرن، شەوانە لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوەو دەبن بە خوێنمژو گاز لەخەڵك دەگرن.

1396. Nearly 6,000 people per year get hurt or die in the UK after tripping over their trousers or falling down stairs while pulling them up.
ساڵانە لەشانشینی یەکگرتوو، نزیکەی شەش هەزار کەس بەهۆی ئەوەی قاچیان بەر پانتۆڵەکانیان دەکەوێت یان لەکاتی هەڵکردنی پانتۆڵەکانیان لەسەر قادرمە، بریندارەبن یان گیان لەدەست دەدەن.

1397. The lack of physical activity is one of the leading causes of preventable death worldwide.
نەبون یان کەمیی چالاکی جەستەیی، لەسەرتاسەری جیهاندا، یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی مردن کە دەکرێ رێیان لێ بگیرێت.

1398. Estimates for the total number of people killed in wars throughout all of human history range from 150 million to 1 billion.

کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لەشەڕدا کوژراون، بە 150 ملیۆن بۆ یەك ملیار دەخەملێنرێن.

1399. In 2013, Google founded Calico, an anti-aging company designed to ultimately "cure" death.

لەساڵی 2013 کۆمپانیای گوگڵ، کالیکۆی دامەزراند کە بە فشەی خۆی کۆمپانیایەکی دژەپیربونەو بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ مردن، دروستکراوە. بێگومان ئەمە مەحاڵە چونکە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزو سروشتە.

1400. There is a gypsy tribe in India that celebrates death as one of the happiest events in their lives, while treating births with great grief.

لە هندستان هۆزێکی قەرەج هەیە کە مردنی کەسێکیان بە یەکێك لەخۆشحاڵترین بۆنەکان دادەنێن و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. هاوکات وەك خەفەتێکی گەورە مامەڵە لەگەڵ لەدایکبونیش دەکەن.

1401. If you die in Amsterdam without any friends or family left to attend your funeral, a poet will write a poem for you and recite it at your funeral.

خوا بەو رۆژێ نەکات و گوێی شەیتان کەڕ بێ و چاویشی کوێر بێ ئەگەر بێکەس و بێدەر لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا بمریت و کەست نەبێت لەپرسەکەتدا ئامادەبێت، شاعیرێك قەسیدەیەکت بۆ دەهۆنێتەوەو لەپرسەکەتدا دەیخوێنێتەوە.

1402. Tuberculosis killed 1.5 million people worldwide in 2014, making it a larger cause of death than AIDS.

1403. تەنها لەساڵی 2014، نەخۆشی سیل ملیۆنێك و 500 کەسی لەسەرتاسەری جیهاندا کوشتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو نەخۆشییە لە ئایدز زیاتر خەڵکی کوشتووە.

1404. Malaria is thought to be responsible for the death of about half of all people who ever lived.

زانایان لەو بڕوایەدان کە نزیکەی نیوەی کۆی هەموو ئەو کەسانەی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ژیاون، بەهۆی مەلاریاوە مردون.

1405. Most dinosaurs are known from just a single tooth or bone.

زۆربەی دەیناسورەکان لەڕێگەی تەنها ددانێك یان ئێسکێکەوە ناسراونەتەوە.

1406. One of the smallest dinosaurs discovered had the size of a chicken and ate insects.

یەکێك لەبچوکترین دەیناسورەکان کە دۆزراونەتەوە، قەبارەکەی بەقەدەر مریشکێك بووەو مێرووخۆر بووە.

1407. The world's oldest known "toilet" was used by dinosaurs 240 million years ago.
کۆنترین تەوالێتی ناسراو، 240 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، لەلایەن دەیناسورەکانەوە بەکارهێنراوە.

1408. The dinosaur noises in the "Jurassic Park" movie were made from recordings of tortoise sex.
دەنگی دەیناسورەکانی فیلمی Jurassic Park لەدەنگی تۆمارکراوی سێکسکردنی کیسەڵ، دروستکراوە.

1409. The smallest known dinosaur was about four inches (10cm) tall and weighed less than a Chihuahua.
درێژی بچوکترین دەیناسوری ناسراو، نزیکەی 10 سانتیمەتر بووەو کێشەکەی لەهی شیواوا کەمتر بووە کە جۆرە سەگێکی زۆر بچوکە.

1410. If Earth's history were condensed into 24 hours, life would've appeared at 4am, land plants at 10:24pm, dinosaur extinction at 11:41pm and human history would've begun at 11:58:43pm.
ئەگەر مێژووی زەوی بۆ 24 سەعات چڕبکرێتەوە، ژیان لەسەعات چواری بەرەبەیان دەستپێدەکات و رووەکی وشکانی لەسەعات 10:24ی شەو دەردەکەوێت و دەیناسور لە 11:41ی شەو قڕدەکات و مێژووی مرۆڤایەتی لەسەعات 11و 58 خولەك و 43 چرکەی شەو دەستپێدەکات.

1411. The word "Dinosaur" comes from the ancient Greek and means "terrible lizard".
وشەی Dinosaur لەوشەیەکی کۆنی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بەمانای قۆڕیی ترسناك دێت.

1412. There's a limestone cliff with over 5,000 dinosaur footprints in Bolivia, with many dating back 68 million years.
لە بۆلیڤیا کە وڵاتێکی کیشوەری ئەمەریکایە، کەندەڵانێکی کلسی هەیە کە پێنج هەزار جێپێی دەیناسوری تێدایە. مێژووی زۆربەی ئەم جێپیانە بۆ 68 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

1413. In 2015, a 4-year-old searching for fossils found 100 Million-Year-Old Dinosaur Bones.
لەساڵی 2015، هەڵمەتێکی گەڕانی چوار ساڵە بۆ پاشماوەی بەردینی گیانداران، دۆزینەوەی چەند ئێسکێکی تەمەن 100 ملیۆن ساڵی دەیناسوری، لێکەوتەوە.

1414. There are 100 divorces every hour in the U.S.
هەموو سەعاتێك لەئەمەریکا، 100 تەڵاق رودەدات.

1415. A third of all divorce filings of 2011 in the U.S. contained the word "Facebook."

سێیەکی هەموو دۆسیەکانی تەڵاق لەساڵی 2011 لە ئەمەریکا، وشەی فەیسبوکیان تێدا بووە.

1416. The world's most expensive divorce was estimated at US$2.5 billion.
گرانترین تەڵاق لەجیهاندا، پارەکەی بە دوو ملیارو پێنج سەد ملیار دۆلار خەملێنراوە.

1417. No U.S. president has been elected after being divorced except for Ronald Reagan.
تائێستا واتە تا ساڵی 2016، 46 سەرۆکی جیا، حوکمی ئەمەریکایان کردووە. لەو 46ە، تەنها سەرۆکی ئەمەریکا کە پێش هەڵبژاردنی وەك سەرۆك، ژنی تەڵاقداوە، رۆناڵد ریگانە.

1418. The average divorce takes almost 18 months to get over the split.
کەیسێکی ئاسایی تەڵاق لەوادەی دەستپێکردنەوە تا جیابونەوە، 18 مانگ دەخایەنێت.

1419. Couples who live together before engagement have a higher divorce rates than those who wait.
رێژەی تەڵاق لەناو ئەو ژن و مێردانەی پێش قۆناغی دەزگیراندارى پێکەوە دەژین، لەوانە بەرزترە کە چاوەڕێ دەکەن تا کاتی دەزگیراندارى.

1420. First marriages that end in a divorce usually last approximately 8 years.
یەکەم هاوسەرگیری کە بە تەڵاق کۆتایی دێت، بەگشتی نزیکەی هەشت ساڵ دەخایەنێت.

1421. Einstein's Nobel Prize money went to his ex-wife as a divorce settlement.
بینا لەسەر رێکەوتننامەی پەیوەند بە جیابونەوەی ئەلبێرت ئاینیشتاین و ژنەکەی، پارەی ئەو خەڵاتی نۆبڵەی ئەو زانا بەناوبانگە بردییەوە، بەر ژنە تەڵاقدراوەکەی کەوت.

1422. Divorce is illegal in the Philippines.
لە فلیپین کە وڵاتێکی ئاسیای دورە، تەڵاق کارێکی نایاساییە.

1423. 75% of people who marry partners from an affair eventually divorce.
لەسەدا 75ی ئەو ژن و مێردانەی پاش پەیوەندی حوبحوبێنە، دەیزەوجێنن واتە بەڕەسمی دەچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە، هاوسەرگیرییەکەیان بە تەڵاق کۆتایی دێت.

1424. Phil Collins divorced his second wife by fax.
فیڵ کۆڵینس گۆرانیبێژو ئەکتەرو میوزیسیانێکی بەریتانییەو مۆدێل 1951ە. ئەم برادەرە ژنی دووەمی لەڕێگەی فاکسەوە تەڵاقداوە.

1425. In 2007, A Bosnian couple divorced after discovering both had an online affair with each other under fake names.

لەساڵی 2007 ژن و مێردێکی خەڵکی بۆسنە، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت بەناوی ساختەوە لەسەر عەنتەرنێت، عیلاقەیان لەگەڵ یەکدا دروستکردووە، لەیەك جیابونەوە.

1426. Whatsapp is cited in nearly half of all Italian divorce proceedings.
لەنزیکەی نیوەی هەموو دۆسیەکانی تەڵاق لە ئیتاڵیا کە وڵاتێکی ئەورووپییە، بەرنامەی واتسئەپ وەك بەڵگە بەکارهاتووە.

1427. Couples who spend more money on their wedding have a higher divorce rates, a study found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك رێژەی تەڵاق لەناو ئەو ژن و مێردانەی پارەی زۆرتر لەئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیاندا خەرج دەکەن، زیاترە.

1428. Arguing about money is the top predictor of divorce, a study found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، چەلەحانێکردنی ژن و مێرد لەسەر پارە، بەڵگەی ئەوەیە کە پەیوەندی نێوانیان تەقەی تێکەوتووە چونکە ئەو جۆرە چەلەحانێیە، دیارترین نیشانەی سەرەتایی تەڵاقە.

1429. Mail-order marriages are less likely to end in divorce than marriages overall in the U.S., a study found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەگەری کۆتاییهاتنی ئەو هاوسەرگیرییانەی لە ئەمەریکا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجامدەدرێن، بە تەڵاق، لەجۆرەکانی تری هاوسەرگیری، کەمترە.

1430. Only about 1 in 100 marriages in India end in divorce, one of the lowest rates in the world.
تەنها یەك لەسەدی هاوسەرگیرییەکانی هندستان، بە جیابونەوە کۆتایی دێت. بەهۆی ئەوەشەوە هندستان یەکێکە لەو وڵاتانەی کەمترین رێژەی تەڵاقی تێدا رودەدات.

1431. Statistics show that more than 60% of US households have a pet dog.
ئامارەکان دەریانخستووە کە زیاتر لەسەدا 60ی خێزانەکانی ئەمەریکا، سەگی ماڵییان هەیە.

1432. Dogs only sweat through the pads of their feet. This makes it difficult to tell when a dog is very hot, but they will also pant and lie down when they are too hot or exhausted. Panting actually helps them to cool down.
سەگ، تەنها ژێرپێی عارەق دەکاتەوە. بەهۆی ئەمەشەوە درککردن بەوەی کە سەگ زۆری گەرمایە کارێکی قورسە. بەڵام لەکاتێکدا زۆر گەرمای بێت یان ماندوو بێت، دەکەوێتە هەناسەبڕکێ کردن و رادەکشێت. هەناسەبڕکێکردن یارمەتی سەگ دەدات فێنك بێتەوە.

1433. The Great Dane is the tallest dog in the world, while the St. Bernard is the heaviest, weighing up to 120kg when fully-grown.

سەگی زەبەلاحی دانیمارکی درێژترین جۆری سەگە لەجیهاندا. گەورەترین و قورسترین سەگیش جۆری ساینت بێرنارد بێرنارده کە کێشەکەی لەکاتی گەورەبونی تەواوەتیدا دەگاتە 120 کیلۆگرام.

1434. Due to their great size and strength, St. Bernards have been used for years as mountain rescue dogs. The most successful was Barry, who saved 40 lives during his time in service.

بەهۆی گەورەیی قەبارەیانەوە، سەگی جۆری ساینت بێرنارد بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەك رزگارکەری مرۆڤ لەشاخ، بەکارهێنراوە. سەرکەوتوترین سەگی لەم جۆرە، ناوی باری بووە کە لەکاتی خزمەتکردنیدا 40 کەسی لەمردن رزگاکردووە.

1435. German Shepherds are the dogs which are often seen working with the police force. This is due to their high intelligence levels, desire to explore their surroundings, courage, agility and loyalty.

جۆرە سەگێك هەیە پێی دەوترێت سەگی شوانی ئەڵمانی. ئەم جۆرە، زۆرجار دەبینرێت کە لەگەڵ پۆلیسدا کاردەکات. هۆکاری ئەمەش بۆ بەرزی ئاستی زیرەکی و حەزی بۆ دۆزینەوەی دەوروبەرو گورجوگۆڵی و دڵسۆزییەکەی دەگەڕێتەوە.

1436. The Chihuahua is the smallest breed of dog in the world. Its name is taken from the state of Chihuahua in Mexico, since this was the border which was crossed when they first came into the United States.

شیواوا کە بچوکترین جۆری سەگە لەجیهاندا، ناوەکەی لەویلایەتی شیواوای مەکسیکەوە هاتووە. چونکە بۆ یەکەمین جار ئەم جۆرە سەگە لەسنورەکانی ئەم ویلایەتەوە تەشریفیان بردووەتە ئەمەریکا.

1437. When the Titanic sank in 1912, there were three dogs which survived.

کاتێك کەشتی تایتانیك بەهۆکاری پەیوەندیدار بە حوبحوبێنەوە لەساڵی 1912 نوقمبوو، توانرا تەنها سێ سەگی ناو کەشتییەکە، رزگاربکرێن.

1438. Dogs which live in the city will usually live longer than those who spend their lives in the countryside. On average, country dogs will die three years sooner than those within the cities.

بەگشتی ئەو سەگانەی لەشارەکاندا دەژین، لەوانە زیاتر دەژین کە لەدەشت و دەردا دەژین. بە گشتی سەگی دەشت و دەر سێ ساڵ لەهی ناو شار، زووتر دەمرن.

1439. In a survey, 33% of dog owners admitted to chatting over the telephone to their dogs, while some even stated that they left voicemail messaged for their pets while they were away.

بەگوێرەی راپرسییەك، لەسەدا 33ی ئەوانەی سەگیان هەیە دانیان بەوەدا ناوە کە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەیان بۆ سەگەکیانیان کردووە. تەنانەت هەندێکیان وتویانە کاتێك دوربون لەسەگەکانیان، دەنگەنامەیان بۆ ناردون.

1440. In the 17th century, heavy rain in Germany would cause stray cats and dogs to be washed up in the streets or drowned. Thus, the term ‘it’s raining cats and dogs’ was formed.

ئینگلیز ئیدیۆمێکی هەیە دەڵێت: Its raining cats and dogs. مانای حەرفی ئەم رستەیە دەڵێت: سەگ و پشیلە دەبارێت بەڵام مەخسەوی شەریفیان ئەوەیە کە باران بەڵێزمە دەبارێت. ئەم ئیدیۆمە لەسەدەی 17هەمەوە پەیدابووە. لەوکاتەدا بارانێکی بەڵێزمە لە ئەڵمانیا باریوە کە بووەتەهۆی ئەوەی سەگ و پشیلە بێماڵ و پەرتەوازەکان نوقمی ئاو بون.

1441. In the Bible, dogs are mentioned a total of 37 times.

لە ئینجیل کە کتێبی پیرۆزی حەزرەتی مەسیحە سەلامی خوای لێ بێت، 37 جار باسی سەگ کراوە.

1442. Around 70% of dog owners see their pets as a part of the family. Birthday and Christmas cards to friends and loved ones will normally include the dog’s name along with the names of the family members.

نزیکەی لەسەدا 70ی ئەو کەسانەی سەگیان هەیە، سەگەکانیان وەك بەشێك لەخێزانەکانیان دادەنێن. ئەو کارتی عید میلادو کریسمسەی بۆ هاوڕێ و خۆشەویستانیان دەنێرن، وێڕای ناوی ئەندامانی خێزانەکان، ناوی سەگەکانیش لەخۆدەگرێت.

1443. The world’s oldest dog lived to the grand old age of 29 years and 5 months.

بەتەمەنترین سەگ لەجیهاندا، 29 ساڵ و پێنج مانگ ژیاوە.

1444. A dog was the first living creature to be sent into space. An earth satellite sent Laika to visit space in 1957.

یەکەم زیندەوەر کە نێردراوە بۆ بۆشایی ئاسمان، سەگ بووەو ناوی لایکا بووە. لەساڵی 1957 نێردراوە .

1445. George Washington was one of many historical figures to own pet dogs. In total, he had 36 of them, and they were all foxhounds.

جۆرج واشنتۆن، یەکێك بووە لەو کەسایەتییانەی مێژوو کە سەگی ماڵی هەبووە. کۆی ئەو سەگانەی ئەم پیاوە هەیبووە، 36 دانە بون. هەموشیان سەگی راو بوون.

1446. The average dog speed is 19 mph.

خێرایی سەگێکی ئاسایی، 19 میلە لەسەعاتێکدا.

1447. When puppies are first born, they will sleep for around 90% of the time. However, after a few weeks, this will gradually decrease, and fully-grown dogs only need 10 hours of sleep per day.

کاتێك توتکەسەگێك لەدایك دەبێت، لەسەدا 90ی کاتەکانی بە خەوتن بەسەردەبات. بەڵام پاش چەند هەفتەیەکی کەم، ئەم خەوە کەمدەبێتەوەو سەگێکی تەواو پێگەیشتوو، رۆژانە پێویستی بە تەنها 10 سەعات خەو، هەیە.

1448. The largest earthquake ever recorded was a magnitude 9.5 in Chile back in 1960.
گەورەترین زەمینلەرزە کە بەدرێژایی مێژوو تۆمارکرابێت، پلەکەی 9.5 بووەو لەساڵی 1960، چیلی هەژاندووە.

1449. The 2011 earthquake near Japan increased the Earth's rotation speed, shortening the day by 1.8 microseconds.
زەمینلەرزەکەی 2011ی نزیك ژاپۆن، بووەهۆی زیادبونی خێرایی سوڕانەوەی زەوی و بەهۆیەوە ئەو رۆژەی بۆ ماوەی 1.8 مایکرۆچرکە، کورتکردەوە.

1450. Japan suffers 1,500 earthquakes every year.
هەموو ساڵێك 1500 زەمینلەرزە، ژاپۆن دەهەژێنێت. ژاپۆن وڵاتێکی کێشوەری ئاسیایە.

1451. Earthquakes turn water into gold.
زەمینلەرزە ئاو دەکات بە ئاڵتون.

1452. After an 8.0 magnitude earthquake hit Mexico City in 1985, nearly all newborn babies survived a collapsed hospital for 7 days without nourishment, water, warmth or human contact.
لەساڵی 1985، زەمینلەرزەیەکی هەشت پلەیی شاری مەکسیکۆ سیتیی پایتەختی مەکسیکی هەژاند. بەڵام سەرباری ئەوەش نزیکەی هەموو منداڵانی ناو نەخۆشخانەیەکی داڕماو لەئەنجامی ئەو زەمینلەرزەیە، بۆ ماوەی حەوت رۆژ بەبێ هیچ خۆراك و ئاوو گەرمی و پەیوەندییەکی مرۆیی، ژیان و لەمردن رزگاریان بوو.

1453. An earthquake on 16-12-1811 caused parts of the Mississippi River to flow backwards.
لە 16-12-1811 زەمینلەرزەیەك رویدا، لەئەنجامدا ئاڕاستەی رۆیشتنی بەشێکی روباری میسیسیپی، پێچەوانە بووەوە.

1454. There are about 500,000 detectable earthquakes in the world each year. 100,000 of those can be felt, and 100 of them cause damage.
هەموو ساڵێك نزیکەی نیو ملوێن زەمینلەرزە رودەدەن کە لەلایەن ئامێرە پەیوەندیدارەکانەوە کەشفدەکرێن. لەو ژمارەیە 100 هەزاریان هەستی پێدەکرێت و 100یان زیانی لێدەکەوێتەوە.

1455. Southern California has about 10,000 earthquakes each year, though most are so small that they are never felt.
تەنها لە کالیفۆرنیای باشور، ساڵانە نزیکەی 100 هەزار زەمینلەرزە رودەدەن. بەڵام زۆربەی ئەم زەمینلەرزانە هێندە بچوکن کە بەهیچ شێوەیەك هەستیان پێناکرێت.

1456. The world's deadliest recorded earthquake occurred in 1556 in China, killing an estimated 830,000 people.
کوشندەترین زەمینلەرزەی تۆمارکراو لەمێژوودا، لەساڵی 1556 لە چین رویداوە. ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ئەم زەمینلەرزەیەوە گیانیان لەدەستدا، بە 830 هەزار کەس دەخەمڵێنرێن.

1457. One third of an hour is called a mileway. Because it’s supposedly the time it takes to walk one mile.

سێیەکی سەعاتێك لەئینگلیزیدا پێی دەوترێت mileway کە مانا حەرفییەکەی "یەك میل ڕێ"یە. بۆیە ئەم وشەیان بۆ داناوە چونکە پێیان وابووە ڕۆیشتن بۆ ماوەی میلێك، سێیەکی سەعاتێکی پێدەچێت.

1458. In English, the word happy is used three times more often than sad.

لەزمانی ئینگلیزدا وشەی happy (بەختیار) سێ ئەوەندە لەوشەی sad (خەفەتبار)، زیاتر بەکاردەهێنرێت.

1459. The word girl wasn’t originally gender-specific, and was used of both girls and boys.

وشەی girl بەمانای کچ دێت. بەڵام لەبنەڕەتدا ئەم وشەیە تەنها بەمانای کچ نەهاتووە بەڵکو بەمانای کوڕو کچیش بەکارهاتووە.

1460. The longest word in the English language has 189,819 letters. It’s the full chemical name of titin, a protein that controls the movement of muscles.

درێژترین وشە لەئینگلیزیدا، لە 189 هەزارو 819 پیت پێکهاتووە. ئەم وشەیە ناوی تەواوەتی کیمیایی تیتینە. تیتین پرۆتینێکە جوڵەی ماسولکەکان کۆنترۆڵ دەکات.

1461. Time is the commonest noun in the English language. Followed by person in 2nd, day in 3rd, way in 4th, and year in 5th. Man and woman come in at 7th and 14th place.

وشەی Time باوترین ناوە لەئینگلیزیدا، واتە زۆرترین جار بەکاردەهێنرێت. بەدوای ئەمدا، یەك لەدوای یەك، وشەکانی person و day و way و year دێن. هەردوو وشەی man و womanیش، پلەی حەوتەم و 14هەمیان لەڕیزبەندی باوترین وشەکانی ئینگلیزیدا گرتووە.

1462. No one knows for sure what the name London means.

هیچ کەسێك بەدڵنیاییەوە مانای وشەی London کە پایتەختی بەریتانیایە، نازانێت.

1463. The Hawaiian alphabet only has eight consonants.

پیتەکانی ئەبجەدی هاوایی، لەتەنها هەشت پیتی نەبزوێن پێك دێت.

1464. The only word beginning with X that Shakespeare used was Xanthippe. It’s the name of Socrates’ wife, which Shakespeare used as a byword for a nagging, bad tempered woman.

ولیەم شکسپیر تەنها یەك وشەی بەکارهێناوە کە بە حەرفی x دەستپێکردبێت. ئەویش وشەی Xanthippeە. ئەم وشەیە ناوی هاوسەرەکەی سوقرات بووە. شکسپیر ئەم ناوەی وەك نمونەی ژنێکی بۆڵەبۆڵکەرو مەزاجخراپ بەکارهێناوە.

1465. Four has four letters. It’s the only self-counting number in the English language.
وشەی four کە بەمانای چوار دێت لەتەنها چوار پیت پێکهاتووە. لەناو ژمارەکاندا بە زمانی ئینگلیزی، تەنها ئەمەیان ژمارەی پیتەکان و ماناکەی، یەکسانن.

1466. The day after tomorrow is called the overmorrow.
لەزمانی ئینگلیزیدا بە سبەینێ دەڵێن tomorrow. بە دوو سبەی دەڵێن overmorrow.

1467. If you speak English just over 11% of everything you will ever write or say will be just the letter E.
1468. 129. ئەگەر ئینگلیزیزان بیت، ئەوا زیاتر لەسەدا 11ی هەموو ئەوانەی دەینوسیت و دەیڵێیت، لەحەرفی E پێکدێت.

1469. Roughly 6% of everything you will ever read or write will be just the word THE.
لەزمانی ئینگلیزیدا، نزیکەی لەسەدا شەشی هەموو ئەو وشانەی دەیانخوێنیتەوە یان دەیان نوسیت، تەنها یەك وشەن کە ئەویش یەTHE.

1470. 1 billion people speak English. That's 1 in every 7 on earth.
لەسەرتاسەری جیهاندا، یەك ملیار کەس بە ئینگلیزی قسەدەکەن. واتە یەك کەس لەهەموو حەوت کەسێکی کۆی دانیشتوانی سەرزەوی.

1471. 80% of information stored on all computers in the world is in English.
لەسەدا 80ی ئەو زانیارییانەی لەهەموو کۆمپیوتەرەکانی جیهاندا، خەزنکراون بە زمانی ئینگلیزین.

1472. English words "I", "we", "two" and "three" are among the most ancient, from thousands of years.
وشەکانی I و we و two و three لەدێرینترین وشەکانی ئینگلیزین و مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر، دەگەڕێتەوە.

1473. The longest common English word without vowels is "rhythms".
درێژترین وشەی باوی ئینگلیزی کە پیتی بزوێنی تێدا نەبێت rhythmsە.

1474. A new word in English is created every 98 minutes.
هەموو 98 دەقەیەك، وشەیەکی نوێ لەئینگلیزیدا دروستدەکرێت.

1475. The word "bride" comes from an old proto-germanic word meaning "to cook".
وشەی bride کە بەمانای بوك دێت، لەبنەڕەتدا وشەیەکی پرۆتۆئەڵمانییە کە بەمانای "چێشت لێدەنێت" دێت.

1476. The word "queue" is pronounced the same way when the last 4 letters are removed.

وشەی queue کە بەمانای ریز دێت، وەك دەنگی پیتی q (کیو) دەخوێنرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر چوار پیتی کۆتاییشی لێبکەیتەوە، هەر بە هەمان شێوە دەخوێنرێتەوە.

1477. 90% of everything written in English uses just 1,000 words.
لەسەدا 90ی هەموو هەموو نوسراوەکانی ئینگلیزی، لەتەنها هەزار وشە پێکدێن.

1478. There are more English words beginning with the letter "s" than with any other letter.
ژمارەی ئەو وشە ئینگلیزییانەی بە پیتی s دەستپێدەکەن، لەژمارەی ئەو وشانە زیاترە، کە بە هەر حەرفێکی تر، دەستپێدەکەن.

1479. Screeched is the longest English word with one syllable.
Screeched کە بەمانای قیژاندی دێت، درێژترین وشەی ئینگلیزیی یەکبڕگەییە.

1480. There are 24 different dialects of English in the US.
تەنها لە ئەمەریکا، 24 دیالێکتی جیاوازی ئینگلیزی هەیە. بۆیە ئەگەر جارجارە لەکاتی سەیرکردنی فیلمێکی ئەمەریکیدا، مێشکت تەقەی هات و هیچ وشەیەکی ئەوتۆی لێ تێنەگەیشتیت، دڵ لەدڵ مەیە، ئاساییە.

1481. Until the 19th century, the English word for actors was "hypocrites."
تا سەدەی 19هەمی زاینی، ئینگلیز وشەی hypocrites (مونافیق بەڵام بە کۆ)یان وەك مانای ئەکتەر actors بەکارهێناوە. Actor بەمانای ئەکتەر دێت. واتە بە ئەکتەریان وتووە دوڕوو نەك ئەکتەر!

1482. The shortest complete sentence in the English language is "Go".
کورتترین رستە لەزمانی ئینگلیزیدا Goە کە بەمانای "بڕۆ" دێت.

1483. "LOL" was formally recognized in 2011's update of the Oxford English Dictionary.
وشەی LOL کە بۆ گوزارشتکردن لەقاقای پێکەنین بەکاردەهێنرێت، لەڤێرژنی 2011ی فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا، دانی پێدا نراوە.

1484. "IRONIC" is the most commonly misused word in English says Dictionary.com.
بەگوێرەی ماڵپەڕی dictionary.com، وشەی ironic کە بەمانای گاڵتەئامێز دێت، باوترین وشەیە لەناو ئەو وشانەی خراپ کەڵکیان لێوەرگیراوە.

1485. Today's British accent first appeared among London's upper class around the time of the American Revolution. Before that, the British accent was similar to that of Americans.

شێوەوتنی ئینگلیزیی ئەمڕۆی لەندەن بۆ یەکەمین جار لەناو چینی باڵای خەڵکی لەندەن، لەسەردەمی شۆڕشی ئەمەریکیدا بەکارهێنراوە. پێش ئەو کاتە شێوەوتنی ئینگلیزیی بریتانی هاوشێوەی ئەمەریکی بووە.

1486. Harry Potter books were translated from British to American English.
کتێبەکانی هاری پۆتەر لە ئینگلیزی بریتانییەوە بۆ ئەمەریکی، تەرجەمەکراون.

1487. The verb "unfriend" dates back to 1659. It existed even earlier as a noun, as far back as 1275.
وشەی unfriend وەك فەرمان، مێژووەکەی بۆ ساڵی 1659 دەگەڕێتەوە. بەڵام وەك ناو، مێژووەکەی زۆر لەوە کۆنترەو بۆ ساڵی 1275 دەگەڕێتەوە.

1488. Germans are the second biggest beer consumers in the world after the Czechs!
ئەڵمانەکان دووەم گەورەترین بەکاربەری بیرەن لەجیهانداو راستەوخۆ دوای چیکییەکان دێن.

1489. At the moment, Germany is Europe’s strongest economy.
لەئێستادا ئەڵمانیا خاوەنی بەهێزترین ئابوورییە لەهەموو ئەوروپادا.

1490. There are 1,300 breweries in Germany with over 5,000 different variations of beer.
لە ئەڵمانیا 1300 کارگەی دروستکردنی بیرە هەن کە زیاتر لە پێنج هەزار جۆری جیاواز لەو خواردنەوەیە دروستدەکەن.

1491. During WWI, Germany was the first country to start using Daylight Savings.
لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەڵمانیا یەکەم وڵات بووە کە بەکارهێنانی کاتی هاوینەی، دەستپێکردووە.

1492. There are over 300 different kinds of bread.
لە ئەڵمانیا، زیاتر لە 300 جۆر نان، هەیە.

1493. 65% of the Autobahn doesn’t have a speed limit.
لەسەدا 65ی ڕێگا خێراکانی ئەڵمانیا، خێرایی لێخوڕین تیایاندا کراوەو بێسنورە.

1494. The first book to ever be printed was the Bible by Johannes Gutenberg in the 1450s and you can see it in Mainz, Germany.
یەکەم کتێب کە لەمێژوودا چاپکراوە، ئینجیلەو لەلایەن جۆهانس گۆتەنبێرگەوە لەساڵی 1450کاندا چاپکراوەو ئێستاش لەشاری ماینـزی ئەڵمانیایەو هەموو کەس دەتوانێت، ببینێت.

1495. The longest word published in the German language is Donaudampfschifffahrtselektrizitätenhauptbetriebswerkbauunterbeamtengesellschaft (79 letters).
درێژترین وشەی ئەڵمانی کە بڵاوکرابێتەوە، لە 79 حەرف پێکهاتووە. بۆ بینینی وشەکە سەیری نوسخەی ئینگلیزی ئەم کورتیلەیە بکە.

1496. The last Olympic Games to be held in Germany were in Munich 1972 where the Israeli team was held hostage and then killed by terrorists.
ئەخیر جار کە ئەڵمانیا تێیدا میوانداری یارییە ئۆڵۆمپییەکانی کردووە، لەساڵی 1972 بووە کە لەشاری میونیخ ئەنجامدراوە. بەڵام بۆ ئیسرائیل نەگبەتی بوو. چونکە یاریزانانی تیمی ئەو وڵاتە جولەکەیە، بە بارمتە گیران و دواتریش لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە، کوژران.

1497. In case you didn't know, the Berlin Wall fell in 1989.
ئەگەر دەیزانی دڵنیابە، ئەگەر ناشیزانی ئەوا بزانە کە دیواری بەرلین لەساڵی 1989دا روخێنراوە.

1498. Germans are the third most efficient country in the world to recycle after Switzerland and Austria.
ئەڵمانیا سێیەم چالاکترین وڵاتە لەجیهاندا لەڕوی ریسایکلین واتە دوبارە سودوەرگرتن لەپاشەڕۆکانیان و دوای سویسراو نەمسا دێت.

1499. Germany has had multiple capitals: Nuremberg 1536-1543, Berlin from 1871-1945 and again from 1990 to present and Bonn from 1949-1990.
بەدرێژایی مێژوو، ئەڵمانیا چەندین جار پایتەختەکەی گۆڕیوە. لەوانە: نۆرمبێرگ (1536-1543)، بەرلین (1871-1945) و جارێکی تریش لە 1990 تائێستا، بۆن (1949-1990).

1500. Holocaust denial is a crime in Germany.
ئینکاریکردنی کۆمەڵکوژییەکانی هۆڵۆکۆست، لەم ئەڵمانیا وەك تاوان سەیردەکرێت.

1501. The tradition of the Christmas tree came from Germany.
نەریتی درەختی کریسمس، لەئەڵمانیاوە سەری هەڵداوە.

1502. After Japan, Germany is the second largest exporter of cars in the world.
ئەڵمانیا دووەم گەورەترین هەناردەکاری سەیارە لەجیهانداو دوای ژاپۆن دێت.

1503. German is spoken by over 100 million people worldwide.
زیاتر لە 100 ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بە زمانی ئەڵمانی قسەدەکەن.

1504. Germany has more zoos than any other country in the world at 400.

ئەڵمانیا بەبەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان، زۆرترین باخچەی ئاژەڵانی لێیەو ژمارەکەی 400 دانەیە.

1505. Germany borders 9 countries: Austria, Belgium, Czech Republic France, Switzerland, Denmark, Luxemburg, Holland and Poland.

ئەم وڵاتە سنوری لەگەڵ نۆ وڵاتدا هەیە: نەمسا، بەلجیکا، چیك، فەرەنسا، سویسرا، دانیمارك، لۆکسەمبۆرگ، هۆڵەندا، پۆڵەندا.

1506. The cuckoo clock was invented in the 17th century.

سەعاتی واقواق لەسەدەی حەڤدەهەمدا داهێنراوە.

1507. The founders of Adidias and Puma are brothers.

دامەزرێنەرانی هەردوو کۆمپانیای ئەدیداس و پوما کە دوو کۆمپانیای ئەڵمانین، بران.

1508. The most successful football team is Bayern Munich.

سەرکەوتوترین یانەی فوتبۆڵی ئەڵمانیا، بایەرن میونیخە.

1509. Germany has more soccer clubs than anywhere else in the world.

بە بەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان، ئەم وڵاتە زۆرترین یانەی تۆپی پێی هەیە.

1510. Germany is the fifth largest country in Europe after Ukraine, France, Sweden and Spain.

ئەڵمانیا پێنجەم گەورەترین وڵاتی کیشوەری ئەورووپایەو دوای ئۆکرانیا، فەرەنسا، سویدو ئیسپانیا دێت.

1511. There are more than 150 castles in Germany.

ئەم وڵاتە زیاتر لە 150 قەڵای تێدایە.

1512. Most taxis and buses are Mercedes.

زۆربەی تاکسی و پاسەکانی ئەڵمانیا، جۆری مارسیدزن.

1513. Europe’s largest train station is in Berlin.

گەورەترین وێستگەی شەمەندۆفێر لەئەوروپا، لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیادایە.

1514. Aspirin was officially created in 1899 in Germany.

دەرمانی ئەسپرین لەساڵی 1899 بەڕەسمی لەئەڵمانیا دروستکراوە.

1515. X-rays were discovered in 1895 by Wilhelm Conrad Röntgen.

تیشکی ئێکس لەساڵی 1895 لەلایەن زانایەکی ئەڵمانی بەناوی وێلهێڵم کۆنراد رۆنتگینەوە دۆزراوەتەوە.

1516. More than a quarter of Americans claim German ancestry.
زیاتر لەچواریەکی ئەمەریکییەکان دەفەرمون، بە بنەڕەت ئەڵمانین واتە ئەژادوو ئاباوبان ئەڵمانییە.

1517. Germany has more than 2.5 million half-timbered houses.
ئەڵمانیا زیاتر لە دوو ملیۆن و 500 هەزار ماڵی نیمچەدارینی تێدایە.

1518. There are about 60 dialects of the German language.
زمانی ئەڵمانی نزیکەی 60 دیالێکتی هەیە.

1519. Berlin is nine times larger than Paris.
بەرلین نۆ جار لە پاریس گەورەترە.

1520. Germany is nicknamed the “Land of Poets & Thinkers”.
ئەڵمانیا نازناوی "خاکی شاعیران و بیریاران"ی لێنراوە.

1521. The world’s first airline was founded on in 1909, in Frankfurt.
یەکەم هێڵی ئاسمانی لەجیهاندا، لەساڵی 1909 واتە پێش چاپبونی تەنانەت باپیرەی زۆربەمان، لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا، دامەزراوە.

1522. Lufthansa is the largest airline in the world.
هێڵی ئاسمانی لوفتهانزا لە ئەڵمانیا، گەورەترین هێڵی ئاسمانییە لەجیهاندا.

1523. German is the official language in five countries: Germany, Austria, Switzerland, Luxembourg and Lichtenstein.
ئەڵمانی لەپێنج وڵاتدا زمانی ڕەسمییە: ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا، لۆکزەمبۆرگ، لیخنشتاین.

1524. Germany has the largest population in Europe with 81 million people.
لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەڵمانیا گەورەترین وڵاتی ئەورووپایە. ژمارەی دانیشتوانەکەی 81 ملیۆنە.

1525. In Germany, there is no punishment for someone who escapes from jail because it is considered a basic human instinct to be free.
لە ئەڵمانیا ئەگەر کەسێك لەزیندان هەڵبێت، سزا نادرێت چونکە ئەو ڕاکردنە بە غەریزەیەکی بنچینەیی مرۆڤ بۆ ئازادبون، دادەنرێت.

1526. It is illegal to run out of fuel in on the autobahn.
تەواوبونی سوتەمەنی لەسەر ڕێگای خێرا لە ئەڵمانیا، کارێکی نایاساییە.

1527. Hamburgers got its name from the city of Hamburg, Germany.

وشەی هەمبەرگر، ناوەکەی لەشاری هامبۆرگی ئەڵمانیاوە، وەرگیراوە.

1528. Germany abolished college tuition fees in 2014, even for international students.
ئەڵمانیا لەساڵی 2014وە، کرێی خوێندنی زانکۆی هەڵوەشاندووەتەوە. تەنانەت بۆ خوێندکارانی دەرەوەش.

1529. An average of 15 bombs, or 5,500 bombs per year are found in Germany left over from WWII.
ڕۆژانە بەگشتی 15 بۆمب یان ساڵانە 5500 بۆمبی پاشماوەی جەنگی جیهانی دووەم لە ئەڵمانیا، دەدۆزرێتەوە.

1530. Fanta originated in Germany during WWII since it was difficult to import Coca-Cola.
لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا فانتا لەم وڵاتە داهێنرا. هۆکاری ئەم داهێنانە ئەوە بوو کە لەو کاتەدا هاوردەکردنی کۆکاکۆلا، کارێکی زۆر قورس بوو.

1531. Dachau Concentration Camp opened in 1933, 7 years before WWII officially started.
کامپی زۆرەملێی داخاو، لەساڵی 1933 واتە حەوت ساڵ پێش ئەوەی جەنگی جیهانی دووەم بەڕەسمی دەستپێبکات، کراوەتەوە.

1532. Germans consumed more pork than any other meat.
ئەڵمانەکان گۆشتی بەراز لەهەموو جۆرە گۆشتێکی تر، زیاتر دەخۆن.

1533. The highest mountain in Germany is the Zugspitze at roughly 10,000 feet.
بەرزترین شاخ لە ئەڵمانیا، شاخی زوگشپیتزەیە. بەرزییەکەی نزیکەی 10 هەزار پێ دەبێت.

1534. Only 71 percent of German men stand to take a pee. They're known as Stehpinkler (standing pee-ers). The other 29 percent prefer to sit (the Sitzpinkler).
لەسەدا 71ی پیاوانی ئەڵمانیا بەپێوە میز دەکەن. ئەم جۆرە پیاوانە پێیان دەڵێن بەپێوەمیزکەر. لەسەدا 29کەی تر، میزکردن بەدانیشتنەوە، بە باشتر دەزانن.

1535. The word "Germany" dates back Julius Caesar.
مێژووی وشەی Germany کە بەمانای ئەڵمانیا دێت، بۆ سەردەمی یۆلیۆس قەیسەر دەگەڕێتەوە.

1536. Germany's most popular snack is the Doner Kebab. It was brought over by Turkish immigrants and was created in Berlin.
باوترین سوکە ژەمەخواردن لەئەڵمانیا، کەبابی تورکییە کە لەلایەن کۆچبەرە تورکەکانەوە هێنراوەتە ئەم وڵاتەوە.

1537. The autobahn is a network of 8,026 miles making it the longest in the world and the densest.
ڕێگا خێراکانی ئەڵمانیا لەتۆڕێکی 8026 میلی پێکهاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە درێژترین ڕێگای خێرایە لەجیهاندا. هەروەها چڕترینیشە.

1538. Hitler did not come up with the idea of the autobahn, he just enthusiastically supported the idea.
خاوەنی بیرۆکەی ڕێگای خێرا، ئەدۆلف هیتلەر نەبوو بەڵام زۆر بەپەرۆشەوە پشتگیری بیرۆکەکەی، کرد.

1539. Germany is the 8th largest producer of wine.
ئەڵمانیا هەشتەم گەورەترین بەرهەمهێنەری شەرابە لەجیهاندا.

1540. Germany has one of the world’s lowest birth rates.
ئەڵمانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕێژەی لەدایکبون تیایاندا کەمترینە.

1541. During WWI, Hitler’s life was spared by a British solider…wonder what life would have been like if he had died on the battlefield.
لەمیانەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، سەربازێکی بریتانی هیتلەری لەمردن ڕزگارکرد. ئیشجوان!

1542. Hitler never visited a single concentration camp.
هیتلەر هەرگیز سەردانی هیچ یەکێك لەکامپە زۆرەملێکانی نەکردووە.

1543. 1.8 million gallons of beer is drunk at Oktoberfest.
لە ئەڵمانیا ئاهەنگێك هەیە بەناوی فێستیڤاڵی ئۆکتۆبەر کە هەموو ساڵێك لەشاری میونیخ سازدەکرێت و 16 ڕۆژ بەردەوام دەبێت. هەموو ساڵێك لەم ئاهەنگەدا ملیۆنێك و 800 هەزار گاڵۆن بیرە دەخورێتەوە.

1544. Munich is the most expensive city in Germany.
گرانترین شاری ئەڵمانیا، میونیخە.

1545. Oktoberfest has been canceled 24 times.
تائێستا 24 جار فێستیڤاڵی ئۆکتۆبەر، هەڵوەشێنراوەتەوە.

1546. People who regularly eat dinner or breakfast in restaurants double their risk of becoming obese.
ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی مونتەزەم نانی ئێوارە یان بەیانی لەڕێستۆرانتەکان دەخۆن، مەترسی قەڵەوبونیان دوو ئەوەندەیە.

1547. A lack of exercise is now causing as many deaths as smoking across the world, a study suggests.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك وەرزش نەکردن، بەقەدەر جگەرەکێشان مردنی لێدەکەوێتەوە لەسەرتاسەری جیهاندا.

1548. Laughing 100 times is equivalent to 15 minutes of exercise on a stationary bicycle.
سەد جار پێکەنین، هاوتای 15 خولەك وەرزشکردنە لەسەر پاسکیلێکی جێگیر.

1549. Sitting for more than three hours a day can cut two years off a person's life expectancy.
دەکرێ دانیشتنی رۆژانە بۆ ماوەی سێ سەعات، دوو سەعات لەسوڕی ژیانی مرۆڤ کەمبکات.

1550. Over 30% of cancer could be prevented by avoiding tobacco and alcohol, having a healthy diet and physical activity.
لەڕێگەی خۆگرتنەوە لەبەکاربردنی جگەرەو ئەلکهول و پارێزێکی تەندروست و چالاکی جەستەییەوە، دەکرێ بەڕێژەی لەسەدا 30 بەربە توشبون بە نەخۆشی شێرپەنجە بگیرێت.

1551. Every cigarette you smoke reduces your expected life span by 11 minutes.
هەموو جگەرەیەك کە فەخامەتی جەنابت دەیکێشیت، 11 خولەك لەسوڕی ژیانت کەمدەکات.

1552. Exercise, like walking, can reduce breast cancer risk by 25%.
دەکرێ وەرزشکردن، بۆ نمونە بەپێ ڕۆیشتن، مەترسی شێرپەنجەی مەمك بەڕێژەی لەسەدا 25 کەمبکات.

1553. Chicken contains 266% more fat than it did 40 years ago.
مریشکی ئەم سەردەمە بەڕێژەی لەسەدا 266، لەهی 40 ساڵ لەمەوبەر، چەوری زیاتر تێدایە.

1554. The U.S. spends more money per person on healthcare than any other developed country, yet its life expectancy is below average.
لەناو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، ئەمەریکا زۆرترین پارە لەکەرتی چاودێری تەندروستیدا خەرجدەکات. بەڵام سەرباری ئەوەش، سوڕی ژیانی خەڵکەکەی، لەخوار ئاساییەوەیە.

1555. A half hour of physical activity 6 days a week is linked to 40% lower risk of early death.
نیو سەعات چالاکی جەستەیی، شەش ڕۆژ لەهەفتەیەکدا، مردنی پێشوەختە بەڕێژەی لەسەدا 40 کەمدەکات.

1556. Bill Gates' Foundation spends more on global health each year than the World Health Organization of the United Nations.

دامەزراوەکەی بیل گەیتس، خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، لەڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر پارەی لەبواری تەندروستی جیهانیدا خەرجکردووە.

1557. Your body is the weakest during 3-4am. This is the time most people die in their sleep.
جەستەت لەسەعات سێ بۆ چواری بەرەبەیان، لاوازترینە. ئەمەش ئەو کاتی خەوتنەیە کە زۆربەی خەڵك تێیدا دەمرن.

1558. Hitler's First Love was a Jewish girl. Lacking courage, he never spoke to her.
یەکەم خۆشەویستی هیتلەر لەگەڵ کچێکی جولەکەدا بووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی جورئەتی نەبووە پێی بڵێت، هەرگیز پێی نەوتووە.

1559. Hitler suffered chronic flatulence and took 28 different drugs to fight it.
هیتلەر باوێژەی درێژخایەنی ناوسکی هەبووەو 28 دەرمانی جیاوازی بەکارهێناوە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی.

1560. Hitler led the first public anti-smoking campaign in modern history.
هیتلەر پێشەنگی یەکەم کەمپینی دژە جگەرەکێشان بووە لەمێژووی مۆدێرندا.

1561. Hitler Only Had One Testicle.
هیتلەر تەنها یەك هێلکەگونی هەبووە.

1562. Hitler bombed his nephew's house in Liverpool, so he joined the US NAVY to fight him.
بەهۆی ئەوەی بۆمبارانی ماڵەکەی کرد لەشاری لیڤەرپوڵی بریتانیا، برازاکەی هیتلەر بەمەبەستی جەنگان لەدژی، پەیوەندیکرد بە هێزە دەرياييەکانی ئەمەریکاوە.

1563. Hitler had a portrait of Henry Ford behind his desk regarding him as an "inspiration".
هیتلەر وێنەیەکی هێنری فۆردی لەپشت مێزەکەی دانابوو و وەك ئیلهامبەخشێك، سەیریدەکرد.

1564. Hitler was a Vegetarian and created laws against animal cruelty.
هیتلەر رووەکخۆر بووەو یاسای لەدژی توندوتیژبوون لەدژی گیانداران، دەکردووە.

1565. Hitler was saved from drowning by a priest when he was 4 years old.
کاتێك تەمەنی چوار ساڵ بووە، هیتلەر لەلایەن قەشەیەکەوە، لەنقومبوون رزگارکراوە.

1566. Hitler, while in prison, wrote to a Mercedes dealership begging for a car loan.
لەکاتێکدا لەزیندان بووە، هیتلەر نامەیەکی بۆ بریکارێکی کۆمپانیای مارسیدس نوسیوەو لێی پاڕاوەتەوە کە ئۆتۆمبێلێکی بە قەرز پێبدات.

1567. There was a Jewish-Austrian doctor who didn't charge Hitler's family due to their economic hardship. Hitler had him protected and called him "Noble Jew".
دکتۆرێکی جولەکەی نەمسایی هەبوو کە بەهۆی هەژارییەوە، پارەی لەخێزانی هیتلەر نەسەندووە. بەهۆی ئەمەوە دواتر هیتلەر پاراستی و پێشی دەوت جولەکە خانەدانەکە.

1568. Hitler was nominated for the Nobel Peace Prize in 1939.
لەساڵی 1939، هیتلەر بۆ بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی کاندیدکراوە.

1569. As a child, Hitler wanted to be a priest.
هیتلەر لەتەمەنی منداڵیدا، ویستویەتی ببێت بە قەشە.

1570. The American secret service tried to spike Hitler's food with female hormones to feminize him.
پۆلیسی نهێنیی ئەمەریکا هەوڵیداوە هۆرمۆنی مێیینە لەخواردەمەنی هیتلەردا بچێنێت، بۆ ئەوەی سروشتی وەك ژن لێبکەن.

1571. In 1938, Hitler was TIME Magazine's Man of the Year.
لەساڵی 1938، هیتلەر لەڕاپرسیی گۆڤاری تایمی ئەمەریکیدا بە کەسایەتی ساڵ هەڵبژێردراوە.

1572. Alexander the Great, Napoleon, Mussolini and Hitler, all suffered from Ailurophobia, the fear of cats.
هەریەکە لە ئەسکەندەری مەزن، ناپلیۆن، موسۆلۆنی، هیتلەر، نەخۆشی ترس لەپشیلەیان، هەبووە.

1573. Hitler planned to collect thousands of Jewish artifacts to build a "Museum of An Extinct Race" after the war.
هیتلەر پلانی دانا بوو کە هەزاران کەرەستەی جولەکەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم، مۆزەخانەیەك بەناوی "مۆزەخانەی ڕەگەزێکی قڕکراو"یان پێ دروستبکات.

1574. Both Adolf Hitler and Osama Bin Laden were announced dead on May
هەریەکە لە هیتلەرو ئوسامە بن لادن، کوشتنیان لە 1ی ئایار، ڕاگەیەنرا.

1575. In 1913, Hitler, Stalin, Trotsky, Tito and Freud all lived within a few miles of each other in Vienna, with some of them being regulars at the same coffee houses.
لەساڵی 1913، هەریەکە لە هیتلەر، ستالین، تڕۆتسکی، تیتۆو فرۆید لەشاری ڤیەننا، لەدوری چەند میلێك لەیەکترەوە ژیاون. تەنانەت هەندێکیان مشتەریی هەمیشەیی هەمان قاوەخانە بوون. واتە هاوقاوە بوون!

1576. Hitler never learned to drive. Yet, he spearheaded the development of the Volkswagen car.

هیتلەر هەرگیز فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل نەبووە. بەڵام سەرباری ئەوەش پێشەنگی دروستکردنی ئۆتۆمبێلی جۆری ڤۆلکسوەیگن بووە.

1577. During Hitler's years in power, his book "Mein Kampf" was given away for free to every newlywed couple.

لەسەردەمی دەسەڵاتی هیتلەردا، کتێبە بەناوبانگەکەی کە ناوی "خەباتی من"ە، بەبێ بەرامبەر دەدرا بەهەموو ئەو ژن و مێردانەی تازە چوبونە ژیانی هاوسەرگیرییەوە.

1578. Hitler believed he was attractive to women, so he remained single for political gain. The German people were unaware of Eva Braun until after the war.

پێیوابوو بەلای ژنانەوە سەرنجڕاکێشە. بەڵام لەپێناو دەسکەوتی سیاسیدا زۆربەی ژیانی بە قەیرەکۆڕی، بەسەربردووە. هاوکات خەڵکی ئەڵمانیا دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم و خۆکوشتنی هیتلەر، ئینجاکونێ زانییان لەگەڵ ئیڤا براوندا کەپڵاندویەتی و دواتریش زەوجاندویەتی!

1579. Before the Holocaust, Hitler gave the U.S., Great Britain, and many other nations a chance to take in Jewish refugees. They refused.

پێش ئەنجامدانی کوشتارگەکانی هۆڵۆکۆست لەدژی جولەکەکان، هیتلەر پێشنیازی وەك پەنابەر لەخۆگرتنی جولەکەکانی خستە بەردەم ئەمەریکاو بریتانیاو ژمارەیەکی زۆر وڵاتی تر بەڵام هەموو وڵاتەکان، رەتیانکردەوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، ئەو پیاوانەی خیانەتی هاوسەرگیری دەکەن، پلەی زیرەکییان، نزمترە.

1580. Men spend almost a year of their lives staring at women, a survey found.

بەگوێرەی روپێوییەك، دەرکەوتووە کە پیاوان نزیکەی ساڵێکی کۆی تەمەنیان لەسەیرکردنی ژناندا بەسەردەبەن. تۆ سەیری ئەو بێکاری و بەتاڵییە!

1581. Half of all women who die from homicide are killed by their current or former husbands or partners.

نیوەی هەموو ئەو ژنانەی بەهۆی تاوانی کوشتنەوە، گیان لەدەست دەدەن، بەدەستی مێرد یان هاوژینی ئێستا یان پێشویانەوە، دەکوژرێن.

1582. Men lie 6 times a day, twice as often as women.

پیاوان رۆژانە شەش جار درۆدەکەن. ئەمەش دوو ئەوەندەی ژمارەی درۆکانی ژنانە.

1583. 50% is the lifetime risk of developing Cancer for a man in the U.S.

50 لەسەدی ژیانی پیاوانی ئەمەریکا، مەترسی توشبونیان بە شێرپەنجە، تێدایە.

1584. If your laptop feels hot, don't put it on your lap if you're a man, it may cause infertility.
ئەگەر پیاویت، لەکاتێکدا لاپتۆپەکەت گەرمدەبێت، نەچی بچی لەباوەشتا داینێیت چونکێکوم ئەگەری ئەوەی هەیە نەزۆکت بکات.

1585. In his lifetime, a man spends almost six months shaving.
پیاوان نزیکەی شەش مانگی کۆی ژیانیان بە ریشتاشین بەسەردەبەن.

1586. Men with attractive wives report higher levels of satisfaction with their marriages, a study says.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو پیاوانەی هاوسەری ناسك و نازدارو سەرنجڕاکێشیان هەیە، ئاستی رازیبون لەهاوسەرگیرییەکەیان بەرزترە. جا یاخوا رازیش نەبن!

1587. The first time two men kissed on-screen was in 1927.
یەکەم جار کە تێیدا دوو پیاو لەسەر شاشە دەرکەوتون یەکتر ماچ دەکەن، لەساڵی 1927 بووە.

1588. Women blink 19 times per minute, compared to 11 for men.
ژنان 19 جار لەخولەکێکدا چاو دەتروکێنن. بەڵام پیاو تەنها 11 جار دەیتروکێنن لەهەمان ماوەدا.

1589. Smoking can lead to impotence in men.
دەکرێ جگەرە لاوازی سێکسی لەلای پیاوان، دروستبکات.

1590. Men were the first to wear high heels around the 1600s. Women began wearing them to look more masculine.
لەساڵەکانی 1600ەکاندا پیاوان بۆ یەکەمین جار پێڵاوی پاژنەبەرزیان لەپێکردووە. دوای ئەوە، ژنان بۆ ئەوەی پیاوانە دەرکەون، دەستیان کردووە بەم عادەتە.

1591. Average man is 4-5 inches taller than the average woman.
بەگشتی باڵای پیاوان چوار تا پێنج ئینچ لەهی ژنان بەرزترە.

1592. By 2020, China could have between 30 million and 40 million men who cannot find wives.
بە هاتنی ساڵی 2020، ژمارەی ئەو پیاوانەی چین، کە ژنیان دەست ناکەوێت بیست تا 30 ملیۆن دەبن.

1593. A man walks about 7% slower when with wives or girlfriends, and speeds up when with other men

کاتێك پیاو لەگەڵ هاوسەرەکەی یان گێڵفرێندەکەیدا بەڕێدا دەڕوات، بە نزیکەی لەسەدا حەوت خاوتر دەڕوات. بەڵام ئەگەر لەگەڵ پیاودا بڕوات گێچی رۆیشتنەکەی بەرزدەکاتەوە.

1594. Men can lactate too, but only under extreme circumstances.
دەکرێ مەمکی پیاویش شیر دەربدات بەڵام تەنها لەدۆخێکی زۆر تایبەتدا دەبێت و حاڵەتەکە ئاسایی نیە.

1595. Breast Cancer kills 450 men in the U.S. every year.
هەموو ساڵێك، شێرپەنجەی مەمك تەنها لە ئەمەریکا، 450 پیاو دەکوژێت.

1596. Men are more likely to say "I love you" first than women are, a study found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، یەکەم وتنی "خۆشم دەوێی" لەلایەن پیاوانەوە دەبێت نەك ژنان.

1597. For Valentine's Day, a poll found men spend an average of US$154 on fiancés while they spend US$136 on wives.
گشتپرسییەك دەریخستووە کە لەڕۆژی ڤالانتایندا، پیاوان بەگشتی 154 دۆلار لەدەزگیرانەکانیاندا خەرجدەکەن بەڵام ئەگەر ژنیان هەبێت ئەوا 136 دۆلار خەرجدەکەن.

1598. Men are struck by lightning five times more often than women.
تۆی پیاو پێنج ئەوەندە زیاتر لەژن، ئەگەری بەرکەوتنی هەورەبروسکەت هەیە.

1599. Men account for 74.4% of lead roles in Hollywood movies.
پیاوان لەسەدا 74.4ی رۆڵە سەرەکییەکانی فیلمەکانی هۆڵیوود، دەگێڕن.

1600. A man is 35% more likely to be diagnosed with prostate cancer than a woman is to be diagnosed with breast cancer.
ئەگەر توشبونی پیاو بە شێرپەنجەی پرۆستات، بەڕێژەی لەسەدا 35 لەتوشبونی ژنان بە شێرپەنجەی مەمك، زیاترە.

1601. Men sweat up to twice as much as women.
پیاوان دوو ئەوەندەی ژنان، زیاتر عارەق دەکەنەوە.

1602. The New York Times wrote an article about every single 9/11 victim.
رۆژنامەی نیۆرك تایمز، سەبارەت بەهەر قوربانییەکی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001، وتارێکی نوسیوە.

1603. Al-Qaeda initially considered targeting nuclear power plants on 9/11 but decided against it, fearing things could "get out of control."
سەرەتا رێکخراوی ئەلقاعیدە پلانی وابوو لە 11-9-2001 لەکانە ئەتۆمییەکان بدات بەڵام پلانەکەی گۆڕی چونکە ترسی ئەوەی هەبوو کە رەنگە لەحاڵەتێکی وادا کۆنترۆڵ نەکرێت.

1604. Along with 1.4 million tons of debris removed, 19,435 body parts were recovered from the WTC after 9/11.
پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، ملیۆنێك و 400 هەزار تۆن پاشماوەی بیناو 19 هەزارو 435 پارچەی جەستەی مرۆڤ، لەسەنتەری بازرگانی جیهانی، لابران.

1605. The World Trade Center's most famous survivor and president of its support group, Tania Head, was later found to be a fraud: she wasn't even in NYC on 9/11.
بەناوبانگترین رزگاربوی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی، تانیا هێد سەرۆکی گروپێکی پشتگیریکاری سەنتەرەکە بوو. دواتر دەرکەوت کە وا نەبوو و تەنانەت تەنونی لەو رۆژەدا، ئەسڵەن لەشاری نیۆرك نەبوو.

1606. A month before 9/11, President George W. Bush was handed a memo titled: "Bin Laden Determined To Strike in US" saying it would be by hijacking planes, possibly targeting NYC.
تەنها مانگێك پێش 11ی سێپتەمبەر، جۆرج بوش، سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا، یاداشتێکی پێشکەشکرا بەناونیشانی "بن لادن بڕیاریداوە لەویلایەتە یەکگرتووەکان بدات" و تێیدا باسی ئەوە کراوە کە رەنگە ئەو لێدانەش لەڕێگەی رفاندنی فڕۆکەو بەئامانجگرتنی شاری نیۆرك، بێت.

1607. After 9/11, the Maasai tribe of Kenya gave 14 of their most important cattle to America as aid.
لە کینیا هۆزێك هەیە بەناوی ماسای. پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، ئەو هۆزە 14 لەباشترین مەڕو ماڵاتەکانی وەك فریاکەوتن، پێشکەش بە ئەمەریکا کرد.

1608. The 9/11 attacks also destroyed US$100 million in art including work from Pablo Picasso.
هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، بەبڕی 100 ملیۆن دۆلاریش، زیانی هونەری لێکەوتەوە. لەناو ئەو کارە هونەرییانەی تیاچون، کاری پابلۆ پیکاسۆشی تێدا بوو.

1609. Michael Jackson had a meeting at the WTC on 9/11 but overslept.
لە 11ی سێپتەمبەری 2001، مایکڵ جاکسۆن، لەسەنتەری بازرگانی جیهانی، کۆبونەوەی هەبوو بەڵام بەهۆی ئەوەی درەنگ خەبەری نەبووەوە، نەچوو.

1610. Family Guy's creator had a ticket for a 9/11 plane but came 10 minutes late.
دروستکەری زنجیرەی فیلم کارتۆنی فامیلی گای، بلیتی بڕی بوو کە بە یەکێك لەفڕۆکەکانی 11ی سێپتەمبەر گەشت بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی 10 دەقە دواکەوت، تەیارەکەی لەدەستچوو. ئەوەیە شانس!

1611. The attack on the World Trade Center on 9/11 resulted in the largest loss of life by a foreign attack on American soil.

بەدرێژایی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هێرشەکەی سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە 11ی سێپتەمبەر، کوشندەترین هێرشی بیانی بووە لەسەر خاکی ئەو وڵاتە ئەنجامدرابێت.

1612. In 2002, the comptroller of the City of New York estimated the impact of 9/11 on the city's wealth to be US$30.5 billion.

لەساڵی 2002، چاودێری دارایی شاری نیۆرك، کاریگەری هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری لەسەر سامانی شارەکە بە 30 ملیارو 500 ملیۆن دۆلار، خەملاند.

1613. In New York, 6.5 hectares of buildings were directly affected when the Twin Towers collapsed in 9/11.

لەشاری نیۆرك، بەهۆی روخانی هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی لەئەنجامی هێرشەکان، بە ربەری شەش 6.5 هێکتار، باڵەخانەکانی دەوروبەری سەنتەرکە، زیانی راستەوخۆیان بەرکەوت.

1614. 9/11 was not the first terrorist attack on the World Trade Center. A bombing in February of 1993 killed six people.

هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر یەکەم هێرشی تیرۆریستی نین کە سەنتەری بازرگانی جیهانییان کردبێتە ئامانج. پێشتریش، بەدیاریکراوی لە شوباتی 1993، تەقینەوەیەك لەو سەنتەرە رویداو کوژرانی شەش کەسی لێکەوتەوە.

1615. In 2006, Russia gifted the U.S. a 9/11 memorial monument, which was erected in Bayonne, NJ.

لەساڵی 2006، روسیا مۆنۆمێنتێکی تایبەت بە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری وەك دیاری، پێشکەش بە ئەمەریکا کرد. ئەم مۆنۆمێنتە لەشاری بایۆن لەویلایەتی نیوجێرسی جێگیرکراوە.

1616. The company that owned the WTC had scheduled a meeting for 9/11/2001 on Tower 1 to discuss what to do in the event of a terrorist attack, but rescheduled the night before because someone couldn't attend.

بڕیاربوو ئەو کۆمپانیایەی خاوەنی سەنتەری بازرگانی جیهانی بوو، لە 11-9-2001، کۆبونەوەیەك لەتاوەری ژمارە یەکی سەنتەرەکە ئەنجامبدات و تێیدا باس لەوە بکرێت کە لەکاتی هێرشی تیرۆریستیدا چی بکرێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی کەسێکیان نەیتوانی لەکۆبونەوەکە ئامادەبێت، شەوی پێشتر، وادەی کۆبونەوەکە دواخرا.

1617. There's a 9/11 Memorial in Israel constructed of steel from the remains of the WTC.

مۆنۆمێنتێکی تایبەت بە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لە ئیسرائیل هەیە کە لەپۆڵای پاشماوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی، دروستکراوە.

1618. India has the largest slave population in the modern world with over 14 million slaves.

لەجیهانی مۆدێرندا، هندستان زۆرترین کۆیلەی هەیە. ئەم وڵاتە زیاتر لە 14 ملیۆن کۆیلەی، تێدایە.

1619. Ancient Romans celebrated "Saturnalia", a festival in which slaves and their masters would switch places.
رۆمانە دێرینەکان فێستیڤاڵێکیان هەبوو بەناوی ساتورانالیا. تێیدا کۆیلەو گەورەکانیان، شوێنەکانیان دەگۆڕییەوە.

1620. Benjamin Franklin attempted to abolish slavery already in 1790.
لەساڵی 1790، بینجامین فرانکلین کە یەکێکە لەبەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژووی ئەمەریکا، هەوڵیدا کۆیلایەتی نەهێڵێت بەڵام ئاخخخخ کە نەیتوانی.

1621. America's first slave owner was a black man.
یەکەم خاوەنی کۆیلە لە ئەمەریکا، رەشپێست بووە. کەواتە رەنگە بتوانین بڵێین: هینی خۆیانە بە هینیانەوە!

1622. A Slave in America in 1850 would cost over US$12,000 in 2013 dollars.
لەساڵی 1850، کۆیلەیەك لە ئەمەریکا زیاتر لە 12 هەزار دۆلاری ئەم سەردەمەی تێچووە.

1623. There are over 500,000 slaves in Mauritania today.
لەئێستادا تەنها لە مۆریتانیا کە وڵاتێکی ئەفەریقییە، زیاتر لە 500 هەزار کۆیلە هەیە.

1624. a part of the White House was built by slaves.
بەشێکی کۆشکی سپی، لەلایەن کۆیلەکانەوە دروستکراوە.

1625. The pyramids were built by paid laborers. Not slaves. That's a myth by Herodotus, the Greek historian.
هەڕەمەکان لەلایەن کرێکارگەلێکەوە دروستکراون کە لەبەرامبەردا کرێیان وەرگرتووە نەك لەلای کۆیلەوە. ئەوەی کە دەوترێت کۆیلەکان دروستیان کردووە ئەفسانەی مێژونوسێکی یۆنانی بووە.

1626. Slavery was not made a statutory offense in the UK until April 6, 2010.
تا 6-4-2010، کۆیلایەتی لەشانشینی یەکگرتوو، لەڕوی یاساییەوە بە تاوان دانەنراوە.

1627. Mississippi didn't ratify the 13th Amendment, abolishing slavery, until 2013.
تا ساڵی 2013، ویلایەتی میسیسیپی لە ئەمەریکا، ئەو هەموارکردنە دەستورییەی پەسەندنەکردووە کە تایبەت بووە بە هەڵوەشاندەوەی کۆیلایەتی.

1628. Slavery was abolished in Saudi Arabia and Yemen as recently as 1962.
لەساڵی 1962، کۆیلایەتی لە سعودیەو یەمەن، قەدەغەکراوە.

1629. Ancient Greeks and Romans often bought slaves with salt.
رۆمانی و یۆنانییە دێرینەکان زۆرجار کۆیلەیان بە خوێ، کڕیوە.

1630. About 4 million slaves were taken from Africa to Brazil, about 40% of all in the Americas.
نزیکەی چوار ملیۆن کۆیلە لە ئەفەریقاوە براون بۆ برازیل کە دەکاتە لەسەدا 40ی هەموو کۆیلەکانی کیشوەری ئەمەریکا.

1631. Over a million Europeans were captured and sold as slaves to North Africa between 1530 and 1780.
لەنێوان ساڵی 1530 تا 1780، زیاتر لەملیۆنێك هاوڵاتی ئەوروپی دەستگیرکراون و وەك کۆیلە بە ئەفەریقای باکور، فرۆشراون.

1632. Most Romans avoided being cruel to slaves. They used bonuses and branding to improve productivity, just like modern employers.
زۆربەی رۆمانەکان، توندوتیژ نەبوون بەرامبەر بە کۆیلەکان. تەنانەت وەك بەڕێوەبەرو خاوەنکارەکانی ئەم سەردەمە، لەپێناو باشکردنی بەرهەمدا، پاداشتیان پێداون.

1633. Before publishing "Don Quixote," Cervantes was captured and kept as slave for 5 years in Algiers. A ransom was paid by his parents.
پێش بڵاوکردنەوەی رۆمانی دۆن کیشۆت، نوسەرەکەی دەستگیرکراوەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە جەزائیر هێڵراوەتەوە. دواتر پاش ئەوەی خێزانەکەی فیدیەیان داوە، ئازادکراوە.

1634. A former slave ship captain wrote the song "Amazing Grace."
تێکستی سرودی Amazing Grace لەلایەن کۆنەکۆیلەیەکەوە کە کاپتنی کەشتی بووە، نوسراوە.

1635. Richard Johnson, the 9th Vice-President of the U.S., openly treated an African-American woman as his wife, although legally she was his slave.
ریچارد جۆنسۆن، نۆیەم جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، بە ئاشکرا وەك ژنی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ژنێکی ئەفەریقی ئەمەریکیدا کردووە. بەڵام لەڕوی یاساییەوە تەنها کۆیلەیەکی بوو.

1636. There are more people in slavery today than at any time in human history.
ژمارەی کۆیلەکانی ئەم سەردەمە، لەژمارەی کۆیلەکانی هەر سەردەمێك لەسەردەکانی تر، زیاترە.

1637. Humans spend a third of their life sleeping. That's about 25 years.
مرۆڤ سێیەکی ژیانی بە خەوتن بەسەردەبات. واتە نزیکەی 25 ساڵ.

1638. Parents of new babies miss out on 6 months worth of sleep in the first 2 years of their child's life.

باوانی منداڵی تازە لەدایکبوو، لەماوەی دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵە تازە لەدایکبووەکەیان، خەوی شەش مانگیان دەفەوتێت.

1639. Horses can sleep standing.

ئەسپ دەتوانێت بەپێوە بخەوێت.

1640. Memories take hold better during sleep.

یادەوەرییەکان لەکاتی خەوتندا، باشتر دەچەسپێن.

1641. Cats sleep for 70% of their lives.

پشیلە لەسەدا 70ی ژیانی بە خەوتن بەسەر دەبەن.

1642. Sleeping on the job is acceptable in Japan, as it's viewed as exhaustion from working hard.

لە یابانە حەیاتەکە، خەوتن لەکاتی کاردا، رێگەی پێدەدرێت چونکە وەك بەڵگەیەك لەسەر ماندوبونی ئەو کەسە بەهۆی کارکردنی قورس، سەیردەکرێت.

1643. Koalas sleep up to 20 hours a day.

کوالا کە یەکێکە لەگیاندارە مەمکدارەکان، رۆژانە نزیکەی 20 سەعات، بە خەوتن بەسەردەبات.

1644. Women experience significantly more nightmares than men and have more emotional dreams, a research found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو لەپیاوان زیاتر دێوەزمە دەچێتەخەویان و زیاتریش خەوی سۆزداری دەبینن.

1645. During WW1, a Hungarian man was shot in the frontal lobe, making it impossible for him to fall asleep. He continued to live a full, sleepless life.

لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، پیاوێکی هەنگاری گوللـەیەك بەر گوێی کەوت. ئەم پێکانە وای لێکرد لەخەو بێبەشی بکات و تا کۆتایی ژیانیشی بەهیچ شێوەیەك خەوی لێنەکەوت.

1646. Giraffes only need 5 to 30 minutes of sleep in a 24-hour period.

زەرافە رۆژانە تەنها پێویستی بە پێنج بۆ 30 خولەك خەوتن هەیە.

1647. John Lennon sometimes liked to sleep in an old coffin.

جۆن لینۆن هەندێك جار حەزی کردووە لەناو تابوتی کۆندا بخەوێت.

1648. 8% of Americans sleep naked.

لەسەدا هەشتی ئەمەریکییەکان، بەڕوتی دەخەون.

1649. The average person in France sleeps 8.83 hours per day, the most in the developed world.
کەسێکی ئاسایی لە فەرەنسا، رۆژانە هەشت سەعات و لەسەدا 83ی سەعاتێك دەخەوێت. ئەم ماوەیەش بە بەراورد بە خەوی خەڵکی وڵاتە پێشکەوتووەکانی تر، زۆرترینە.

1650. 40% of adult Americans have always slept on the same side of the bed.
لەسەدا 40ی هەموو کەسانی پێگەیشتووی ئەمەریکا، هەمیشە لەسەر یەکلای جێگەی خەوتنیان دەخەون.

1651. In darkness, most people eventually adjust to a 48-hour cycle: 36 hours of activity followed by 12 hours of sleep. The reasons are still unclear.
لەکەشی تەواو تاریکدا، سوڕی ژیانی رۆژانەی زۆربەی خەڵك دەبێتە 48 سەعاتی. 36 سەعات چالاك دەبێت و 12 سەعاتیش دەخەوێت. تائێستا هۆکاری ئەمە روون نیە.

1652. Morphine derives its name from Morpheus, the god of sleep and dreaming in Greek Mythology, for its tendency to cause sleep.
وشەی مۆرفین، ناوەکەی لە مۆرفیوسەوە هاتووە کە لەلای ئەفسانەی یۆنان، خواوەندی نوستن و خەوبینین بووەو حەزی لە خەواندن بووە.

1653. In 1849, David Atchison became President of the United States for just one day, and he spent most of the day sleeping.
لەساڵی 1849، دەیڤد ئەتچیسۆن، بۆ ماوەی تەنها رۆژێك بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا. سەیرەکە لەوەدا بوو کە زۆربەی ئەو رۆژەشی بە خەوتن بەسەربرد.

1654. You burn more calories sleeping than you do watching television.
بڕی ئەو کالۆرییەی لەکاتی خەوتنتدا دەیسوتێنیت، لەو بڕە زیاترە لەکاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆندا دەیسوتێنیت.

1655. Neuroscientists believe babies don't dream for the first few years of their life.
زانایانی بواری دەمارزانی، لەو بڕوایەدان کە منداڵان لەماوەی چەند ساڵی کەمی ژیانیاندا، خەو نابینن.

1656. Rabbits often sleep with their eyes open.
کەرۆێشك زۆرجار کە دەخەوێت، چاوەکانی کراوەن.

1657. Believing You've Slept Well, Even If You Haven't, Improves Performance.
بڕوابون بەوەی کە خەوێکی باشت کردووە، ئەگەرچی واش نەبێت، توانای کارکردنت باشدەکات.

1658. Half of the pilots surveyed in the UK admitted to having fallen asleep while flying a passenger plane.

نزیکەی نیوەی ئەو فڕۆکەوانانەی لەشانشینی یەکگرتوو راپرسییان پێکراوە، دانیان بەوەدا ناوە کە لەکاتی لێخوڕینی فڕۆکەی نەفەرهەڵگردا، خەویان لێکەوتووە. دەوەرە ئیتر بوێرە سوار تەیارە ببیت!

1659. Many Tibetan monks sleep upright.

زۆرێك لەکەشیشەو وشکەسۆفییەکانی ناوچەی تبت، بە دانیشتنەوە دەخەون.

1660. People experience better sleep during the new moon and worse sleep during a full moon, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، خەڵك لەسەرەتای مانگی عەرەبیدا خەوێکی باشتر دەکەن و لەکاتی مانگی چواردەدا خراپترین خەویان دەبێت.

1661. Dysania is the state of finding it hard to get out of bed in the morning.

جاری وا هەیە لەبەیانیاندا خەبەرمان بووەتەوە بەڵام قووەتمان نیە هەڵسین و جێگەی خەوتن جێبێڵین. ئەم حاڵەتە بەئینگلیزییەکەی خۆمان، پێی دەوترێت: Dysania

1662. Sea otters hold hands when they sleep so they don't drift away from each other.

سەگی ئاوی لەکاتی خەوتندا دەستی یەك دەگرن بۆ ئەوەی لەیەك دانەبڕێن.

1663. Before alarm clocks were invented, there were "knocker-ups" who went tapping on client's windows with long sticks until they were awake.

پێش ئەوەی سەعاتی ئاگادارکەرەوە دابهێنرێت، کەسی تایبەت بە خەبەرکردنەوە هەبووە. ئەم کەسانە تۆڵێکی درێژیان پێبووەو بەو تۆڵە لەپەنجەرەی مشتەرییەکانیان دەدا تا خەبەریان دەبویەوە.

1664. A snail can sleep for 3 years.

زیندەوەری حەلەزۆن دەتوانێت بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر یەك بخەوێت.

1665. It's impossible to sneeze while sleeping.

پژمین لەکاتی خەوتندا، مەحاڵە.

1666. Most people can survive for up to 2 months without eating, but people can only live up to 11 days without sleeping.

زۆربەی خەڵك دەتوانن بۆ ماوەی نزیکەی دوو مانگ بەبێ خواردن بژین. بەڵام تەنها بۆ ماوەی 11 سەعات دەتوانن بەبێ خەو بژین.

1667. The record for the longest period without sleep is 11 days.

تائێستا ریکۆردی زۆرترین ماوەی نەخەوتن لەمرۆڤدا، تەنها 11 رۆژ بووە.

1668. Only one-half of a dolphin's brain goes to sleep at a time.
دۆلفین لەکاتی خەوتندا، تەنها لایەکی مێشکی دەخەوێت. ناحەقی نیە. حەزەر واجبە بەتاییەتی لەم سەردەمەدا!

1669. Lack of sleep can cause weight gain of 2 pounds (0.9 kg) in under a week.
دەکرێ کەمخەوی لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەکدا کێشی لەشت بەبڕی 900 گرام کەمبکات.

1670. Approximately 22 percent of people occasionally wake up with a gun in their hand, and this is perfectly natural and healthy.
نزیکەی لەسەدا 22ی خەڵك جارجارە کاتێك خەبەریان دەبێتەوە، دەمانچەکانیان لەدەستیاندایە. ئەمەش نەك هەر نەخۆشی نیە بەڵکو حاڵەتێکی زۆر سروشتی و تەندروستە.

1671. If you fall asleep during a crime, you wake up in court.
ئەگەر لەگەرمەی تاوانێکدا بخەویت، ئەوا کە خەبەرت بووەوە، دادگا دەستت ماچ دەکات!

1672. 49 – 0 is the highest score ever made in a Soccer game.
تائێستا زۆرترین گۆڵ کە لەیارییەکی تۆپی پێدا کرابێت، 40 بە 0 بووە.

1673. After the whistle to start the game, soccer player Lee Todd said "F*ck me, that was loud" and received the fastest red card in history: 2 seconds.
تائێستا خێراترین کارتی سوور کە بەڕوی یاریزانی تۆپی پێدا بەرزکراوەتەوە لەچرکەی دووەمی یارییەکەدا بووە. پاش ئەوەی حەکەم فیکەی دەستپێکی یارییەکەی لێدا، یاریزانێك بەناوی لی تۆد پاش وشەیەکی ناشرین وتی: فیکەکە زۆر بەرز بوو. وەڵا حەکەمیش نەیکردە نامەردی و کارتی سوری بەڕودا بەرزکردەوە.

1674. A 20-month-old baby became the youngest professional soccer player ever, after being signed up by a Belgian club.
بچوکترین یاریزانی فوتبۆڵی پرۆفیشناڵ لەمێژوودا، منداڵێکی تەمەن 20 مانگ بووە کە بەڕەسمی وەك یاریزان لەیانەیەکی بەلجیکی، تۆمارکراوە.

1675. Qatar's 2022 World Cup will take more lives than 9/11 due to horrible working conditions for migrant workers building stadiums and infrastructure.
زیانی گیانی مۆندیالی 2022ی قەتەر لەهی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر زیاترە. چونکە کرێکارە کۆچبەرەکان لەدۆخێکی زۆر مەترسیداردا کار لەبنیاتنانی ستادیۆم و ژێرخانە پەیوەندیدارەکانی ئەو مۆندیالەدا دەکەن.

1676. 8 of the 12 host cities for the 2014 FIFA World Cup in Brazil are among the 50 most violent cities in the world.
لە 12 شارە خانەخوێیەکەی مۆندیالی 2014ی برازیل، هەشتیان لەناو ئەو 50 شارەن کە بە توندوتیژترین شارەکانی جیهان، دادەنرێن.

1677. The city of Lusail, host of the 2022 FIFA World Cup Final game, does not exist yet.

یاری کۆتایی مۆندیالی 2022ی قەتەر، لەشارێك دەکرێت کە ئێستا بەتەواوەتی بونی نیەو لەقۆناغی دروستکردندایە. شارەکەش ناوی لویسلەو دەکەوێتە باکوری دەوحەی پایتەختی قەتەرە چکۆلەوە!

1678. In 2013, soccer player Cristiano Ronaldo opened a museum dedicated to himself.

لەساڵی 2013، کریستیانۆ رۆناڵدۆ، مۆزەخانەیەکی کردەوە کە تایبەت بۆ ئەو دروستکراوە.

1679. The first soccer game televised was a friendly match between Arsenal's first and second team in 1937.

یەکەم یاریی تۆپی پێ کە لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پەخشکراوە، یارییەکی دۆستانە بوو لەنێوان یانەی یەکەم و دووەمی شاری ئەرسنااڵ لەساڵی 1937دا.

1680. More than 1 in 20 soccer injuries are caused by celebrating goals on the pitch.

زیاتر لەبیستیەکی پێکانی یاریزانەکان، بەهۆی ئاهەنگگێڕانی تایبەت بەگۆڵکردن لەناو یاریگادا، رودەدەن.

1681. On average, soccer players run as far as 9.5 miles in a single match.

بەگشتی، یارێزانێکی ئاسایی لەکاتی یارییەکی فوتبۆڵدا، نۆ میل و نیو دەبڕێت.

1682. Argentina's retired soccer player Diego Maradona has his own religion made by his fans.

دیگۆ مارادۆنا، یاریزانی خانەنشینبووی ئەرجەنتین، ئاینی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەلایەن هاندەرانییەوە داهێنراوە.

1683. The Vatican has its own soccer team.

ڤاتیکان یانەی فوتبۆڵی تایبەت بەخۆی هەیە.

1684. Ronaldinho's deal with Coca-Cola ended after he was caught sipping a Pepsi in a news conference.

رۆناڵدینۆ گرێبەستێکی ریکلامئامێزی لەگەڵ کۆکاکۆلادا هەبوو. بەڵام پاش ئەوەی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بینرا پیپسی دەخواتەوە، گرێبەستەکەیان لەگەڵدا هەڵوەشاندەوە.

1685. FIFA has more member countries than the U.N.

ژمارەی ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی، لەهی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاترە.

1686. The original 2014 World Cup's ball was produced in Pakistan.

تۆپی ئۆریجنالّی مۆندیالی 2014، لە پاکستان، دروستکراوە.

1687. The most goals scored in a World Cup's match were 10 by Hungary against El Salvador in 1982.

زۆرترین گۆڵ کە بەدرێژایی مێژووی مۆندیال لەیارییەکدا کرابێت، 10 گۆڵ بووە کە لە مۆندیالی 1982دا هەنگاریا لە ئەلسلڤادۆری کردووە.

1688. When the World Cup was hosted in the U.S. in 1994, they only spent US$30 million on infrastructure improvements. For the 2014 World Cup, Brazil spent US$11 billion.

کاتێك ئەمەریکا میوانیداری مۆندیالی 1994ی کرد، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تەنها 30 ملیۆن دۆلاریان لەچاککردنی ژێرخانی پەیوەندیداردا خەرجکرد بەڵام برازیل لەکاتی میواندارێکردنی مۆندیالی 2014دا، 11 ملیار دۆلاری خەرجکرد. سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە: قەدری زێڕ لای زەرەنگەرە.

1689. In 1969, El Salvador waged war on Honduras after it lost against it in a soccer match.

لەساڵی 1969، ئەلسەلڤادۆر، پاش ئەوەی یارییەکی لەبەرامبەر هندۆراسدا دۆڕاند، جەنگی لەدژی ئەو وڵاتە راگەیاند. ئەوەیە رۆحی ریازی!!

1690. German soccer player Mesut Ozil donated his €300,000 World Cup victory bonus to pay surgeries for 23 children in Brazil.

پاش ئەوەی ئەڵمانیا نازناوی پاڵەوانی مۆندیالی 2014ی بردەوە، یاریزانی ئەڵمانی، مەسعوت ئۆزیل 300 هەزار یۆری وەك پاداشت وەرگرت. بەڵام هەرهەمووی لەپێناو ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ 23 منداڵ لە برازیل، بەخشی.

1691. When Germany won the 2014 World Cup in Brazil, it was the first time as a united country. The three previous times, the soccer World Cup was won by West Germany.

کاتێك ئەڵمانیا مۆندیالی 2014ی بردەوە، ئەوە یەکەمین جار بوو وەك وڵاتێکی یەکگرتوو نازناوەکە بباتەوە. سێ جارەکەی پێشووتر کە نازناوەکەی بردووەتەوە، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بووە.

1692. In 1967, the Nigerian Civil War ground to a halt for two days because both sides wanted to watch soccer player Pele in an exhibition match.

لەپێناو سەیرکردنی یارییەکی نمایشکاری پێلێ لەلایەن هەردوو لایەنی شەڕکەرەوە، لەساڵی 1967، جەنگی ناوخۆی نیجێریا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، ڕاگیرا.

1693. Every 40 seconds, someone commits suicide.

هەموو 40 چرکەیەك، کەسێك لەشوێنێکی ئەم جیهانەدا، خۆی دەکوژێت.

1694. More people commit suicide in New York City than are murdered.
لەشاری نیۆرکی ئەمەریکا، ژمارەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لەوانە زیاترە کە دەکوژرێن.

1695. 1 in every 5 people in Greenland attempt suicide at some point in their lives.
لەهەموو پێنج کەسێکی گرینلاند، یەکێکیان لەکاتێك لەکاتەکانی ژیانیاندا، هەوڵی خۆکوشتن دەدەن.

1696. More U.S. soldiers committed suicide than died in combat in 2012.
لەساڵی 2012، ژمارەی ئەو سەربازە ئەمەریکییانەی خۆیان کوشتووە، لەوانە زیاتر بووە کە لەجەنگدا کوژراون.

1697. Many animals have been reported to commit suicide, including dogs, cows, bulls, and sheep.
تائێستا چەند گیاندارێکیش خۆیان کوشتووە لەوانە: سەگ، مانگا، گا، مەڕ.

1698. 1 in 25 U.S. teenagers has attempted suicide.
لەهەموو 25 هەرزەکارێکی ئەمەریکا، یەکێکیان هەوڵی خۆکوشتنی داوە.

1699. The Golden Gate Bridge is the #1 suicide site in the world.
پردی دەروازەی ئاڵتونی، لەڕیزبەندی ئەو شوێنانەی جیهان کە خەڵك خۆیانی لێدەکوژن، پلەی یەکەمی گرتووە.

1700. Most people, who commit suicide, do it on a Wednesday.
زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لە چوارشەممادا عومریان بۆ ئێوە جێدەهێڵن.

1701. There's an episode of "Tom and Jerry" that ends with the both of them committing suicide.
ئەڵقەیەکی زنجیرەی کارتۆنی تۆم و جێری هەیە کە لەکۆتاییەکەیدا، هەردوکیان خۆیان دەکوژن.

1702. Suicide attempts were punished as crimes in England and Wales until 1961.
تا ساڵی 1961، لە ئینگلتەراو هەرێمی وێڵز، هەوڵی خۆکوشتن تاوان بووەو سزای خۆی هەبووە.

1703. In the U.S., you are twice as likely to commit suicide than be murdered by someone else.
بە گشتی لە ئەمەریکا، ئەگەری خۆکوشتنت دوو ئەوەندەی کوژرانتە لەلایەن کەسێکی ترەوە.

1704. Rudolf Diesel, who invented the Diesel engine, committed suicide in 1913 because he didn't think his invention would be successful.

رودۆلف دیزڵ، داهێنەری مەکینەی دیزڵ، بەهۆی ئەوەی پێی وانەبوو کە داهێنانەکەی سەرکەوتوو دەبێت، لەساڵی 1913دا خۆی کوشت.

1705. If you commit suicide in Japan by jumping in front of a train, the family of the deceased will be charged a disruption fee.
ئەگەر لەژاپۆن لەڕێگەی خۆهەڵدانە بەردەم شەمەندۆفێرێکەوە خۆت بکوژیت، خێزانەکەت غەرامەیەك دەکرێت کە پێی دەووترێ باجی دروستکردنی پێشوی.

1706. Ernest Hemingway, his father, his brother, his sister and his granddaughter all committed suicide.
ئێرنست هێمنگوای، باوکی، براکەی، خوشکەکەی، کچەزاکەی، هەموو ئەوانە بە خۆکوشتن، کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە.

1707. The Japanese authorities constructed a fence around a volcano at Mount Mihara to stop a trend of over 2000 people committing suicide by jumping in.
پاش ئەوەی زیاتر لەدوو هەزار کەس لەڕێگەی خۆهەڵدانە گڕکانێکی شاخی میهاراوە خۆیان کوشت، دەسەڵاتدارانی ژاپۆن بەمەبەستی بەرگرتن بەو لێشاوە خۆکوشتنە، دیوارێکیان بەدەوری گڕکانەکەدا دروستکرد.

1708. During WWII, Japanese war criminal Tojo Hideki attempted suicide after the surrender. He was saved and resuscitated by Allied forces, who then hanged him.
لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا تاوانبارێکی جەنگی یابانی بەناوی تۆجۆ هیدێکی پاش ئەوەی خۆی تەسلیمی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد، هەوڵیدا خۆی بکوژێت. بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان نەیانهێشت خۆی بکوژێت، بەڵام دواتر لەسێدارەیاندا.

1709. 2% of people who jump off the Golden Gate Bridge survive the fall. One man even jumped off for "fun".
لەسەدا دووی ئەوانەی لەپردی گۆڵدن گەیتەوە خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە لەمردن رزگاریان دەبێت. تەنانەت جارێك پیاوێك هەر بۆ خۆشی خۆی لەو پردەوە هەڵدایە خوارەوە.

1710. In the UK, the most common cause of death for men under 50 is suicide.
لەشانشینی یەکگرتوو، باوترین هۆکاری مردنی پیاوانی خوار تەمەن 50 ساڵ، خۆکوشتنە.

1711. The USA have done 258 times more nuclear weapon tests compared to North Korea
ئەمەریکا 258 جار زیاتر لەکۆریای باکور، تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی، ئەنجامداوە.

1712. In the Gulf of Alaska there is a section where 2 oceans meet, but their waters do not mix.

لەدورگەی ئەلاسکا، شوێنێك هەیە کە دوو زەریای تێدا بەیەك دەگات بەبێ ئەوەی تێکەڵ بن. ئەمەش لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوە.

1713. The U.S. government poisoned alcohol during Prohibition in the 20s and 30s, killing over 10,000 people.
لەساڵەکانی 1920و سییەکانی سەدەی رابردوو، حکومەتی ئەمەریکا بەمەبەستی قەدەغەکردنی خواردنەوە کهولییەکان، ئەو ماددانەی ژەهراویکرد. لەئەنجامدا زیاتر لە 10 هەزار کەس گیانیان لەدەستدا.

1714. 100 acres of Pizza are served in the U.S. every day.
هەموو رۆژێك لەئەمەریکا، 100 ئەکرە پیتزا پێشکەشدەکرێت.

1715. Just 2.5 million people lived in the U.S.A. in 1776. Today it’s 314 million.
لەساڵی 1776، ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا تەنها دوو ملیۆن و نیو بوو. بەڵام ئێستا نزیکەی 315 ملیۆنە.

1716. If you have $10 in your pocket and no debts, you are wealthier than 25% of Americans.
ئەگەر 10 دۆلارت لەگیرفاندا بێت و هیچ قەرزار نەبیت، ئەوا لە 25 لەسەدی ئەمەریکییەکان، دەوڵەمەندتریت.

1717. 1 IN 8 American workers has been employed by McDonald's.
لەهەموو هەشت کرێکارێکی ئەمەریکی، یەکێکیان کرێکاری زنجیرە خواردنگەکانی ماکدۆناڵدە.

1718. Americans spend 5 cents per day by flushing their toilets.
ئەمەریکییەکان رۆژانە پێنج سەنت لەپاککردنەوەی تەوالێتەکانیان، خەرجدەکەن.

1719. Exposure to Secondhand smoke causes nearly 50,000 deaths each year in the U.S. alone.
ساڵانە تەنها لە ئەمەریکا، نزیکەی 50 هەزار کەس بە بەرکەوتن بە دوکەڵی جگەرەی دەستی دوو، گیان لەدەست دەدەن.

1720. Russia & America are less than 4 km apart at the nearest point.
لەنزیکترین خاڵیانەوە، روسیاو ئەمەریکا کەمتر لەچوار کیلۆمەتر، لەیەکەوە دورن.

1721. 25 % of adult Americans believe in Reincarnation.
لەسەدا 25ی ئەمەریکییە پێگەیشتووەکان، بڕوایان بەو باوەڕە هەیە کە دەڵێت ئەگەر کەسێك مرد، ئەو رۆحی دەچێتە جەستەی کەسێکی تری تازە لەدایکبووەوە. ئەزمەی رۆحە!!!

1722. One American consumes as many resources as 32 Kenyans.
ئەمەریکییەك 32 ئەوەندەی هاوڵاتییەکی کینیا، دەرامەت و سامان، بەکاردەبات.

1723. Every second, Americans collectively eat 100 pounds of chocolate.
هەموو چرکەیەك، ئەمەریکییەکان، 100 پاوەند چکلێت دەخۆن.

1724. 1 in 3 Americans is obese.
لەهەموو سێ ئەمەریکییەك، یەکێکیان کێشیان زیاتر لەئاسایی.

1725. 9 million people are in prisons around world, and a quarter of them are in the U.S.
لەسەرتاسەری جیهاندا نۆ ملیۆن کەس هەن کە لەزیندانداون. چارەکی ئەو کەسانە لە ئەمەریکان.

1726. There are at least 97 people called "LOL" in the U.S.
لە ئەمەریکا لانیکەم 97 کەس هەن کە ناویان LOLە.

1727. In 1962, the U.S. blew up a hydrogen bomb in space that was 100 times more powerful than Hiroshima.
لەساڵی 1962 ئەمەریکا بۆمبێکی هایدرۆجینی لەبۆشایی ئاسماندا تەقاندەوە کە 100 ئەوەندە لەو ئەو بۆمبە بەهێزتربوو کە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، درا لە هیرۆشیما.

1728. The U.S. purchased Alaska from Russia for just US$7.2 million in 1867.
لەساڵی 1867، ئەمەریکا ئەلاسکای بەبڕی تەنها 7.2 ملیۆن دۆلار، لە روسیا کڕی.

1729. The average U.S. worker stays at each of its jobs for 4.4 years.
کرێکارێکی ئاسایی ئەمەریکی، بۆ ماوەی 4.4 ساڵ لە هەر ئیشێکیدا دەمێنێتەوە.

1730. 8 billion chickens are consumed in the U.S. each year.
ساڵانە هەشت ملیار مریشك، لە ئەمەریکا بەکاردەبرێت.

1731. It's completely legal for minors to smoke cigarettes in the U.S. and parts of Europe. What they can't do is purchase them.
لە ئەمەریکاو چەند شوێنێکی ئەورووپا، نەوجەوانان بەگوێرەی یاسا بۆیان هەیە جگەرە بکێشن بەڵام بۆیان نیە بیکڕن.

1732. Every day, nearly 4000 teens in the U.S. smoke their first cigarette.
هەموو رۆژێك نزیکەی چوار هەزار هەرزەکاری ئەمەریکا، یەکەم جگەرەی ژیانیان دەکێشن.

1733. Smoking causes 1 in every 5 deaths in the U.S. every year.
ساڵانە لەهەموو پێنج کەسێکی ئەمەریکا کە دەمرن، هۆکاری یەکێکیان جگەرەکێشانە.

1734. About 20 million Americans live in mobile homes.
نزیکەی 20 ملیۆن ئەمەریکی، لەخانوی گەڕۆکدا دەژین.

1735. Every tweet Americans send is being archived by the Library of Congress.
هەر تویتێك كە ئەمەریكییەكان لەسەر تویتەر بڵاویدەكەنەوە، لەلایەن كتێبخانەی كۆنگرێسەوە ئەرشیف دەكرێت.

1736. Medical errors are the 6th leading cause of the death in the U.S.
هەڵەی پزیشكان، شەشەم هۆكاری سەرەكی مردنە لە ئەمەریكادا.

1737. The U.S. has 115,000 janitors, 83,000 bartenders and 323,000 restaurant servers with bachelor's degrees.
لە ئەمەریكا، 115 هەزار كارگوزارو 83 هەزار مەیگڕی مەیخانەو 323 شاگردی رێستۆرانت هەن كە بڕوانامەی بەكالۆریۆسیان هەیە.

1738. African-Americans are twice as likely to be shot in the U.S.
ئەگەری بە تەقە كوژرانی ئەمەریكییە بەڕەگەز ئەفەریقییەكان لە ئەمەریكا، لەكوژرانی هاوشێوەی ڕەگەزەكانی تر، زیاترە.

1739. Christmas was illegal in the U.S. until 1836 as it was considered an Ancient Pagan Holiday.
تا ساڵی 1836، ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی كریسمس لە ئەمەریكا، قەدەغە بووە چونكە بە ئاهەنگێكی بتپەرستانەی كۆن، دانراوە.

1740. After Christianity, the largest religious affiliation in the U.S. is Judaism.
پاش مەسیحییەت، گەورەترین ئینتیمای ئاینی لەم وڵاتە، بۆ ئاینی جولەكەیە.

1741. There are more single people than married people in the U.S. nowadays.
لەم سەردەمەدا ژمارەی سینگڵەكانی ئەمەریكا لەهاوسەردارەكان، زیاترە.

1742. In the U.S. it costs US$245,000 to raise a child, before college.
لە ئەمەریكا، پەروەردەكردنی منداڵێك تا دەگاتە قۆناغی زانكۆ، 245 هەزار دۆلاری تێدەچێت.

1743. It costs the U.S. Government US$2,768,902 per year to hold a prisoner in Guantanamo.
ڕاگرتنی زیندانییەك لەگرتوخانەی گوانتانامۆ بۆ ماوەی ساڵێك، دوو ملیۆن و 768 هەزارو 902 دۆلار، لەسەر حكومەتی ئەمەریكا، دەكەوێت.

1744. 80% of the land in Nevada is owned by the U.S. government.
حكومەتی ئەمەریكا خاوەنی تەنها لەسەدا 80ی خاكی ویلایەتی نیڤادایە نەك هەموو.

1745. U.S. former presidents John Adams, and Thomas Jefferson died within hours of each other, on the 4th of July in 1826.
جۆن ئادەمزو تۆماس جێفریسن کە دوو سەرۆکی ئەمەریکا بوون، لە 4-7-1826، بە جیاوازی نێوان تەنها چەند سەعاتێك لەیەکتر، کۆچی دواییان کردووە.

1746. There are more Facebook users from the U.S. than U.S. citizens that voted in the last election.
ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبوك لەئەمەریکا، لەژمارەی ئەو هاوڵاتییە ئەمەریکییانە زیاترە کە لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی رابردوو، دەنگیان داوە. لەو هەڵبژاردنەدا ئۆباما توانی ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی بباتەوە.

1747. The U.S. has no official language.
ئەمەریکا زمانی ڕەسمی نیە.

1748. 63% of U.S. prison inmates can't read.
لەسەدا 63ی زیندانیانی ئەم وڵاتە، خوێندەوارییان نیە.

1749. There are more public libraries than McDonald's in the U.S.
لەم وڵاتە ژمارەی کتێبخانە گشتییەکان، لەخواردنگەکانی ماکدۆناڵد، زیاترە.

1750. 60,000 plastic bags are being used in the U.S. every 5 seconds.
هەموو پێنج چرکەیەك، 60 هەزار کیسی نایلۆن لەم وڵاتە، بەکاردەهێنرێت.

1751. The banana is the most popular fruit in the U.S.
باوترین میوە لەم وڵاتە، مۆزە حەیاتەکەیە.

1752. Every day in the U.S., more than 100,000 people get a speeding ticket.
هەموو ڕۆژێك لەم وڵاتە زیاتر لە 100 هەزار شۆفێر، بلیتی تێژڕەوییان بۆ دەکرێت.

1753. The biggest bill the U.S. issued was a US$ 10,000 bill.
گەورەترین جۆری دراوی ئەمەریکی کە تائێستا بڵاوکرابێتەوە، 10 هەزار دۆلاری بووە.

1754. At least 1 in 25 people sentenced to the death penalty in the U.S. are innocent.
لانیکەم لەهەموو 25 کەسێك لەوانەی سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچووە لە ئەمەریکا، یەکێکیان بێتاوانن.

1755. In 1893, an amendment was proposed to rename the U.S. into the "United States of the Earth".
لەساڵی 1893 هەموارکردنێکی دەستور پێشنیاز کرا بۆ ئەوەی ناوی یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی زەوی، بگۆڕدرێت.

1756. US$1 in every US$5 paid in taxes in the U.S. goes to defense.
لەهەموو پێنج دۆلارێك كە وەك باج وەردەگیرێت لە ئەمەریكا، یەكێكیان بۆ كەرتی بەرگری دەڕوات.

1757. 97% of rapists in the U.S. never spend a day in jail for their crime.
لەسەدا 97ی لاقەكارانی ئەمەریكا، تەنها رۆژێكیشیان بەهۆی ئەو تاوانەوە، لەزیندان بەسەر نەبردووە.

1758. In 31 states of the U.S., Rapists can legally sue for child custody if the rape results in pregnancy.
لە 31 ویلایەتی ئەمەریكا، لاقەكاران بۆیان هەیە بەگوێرەی یاسا داوابكەن ئەو منداڵەی بەرهەمی لاقەكردنەكەیە، ببەنە لای خۆیان و بەخێوی بكەن.

1759. The U.S. Government spends US$1.8 billion per year printing documents.
حكومەتی ئەمەریكا ساڵانە، ملیارێك و 800 ملیۆن دۆلار، تەنها لەچاپكردنی بەڵگەنامەدا خەرجدەكەن.

1760. There's a town called "Big Ugly" in West Virginia, U.S.A.
لەویلایەتی ڤیرجینیای خۆرئاوای ئەم وڵاتە، شارێك هەیە ناوی Big Uglyیە واتە "زۆر ناشرین".

1761. The U.S. Tax Code is 5,000 pages long while The Bible and "War and Peace" only have about 4,500 pages.
كتێبی باجی ئەمەریكا لەپێنج هەزار لاپەڕە پێكهاتووە. بەڵام ئینجیل و رۆمانی شەڕو ئاشتی تەنها لە 4500 لاپەڕە، پێكهاتون.

1762. Nelson Mandela was not removed from the U.S. terror watchlist until 2008.
تا ساڵی 2008، نێڵسۆن ماندێلا لەلیستی چاودێریكردنی تیرۆری ئەمەریكا، لانەبراوە.

1763. Almost half the world's credit card frauds happen in the U.S.
نزیكەی نیوەی هەموو فرتوفێڵە پەیوەندیدارەكانی كرێدیت كارد لەجیهاندا، لە ئەمەریكا، رودەدات.

1764. There are more TVs in the U.S. than people in the U.K.
ژمارەی ئەو تەلەفزیۆنانەی لە ئەمەریكادا هەن، لەژمارەی دانیشتوانی شانشینی یەكگرتوو زیاترە.

1765. The poorest place in the U.S. is Allen, South Dakota, where 96% are Native American.

پەتیترین شوێنی ئەم وڵاتە، شاری ئەلینی ویلایەتی داکۆتای باشورە. لەسەدا 96ی دانیشتوانەکەی، ئەمەریکی رەسەنن.

1766. 1 in 25 U.S. teenagers has attempted suicide.
لەهەموو 25 هەرزەکارێکی ئەمەریکی، یەکێکیان هەوڵی خۆکوشتنی داوە.

1767. In 2010, General Electric made over US$14 billion in profits but paid US$0 in taxes in the U.S.
داهاتی ساڵی 2010، کۆمپانیای جەنەڕاڵ ئێلەکتریك 14 ملیار دۆلاری تێپەڕاند بەڵام تەنانەت یەك دۆلار باجیشی نەدا.

1768. The Afghan War is the longest war in U.S. history.
جەنگی ئەفغانستان، درێژترین جەنگە لەمێژوی ئەمەریکادا.

1769. There are 2 pets for every 3 people in the U.S.
هەموو سێ کەسێك لە ئەمەریکا، دوو گیانداری ماڵییان بەردەکەوێت.

1770. An average person in the U.S. eats 35 tons of food in a lifetime.
کەسێکی ئاسایی لەم وڵاتە، بەدرێژایی ژیانی، 35 تۆ خواردەمەنی، دەخوات.

1771. American flags made in China are banned in the U.S. Military.
ئاڵای ئەمەریکای دروستکراو لە چین، لەناو سوپای ئەمەریکادا قەدەغەیە.

1772. The State of New Jersey, U.S.A., was originally called Lorraine and New Sweden.
ویلایەتی نیوجێرسی لەبنەڕەتدا پێیوتراوە لۆراین و نیو سویدن.

1773. In WWII, the U.S. and New Zealand secretly tested 3,700 "tsunami bombs" designed to destroy coastal cities.
لەمیانەی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەمەریکاو نیوزلەندا بەنهێنی 3700 بۆمبی تسونامییان تاقیکردەوە. ئەم جۆرە بۆمبە بەتایبەتی بۆ وێرانکردنی شارە کەنارییەکان، دروستکراون.

1774. It's estimated 1.5 million people are "missing missing" in the U.S.; people who have disappeared but haven't been reported as missing.
ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئەمەریکا بێسەروشوێنن و دەسەڵاتداران لەو بێسەروشوێنبونە، ئاگادار نەکراونەتەوە، بە ملیۆنێك و 500 هەزار کەس دەخەملێنرێن.

1775. Gerald Ford was the only to have served as both U.S. President and Vice President without being elected to either position.

تەنها سەرۆکی ئەمەریکا کە وەك سەرۆك و جێگری سەرۆکیش خزمەتیکردووە، بەبێ ئەوەی بۆ هیچ یەکێك لەو دوو پۆستە هەڵبژێردرێت، جیرالّد فۆرد بووە.

1776. Interracial marriage was banned in the U.S. for much of its history: from 1776 to 1967.
هاوسەرگیریی لەنێوان رەگەزە جیاوازەکاندا لە ئەمەریکا، ماوەیەکی ئێجگار زۆر قەدەغەکراوە. لەساڵی 1776 تا 1967 قەدەغە بووە.

1777. The cost of college in the U.S. has gone up 500% since 1985.
تێچوی خوێندنی کۆلێژ لە ئەمەریکا، لەساڵی 1985ەوە، بەڕێژەی لەسەدا پێنج سەد، زیادیکردووە.

1778. The U.S. has 19 aircraft carriers, compared to the rest of the world's 12 aircraft carriers combined.
ئەمەریکا، 19 کەشتی فڕۆکەهەڵگری هەیە. بەڵام هەموو وڵاتانی تری جیهان پێکەوە، تەنها 12یان هەیە.

1779. U.S. Families living in extreme poverty, with less than US$$2 per day, has doubled to 1.5 million since 1996.
ژمارەی ئەو خێزانە زۆر هەژارانەی ئەمەریکا کە داهاتی رۆژانەیان تەنها دوو دۆلارە، لەساڵی 1996ەوە تائێستا بوون بە دوو ئەوەندە. ژمارەی ئەو خێزانانە ملیۆنێك و 500 هەزارە.

1780. GPS is owned and controlled by the U.S. Government. It can be 'switched off' at any time.
خاوەنی جی پی ئێس، حکومەتی ئەمەریکایەو لەلایەن ئەویشەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. دەشتوانێت لەهەرکاتێکدا بیەوێت بیکوژێنێتەوە.

1781. 47% of the U.S. remains unoccupied, despite having a population of 314 million.
هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا نزیکەی 314 ملیۆنە، بەڵام تائێستاش لەسەدا 47ی خاکی ئەم وڵاتە، چۆڵە.

1782. Between 10 and 20 volcanoes are erupting somewhere on Earth every day.
هەموو رۆژێك 10 تا 20 گڕکان لەشوێنە جیاکانی زەوی، رودەدات.

1783. The word "volcano" originally comes from the name of the Roman god of fire, Vulcan.
وشەی Volcano کە بەمانای گڕکان دێت، لەبنەڕەتدا لەوشەی Vulcanی رۆمانییەوە هاتووە کە بەمانای خواوەندی ئاگر، دێت.

1784. The southernmost active volcano on Earth is in Antarctica. It spews crystals and is very close to the U.S. Research Center.
لەوپەڕی باشوری گۆی زەوی گڕکانێکی چالاك هەیە کە دەکەوێتە کیشوەری جەمسەری باشورەوە. ئەم گڕکانە کریستاڵ دەردەدات و لەسەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ئەمەریکاوە نزیکە.

1785. There's a volcano in Indonesia that spews blue flames.
لە ئیندۆنوسیا گڕکانێك هەیە، گڕی شین دەردەدات.

1786. On April 1, 1974, black smoke was seen rising from Mount Edgecumbe, a volcano in Alaska. When a Coast Guard pilot came closer to investigate, he found 70 tires burning and the words "APRIL FOOL" spray painted into the snow.
لە 1-4-1974، دوکەڵێکی ڕەش بینرا کە لەگڕکانێکی ئەلاسکا بەرزدەبووەوە. کاتێك فڕۆکەوانێکی پاسەوانانی کەنارەکان لەدوکەڵەکە نزیکبووەوە، بۆی دەرکەوت کە 70 تایەیە سوتێنراوەو بە سپرەی لەسەر بەفری شوێنەکە، نوسراوە "فشەی نیسان" بەڵام تەبعەن بە ئینگلیزی.

1787. In 1600, a volcano eruption in Peru caused a famine that killed about 2 million people in Russia.
لەساڵی 1600، تەقینی گڕکانێك لە پیرۆ، برسێتییەکی بەدوای خۆیدا هێنا کە نزیکەی دوو ملیۆن کەسی لە روسیا کوشت.

1788. In 1943, a fissure opened in a farmer's cornfield in Mexico, growing into a five story tall volcano in only a week and up to 1,100 feet after a year.
لەساڵی 1943 لە مەکسیك، درزێك کەوتە کێڵگەیەکی گەنمەشامی جوتیارێك. لەماوەی تەنها هەفتەیەکدا ئەو درزە بووە گڕکانێکی زەبەلاح کە بەقەدەر بینایەکی پێنج نهۆمی بەرزبوو. پاش ساڵێکیش، بەرزییەکەی گەیشتە 1100 پێ.

1789. In 1986, a volcanic lake in Cameroon, Africa burped a C02 gas cloud that killed 1,746 people in minutes.
لەساڵی 1986، دەریاچەیەکی گڕکانی لە کامیرۆن، هەورێکی پێکهاتوو لە گازی CO2ی دروستکرد کە بووەهۆی ئەوەی لەماوەی تەنها چەند خولەکێکدا، 1746 کەس بکوژێت.

1790. No other country in Europe has as many volcanoes as Italy.
ئیتاڵیا لەهەموو وڵاتەکانی تری ئەورووپا، گڕکانی زیاتر تێدایە.

1791. 80% of volcanic eruptions happen underwater.
لەسەدا 80ی تەقینە گڕگانییەکان لەژێر ئاوەوە، رودەدەن.

1792. Some volcano eruptions are capable of creating powerful electrical charges that can lead to bolts of lightning as large as two miles long.

هەندێك لەتەقینە گڕکانییەکان دەبنەهۆی دروستبونی بارگەی کارەبایی هێندە بەهێز کە هەورەبروسکە بەدرێژایی دوو میل دروستدەکات.

1793. 20% of women in the U.S. earn at least $5,000 more than their spouse.
لەسەدا 20ی ژنان لەئەمەریکا، لانیکەم ساڵانە پێنج هەزار دۆلار، لەهاوژینەکانیان، زیاتر پەیدادەکەن.

1794. All of the 20 richest women in the world except for #17, inherited their money from either their husband or their father.
لە 20 دەوڵەمەندترین ژنەکەی جیهان، جگە لەحەڤدەهەمیان، هەمویان سامانەکانیان لەمێرد یان باوکیانەوە بۆ ماوەتەوە.

1795. Women speak about 20,000 words a day. That's 13,000 more than the average man.
ژنان رۆژانە 20 هەزار وشە، قسەدەکەن. پیاوێکی ئاسایی رۆژانە حەوت هەزار وشە قسەدەکات.

1796. The average woman in the UK owns 19 pairs of shoes, but wears only 7.
ژنێکی ئاسایی لەشانشینی یەکگرتوو، 19 جوت پێڵاوی هەیە بەڵام تەنها حەوت جوتی لەپێدەکات.

1797. In Russia there are 9 million more Women than men.
لە روسیا ژمارەی ژنان، نۆ ملیۆن لەپیاوان زیاترە.

1798. Women spend nearly one year of their lives deciding what to wear.
ژنان نزیکەی ساڵێکی تەمەنیان بە خۆیەکلاییکردنەوە لەسەر لەوەی چی لەبەرکەن، بەسەردەبەن.

1799. Women cry on average between 30 and 64 times a year while men cry between 6 and 17 times.
ژنان بەگشتی، لەساڵێکدا 30 تا 64 جار دەگرین بەڵام پیاوان لەهەمان ماوەدا، شەش تا 17 جار دەگرین.

1800. Israel is the only country in the world to draft women into Military service.
یەکەم وڵات لەجیهاندا کە ژنانی خستووەتە ناو خزمەتی سەربازییەوە، ئیسرائیلە.

1801. Instead of chest pains, heart attacks in women have nausea, indigestion, and shoulder aches.
جەڵدەی دڵ کاتێك لەپیاو دەدات، ئازارێك لەسنگیدا پەیدا دەبێت. بەڵام لەژندا لەبری ئەو ئازاری سنگە، توشی هێلنجدان و بەدهەرسی و ئازاری شان، دەبێت.

1802. 4% of women in the U.S. are pregnant right now.
لەئێستادا کە من لەخزمەتتام، تۆش وەك برام وایت لەسەدا چواری هەموو ژنانی ئەمەریکا، دوگیانن.

1803. Women's hearts beat faster than men's.
لێدانی دڵی ژن لەهی پیاو، خێراترە.

1804. The woman who underwent the world's first successful womb transplant became pregnant in 2013.
ئەو ژنەی یەکەم چاندنی منداڵدانی بۆ کرا لەجیهاندا، لەساڵی 2013، دوگیان بوو.

1805. Women spend over 4 years (in total) of their lives menstruating.
ژنان زیاتر لەچوار ساڵی کۆی تەمەنیان، بە عادەیی، بەسەردەبەن.

1806. Women have more taste buds than men.
ژنان لەپیاوان، گۆپکەی چەشتنیان زیاترە.

1807. Women who snore during pregnancy are more likely to have smaller babies, according to a study.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو ژنانەی لەکاتی دوگیانیدا، دەپرخێنن، ئەگەری زۆرە منداڵەکانیان بچوك بێت.

1808. Some women can have a genetic mutation which causes them to see millions of more colors.
دەکرێ هەندێك لەژنان بەهۆی گۆڕانکاری جینییەوە، وایان لێبێت کە ملیۆنەها ڕەنگ زیاتر لەحاڵەتی ئاسایی، ببینن.

1809. Taller women are more likely to get cancer, according to a study.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ژنانی باڵابەرز ئەگەری توشبونیان بە شێرپەنجە، زیاترە. کەواتە کورتەبنەکان زۆر خەفەت نەخۆن!

1810. An average woman in the UK will own 111 handbags in her lifetime.
ژنێکی ئاسایی لەشانشینی یەکگرتوو، بەدرێژایی تەمەنی، 111 جانتای دەستی، هەیە.

1811. 30% of pregnant women crave nonfood items, an eating disorder called pica.
لەسەدا 30ی ژنانی دوگیان، بێزوو بە شتگەلێکەوە دەکەن کە خواردن نیە. ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی نیە.

1812. Women can get pregnant even 5 to 8 days after having sex.
دەکرێ ژنان پاش تەنها پێنج بۆ هەشت ڕۆژ لە سێکسکردن، دوگیان ببن.

1813. The most children born to one woman is 69.
تائێستا زۆرترین منداڵ کە لە ژنێك بوبێت، 59 منداڵ بووە.

1814. Women think about their appearance 9 times a day, a UK survey found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك كە لەشانشینی یەکگرتوو ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ژنان رۆژانە نۆ جار بیر لەڕوخساریان دەکەنەوە.

1815. Women were first allowed to participate in the Olympic Games in 1900.
لەساڵی 1900 بۆ یەکەمین جار ڕێگە بە ژنان دراوە کە بەشداری لەیارییە ئۆڵۆمپییەکاندا بکەن.

1816. Heart disease is the No. 1 killer of women.
نەخۆشییەکانی دڵ یەکەم هۆکاری کوشتنی ژنانە.

1817. 1 in every 6 women has been victims of sexual assault in the U.S.
لە ئەمەریکا، لەهەموو شەش ژنێك، یەکێکیان قوربانی دەستدرێژیی سێکسییە.

1818. Women in Niger have an average of 7 children, the world's highest rate.
بەگشتی هەر ژنێکی نیجەر کە وڵاتێکی ئەفەریقییە، حەوت منداڵی هەیە. ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە ژمارەی منداڵانی ژنانی هەر وڵاتێکی تر، زۆرترینە.

1819. Women live longer than men partly because their immune systems age more slowly.
ژنان لەپیاوان زۆرتر دەژین. هۆکارێکی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆئەندامی بەرگرییان، درەنگتر پیردەبێت.

1820. The average woman in the UK has 150 different hairstyles in her lifetime.
ژنێکی ئاسایی لەشانشینی یەکگرتوو، بەدرێژایی ژیانی، 150 شێوەی جیاوازی قژداهێنان و ڕێکخستن، بەکاردەهێنێت.

1821. Jamaica, Colombia and St Lucia are the only countries where a woman is more likely to be a boss than a man.
لەسەرتاسەری جیهاندا تەنها سێ وڵات هەن کە تیایاندا ئەگەری بونی ژنان بە مدیر لە پیاوان زیاترە: جامایکا، کۆڵۆمبیا، ساینت لوسیا.

1822. 30% of businesses in the U.S. are owned by women.
خاوەنی لەسەدا 30ی بازرگانییەکانی ئەمەریکا، ژنن.

1823. In China, women who remain unmarried in their late 20s and beyond are called "Sheng nu" which means "leftover women."
لە چین، ئەو ژنانەی لەکۆتایی تەمەنی 20کان و دواتردا دەمێننەوەو شوناکەن، پێیان دەووترێت ژنانی پاشماوە.

1824. Every 13 minutes, a woman dies from breast cancer in the U.S.

هەموو 13 دەقەیەك، ژنێك لە ئەمەریکا بەهۆی شێرپەنجەی مەمکەوە، گیان لەدەست دەدات.

1825. The United Arab Emirates has the biggest gender imbalance in the world, with 219 men for every 100 women.
ئیمارات خاوەنی زۆرترین ناهاوسەنگییە لەنێوان ژمارەی نێرینەو مێینە. لەبەرامبەر هەر 219 پیاوێکدا تەنها 100 ژن هەیە.

1826. Shorter women have shorter pregnancies, a study found.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ژن تا باڵای کورتتر بێت، ماوەی دوگیانیشی کورتتر دەبێت.

1827. Miami is the only major U.S. city that was founded by a woman.
تەنها شاری سەرەکیی ئەمەریکا کە لەلایەن ژنەوە دامەزرێنرابێت، میامییە.

1828. During the 1940 Presidential campaign, Alice Lee Roosevelt, cousin of president FDR and daughter of former president teddy Roosevelt, publicly proclaimed that she'd "rather vote for Hitler than vote for Franklin for a third term."
لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی 1940ی ئەمەریکا، ئەلیس لی روزڤڵت، ئامۆزای فرانکڵ دی روزڤڵت، سەرۆکی ئەمەریکاو کچی تێدی روزڤڵت، سەرۆکی پێشوتری ئەو وڵاتە، بە ئاشکرا رایگەیاند، دەنگ بە هیتلەر دەدات بەڵام نایدات بە فرانکلین بۆ ماوەی سێیەمی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی.

1829. India has more people using the internet than the entire population of the U.S.
ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە هندستان لەکۆی هەموو دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاترە.

1830. Indian actor Brahmanandam Kanneganti had a role in more than 1000 films, a world record.
ئەکتەری هندی، براهامانادام کانیگانتی، لەزیاتر لەهەزار فیلمدا رۆڵی بینیوە. ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی جیهانییە.

1831. 13 of the 20 most polluted cities in world are just in India.
لەکۆی 20 پیسترین شارەکەی جیهان، 13یان لە هندستانە.

1832. Women reach full emotional maturity around age 32, while men finish maturing around age 43.
ژنان لەتەمەنی 32 ساڵیدا لایەنی سۆزداریان تەواو پێدەگات بەڵام پیاوان لەتەمەنی 43 ساڵیدا بەتەواوەتی دەکوڵێن لەو رووەوە!

1833. Not all your nails grow at the same speed, you middle fingernail grows the quickest.

هەموو نینۆکەکانت بەهەمان خێرایی، گەشەناکەن. نینۆکی پەنجەگەورەت خێراترینە لەو رووەوە.

1834. After his wife died because she couldn't easily access medical attention, an Indian man spent 22 years cutting through the mountain that separated his village from the nearest medical center. The finished path shortened the necessary travel distance by 40 km. He used nothing but a chisel.

لە هندستان، پاش ئەوەی پیاوێك، ژنەکەی بەهۆی ئاسان پێڕانەگەیشتنی چارەسەری پزیشکی، گیانی لەدەستدا، 22 ساڵی رەبەقی لەکونکردنی ئەو شاخەدا بەسەربرد کە گوندەکەیانی لەنزیکترین سەنتەری پزیشکی جیاکردبووەوە. پاش ئەوەی رێڕەوێکی دروستکرد، مەسافەی نێوان گوندەکەو سەنتەرەکەی بەبڕی 40 کیلۆمەتر کورتکردەوە. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەم پیاوە بۆ ئەو مەبەستە تەنها چیزڵی بەکارهێناوە کە کەرەستەیەکە تەقریبەن وەك تەشوێی لای خۆمان وایە.

1835. In 1975, officials in the Chinese city of Haicheng became alarmed by the odd behaviors of dogs and other animals, causing them to evacuate their city of 90,000 residents. Just a few hours later, a 7.3 magnitude earthquake destroyed nearly 90% of their buildings.

لەساڵی 1975، واتە چەند ساڵێك پێش چاپبونی ئێمەمانان، دەسەڵاتدارانی شاری هایچێنگ لە چین، لە رەفتارگەلێکی نامۆی سەگ و چەند گیاندارێکی تر ئاگادارکرانەوە. بەهۆی ئەمەوە تەواوی شارەکەیان لەخەڵکەکە چۆڵکرد کە ژمارەیان 90 هەزار کەس دەبوو. تەنها چەند سەعاتێك دواتر، زەمینلەرزەیەکی 7.3 پلەیی لەو شارەی داو نزیکەی لەسەدا 90ی بیناکانی وێرانکرد.

1836. Polish teenager Iga Jasica unexpectedly woke up in the middle of her brain surgery and calmly asked the doctor, "How's it going?' She wasn't in any pain, so they talked about cats until the surgery was over.

جارێك کچەهەرزەکارێکی پۆڵەندی بەناوی ئیگا جاسیکا، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراوو لەگەرمەی نەشتەرگەریی مێشکیدا، بەئاگاهاتەوەو بەبێ هیچ خۆتێکدانێك لەپزیشکەکەی پرسی: "ئیش و کار کو دەڕوا؟!".
لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەو کچە لەو کاتەدا، هیچ ئازارێکی نەبوو، بۆیە تا کاتی تەواوبونی نەشتەرگەرییەکە، پێکەوە لەگەڵ پزیشکەکەدا سەبارەت بە پشیلە کەوتنە دەمەتەقێ. بۆ پشیلە؟ نازانم بەڵام ئیحتیمالی هەس کە هەردوکیان پشیلەیان خۆش ویستبێت.

1837. Iran arrested 14 squirrels for spying in 2007.

لەساڵی 2007، ئێران 14 سمۆرەی بەتۆمەتی سیخوڕیکردن، دەستگیرکردووە.

1838. When Louis Pasteur was working on the rabies vaccine, if he or his assistants got infected, they were to be shot in the head.

کاتێك لویس پاستۆر کاری ئەزمونی لەسەر پێکوتە (ڤاکسین)ی نەخۆشی هاریی سەگ دەکرد، وا رێکەوتبوون کە ئەگەر خۆی یان یەکێك لەیاریدەدەرەکانی لەو کاتەدا توشی ئەو نەخۆشییە ببن، گوللـەیەك بنرێت بەسەریەوە.

1839. There's a toilet-themed restaurant in Taiwan, where food is served on miniature toilets.

لە تایوان ریستۆرانتێکی شێوە تواڵێت هەیە کە تێیدا خواردمەنی لەسەر مێزی شێوە تواڵێت، پێشکەش دەکرێت. ئیتر ئەمە زەوقە!

1840. The world's biggest family lives together in India: a man with 39 wives and 94 children.
گەورەترین خێزان لەجیهاندا کە پێکەوە دەژین، لە هندستانە کە لە پیاوێك و 39 ژن و 94 منداڵ پێکدێت.

1841. In 2013, a man bought a house next to his ex-wife just to install a giant middle finger statue for her to see every day.
لەساڵی 2013، پیاوێك ماڵێکی لەنزیك کۆنەژنەکەیەوە کڕی و پەیکەرێکی گەورەی پەنجەی ناوەڕاستی دەستی لەبەردەمدا جێگیرکرد بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك ببینێت و دڵی بتەقێت.

1842. In 2009, Nigerian Police arrested a goat on suspicion of attempted armed robbery.
لەساڵی 2009، پۆلیسی نیجیریا، بزنێکی بەگومانی هەوڵدان بۆ تاڵانکردن بەچەکەوە، دەستگیرکرد.

1843. In 2011, a woman bought a "non-visible" piece of art for $10,000.
لەساڵی 2011، ژنێك کارێکی هونەری نەبینراوی بەبەهای 10 هەزار دۆلار کڕی.

1844. In 2013, a girl survived ASIANA's Plane Crash, only to be run over and killed by a responding fire truck.
لەساڵی 2013، ژنێك لەڕوداوێکی تەقینەوەی فڕۆکە رزگاری بوو، بەڵام لەکاتی راکردنیدا ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری فڕۆکەکە هاتبوو، لێیداو کوشتی.

1845. In 2006, The FBI planted an informant pretending to be a radical Muslim in a mosque, and the Muslims in the mosque reported him to the FBI.
لەساڵی 2006، نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریکا، سیخوڕێکی خۆی وەك موسڵمانێکی ئوسوڵی، لەمزگەوتێکدا چاند. دواتر کاتێکیان زانی، موسڵمانانی مزگەوتەکە خۆیان نوسینگەکەیان لێ ئاگادارکردەوە.

1846. Charles Darwin Ate Every Animal He Discovered.
چارلز داروین، هەر زیندەوەرێکی ئیکتیشاف کردبێت، خواردویەتی.

1847. A man was jailed and fined US$1500 in Oregon, U.S.A., for collecting rainwater because it is considered ‘property of the state'.
جارێك لەویلایەتی ئۆریگن-ی ئەمەریکا، پیاوێك بەهۆی ئەوەی ئاوی بارانی کۆکردبووەوە، دەستگیرکراو بەبڕی 1500 دۆلار غەرامەکرا. چونکە بەگوێرەی یاسای ئەوێ، باران موڵکی ئەو ویلایەتەیە نەك تایبەت.

1848. A man received the heart of a suicide victim, married his widow, and years later killed himself on the same way his donor did.
جارێك پیاوێك دڵی پیاوێكی تریان تێدا چاند كه خۆی كوشتبوو. دواتر ئەم پیاوه، بێوەژنی پیاوه خۆكوشتووەكەی ماره‌كرد. چەند ساڵێك دواتر، بەهەمان شێوەی خۆكوشتنی پیاوه بەخشەرەكه، خۆی كوشت.

1849. The world's first labour strike was held on the site of a pyramid.
یەكەم مانگرتن لەكار، لەمێژوودا، لەلای هەرەمێك ئەنجامدراوه.

1850. The world's oldest hotel has been operating since 705 AD.
كۆنترین هۆتێل لەجیهاندا كه تائێستا لەخزمەتكردندایه، مێژووەكەی بۆ ساڵی 705ی زاینی دەگەڕێتەوه.

1851. A Colombian woman was raised by monkeys after being kidnaped and abandoned in the jungle as a child.
لەكۆڵۆمبیا جارێك كیژۆڵەیەك رفێنراو لەدارستانێكدا فڕێدرا. دواتر چەند مەیمونێك گرتیانه خۆیان و بەخێویان كرد.

1852. The Roman Emperor Gaius Caligula made his horse a senator.
ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، كالیگولا، ئەسپەكەی كردووه به ئەندامی ئەنجومەنی پیران.

1853. Octopuses are eaten alive in Korea.
له كۆریا، هەشتپێ بەزیندویی دەخورێت.

1854. Roaches appeared 120 million years before dinosaurs.
سیسرك، 120 ملیۆن ساڵ پێش دەیناسور، دەركەوتووه.

1855. The night before his execution, a man in Georgia escaped from prison and, later that night, was beaten to death in a bar fight.
جارێك پیاوێك له جۆرجیا، شەوێك پێش ئیعدامكردنی، لەزیندان هەڵات. بەڵام دواتر هەر ئەو شەوه، لەمیانەی شەڕێكدا لەبارێك، كوژرا.

1856. Cleopatra, the last Pharaoh of Egypt, was actually Greek, not Egyptian.
كیلۆپاترا كه كۆتا فیرعەونی میسر بووه، لەڕاستیدا یۆنانی بووه نەك میسری.

1857. Heroin was initially used to treat people addicted to morphine.
لەسەرەتادا هیرۆین، بۆ چارەسەركردنی كەسانی ئاڵودەبوو به مۆرفین، بەكارهێنراوه.

1858. In the USA, ransom payments to kidnappers are tax-deductible.
له ئەمەریكا، ئەو بڕەپارەیەی وەك فیدیه دەدرێت به رفێنەران، باجی لێ وەرناگیرێت.

1859. Saddam Hussein wrote a Romantic Novel.

سەدامی حسێن رۆمانێکی رۆمانسی نوسیوە.

1860. The Golden Gate uses the largest bridge cables ever made, long enough to encircle the world more than 3 times at the equator.

پردی گۆڵدن گەیت بە بەراورد بە هەر پردێکی تر لەجیهاندا، زۆرترین کێبڵی تێدا بەکارهاتووە. ئەو کێبڵەی لەو پردەدا بەکارهێنراوە، بەشی زیاتر لەسێجارو چارەکێك، سوڕانەوە بەدەوری زەویدا دەکات.

1861. Global warming 'solved' a land dispute between India and Bangladesh: the island in dispute disappeared.

بەهۆی گەرمبونی جیهانییەوە، کێشەیەکی خاکی نێوان هندستان و بەندگلادیش، چارەسەر بوو. دروگەیەك هەبوو کە کێشەیان لەسەری هەبوو. گەرمبونی جیهانی ئەو دورگەیەی نەهێشت.

1862. A rat can last longer without water than a camel.

توانای بەرگەگرتنی جرج بۆ بێئاوی، لەهی حوشتر زیاترە.

1863. Cy Twombly's painting "Untitled" is worth up to US$2,3 million.

تابلۆیەکی هونەرمەند سی تومبلی هەیە ناوی Untitledە واتە بێناویشان. بەهای ئەم تابلۆیە دوو ملیۆن و 300 هەزار دۆلارە.

1864. A survey found that almost 9% of Americans fear zombies, which don't even exist.

ڕوپێوییەك دەریخستووە کە نزیکەی لەسەدا نۆی ئەمەریکییەکان لەزۆمبی دەترسن. هەرچەندە زۆمبی ئەسڵەن بونی نیە.

1865. In 1907 Joseph Stalin said at the funeral of his first wife, "This creature softened my heart of stone. She died and with her died my last warm feelings for humanity.

لەساڵی 1907، جۆزێف ستالین، لەکاتی پرسەی یەکەم هاوسەریدا، رایگەیاند: "ئەم مەخلوقە دڵە بەردەکەمی نەرمکردبوو. ئەوا مردو بە مردنیشی، کۆتا هەستی مرۆڤایەتیش لەمندا نەما".

1866. Dolphins Recognize and Admire Themselves in Mirrors.

دۆلفین لەئاوێنەدا خۆی دەناسێتەوە بە خۆشی موعجیب دەبێت.

1867. The average lifespan of a dolphin is 15 years. However, some of them lived 50 years.

سوڕی ژیانی ئاسایی دۆلفین، 15 ساڵە. بەڵام هەندێکیان 50 ساڵ دەژین.

1868. Dolphins sleep with one eye open.

دۆلفین کاتێك دەخەوێت، چاوێکیانی کراوەیە.

1869. The Death Penalty is legal in 32 U.S. states.

32 ویلایەتی ئەمەریکا، سزای لەسێدارەدانی تێدایە.

1870. Since 1976, when the death penalty was reinstated by the U.S. Supreme Court, 1,394 people have been executed (as of December 2014)

لەساڵی 1976ەوە کە تێیدا سزای لەسێدارەدان لەلایەن دادگای باڵای ئەمەریکاوە خراوەتەوە بواری جێبەجێکردن، تا مانگی دیسەمبەری 2014، هەزارو 394 کەس لەو وڵاتە، لەسێدارەدراون.

1871. The death penalty was outlawed in the UK partly because a man was wrongfully executed for the murder of his wife and daughter in 1950.

هۆکارێکی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لەشانشینی یەکگرتوو، بەهۆی ئەوەوە بوو کە پیاوێك بەهەڵە، بەتۆمەتی کوشتنی ژن و کچەکەی لەساڵی 1950، لەسێدارەدرا.

1872. Company executives in China can get sentenced to death for committing fraud.

لە چین، بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری کۆمپانیاکان، دەکرێ بەهۆی فرتوفێڵەوە، سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەربچێت.

1873. Possessing Bibles, watching South Korean movies and distributing pornography may be punished with death in North Korea.

لە کۆریای باکور، هەبونی ئینجیل، سەیرکردنی فیلمەکانی کۆریای باشور، بڵاوکردنەوەی فیلم و وێنەی پۆرنۆگرافی، دەکرێ سزاکەیان بگاتە لەسێدارەدان.

1874. Crucifixion is still an official form of death penalty in Sudan.

تائێستاش لەخاچدان، شێوازێکی ڕەسمی ئیعدامکردنە لە سودان.

1875. China executes the death penalty more than 4 times as the rest of the world combined.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی چینەوە لەسێدارەدەدرێن، لەچوار ئەوەندەی کۆی ژمارەی ئەو کەسانە زیاترە کە لەسەرجەم وڵاتەکانی تری جیهان پێکەوە، لەسێدارە دەدرێن.

1876. In 1944, a 14-year-old African-American was executed in the U.S. after a quick 2-hour trial with little evidence.

لەساڵی 1944، منداڵێکی تەمەن 14 ساڵی ئەمەریکی بەڕەگەز ئەفەریقی لە ئەمەریکا، پاش دادگاییکردنێك کە تەنها دوو سەعاتی خایاندو پاڵپشت بە بەڵگەیەکی بچوك، لەسێدارەدرا.

1877. Saudi Arabia, a member of the U.N. Human Rights Council, punished 2,000 people with the death penalty since 1985.

سعودیە ئەندامی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەڵام سەرباری ئەوەش لەساڵی 1985ەوە، زیاتر لە دوو هەزار کەسی لەسێدارەداوە.

1878. The state of Washington may still execute prisoners by hanging.
تائێستاش لە ویلایەتی واشنتۆن، هەڵواسین تا مردن، شێوازێکی لەسێدارەدانە.

1879. In 2005, A Chinese company used skin harvested from the corpses of executed convicts to develop beauty products for sale in Europe.
لەساڵی 2005، کۆمپانیایەکی چین، پێستی داماڵراو لەتەرمی کەسانی لەسێدارەدراوی بۆ دروستکردنی ماددەی جوانکاری بەکارهێناوە تا لە ئەورووپا بیفرۆشێت.

1880. Atheism is punished with the death penalty in 13 countries.
بڕوانەبون بەخودا، لە 13 وڵات تاوانێکە سزاکەی لەسێدارەدانە.

1881. Bill Cosby spoke out against giving the death penalty to the man who shot and killed his own son.
بیل کۆسبی کە کۆمیدیانێکی ئەمەریکییە، دژی سزای لەسێدارەدانی ئەو پیاوە بووە کە کوڕەکەی کوشتووە.

1882. countries have abolished the death penalty. Notable exceptions include the U.S., Japan and China.
وڵات لەسەرتاسەری جیهاندا، سزای لەسێدارەدانیان هەڵوەشاندووەتەوە. بەڵام دیارترین ئەو وڵاتانەی کە تائێستاش ئەم سزایە جێبەجێ دەکەن، ئەمەریکاو یابان و چینن.

1883. In 1863, Venezuela became the first modern country to abolish the death penalty for all crimes.
لەساڵی 1863، ڤەنزوێلا بووە یەکەم وڵاتی هاوچەرخ کە سزای لەسێدارەدانی بۆ هەموو تاوانەکان، هەڵوەشاندەوە.

1884. In Ancient Egypt, killing a cat, even accidentally, incurred the death penalty.
لە میسری دێرینداً، کوشتنی پشیلەیەك تەنانەت ئەگەر بە ئەنقەستیش نەبوایە، سزاکەی لەسێدارەدان بوو.

1885. 6 in 10 Americans favor the death penalty for convicted murderers.
لەهەموو 10 ئەمەریکییەك، شەشیان پشتگیری سزای لەسێدارەدانی پیاوکوژ، دەکەن.

1886. 84% of people surveyed in Egypt are in favor of the death penalty as a punishment for abandoning Islam.
لەسەدا 84ی ئەو کەسانەی لەمیسر راپرسییەکیان لەسەر کراوە، پشتگیری سزای لەسێدارەدان دەکەن بۆ ئەو کەسانەی واز لەئایینی ئیسلام، دەهێنن.

1887. In Ancient Rome, the punishment for killing one's father was the death penalty, consisting of being sewn up in a sack along with a viper, a dog, and a cock.

لە رۆمای دێرینداا سزای کوشتنی باوك، لەسێدارەدان بووە بەڵام بەشێوەیەکی زۆر دڕاندانە. تاوانبارەکە لەگەڵ ماریکی ژەهراوی و سەگێك و کەڵەشێرێکەوە دەخرایە ناو کیسێکەوەو کیسەکە دەدورایەوە.

1888. In 1989, an innocent man was punished with the death penalty in Texas because the jury confused him for another with the same name, looks and height.

لەساڵی 1989، پیاوێکی بێتاوان لەویلایەتی تەکساس، بەهەڵە لەسێدارەدرا. تاوانبارەکە بە ناوو روخسارو بەرزییەوە لەهەمان ئەم پیاوە بێتاوانە دەچوو بۆیە دادگا لێی تێکچوو و بەهەڵە بڕیاری لەسێدارەدانی لەدژ دەرکرد.

1889. Nepal was the first country in Asia to introduce gay marriage. It has also outlawed the death penalty.

نیپاڵ یەکەم وڵاتی کیشوەری ئاسیایە کە ڕێی بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزباز داوە. هەروەها سزای لەسێدارەدانیشی هەڵوەشاندووەتەوە.

1890. China has mobile "execution vans" to enforce the death penalty without moving to a proper execution ground.

چین چەندین ئۆتۆمبێلی جۆری ڤانی هەیە کە وەك شوێنی گەڕۆکی لەسێدارەدان، بەکاریان دەهێنێت. لەناو ئەم ڤانانەدا، تاوانباران بەبێ ئەوەی پێویست بە گواستنەوە بۆ شوێنی گونجاوی لەسێدارەدان بکات، لەسێدارەدەدرێن.

1891. During his time as a Congressman and later as U.S. President, John F Kennedy donated all of his salary to charity.

بەدرێژایی ماوەی کارکردنی وەك کۆنگرێسمان و دواتریش وەك سەرۆکی ئەمەریکا، جۆن ئێف کێنێدی، سەرجەم موچەکەی بۆ کاری خێرخوازی، بەخشیوە.

1892. In 1999, the U.S. government paid the Zapruder family US$16 million for the film of JFK's assassination.

لەساڵی 1999، حکومەتی ئەمەریکا، لەبەرامبەر دیمەنی ڤیدۆیی تیرۆرکردنی جۆن کێنیدی، بڕی 16 ملیۆن دۆلاری دا بە خێزانی وێنەگرەکە.

1893. George Washington stopped the Revolutionary War to return a lost dog to the enemy.

جۆرج واشنتۆن، لەپێناو گێڕانەوەی سەگێکی ونبوو بۆ خاوەنەکەی، جەنگی سەربەخۆیی بۆ ماوەیەك وەستان، هەرچەندە خاوەنەکەی سەربە هێزەکانی دوژمن بوو.

1894. When George Washington died, Napoleon ordered 10 days of mourning in France.

کاتێك جۆرج واشنتۆن کۆچی دوایی کرد، ناپلیۆن لە فەرەنساوە، 10 ڕۆژ ماتەمینی ڕاگەیاند.

1895. When George Washington passed away in 1799, Britain's entire Royal Navy lowered its flags at half-mast.

لەساڵی 1799، کاتێك جۆرج واشنتۆن کۆچی دوایی کرد، هێزە دەریاییەکانی شاهانەی بریتانیا، ئاڵاکانیان تا ئاستی ناوەڕاستی عەمودەکان، داگرت.

1896. Before his passing, George Washington had become opposed to slavery, and in his will he ordered his 300 slaves to be freed after his wife's death.

پێش ئەوەی بمرێت، جۆرج واشنتۆن، بووە نەیاری کۆیلایەتی و لەوەسیەتنامەکەیدا، فەرمانیکردووە هەر 300 کۆیلەکەی پاش مردنی ژنەکەی، ئازادبکرێن.

1897. Dogs (and most animals) can't recognize themselves in the mirror.

سەگ و زۆربەی گیاندارانی تر، لەئاوێنەدا خۆیان ناناسنەوە.

1898. Mount Everest has its own 4G wireless network.

شاخی ئیڤرست، وایەرلێسی فۆرجیی تایبەت بەخۆی هەیە.

1899. Students who chew gum have better math test scores than those who do not, a study found.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو خوێندکارانەی بنشێت دەجون، لەتاقیکردنەوەی ماتماتیکدا، پلەی زیاتر دەهێنن وەك لەخوێندکارانی تر.

1900. The word pencil comes from a Latin word meaning 'small penis'.

وشەی pencil کە بەمانای قەڵەم رەساس دێت، لەوشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بەمانای small penis واتە چوکی بچوك، دێت.

1901. The less you give a damn, the happier you will be.

تا کەمتر لەعنەت بهاویت، بەختەوەرتر دەبیت.

1902. Leonardo DaVinci used to buy caged animals at the market just to set them free.

لیۆناردۆ داڤینشی وا راهاتبوو کە زیندەوەری لەقەفەزنراوی لەبازاڕ دەکڕی و ئازای دەکردن.

1903. Marijuana is illegal in 48 states and having sex with a horse is illegal in only 27 states.

ماریجوانا لە 48 ویلایەتی ئەمەریکادا نایاساییە. بەڵام سێکسکردن لەگەڵ ئەسپ تەنها لە 27 ویلایەتدا، نایاساییە.

1904. At least once a day your immune system destroys a cell that would have become cancer if it lived.
رۆژانە لانیکەم کۆئەندامی بەرگریت، خانەیەك لەناودەبات کە ئەگەر لەناو نەچێت، دەبێتە شێرپەنجە.

1905. Your tongue is germ free only if it is pink. If your tongue is white, there is a thin film of bacteria on it.
زمانت تەنها لەیەك حاڵەتدا میکرۆبی تێدا نیە ئەویش ئەوەیە کە ڕەنگی پەمەیی بێت. بەڵام بۆ نمونە ئەگەر سپی بێت ئەوە بەڵگەی ئەوەیە چینێکی ئەستور بەکتریای لەسەرە.

1906. You never really know the true value of a moment, until it becomes a memory.
بەداخەوە بەهای ڕاستەقینەی شتەکان کاتێك دەزانین کە دەبنە یادگاری.

1907. 86% of people use music to escape from their daily stress.
لەسەدا 86ی خەڵك، موزیك بۆ ڕاکردن لە خەفەت و فشاری دەرونی ڕۆژانەیان بەکاردەهێنن.

1908. When you really love someone, age, distance, height and weight are just numbers.
کاتێك بەڕاستی کەسێکت خۆش دەوێت، تەمەن و دوری و بەرزی و کێش، جگە لەژمارە، هیچی تر نیە.

1909. Florida is 15,409 square miles bigger than England.
فلۆریدا 15 هەزارو 409 میلی چوارگۆشە لە ئینگلتەرا، گەورەترە.

1910. To have someone clean your ear while relaxing is now possible with these ear-cleaning parlors in Japan. Yamamoto Mimikaki-ten, a company that has been in this business since 2006, offers to take care of your ear and spoil you with its healing environment in the parlor. It charges 2,700 yen (US$32) per basic service in every 30 minutes. The customer will be greeted by a young woman with kimono who serves him tea and makes small talk. After that, he woman put his head on her lap and covers his face with a handkerchief, ready to scrape his ear wax gently.
Meanwhile, another ear cleaning parlor called Beatific, offers 70 minutes service which costs 8,400 yen (US$100).

لە ژاپۆن کە پێشکەوتوترین وڵاتی کیشوەری ئاسیایەو یەکێکە لەپێشکەوترین وڵاتەکانی جیهانیش بەگشتی، خزمەتگوزاری گوێپاکردنەوە یەکێکە لەکارە ڕەسمییەکان.
لەڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییەوە دەتوانیت لەدۆخێکی تەواو پڕ لەحەوانەوداو لەهۆڵی تایبەت، یەکێك بە پارە ، گوێت بۆ پاکبکاتەوە. لەم وڵاتە، کۆمپانیایەك هەیە بەناوی یامامۆتۆ میمیکاکی-تێن. لەساڵی 2006ەوە ئەم کۆمپانیایە کاری گوێپاکردنەوەو گرنگیدان بەگوێ دەکات.

کرێی خزمەتگوزارییە بنچینییەکانی پەیوەندیدار بە گوێ، 2700 یەنی ژاپۆنییە کە دەکاتە 32 دۆلار بۆ هەر 30 خولەکێك.
لەمیانەی ئەم خزمەتگوزارییەدا ژنێك بە جلوبەرگی تایبەتەوە پێشوازی لەکڕیارەکە دەکات و چای پێشکەش دەکات و دواتریش پاش کەمێك قسەکردن، سەری کڕیارەکە دەخاتە سەر رانی و بە دەستەسڕێك سەری دادەپۆشێت و پاشانیش ماندە مۆمینەکەی گوێی، بە نەرمی پاکدەکاتەوە.
هەر ئەم کۆمپانیایە هۆڵێکی تریشی هەیە کە تێیدا لەبەرامبەر 70 خولەك پاککردنەوەو شێلانی گوێ و گەردن و هەردوو شان، 8400 یەنی ژاپۆنی واتە 70 دۆلار لەکڕیارەکە وەردەگرێت.

1911. “Judge a man by his questions rather than his answers.”
زیاتر لەڕێگەی پرسیارەکانییەوە بڕیار لەسەر کەسێك بدە وەك لەڕێگەی وەڵامەکانیەوە.

1912. Happiness is not something you chase and catch. It's something you choose.
بەختەوەری شتێك نیە شوێنی بکەویت و بیگریت بەڵکو شتێکە کە خودی خۆت هەڵیدەبژێریت.

1913. De-extinction is scientifically possible. Several viruses have already been brought back, including the 1918 flu pandemic virus.
پرۆسەی گێڕانەوەی زیندەوەری قڕکراو بۆ ژیان شتێکی مەحاڵ نیە. بۆ نمونە چەند ڤایرۆسێکی لەناوچوو لەوانە ڤایرۆسی ئینفلۆنزای گشتگیر، هێنراونەتەوە ژیان.

1914. Gandhi never won the Nobel Peace Prize, despite being nominated five times.
هەرچەندە گاندی پێنج جار بۆ بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵ، کاندیدکراوە بەڵام هیچ جارێك نەیبردووەتەوە.

1915. Gorillas can catch human colds and other illnesses.
دەکرێ غۆریللا وەك مرۆڤ توشی هەڵامەت و چەندین نەخۆشی تری مرۆڤ، ببێت.

1916. A newborn Chinese water deer is so small it can almost be held in the palm of the hand.
ئاسکی ئاویی چینیی تازە لەدایکبوو، هێندە بچوکە کە تەقریبەن لەسەر لەپی دەست، جێگەی دەبێتەوە.

1917. Ostriches can run faster than horses, and the males can roar like lions.
نەعامە دەتوانێت لەئەسپ خێراتر رابکات. نێرەکانیشیان دەتوانن وەك شێر بنەڕێنن.

1918. A lion in the wild usually makes no more than twenty kills a year.
بەگشتی شێری کێوی، ساڵانە ناتوانێت زیاتر لە 10 نێچیر، بکوژێت.

1919. The female lion does ninety percent of the hunting.
لەسەدا 90ی راوکردنەکانی شێر، لەلایەن مێینەکانیانەوە ئەنجامدەدرێت.

1920. The only dog that doesn’t have a pink tongue is the chow.

تەنها سەگ کە رەنگی زمانی پەمەیی نیە، سەگی جۆری چەوچەوە.

1921. Almost half the pigs in the world are kept by farmers in China.
خاوەنی نزیکەی نیوەی بەرازی هەموو جیهان، جوتیارانی چینن.

1922. On average, dogs have better eyesight than humans, although not as colorful.
بەگشتی توانای بینینی سەگ لەهی مرۆڤ زیاترە هەرچەندە شتەکان بە رەنگاوڕەنگ، نابینن.

1923. Deer have no gall bladders.
ئاسك زراوی نیە.

1924. There is an average of 50,000 spiders per acre in green areas.
لەهەموو ئەکرەیەکی ناوچە سەوزاییەکاندا، 50 هەزار جاڵجاڵۆکە هەیە.

1925. In Alaska it is illegal to whisper in someone's ear while they're moose hunting.
لەویلایەتی ئەلاسکا، چرپاندن بە گوێی کەسێك کە سەرقاڵی راوکردنی کەڵەکێوی بێت، کارێکی نایاساییە.

1926. The bat is the only mammal that can fly.
تەنها زیندەوەری مەمکدار کە دەتوانێت بفڕێت، شەمشەمەکوێرەیە.

1927. The leg bones of a bat are so thin that no bat can walk.
لاقی شەمشەمەکوێرە هێندە باریك و لاوازە، کە ناتوانێت لەسەری بڕوات.

1928. Some male songbirds sing more than 2000 times each day.
هەندێك لەچۆلەکە پاساریە نێرینەکان، رۆژانە زیاتر لەدوو هەزار جار دەخوێنن.

1929. The only mammals to undergo menopause are elephants, humpback whales and human females.
تەنها زیندەوەری مەمکدار کە دەکەونە تەمەنی نائومێدی واتە سوڕی مانگانەیان دەوەستێت، مێینەی فیل و نەهەنگی کۆپاندارو مرۆڤە.

1930. A tarantula spider can survive for more than two years without food.
گورگەجاڵجاڵۆکە دەتوانێت زیاتر لەدوو ساڵ بەبێ خواردن، بژی.

1931. For every human in the world there are one million ants.
لەبەرامبەر هەر مرۆڤێکدا، یەك ملیۆن مێرولە هەیە.

1932. If you lift a kangaroo's tail off the ground it can't hop – they use their tails for balance.
ئەگەر کلکی کەنگەر بەرزبکرێتەوە ئەوا ناتوانێت بازبدات چونکە کلکی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، بەکاردەهێنێت.

1933. If you keep a goldfish, in a dark room, it will become pale!
ئەگەر ماسی ئاڵتونی بخرێتە ژورێکی تاریکەوە، ئەوا زەرد هەڵدەگەڕێت.

1934. Cows can sleep standing up, but they can only dream lying down.
مانگا دەتوانێت بەپێوە بخەوێت بەڵام تەنها لەکاتی راکشاندا، خەو دەبینێت.

1935. The sentence “The quick brown fox jumps over a lazy dog.” uses every letter of the alphabet.
ڕستەی The quick brown fox jumps over a lazy dog سەرجەم 26 پیتەکەی زمانی ئینگلیزی لەخۆدەگرێت.

1936. A group of owls is called a parliament.
لەزمانی ئینگلیزیدا بە کۆمەڵێك کوندەپەپوو دەڵێن parliament کە بەمانای پەرلەمانیش دێت.

1937. The proper divisors of 100 are 1, 2, 4, 5, 10, 20, 25, and 50.
تەنها هەشت ژمارە هەن کە بەبێ هیچ مانەوەیەك ژمارە سەدیان بەسەردا دابەش دەبێت. بۆ بینینی ژمارەکان سەیری نوسخەی ئینگلیزی کورتیلەکە بکە.

1938. 100 is the sum of the first 4 cube numbers: 1 + 8 + 27 + 64 = 100.
سەد یەکسانە بەکۆی یەکەم چوار ژمارەی سێجا: 1 + 8 + 27 + 64

1939. With six 6s you can also write an expression that equals 100: [(6+6)/6]^6 + 6*6 = 100.
لەڕێگەی بەکارهێنانی شەش شەشییەوە، دەتوانیت بگەیتە ژمارە سەد.

1940. You can also write an expression that equals 100 using seven 7s: (7+7)*7 + 7/7 + 7/7 = 100.
لەڕێگەی بەکارهێنانی حەوت حەوتییەوە دەتوانیت بگەیتە ژمارە سەد.

1941. 100 can be expressed as the sum of two primes in six different ways: 3 + 97, 11 + 89, 17 + 83, 29 + 71, 41 + 59, 47 + 53.
لەڕێگەی کۆکردنەوەی دوو ژمارەی سەربەخۆوە، دەتوانیت بە شەش ڕێگای جیاواز بگەیتە 100.

1942. In Roman numerals, 100 is represented by C.
لەژمارە ڕۆمانییەکاندا، پیتی C گوزارشت لە 100 دەکات.

1943. 100 degrees Celsius is the boiling point of water.
ئاو لەپلەی 100ی سیلیزیدا دەکوڵێت.

1944. There are 100 senators in the US Senate.
ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا، لە 100 سیناتۆر پێکدێت.

1945. An American football field is 100 yards long.
درێژی یاریگای یاری تۆپی پێی ئەمەریکی، 100 یاردە.

1946. The most points ever scored by a single player in an NBA game is 100. This score was attained by Wilt Chamberlain in 1962 while playing for the Philadelphia Warriors.
بەدرێژایی مێژووی یەکێتی نیشتمانی یاری تۆپی سەبەتەی ئەمەریکا، زۆرترین خاڵ کە تەنها یاریزانێك تۆماری کردبێت 100 خاڵ بووەو لەساڵی 1962 بووە. ئەو یاریزانەش ناوی ویلّت چامبەرلاین-ە.

1947. Some animals that can live to be at least 100 years old include humans, Galapagos tortoises, ocean quahogs (clams), bowhead whales, and Greenland sharks.
هەندێك زیندەوەر هەن تەمەنیان دەکرێ بگاتە لانیکەم سەد ساڵ. لەوانە: مرۆڤ، هەندێك جۆر کیسەڵ، هەندێك جۆر گوێچکەماسی، نەهەنگی سەرکەوانە، قرشی گرینلاندو هتد..

1948. In old buildings, the door number of the bathroom used to be 100.
لەباڵەخانە کۆنەکاندا، ژمارەی ژوری حەمام، 100 بووە.

1949. People who reach the age of 100 are called centenarians. A person often receives a letter from the president/queen/king upon reaching his/her 100th birthday.
لەهەندێك وڵات ئەو کەسانەی تەمەنیان دەگاتە سەد ساڵ، بەبۆنەی جەژنی سەد ساڵەی لەدایکبونیانەوە، نامەیەکیان لەلایەن سەرۆك یان پادشای ئەو وڵاتەوە، پێدەگات.

1950. In India, Israel, and Greece you must dial 100 to reach the police, not 911.
لە هندستان و یۆنان ژمارەی فریاکەوتنی پۆلیس 100ە. بەڵام لە ئەمەریکا 911یە.

1951. The Hundred Years' War is the collective term for a series of conflicts between the British and French spanning the years between 1337 and 1453, which is actually more than 100 years.
جەنگی سەد ساڵە لەمێژوودا، بریتییە لەزنجیرەیەك شەڕ لەنێوان فەرەنساو بریتانیاو لەنێوان 1337و 1453دا رویانداوە. واتە ناوەکەی خۆی بەخۆیەوە نیەو زیاتر لەسەد ساڵی خایاندووە.

1952. There are about 100 calories in a small baked potato.
پەتاتەیەکی بچوکی برژاو، نزیکەی 100 کالۆری تێدایە.

1953. Washington DC is about 100 miles from Wilmington, Delaware and about 100 miles from Richmond, Virginia.
واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا، نزیکەی 100 میل لەشاری ویلمینگتۆن-ی سەربە ویلایەتی دێلەوێرو ریچمۆند-ی سەربە ویلایەتی ڤیرجینیا دورە.

1954. In the year 100 AD somebody in China invented the wheelbarrow.
لەساڵی 100ی زاینی، کەسێك لە چین، عەرەبانەی دەستی داهێناوە.

1955. Hundred is a town in West Virginia. It got its name from a husband and wife pair of early settlers who both lived past the age of 100.
شارۆچکەیەك هەیە لەویلایەتی ڤیرجینیای ئەمەریکا ناوی Hundredە واتە سەد. ناوەکەی لە ژن و مێردێکەوە وەرگیراوە کە هەر لەزووەوە لەو شارۆچکەیەدا نیشتەجێبون و هەردوکیان تەمەنیان سەد ساڵی تێپەڕاندووە.

1956. It takes between 35 and 40 seconds to count to 100 out loud speaking quickly.
ئەگەر لەژمارە یەك تا 100ی ئینگلیزی بەخێرایی و دەنگی بەرز بژمێریت، ئەوا 35 تا 40 چرکەت پێدەچێت.

1957. It takes between 75 and 80 seconds to count to 100 out loud speaking at a normal pace.
ئەگەر لەژمارە یەك تا 100ی ئینگلیزی بەخێرایی ئاسایی و دەنگی بەرز بژمێریت، ئەوا 75 تا 80 چرکەت پێدەچێت.

1958. Counting from 1 to 100 makes you say 203 syllables.
ژماردنی یەك تا 100 بە زمانی ئینگلیزی، بریتییە لە 203 بڕگە.

1959. There are 50,613,244,155,051,856 possible ways to score exactly 100 points in a game of bowling.
لەیەك یاری بۆڵینگدا 50,613,244,155,051,856 ڕێگا هەیە بۆ بەدەستهێنانی 100 خاڵ.

1960. The state of North Carolina has exactly 100 counties.
ویلایەتی کارۆلینای باکور لە ئەمەریکا، لە 100 هەرێم پێکهاتووە.

1961. The only part of the body that has no blood supply is the cornea of the eye. It receives oxygen directly from the air.
تەنها بەشی جەستەی لەشی مرۆڤ کە خوێنی پێناگات، کۆرنیای چاوە. ئەم بەشە ئۆکسجین ڕاستەوخۆ لەهەواوە وەردەگرێت.
دیارە حەزی لەبالەو دەسی دوو نیە!

1962. The human brain has a memory capacity which is the equivalent of more than four terabytes on a hard drive.

قەبارەی خەزنکردنی مێشکی مرۆڤ هاوتای درایڤێکی قەبارە چوار تێرابایتی کۆمپیوتەرە.

1963. A newborn child can breathe and swallow at the same time for up to seven months.

منداڵێکی تازە لەدایکبوو، دەتوانێت تا تەمەنی حەوت مانگی لەیەك کاتدا هەناسەش بدات و شتیش قوتبدات. واتە بەدوولا مەست و حەیرانە!

1964. Your skull is made up of 29 different bones.

کاسەی سەری شەریفت لە 29 ئێسکی جیاواز پێکهاتووە.

1965. When you sneeze, all of your body functions stop — even your heart!

کاتێك دەپژمیت، هەموو کارەکانی جەستەت دەوەستێت. تەنانەت دڵیشت.

1966. Nerve impulses sent from the brain move at a speed of 274 km/h.

خێرایی ئەو دەمارە ترپانەی لەمێشکەوە دەنێردرێن، 274 کیلۆمەترە لەسەعاتێکدا.

1967. The average human body contains enough Sulphur to kill all the fleas on the average dog, enough carbon to make 900 pencils, enough fat to make seven bars of soap and enough water to fill a 50-liter barrel.

جەستەی مرۆڤێکی ئاسایی گۆگردی هێندە تێدایە کە بەشی کوشتنی هەموو کێچەکانی سەر جەستەی سەگێکی ئاسایی دەکات. کاربۆنی ناو جەستەش بەشی دروستکردنی 900 قەڵەم رەساس دەکات. چەوربیەکەشی بەشی حەوت پارچە سابون دەکات. ئاوەکەشی بەشی پڕکردنی بەرمیلێکی 50 لیتری دەکات.

1968. The human heart pumps 182 million liters of blood during the average lifetime.

بەدرێژایی ژیانی، دڵی کەسێکی ئاسایی 182 ملیۆن لیتر خوێن، هەڵدەدات.

1969. 50,000 cells in your body died and were replaced by new ones while you were reading this sentence.

لەکاتێکدا ئەم رستەیە دەخوێنیتەوە، 50 هەزار خانەی جەستەت دەمرن و 50 هەزاری تر جێگەی دەگرنەوە.

1970. The human embryo acquires fingerprints within three months of conception.

پەنجەمۆری کۆرپەی مرۆڤ، لەتەمەنی سێ مانگیی ناو سکی دایکیدا، دروستدەبێت.

1971. Right-handed people live, on average, nine years longer than left-handed people.

بەگشتی کەسانی راستلەر، نۆ ساڵ لەچەپلەرەکان، زیاتر دەژین.

1972. About two thirds of people tilt their head to the right when kissing.
نزیکەی دوو لەسەر سێی خەڵك لەکاتی ماچکردندا سەریان بەلای راستدا، لاردەکەنەوە.

1973. The average person forgets 90% of their dreams.
بەگشتی خەڵك، لەسەدا 90ی خەوەکانیان لەبیردەچێتەوە.

1974. The total length of all the blood vessels in the human body is about 100,000 km.
درێژی کۆی بۆری و مولولەکانی خوێنی ناو جەستەی مرۆڤ، نزیکەی 100 هەزار کیلۆمەتر دەبێت.

1975. On average, a person’s respiration rate is one third higher in spring than in autumn.
بەگشتی، هەناسەدانی مرۆڤ لەبەهاردا، بەڕێژەی یەك لەسەر سێ، لەزستان، زیاترە.

1976. By the end of a person’s life, they can recall, on average, around 150 trillion pieces of information.
بە کۆتاییهاتنی ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی، دەتوانرێت نزیکەی 150 ترلیۆن زانیاریی ئەو مرۆڤە، دەربهێنرێتەوە.

1977. We lose 80% of our body heat from the head.
لەسەدا 80ی گەرمی جەستەمان لەڕێگەی سەرمانەوە، لەدەست دەدەین.

1978. When you blush, your stomach also turns red.
کاتێك رەنگت سور هەڵدەگەڕێت، گەدەشت سور هەڵدەگەڕێت.

1979. Feeling of thirst occurs when water loss is equal to 1% of your body weight. The loss of more than 5% can cause fainting, and more than 10% causes death from dehydration.
هەستکردن بە تینوێتی کاتێك رودەدات کە بەقەدەر لەسەدا یەکی کێشی جەستەت ئاو لەدەست بدەیت. لەدەستدانی زیاتر لەپێنج لەسەدیش، دەکرێ ببێتەهۆی بورانەوەو ئەگەر رێژەکەش بگاتە زیاتر لەسەدا 10، ئەوا مردن بەهۆی وشکبونەوەی، لێدەکەوێتەوە.

1980. At least 700 enzymes are active in the human body.
لانیکەم 700 ئەنزیم لەجەستەی مرۆڤدا چالاك و بەکارە.

1981. Human beings are the only living things which sleep on their backs.
مرۆڤ تەنها زیندەوەرە کە دەتوانێت لەسەر پشتی بخەوێت.

1982. The average four-year-old child asks 450 questions a day.

منداڵێکی ئاسایی تەمەن چوار ساڵ، رۆژانە 450 پرسیار دەکات.

1983. Not only human beings, but also koala bears have unique finger prints.
لەناو زیندەوەراندا تەنها مرۆڤ و ورچی کوالا پەنجەمۆریان تایبەتە.

1984. Only 1% of the bacteria can result in the human body becoming ill.
تەنها لەسەدا یەکی بەکتریاکان دەبنەهۆی نەخۆشکەوتنی مرۆڤ.

1985. Everyone alive on Earth could comfortably be placed into a cube with sides 1000 meters long.
دەتوانرێت هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی بە ئیسراحەت لەناو شەش پاڵوپەکی لا هەزار مەتریدا جێبکرێنەوە.

1986. Teeth are the only part of the human body which cannot heal themselves.
تەنها بەشی جەستەی مرۆڤ کە ناتوانێت خودی خۆی، خۆی چاکباتەوە، ددانە.

1987. On average, a person needs seven minutes to fall asleep.
بەگشتی مرۆڤ لەو کاتەوەی دەیەوێت بخەوێت، حەوت خولەکی پێویستە کە خەو دەیباتەوە.

1988. Right-handed people chew most of their food on the right side of their mouth, whereas left-handed people do so on the left.
راستلەرەکان زۆربەی خواردنەکان لەلای راستی دەمیان دەجون و چەپلەرەکانیش لەلای چەپ.

1989. Only 7% of people are left-handed.
تەنها لەسەدا حەوتی خەڵك، چەپلەرن.

1990. The fragrance of apples and bananas can help a person to lose weight.
بۆنی سێوو مۆز دەکرێ یارمەتی مرۆڤ بدات لەدابەزاندنی کێشدا.

1991. If allowed to grow for their whole lifetime, the length of someone's hair would be about 725 kilometers.
ئەگەر قژی مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی بهێڵرێتەوە، درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی 725 کیلۆمەتر.

1992. Out of all the people who can move their ears, only one third of them are able to move just one ear.
لەکۆی هەموو ئەو کەسانەی دەتوانن گوێیان بجوڵێنن، تەنها یەك لەسەر سێیان، دەتوانن یەك گوێیان بەبێ ئەوی تریان، لەیەك کاتدا بجوڵێنن.

1993. During their lifetime, a person will on average accidentally swallow eight small spiders.

مرۆڤێکی ئاسایی بەدرێژایی ژیانی، بەڕێکەوت هەشت جاڵجاڵۆکەی بچوك قوتدەدات.

1994. The total weight of the bacteria in the human body is 2 kg.

کۆی کێشی هەموو بەکتریاکانی ناو جەستەی مرۆڤ، دوو کیلۆگرامە.

1995. 99% of the calcium contained in the human body is in one's teeth.

لەسەدا 99ی کالیسۆمی ناو جەستەی مرۆڤ، لەددانیدایە.

1996. Human lips are hundreds of times more sensitive than the tips of a person's fingers.

لێوی مرۆڤ سەدان جار لەسەری پەنجەی، هەستیارترە.

1997. A person passes on 278 different types of bacteria to another person when they kiss them. Fortunately, 95% of them are not harmful.

کاتێك کەسێك یەکێك ماچدەکات، 278 جۆری جیاواز بەکتریای بۆ دەگوازێتەوە. بەڵام خۆشبەختانە لەسەدا 95ی ئەم بەکتریایانە، زیانبەخش نین.

1998. If you collected all the iron contained in the human body, you would get just a small cog, big enough only for use in your watch.

هەموو ئەو ئاسنەی لەجەستەی مرۆڤدایە، بەشی دروستکردنی پێچکەیەکی بچوکی دداندار دەکات کە قەبارەکەی هێندە بچوکە دەتوانرێت تەنها لەناو سەعاتی دەستیدا بەکاربهێنرێت.

1999. There are more than 100 different viruses which cause a cold.

زیاتر لە 100 جۆر ڤایرۆس هەیە کە دەبێتەهۆی هەڵامەت.

2000. You can lose 150 calories per hour if you hit your head against the wall.

ئەگەر سەرت بکێشیت بە دیواردا ئەوا 150 کالۆری لەهەموو سەعاتێکدا، دەسوتێنیت.

2001. Human beings are the only animals which can draw straight lines.

مرۆڤ تەنها زیندەوەرە کە دەتوانێت هێڵی راست بکێشێت.

2002. Human skin is completely replaced about 1,000 times during a person's lifetime.

بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ، نزیکەی هەزار جار پێستەکەی بەتەواوەتی دەگۆڕێت.

2003. A person who smokes a pack of cigarettes a day is doing the equivalent of drinking half a cup of tar a year.

ئەو کەسەی رۆژانە پاکەتێك جگەرە دەکێشێت، وەك ئەوە وایە ساڵانە نیو کوپ قیر بخواتەوە.

2004. The structure of the human body contains only four minerals.

ئێسکەپەیکەری مرۆڤ تەنها چوار کانزا لەخۆدەگرێت.

2005. A passionate kiss causes the same chemical reactions in the brain that skydiving and firing a gun do.

ماچێکی خەست و خۆڵ هەمان ئەو کاردانانەوە لەناو مێشکی مرۆڤدا دروستدەکات کە خۆهەڵدانەخوارەوە لەڕێگەی پەڕەشوت و گوللەتەقاندن، دروستی دەکات.

2006. Men are officially classified as dwarves if their height is below 1.3 m, whereas for women the measure is 1.2 m.

بەشێوەیەکی ڕەسمی، پیاو ئەگەر باڵای لەخوار مەترێك و 30سم بێت، بە قەزەم دادەنرێت بەڵام ژن تا باڵای لەخوار مەترێك و 20سم نەبێت، بەقەزەم دانانرێت.

2007. Fingernails grow about four times faster than your toenails.

خێرایی گەشەکردنی نینۆکی پەنجەی مرۆڤ، چوار ئەوەندە لەهی پێ، زیاترە.

2008. People with blue eyes are more sensitive to pain than others.

چاوشینەکان لەوانی تر زیاتر هەستیارن بەرامبەر بە ئازار.

2009. Nerve impulses in the human body move at about 90 m/s.

خێرایی ڕۆیشتنی ترپەی دەماری مرۆڤ 90 مەترە لەچرکەیەکدا.

2010. 100,000 chemical reactions occur in the human brain every second.

هەموو چرکەیەك 100 هەزار کارلێکی کیمیایی لەمێشکی مرۆڤدا ڕوودەدات.

2011. If one identical twins lacks a certain tooth, the other twin will not have that tooth either.

ئەگەر دوانەیەکی لەیەکچوو، ددانێکی دیاریکراوی نەبێت، ئەوی تریشیان هەمان ددانی نابێت.

2012. During a person’s lifetime, they spend about 2 weeks kissing.

بەدرێژایی ژیانی، مرۆڤ دوو هەفتە تەنها لەماچکردندا بەسەردەبات.

2013. The facial hair of a blonde-haired man grows faster than that of a man with dark hair.

مووی دەموچاوی پیاوی قژزەرد، لەهی قژڕەش خێراتر گەشەدەکات.

2014. Leukocytes in the human body live for two to four days, and erythrocytes for three to four months.

خڕۆکە سپییەکانی ناو جەستەی مرۆڤ، بۆ ماوەی دوو تا چوار رۆژ دەژین بەڵام سورەکان بۆ ماوەی سێ تا چوار مانگ دەژین.

2015. The strongest muscle in the human body is the tongue.

بەهێزترین ماسولکە لەجەستەی مرۆڤدا، زمانە.

2016. The human heart is approximately equal in size to that of a person's fist. An adult's heart weights 220-260 grams.

قەبارەی دڵی مرۆڤێکی پێگەیشتوو بەنزیکەیی، بەئەندازەری مشتێك دەبێت و کێشەکەشی 220 تا 260 گرام دەبێت.

2017. At birth, there are 14 billion cells in the human brain. This number does not increase throughout a person's lifetime. After 25 years, the number of cells falls by 100,000 every day.

لەکاتی لەدایکبوندا، ژمارەی خانەکانی مرۆڤ لە 14 ملیار پێکدێت و ئەم ژمارەیە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ زیادناکات. پاش 25 ساڵیش، رۆژانە 100 هەزار خانە کەمدەکات.

2018. During a person's lifetime, the small intestine is about 2.5 meters. After they die, the muscles in the walls of their intestine relax, and it's length increases to 6 meters.

بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ، درێژی ریخۆڵەباریکە نزیکەی دوو مەترو نیوە. بەڵام پاش مردن، بەهۆی گۆڕانکاری لەماسولکەکانی دیوارەکانی ریخۆڵە، درێژییەکەی دەگاتە شەش مەتر.

2019. Your right lung can take in more air than your left.

سی راستت لەهی چەپت، هەوای زیاتر دەگرێت.

2020. An adult person performs around 23,000 inhalations and exhalations a day.

کەسێکی پێگەیشتوو رۆژانە نزیکەی 23 هەزار هەناسەدان و هەناسەدانەوە ئەنجامدەدات.

2021. The smallest cells in a man's body are sperm cells.

بچوکترین خانە لەجەستەی مرۆڤدا، خانەکانی سپێرمە.

2022. There are about 40,000 bacteria in the human mouth.
دەمی مرۆڤ نزیکەی 40 هەزار بەکتریای تێدایە.

2023. Each of us has around 2,000 taste buds.
هەر یەکێك لەئێمە نزیکەی دوو هەزار گۆپکەی چەشتنی هەس.

2024. The human eye can distinguish 10 million different colours.
چاوی مرۆڤ دەتوانێت 10 ملیۆن ڕەنگ لەیەك جیابکاتەوە.

2025. The chemical compound in the body which causes feelings of ecstasy (phenylethylamine) is also contained in chocolate.
ئەو پێکهاتە کیمیاییەی لەجەستەی مرۆڤدا دەبێتەهۆی هەستکردن بە لوتکەی خۆشی و گەشکە لەخۆشیدا، لەچکلێتیشدا هەیە.

2026. The human heart pumps blood at such pressure that it would be able to raise blood up to the fourth floor of a building.
دڵی مرۆڤ بە فشارێکی هێندە بەهێز خوێن هەڵدەدات کە دەتوانرێت بەو فشارە، خوێن بۆ بەرزی تا نهۆمی چوارەمی بینایەك هەڵبدرێت.

2027. Children grow faster in the spring.
گەشەی منداڵ لەبەهاردا خێراترە.

2028. Every year more than 2 million left-handed people die because of mistakes they make when using machines designed for right-handed people.
ساڵانە زیاتر لەدوو ملیۆن چەپلەر بەهۆی هەڵەبەکارهێنانی ئامێرگەلی دروستکراو بۆ راستلەرەکان، گیان لەدەست دەدەن.

2029. A person uses 17 muscles when they smile, and 43 when they frown.
مرۆڤ کاتێك زەردەخەنە دەکات، 17 ماسولکە بەکاردەهێنێت، بەڵام کاتێك ڕووی گرژدەکات، پێویستی بە بەکارهێنانی 43 ماسولکەیە.

2030. By the age of 60 most people lose half of their taste buds.
بە گەیشتن بە تەمەنی 60 ساڵی، زۆربەی خەڵك، نیوەی چەشتنەگۆپکەکانی لەدەستداوە.

2031. The rate at which a person’s hair grows doubles during an airplane flight.
لەکاتی گەشتی ئاسمانیدا لەڕێگەی فڕۆکەوە، گەشەکردنی مووی مرۆڤ دوو ئەوەندە زیاددەکات.

2032. One percent of people can see infra-red light and 1% can see ultra violet radiation.

لەسەدا یەکی خەڵك دەتوانن تیشکی ژێرسور ببینن. رێژەی ئەوانەش کە تیشکدانەوەی سەروەنەوشەیی دەبینن، هەمان ژمارەیە.

2033. If you were locked in a completely sealed room, you would not die due to a lack of air, but from carbon dioxide poisoning.

ئەگەر بخرێیتە ژورێکی تەواو داخراو، ئەوا رەنگە بەهۆی نەبونی هەواوە نەمریت بەڵام بەهۆی ژەهراویبون بە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەوە دەمریت.

2034. Statistically, only one person out of two billion reaches the age of 116 years old.

رێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان دەگاتە 116 ساڵی، یەك لەسەر دوو ملیارە.

2035. On average, a person says 4,800 words in 24 hours.

بەگشتی، مرۆڤ رۆژانە 4800 وشە دەفەڕموێت!

2036. Our eyes remain the same size as they were at birth, but our nose and ears never stop growing.

قەبارەی چاوی مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی ناگۆڕێت بەڵام لوت و گوێ هەرگیز لەگەشەکردن ناوەستن.

2037. In the morning, a person is about 8 millimetres taller than in the evening.

باڵای مرۆڤ لەبەیانیاندا، نزیکەی هەشت میللیمەتر لەئێواران، زیاترە.

2038. The muscles which help your eyes to focus complete around 100,000 movements a day. In order to make your leg muscles do the same amount of movements, you would need to walk 80 kilometres.

ئەو ماسولکانەی یارمەتی چاوت دەدات کە تەرکیزبکەن، رۆژانە نزیکەی 100 هەزار جوڵە ئەنجامدەدەن. ئینجاکونێ بۆ ئەوەی ماسولکەکانی قاچت هەمان ژمارە جوڵە بکەن، پێویستە 80 کیلۆمەتر بەپێ بڕۆیت.

2039. A cough amounts to an explosive charge of air which moves at speeds up to 60 miles per hour.

خێرایی ئەو هەوایەی لەکاتی کۆکەی مرۆڤدا دەردەچێت، دەگاتە 60 میل لەسەعاتێکدا.

2040. According to German researchers, the risk of having heart attack is higher on Monday than on any other day of the week.

بەگوێرەی لێکۆڵەرانی ئەڵمانیا، مەترسی توشبون بە جەڵدەی دڵ لەڕۆژانی دوشەممە، لەڕۆژەکانی تر زیاترە.

2041. Bones are stronger than steel.

ئێسکی مرۆڤ لەپۆڵا بەهێزترە.

2042. It is impossible to sneeze with your eyes open.
کرانەوەی چاو لەکاتی پژمیندا، شتێکی مەحاڵە.

2043. The average life expectancy is 2,475,576,000 seconds. During this time we pronounce, on average, around 123,205,750 words and have sex 4,239 times.
سوڕی ژیانی کەسێکی ئاسایی دوو ملیارو 475 ملیۆن و 576 هەزار چرکەیە. لەو ماوەیەدا نزیکەی 123 ملیۆن و 205 هەزارو 750 وشە دەڵێن و 4239 جار سێکس دەکەین.

2044. In 1915, the word "teenager" was not yet in use.
تا ساڵی 1915ش، وشەی teenager کە بەمانای هەرزەکار دێت، لەزمانی ئینگلیزیدا، بەکارنەهاتووە.

2045. In 1915, the constitutional amendment granting American women the right to vote had not yet passed.
تا ساڵی 1915، ئەو هەمواركردنە دەستوورییەی مافی دەنگدان دەدات بە ژنان لە ئەمەریکا، تێنەپەڕێنراوە.

2046. In 1910, there were just over 14,000 people incarcerated in the US for first- or second-degree murder.
لەساڵی 1910، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی تاوانی کوشتنی پلەیەك و پلەدوو، لە ئەمەریکا دەستگیرکرابوون، 14 هەزار کەس زیاتر بوون.

2047. The population of Las Vegas was 22 in 1900, 800 in 1910, and 2,304 in 1920.
ژمارەی دانیشتوانی لاس ڤیگاس لە ئەمەریکا، لەساڵی 1900، 22 کەس و لە 1910، 800 کەس و لە 1920، 2304 کەس بون.

2048. In 1900, the average life expectancy for an American man was 48.3. The average life expectancy for a woman was 51.1.
لەساڵی 1900، سوڕی ژیانی ئاسایی پیاوێکی ئەمەریکی 48.3 ساڵ و هی ژن 51.1 ساڵ بووە.

2049. In 1901, Connecticut passed a law that included the country's first speed limit: 15 mph on general roads and 12 mph within city limits.
لەساڵی 1901، ویلایەتی کۆنێکتیکەت لە ئەمەریکا، یاسایەکی تێپەڕاند. بەگوێرەی ئەم یاسایە زۆرترین خێرایی ئۆتۆمبێل 15 میل لەسەعاتێك دەبێت لەڕێگا گشتییەکان و 12 میل لەسەعاتێك دەبێت لەناو شاردا.

2050. In 1915, the Eiffel Tower was the tallest structure in the world — a status it had held since its completion in 1889 and that it maintained until 1930.
لەساڵی 1889 کە تێیدا تاوەری ئیفڵ تەواوکراوە، تا ساڵی 1930، درێژترین بینا بووە لەجیهاندا.

2051. In 1938, the US set its first minimum wage: 25 cents an hour.
لەساڵی 1938، ئەمەریکا 25 سەنت بۆ هەر سەعاتێکی وەك کەمترین کرێی کارکردن، دیاریکرد.

2052. In 1910, the average annual per capita income in the US was estimated at $332, or about $7,800 in current-day dollars.
2053. .767 لەساڵی 1910، داهاتی ئاسایی ساڵانەی کەسێکی ئەمەریکی بە 332 دۆلار خەمڵێنراوە کە بە بەهای ئەمڕۆ 7800 دۆلار دەکات.

2054. In 1910, less than half of the US population lived in urban areas. (Today, it's 80%.)
لەساڵی 1910، کەمتر لەنیوەی دانیشتوانی ئەمەریکا، لەناوچە شارستانەکاندا ژیاون. بەڵام لەئێستادا ئەو ڕێژەیە لەسەدا هەشتایە.

2055. In 1915, a dozen eggs cost 34 cents; a gallon of milk cost 18 cents; and a pound of coffee cost 30 cents.
لەساڵی 1915 لە ئەمەریکا، دەرزەنێك هێلکە بە 34 سەنت و گاڵۆنێك شیر بە 18 سەنت و پاوەندێك قاوە، بە 30 سەنت بووە.
2056. In 1910, agriculture was the most common industry Americans worked in.
لەساڵی 1910، کشتوکاڵ باوترین کاری ئەمەریکییەکان بووە.

2057. In 1915, the three leading causes of death in the US were heart disease, pneumonia/influenza, and tuberculosis.
لە 1915، سێ هۆکارە سەرەکییەکەی مردن لە ئەمەریکا، نەخۆشی دڵ و هەوکردنی سی و ئەنفلۆنزاو سیل بووە.

2058. In 1915, canned beer, modern supermarkets, and Barbie dolls had not yet been invented.
لەساڵی 1915، بیرەی لەقوتونراو، سوپەرمارکێتی هاوچەرخ، بوکەشوشەی باربی دانەهێنرابوون.

2059. In 1915, the US did not have an official national anthem.
لەساڵی 1915، ئەمەریکا دروشمی نیشتمانی نەبووە.

2060. In 1910, 7.7% of Americans said that they couldn't read or write, a sharp decline from 1870, when 20% said they were illiterate.
لەساڵی 1910، لەسەدا 7.7ی ئەمەریکییەکان دەیان وت خوێندەوارییان نیە. ئەمەش پاشەکشەیەکی زۆر بووە لەساڵی 1870ەوە، کە تێیدا لەسەدا 20یان وتویانە نەخوێندەوارن.

2061. In 1900, only about half of American children between five and 19-years-old were enrolled in school. Ending formal education after eighth grade was typical.
لەساڵی 1900، تەنها نیوەی منداڵە ئەمەریکییەکانی تەمەن پێنج بۆ 19 ساڵ، لەخوێندنگە تۆمارکراون. تەواوکردنی خوێندن پاش پۆلی هەشتەم، شتێکی نمونەیی بووە.

2062. The only 2 animals that can see behind itself without turning its head are the rabbit and the parrot.
تەنها دوو زیندەوەر کە دەتوانێت پشت خۆی ببینێت بەبێ ئەوەی سەری بسوڕێنێت، کەروشێك و توتییە.

2063. It cost 7 million dollars to build the Titanic and 200 million to make a film about it.
دروستکردنی کەشتی تایتانیك حەوت ملیۆن دۆلاری تێچووە بەڵام بەرهەمهێنانی فیلمەکەی، 200 ملیۆنی تێچووە.

2064. When hippos are upset, their sweat turns red.
ماینی روبار کاتێك نیگەران و بێزار دەبێت، رەنگی عارەقەکەی سور دەبێت.

2065. Every time you sneeze some of your brain cells die.
لەگەڵ هەر پژمینێکدا، هەندێك لەخانەکانی مێشکت دەمرن.

2066. Laughing lowers levels of stress hormones and strengthens the immune system.
پێکەنین ئاستی هۆرمۆنی فشاری دەرونی کەمدەکاتەوەو کۆئەندامی بەرگری، بەهێزدەکات.

2067. Six-year-olds laugh an average of 300 times a day.
منداڵانی تەمەن شەش ساڵ، رۆژانە 300 جار پێدەکەنن.

2068. Adults only laugh 15 to 100 times a day.
کەسانی پێگەیشتوو رۆژانە 15 بۆ 100 جار، پێدەکەنن.

2069. Chewing gum while peeling onions will keep you from crying.
جوینی بنێشت لەکاتی پیاز پاکردندا، چاوت لەفرمێسك رژاندن، دەپارێزێت.

2070. Never hold your nose and cover your mouth when sneezing, as it can blow out your eyeballs.
لەکاتی پژمیندا نەچی بچی لوتت یان دەمت بگریت چونکە رەنگە ئەوە ببێتەهۆی تەقینی چاوت.

2071. The world’s smartest pig, owned by a mathematics teacher in Madison, WI, memorized the multiplication tables up to 12.

زیرەکترین بەراز لەجیهاندا هی مامۆستایەکی بیرکارییە لە ئەمەریکا. ئەم بەرازە بەشێکی جەدۆلی زەربی لەبەرە.

2072. In ancient Greece, children of wealthy families were dipped in olive oil at birth to keep them hairless throughout their lives.

لە یۆنانی دێرینداء منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکانء لەکاتی لەدایکبوندا لەناو ڕۆنی زەیتوندا نوقمدەکران بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیانیان بێموو بن.

2073. Approximately one-sixth of your life is spent on Wednesdays.

نزیکەی یەك لەسەر شەشی ژیانی فەخامەتی جەنابتء لەڕۆژانی چوارشەممەدا بەسەردەبەیت.

2074. 12 newborns will be given to the wrong parents daily.

ڕۆژانە 12 منداڵی تازە لەدایکبوو، بەهەڵە دەدرێنەوە بە داك و بابیان. واتە نادرێتەوە بە دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆیان.

2075. A cockroach can live several weeks with its head cut off.

سیسرك دەتوانێت چەند هەفتەیەك پاش لێکردنەوەی سەری، بژی.

2076. A company in Taiwan makes dinnerware out of wheat, so you can eat your plate.

لە تایوان کۆمپانیایەك هەیە قاپ و قاچاخ لەگەنم دروستدەکات. بۆیە دەتوانیت پاش بەکارهێنان بشیانخۆیت.

2077. A cow produces 200 times more gas a day than a person.

ڕۆژانەء مانگایەك 200 ئەوەندە لەمرۆڤێكء گاز زیاتر بەرهەمدەهێنێت.

2078. A giraffe can clean its ears with its 21-inch tongue.

زەڕافە دەتوانێت گوێی بە زمانی پابکاتەوە. درێژی زمانی ئەم زیندەوەرە 12 ئینج دەبێت.

2079. A giraffe can go without water longer than a camel can.

زەڕافە دەتوانێت زیاتر لە حوشترء بەبێ ئاوء بڕوات.

2080. A goldfish has a memory span of three seconds.

سوڕی ژیانی یادگا واتە زاکیرەی ماسی ئاڵتونیء سێ چرکەیە.

2081. A shark is the only fish that can blink with both eyes.

تەنها جۆری ماسییە کە دەتوانێت هەردوو چاوی بتروکێنێتء قرشە.

2082. An iguana can stay under water for 28 minutes.

ئیگوانا (زیندەوەرێکی خشۆکە)، دەتوانێت بۆ ماوەی 28 خولەك، لەژێر ئاودا بمێنێتەوە.

2083. An ostrich’s eye is bigger than its brain.
چاوی نەعامە واتە حوشترمل، لەمێشکی گەورەترە.

2084. Bats always turn left when exiting a cave.
شەمشەمەکوێرە لەکاتی دەرچونیدا لەئەشکەوت، هەمیشە بەلای چەپدا لادەدات.

2085. More people are killed annually by donkeys than die in air crashes.
ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە لەلایەن مەیمونەوە دەکوژرێن، لەوانە زیاترن لەڕوداوی هاتوچۆی ئاسمانیدا، گیان لەدەست دەدەن.

2086. More people use blue toothbrushes, than red ones.
ژمارەی ئەو کەسانەی فڵچەی دانشتنی شین بەکاردەهێنن، لەوانە زیاترە کە هی سور بەکاردەهێنن.

2087. Mosquitoes have teeth.
مێشولە ددانی هەیە.

2088. Most cows give more milk when they listen to music.
زۆربەی مانگا لەکاتی بیستنی موزیکدا، شیری زیاددەکات.

2089. Most lipstick contains fish scales.
زۆربەی سوراوی لێو، پولەکەی ماسی لەپێکهاتەکەیدا هەیە.

2090. Over 1000 birds a year die from smashing into windows.
ساڵانە زیاتر لەهەزار باڵندە، بەهۆی خۆکێشان بە پەنجەرە، دەمرن.

2091. Owls are one of the only birds who can see the color blue.
کوندەپەپوو یەکێکە لەو زیندەوەرە کەمانەی ڕەنگی شین دەبینێت.

2092. The average person has over 1,460 dreams a year.
کەسێکی ئاسایی ساڵانە زیاتر لە 1460 خەو دەبینێت.

2093. The average person is about a quarter of an inch taller at night.
کەسێکی ئاسایی شەوانە، باڵای چارەکە ئینچێك، بەرزترە وەك لەڕۆژدا.

2094. The average person’s left hand does 56% of the typing.
دەستی چەپی کەسێکی ئاسایی لەسەدا 56ی تایپکردنەکان، ئەنجامدەدات.

2095. The only 15 letter word that can be spelled without repeating a letter is uncopyrightable.
لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها یەك وشە هەیە کە لە 15 پیتی جیاو بێدوبارە پێکهاتووە: uncopyrightable

2096. The only nation whose name begins with an “A” but doesn’t end in an “A” is Afghanistan.
تەنها وڵات کە ناوەکەی بە حەرفی a دەست پێدەکات و بە a کۆتایی نایەت، ئەفغانستان Afghanistanە.

2097. The “save” icon on Microsoft Word shows a floppy disk.
ئایکۆنی سەیڤ لەسەر بەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆرد، وێنەی فلۆپییە.

2098. There are over 52.6 million dogs in the U.S.
ئەمەریکا زیاتر لە 52 ملیۆن و 600 هەزار سەگی تێدایە.

2099. There are more chickens than people in the world.
ژمارەی مریشك لەجیهاندا، لەخەڵك زیاترە.

2100. There are more plastic flamingos in America than real ones.
لەئەمەریکا، ژمارەی فلامینگۆی پلاستیکی لە هی راستی، زیاترە.

2101. There are only four words in the English language which end in “-dous”: tremendous, horrendous, stupendous, and hazardous.
لەزمانی ئینگلیزیدا تەنها چوار وشە هەیە کە بە dous کۆتایی دێت.

2102. Windmills always turn counter-clockwise. Except for the windmills in Ireland.
پەروانەکانی ئاشی بای هەموو جیهان جگە لەهی ئێرلەندا، بەپێچەوانەی میلی کاتژمێر، دەسوڕێنەوە.

2103. You’re more likely to get stung by a bee on a windy day than in any other weather.
ئەگەر بەرکەوتنت بە پێوەدانی هەنگ، لەڕۆژێك کە بای هەبێت، لەهەر کەشێکی تر، زیاترە.

2104. The national anthem of Greece has 158 verses. No one in Greece has memorized all 158 verses.
دروشمی نیشتمانی یۆنان لە 158 بەیتەشیعر پێکدێت. بەڵام هیچ کەسێکی ئەو وڵاتە نیە هەر هەمووی لەبەربێت.

2105. The Neanderthal’s brain was bigger than yours is.
مێشکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ، لەمێشکی مرۆڤی ئەم سەردەمە گەورەتر بووە.

2106. The oldest known goldfish lived to 41 years of age. Its name was Fred.
بەتەمەنترین ماسی ئاڵتونیی ناسراو، 41 ساڵ ژیاوەو ناوی فرێد بووە.

2107. The highest point in Pennsylvania is lower than the lowest point in Colorado.
بەرزترین خاڵی پنسلڤانیا، لەنزمترین خاڵی کۆلۆرادۆ، نزمترە.

2108. The international telephone dialing code for Antarctica is 672.
کۆدی تەلەفۆنی نێودەوڵەتی کیشوەری جەمسەری باشور، 672ە.

2109. The longest recorded flight of a chicken is thirteen seconds.
تائێستا درێژترین ماوەی فڕینی تۆمارکراوی مریشك، 13 چرکە بووە.

2110. The Main Library at Indiana University sinks over an inch every year because when it was built, engineers failed to take into account the weight of all the books that would occupy the building.
کتێبخانەی گشتیی سەرەکی زانکۆی ئیندیانا، ساڵانە زیاتر لەئینچێك نقوم دەبێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندازیاران لەکاتی بنیاتنانیدا حسابی کێشی هەموو ئەو کتێبەیان نەکردووە کە تێیدا دادەنرێت.

2111. The Boston University Bridge (on Commonwealth Avenue, Boston, Massachusetts) is the only place in the world where a boat can sail under a train driving under a car driving under an airplane.
تەنها شوێن لەجیهاندا کە دەکرێ بەڵەم سەوڵ لێبدات و لەسەریشییەوە شەمەندۆفێر بڕوات و لەسەروو ئەمیشەوە سەیارە هاتوچۆبکات و لەسەروو ئەمیشەوە فڕۆکە هاتوچۆ بکات، پردی زانکۆی بۆستن-ە لەویلایەتی ماساچوستس.

2112. The condom – made originally of linen – was invented in the early 1500s.
مێزووی داهێنانی کۆندۆم کە لەسەرەتادا لە کەتان دروستکراوە، بۆ ساڵی 1500ەکان، دەگەڕێتەوە.

2113. The Earth weighs around 6,588,000,000,000,000,000,000,000 tons.
کێشی زەوی نزیکەی 6,588,000,000,000,000,000,000,000 تۆن دەبێت.

2114. The electric chair was invented by a dentist.
کورسی کارەبایی لەلایەن پزیشکێکی ددانەوە، داهێنراوە.

2115. The elephant is the only mammal that can’t jump.
تەنها زیندەوەری مەمکدار کە ناتوانێت بازبدات، فیلە.

2116. Only 38% of Americans have ever left the country.
تەنها لەسەدا 38ی ئەمەریکییەکان، گەشتیان بۆ دەرەوەی وڵاتەکەیان کردووە.

2117. American passports grant their holders access to a whopping 147 countries.
هەڵگری پاسپۆرتی ئەمەریکی دەتوانێت بچێتە 147 وڵاتەوە.

2118. Face tattoos and surgery require a new passport in the US.
تاتۆکردن لەسەر دەموچاو یان نەشتەرگەری لەڕوخساردا، وا پێویست دەکات کە هەڵگری پاسپۆرتی ئەمەریکی، پاسپۆرتەکەی نوێبکاتەوە.

2119. US citizens can have two passports.
هاوڵاتیانی ئەمەریکا بۆیان هەیە دوو گوزەرنامەیان هەبێت.

2120. Eating a human body would provide about 81,500 calories.
خواردنی جەستەی مرۆڤێك 81 هەزارو 500 کالۆری دابینەدەکات.

2121. Coffee may reduce skin cancer risk.
دەکرێ قاوە مەترسی شێرپەنجەی پێست کەمبکاتەوە.

2122. Psychology says, attempting to convince yourself that you don't care about someone is a clear indicator that you really do.
دەروناسی دەڵێت، هەوڵدان بۆ ئەوەی کە قەناعەت بەخۆت بکەیت کە گرنگی بە کەسێك نادەیت، ئاماژەیەکی رونە کە لەڕاستیدا گرنگی پێدەدەیت.

2123. A Palestinian has to work for 15 years to earn what an Israeli makes in 1 year.
هاوڵاتییەکی فەلەستینی پێویستە 15 ساڵ کاربکات بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەستبکەوێت کە ئیسرائیلییەك لەماوەی تەنها ساڵێکدا، دەستی دەکەوێت.

2124. People who prefer Twitter over Facebook tend to have a higher IQ but are also more likely to suffer from insomnia.
ئەو کەسانەی تویتەر لە فەیسبوك بەباشتر دادەنێن، پلەی زیرەکییان بەرزترە بەڵام هاوکات ئەگەری خەوزڕانیشیان زیاترە.

2125. People see you as 20% more attractive than you think you are, according to one study.
بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، خەڵك بەڕێژەی لەسەدا بیست زیاتر لەخۆت، سەرنجڕاکێشتر دەتبینن.

2126. The Cambodian alphabet has 74 letters.

ژمارەی پیتەکانی ئەبجەدیی زمانی کەمبۆدی، 74ە.

2127. There are no words for yes and no in Latin.

لەزمانی لاتینیدا هیچ وشەیەك نیە بەمانای بەڵێ و نەخێر.

2128. Grapes explode when you put them in the microwave.

ئەگەر دەنکەترێ لەمایکرۆوەیف دابنرێت، دەتەقێتەوە.

2129. Apples and peaches are members of the rose family.

سێوو قۆخ ئەندامی سەربە خێزانی گوڵن.

2130. Oranges are not even in the top ten list of common foods when it comes to vitamin C levels.

لەلیستی ئەو خواردەمەنییە باوانەی ڤیتامین سییان تێدایە، پرتەقاڵ لەخوار دەیەمەوەیە.

2131. The World's Most Popular Fruit is the TOMATO.

باوترین میوە لەجیهاندا تەماتەیە.

2132. Square Watermelons are grown by Japanese farmers for easier stack and store.

بەمەبەستی ئاسان کۆکردنەوەو هەڵگرتن، جوتیارانی ژاپۆن، شوتیی چوارگۆشەیان داهێناوە.

2133. Cucumbers are fruits.

خەیار میوەیە.

2134. The color Orange is named after the Orange fruit, but before that, it was called geoluread (yellow-red).

رەنگی پرتەقاڵی لەناوی پرتەقاڵەوە وەرگیراوە. پێشتر بەم رەنگە وتراوە، سوری زەردباو.

2135. There is a tree called Fruit Salad Tree that sprouts 3 to 7 different fruits in the same tree.

درەختێك هەیە ناوی درەختی زەڵاتەی میوەیە. ئەم درەختە سێ تا حەوت میوەی جیا دەگرێت.

2136. Tomatoes have more genes than humans.

تەماتە لەمرۆڤ، جینی زیاترە.

2137. Monkeys can count.

مەیمون دەتوانێت شت ببژێرێت.

2138. Capuchin Male Monkeys urinate on themselves to attract a mate.
نێرینەی مەیمونی جۆری کاپوچین، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی ڕەگەزی بەرامبەر، میزدەکات بەخۆیدا.

2139. The bonobo monkey, the closest relative to humans, is naturally bisexual.
مەیمونی جۆری بۆنۆبۆ کە نزیکترین جۆری مەیمونە لەمرۆڤەوە، جوتڕەگەزبازە.

2140. There's a restaurant in Japan, using monkeys as waiters.
لە ژاپۆن چێشتخانەیەك هەیە کە مەیمون وەك شاگرد بەکاردەهێنێت.

2141. Automatic knives, such as switchblades, are illegal to own in Michigan, except for one-armed people.
لە میشیگان کە یەکێکە لە 50 ویلایەتەکەی ئەمەریکا، هەڵگرتنی چەقۆی ئۆتۆماتیکی بۆ نمونە چەقۆی لێوارسوێچ، کارێکی نایاساییە. تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەیە هەڵبگرن کە یەك دەستیان هەیە.

2142. During its lifetime an oyster changes its sex from male to female and back several times.
گوێچکەماسی بەدرێژایی ژیانی، چەند جارێك ڕەگەزی خۆی لەنێرەوە بۆ مێ دەگۆڕێت و دواتریش دەبێتەوە بە نێر.

2143. More people speak English in China than the United States.
ژمارەی ئەو کەسانەی لە چین بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن، لەوانە زیاترە کە لەئەمەریکا بەو زمانە قسەدەکەن.

2144. All the swans in England are property of the Queen.
خاوەنی هەموو قازە عیراقییەکانی ئینگلتەرا، شاژنی ئەو وڵاتەیە.

2145. The town of Calma, Chile in the Atacama Desert has never had rain.
شارۆچکەی کالما لە چیلی، هەرگیز بارانی لێنەباریوە.

2146. Winston Churchill was born in a ladies room during a dance.
وینستن چەرچڵ، لەژوورێکی ژنان و بەدیاریکراوی لەکاتی دانسدا، لەدایکبووە.

2147. A normal raindrop falls at about 7 miles per hour.
خێرایی دڵۆپەبارانێکی ئاسایی، حەوت میلە لەسەعاتێکدا.

2148. Closest relatives of crocodiles are birds and dinosaurs.
نزیکترین خزمی تیمساح باڵندەو دەیناسورە.

2149. Crocodiles live on the Earth 240 million years.
دوو سەدو 40 ملیۆن ساڵە تیمساح لەسەر زەوی دەژی.

2150. Crocodiles vary in size. Largest crocodile species is Saltwater Crocodile which can reach 13-18 feet in length and weigh up to 2200 pounds.

تیمساح لەقەبارەدا جیاوازە. گەورەترین جۆری تیمساح، تیمساحی ئاوی سوێرە. درێژییەکەی دەگاتە 13 تا 18 ئینچ و کێشەکەی دەگاتە 2200 پاوەند .

2151. Smallest crocodile species is Dwarf Crocodile which can reach 5 foot in length and weigh up to 40-70 pounds.

بچوکترین جۆری تیمساح، تیمساحی قەزەمە، کە درێژییەکەی دەگاتە پێنج پێ و کێشی دەگاتە 40 تا 70 پاوەند.

2152. Crocodiles are meat-eaters (carnivores). They have 24 sharp teeth which are used for killing of fish, birds, mammals and small crocodile (their prey).

تیمساح گۆشتخۆرە. 24 ددانی تیژی هەیە کە بۆ کوشتنی ماسی، باڵندە، گیانداڕە مەمکدارەکان و تیمساحی بچوك، بەکاریان دەهێنێت.

2153. Crocodiles don't chew their food. They tear apart flesh and swallow large chunks of meat.

تیمساح خواردنەکانی ناجوێت. نێچیرەکەی لەت و پەت دەکات و بە پارچەی گەورە گەورە، قوتی دەدات.

2154. Expression "cry crocodile tears" is based on the true fact - crocodiles produce tears when they eat. They don't cry because they feel sorry for the prey.

دەستەواژەی گریانی تیمساح لەو ڕاستییەوە هاتووە کە تیمساح لەکاتی خواردندا فرمێسك دەردەدات. نەچی بچی وابزانی فرمێسکەکەی بۆ ئەوەیە کە خەفەت بۆ نێچیرەکەی دەخوات چونکە وانیە .

2155. Only crocodile's belly has a gentle skin. Skin on their back contains bony structures (called osteoderms) which make skin bulletproof.

تیمساح، تەنها پێستی سکی، نەرمە. پێستی پشتی پێکهاتەی ئێسکی تێدایەو گوللـەنەبڕە.

2156. Crocodiles have excellent eyesight (especially during the night).

توانای بینینی تیمساح زۆر بەهێزە بەتایبەت لەشەودا

2157. Crocodiles and alligators are not the same. Crocodiles are larger, have V-shaped jaw.

تیمساح و ئەوەی پێی دەوترێت تیمساحی ئیستیوائی یەك شت نین. تیمساح گەورەترەو شەویلگەیان لەشێوەی پیتیv دایە.

2158. Alligators are smaller, they have U-shaped jaw and their teeth are not visible when jaws are closed.

تیمساحی ئیستیوائی لە تیمساح بچوکترەو شەویلگەی لەشێوەی پیتیu دایەو ددانیان لەکاتی داخستنی شەویلگەیاندا، نابینرێت.

2159. Crocodiles mate during monsoon season. Female lays 20-80 eggs and take care of them 3 months.

جوتبونی تیمساح لەوەرزی بای وەرزیدا رودەدات. مێینەکیانیان 20 تا 80 هێلکە دەکەن و بۆ ماوەی سێ مانگ ئاگایان لێدەبێت.

2160. 99% of crocodile babies will be eaten in the first year of their life by large fish, hyenas, monitor lizards and larger crocodiles.

لەسەدا 99ی بێچووەکانی تیمساح، لەیەکەم ساڵی تەمەنیاندا لەلایەن ماسی گەورەو کەمتیارو قۆڕیی زەبەلاح و تیمساحی گەورەترەوە، دەخورێن.

2161. Most crocodiles live 50-60 years in the wild. Some crocodiles can live more than 80 years.
زۆربەی تیمساح 50 تا 60 ساڵ دەژی لەدەشت و دەردا. بەڵام هەندێکیان زیاتر لە 100 ساڵ دەژی.

2162. Flying squirrel usually reaches 12 inches in length (including the tail) and weighs between 4 and 6.5 ounces.
سمۆرەی فڕیو بەگشتی، درێژییەکەی بە کلکییەوە 12 ئینج دەبێت و کێشەکەشی چوار تا 6.5 ئۆنسە دەبێت.

2163. Males and females look alike. Fur on their backs and sides is brown to grey, and white on the belly. Tail is flattened and large.
بەپێچەوانە زۆربەی زیندەوەرانەوە، نێرەو مێیەی سمۆرەی فڕیو، لەیەك دەچن. فەروی سەر پشت و لاتەنیشتیان قاوەیی یان خۆڵەمێشین و فەروی سکیان سپییە. کلکیان تەخت و گەورەیە.

2164. Although they are known as "flying squirrels", they do not actually fly.
سمۆرەی فڕیو، بەپێچەوانەی ناوەکەیەوە، لەڕاستیدا ناتوانێت بفڕێت.

2165. Flying squirrels are nocturnal (active at night) creatures.
سمۆرەی فڕیو زیندەوەرێکی شەوگەڕە.

2166. Flying squirrels are omnivores (eat both meat and vegetation).
سمۆرەی فڕیو زیندەوەرێکی هەمەجۆرخۆرە واتە گۆشت و رووەکیش دەخوات.

2167. Flying squirrels do not hibernate, but they slow down their activity during winter.
سمۆرەی فڕیو ناچێتە قۆناغی سڕبونەوە بەڵام لەزستاندا، چالاکییەکانی کەمدەبێت.

2168. Main predators of flying squirrels are raccoons, coyotes, owls, foxes, snakes, birds, cats and dogs.
زیندەوەرە راوکەرە سەرەکییەکانی سمۆرەی فڕیو ئەمانەن: راکۆن، گورگی ئەمەریکای باکور، کوندەپەوو، ڕێوی، مار، باڵندە، پشیلە، سەگ.

2169. Flying squirrels are highly social animals. They live in the holes in the trees, such as those made by woodpecker.
سمۆرەی فڕیو زۆر کۆمەڵایەتییە. لەکونی ناو درەختدا دەژی. کونەکانی لەوانە دەچێت کە دارکونکەرە دروستیاندەکات.

2170. A large group of squirrels can share a single hole.

دەکرێ ژمارەیەکی زۆر سمۆرە یەك کونی هاوبەشیان هەبێت .

2171. Flying squirrels may share their dens with other animals such as bats and screech owls.

سمۆرەی فڕیو، دەکرێ لەگەڵ زیندەوەرانی تری وەك شەمشەمەکوێرەو کوندەپەپوو، یەك هێلانەیان هەبێت.

2172. Mating occurs early in the spring and sometimes late in the summer.

جوتبونی سمۆرەی فڕیو، لەبەهارو هەندێك جاریش لەهاویندا رودەدات.

2173. Flying squirrels usually produce one litter per year. Gestation period (pregnancy) lasts 40 days and female gives birth of 2 to 7 babies.Babies are hairless and blind.

سمۆرەی فڕیو بەگشتی ساڵانە یەك جار دەزێ. ماوەی دوگیانی 40 رۆژەو هەر زاینێك 2 تا 7 بێچوی دەبێت. بێچووەکانیش بێمور و کوێرن.

2174. Average lifespan of the flying squirrel in the wild is between 4 and 5 years and between 10 and 15 years in the captivity.

سوڕی ژیانی سمۆرەی فڕیو لەدەشت و دەردا 4 تا 5 ساڵەو لەحاڵەتی دەستبەسەریدا 10 تا 15 ساڵ دەژی.

2175. Intelligent people are more forgetful than those with average intelligence.

کەسانی زیرەك لەوانە لێبوردەترن کە زیرەکییەکی ئاسایيان هەیە.

2176. Lack of sleep is associated with excessive worrying.

کەمخەوی پەیوەندی بە هەبونی خەفەتی زۆرەوە، هەیە.

2177. Forcing yourself to forget something only causes the brain to think about it even more.

ناچارکردنی خودی خۆت بۆ لەبیرکردنی شتێك، دەبێتەهۆی ئەوەی مێشکت زیاتر بیری لێبکاتەوە.

2178. 34% of British people believe in ghosts – and 9% say they have communicated with the dead.

لەسەدا 34ی خەڵکی بریتانیا بڕوایان بە خێو هەیە. لەسەدا 9شیان دەفەرمون پەیوەندییان لەگەڵ مردوودا هەیە. ئەوەش عەقڵی هەندێك لەئەوروپییەکان!

2179. Your hair will turn gray faster if you smoke.

ئەگەر جگەرە بکێشیت، مووی جەستەت خێراتر ماش و برنجی دەبێت.

2180. In Japan, the leading cause of death for men aged 20 to 44 is suicide.

لە یابانە حەیاتەکە کە بەکوردییەکەی خۆمان پێی دەوترێت ژاپۆن، سەرەکیترین هۆکاری مردنی کەسانی تەمەن 20 بۆ 44 ساڵ، خۆکوشتنە.

2181. The average prisoner in the U.S. is visited only twice during their entire incarceration.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان (مەخسەوی شەریفم لەلای خۆمان گۆی زەوییە)، زیندانییەکی ئاسایی، بەدرێژایی ماوەی زیندانییەکەی تەنها دووجار سەردانی دەکرێت.

2182. In Ohio twins were born but both were adopted by different families who does not know each other's. Both were named James by their foster families. Twin brothers grown up unaware from each other, started looking for same jobs. Dou have good ability of painting and carpentry. Both married women name Linda and interestingly both name their kids James Alen. Gradually, both got divorced from their wives and remarry women with same name Bretty. Both had a dog named Toy. Only when they reached in their 40s they got to know that these two men are brothers and living same kind of lives.

لە ئۆهایۆ کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، دوانەیەکی کوڕ لەکاتی لەدایکبوندا بەهۆکارێکی نادیار، لەیەك جیابونەوەو هەر یەکەیان لەلایەن خێزانێکی جیاوە کە یەکتریان نەدەناسی گەورەکران بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەو دوو خێزانەدا هەبێت. ئەم دوانە هەردوکیان ناونران جەیمس. دواتر گەورە بون و هەردوکیان بۆ هەمان کار دەگەڕان چونکە لەبواری وێنەکێشان و دارتاشیدا بەهرەدار بون. دواتر هەردوکیان ژنیان هێناو ژنی هەردوکیشیان ناوی لیندا بوو.

جا هێشتا چیت دیوە؟! هەردوکیشیان منداڵەکانیان بەهەمان ناوەوە ناو نا. دواتر بە تێپەڕبونی زەمەن هەردوکیان لەژنەکانیان جیابونەوە. یەکی ژنێکی تریان هێناو ژنی دووەمی هەردوکیشیان ناوی برێتی بوو. هەردوکیشیان سەگێکیان هەبوو بەناوی تۆی.

دواجار کاتێك تەمەنیان گەیشتە 40ەکان، ئەم دوانەیە یەکتریان دۆزییەوەو زانییان برای دوانەن و هەمان ستایڵی ژیانیان هەبووە. ئەمە زۆر لەفیلمی هیندی دەچێت بەڵام راستەقینەیەو رویداوە، نەك سیناریۆ.

2183. Joseph Aigner was a well-known painter of 19th century in Austria who was probably unhappy. His life was saved by a same monk thrice; two suicide attempts and a death penalty. His first attempted of suicide was when he was eighteen, he tried to hang himself but saved by a capuchin monk who appeared in the front of very mysterious way. At the age of 22 the painter again try to hang himself, but again he saved by that particular capuchin monk. Eight years later he received death sentence for his political activities but the same capuchin monk saved him by intervention. But finally Aiger succeed in killing himself by shooting at the age of 68. Amusingly, the painter's funeral ceremony was conducted by that capuchin monk and Aiger did not even know his name.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا، لە نەمسا نیگارکێشێکی بەناوبانگ هەبوو بەناوی جۆزێف ئایگنەر. ئەم برادەرە کەسێکی زۆر نامورتاح بوو. سێ جار ژیانی لەلایەن هەمان قەشەی کەپوشییەوە رزگارکراوە: لەدوو هەوڵی خۆکوشتن و سزایەکی لەسێدارەدان رزگاری کردووە. بەڵام دواجار لەسێیەم هەوڵی خۆکوشتندا خۆی کوشت و عومری دێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

یەکەم هەوڵی خۆکوشتنی، لەتەمەنی 18 ساڵیدا داوە کە ویستوێتی لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە خۆی بکوژێت بەڵام لەلایەن قەشەکەوە کە کتوپڕو بەشێوەیەکی سەیر لەبەردەمیدا پەیدابووە، رزگارکراوە.

لەتەمەنی 22 ساڵیدا واتە چوار ساڵ دواتر، بەهەمان شێوە هەوڵیدا لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە، خۆی بکوژێت بەڵام ئەمجارەش لەلایەن هەمان قەشەوە رزگارکرا.
هەشت ساڵ دواتر، بەهۆی بەشداری ئەنقەستی لەچالاکی سیاسی، بڕیاری لەسێدارەدانی لەدژ دەرچوو بەڵام هەمان قەشە دەستی وەردایە مەسەلەکەو لەسێدارەدان رزگاری کرد.
بەڵام دواجار لەتەمەنی 68 ساڵیدا لەڕێگەی گوللەنان بەخودی خۆیەوە، خۆی کوشت. هێشتا سەمەرە ماوە. هەمان قەشە مەراسیمی بەخاکسپاردن و پرسەکەی بەڕێوەبرد. شایانی باسە سەرباری ئەو هەموو رزگارکردنانە، جۆزێف بەدرێژایی ژیانی تەنانەت نەشی زانی ناوی ئەو قەشەیە چیە.

2184. The University of Pennsylvania has produced 25 billionaires, the most of any college in the world.
زانکۆی پنسلڤانیا کە لە ئەمەریکایە، 25 ملیاردێری بەرهەمهێناوە. ئەم ژمارەیەش بەبەراورد بە ملیاردێرەکانی هەر زانکۆیەکی تری جیهان، زۆرترینە.

2185. The Earth's day/night cycle is growing longer year-by-year, and 620 million years ago, the Earth day was 21.9 hours.
ماوەی رۆژو شەوی سەرزەوی، رۆژ دوای رۆژ لەدرێژبوندایە. 620 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، رۆژێك 21.9 سەعات بووە.

2186. Botulinum is considered the number one most toxic poison in the entire world. It is generally used in cosmetic products, but a single teaspoon is said to kill up to 1.2 billion people. When it comes into contact with the body, it may cause blurred vision, slurred speech, muscle weakness, and death.
بۆتولینیوم بە کوشندەترین ژەهر لەسەرتاسەری جیهان دادەنرێت. ئەم ماددەیە بەگشتی لەبەرهەمەکانی جوانکاری بەکاردەهێنرێت. دەووترێت تەنها یەك کەوچکەچا لەم ماددەیە، تا 12 ملیار کەس دەکوژێت. ئەگەر ئەم ماددەیە بچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، توانای بینین و قسەکردنی تێکدەدات و ماسولکەکان لاوازدەکات و دواتریش دەبێتەهۆی مردن.

2187. Benjamin Harrison, the 23rd president of the US, was the first president to have electricity in the White House but he never touched any light switches because he was too scared of getting electrocuted.
بینجامین هاریسن یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا بووە کە کارەبای بۆ دانراوە لەکۆشکی سپی. بەڵام لەترسی کارەباگرتن، هەرگیز نەیوێراوە دەست لەهیچ سویچێکی گڵۆپ بدات.

2188. 995. There are too many comparisons between these two highly controversial personalities to ignore. Hitler and Napoleon were born exactly 129 years apart. They also managed to come to power 129 years apart. Strangely enough, they also declared war on Russia 129 years apart and were also defeated 129 years apart.
چەند بەراوردێکی سەیر لەنێوان ئەدۆلف هیتلەر، سەرۆکی ئەڵمانیای نازی و ناپلیۆن بوناپارت، ئیمپراتۆری بەناوبانگی فەرەنسادا هەیە. جیاوازی نێوان کاتی لەدایکبونیان 129 ساڵ بووە. جیاوازی نێوان دەسەڵات گرتنەدەستیشیان هەر 129

ساڵ بووە. هەردوکیشیان جەنگیان لەدژی روسیا راگەیاندووەو جیاوازی نێوان ئەو راگەیاندنە هەر 129 ساڵ بووە.
هەردوکیشیان دواتر بەزیون. جیاوازی نێوان بەزینیشیان هەر 129 ساڵ بووە.

2189. 996. Hitting snooze on your alarm can make you more tired than if you had gotten up right away.

دەکرێ دەستنان بە سنوزی زەنگی بەئاگاهێنانەوەکەت، زیاتر ماندوت بکات وەك لەوەی دەسبەجێ لەگەڵ زەنگەکەدا، هەستیت.

2190. 997. Your height is generally determined by your father. Intelligence, emotional strength and body shape is determined by the mother.

بەگشتی لەبەرزیی باڵاتدا دەچیتەوە سەر باوکت بەڵام لەڕووی زیرەکی و هێزی سۆزداری و شێوەی جەستەوە، دەچیتەوە سەر دایکت.

2191. 998. A 12-year-old Ethiopian girl was snatched by four men on her way home from school. A week later, three lions encountered the group and chased the men off. The lions stayed with the girl without harming her, before departing as police searching for her came near.

لەو ئەسیوپیایەی لای خۆمان، جارێك کیژۆڵەیەکی تەمەن 12 ساڵ لەکاتی گەڕانەوەی لەقوتابخانەوە بۆ ماڵەوە، لەلایەن چوار پیاوەوە رفێنرا. پاش هەفتەیەك، سێ شێر ئەو جەماعەتەیان بینی و کچەکەیان لەچنگی ئەو سێ پیاوە رفاند. شێرەکان کچەکەیان لەلای خۆیان هێشتەوە بەبێ ئەوەی لەگوڵ کاڵتری پێ بڵێن تا ئەو کاتەی پۆلیس چووە شوێنەکە. لەوکاتەدا شێرەکان کچەکەیان ئازادکرد.
شایانی باسە لەکاتی وەرگێڕان و ماکیاجکردنی ئەم بەسەرهاتەدا خەریکبوو بنوسم "شێرەکان ئەوەندە پیاو بوون زیانیان بەکچەکە نەگەیاند" بەڵام کتوپڕ پەشیمان بومەوە چونکە ئەوانەی کچەکەیان رفاندبوو بەحساب پیاو بوون بۆیە ناکرێت لەچاکیدا بکرێنە پێودانگ، خوا لەئێمەی مرۆڤایەتییان بسەنێت!
پرسیارێکی تریش خۆی قوتدەکاتەوە: ئەرێ ئەو حەیوانانە ئینسان بون یان ئەو ئینسانانە حەیوان بون؟! کورە قسەم پێ مەکەن با قسەنەکەم!

2192. Your shoes are the first thing people subconsciously notice about you.

یەکەم شتت کە خەڵك بەشێوەیەکی خۆنەویستانە، سەرنجی دەدات، پێڵاوەکانتە.

2193. Cats are believed to be responsible for the extinction of several species of animals.

زانایان لەو بڕوایەدان پشیلە هۆکاری قڕبونی چەند جۆرێك گیانداڕە.

2194. A 62% majority of Americans believe that JFK was killed in a conspiracy and that there was an official cover up.

لەسەدا 62ی ئەمەریکییەکان لەو بڕوایەدان کە سەرۆك جۆن ئێف کێنێدی لەچوارچێوەی پیلانێکدا کوژراو دواتر بەڕەسمی ئەو پیلانە پەردەپۆش کرا.

2195. When you hear ringing inside your ears, It’s your brain trying to repair itself... And failing.

کاتێك گیزەگێزێك لەناو گوێکانتەوە دەبیستیت، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە مێشکت هەوڵدەدات کێشەیەك کە لەخۆیدایە چاکی بکات بەڵام ناشطوانێط!

2196. Its impossible to swallow without your tongue touching the roof of your mouth.

قوتدان بەبێ بەرکەوتنی زمان لەسەقفی ناودەم، شتێکی مەحاڵە.

2197. The inventor of the television would not let his own children watch TV.

داهێنەری تەلەفزیۆن نەیدەهێشت منداڵەکانی خۆی سەیری تەلەفزیۆن بکەن.

2198. In 2014, Dubai launched a program that pays children 2 grams of gold for every kilogram (2.2 pounds) of weight they lose.

بەگوێرەی پرۆگرامێکی دوبەی کە لەساڵی 2014ەوە خستوویەتییە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر منداڵێك لەبەرامبەر دابەزاندنی هەر کیلۆگرامێك لەکێشی، دوو گرام ئاڵتونی پێدەدرێت.

2199. Wikipedia in English has 36 times more articles than the Encyclopedia Britannica.

تەنها بەشی ئینگلیزی ماڵپەڕی ویکیپیدیا، 36 ئەوەندەی ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا، زیاتر ماددەی تێدایە.

2200. The first color photograph was taken in 1861.

یەکەم فۆتۆی ڕەنگاوڕەنگ، لەساڵی 1861 گیراوە.

2201. The ice sheet of Antarctica has been in existence for at least 40 million years.

تەمەنی پارچە سەهۆڵینەکەی کیشوری جەمسەری باشوور، لانیکەم 40 ملیۆن ساڵە.

2202. 90% of people will text things that they could never say in person.

لەسەدا 90ی خەڵك شتگەلێك بە تێکست دەنێرن کە هەرگیز ناتوانن بە وتن، بیڤەرمون!

2203. In most women, the left breast is usually slightly larger than the right. Very few women have perfectly symmetrical breasts. A slight difference in size — up to 20 percent — between the right and left breast is normal. Sudden changes are not, though, and are reason to talk to your doctor.

زۆربەی خانمان مەمکی چەپیان لەهی ڕاست کەمێك گەورەترە، کەم خانم هەیە، قەبارەی هەردوو مەمکی یەکسان بێت.
جیاوازییەکی کەم لەنێوان قەبارەی هەردوو مەمکدا (تا ڕێژەی لەسەدا 20) شتێکی ئاساییە بەڵام ڕودانی گۆڕانکاری کتوپڕ لەجیاوازیی نێوانیان ئاسایی نیەو پێویستە ئەو کەسە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات.

2204. There are more statues of lions in the world than there are real wild lions.

ژمارەی پەیکەرەکانی شێر لەجیهاندا لەژمارەی شێرە کێوییە ڕاستەقینەکان زیاترە.

2205. The buyers of the Fifty Shades of Grey books are 80% female.

ڕۆمانێکی جیهانی هەیە بەناوی "50 پلەی گرەی". ئەم ڕۆمانە ڕۆمانسیی خەستە واتە کافرسانییە بەمانای کەلیمە. بۆ زیاتر لە 50 زمان تەرجەمێنراوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە لەسەدا 80ی کڕیارانی ئەم کتێبە خانمانن.
سەد ڕەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە لەئاوی خوڕ مەترسە، لەمەنگ بترسە!

2206. 1455. Andrew Jackson, who appears on the U.S. twenty-dollar bill, was highly opposed to paper money.
ئەندرۆ جاکسن کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکاو وێنەکەی لەسەر دراوی کاغەزی 20 دۆلاری هەیە، تاڕادەیەکی زۆر دژی دراوی کاغەز بووە.

2207. There are 2 million saunas in Finland for a population of 5 million.
ژمارەی دانیشتوانی فینلەندا پێنج ملیۆنە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو ملیۆن ساونای تێدایە.

2208. In 1785, Benjamin Franklin was the richest person in the United States.
لەساڵی 1785، بینجامین فرانکلین، دەوڵەمەندترین کەس بووە لەسەرتاسەری ئەمەریکادا.

2209. In Belgium, people with autism, bipolar disorder, depression and other mental illnesses can request to be euthanised.
لە بەلجیکا نەخۆشانی ئۆتیزم، تێکچونی جوتجەمسەر، خەمۆکی و چەند نەخۆشییەکی تری دەرونی، دەتوانن داوای کوشتنی بەسۆز بکەن.
ئەمە یەکێکە لەقۆڕییاتەکانی ئەوروپاو دژی مرۆڤایەتییە چونکە نابێت هیچ یاسایەك لەهیچ دۆخێکدا هاندەر بێت بۆ خۆکوشتن جا راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

2210. "Death from overwork" is so common in Japan there's even a word for it: Karoshi.
مردن بەهۆی ماندووبون لەسەرکارو کاری زیادە، هێندە باوە لە یابان، زاراوەیەکی تایبەتیان بۆ داناوە کە ئەویش کارۆشییە.
هەرچەندە رەنگە نیسان و تۆیۆتا بەرهەمی ئەو ماندوبونە مەترسیدارە بێت بەڵام نە ئەو جۆرە ماندوبونەی ئەوان باشە نە تەممەڵییەکەی لای خۆمان.. دەبینیت کابرا رۆژی دە دوانزە موراجیع دێتەلای کەچی خۆی سورئەکاتەوەو ئەڵێ: وەی توخوا مردم، ئەوە کەی ژیانە!!!

2211. In Italy, there is a submerged bronze statue of Jesus Christ of 2.5 metres tall.
لە ئیتاڵیا پەیکەرێکی برۆنزی حەزرەتی عیسا هەیە کە درێژییەکەی دوو مەترو نیوە. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم پەیکەرە لەژێر ئاودایە.

2212. A Chilean man is so obsessed with Julia Roberts that he has 82 tattoos of her face all over his body.
پیاوێك هەیە لە چیلی هێندە موعجیبی ژنەئەکتەری ئەمەریکی جولیا رۆبەرتزە کە 82 تاتۆی وێنەی ئەوی لەسەر جەستەی کێشاوە.

2213. 68% of the people suffer from Phantom Vibration Syndrome, the feeling that one's phone is vibrating when it's not.
لەسەدا 68ی خەڵك حاڵەتێکی دەرونییان لەتەکدایە کە پێی دەوترێت "وابەستەی هەزرە یان جەرەسی وەهمی". بەهۆی ئەم حاڵەتەوە ئەو کەسانە زۆر جار هەست دەکەن کە مۆبایلەکەیان هەزرە لێدەدات یان جەرەسی بۆ هاتووە بەڵام لەڕاستیدا وانیە.

2214. Dogs have 13 blood types, horses have 8, cows have 9 while Humans only have
مەعلومە خوێنی مرۆڤ پێنج جۆرە. بەڵام هی سەگ 13 جۆرە، هی ئەسپ هەشتەو هی مانگاش نۆیە.

2215. There are more cars than people in Los Angeles.
لەشاری لۆس ئەنجلس، ژمارەی سەیارە لەمرۆڤ زیاترە.

2216. The average woman's friendship lasts 3 years while man's lasts 5 years.
بەگشتی هاوڕێیەتیی نێوان خانمان سێ ساڵ دەخایەنێت بەڵام هی پیاوان پێنج ساڵ دەخایەنێت.

2217. Bill Gates once said that he always gives the laziest people the hardest jobs, because they'll find the easiest way to do it.
بیل گەیتس دەڵێت، هەمیشە قورسترین کارەکان دەدات بە تەممەڵترین کەسەکان. چونکە ئەو جۆرە کەسانە ئاسانترین ڕێگا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە دەدۆزنەوە.

2218. 77% of Russia is made up of Siberia.
سیبیریا لەسەدا 77ی ڕوسیا پێکدەهێنێت.

2219. During WW2, the Japanese killed more Chinese than the Nazis killed Jews.
لەجەنگی جیهانی دووەمدا، ژمارەی ئەو چینییانەی لەو جەنگەدا بەدەستی یابانییەکان کوژران، لەو جولەکانە زیاتر بوون کە بەدەستی ئەڵمانە نازییەکان کوژران.
سەد ڕەحمەت لەپێشینانمان کە فەرمویان زۆربەی زیندەوەران گۆشتخۆرن بەس تەنها گورگ بەدناوە!!!

2220. At the time of his death, Libyan dictator Muammar Gaddafi was one of the world's richest man, worth US$200 billion.
موعەمەر قەزافی لەکاتی کوژرانیدا، یەکێك بوو لەسوپەر دەوڵەمەندەکانی جیهان. سامانەکەی بایی 200 ملیار دۆلار بوو.

2221. Spanish and Brazilian women only spend about an hour and a half a week on housework, while French women spend almost no time on it.
خانمانی برازیل و ئیسپانیا هەفتانە نزیکەی سەعات و نیوێك بەکاروباری ماڵەوە بەسەردەبەن بەڵام فەرەنسییەکان ئەو ماوە کەمەش بەسەرنابەن.

2222. During WW1, the Ottoman Empire slaughtered over 1.5 million Armenians. It gave origin to the word "Genocide", although it is not officially recognized as such by most countries.
لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، عوسمانلییەکان زیاتر لە ملیۆنێك و 500 هەزار ئەرمینیان کۆمەڵکوژ کرد. ئەم کارەش بووە سەرەتایەك بۆ وشەی جینۆساید هەرچەندە لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە بەڕەسمی دانی پێدا نەنرا.

2223. During the American Civil War, Generals were 50% more likely to die in combat than Privates.
لەکاتی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا، ئەگەری کوژرانی جەنەڕاڵەکان لەشەڕدا، بەڕێژەی لەسەدا 50 لەسەربازەکان، زیاتر بووە.

2224. One thousand Americans stop smoking every day by dying.

ڕۆژانە هەزار ئەمەریکی واز لەجگەرە کێشان دەهێنن، بەڵام بە مردن

2225. The wars between Romans and Persians lasted about 721 years, the longest conflict in human history.
جەنگەکانی نێوان ڕۆمان و فارسەکان، زیاتر لە 720 ساڵی خایاندووە. ئەمەش درێژترین ناکۆکییە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا.

2226. U.S. Police killed more people in March, 2015, than the entire UK police have killed since 1900.

ژمارەی ئەو کەسانەی بەدەستی پۆلیسی ئەمەریکا تەنها لەئازاری 2015 کوژراون، لەکۆی ژمارەی ئەو کەسانە زیاترە کە پۆلیسی بریتانیا لەساڵی 1900ەوە کوشتونی.

2227. 64% of World's Extreme Poor Live in Just 5 Countries: India, China, Nigeria, Bangladesh, and Congo.

لەسەدا 64ی هەموو هەژارە جەرگبڕەکان لەپێنج وڵاتدا دەژین: چین، نایجێریا، بەنگلادیش، کۆنگۆ، هندستان.

2228. The word for Silver and Money are the same in 14 languages.

لە چوارده زماندا هەمان وشە بەمانای "پارە"و "زیو"یش دێت.

2229. More people live in caves today than during the Stone Age.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەم سەردەمەدا لەناو ئەشکەوتدا دەژین، لەوانە زیاتر کە لەچاخی بەردیندا لەناو ئەشکەوت ژیاون.

2230. In the U.S., Childhood Food Allergies Cost Nearly US$25 Billion Every Year.

ساڵانە تەنها بەهۆی حەساسیەتی خواردن بەمنالّەوە، ئەمەریکا 25 ملیار دۆلاری دەڕوات.

2231. Mankind has left 96 bags of urine, feces, and vomit on the moon.

مرۆڤی ئیشقۆڕ 96 کیسە میزو پیسایی و رشانەوەی لەسەر مانگ جێهێشتووە!

سەیری ئەو یادگارییە!!!

2232. Six Americans were shot by dogs. Most of these shootings occurred in Florida.

تائێستا شەش ئەمەریکی لەلایەن سەگەوە تەقەیان لێکراوە. زۆربەی ئەم حاڵەتانەش لەویلایەتی فلۆریدا رویانداوە.

ئەمە جەختدەکاتەوە کە بەخوا سەگیش سەگە!!!

2233. The most searched tutorial on youtube is "how to kiss"

لەناو بەرنامە فێرکارییەکانی یوتیوبدا ئەوەندەی سێرچ بۆ چۆنیەتی فێربونی ماچ کراوە، سێرچ بۆ هیچ فێربونێکی تر نەکراوە.

ئەو خەڵکە ناحەقیشی نیە. ماچکردنیش فێربونی ئەوێ، لێی نەزانی کاتێکت زانی لایەك لەلچت کراوەتەوە یان لایەك لەلچی هاوژینەکەت کردووەتەوە یان لانیکەم شوختێکی گەورە دروستدەکات!!!

2234. Redbad, the last pagan King of Frisia (northern Netherlands), refused to convert to Christianity because he "preferred spending eternity in Hell with his pagan ancestors than in Heaven with his enemies."

رێدباد کە کۆتا پادشای بتپەرستی فریسیا (باکوری هۆڵەندا) بوو، ئامادە نەبوو ببێت بە مەسیحی و دەیوت ژیانم لەگەڵ پێشینە بتپەرستەکانم لەجەهەننەم، پێباشترە لەژیان لەبەهەشت لەگەڵ دوژمنەکانم.

ئەمە دەمارگیری و عاقیبەت شەڕییەکی عەیارە 24ە. یا رەببی خوایە عاقیبەت خێرمان کەیت.

2235. CHARLIE CHAPLIN'S DAUGHTER PLAYED CHARLIE CHAPLIN'S MOTHER IN THE iftV 1992 BIOPIC "CHAPLIN."

لەساڵی 1992 فیلمێك لەسەر ژیاننامەی چارلی چاپلّن بەرهەمهێنراوە. لەو فیلمەدا کچەکەی چاپلّن رۆلّی دایکی دەبینێت.

2236. 66 million Primary school-age children attend classes hungry across the developing world.

تەنها لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، 66 ملیۆن قوتابیی منداڵ هەن کە بە سکی برسییەوە دەچنە پۆلەکانەوە.

2237. 1 in 200 cats suffer from asthma.

لەهەموو دوو سەد پشیلەیەك، یەكێكیان رەبوی هەیە.

2238. Thomas Edison considered sleep a waste of time and got 3-4 hours per night. In contrast, Albert Einstein claimed to need 10 hours and Calvin Coolidge, while president, demanded 11!

تۆماس ئەدیسۆن پێیوابوو خەوتن کات بەفیڕۆدانەو شەوانە تەنها سێ بۆ چوار سەعات دەخەوت. بەڵام ئاینیشتاین دەیوت پێویستی بە 10 سەعات خەوتن هەیە.

جا هێشتا چیت دیوە!، لەمەش سەیرتر هەیە. کالڤین کۆڵدیج کە یەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا داوای 11 سەعات خەوی دەکرد!

2239. One cigarette contains enough toxic ingredients to kill a person if those ingredients were directly injected into bloodstream.

تەنها یەك جگەرە هێندە پێکهاتەی ژەهری تێدایە کە ئەگەر راستەوخۆ وەك دەرزی بدرێت لەجەستەو بچێتە ناو سۆری خوێنەوە، بەسە بۆ کوشتنی مرۆڤێك.

2240. Taking n increases the chance of having a heart attack within the hour by %2400.

بەکاربردنی کۆکاین، مەترسی لێدانی جەڵدەی دڵ لەماوەی سەعاتێکدا بەڕێژەی لەسەدا دوو هەزارو چوار سەد زیاددەکات.

2241. People who are frown in photos, are 5 times more likely to get a divorce than those who smile, research says.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو کەسانەی لەوێنەدا روگرژن، بەڕێژەی پێنج ئەوەندە لەوانی تر ئەگەری جیابونەوەیان زیاترە.

2242. Together, the world's top 12 richest people could buy all of Manhattan.

دوانزە دەوڵەمەندترین کەسەکەی جیهان دەتوانن پێکەوە مانهاتن بکڕن کە چڕترین و بەناوبانگترین گەڕەکی شاری نیۆرکی ئەمەریکایە.

2243. Opossums have fifty razor sharp teeth, the highest number of teeth found in any land mammal.

زیندەوەرێکی مەمکداری شەوگەڕ هەیە کە بە ئینگلیزییەکەی خۆمان پێی دەڵێن، ئەپۆسەم. ئەم زیندەوەرە پەنجا ددانی تیژ وەك گوێزانی هەیە. ئەمەش زۆرترین ددانە بەبەراورد بەسەرجەم زیندەوەرە وشکانییە مەمکدارەکانی تر.

2244. 99% of Finns take a sauna at least once a week.

لەسەدا 99ی هاوڵاتیانی فنلەندا، هەفتانە لانیکەم یەکجار دەچنە ساوناوە.

2245. The Netherlands is the world's largest per capita consumer of coffee, averaging 2.4 cups of coffee per person per day.

هۆڵەندا گەورەترین بەکاربەری قاوەیە لەجیهاندا لەڕوی بەکاربردنی تاکەوە. رۆژانە هەر تاکێکی ئەم وڵاتە نزیکەی دوو کوپ و نیو دەخۆنەوە.

2246. Canada has more lakes than the rest of the world's lakes combined.

ژمارەی دەریاچەکانی کەنەدا لەکۆی دەریاچەکانی هەموو وڵاتانی تری جیهان زیاترە.

2247. 60% of the world's population has an Internet addiction.

لەسەدا شەستی دانیشتوانی جیهان، ئاڵودەبوی عەنتەرنێتن!

2248. In 1984, a boy wrote a letter to Ronald Reagan asking for federal funds to clean his bedroom after his mother called it a "disaster area."

لەساڵی 1984، منداڵێك پاش ئەوەی ژوری خەوتنەکەی هێندە پیس بوو کە لەلایەن دایکییەوە بە ناوچەیەکی کارەساتبار ناوببرد، نامەیەکی بۆ رۆناڵد ریگان، سەرۆکی ئەمەریکا نوسی و تێیدا داوایکرد لەسەر ئاستی وڵات پشتگیری دارایی بکرێت بۆ پاکردنەوەی ژورەکە.

2249. When Menelik II, emperor of Ethiopia, felt unwell, he would eat a few pages of the Bible.

مێنیلیکی دووەم کە ئیمپراتۆری ئەسیوپیا بووە، هەرکاتێك هەستی بکردایە ناساغە، چەند لاپەڕەیەك ئینجیلی دەخوارد.

2250. Women who get breast implants are 3 times more likely to commit suicide.

ئەو خانمانەی نەشتەرگەری مەمکچاندیان ئەنجامدەدەن، ئەگەری خۆکوشتنیان سێجار زیاترە.

2251. Honeybees travel about 48,000 miles to gather the nectar needed to produce 1 liter (1/4 gallon) of honey.

بەمەبەستی کۆکردنەوەی شیلەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی تەنها یەك لیتر هەنگوین، هەنگی هەنگوین پێویستە 48 هەزار میل بڕوات.

2252. The 1902 Saint-Pierre Volcano eruption killed all 35,000 people in the town except one man who survived because he was the worst prisoner and lived in a solitary confinement cell.

لەساڵی 1902 گرکانێك لەشارۆچکەیەك بەناوی ساینت پیێرێ، رویدا. لەئەنجامدا سەرجەم دانیشتوانەکەی کە ژمارەیان 35 هەزار کەس بوو گیانیان لەدەستدا جگە لە تەنها یەك کەس. ئەو کەسەش کە رزگاری بوو لەو روداوە، خراپترین زیندانی بوو و لە خانەیەکی ئینفیرادیدا زیندانیکرابوو لەکاتی روداوەکەدا.

2253. There is an atomic clock in Colorado which is so accurate it will not gain or lose a second over 300 million years.

لەویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمەریکا، سەعاتێك هەیە پێیدەووترێت سەعاتی گەردیلەیی. ئەم سەعاتە هێندە مەزبوت و دەقیقە لەماوەی زیاتر لە 300 ملیۆن ساڵیشدا چرکەیەك نە دوادەکەوێت و نە پێشدەکەوێت.

2254. The first guy to win "Who Wants to be a Millionaire" used none of his lifelines until the final question, where he called his dad. During the call, he told his dad he didn't need any help on the final question, but he just wanted to let him know that he was about to win $1,000,000.

یەکەم کەس کە خەڵاتی بەرنامەی جیهانی "کێ دەیەوێت ببێتە ملیۆنێر"ی بردەوە، برادەرێك بوو کە هیچ یەکێك لەهۆکارەکانی یارمەتیدانی لەبەرنامەکە بەکارنەهێنا تا پرسیاری کۆتایی. لەپرسیاری کۆتاییدا تەلەفۆنی کرد بۆ باوکی. لەکاتی تەلەفۆنەکەدا پێیوت پێویستی بە هیچ یارمەتییەك نیە بۆ پرسیاری کۆتایی و وەڵامەکەی دەزانێت، تەنها بۆ ئەوە تێلی کردووە کە بزانێت خەریکە یەك ملیۆن دۆلار واتە "100 دەفتەری سەیی" دەباتەوە.

2255. Squirrels are actually very kind to each other and will adopt abandoned baby squirrels.

بەپێچەوانەی مرۆڤی ئیشقۆڕەوە، سمۆرە لەناوخۆیاندا زۆر چاکن بۆ یەکتر. تەنانەت ئەگەر بێچویەکی فڕێدراو ببینن، تەبەنی دەکەن و بەخێوی دەکەن.

2256. Your brain can recognize a sound 10 times faster than the blink of an eye.
مێشکی شەریفت دەتوانێت نزیکەی 10 ئەوەندەی چاوتروکاندن خێراتر، دەنگ بناسێتەوە.

2257. One of North Korea's largest exports is giant statues of foreign dictators.
یەکێك لەگەورەترین هەناردەکانی کۆریای خەپەگیان، پەیکەری زەبەلاحی گەورە دیکتاتۆرە بیانییەکانە.

سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە: تەیری گول عاشق بە داری ژەقنەبوتە!

2258. AIDS is now the leading cause of death among adolescents in Africa.
لەئێستادا ئایدز هۆکاری سەرەکی مردنی هەرزەکارانی ئەفەریقیایە.

2259. بۆ ماوەی 20 ساڵ، درێژترین هۆتێل لەجیهاندا، هەرەمێکی چۆڵی 105 نهۆمی بووە لەشاری پیۆنگیانگی پایتەختی کۆریای خەپەگیان بووە.



2260. Brazil occupies 47.3% of South America and borders all other countries except Ecuador and Chile.
برازیل لەسەدا 47.3ی رووبەری هەموو کیشوەری ئەمەریکای باشوری گرتووەو سنوری لەگەڵ هەموو وڵاتەکانی ئەو کیشوەرەدا هەیە جگە لە ئیکوادۆرو چیلی.

2261. Chinese students can get 7 years in jail for cheating on exams.
لەچین، دەکرێ خوێندکاران بەهۆی قۆپیکردن لەتاقیکردنەوە، حەوت ساڵ زیندانی بکرێن.

2262. In a bid to encourage Pandas to mate, Chinese scientists have experimented with "panda porn", explicit videos of pandas mating.
لەهەوڵێکدا بۆ هاندانی پاندا (ورچی چینی) بۆ جوتبون، زانایانی چین پۆرنی پاندایان تاقیکردووەتەوە کە بریتییە لەدیمەنی ڤیدۆی سێسکردنی روتی پاندا.

2263. In 2007, a Delaware man filed suit against his doctors for a surgical mix-up that left him urinating feces and pooping urine.
لەساڵی 2007 لەویلایەتی دێلەوێری ئەمەریکا، پیاوێك شکاتی لەدکتۆرەکانی کرد چونکە ئەو ئیشقۆرانە نەشتەرگەرییەکیان بۆ کردبوو کە وایان لێکردبوو پیس تێکەڵاوی بکات. بەهۆی ئەو نەشتەرگەرییە سەقەتەوە، ئەو داماو لەچوکەوە پیسایی دەکردو لەکۆمەوە میزی دەکرد واتە تەواو بەپێچەوانەی ئوممەتی محەمەدەوە!!!

2264. During construction of a railway in Uganda, two Tsavo lions halted progression by repeatedly killing workers at night. Deaths were estimated to be 135.

جۆرێك شێر هەیە پێی دەووترێت شێری ساڤۆ. ئەم جۆرە شێرە مرۆڤخواردن و زەڵاتە خواردنی لەلا وەك یەكە. لەكاتی دروستكردنی هێڵێكی شەمەندۆفێر لەو ئۆگەندایەی لای خۆمان، دوو شێری لەم جۆرە، لەڕێگەی كوشتنی كرێكارەكان لەشەودا كێشەیەكی زۆریان لەبەردەم پرۆسەی دروستكردنی هێڵەكەدا دروستكرد.. ژمارەی ئەو كەسانەی ئەم دوو شێرە لەناوی بردن بە 135 كەس خەمڵێنراون.

2265. China has conducted a new road law : Drivers who use high beam unnecessarily will be fined and sit in front of their lights for two minutes.

بەپێی یاسایەكی نوێی هاتوچۆ لە چین، هەر شۆفێرێك فول لایت لەكاتی ناپێویستدا بەكاربهێنێت، جگە لەغەرامەی دارایی، بۆ ماوەی دوو دەقە روبەڕوو لەبەردەم فول لایتی ئۆتۆمبێلەكەی خۆیدا دادەنرێت.

2266. A man from Arizona stole a diamond worth $160K and traded it for $20 of weed.

لەو ئەریزۆنایەی لای خۆمان، پیاوێك توانی پارچە ئەڵماسێك بدزێت كە بایی 160 هەزار دۆلار واتە 16 دەفتەری صەیی بوو. لەوەش سەیرتر ئەوەیە كە ئەو ئەڵماسە گرانبەهایەی فرۆشت بە جگەرەو نرخی جگەرەكە تەنها 20 دۆلار بوو. بەكوردییەكەی خۆمان 16 دەفتەری گۆڕییەوە بە 20 دۆلار.

سەد رەحمەت لەپێشینان كە فەرمویانە ماڵی با بەبا دەچێ.

2267. The UN has estimated that as many as 5,000 honor killings occur every year.

بەگوێرەی خەملاندنەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، ساڵانە تەنها بەهۆی ئەوەی پێیدەووترێت "كوشتن لەسەر شەرەف"، پێنج هەزار كەس دەكوژرێن.

2268. The Pentagon has two times more bathrooms than needed because it was built during segregation.

پنتاگۆن واتە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریكا، ژمارەی حەمام و توالێتەكانی دوو ئەوەندە لەپێویست زیاترە چونكە، لەسەردەمی جیاكاریی رەگەزیدا، دروستكراوە.

2269. In 2015 a Chinese woman who was missing for a decade and presumed dead was found living in an internet cafe after playing games for 10 years.

لەساڵی 2015، ژنێكی چینی پاش ونبونی بۆ ماوەی 10 ساڵ و لەقەڵەمدانی بە مردوو، لەكافتریایەكی ئینتەرنێت دۆزرایەوە دەركەوت كە ئەو 10 ساڵە لەو كافتریایە یاری ئەلیكترۆنی كردووە.

2270. Researchers from the University of Rochester have created a computer algorithm that can spot drunken Tweeters.

لێكۆڵەرانی زانكۆی رۆچستەر سیستمێكی كۆمپیوتەریان داهێناوە كە دەتوانێت تویتەرچییە سەرخۆشەكان كەشفبكات.

2271. In 1944 a sixteen-year-old black student in Columbus, Ohio, won an essay contest on the theme `What to Do with Hitler after the War' by submitting the single sentence, "Put him in a black skin a. let him live the rest of his life in America."

لەساڵی 1944 واتە ساڵی پێش كۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم و خۆكوشتنی هیتلەر، پێشبڕكێیەكی وتارنوسین سەبارەت بە بابەتی "پاش جەنگەكە چی لە هیتلەر بكرێت" لە ئەمەریكا رێكخرا. لەئەنجامدا خوێندكارێكی رەشپێستی تەمەن 16 ساڵ خەڵاتی پێشبڕكێكەی بردەوە. هەموو وتارەكەشی پێكهاتبوو لەم رستەیە: بیكەنە پێستێكی رەشەوەو پاشماوەی ژیانی لە ئەمەریكا بەسەربەرێت.

تەبعەن لەو سەردەمەدا جیاكارییەكی رەگەزی توند بەرامبەر بە رەشپێستەكان لە ئەمەریكا، هەبووە بۆیە من پێموایە ئەو رستەیە ناخەڕێن و كاریگەرەو دڵنیام زۆر كەسی گریاندووە.

2272. The Illacme tobini is a millipede that has 414 legs, no eyes, 200 poison glands, and four penises.
جۆرە کرمێك هەیە چاوی نیە بەڵام 414 پێ و 200 گلاند واتە رژێنی ژەهرو چوار چوکی هەیە. بەڵام نازانم چەند ژن دەهێنێ!!!

2273. TV remotes are the dirtiest items in hotels, a study found.
لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە لەناو شتەکانی هۆتێلدا، کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن پیسترین شتە.

2274. In 1991, Wayne Allwine, the voice of Mickey Mouse, married Russi Taylor—the voice of Minnie Mouse.
لەساڵی 1991، واین ئۆڵواین خاوەنی دەنگی میکی ماوس و روسی تایلۆر خاوەنی دەنگی مینی ماوس، هاوسەرگیرییان کردووە.

2275. Brad Pitt and Lady Gaga were both strippers before they became famous.
براد پیت و لەدی گاگا پێش ئەوەی بەناوبانگ بن، سەماکەری روت بوون.

ئینجاکونێ قسە هەیەو پشتەملی قسە ئەگرێ، لەو دەڤەری خۆرئاواو ئەمەریکایە جۆرە سەمایەك هەیە پێی دەووترێت سەمای خۆڕوتکردنەوە کە بەوە ناسراوە هونەرمەندەکە بە ستایڵی ئێچ دی سەمادەکات!!. ئەو برادەرو خوشکەدەرە پێش بەناوبانگبونیان خەریکی ئەو بەزمە بوون.

2276. Humans start lying by the age of four.
مرۆڤ لەتەمەنی چوار ساڵییەوە دەستدەکات بە درۆکردن.

2277. An albatross can fly over 600 miles without flapping it's wings.
باڵندەیەکی دەریایی هەیە کە بە ئینگلیزییەکەی خۆمان پێیدەووترێت ئەلبەترۆس. ئەم زیندەوەرە دەتوانێت بۆ ماوەی زیاتر لە 965 کیلۆمەتر بفڕێت بەبێ ئەوەی باڵەکانی بشەکێنێ. بەکوردییەکەی خۆمان واتە بە بۆش!!!

2278. About 25% of people in the U.S. with college degrees don't have a job and aren't even looking.
نزیکەی لەسەدا 25ی ئەو کەسانەی ئەمەریکا کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆن، نە ئیشیان هەیەو نە بەدوایدا دەگەڕێن.

2279. Serbia lost %60 of it's male population in WWI. France lost %17.
a. لەجەنگی جیهانی یەکەمدا لەسەدا 60ی نێرینەکانی سربیا تیاچون. بەڵام فەرەنسا تەنها لەسەدا 17ی نێرینەکانی لەدەستدا.

2280. Australia is the only country in the world where more Americans immigrate to it than its own citizens immigrate to the U.S.
تەنها وڵات لەجیهاندا کە ژمارەی ئەو ئەمەریکییانەی کۆچی بۆ دەکەن لەژمارەی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە زیاترە کە کۆچ دەکەن بۆ ئەمەریکا، ئوستراليایە.

2281. We are born afraid of only two things -falling and loud noises. All our other fears are learned an influenced by our environments and cultures.
کاتێك لەدایك دەبین، تەنها لەدوو شت دەترسین: کەوتنەخوارەوەو ژاوەژاوی بەرز. سەرجەم ترسەکانی تر بەهۆی ژینگەو کلتورەوە فێردەبین و کاریگەری لەسەرمان دروستدەکەن.

2282. In Kentucky it is illegal to sell alcohol on voting day until after polls close.
لەویلایەتی کێنتەکیی ئەمەریکا، فرۆشتنی خواردنەوە کهولییەکان لەڕۆژی دەنگداندا تا پاش داخستنی سندوقەکانی دەنگدان، قەدەغەیە.

2283. People love Pandas because it reminds them of babies, some scientists say.
بە فشەی زانایان، مرۆڤ بۆیە پاندای خۆش گەرەك چونکە منداڵیان بیردەخاتەوە.

2284. Amsterdam alone has 350 outdoor festivals every year.
ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا، تەنها خۆی ساڵانە 350 فێستیڤاڵی کراوەی هەیە.

2285. A zoo in Japan once spent four years trying to mate a pair of hyenas before realizing they were both males.
جارێك کارمەندانی باخچەیەکی ئاژەڵان لە یابان، پاش بەسەربردنی چوار ساڵ لەهەوڵدان بۆ جوتپێکردنی دوو کەمتیار، بۆیان دەرکەوت کە هەردوکیان نێرن.

2286. Mountain Dew held a democratic poll to name its new drink, the top suggestion was "hitlter did nothing wrong" .
لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، مارکەیەکی خواردنەوە هەیە ناوی ماونتەین دیووە. جارێك راپرسییەکی فول دیموکراسی ئەنجامدا بۆ بۆ دۆزینەوەی ناوێك بۆ خواردنەوەیەکی نوێ. زۆرترین پێشنیازکراو ناوی "هیتلەر هیچ شتێکی خراپی نەکردووە".

2287. Just 0.21% of the U.S. total population live in its capital city, the lowest percentage in the world.
تەنها لەسەدا سفر پۆینت 21ی دانیشتوانی ئەمەریکا، لەپایتەختەکەیان دەژین. ئەمەش نزمترین ڕێژەیە بە بەراورد بە وڵاتی تری جیهان.

2288. You can get tetanus a not just from a rusty nail but also from a perfectly clean one. It is caused by bacteria commonly found in soil, dust and animal feces.
نەك تەنها بەهۆی بزماڕێکی ژەنگاوییەوە، بەڵکو دەکرێ بەهۆی بزماڕێکی پاکەوە توشی دەردەکۆپان ببیت. هۆکاری ئەم نەخۆشییە بەکتریایەکە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناو خاك و تەپوتۆزو پاشەڕۆی گیاندارانداا هەیە.

2289. The Axeman of New Orleans, a murderer who terrorized the city in 1918 and 1919, spared any home that was playing jazz, his favorite music.
ئەو پیاوە تەوربەدەستە بکوژەی شاری نیو ئۆرلیانزی ئەمەریکا، لەساڵی 1918و 1919 بە کوشتن، شارەکەی تۆقاندبوو، هەر ماڵێك موزیکی جاز کە موزیکە دڵخوازەکەی بوو، تێدا لێبدرایە، دەیپەراندو وازی لێدەهێنا.
پیاوکوژێکی ڕۆمانسی و هونەردۆست بووە!!!

2290. Giraffes make no sound. Not because they can't, but they choose not to.
زەڕافە دەنگی نیە. هۆکارەکەی ئەوە نیە کە ناتوانێت بەڵکو ئەوەیە کە خۆی نایەوێت، بەکوردییەکەی تاقەتی گرمەگرم و چەلەحانێی نیە!
دیارە کار بەو مەبدەئە دەکات کە دەڵێت: کردار شەرتە!!!

2291. In Dorset, Minnesota, a 3-year-old boy was elected as mayor .
جارێك لەشاری دۆرسێتی ویلایەتی مینسۆتای ئەمەریکا، منداڵێکی تەمەن سێ ساڵ بەسەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردرا.

2292. One man and his Bot have written almost 10% of Wikipedia.
لەسەدا 10ی هەموو ویکیپێدیا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، لەلایەن تەنها یەك کەس و ڕۆبۆتەکەیەوە نوسراوە.

2293. -40 degrees Fahrenheit is equal to -40 degrees Celsius.
هەرچەندە فەهرەنیهایەت و سیلیزی زۆر جیاوازن بەڵام پلەی 40ی ژێر سفری هەردوکیان یەك شتە.

2294. If you drilled a tunnel straight through the Earth and jumped in, it would take you about 42 minutes to get to the other side.

ئەگەر لەو شوێنەی ئێستا فەخامەتی جەنابتی لێیە، کونێکی راستەوڕاست بکەیتە ناو زەوی بەشێوەیەك تا ئەو سەری زەوی بڕوات، ئەوا ئەگەر خۆت هەڵبدەیتە ناو ئەو کونە، بیلزەبت لەماوەی 42 دەقەدا دەگەیتە ئەو سەری زەوی.
هەرچەندە هەمیشە مەعلوماتەکانی بەندەی موخلّیستان بەشەرتن و گرەنتیی راستیی مەعریفییان لەگەڵدایە، بەڵام هەرکەس پێی وایە ئەمە لەفلیمی هندی دەچێت و بڕوای پێ نیە، دەتوانێت تاقی بکاتەوە، ئەوە عەرزو ئەوە ئێڵ تی و حەفارە!!!

2295. George Washington penned somewhere between 18,000 and 20,000 letters in his lifetime.

جۆرج واشنتن کە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا بووە، لەماوەی ژیانیدا 18 هەزار تا 20 هەزار نامەی نوسیوە.

2296. Prostitutes in Spain have to wear reflective vests, like highway workers, to reduce accidents.

لەو ئیسپانیایەی لای خۆمان، پێویستە لەشفرۆشان هەروەك کرێکارانی سەر ڕێگای خێرا، جلوبەرگێك لەبەربکەن کە ڕەنگ و تیشك بداتەوە بۆ ئەوەی نەبنەهۆی روداوی هاتوچۆ. تەبعەن لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتمانا بۆ ئەو کرێکارانەو بۆ سێگۆشەی سەیارەش!!!.

2297. A newborn kangaroo is the size of a bean.

بێچوی تازەلەدایکبوی کەنگەر بەقەدەر دەنکەفاسۆلیایەك دەبێت.
هەرکەسێکیش بڕواناکات، ئەوە من و ئەوە ئەوو ئوسترالیا بۆ دڵنیابون.. زۆر نزیکە، هەمووی پێنج شەش سەعات ڕێیە (تەبعەن بە تەیارە)!!!

2298. The average citizen of Liechtenstein doesn't even lock its door because crime in the country is so low.

بەگشتی هاوڵاتیانی لیخنشتاین، دەرگای ماڵەکانیان قوفڵ ناکەن چونکە ڕێژەی تاوان لەم وڵاتەدا ئێجگار نزمە.
عەگ نوخشە بێت لەلای خۆشمان...

2299. The goliath tigerfish is a fish that eats small crocodiles.

جۆرێك ماسی هەیە پێی دەووترێت پڵنگەماسی زەبەلاح. ئەم ماسییە زۆر زاڵمە، تیمساحی بچوك دەخوات.

2300. Sugary drinks kill more people than violent crime in Mexico.

لە مەکسیك، خواردنی ئەو خواردەمەنییانەی شەکریان زۆر تێدایە، لەتاوانی توندوتیژی زیاتر خەڵك دەکوژێت.

2301. At rest, your brain uses one-fifth of a calorie per minute.

لەکاتی پشودا، مێشکی شەریفت، لەهەر خولەکێکدا، تەنها پێنج یەکی کالۆرییەك سەرفدەکات.

2302. In Japan, the likelihood of being killed by a gun is about the same as an American's chance of being killed by lightning.

ئەگەر کوژرانی کەسێك لە یابانە حەیاتەکە بە دەمانچە، بەقەدەر ئەگەری کوژرانی کەسێکی ئەمەریکایە بە هەورەبروسکە.

2303. The closest distance between Earth and Mars will continue to mildly decrease for the next 25,000 years.

نزیکترین مەسافەی نێوان زەوی و مەریخ بەشێوەیەکی مامناوەند واتە نە زۆرو نەکەم، لەماوەی 25 هەزار ساڵی داهاتودا وردە وردە کەمدەبێتەوە. بەس پێمواید ئەوکاتە ئێوە تاڵە تاڵە قژتان سپی بووە!!!

2304. American teachers are allowed to whack children with a paddle in 19 states.

لە 50 ویلایەتەکەی ئەمەریکا، 18یان رێدەدات بە مامۆستا کە بە دار بەتوندی لەخوێندکارانی بنەڕەتی بدەن.

2305. Violent homes have the same effect on children's brains as combat on soldiers.
کاریگەری خێزانی تووندوتیژ بۆ سەر منداڵەکانی ئەو خێزانە وەك کاریگەری جەنگ وایە بۆ سەر سەرباز.

2306. During the average meal, you eat over 90,000 miles of DNA.
لەهەر ژەمێکی ئاساییدا، زیاتر لە 90 هەزار میل دی ئێن ئەی، دەخۆیت.

2307. 93% of Americans eat pizza at least once a month.
لەسەدا 93ی ئەمەریکییەکان، مانگانە لانیکەم پیتزایەك دەخۆن. تەبعەن بێئێوە ناخۆش.

2308. For a million years, the human population of the Earth was less than 26,000.
بۆ ماوەی یەك ملیۆن ساڵ، کۆی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، نەگەیشتووەتە 26 هەزار کەس.

2309. In 1986, nurse Sandra Clarke could not stay with a patient who asked her to stay. When she returned, the patient had died alone. In 2001, she was key in starting No One Dies Alone, a program where volunteers sit with terminal patients who have no one else. The program is now world-wide.
لەساڵی 1986 نەخۆشێك داوای لەپەرستارێك بەناوی ساندرا کلارك کرد لەلای بمێنێتەوە بەڵام ئەم نەیتوانی لەلای بمێنێتەوە. پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆلای بینی کە نەخۆشەکە بەتەنهاو بەبێکەسی مردووە.
ئەم روداوە زۆر کاریکردە سەر ئەم پەرستارە بۆیە لەساڵی 2001 بووە کارەکتەرێکی سەرەکی لەدەستپێکردنی پرۆگرامێکی پەیوەندیدار بەناوی "هیچ کەسێك بەتەنها نامرێت". لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە کەسانی خۆبەخش بەدیار ئەو نەخۆشانەوە دەمێننەوە کە نەخۆشی کوشندەیان هەیەو هیچ کەسێکیان نیە بەدیاریانەوە. ئێستا ئەم بەرنامەیە سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە.

2310. Hearing is the fastest human sense. A person can recognize a sound in as little as 0.05 seconds.
خێراترین هەستی مرۆڤ بیستنە. بنیایەم دەتوانێت دەنگ لەماوەی پێنج لەهەزاری چرکەیەکدا جیابکاتەوە.
مرۆڤیش بەشی خۆی بەرازە!!!!

2311. In 1140, when a opposition castle was captured by King Konrad III, the women of the castle were granted free departure and allowed to take what they could carry on their backs. Thinking quickly, the women carried the men on their backs. The King kept his word and let the men live.

لەساڵی 1140 کە ئەوکاتە ئێوە منداڵ بون و باش بیرتان نایە!!!، قەڵایەکی هێزەکانی دوژمن لەلایەن شا کۆنرادی سێیەمەوە کۆنترۆڵ کرا. شا فەرمانیکرد ژنانی قەڵاکە ئازادن و هەرشتێکیش کە دەتوانن بیخەنە سەر پشتیان و ببەن، لەگەڵ خۆیاندا دەتوانن ببەن. بەڵام شا کتوپڕ سەیرئەکا ژنەکان پیاوەکانیان خستووەتە سەرپشتیان و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن.. سەرباری ئەوەش پادشا ئەوەندە پیاو بوو لەقسەکەی خۆی پەشیمان نەبووەوە بەو شێوەیەش پیاوەکانیش رزگاریان بوو.
ئەم روداوە چەند شتێك جەختدەکاتەوە لەوانە:
ئەها ژن چەندە موهیمە!!!!
مرۆڤی مەرد کە بەڵێنیدا دەبێت پەشیمان نەبێتەوە
هاوکات هەر لێرەدا پرسیارێکیش خۆی قوت دەکاتەوەو دەڵێت: ئەگەر فەرمانەکەی پادشا پێچەوانە بوایە واتە بیوتایە پیاوان ئازادن و بۆشیان هەیە هەرچییەك کە دەتوانن بیخەنە سەر پشتیان لەگەڵ خۆباندا ببەن، ئایا وەك ژنەکانیان دەکرد؟!

2312. In 2012, Catarina Migliorini, a 20 year old Brazilian girl, auctioned off her virginity online for US$780,000.

لەساڵی 2012 کچێکی برازیلی تەمەن 20 ساڵ بەناوی کاتارینا میگلیۆرینی، پەردەی کچێنی لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە بەبڕی 780 هەزار دۆلار فرۆشت. دوابەدوای ئەم چەند کچێکی تر لەشوێنە جیاکانی جیهانەوە تەماح گرتنی و ئەوانیش خستیانە مەزادەوە بەڵام بەقەدەر هی ئەوی نەکرد.

گەورەترین کێشە ئەوەیە کە پارە لەبری هۆکار ببێت بە ئامانج. ئەم کێشەیە لێکەوتەی ئاوهای لێدەکەوێتەوە..

2313. Most drivers think they are a better-than-average driver.

زۆربەی شۆفێران پێیان وایە کە لەشۆفێرێکی ئاسایی باشترن.

2314. Alfred Nobel, of the Nobel Prize, lost his brother to an accident at his lab. They were working with liquid nitrogen and attempting to create a more stable explosive. Nobel was able to complete his research after the accident and invented dynamite.

ئەلفرێد نۆبڵ واتە خاوەنی سەرەکی و دامەزرێنەری خەڵاتی نۆبڵ، لەکاتی کارکردن لەسەر نیترۆجینی شل لەگەڵ براکەیدا لەتاقیگە بەمەبەستی دروستکردنی تەقەمەنییەکی جێگیرتر، براکەی لەدەستداو تیاچوو.

دوای ئەو روداوە نۆبڵە ئیشقۆڕ توانی لێکۆڵینەوەکەی تەواوبکات و دینامیتی داهێنا.

2315. An iPhone has about 75 elements in it — two-thirds of the periodic table.

هەر ئامێرێکی ئایفۆن نزیکەی 75 توخمی تێدایە کە دەکاتە دوو لەسەر سێی خشتەی خولی توخمەکان.

2316. Adolf Hitter's father beat him severely every day. When his father found out that he was planning to run away, he beat him so hard that he went into a coma for days - his family unsure if he was going to live.

باوکی هیتلەر رۆژانە بەتوندی لێیداوە. کاتێکیش زانیویەتی هیتلەر بەتەمایە رابکات و لەدەستی هەڵبێت، هێندە بە توندتر لێیداوە کە چەند رۆژێك کەوتووەتە دۆخی بێهۆشی واتە کۆماوەو خێزانەکەی دڵنیا نەبوون کە جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە.

ئەم حاڵەتەی هیتلەر زۆر جیاوازەو بنیایەم حەیران دەکات، پیاو هەروەها ژنیش نازانێت بڵێت دەستی باوکی خۆش بێت یان بشکێت!!!

2317. The average lead pencil will write a line about 35 miles long or write approximately 50,000 English words.

بەگشتی هەر قەڵەم رەساسێك دەتوانرێت هێڵێك کە درێژییەکەی نزیکەی 56 کیلۆمەتر بێت یان نزیکەی 50 هەزار وشەی ئینگلیزی پێبنوسرێت.

کێش باوەڕناکات دەتوانێت تاقیبکاتەوە!!!

2318. Anonymous sent thousands of all-black faxes to the Church of Scientology to deplete all of their ink cartridges.

لەویلایەتی نیوجێرسیی ئەمەریکا کڵێسەیەك هەیە بەناوی کڵێسەی زانستاوی. لەهەوڵێکدا بۆ تەواوکردنی کاتریجی حیبرەکانیان ئەنۆنیمەس کە بەناوبانگترین گروپی هاککەرە لەسەرتاسەری جیهاندا، هەزارەها فاکسی فوڵڕەشی بۆ ناردووە.

بەبنی خۆمان بێ دیارە ئەنۆنیمەسیش زۆر بێکارو بەتاڵن!

2319. In 2012, about 42 million Americans had never been married, twice as many as in 1960.

لەساڵی 2012 ژمارەی ئەو ئەمەریکییانەی هەرگیز هاوسەرگیرییان نەکردووە، نزیکەی 42 ملیۆن کەس بوون. ئەمەش دوو ئەوەندەیە لەچاو ساڵی 1960دا.

2320. Michael Richards, died in his art studio on 9/11, floor 92 WTC North, whose art focused on planes; including sculptures of airplanes piercing his own body.

هونەرمەندی ئەمەریکی میکایل ریچاردز لەئەنجامی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001ی ئەمەریکا، بەدیاریکراوی لەستۆدیۆی کارە هونەرییەکانی خۆی لەقاتی ژمارە 92ی سەنتەری بازرگانی جیهانی تیاچوو و عومری درێژی بۆ نێوە جێهێشت. ئەم برادەرە لەکارە هونەرییەکانیدا زیاتر گرنگی بە فڕۆکە داوەو لەناو کارەکانیشدا چەند پەیکەرێکی جەستەی خۆی دروستکردووە کە تێیدا تەیارە کونیدەکات.

تەبعەن ئەمە ئەگەر بۆ نەنکمان و فێژنە کۆنترەکان بگێڕینەوە یەکسەر دەڵێن: دایکی کوێر بێ توخوا! پێشبینی مەرگی خۆی کردووە!!!

2321. Bill Gates' net worth is 4.5 times as large as North Korea's estimated GDP.

سامانی پەتیی بیل گەیتس چوار ئەوەندەو نیوی کۆی داهاتی ناوخۆی خەملێنراوی کۆریای باکور دەبێت.

2322. The dress worn by Marilyn Monroe during filming of The Misfits sold for US$66,000.

ئەو جلوبەرگەی مارلین مۆنرۆی لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی The Misfits لەبەریدایە، بەبڕی 66 هەزار دۆلار واتە شەش دەفتەرو شەش وەرەقە فرۆشراوە.

2323. In 2010, Utah executed an inmate by using a firing squad.

لەساڵی 2010، ویلایەتی ئوتای ئەمەریکا، زیندانییەکی بە دەستڕێژی گوللە ئیعدام کرد.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمەریکا نەك هەر دایکی دیموکراسی نیە بەڵکو باوکیەتی چونکە....

2324. There is a word for the murder of citizens by their own government, "democide" and it is the leading cause of unnatural human death.

کوشتنی هاوڵاتیان بەدەستی حکومەتەکەی خۆیان، لەئینگلیزییەکەی خۆمان پێیدەووترێت دیمۆساید. ئەم جۆرە کوشتنە هۆکاری سەرەکی مردنی ناسروشتی مرۆڤە.

2325. Charlie Chaplin was one of Hitler's favorite comedians, and despite the mockery against him in the Chaplin film The Great Dictator, Hitler had it screened twice in his private theater.

چارلی چاپلّن یەکێك بوو لەکۆمیدیانە دڵخوازەکانی هیتلەر. هەرچەندە چاپلّن لەفیلمی دیکتاتۆرە مەزنەکەدا بەشێوازێکی کۆمیدی رەخنەی توند لەهیتلەر دەگرێت و دژی بووە بەڵام هیتلەر لەشانۆ تایبەتەکەی خۆیدا دوو جار سەیری ئەم فیلمەی کردووە.

ناحەقیشی نەبووە.. جیهان یەك چاپلّنی هەبووەو دوبارەش نابێتەوە. ئەو فیلمەشی بێحەلە.

2326. Rabbits are so delicate animals that they can die of fright. Children younger than 12 should not have rabbits as pets.

کەرۆێشك زیندەوەرێکی هێندە ناسك و هەستیارە، دەکرێ لەترسا بمرێت. منداڵانی خوار تەمەن 12 ساڵ پێویستە ئەم زیندەوەرە، وەك زیندەوەری ماڵی رانەگرن.

2327. The Internet speed at NASA is 91Gb per second, about 2,000 times faster than the average household connection speed of 50Mb.

خێرایی عەنتەرنێت لەناو ئاژانسی ناسای ئەمەریکا 91 گێگابایتە لەچرکەیەدا. واتە دوو هەزار جار لەخەتی ماڵێکی ئاسایی کە 50 مێگابایتە لەچرکەیەکدا، خێراترە.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم خەتەی ناسا هێندە سەریعە پێویستی بە کلیك و ئێنتەر نیە، هەر سایتێك هات بەدڵتا، خۆی دەکرێتەوە بەبێ کلیك و ملیك!!

2328. If vegetarianism was adopted by 2050, it would stave off about 7 million deaths per year, experts estimate.

ئەگەر بەهاتنی ساڵی 2050 رووەکخۆری واتە ناگۆشتخۆری جێبەجێبکرێت، ئەوا ساڵانە بەربە نزیکەی حەوت ملیۆن حاڵەتی مردن دەگیرێت.

2329. There are about 42 million prostitutes in the world.

لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی 42 ملیۆن لەشفرۆش هەیە.

2330. Napoleon Bonaparte was once moved to tears over the grief of a dog who he found sitting with its owner's body.

ناپلیۆن بۆناپارت کە یەکێکە لەبەناوبانگترین سەرکردە سەربازییەکان لەمێژوودا، جارێك کاتێك دەبینێت سەگێگ بەدیار تەرمی خاوەنەکەیەوە پاڵکەوتووە، زۆر کاری تێدەکات بەشێوەیەك وەك ئەوەی بڵێی دەگری.

2331. Blue whales can eat half a million calories in a single mouthful.

نەهەنگی شین لەتەنها یەك پارووی پڕدەمدا دەتوانێت نیوملیۆن کالۆری بخوات.

2332. It takes about 0.2 seconds for your brain to recognize something touching your hand or foot.

مێشکی شەریفت پێویستی بە تەنها لەدەیا دووی چرکەیەکە بۆ ناسینەوەی ئەو چتەی بەر دەست یان قاچت دەکەوێت.

2333. 93% of dog owners in the U.S. say their dog has made them a better person in at least one way.

لەئەمەریکا لەسەدا 93ی ئەو کەسانەی سەگیان هەیە دەڵێن بەهۆی سەگەکانیانەوە بونەتە کەسێکی باشتر.

چۆن وانەبێت لەکاتێکدا مرۆڤ لانیکەم فێری وەفاداربییەکی کەموێنە دەبێت لەو زیندەوەرەوە.

2334. A zeptosecond, a trillionth of a billionth of a second, is the smallest division of time that has been observed.

زێپتۆسێکەند کە بریتییە لە یەك لەسەر ملیاری چرکەیەك، کەمترین کەرتی کاتە کە تائێستا چاودێری کرابێت.

تێ ئەگەی؟!!!

2335. When electricity was installed in the White House, President Benjamin Harrison and his wife, Caroline, were scared to use the light switches for fear of getting shocked.

کاتێك کارەبا بۆ کۆشکی سپی دانرا، نە سەرۆکی ئەمەریکا کە بینجامین هاریسن بوو، نە کرۆلینی ژنی، نەیان دەوێرا دەست بۆ پلاکی گڵۆپەکان بەرن چونکە دەترسان کارەبا بیانگرێت.

زۆر ناحەقیشیان نەبووە چونکە کارەبا ئامانی نیە.

2336. A study indicates that dolphins talk to each other in sentences.

لێکۆڵینەوەیەك ئاماژە بەوە دەدات کە دۆلفین بە ڕستە قسە بۆ یەك دەکەن.

2337. Some Greenland sharks alive today were born before the English Civil War.

هەندێك لە قرشەکانی گرینلاند کە ئێستا لەژیاندا ماون، لەدایکبوی سەردەمی پێش جەنگی ناوخۆی بریتانیان.

2338. Japanese Death Row inmates are not told their date of execution, They wake up each day wondering if it might be their last.

زیندانیانی حوکمدراو بە لەسێدارەدان لە یابان، وادەی جێبەجێکردنی لەسێدارەدانەکەیان پێناووترێت. بۆیە ئەو جۆرە زیندانیکراوانە هەموو رۆژێك کە هەڵدەستن لەخەو ئەو هەستەیان لا دروستدەبێت کە رەنگە ئەمە ئەخیر رۆژیان بێت.

2339. 160,000 U.S. children miss school every day due to a fear of bullying.

رۆژانە تەنها لە ئەمەریکا 160 هەزار منداڵ لەترسی شەقاوەکان، ناچنەوە بۆ قوتابخانە.

2340. 80% of millionaires drive used cars.

لەسەدا 80ی ملیۆنەرەکان سەیارەی دەسی دوو بەکاردەهێنن.

2341. Honey bee will only die after stinging mammals with thick skin, but can freely sting insects such a spiders.

هەنگی هەنگوین پاش هەموو پێوەدانێك نامرێت، بەڵکو تەنها پاش پێوەدانی ئەو گیاندارە شیردەرانە دەمرێت کە پێستیان ئەستورە. دەتوانێت بەبێ ترس بە مێرووەکانی وەك جاڵجاڵۆك بدات.

2342. Costa Rica became in 2012 the first Latin American country to ban hunting as a sport.

لەساڵی 2012 کۆستاریکا بووە یەکەم وڵاتی ئەمەریکای لاتین کە راوکردن وەك وەرزشی قەدەغەکرد.

2343. A fake U.S. Embassy operated in Ghana for about a decade, issuing false visas and other documents until it was discovered in 2016.

لە غانا کە وڵاتێکی سەرگەردانی ئەفەریقییە، باڵیۆزخانەیەکی ساختەی ئەمەریکی بۆ ماوەی نزیکەی دەیەیەك، کاریکردووەو ڤیزاو بەڵگەنامەی تری ساختەی داوە. بەڵام ئەمە لەساڵی 2016 کەشف بوو.

2344. Louis Chevrolet, the founder of Chevrolet, died bankrupt and poor working as a mechanic for the company he started.

لویس چێڤڕۆلێت، دامەزرێنەری کۆمپانیای شۆفرلێت کە ئەڤیۆو ئۆپتراو چەندین سەیارەی نایابی تر بەرهەمیەتی، دواجار ئیفلاسی کردو فەقیر بوو و تا مردیش وەك فیتەری ئەو کۆمپانیایەی دایمەزراند، کاریدەکرد.

2345. Researchers have found that optimism is a teachable skill and you can be the one to teach yourself.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە گەشبینی کارامەییەکە فێری دەبیت و دەتوانیت خودی خۆت، خۆت فێربکەیت.

2346. Tracksuits, particularly Adidas, are so popular in Russia because after the fall of the Soviet Union, cheap tracksuit clothing flooded the Russian market. The Russian people, who were unaware of western fashion norms, loved the comfortable and cheap clothing, leading to huge popularity.

لەو روسیایەی لای خۆمان تراکسوت بەتایبەت هی ئەدیداس زۆر باوە. هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەکاتی روخانی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا ئەم قاتە هەرزانە بە لێشاو رژانە بازاڕەکانی ئەم وڵاتەو خەڵکەکە کە بێئاگا بوون لەنەریتی مۆدەی ئەوروپا حەزیان لەم جلە کرد بەهۆی ئەوەی فەرەحەو هەرزانیش بوو. ئەمەش وایکرد کە وەك ئاگری ناوکا بڵاوبێتەوەو ئێستا جەماوەرێکی زۆری هەیە.

2347. Because the number 8 is considered very lucky in Chinese culture, a Chinese man spent the equivalent of $145,000 to secure a license plate reading '88888' in the hope of increasing his luck. On his first day with the plate, he was pulled over 8 times by cops who thought the plate was a fake.

بەهۆی ئەوەی لە کلتوری چیندا هەشت بە ژمارەی بەخت دادەنرێت، برادەرێکی ئەو وڵاتە چوارده دەفتەرو نیوی سەرفکرد تا ژمارە 88888 بۆ سەیارەکەی پەیدابکات بۆ ئەوەی بەحسابی خۆی بەختەکەی بفرێ!!!
بەڵام هەر لەیەکەم رۆژی بەستنی تابلۆی سەیارەکەیدا هەشت جار لەلایەن پۆلیسەوە راگیرا چونکە پێیان وابوو ئەو تابلۆیە ساختەیە!!!

2348. An Egyptian pilot deliberately crashed his plane in 1999 as an act of revenge, killing 217 people on board.
لەساڵی 1999 فڕۆکەوانێکی میسری بە ئەنقەست و وەك کارێکی تۆڵەسەندنەوە، فڕۆکەکەی بە 217 سەرنشینەوە تەقاندەوە.

2349. Nobody texts faster than a pissed off female.
لەئەنجامدا هەر هەمویان عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشت.
هیچ کەسێك بەقەدەر خانمێکی بێزارکراو ناتوانێت خێرا تێکست بنێرێت.

2350. A 2013 study found that men who prefer large breasts are less financially secure.
لێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی 2013 ئەنجامدراوە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پیاوانەی مەمکی گەورەیان بەلاوە پەسەندترە، لەڕوی دارایییەوە، کەمتر جێگیرن.

2351. %98 of the 7 billion billion billion atoms in the human body are replaced every year.
هەموو ساڵێك لەسەدا 98ی حەوت زەربی 10 توان 27 گەردیلەی جەستەی مرۆڤ، دەگۆڕدرێن.

2352. There are about 3 million first dates every day worldwide.
هەموو رۆژێك لەسەرتاسەری جیهاندا زیاتر لە سێ ملیۆن یەکەم ژوانی حوبحوبێنە ئەنجامدەدرێت.
ئەمە ئەوە جەختدەکاتەوە کە ئەو خەڵکە پیس عاشق بووە!!!

2353. Alaska is geographically big enough to fit 19 U.S. states within its borders.
ویلایەتی ئەلاسکا لەڕوی جوگرافییەوە هێندە گەورەیە کە جێگای 19 ویلایەتی ئەمەریکای تێدا دەبێتەوە.

2354. Chrysippus, an ancient Athenian philosopher, died from laughing at one of his own jokes.

لەمێژودا فەیلەسوفێکی بەناوبانگی یۆنانی هەیە بەناوی خریسیپوس. ئەم برادەرە بەهۆی پێکەنین بە نوکتەیەکی خۆی، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە!

2355. 2013 was the first year since 1432 that's a rearrangement of four consecutive numbers.
لەساڵی 1432ەوە، ساڵی 2013 یەکەم ساڵە کە پێکهاتبێت لەچوار ژمارەی یەك لەدوای یەك.

2356. Two-thirds of Britons lie about having read a book in order to seem more intelligent. The commonest book that people lie about is George Orwell's 1984.
دوو لەسەر سێی بریتانییەکان بۆ ئەوەی خۆیان زیرەکتر دەرخەن، سەبارەت بە خوێندنەوەی کتێب درۆدەکەن. واتە دەڵێن فلانە کتێبمان خوێندووەتەوە کە چی واش نیە.
باوترین کتێبیش کە خەڵکی ئەم وڵاتە درۆی لەبارەی خوێندنەوەیەوە دەکەن، کتێبێکی جۆرج ئۆرویڵە بەناوی 1984.
بریتانییەکان کە ئەوروپین و درۆیان زۆر لا عەیبە، دوو لەسەر سێیان درۆی ئاوابکەن، ئەبێ کورده حەیاتەکە چەندیان درۆی لەو شێوەیە بکەن. پێموایە هەر زۆر!!!!

لای خۆمان زۆرجار فشەکەری وا ئەبینیت لەگەرمەی قسەکردندا پۆز لێدەدات و ناوی کۆیلۆو مارکیزو چۆمسکی و دیکنزو شکسپیرو هتد... بە دەرزەن دەهێنێت کەچی دوایی بۆت دەردەکەوێت نەك تەنها کتێبێکی ئەو کەسایەتییانەی نەخوێندووەتەوە، بەڵکو ناوی کتێبەکانیشیان بەتەواوەتی نازانێت. ئەگەر نەزانینەکە عەیب بێت ئەوا درۆکردنەکە هەر زۆر زۆر عەیبە!!!

2357. The strongest beer in the world has a 67.5 per cent alcohol content.

بەهێزترین بیرە لەجیهاندا، رێژەی ئەلکهولەکەی لەسەدا 67و نیوە. ئەبێ ئەمە یەکێ بیخواتەوە چی لێ بکات ئەی هاوار!!

2358. The library of congress has around 838 miles of bookshelves.

کۆی درێژیی رەفەکانی ناو کتێبخانەی کۆنگرێس لەئەمەریکا، بێچاوێنی بێ 838 میلە!!!

2359. French author Michel Thaler published a 233 page novel which has no verbs.

نوسەری فەرەنسی، میشێل زالەر، رۆمانێکی 233 لاپەڕەیی بڵاوکردووەتەوە کە هیچ فەرمانێکی تێدا نیە. نیە. پێشتر فەخامەتی جەنابم باسی رۆمانێکم بۆ کردون کە پیتی e کە یەکێکە لەبەکارهاتوترین پیتەکانی ئینگلیزی، بەهیچ شێوەیەك تێدا نیە. ئەم بێ ئییە زۆر موهیمە بەڵام بەڕاستی ئەم رۆمانە بێ فەرمانە زۆر زۆر لەو موهیمترە.

2360. No country in the world has a lower life expectancy than the countries with the highest life expectancy in 1800.

هیچ وڵاتێکی ئەم سەردەمە بەقەدەر ئەو وڵاتانەی لەساڵی 1800 سوڕی ژیانی خەڵکەکەی درێژترین بووە، سوڕی ژیانی خەڵکەکەی کورت نیە.

2361. "OKAY" is a town in Oklahoma with a population of 600.

لەویلایەتی ئۆکلاهۆمای ئەمەریکا شارۆچکەیەك هەیە ناوی ئۆکەیە. ژمارەی دانیشتوانەکەی 600 کەسە.

2362. Yawning and streching at the same time is called pandiculation.

لەئینگلیزییەکەی خۆماندا بە باوێشکدان و خۆکێشانەوە لەیەك کاتدا، دەووترێت پان دیکیو لەیشن.

2363. In Iceland, books are exchanged as Christmas Eve presents, then you spend the rest of the night in bed reading them and eating chocolate. The tradition is part of a season called Jolabokafold, or the Christmas book flood because Iceland which publishes more books per capita than any other country, sells most of its books between September and November due to poeple preparing for the upcoming holiday.

لەو ئایسلەندایەی لای خۆمان، ئێوارەی جەژنی کریسمسی هەموو ساڵێك کتێب وەك دیاری لەنێوان خەڵکدا ئاڵوگۆڕدەکرێت و دواتر ئەو شەوە ئەو خەڵکە تا بەیانی هاوپێچ لەگەڵ چوکلێت خواردندا لەسەر جێگای خەوتن ئەو کتێبانە دەخوێننەوە. ئەم نەۆیتە بەشێکە لەچالاکییەکانی وەرزێك کە پێیدەووترێت جۆلابۆکافۆڵد یان لافاوی کتێبی کریسمس چونکە ئەم وڵاتە کە بە بەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان زۆرترین کتێب چاپدەکات، لەنێوان مانگی نۆو 11ی هەموو ساڵێك بەهۆی ئەم نەریتەوە، زۆرترین کتێبی تێدا دەفرۆشرێت و کڕیارەکانیش ئەو کەسانەن کە خۆیان بۆ ئەم وەرزە ئامادەدەکەن...

ئینجاکونێ قسە هەیەو قسە ئەبڕێ، گۆرانییەك هەیە ئەڵێ بەدەس خۆم نیە خۆشم ئەوێی، منیش کاتێك ئەم کورتیلە بابەتەم تەرجەماند، بەدەست خۆم نەبوو یەکسەر لای خۆمانم بیرکەوتەوە چونکە لای خۆشمان ئاوها کتێبدۆستین!!!!!!!

2364. IN THE CHINESE CITY OF CHONGQING, CMARTPHONE ADDICTS HAVE THEIR OWN SIDEWALK LANE.

لەشاری چۆنگکینك لەچین، ئەو کەسانەی ئاڵودەبوی مۆبایلی زیرەکن، شۆستەی تایبەت بەخۆیان هەیەو پێویستە بەسەر ئەوەدا بڕۆن.

2365. A protest in Rome, Italy, against the war in Iraq involved around 3 million people and was listed in the 2004 Guinness Book of World Records as the largest anti-war rally in history.

خۆپیشاندانێکی ئیدانەکردنی جەنگی عیراق لەشاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس بەشدارییان تێداکرد، لەنوسخەی ساڵی 2004ی کتێبی گینس بۆ ڕۆمارە پێوانەییەکان، وەك گەورەترین گردبونەوەی دژەشەڕ لەمێژوودا تۆمارکراوە.

2366. The FBI recruited a mafia enforcer to help solve the slaying of three civil rights workers by the Ku Klux Klan in Mississippi in the 1960s. Gregory Scarps kidnapped a Klansman, put a gun in his mouth and forced him to reveal the spot where the three had been buried.

نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی واتە ئێف بی ئای بەو هەموو زاڵمییەی خۆیەوە نەیتوانی کەیسی کوژران و بێسەروشوێنبونی سێ کارمەندی مەدەنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن عەسابەی کەی کەی لەویلایەتی میسیسیپی لەساڵەکانی شەستەکاندا حەلبکات. ناچار پەنای بردە بە ئەندامێکی جێبەجێکاری مافیایەك بەناوی گریگۆری سکارپا. ئەم برادەرەش ئەندامێکی کەی کەی کەی رفاندو دەمانچەی خستە سەردەمی و لەژێر هەڕەشەی کوشتندا، ئەندامەکەی کەی کەی ناچاربوو شوێنی ناشتنی ئەو سێ پیاوە ئاشکرابکات.

2367. President Bana, first president of Zimbabwe , passed a law forbidding citizens from making jokes about his name.

سەرۆکی زیمبابۆی ناوی بەنانایە کە بەئینگلیزییەکەی خۆمان بەمانای مۆز دێت. ئەم برادەرە یەکەم سەرۆکی ئەو وڵاتەیە کە یاسای قەدەغەکردنی نوکتەکردن لەسەر ناوەکەی، پەسەندکردووە.

2368. Over 99% of Koreans have a mutated gene called ABCC11 which alters the composition of sweat so that they do not produce body odor. Only 2% of Europeans have this same mutation.

زیاتر لە 99 لەسەدی کۆرییەکان، لادانێکی جینییان تێدایە کە پێی دەووترێت ABCC11. ئەم لادانە شازی مواسەفاتی پێداون چونکە پێکهاتەی عراقی لەشیانی بەشێوەیەك گۆڕیوە کە بۆنی نیە..

ئینجاکونێ ئەم مواسەفاتە زۆر دەگمەنە لەو ئەوروپاو مەوروپایە، ئەمان تەنها لەسەدا دویان ئەم مواسەفاتەیان هەیە.

ئەمە جەختدەکاتەوە کە کۆریا تەنها بە سامسۆنگ دنیای سەرسام نەکردووە..

2369. The first movie made about the sinking of the Titanic was released only 29 days after the event. The lead actress was an actual survivor, and suffered a mental breakdown after filming.

یەکەم فیلم کە سەبارەت بە نقومبونی کەشتیی تایتانیك، بەرهەمهێنراوە، تەنها 29 ڕۆژ پاش ڕوداوەکە نمایشکراوەو خانمەئەکتەری سەرەکی ئەو فیلمە، ڕزگاربویەکی ڕاستەقینەی ڕوداوەکە بوو و پاش وێنەگرتنی فیلمەکە توشی داڕمانی عەقڵی بووە.

2370. %100 of Iceland's population has the internet, the only country in the world.

تەنها وڵات لەجیهاندا کە لەسەدا سەدی دانیشتوانەکەی عەنتەرنێتیان هەبێت، ئایسلەندایە.
پیاو هەروەها ژنیش کاتێك ئەم مەعلوماتانە لەکوردستانەوە دەخوێنێتەوە، زگمان بەخۆمان دەسوتێ!!!

2371. Research shows that just thinking about a plan B can make it less likely that you'll achieve plan B.
لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە تەنها بیرکردنەوە لەپلانی دوو، دەکرێ ئەگەری سەرکەوتنی پلانی یەك، کەمبکاتەوە

2372. Katy Perry has more Twitter followers than the entire population of Canada.
ژمارەی فۆڵەوەرەکانی کاتی پێری لە تویتەر، لەژمارەی دانیشتوانی کەنەدا زیاترە جا بیلموناسەبە پێری ژنە گۆرانیبێژێکی ئەمەریکییە

2373. Never underestimate the power of music. It'll heal your soul.
هەرگیز لەبەهای هێزی موزیك کەم مەکەرەوە، موزیك چارەسەری رۆحت دەکات

2374. Medical mistakes kill over 250000 americans each year. If they were a disease, they would be the 3rd leading cause of death in the US.
لەو ئەمەریکایەی لەچەندین رووەوە پۆز بەسەر هەموو دنیادا لێدەدات، سااڵنە تەنها بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە زیاتر لە 250 هەزار کەس گیان لەدەست دەدەن. ئەگەر ئەمە بخەینە ریزی نەخۆشییەکانەوە، ئەوا دەبێتە سێیەم هۆکاری سەرەکی مردن لەو وڵاتەدا
هەرچەندە ناچم بچم دیفاع لەهەڵە بکەم بەڵام دەڵێم، بۆیە ئەگەر لێرەش کابرا جارێك لەبری فلاوت لێی تێکچوو پاراستۆلێکی داپێت، نەچی بچی بیکەی بە هەرا چونکە بەس خوای گەورە هەڵەناکات

2375. In 2014 a cat saved its five-year-old owner (Ethan) from bullies, the bullies were teasing Ethan and when one of them shoved him on the ground the cat jumped on the boys chest and scared him off. Ever since the incident the cat sleeps outside Etharis bedroom to keep a watch.
لەساڵی 2014، پشیلەیەك توانی خاوەنەکەی کە منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ بوو بەناوی ئیسان، لەچنگ چەند شەقاوەیەك رزگاربکات ئەو سەرسەرییانە ویستیان عەزیەتی ئیسان بدەن و لەکاتێکیشدا یەکێکیان بەتوندی پاڵی پێوەنا، پشیلەکە خۆی هەڵدایە سەر سنگی ئەو پیاوەو تۆقاندی
جا هێشتا چیت دیوە، لەکاتی ئەو روداوەوە، ئەو پشیلەیە بەمەبەستی پاراستنی ئەو کوڕە، لەدەرەوەی ژورەکەی ئیسان دەخەوێت. لەبەر ئەوە نەچی بچی جارێکی تر بێژی پشیلە بێوەفایە!!!

2376. Fecal vomiting exist, and it can even result in death.
جۆرێك رشانەوە لەمرۆڤدا هەیە کە رشانەوەکەی پیساییە نەك خواردن ئەم حاڵەتە مەترسیدارەو دەکرێ ببێتەهۆی مردن

2377. Fruit-fly sperm is 20,000 times larger than porcupine sperm.
جۆرێك مێشی بچوك هەیە کە پێیدەووترێت مێشی میوە. سپێرمی ئەم مێشە بیست هەزار جار لە سپێرمی سوچڕ گەورەترە بەو هەموو شان و شەوکەتەوە!!!

2378. Mice sing like birds, but humans can't hear them.
مشکیش هەروەك باڵندە دەجریوێنێ بەڵام مرۆڤی ئیشجوان ناتوانێت ببیستێت.

2379. The shoshinsha mark is a green and yellow symbol that new Japanese drivers must place on their cars for a year, conversely, the tukushi mark (orange and yellow) is for elderly drivers. Both marks wam other drivers that the marked driver is not very skilled due to inexperience or old age.

لەیابانە حەیاتەکە، دوو لۆگۆی تایبەتی سەیارە هەیە بەناوی شۆشینشاو فوکوشی. یەکەمیان رەنگی زەردو سەوزەو پێویستە هەموو شۆفێرە تازەکان بۆ ماوەی ساڵێك بیکەن بە سەیارەکانیانەوە. دووەمیش واتە فوکوشییەکە رەنگی پرتەقاڵی و زەردەو دەبێت شۆفێرە پیرەکان بیدەن لەسەیارەکانیان.

بەهۆی ئەم دوو لۆگۆوە شۆفێران هەر لەدوورەوە حەزەردەکەن و دەزانن شۆفێرەکەی دەوروبەریان تازەیەو ئەزمونی نیە یان هێندە بەسااڵچووە کە رەنگە پەنێك بدات.

بەس لای ئێمە لە کوردستان، بەڕەئی من جگە لەو دوو لۆگەیە دانەیەکی تریشمان پێویستە، ئەویش رەنگی رەش و سپی بێت و بدرێت لەسەیارەی هەندێك لەو خانمەشۆفێرانەی کە یان ئیشارەت بەدەگمەن هەڵدەکەن یان کە هەڵیانکرد بە زەحمەت دەیکوژێننەوەو وریا نەبیت شوختێکت تێدەکەن. بۆیە رەنگی رەش و سپیشم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەگەر وریا نەبیت ئەوانە زەرەرێکی وات لێدەدەن کە رۆژی نیوەڕۆ بە سەعات 1ی شەو ببینیت!!!!

2380. Couples who have kids are less likely to get divorced, but the odds of divorce go up in case of triplets or twins.

ئەو هاوسەرانەی چەند منداڵێکیان هەیە ئەگەر جیابونەوەیان کەمترە، بەڵام ئەگەر منداڵەکانیان دوانە یان سیانە بن، ئەگەری جیابونەوەیان بەرزە.

2381. In America, ladies take about 3.1 years to remarry post divorce, while males take about 3.3 years to remarry.

لەئەمەریکا ئەو ژنانەی جیادەبنەوە، پاش نزیکەی سێ ساڵ و مانگێك، شودەکەنەوە، بەڵام پیاوان پاش نزیکەی سێ ساڵ و چوار مانگ ژن دەهێننەوە

ئەوە لە ئەمەریکا، بەڵام لێرە زۆرجار پێش جیابونەوە پرۆسەو رێکارەکانی هاوسەرگیری دووەم دەستپێدەکات، کورە هەیە خەتەکەی لەوەش سەریعترە!!!

2382. According to research, a divorce is 75% to 91% more likely if just one of the partners smokes.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەگەر یەکێك لەهاوژینەکان یان هەردوکیان جگەرە بکێشن، ئەوا رێژەی جیابونەوەیان دەگاتە لەسەدا 75 بۆ 91.

ناحەقیشیان نیە جگەرە و مەشروبات و نێرگەلە کەی ئیشی مرۆڤی عەیارە 24ە!

2383. Steve Jobs's last words were "oh wow. oh wow. oh wow."

ئەخیر وشەی ژیانی ستیڤ جۆبز "ئۆو واو. ئۆو واو. ئۆو واو"بووە.

هەرچەندە بێگومان ئەگەر شایەتومان بوایە باشتر دەبوو بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە کەسایەتییانە سودێکی زەبەلاحیان بۆ مرۆڤایەتی هەبووە، من پێشبینی دەکەم بچێتە بەهەشتەوە هەرچەندە موسڵمانیش نەبووە واللە اعلم

2384. FINLAND CELEBRATES "NATIONAL SLEEPY HEAD DAY," WHERE THE LAST PERSON IN THE HOUSE TO WAKE UP IS THROWN INTO WATER BY THE EARLY RISERS.

لە فینلەندا رۆژێك هەیە بەناوی "رۆژی نیشتمانی خەواڵوو". لەم رۆژەدا ئەوانەی زوو لەخەو هەڵدەستن، ئەخیر کەس کە لەخەو هەڵدەستێ هەڵدەگرن و هەڵیدەدەنە ناو ئاوەوە.

2385. In China, you can major in bra studies.

لە چین دەتوانیت پسپۆڕی لەبواری خوێندنی تایبەت بە ستیان بەدەست بهێنیت!

وەرە 20 سی ساڵ منداڵ بەخێوکەو بچێتە زەمالەی خوێندن لە چین و دواتر کە هاتەوە پێی بڵێیت، بەخێر بێیتەوە رۆڵە، دکتۆراکەت لەچیدایە، لەوەڵامدا بڵێت: ستیانۆلۆجی!!! یان دواتر لەکاتی موقابەلەی تەلەفزیۆنیدا لەژێریا بنوسرێت، د.فلان بن فلان پسپۆڕی بواری ستیانۆلۆجی!!

2386. Too much homework can cause stress, physical health problems and even alienation from society, a stanford researcher found.

لێکۆڵەرێکی زانکۆی ستانفۆرد گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە زۆر خۆ سەرقاڵکردن بە واجباتی مەدرەسیی لەماڵەوە، دەکرێ ببێتەهۆی فشاری دەرونی و کێشەی تەندروستیی جەستەیی و تەنانەت دابڕانیش لەکۆمەڵگە

2387. Mary Toft, an English woman, became the center of considerable controversy when, in 1726, she convinced doctors that she had given birth to rabbits.

لەساڵی 1726، ژنێکی بریتانی بەناوی ماری تۆفت، توانی پزیشکان قەناعەت پێبکات کە لەبری منداڵ، چەند کەرۆشکێکی بووە. بەهۆی ئەمەشەوە مشتومڕێکی گەورەی دروستکرد.

2388. If you starve pigs for more than three days, they'll be more than happy to eat you.

ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە 3 رۆژ بەراز برسی بکەیت، ئەوا زۆر حەز بە خواردنت دەکەن.

ناحەقیشیان نیە، کورد وتەنی برسێتی، رەگی هاری پێوەیە!!!

2389. If you are driving in Spain, you need to have an extra pair of glasses in your car even if you are already wearing one.

لەو ئیسپانیایەی لای خۆمان، فەخامەتی جەنابت لەکاتی لێخوڕینی سەیارەدا، پێویستە عەینەکێکی زیادە لەناو ئۆتومبێلەکەتدا بێت، تەنانەت ئەگەر عەینەکیشت لەچاودا بێت ٔ

کورە بەناوی خۆم و خۆشتانەوە، قسەی قۆڕ!!!

2390. In a study, musicians had significantly faster reaction times than non-musicians for different types of stimulations.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە موزیسیانەکان کاردانەوەیان بۆ جۆرە جیاوازەکانی وروژاندن، چەند جارێك لەکەسانی تر، زیاترە. کەواتە خەتەرن، پێویستە بنیایەم ئاگای لەخۆی بێت لەکاتی مامەڵەکردن لەتەکیاندا!!!!!

گەلی ئەسکیمۆش سەلاجەیان هەیە بەڵام شتی تێدەکەن بۆ ئەوەی لەناو ئەو سەلاجەدا بەگەرمی بمێنێتەوە چونکە دەرەوەیان ساردترە.

2391. The original 'Gone in 60 Seconds' has the longest car chase in movie history at 40 minutes and wrecked and destroyed 93 cars in the process.

نیکۆڵاس کەیج فیلمێکی هەیە بەناوی "Gone in 60 Seconds" نوسخەی ئەسڵی ئەم فیلمە درێژترین راوەدونانی سەیارەی تێدایە لەمێژووی فیلمسازیداو ماوەکەی 40 دەقەیۀ هەر لەکاتی ئەم فیلمەدا 93 سەیارە تێکشکاوۀ

2392. Gloria Stuart, the 1930's actress, who played the older Rose died at 100 years of age exactly like her character in the film.

گلۆریا ستوارت، ئەو ژنە رۆڵی رۆزە پیرەکەی دەبینی لەفیلمی تایتانیکدا. عەینەن رۆزە راستەقینەکە لەتەمەنی 100 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

2393. Dogs and humans are the only two species that depend on each other for visual cues.

تەنها دوو جۆر زیندەوەر کە لەڕێگەی ئاماژەی بینینەوە پشت بە یەك دەبەستن، سەگ و مرۆڤن.

2394. Titanic was the first movie to have two individuals nominated for an Oscar for playing the same character. Gloria Stuart and Kate Winslet were nominated (Best Supporting actress and Best actress) for Rose's role.

یەکەم فیلم لەمێژوودا کە تێیدا دوو کەس کە رۆڵی هەمان کارەکتەر ببینن بۆ خەڵاتی ئۆسکار کاندیدکرابن، تایتانیکە. لەم فیلمەدا هەردوو رۆزی پیرو گەنج، یەکەمیان بۆ باشترین کچەئەکتەری یاریدەدەرو دووەمیان بۆ باشترین کچەئەکتەر، کاندیدکراون.

2395. Most of the ocean that the Titanic passengers jump into is only a large, 3-feet-deep pool.

زۆربەی ئەو بە حساب زەریایەی کە سەرنشینەکانی کەشتی تایتانیکی تێدا نقومبون لەفیلمی تایتانیك، لەڕاستیدا حەوزێکی گەورە بوو کە قوڵییەکەی کەمتر بووە لەتەنها یەك مەتر!

بەڵام کامیرۆن و برادەرانی تر هێندە لێهاتوانە ئەو کارەیان کرد کە نەك هەر هەست بەوە ناکرێت بەڵکو هەتاهەتایە ناخ دەهەژنێنێت و فرمێشك لەچاو دەبارنێنێت ٢ پێشموانیە تەنانەت بەزمی بەزمیش بتوانێت مونافەسەی بکات!!!!!

2396. Tihar is a festival in Nepal that devotes a whole day to thanking these animals for their loyalty and friendship.

لە نیپاڵ فێستیڤاڵێك هەیە بەناوی تیهار. لەم رۆژەدا خەڵکی ئەو وڵاتە، لەمیانەی ئاهەنگێکدا رێزێکی تایبەت لەسەگەکانیان دەگرن. بەنیسبەت ئێرەوە من پێمباشە ساڵانە چەند ئاهەنگێکی قۆرو قەڵب و بێمانا کە ئێستا سازدەکرێ، هەڵبووەشێنرێتەوەو لەبری ئەوە بۆ نمونە فێستیڤاڵێك بەناوی "هەمومان کەرین" سازبکرێ لەپای ئەو رۆڵە ئیجابییەی کەر گێڕاویەتی لەمێژووی کورددا !!!

2397. There are 5 to 7 calories in a teaspoon of semen.

یەك کەوچکەچا تۆوی مرۆڤ تەنها پێنج بۆ حەوت کالۆری تێدایە ٢

2398. Mitsubishi had to change the name of its Pajero model in Spanish-speaking countries, where it means "wanker."

کۆمپانیای میتسوبیشی ناچاربوو ناوی مۆدێلی سەیارەی پاجیرۆ لەو وڵاتانەدا بگۆڕێت کە بە ئیسپانی قسەدەکەن، چونکە ئەم وشەیە لەو زمانەدا بەمانای "دەستپەڕکەر" دێت.

2399. Webcams were invented because some computer scientists were too lazy to get up to check if their coffee was done.

هۆکاری داهێنانی وێبکام واتە کامێرای کۆمپیوتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێك لەزانایانی کۆمپیوتەر هێندە تەممەڵ بوون کە تاقەتیان نەبوو هەڵسن و بچن بزانن قاوەکانیان پێگەیووە یان نا ٢

ئەم تەممەڵییەش نیعمەتە!!!!

2400. January is named after Janus, the Roman God of two faces, one that looks back to the past and the other that looks forward to the future.

جانیوەری واتە مانگی کانونی دووەم بەناوی جانوسەوە ناونراوە کە خوای رۆمانەکان بووەو دوو دەموچاوی هەبووە، یەکێکیان سەیری رابردووی کردووەو ئەوی تریان سەیری داهاتووی کردووە

2401. In Russia, there's a monument dedicated to laboratory mice as an expression of gratitude for the animals' sacrifice and to honor their contributions to science.

وەك رێزو پێزانینێك بۆ مشکی تاقیگەو پیرۆزڕاگرتنی ئەوانەیان بونەتە قوربانی لەپێناو پێشخستنی زانستدا، لە روسیا پەیکەرێکی گەورە بۆ مشك دروستکراوە.

بەڵای منەوە حەقی خۆیەتی و کارێکی جوانە.

2402. President William McKinley believed in lucky charms and he almost always wore a red carnation on his lapel. In 1901, he removed his flower to give it to a little girl while greeting a crowd, and he ended up getting shot by an assassin just a few seconds later.

ولیەم مەکینلی کە یەکێکە لەچوار سەرۆکە تیرۆرکراوەکەی ئەمەریکا، بڕوای بە بەخت و ئەو شتە قۆرانە هەبووە. بۆیە زۆربەی کات گوڵێکی تایبەتی بە یەخەوە بووە. بەڵام لەساڵی 1901 ئەو گوڵەی لەیەخەی کردەوە بۆ ئەوەی بیدات بە کێژۆڵەیەکی بچکۆلانە، ئینجاکونێ سەرتان نەیەشێنم هەر چەند چرکەیەك دوای ئەوە، لەلایەن پیاوکوژێکەوە تیرۆرکرا .

ئەم برادەرە باشتر بناسە:

بیست و پێنجەمین سەرۆکی ئەمەریکا بووە. لە 29-1-1845 لەویلایەتی ئۆهایۆ لەدایکبووە. کۆتا سەرۆکە کە بەشداری لەشەڕی ناوخۆی وڵاتەکەیدا کردووە. درێژیەکەی 5 پێ و 7 ئینج بوە. لە 14-9-1901 لەویلایەتی نیۆرك تیرۆرکراوەو لەویلایەتی ئۆهایۆ بەخاك سپێردراوە. تەمەنی 58 ساڵ و 228 رۆژ بووە. ماوەی سەرۆکایەتی: 4-3-1897 تا 14-9-1901 (4 ساڵ و 6 مانگ و 10 رۆژ). هۆکاری جێهێشتنی سەرۆکایەتی: تیرۆرکرا.

2403. Marie Antoinette's last words were "Pardon me sir. I meant not to do it," when she accidentally stepped on the foot of her executioner after climbing the scaffold at her beheading.

لەکاتێکدا کۆتاشاژنی فەرەنسا ماریێ ئەنتوانێت چووە سەر قەنارەی لەسێدارەدان بۆ ئەوەی بە سەربڕین ئیعدامی بکەن، قاچی نا بە قاچی ئەو کەسەی کە سزاکەی، جێبەجێکرد، بۆیە پێی وت: ببورە قاچ پێدانانەکەم بە ئەنقسەت نەبوو. ئەمەش کۆتا قسەی ئەو ژنەیە لەژیاندا.

2404. Over 4,500 McDonald’s burgers are eaten around the world every minute.

هەموو دەقەیەك، لەسەرتاسەری جیهاندا، زیاتر لەچوار هەزارو 500 لەفەی فەلافل، ببورن لەفەی زنجیرە خواردنگەی ماکدۆناڵد دەخورێت!

خوا پێم نەگرێ و زاکیرەم خیانەتم لێنەکات، وابزانم بەندەی موخلیستان تائێستا تەنانەت یەك لەفەی ماکدۆناڵدم نەخواردووە!

2405. Between 1300 and 1650, up to 500,000 Europeans (mostly women) were executed for allegedly practicing witchcraft.

لەنێوان ساڵی 1300و 1650 نزیکەی نیو ملیۆن ئەوروپی کە زۆربەیان ژن بوون، بەتۆمەتی سیحربازی، لەسێدارەدراون.

2406. In 16th century Europe, it was believed that eating a tomato could turn you into a werewolf.
لەسەدەی 16هەمدا لەئەوروپا، خەڵك بڕوایان وابووە كە دەكرێ خواردنی تەماتە مرۆڤ بكات بە گورگ.

2407. Bill and Hillary Clinton were among the 350 guests at Melania and Donald Trump's wedding.
بیل كلینتۆن و هیلاریی ژنی، دوان بوون لەو 350 میوانەی ئامادەی ئاهەنگی هاوسەرگیریی دۆناڵد ترەمپ و مێلانیای هاوسەری بوون.

2408. Two of the most effective treatments for battling depression are exercise and spending time with pets.
وەرزشكردن و كات بەسەربردن لەگەڵ زیندەوەرە ماڵییەكان، دوان لەكاریگەرترین چارەسەرەكانن بۆ روبەڕووبونەوەی خەمۆكی و نقومبونی كەشتی!!!
كەواتە هەرچی زووە سەرو توتی یان مەیمون بكڕین!!!

2409. AT OVER 162.6 HA [401 ACRES), THE HINDU TEMPLE ANGKOR WAT IN CAMBODIA IS THE LARGEST RELIGIOUS STRUCTURE IN THE WORLD.
گەورەترین باڵەخانەی ئاینی لەجیهاندا پەرستگایەكی هندۆسەكانە لە كەمبۆدیا. روبەرەكەی زیاتر لە 401 ئەكرەیە. ئینجاكونێ قسە هەیەو پشتەملی قسە بەدوای خۆیدا رائەكێشێ، هەر ئەكرەیەك نزیكەی چوار هەزارو 47 مەترەدوجایە. ئیتر خۆتان وەكیل بن!

2410. In a highly shocking and disturbing statistic, one person is killed every single hour within the United States thanks to the antics of a drunk driver.
لەو ئەمەریكایەی لای خۆمان، هەموو سەعاتێك كەسێك بەهۆی قۆڕییاتی شۆفێری سەرخۆشەوە، گیان لەدەست دەدات..

2411. It took Tokyo 3 hours before they realized Hiroshima had been destroyed.
خەڵكی تۆكیۆی پایتەختی یابان، پاش سێ سەعات زانییان كە هیرۆشیما بە چەكی ئەتۆمی لێیدراوە.

2412. U.S. President Lyndon Johnson had an amphibious car and would scare guests by driving into a lake while shouting about malfunctioning brakes.
لیندۆن جۆنسن كە یەكێكە لەسەرۆكەكانی ئەمەریكا، سەیارەیەكی وشكاوەكی هەبووە. دەچوو میوانەكانی سواردەكردو دەچوونە ناو دەریاچەوە دواتر لەناو ئاوەكەدا بەدرۆ هاواری دەكردو دەیوت ئیستۆپەكەی خەڵەلی تێكەوتووە. بەكوردییەكەی خۆمان پێی رادەبواردن بۆ ئەوەی بیانتوقێنێت.
ئەم برادەرە باشتر بناسە:
لیندۆن جۆنسن 36هەمین سەرۆكی ئەمەریكا بووە. لە 7-8-1908 لەویلایەتی تەكساس لەدایكبووە. لەتەمەنی دوو ساڵیدا فێری پیتەكانی ئەبجەدی بووە. پێش ئەوەی بچێتە ناو دونیای سیاسەتەوە، مامۆستا بووە. درێژییەكەی 6 پێ و 3 ئینچ بووە. لە 22-1-1973 كۆچیدوایی كردوەو لەنزیك شاری جۆنسن بەخاك سپێردراوە. ماوەی سەرۆكایەتی: 22-11-1963تا 20-1-1969 (5 ساڵ و 1 مانگ و 29 رۆژ). هۆكاری جێهێشتنی سەرۆكایەتی: خۆی كاندید نەكردەوە .

2413. There is no evidence that cursive has any benefits over other handwriting styles for the majority of children with normal development.

بەگوێرەی لێکۆڵەران، ئەو کێرسڤەی بەمنالّی لەمەکتەب مێشکی ئێمەیان پێ هین کردبوو و گیرمان خواردبوو بەدەستییەوە، هیچ بەڵگەیەك نیە کە بیسەلمێنێت سودی هەیە لەچاو ستایڵەکانی تر لەناو زۆربەی ئەو منداڵانەی گەشەکردنیان ئاساییە.

2414. On the California side of the U.S.-Mexico border, there's a town called Calexico, and on the opposite side there's a town called Mexicali.

لەناوچەی کالیفۆرنیای ئەمەریکا، بەدیاریکراوی لەسنوری لەگەڵ مەکسیك، شارۆچکەیەك هەیە بەناوی کالێکسیکۆ، لەهەمان ناوچە بەڵام لەدیوی مەکسیکەوە شارۆچکەیەك هەیە بەناوی مەکسیکالی.

2415. Rats and mice alone eat or spoil 20 percent of the world's food supply.

لەسەدا 20ی خواردنی ناو کۆگاکانی هەموو جیهان، لەلایەن مشك و جرجەوە دەخورێن یان خراپ دەکرێن.

2416. 18 U.S. states ban or restrict car sales on Sundays.

رۆژانی یەکشەممان، لە 18 ویلایەتی ئەمەریکا فرۆشتنی ئۆتۆمبێل قەدەغە یان سنورداراە.

2417. 18-year-old William Shakespeare married an older woman who was three months pregnant at the time.

ولیەم شکسپیر لەتەمەنی 18 ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی بەتەمەنتر لەخۆیکردووە کە لەوکاتەدا سکی سێ مانگ بووە. واتە کارئاسانیشی بۆ کردووە!!!

2418. DONALD TRUMP HAS BEEN PERSONALLY SUED MORE THAN 70 TIMES IN FEDERAL COURT SINCE 2000.

لەساڵی 2000ەوە، دۆناڵد ترەمپ، زیاتر لە 70 جار شکاتی لێکراوە.

2016-4-29

2419. Winston Churchill and Charlie Chaplin were good friends.

وینستۆن چەرچڵ و چارلی چاپلّن هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون.

2420. 9% of Americans have used their phones during sex and 12% in the shower.

لەسەدا نۆی ئەمەریکییەکان لەکاتی سێکسدا تەلەفۆنەکانیان بەکاردەهێنن و لەسەدا 12شیان لەکاتی خۆشتندا بەکاری دەهێنن..

2421. The death of a loved one makes you up to 21 times more likely to suffer a heart attack within a day of your loss.

مەرگی خۆشەویستێکت ئەگەری لێدانی جەڵدەی دڵت لەماوەی یەکەم رۆژی پاش مەرگەکە، بەڕێژەی 21 ئەوەندە، زیاددەکات.. یا رەبی خوایە بەو جۆرە مەرگ و جەڵدەیە تاقیمان نەکەیتەوە..

2422. 80% of millionaires drive used cars.

لەسەدا 80ی ملیۆنەرەکان سەیارەی دەسی دوو بەکاردەهێنن نەك کیلۆمەتر سفر. کە گونحان، نیانە!!!

2423. Soccer player Cristiano Ronaldo gave his agent a Greek island as a wedding present.

ئەبو پۆز (کریستیانۆ رۆناڵدۆ) لەحەفلەی هاوسەرگیری بریکاری کارەکانیدا، دورگەیەکی یۆنانی وەك دیاری پێشکەشکرد. من بم لەجیاتی مێسی لەحەفلەی هاوسەرگیریی وەکیلەکەمدا، دوو دوورگەی نیوزلەندای بە هەدیە بۆ دەبەم بەشکم دڵی رۆناڵدۆ بتەقێ!!!

2424. J. R. R. Tolkien typed the entire 1,200-page manuscript of The Lord of the Rings trilogy with two fingers.

جەی ئار ئار تۆڵکین هەموو دەسخەتی سیناریۆی زنجیرەفیلمی "پادشای ئەڵقەکان" کە لەسێ فیلم پێکهاتووەو هەزارو 200 لاپەڕەیە، بە تەنها دوو پەنجە تایپکردووە.

2425. A man in Washington State was jailed in 2017 after mistakenly texting instructions to kill his wife and daughter to his former boss rather than the hitman.

لەساڵی 2017 لەو ویلایەتی واشنتۆن، پاش ئەوەی پیاوێك بەهەڵە ڕێنمایی پەیوەست بە کوشتنی ژن و کچەکەی بەنامە نارد بۆ بەڕێوەبەرەکەی نەك پیاوکوژە بەکرێگیراوەکەی، دەستگیرکرا.

2426. The average incomes of British pensioners are higher than those of working-age Britons.

داهاتی بریتانییە خانەنشینکراوەکان لەوانەیان زیاتر کە لەتەمەنی کارکردندان.

2427. ."I never said she stole my money" has 7 different meanings depending on which word is stressed when you speak it aloud.

"هەرگیز نەمفەرموو ئەو پارەکەی دزیوم". ئەم رستەیە بە زمانی ئینگلیزی تاڕادەیەکی زۆر بەسیت دیارە. بەڵام لەڕاستیدا بەگوێرەی ستریس خستنە سەر وشەکانی، حەوت مانای جیاوازی هەیە. بێگومان بۆ کوردیش تاڕادەیەك ئەمە راستە.

2428. If a person's body odour smells good to you, it means that their immunity genes are opposite to yours. This allows higher chances of people with opposite immunity genes to mate, resulting in offspring with stronger immune system.

ئەگەر بۆنی جیسمی کەسێك بەلاتەوە خۆش بوو ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە جینەکانی پەیوەست بە بەرگریی ئەو کەسە، پێچەوانەی ئەوانی تۆیە. جوتبون لەگەڵ کەسانی جیاواز لەڕوی جیناتی بەرگرییەوە، هەڵێکی زیاتر دەدات بە لەدایکبونی نەوەیەکی خاوەن کۆئەندامێکی بەرگریی بەهێزتر لەکەسانی تر. بۆیە ئەگەری کەسێکی وات بەدیکرد، هەتا زووە بیکەپڵێنە لەتەکیا (تەبعەن بەڕەسمی).

2429. Cheating and creating cheats for online games is officially a crime in south Korea.

لەکۆریای باشور، فێڵکردن و دروستکردنی فێڵ لەیارییە ئۆنلاینەکاندا، بەڕەسمی تاوانە.

2430. Loneliness causes people to take longer baths/showers, sleep longer and over think more.

تەنیایی دەبێتەهۆی ئەوەی مرۆڤ زیاتر لەحەمام و تواڵێت بمێنێتەوەو زیاتر بخەوێ و زۆر بیربکاتەوە.

2431. Top 3 lies people tell: 1) I'll be there in 5 minutes. 2) I never got that text. 3) I'm on my way.

سێ زۆرترین درۆ کە مرۆڤ دەیکات: پێنج دەقەی تر لەوێم، هەرگیز ئەو نامەیەم پێنەگەیشتووە، بەڕێوەم..

2432. The average person can only remember about 60% of what happened to them yesterday.

بەگشتی مرۆڤی ئاسایی تەنها نزیکەی لەسەدا 60ی ئەو شتانەی بیردەمێنێت کە دوێنێ بەسەری هاتووە.

2433. In Hong Kong, more than 300,000 domestic helpers – mostly Filipina and Indonesian women – work up to 18-hour days, 6 days a week, for just HK$4,310 (US$ 555) a month.

لە هۆنگ کۆنگ، زیاتر لە 300 هەزار یارمەتیدەری کاری ناوماڵ کە زۆربەیان ژنی فلیپینی و ئیندۆنوسین، هەموو هەفتەیەك شەش رۆژو هەر رۆژێك 18 سەعات کاردەکەن لەبەرامبەر موچەی مانگانەی تەنها 555 دۆلار.

2434. The Pentagon had separate bathrooms for blacks and whites when it opened in 1943.

پنتاگۆن واتە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا کاتێك ئیفتیتاح کرا لەساڵی 1943، توالێتی سپیپێست و رەشپێست جیابوو. ئەمەش ئیشی ئەمەریکای دایکی یەکسانی و ئازادی و وشە زلەکانی تر!!

2435. The thorny devil lizard drinks water through its skin and has a false head on the back of its neck to confuse predators.

جۆرێك قۆڕی هەیە پێیدەووترێت قۆڕی شەیتانی دڕکاوی. ئەم جۆرە ئاو لەڕێگەی پێستەوە دەخواتەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە سەرێکی ساختەی هەیە لەدواوەو بۆ سەرلێشێواندن لەڕاوکەرەکانی، بەکاریدەهێنێت.

رەنگە زاراوەی "عەی لەو بێناموصەی!" لەدوو شتی واوە سەرچاوەی گرتبێط!!!

2436. The tongue of a blue whale weighs as much as a fully grown African elephant!

نەهەنگی شین هێندە گەورە کە تەنها کێشی زمانی بەقەدەر هی فیلێکی ئەفەریقی تەواو پێگەیشتوو، دەبێت.

2437. 75% of the U.S. public say that Christians who commit violence aren't really Christian, while just 50% say the same about Muslims who commit violence.

لەسەدا 75ی خەڵکی ئەمەریکا دەفەرمون ئەو مەسیحییانەی کاری تووندوتیژی ئەنجامدەدەن، مەسیحیی راستەقینە نین. بەڵام تەنها لەسەدا پەنجایان هەمان قسە سەبارەت بەو موسڵمانانە دەکەن..

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە نەك تەنها تەرمپە سەرپەموو بەڵکو نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە حیقدیان بەرامبەر موسڵمان هەیە ئەگینا مەعلومە کە موسڵمانی راستەقینەش هەروەك مەسیحیی راستەقینە، کاری تووندوتیژی لێناوەشێتەوە.

2438. Marco Polo's trip across Asia spanned 24 years and he didn't travel alone; he went with his father and uncle.

گەشتەکەی ماركۆ پۆلۆ لەسەرتاسەری ئاسیا 24 ساڵی خایاندووە. سەیرەکە لەوەدایە کە بەدێژایی ئەو گەشتە دورو درێژە تەنها نەبووە بەڵکو باوك و مامیشی لەتەك خۆی، بردووە.

پیاو راست بڕواو ژن درۆنەکا، گەشتکردن لەتەك باب و مام بەتایبەت دووەمیان تاقەتێکی عەنتیکەی گەرەکە!!!

2439. Richard Milhous Nixon (who resigned when facing impeachment) and William Jefferson Clinton (who faced an impeachment trial in 1998) are the only US Presidents whose full names contain all the letters to spell the word ‘criminal'.

ریچارد میلهەو نیکسۆن کە پاش ئەوەی بەهۆی بێعەیەبییەکی سیاسییەوە بەڕەسمی تۆمەتبارکرا دەستی لەکارکێشایەوەو بیل جێفریسۆن کلینتۆن کە لەساڵی 1998 بەهۆی بێعەیەبییەکی رۆمانسییەوە دادگاییکراو لەسەر ماچ و موچ کردیان بە فلیمی هندی، تەنها دوو سەرۆکی ئەمەریکان کە سپێڵی ناوەکانیان هەموو ئەو حەرفانەیان تێدایە کە وشەی criminalی پێکدەهێنن کە بەمانای تاوانکار دێت.

2440. The age where half the U.S. population is younger than you and half is older than you is 37.

ئەگەر تەمەنی شەریفت 37 ساڵ بێت، ئەوا نیوەی دانیشتوانی ئەمەریکا لەتۆ گەنجترن و نیوەکەی تریشی لەتۆ پیرترن.

2441. 75% of the population of Venezuela lost at least 19 pounds in 2016 due to a lack of proper nutrition amid an economic crisis.

لەساڵی 2016، لەسەدا 75ی خەڵکی ڤەنزوێللا بەهۆی ئەو کەمی خۆراکە گونجاوەی لەئەنجامی قەیرانی ئابوورییەوە دروستبووە، نزیکەی نۆ کیلۆگرام لەکێشی لەشیان کەمی کردووە.

2442. Victorian families often kept hedgehogs in kitchens as a form of pest control, as they eat insects.

لەکۆندا خێزانەکانی ڤیکتۆریا ژیژکیان بەخێوکردووەو وەك قڕکەری مێرووەکان لەچێشتخانەکان، بەکاریان هێناوە چونکە ئەم زیندەوەرە مێروووخۆرە.

2443. Some people never develop fingerprints.

هەندێك کەس هەن پەنجەمۆریان نیەو هەرگیز ناشیان بێت.

2444. ANDERS BREIVIK, A NORWEIGAN MAN CONVICTED OF KILLING 69 CHILDREN, THREATENED TO GO ON A HUNGER STRIKE IF HIS PRISON CELL'S PLAYSTATION 2 WASN'T UPGRADED TO PS3.

تاوانبارێکی نەرویجی هەبوو بەناوی ئەندرێس بریڤیك. ئەم موجریمە بە تاوانی کوشتنی 69 منداڵ ئیدانەکرابوو. لە سجن هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر پلەی ستەیشنە دووەکەی بۆ نەکەن بە ps3، مان لەخواردن دەگرێت و تا نەمرێت لەبرسا مانەکە ناشکێنێت..

2445. Irene Triplett, an 86-year-old daughter of a Civil War veteran, still collects her father's pension of $73.13 a month. That war ended in 1865.

ژنێکی ئەمەریکی هەیە بەناوی ئیرێن پلێتەو تەمەنی 86 ساڵە. ئەمە کچی جەنگاوەرێکی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکایە. ئەم جەنگە لەساڵی 1865 واتە زیاتر لە 150 ساڵ لەمەوبەر کۆتایی هاتووە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەم ژنە تائێستاش موچەی خانەنشینیی باوکی وەردەگرێت کە 73 دۆلارو 13 سەنتە بۆ مانگێك.

2446. When Facebook acquired Instagram for about $1 billion, the company had just 13 employees.

کاتێك فەیسبوك ئینستاگرامی بە یەك ملیار دۆلار واتە سەد هەزار دەفتەری صەیی کڕی، کۆی کارمەندانی ئەم کۆمپانیا یەك ملیار دۆلارییە، تەنها 13 کەس بوو!

ئەوە ئەو کۆمپانیایە لای خۆمان بوایە 13 بەس سکرێترەی هەبوو، 13 کارمەندی تری هەبوو کە فەزایی بوون و تەنها موچەیان وەردەگرت و هیچی تر، 13ی تری هەبوو کە لەماڵەوە دەوامیان دەکرد، 13ی تری هەبوو کە خزم و کەس و کاری خاوەنەکەی بوون، 13ی تری هەبوو کە.... کورە هەر هیچ نەڵێم باشترە!!!

2447. If it ever went up for sale, the White House would cost anywhere from $90 to $369 million.

ئەگەر کۆشکی سپی بخرێتە بەر فرۆشتن، ئەوا بەپێی ئەو شوێنەی تێیدا دەخرێتە بەر فرۆشتن،90 دۆلار تا 69 ملیۆن دۆلار دەکات.

2448. SATURN'S RINGS ARE YOUNGER THAN THE DINOSAURS. THEY WERE LIKELY FORMED JUST 100 MILLION YEARS AGO.

ئەڵقەکانی دەوروبەری هەسارەی زوحەل لەدەیناسورەکان گەنجترن. کورە هەر زۆر گەنجن و تەمەنیان بۆ تەنها 100 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

رەنگە هەندێکتان بیرتان بێت بەس ئەو کاتە منداڵ بوون!!!

2449. Tesla is so sure of its cars' safety features; the company has started offering a lifetime insurance package at the time of purchase.

کۆمپانیای تێسلا هێنده دڵنیایه لەتایبەتمەندییەکانی پەیوەست به سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکانی، که ئەگەر کەسێك سەیارەیەکی لێبکرێت ئەوا پاکێجێك گەرەنتیی پەیوەندیداری پێدەدەن که تا هەتاهەتایه بەردەوامه واته بۆ ساڵ و دوو ساڵ و ئەوانه نیه.
با ئاسانتری کەم، بەڕشەی خۆیان ئەگەر سەیارەیەکی تێسلات پێبێت و بۆ نمونه دەعمێك بکەیت و سەیارەکەت ببێ به لوقمی شروبی، لەو حاڵەتەشدا خۆت هیچت لێ نایەت و نامریت مەگەر سایەقی سەیارەی بەرامبەر بۆت بێته دەرەوەو هەتا هێزی تیایه تالیبەرێك بدا به سەری شەریفتا!!!

2450. Mikhail Kalashnikov, inventor of the AK-47, greatly regretted having invented the weapon and once said "I would prefer to have invented a machine that people could use and that would help farmers with their workds_ for example, a lawnmower."
میخائیل کلاشینکۆف واته داهێنەری تفەنگی ئەی کەی 47 که به کلاشینکۆف ناسراوه، دواتر زۆر زۆر پەشیمان بوو لەو داهێنانەو جارێکیان فەرموی: دەبوو مەکینەیەکم دابهێنایه که خەڵك بیانتوانیان سودی لێببینن و یارمەتی جوتیاران بدات لەکارەکانیاندا، بۆ نمونه دەبوو مەکینەیەکی گیادرونم دابهێنایه".

2451. In 1518, there was a "Dancing Epidemic" occurred in Strasbourg, 400 people danced uncontrollably for one month and died of heart attack.
لەساڵی 1518 لەشاری ستراسبۆرگ، حاڵەتێکی سەیر رویدا که ناونرا پەتای دانس. لەمیانەی ئەو پەتایەدا چوار سەد کەس بۆ ماوەی مانگێك خۆنەویستانه دانسیان کردو دواتر هەر هەمویان به جەڵدەی دڵ عومری درێژیان بۆ ئێوه جێهێشت.

2452. France has trained d'Artagnan, Athos, Porthos, and Aramis—four golden eagles—to destroy drones.
فەرەنسا چوار هەڵۆی ئاڵتونی لەسەر تێکشکاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان راهێناوه.

2453. Montpelier, Vermont is the only United States capital without a McDonalds.
لەناو پایتەختەکانی ویلایەتەکانی ئەمەریکادا، تەنها یەکێکیان زنجیرەی خواردنگەی ماکدۆنالدی تێدا نیه، ئەویش مۆنتپێلیەرە که پایتەختی ویلایەتی ڤێرمۆنته.

2454. Theodore and Eleanor Roosevelt, Winston Churchill, and Henry Truman, all reported sightings of Abraham Lincoln's Ghost at the White House.
تیۆدۆر رووزڤێلت و هاری ترومان که دوو سەرۆکی ئەمەریکا بوون، ژنەکەی رووزڤێلت، وینستۆن چەرچڵ که سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بووه، هەموو ئەمانه دەفەرمون تارمایی ئەبراهام لینکۆڵنیان له کۆشکی سپی بینیوه.
جا بیلموناسەبه تروماته ئیشقۆڕ بوو که فەرمانیدا یابان به چەکی ئەتۆمی لێی بدرێت و چەرچڵه ئیشقۆڕیش یەکێك بوو لەگەرمکەرەکانی جەنگی جیهانی دووەم. بەڵام به گەردنم لینکۆڵن پیاوبووه بەمانای کەلیمەو یەکێکه لەمەزنترین سەرۆکەکانی ئەمەریکاو رۆڵێکی بەرچاوی هەبووه لەلەناوبردنی کۆلایەتی و یەکێکه لەو چوار سەرۆکەی ئەمەریکا که تیرۆرکراون.

2455. OF THE 967 PEOPLE WHO DIED IN JAIL IN THE U.S. IN 2013, 76% HAD NOT BEEN CONVICTED OF A CRIME.
هەرچەنده زەریایەك سوپاس بۆ ئەمەریکا که عیراقی لەچنگی سەدام حسێن رزگارکرد بەڵام لەڕوی ئازادی و دیموکراسی و چەمکه زلەکانی تڕەوه خۆی ئەوەنده شەریف نیەو تۆماری رەشه. ئەوەتا لەکۆی 967 زیندانیکراوی ئەو وڵاته که لەساڵی 2013 لەزیندان گیانیان لەدەستداوه، لەسەدا 76یان بەهیچ تاوانێك ئیدانه نەکرابوون.

2456. HALF OF YOUR BRAIN STANDS GUARD WHEN YOU ARE SLEEPING IN A NEW PLACE FOR THE FIRST TIME.
کاتێك بۆ یەکەمجار لەشوێنێك دەخەویت، تەنها نیوەی مێشکی شەریفت دەخەوێت. نیوەکەی تری بەئاگایه .

ئەمە بۆیە هەندێك كەس دەڵێن بمكوژن و بمبڕن لەهیچ ماڵێكی تر خەوم لێناكەوێت. شایانی باسە من هێندە نازو نوزم نیە بەڵام بە عام حەزدەكەم لەهەر شوێنێك بم ئەگەر بكرێ بگەمە ماڵەوەو شەو لەماڵی خۆمان بخەوم.

2457. Traffic accidents kill 1.25 million poeple per year.

هەموو ساڵێك روداوی هاتوچۆو ملیۆنێك و 250 هەزار كەس دەكوژێت.

2458. Saudi Arabia officially classifies atheism as terrorism.

سعودیە بەڕەسمی بێباوەڕی واتە ئیلحادی وەك تیرۆریزم پۆلێنكردووە.

بێگومان وەك هەر موسڵمانێكی تر حەزناكەم كەس مولحید بێت بەڵام هاوكات پێموایە ناساندنی بێباوەڕی بە تیرۆریزم خۆی لەخۆیدا تاوانەو دەسەڵاتدارە موجریمەكانی سعودیە خۆیان سەرچاوەی تیرۆریزمی راستەقینەن نەك كەسێك كە بەبێ دەنگی بێدین بێت.

2459. THE MILLENNIUM PRIZE IS A USS 1 MILLION AWARD GIVEN TO WHOEVER CAN SOLVE ANY 1 OF 7 MATH PROBLEMS, BUT TO DATE ONLY 1 OF THE PROBLEMS HAS BEEN SOLVED.

لەجیهاندا حەوت پرسیاری قورسی بیركاری هەس هێندە قورسن كە هەر كەس بتوانێت هەر یەكێكیان حەل بكات خەڵاتی یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری سەیی پێدەدرێت. تا ئەم لەحزەیە توانراوە تەنها یەكێك لەو پرسیارانە حەلبكرێت.

2460. Sharks have the best immunity to diseases than are known to man and deadly diseases like cancer do not affect them at all.

قرش باشترین بەرگریی لەشی هەیە لەدژی نەخۆشی بە بەراورد بە مرۆڤ و نەخۆشییە كوشندەكانی وەك شێرپەنجە كە ئێمەی مرۆڤ تەنها بەناوهێنانی نیگەرانین، هەرگیز كاری تێناكات.

2461. A man in Shaanxi, China, recently realized that the long-handled, blunt-ended object he'd been using for 25 years to crack walnuts was actually a live hand grenade.

لەهەرێمی شانشیی چین، بەمدواییانە پیاوێك پاش 25 ساڵ لەبەكارهێنانی ئەو شتە دەسكدرێژە كۆتاكولەی بۆ شكاندنی گوێز بەكاریدەهێنا، بۆی دەركەوت كە لەڕاستیدا نارنجۆكێكی دەستیی نەتەقیوە.

خوا رەحمی كردووە گوێزەكانی ئەم پیاوە، گوێزە سێهەزارییەكانی لای خۆمان نەبووە، ئەوانەی كە تا دەیشكێنی سوێت دەبێتەوە، ئەگینا دەمێك بوو دەموچاوی كردبوو بە لوقمی شروبی!!!

2462. In Russia, there's a "Temple of all Religions" which serves as a peaceful combination of different cultures.

لە روسیا "پەرستگایەكی هەموو ئاینەكان" هەیە كە وەك تێكەڵەیەكی ئاشتیخوازی كلتورە جیاوازەكان، خزمەتدەكات.

جا بەو موشەكەلەیا نوكتەیەكی عەنتیكەم بیركەوتەوە: ئەڵێن جارێك پیاوێك بە پۆزەوە بۆ یەكەمین جار دەچێتە رێستۆرانتێكی راقی و قەرەباڵغەوەو دەچێتە سەرەوە. یەكەم كەسی پێش ئەم بە كابرای رێستۆرانت دەڵێ لەفەیەكم بەرێ با سەفەری بێت، دووەمیان دەڵێ ئەوی من با حازری بێت، كە دێتە سەرەی ئەم كابرای رێستۆرانت پێی دەڵێ: هی تۆ چۆن بێت؟ سەفەری یان حازری، ئەمیش دەڵێ: با ئەوی من موشەكەل بێ!!!

2463. Researchers developed a blood test that can detect if a person has cancer from a single drop of blood with 96% certainty for most cancer types.

لێكۆڵەران جۆرە پشكنینێكی خوێنیان دۆزیوەتەوە كە دەتوانێت لەڕێگەی تەنها یەك دڵۆپە خوێنەوە ئەوە كەشفبكات كە ئەو كەسە توشی شێرپەنجە بووە یان نا. ئەم پشكنینەش بۆ زۆربەی جۆرەكانی شێرپەنجە دەبێت و رێژەی وردبینییەكەی لەسەدا 96ە.

2464. It takes a single one-page form and about 4 minutes to apply to become an official presidential candidate in the US.

ئەو ئەمەریکایەی لای خۆمان دانیشتوانەکەی نزیکەی 320 ملیۆنە. پەنجا ویلایەتە. لەڕوی ژمارەی دانیشتوان و روبەریشەوە سێیەم گەورەترین وڵاتە لەجیهاندا.

سەرباری ئەو هەموو زۆرییەش رۆتیناتیان ئێجگار کەمە. بۆ نمونە داواکاری پێشکەشکردن بۆ بونە کاندیدی رەسمی سەرۆکی وڵات کە بەرزترین پۆستە لەو وڵاتە، تەنها فۆرمێکی یەك لاپەڕەیی و نزیکەی چوار خولەکی پێویستە .

بە کورتی دەتوانین بڵێین معامەلاتی بەڕەسمی خۆکاندیدکردن بۆ سەرۆکی ئەمەریکا زۆر زۆر لە معامەلاتی وەرگرتنی بەرمیلێك نەوت لەلای خۆمان ئاسانترە!!!

2465. Flossing was dropped from th US government's dietary guidelines because no reliable study exists to prove its health benefits.

لەئەمەریکا بەکارهێنانی دەزوو بۆ ددان پاککردنەوە لەڕێبەرەکانی پەیوەست بە سیستمی خواردن دەرهێنراوە چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بڕواپێکراو نەیسلەماندووە کە ئەم بەزمە سودبەخشە.

2466. 500 people are declared dead in the US every month due to clerical errors.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، هەموو مانگێك تەنها بەهۆی هەڵەی نوسینەوە، مردنی 500 کەس رادەگەیەنرێت.

2467. IN 2013, MORE THAN 800000 INTERNATIONAL TOURISTS VISITED IRA DESPITE THE FACT THAT IT WAS A WAR ZONE.

سەرباری ئەوەی عیراق ناوچەیەکی شەڕ بووە، لەساڵی 2013 زیاتر لە 800 هەزار گەشتیاری نێودەوڵەتی سەردانی ئەم وڵاتەیان کردووە .

بەڕەئی من ئەمانە یان تەختەو شتیان نوقسانە یان حەزیان لەموجازەفەو سەرکەشی زۆرە ئەگینا رەنگە سەردانی مۆزەمبیق خۆشتر بێت و ژیانیشان پارێزراوتر بێت.

2468. 91% of people are no longer friends with someone they called their "best friend."

لەسەدا 91ی خەڵك، وەك هاوڕێی ئەو کەسانە نامێنن، کە پێشتر پێیان وتون: "باشترین هاوڕێ".

2469. 80% of the time, it's not that a person changed.... you just never knew who they actually were.

لە هەشتا لەسەدی کاتەکاندا، کە دەبینیت کەسێك گۆڕاوە، لەڕاستیدا نەگۆڕاوە، بەڵکو ئەوە تۆ تازە زانیوتە کە ئەو کەسە رووی راستەقینەی چۆنە.

2470. Music helps to keep your memories alive.

موزیك یارمەتی زیندووهێشتنەوەی یادەوەرییەکانت، دەدات .

2471. AFTER WW2, 1,500 GERMAN SCIENTISTS WERE GIVEN AMNESTY ON THE CONDITION THAT THEY WORK FOR THE U.S. GOVERNMENT.

پاش جەنگی جیهانی دووەم ئەمەریکا لێبوردنی بۆ 1500 زانای ئەڵمانی دەرکرد بەو مەرجەی کار بۆ واشنتن بکەن.

2472. If you're a man and pee on a pregnancy test and it's positive, you probably have cancer.

ئینجاکونێ ئێوەش وەك برام وان و عیلم و شەرع و مەعریفە شەرمیان بڕیوە، ئەگەر پیاو بیت و میز بکەیتە ناو ئامێری تاقیکردنەوەی دوگیانی و ئامێرکە نیشانیدا کە دوگیانیت، ئەوە ئەگەری زۆرە کە توشی شێرپەنجە بوبیت .

2473. Berlin still hasn't recovered its pre-WW2 population.
بەرلین بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، تائێستاش ژمارەی دانیشتوانەکەی وەك هی سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دووەمی لێنەهاتووەتەوە.

2474. Only 18% of Americans can drive a car with manual transmission.
تەنها لەسەدا 18ی ئەمەریکییەکان دەتوانن سەیارەی گێڕ عادی لێبخوڕن.

2475. In California, you're about as likely to be shot by a toddler than die in an earthquake.
لەکالیفۆرنیا کە یەکێکە لەیەناوبانگترین ویلایەتەکانی ئەمەریکا، ئەگەری مردنت بەهۆی زەمینلەرزەوە بەقەدەر ئەگەری کوژرانتە بەهۆی تەقەلێکردنتەوە لەلایەن منداڵێکی تەمەن گڕوگاڵەوە.

2476. The book "Reasons to Vote for Democrats: A Comprehensive Guide", which consists of 266 blank pages, became a #1 best-seller on Amazon in 2017.
کتێبێك هەیە بەناوی "هۆکارەکانی دەنگدان بۆ دیموکراتەکان. ڕێبەرێکی گشتگیر". ڕەنگە لەناوەکەیەوە وا تێبگەیت کە ئەبێ ئەم کتێبە مەوسوعەیەکی زەبەلاح بێت، بەڵام لەڕاستیدا نەك هەر وانیە بەڵکو ئەم کتێبە سەیرەکەی لەوەدایە کە پێکهاتووە لە 266 لاپەڕەی ڕەشی بۆش واتە هیچی تیا نیە.
لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەم کتێبە بووەتە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی 2017ی لەسەر ماڵپەڕی ئەمازۆن..

2477. About 1 in 10,000 chickens can change their gender.
لەهەموو 10 هەزار مریشکێك، نزیکەی یەکێکیان دەتوانێت ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت.

2478. There are 1.6 million people in Manhattan and 1.2 billion ants.
لە مانهاتن کە بەناوبانگترین گەڕەکی شاری نیۆرکە، نزیکەی ملیۆنێك و 600 ملیۆن کەس و ملیارێك و دوو سەد ملیۆن مێرولە هەیە .

2479. Horses killed more people in Australia from 2000 to 2013 than all venomous animals combined.
لە ئوسترالیا ژمارەی ئەو کەسانەی لەساڵی 2000 بۆ 2013 لەلایەن ئەسپەوە کوژراون، لەو کەسانە زیاترە کە لەلایەن هەموو گیانداڕە ژەهراوییەکان پێکەوە، کوژراون.

2480. If Prince Charles becomes king, he will be the oldest monarch ever crowned in Britain.
ئەگەر شازادە چارلز ببێتە پادشا، ئەوا دەبێتە بەتەمەنترین پادشا کە تاجی پادشایەتی دەخرێتە سەر لەمێژووی بریتانیادا.

2481. Beer cans in Japan have braille on them so blind people don't confuse alcoholic drinks with soft drinks.
لە یابان، قوتوی بیرە بەشێوازی برایڵ لەسەریان نوسراوە بۆ ئەوەی کەسانی نابینا لەخواردنەوە نەرمەکانی تر، جیایان بکەنەوە.

2482. Piranhas only attack you if you mess with them or their eggs.

جۆرێك ماسی هەیە ناوی پیرانایە. ئەم جۆرە گۆشتخۆرەو ددانی تیژە. تەنها لەکاتێکدا هێرشدەکاتە سەرت کە بێزاریان بکەیت یان هێلکەکانی تێکبدەیت.

2483. Philosophical presentism is the view that neither the future nor the past exist, only the present.

تێڕوانینێك هەیە پێی دەووترێت "ئێستاگەریی فەلسەفی"و دەڵێت: نە داهاتوو بونی هەیە، نە رابردوو. بەڵکو تەنها ئێستا بونی هەیە.

2484. There is an army recruitment lottery in Thailand. Every man over 21 has to participate. A red card means you have to go; a black card means you don't.

لە تایلاند لۆتەرییەکی ئیجباریی هەیە بەناوی لۆتەریی بەسەربازیکردن. هەموو پیاوێکی سەروو تەمەن 21 ساڵ پێویستە بەشداری تێدابکات. ئەگەر کارتی سوری بۆ دەرچوو
پشتەملی دەگرن و دەبێت ببێتە بەسەرباز، ئەگەر کارتی ڕەشی بۆ دەرچوو ناڕوات.

2485. The Ache tribe of Paraguay believe that babies inherit the characteristics of all the men who have had sex with the mother during pregnancy.

لە پاراگوای هۆزێك هەیە بەناوی ئاچێ. ئەم هۆزە پێیان وایە منداڵ سیماکانی هەموو ئەو پیاوانەی بۆ دەگوازرێتەوە کە لەکاتی دوگیانبونی دایکیدا، کاری خێرخوازییان لەتەکدا کردووە!
تەسەورکە منداڵێکیان ببێ و کۆکتێل بێ!!!

2486. Every nation in the world allows its residents to divorce under some conditions except the Philippines and the Vatican City.

هەموو وڵاتانی جیهان جگە لە فلیپین و ڤاتیکان، چەند حاڵەتێکیان هەیە کە تێیدا ڕێگە بە ژن و مێردەکان دەدەن لێك جیابنەوە. لەم دوو وڵاتە جیابونەوە بەهیچ شێوەیەك ڕێپێدراو نیە.

2487. More than 22 million tons of salt are used to melt ice on roads in the U.S. every year. That's about 137 pounds of salt for every American.

هەموو ساڵێك لە ئەمەریکا، زیاتر لە 22 ملیۆن تەن خوێ بەکاردەهێنرێت بۆ تواندنەوەی سەهۆڵی سەر ڕێگاکان. ئەمەش دەکاتە زیاتر لە 62 کیلۆگرام خوێ لەبەرامبەر هەر هاوڵاتییەکی ئەو وڵاتەدا.

2488. 70% of all train journeys in England start or finish in London.

لەسەدا 70ی هەموو ئەو گەشتانەی بە شەمەندۆفێر لە ئینگلتەرا ئەنجامدەدرێن، یان لە لەندەنەوە دەستپێدەکەن یان لەوێ کۆتاییان دێت.

2489. Switzerland monitors its airspace around the clock but only intercepts illegal flights during office hours.

سویسرا شەوو ڕۆژو لەیل و نەهار واتە 24 سەعاتە چاودێری ئاسمانەکەی دەکات بەڵام تەنها لەکاتەکانی دەوامدا ڕێ لەگەشتی ئاسمانی نایاسایی دەگرێت.

2490. 64% of Americans allegedly prefer their cats' company to their significant others, a survey found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە لەسەدا 64ی ئەمەریکییەکان یاوەربونی پشیلەکانیان بەلاوە باشترە وەك لە کەسە گرنگەکانیان.

2491. 27-year-old Cassie DePecol visited all 196 countries in 18.5 months. She broke two world records in the process.

کاسیێ دیپیکۆڵ کە کچێکی ئەمەریکیی تەمەن 28 ساڵە، لەتەمەنی 27 ساڵیدا توانیویەتی لەماوەی 18 مانگ و نیودا سەردانی هەر 196 وڵاتەکەی جیهان بکات. هەر لەکاتی ئەو کارەدا دوو ریکۆردی جیهانیشی شکاندووە.

2492. A small lake in Africa killed 1,700 villagers and 3,500 livestock overnight when it suddenly released 300,000 tons of carbon dioxide, suffocating everything within 16 miles. Scientists still don't know what triggered the event.

دەریاچەیەکی بچوك هەیە لەئەفەریقا. جارێك ئەم دەریاچەیە کتوپڕ بەهۆی دەردانی سێ سەد هەزار تۆن گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، لەماوەی تەنها شەوێکدا هەزارو 700 گوندنشین و سێ هەزارو 500 مەڕوماڵاتی خنکاند. سەرجەم ئەو زیندەوەرانەی تا 16 میل لەدەریاچەکەوە دوربوون، خنکان.

لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە تائێستا زانایان نازانن چ شتێك بووەتە هۆکاری ئەو روداوە.

2493. If you eat a polar bears liver you will probably die. It contains more vitamin A than the human body can tolerate.

ئەگەر جگەری ورچی جەمسەری بخۆیت، ئەوا ئیحتیمالی زۆرە عومری درێژت بۆ جەماعەت جێبهێڵیت، چونکێکوم هێندە ڤیتامین ئەی زۆر تێدایە کە لەشی مرۆڤ ناتوانێت تەحەمولی بکات.

2494. In Lithuania you have to be 18 years old to purchase beverages with more than 150 ml of caffeine per liter.

لە لیتوانیا ئەگەر بتەوێت خواردنەوەیەك بکڕیت کە هەر لیترێکی 150 میللیلیتر کافینی تێدا بێت، پێویستە تەمەنی شەریفت لانیکەم 18 ساڵ بێت.

2495. Joan Evans is the only person on Earth capable of balancing 237 pints of beer atop his head.

جوان ئیڤانس تەنها کەسە لەسەر ئاستی جیهان کە دەتوانێت 237 پینت بیرە لەسەر سەری رابگرێت.

جا بیلموناسەبە هەر پینتێك نیو لیترە.

2496. The Durian fruit, known as the world's smelliest fruit, is so stinky that in parts of Asia is not allowed to be taken on buses or into hotels.

میوەیەك هەیە پێی دەووترێت دوریان. بۆگەنترین میوەیە لەجیهاندا، بۆنی ئەم میوەیە هێندە ناخۆشە کە لەهەندێك بەشی قارەی ئاسیا، رێنادرێت ببرێتە ناو پاس یان ئۆتێلەوە.

2497. There are so many trees in London, it can be classified as a forest, according to a UN definition.

لەندەنە حەیاتەکە هێندە زۆر درەختی تێدایە کە دەکرێ بەپێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دارستان پۆلێن بکرێت.

2498. There are now more millionaires in the United States than ever before.

ژمارەی ملیۆنەرەکانی ئەمەریکا لەئێستا، لەهەرکاتێکی تری رابردوو، زیاترە.

2499. British researchers have found that taking a hot bath can actually burn as many calories as a 30-minute walk.

لێکۆڵەرانی بریتانیا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە دەکرێ خۆشتن بە ئاوی گەرم، بەقەدەر 30 دەقە بەپێ رۆیشتن، کالۆری بسوتێنێت. واتە موهیمە لۆ ئەو قەرەوانەی گەرەکیان زەعیف بن!!!!

2500. America's first female mayor was elected in 1887. A group of men nominated her as a joke, but she won over 60 percent of the vote.

یەکەم ژن لەمێژووی ئەمەریکادا کە وەك سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردرابێت، لەساڵی 1887 بووە. کۆمەڵێك پیاو وەك نوکتەو پێڕابواردن ئەمیان بۆ ئەو پۆستە کاندیدکرد، بەڵام عەرەب وتەنی سحرەکە خراپ بەسەر ساحرەکەدا شکایەوەو ئەم ژنە بەرێژەی زیاتر لە 60 لەسەد، هەڵبژاردنەکەی بردەوەو دەرزەنێك عەلاگەی پەنگوینی بەناڕاستەوخۆ پێشکەش بەو پیاوانە کرد کە بەحسابی خۆیان ویستیان پێی رابوێرن!!!

2501. There is a scientific measurement for the 'risk of death' of any action: the micromort. If an activity is rated as one micromort, you would have a one in a million chance of dying while doing it. Running a marathon is -7 micromorts, sky diving 10, and climbing Mount Everest 40,000!

یەکەیەکی زانستی هەیە کە مەترسی مردنی هەر کارێکی پێ دەپێورێت. ئەم یەکەیە پێیدەووترێت مایکرۆمۆرت. ئەگەر چالاکییەك پلەی ئەو مەترسییەی یەك مایکرۆمۆرت بێت ئەوا ئەگەری جێهێشتنی عومری درێژت بۆ جەماعەت لەکاتی ئەنجامدانی ئەو چالاکییەدا، یەك لەسەر ملیۆنە.

راکردن لەماراسۆن، پلەکەی ناقس حەوتە. وەرزشی خۆهەڵدانە خوارەوە بەپەڕەشوتەوە پلەکەی دەیە، بەڵام هەڵگەران بە شاخی ئیڤرست چل هەزارە مایکرۆمۆرتە!!!

2502. Venting your anger online only makes you angrier, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە خاڵیکردنەوەی توڕەییەکەت لەسەر ئینتەرنێت، توڕەترت دەکات.

2503. Babies in Britain, Canada and Italy cry more than elsewhere, says an International study.

لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەڵێت، منداڵانی بریتانیاو کەنەداو ئیتاڵیا لەمنداڵانی شوێنەکانی تر، زیاتر دەگرین .

2504. Photographs of Algae, published in 1845, was the first book ever to contain photographs.

چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی قەوزە کە لەساڵی 1845 لەچوارچێوەی کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە، یەکەم کتێبە لەمێژوودا کە وێنەی فۆتۆگرافی لەخۆبگرێت.

2505. A multipart study found that beautiful people are more likely to be involved in unstable relationships.

لێکۆڵینەوەیەکی فرەڕەهەند دەریخستووە کە کەسانی جوان ئەگەری توشبونیان بە پەیوەندیی ناجێگیر، لەکەسانی تر زیاترە.

ئەمە لەناو هیچ نەتەوەیەکدا راست نەبێ، لەناو کورددا راستە!!!

2506. In the first world war, kings of England, Russia and Germany were cousins.. Once the german king said jokingly: If our grandmother was alive, she wouldn't let this war to happen.

لەجەنگی جیهانی یەکەمدا پادشای ئینگلتەراو روسیاو ئەڵمانیا خاڵۆزای یەکتر بوون. جارێك پادشای ئەڵمانیا بە گاڵتەوە وتویەتی: ئەگەر داپیرمان بمایە نەیدەهێشت ئەم شەڕە روبدات.

2507. “False memories” are things that your brain thinks happened, but actually didn’t happen.

چتێك هەس پێی دەووترێت یادەوەرییە ساختەکان یان یادەوەرییە درۆزنەکان، ئەمانە چتگەلێکن کە مێشکی شەریفت پێیوایە کە رویانداوە، بەڵام لەڕاستیدا رویان نەداوە .

2508. Ernest Hemingway lived through anthrax, malaria, pneumonia, dysentery, skin cancer, hepatitis, anemia, diabetes, high blood pressure, two plane crashes, a ruptured kidney, a ruptured spleen, a ruptured liver, a crushed vertebra, and a fractured skull.

نوسەری بەناوبانگی ئەمەریکی ئێرنست هێمنگوای لەژیانیدا توشی ئەم نەخۆشی و روداوانە بووەو نەشی کوشتووە: ئەنتراکس، مەلاریا، هەوکردنی سییەکان، سکچوون، شێرپەنجەی پێست، هەوکردنی جگەر، کەمخوێنی، شەکرە، بەرزی فشاری خوێن، دوو روداوی تێکشکانی فڕۆکە، تەقینی گورچیلەیەك، تەقینی سپڵ، تەقینی جگەر، شکانی بڕبڕەیەکی پشت، شکانێك لەکاسەی سەر.

هەموو ئەوانەی تێپەڕاند بەڵام بەداخەوە دواجار خۆی بەدەستی خۆی، خۆی کوشت و عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

2509. The USA dropped 26,171 bombs in 2016. Thats about 3 bombs every hour for 24 hours a day.

لەساڵی 2016 ئەمەریکا 26 هەزارو 171 بۆمبی لەئاسمانەوە هەڵداوەتە خوارەوە واتە نزیکەی سێ بۆمب لەهەر سەعاتێکی ئەو ساڵەدا.

2510. In 1981, a Turkish man shot Pope John Paul II four times but didn't kill him. After the Pope recovered, he visited the assassin in prison forgave him. The assassin was pardoned at the Pope's request and 33 years after his crime, he visited Vatican City and laid flowers on the Pope's tomb.

لەساڵی 1981 پیاوێکی تورك چوار گوللەی نا بە پاپا جۆن پاوڵی دووەم بەڵام پاپا نەمرد. پاش چاکبونەوەی، پاپا سەردانی بکوژەکەی کرد لەزیندان و لێیخۆش بوو و بەو شێوەیە لەسەر داوای پاپا ئازادکرا.
پاش 33 ساڵ لەدوای ئەو تاوانە، پیاوەکە سەردانی ڤاتیکانی کردو چەپکەگوڵی لەسەر گۆڕی پاپا دانا.
لێبوردن لەهەموو تاوانێك گەورەترەو لەهەموو بەلەزەتێکیش بەلەزەتترە بەڵام وەفاداریش بێحەلە!

2511. Apples are more efficient at waking you up in the morning than caffeine.

لەڕوی خەبەرکردنەوەوە لەبەیانیاندا، سێو لە کافین کاریگەرەترە.

2512. During the siege of Paris in 1870, all the city's animals were eaten, including rats, mice, dogs, cats, donkeys, wolves and even an elephant.

لەکاتی ئابڵوقەدانەکەی 1870ی پاریس، هەموو زیندەوەرانی شارەکە لەلایەن خەڵکەوە دەخوران لەوانە: جرج، مشك، سەگ، پشیلە، مەیمون، گورگ و تەنانەت فیلێکیش.

2513. There's a bridge in Scotland from which dogs frequently leap to their deaths, and no one knows why.

پردێکی سەیر هەیە لەسکۆتلەندا کە زۆرجار سەگ لێیەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوەو خۆی دەکوژێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە تائێستا کەس نازانێت هۆکاری ئەمە چیە.

2514. The average inmate at Alcatraz read 75-100 books per year.

هەر زیندانێکی ئاسایی زیندانی ئەلکاتراز ساڵانە 75 بۆ 100 کتێب دەخوێنێتەوە.

2515. In Slovakia, using the names Britain or Great Britain instead of the United Kingdom can land you with a €6,600 fine.

لە سلۆڤاکیا ئەگەر لەبری ناوی شانشینی یەکگرتوو، بریتانیا یان بریتانیای مەزن بەکاربهێنیت، ئەوا دەکرێ بەبڕی شەش هەزارو 600 پاوەند، غەرامە بکرێیت.
بۆ؟ ئیتر ئەمە زەوقە!!!

2516. When Picasso was interrogated by an SS officer about his painting Guernica, “Did you do that?” Picasso replied, “No, you did.”

کاتێك پیکاسۆ لەسەر تابلۆی گەرنیکا لەلایەن ئەفسەرێکی هێزەکانی ئەڵمانیاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراو پرسیاری لێکرا: ئەمە تۆ کردوتە؟
پیکاسۆ لەوەڵامدا وتی: نەخێر، تۆ کردووتە.
جا بیلموناسەبە گەرنیکا گوندێکی ئیسپانی بوو و لەلایەن هێزە نازییەکانەوە بەشێوەیەکی دڕندانە بۆمباران کرا. پیکاسۆ ئەو تابلۆیەی لەسەر ئەو تراژیدیایە دروستکردبوو.
ئەوەیە هونەرمەندو نیگارکێش، سەیرکەن چۆن گوزارشتی لەنەهامەتییەکانی وڵاتەکەی کردووە.
کەچی لای خۆمان دنیا کاول بێت کەچی کابرا لەبەزم و سەفای خۆی ناکەوێت و کارو تابلۆکانی هەر گوزارشت لەماچ و موچ دەکەن!!!
خوا بمان بڕێ بۆ چ نەتەوەیەکین!!!

2517. Humans speak more languages than there are species of mammal.
ژمارەی ئەو زمانانەی مرۆڤی ئیشقۆڕ قسەی پێدەکات، لەژمارەی جۆری زیندەوەرە مەمکدارەکان زیاترە.

2518. Despite Americans owning more than 78 million dogs as pets, only about 30 deaths per year are atd to dog attacks, fewer than bees.
هەرچەندە ئەمەریکییەکان زیاتر لە 78 ملیۆن سەگی ماڵییان هەیە، بەڵام ساڵانە تەنها لەسەدا 30ی کۆی حاڵەتەکانی مردن، پەیوەندییان بەهێرشی سەگەوە هەیە، واتە کەمتر لەقوربانیانی دەستی هەنگ.

2519. Vatican City is one of six countries worldwide that ban abortion completely, even if the mother's life is in danger.
ڤاتیکان یەکێکە لەو شەش وڵاتەی جیهان کە تێیدا لەباربردن بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە، تەنانەت ئەگەر ژیانی دایکیشی لەمەترسیدا بێت.

2520. A study from the London School of Economics and Political Sciences has found that our joy in life peak at two ages — 23 and 69.
لێکۆڵینەوەیەکی سکوڵی لەندەن بۆ ئابووری و زانستە سیاسییەکان گەیشتووەتە ئەوەی کە خۆشییەکانی ژیانمان لەم دوو تەمەنەدا دەگەنە لوتکە: 23و 69.

2521. Tutankhamun's parents were brother and sister.
دایك و باوکی توت عەنج ئامون کە یەکێکە لەفیرعەونە بەناوبانگەکانی میسری دێرین، خوشك و برا بوون.

2522. A language dies every 14 days.
هەموو چوارده رۆژێك، زمانێك دەمرێ و عومری درێژی بۆ ئێوە جێدەهێڵێت.

2523. 5 December 1664: A ship sank in the Menai Strait off the coast of Wales. All 81 passengers on board died, except one. His name was Hugh Williams. 5 December 1785: Another ship with 60 aboard, sank around the same location in Menai Strait in Wales. There was only one survivor, called Hugh Williams. 5 December 1820: A third vessel Sank in the Menai Strait. All 23 on board lost their lives except one - named Hugh Williams.
لە 5-12-1664 کەشتییەك لەگەروی مینای نزیك کەناری وێڵز نقوم بوو، لەئەنجامدا سەرجەم سەرنشینەکانی کە 81 کەس بوون، جگە لەیەکێکیان، گیانیان لەدەستدا. ئەم کەسە ناوی هوگ ولیەمز بوو.
لەهەمان رۆژو مانگدا بەڵام لەساڵی 1785 واتە 121 ساڵی تەواو لەپاش روداوی یەکەم، کەشتییەکی تر بە 60 سەرنشینەوە لەهەمان شوێن، نقوم بوو. ئەمجارەش سەرجەم سەرنشینەکانی جگە لەیەکێکیان، گیانیان لەدەستدا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە رزگاربووەکەی ئەمجارەش وەك یەکەمجار هەر ناوی هوگ ولیەمز بوو.
کورە جا هێشتا چیت دیوە!
لەهەما رۆژو مانگدا بەڵام لەساڵی 1820 واتە 156 ساڵی تەواو لەدوای نقومبونی کەشتی دووەم، لەهەمان شوێن، کەشتییەکی تر بە 23 کەسەوە نقومبوو. ئەمجارەش سەرجەم سەرنشینەکانی جگە لەیەکێکیان، گیانیان لەدەستدا. لەوەش عەجیبتر ئەوە بوو ئەمجارەش تاقەرزگاربووەکە هەر ناوی هوگ ولیەمز بوو!!!

2524. There are more skin cancer cases atd to tanning beds than lung cancer cases atd to smoking.
ژمارەی ئەو حاڵەتانەی توشبون بە شێرپەنجەی پێست کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی ئامێری حەمام شەمسەوە هەیە، لەژمارەی ئەو حاڵەتانەی توشبون بە شێرپەنجەی سی، زیاترە کە پەیوەندییان بە جگەرەکێشانەوە هەیە. تێ ئەگەی؟!!!

2525. English has 3,000 words for being drunk.

زمانی ئینگلیزی بۆ گوزارشتکردن لە "سەرخۆشبون" سێ هەزار وشەی هەیە.

ئیمانم نەچێ و خوار پێم نەگرێ ئێمەی کورد وابزانم تەنها سیانمان هەیە: خەیاڵ، مەست، سەرخۆش.

2526. Two brothers once sold a fake Goya painting for €1.5 million, only to later find out that all the money was counterfeit.

جارێك دوو برا تابلۆیەکی ساختەی نیگارکێشی بەناوبانگ فرانسیسکۆ گۆیایان فرۆشت بە ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار یۆرۆ بەبێ ئەوەی ئەو تابلۆیە هیچ پەیوەندییەکی بە گۆیاوە هەبێت. بەڵام لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە دواتر دەرکەوت ئەو ملیۆن و 500 هەزار یۆرۆیەی دوو براکە لەبەرامبەر تابلۆ تەزویرەکەدا وەریانگرتبوو، عەینەن تابلۆکە تەزویر بوو!!!

2527. Arthur Boycott, a pupil at Hereford Cathedral School, checked out a school library book. His granddaughter returned it 120 years later.

جارێك خوێندکارێکی خوێندنگەی کاتیدرالی هێرفۆرد بەناوی ئارسەر بۆیکۆت کتێبێك لەکتێبخانەیەکی خوێندنگەیەك بە خواستن واتە ئیستیعارە دەباتەوە. پاش 120 ساڵ، کچەزاکەی، ئەم کتێبەی بۆ کتێبخانەکە گەڕاندەوە..

سەیری ئەو ئەمانەتپارێزییە! داخی ئەوەش کوشتومی جارجارە کە باسی ئەو برادەرانە دەکەین دەڵێین ئەو کافرە بێدینانە!!!

2528. It takes longer to say "www" than it does to say "World Wide Web" because of all the syllables.

وتنی www لەوتنی world wide web زیاتری پێدەچێت هەرچەندە یەکەمیان کورتکراوەی دووەمیانە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەی بڕگەکانی کورتکراوەکە لە ئۆریجنالەکە زیاترە!!!

2529. Thomas Fantet de Lagny was a mathematician. On his deathbed, he was asked, “What is the square of 12?” His last words: “One hundred and forty-four.”
بیرکاریزانێکی بەناوبانگ هەیە بەناوی تۆماس فانتێت دی لانگی. لەسەرەمەرگدا کاتێك لێیان پرسی دوجای 12 دەکاتە چەند؟ لەوەڵامدا وتی 144. ئەوەش ئەخیر وتەی ژیانی بوو.

2530. 37% of Americans plan to work until they get too sick or die.
لەسەدا 37ی ئەمەریکییەکان پلانی ئەوە دادەنێن کە تا ئەو کاتەی زۆر نەخۆش دەکەون یان دەمرن، ئیش بکەن.
هەزار کوڕی وام هەبێ خۆم بە وەجاخکوێر دادەنێم.. یا مەچۆرەوە دەرەوە یان ئەم ترس و لەرزو فرت و فێڵەی بۆچیە!!!

2531. An estimated %80 of available jobs in the US never posted or advertised.
بەپێی خەملاندنەکان، لەسەدا هەشتای هەموو وەزیفەکانی ئەمەریکا، نە ریکلامیان بۆ کراوە نە ئاگاداری..
پف، ئەوە ئەو خۆ من وامزانی ئەم بەزمە بەس لای خۆمان هەیە!!!

2532. More than 17000 British and American child actors audtioned for the role od Harry Potter.
بەمەبەستی هەڵبژاردنی منداڵێك کە رۆڵی هاری پۆتەر ببینێت، زیاتر لەحەڤدە هەزار ئەکتەری منداڵی بریتانی و ئەمەریکی تاقیکراونەتەوە..
ئەی چۆن، ئەکتەری ناوازە ئاوا هەڵدەبژێردرێت هەربۆیەش ئەم فیلمە یەکێکە لەپڕۆفرشترین فیلمەکانی مێژووی فیلمسازی..
وەك لای خۆمان نیە کە بۆ دیاریکردنی ئەکتەری منداڵ پستەملی منالّەکەی خۆی یان میمکزای بگرێ و بیئەکتەرێنێ!!!

2533. The Livraria Bertrand, in Lisbon, Portugal, is the oldest bookstore in the world still in operation. It opened in 1732.
دوکانی کتێبفرۆشی لیڤاریا بێرتاند کە دەکەوێتە شاری لیشبۆنەی پایتەختی پورتوگالەوە، کۆنترین کتێبفرۆشی جیهانە کە تائێستاش لەکاردایە. لەساڵی 1732 کراوەتەوە.

2534. Ketchup doesn't spoil easily and can be good for up to two years past its expiration date.
کەچەپ بە ئاسانی تێکناچێت و دەکرێ تا پاش نزیکەی دوو ساڵ لەبەرواری بەسەرچونیشی، بخورێت.

2535. خواردنی ناو فڕۆکە زۆر بەلەزەت نیە، بۆ؟ لەبەرئەوەی لەکاتی فڕیندا، هەستی بۆنکردن و چەشتنمان بەڕێژەی لەسەدا 20 بۆ 50 کەمدەکات.
بۆیە بەدوری مەزانە کە لەناو فڕۆکەدا کەباب بخۆیت تامی فەلافل بدات!!!

2536. Oklahoma declared watermelon a vegetable and made it their official state vegetable.

ویلایەتی ئۆکلاهۆما شوتی وەك سەوزە نەك میوە، راگەیاندووەو راشیگەیاندووە کە شوتی سەوزەی ڕەسمی ئەو وڵاتەیە.

2537. All new FBI agents are required to visit the Holocaust Memorial Museum.

هەموو کارمەندە نوێکانی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکی، پێویستە لەسەریان سەردانی مۆزەخانەی یادگارییەکانی هۆڵۆکۆست، بکەن.

2538. In 2016, the World Health Organization spent more on travel than to fight AIDS, tuberculosis and malaria combined.

لەساڵی 2016، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەو بڕە پارەیەی لەگەشتکردندا خەرجیکردووە، لەوە زیاتر بووە کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشییەکانی ئایدزو سیل و مەلاریا پێکەوە، خەرجیکردووە.

کەواتە ئەمانیش بەشی خۆیان ئیشقۆڕن!!!

i.

2539. سەرۆکی پێشوتری لیبیریا چارلز کینگ خاوەنی ریکۆردی کتێبی گێنسە بۆ ژمارە پێوانەییەکان لەڕوی ئەنجامدانی ساختەچیترین هەڵبژاردن لەمێژوودا.

ساڵی 1927 ئەم برادەرە هەڵبژاردنێکی لەوڵاتەکەی ئەنجامدا، تێیدا 234 هەزار دەنگی بەدەستهێنا هەرچەندە کۆی هەموو دەنگدەرانی وڵاتەکەی تەنها 15 هەزار بوو!!!

ئەم زانیارییە زۆر سەیرە بەڵام بەینی خۆمان بێ لەوە سەیرتر ئەوەیە کە دەرکەوت گێنس بەو هەموو شان و شەوکەت و ناوبانگەوە ئاگای لەمەحموی بێزەوا نیە لە ریکۆردی پەیوەست بە ساختەکردن لەهەڵبژاردن ئەگینا..... ئەوی تری کەشفە!!!!



2540. There's a Testicle Festival in Montana every summer.

ئینجاکونێ ئێوەش وەك برام وان و عەیب نەبێ و عیلم و مەعریفە شەرمی بڕیوەو حاشا حازری و پەرژینێکی قایم بێ و کۆمەڵێکی تر لەم دەستەواژانە، لەویلایەتی مۆنتانای ئەمەریکا، فێستیڤاڵێك هەیە کە هاوینی هەموو ساڵێك ئەنجامدەدرێت، بەناوی فێستیڤاڵی هێلکەگون!!!

2541. In the year 20860, the Islamic and Christian calendars will finally agree.

ئەوا من مردوو و ئێوە زیندوو، لەساڵی 20860ی زاینی واتە نزیکەی هەژدە هەزارو هەست سەدو پەنجا ساڵی تر، هەردوو تەقویمی زاینی کۆچی بە یەك دەگەن واتە ئەو ساڵە هەمان ساڵی کۆچیش دەبێت.

2542. لەئەمەریکا تەنانەت ئەگەر لەزیندانیشدا بیت، بۆت هەیە خۆت کاندید بکەیت بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار.

2543. ئێلیزابێسی دووەم، پادشای بریتانیاو فیلیپی مێردی ئامۆزان. فیلیپ لەتەمەنی 18 ساڵییەوە، لەکاتێکدا ئێلیزابێس تەمەنی تەنها 13 ساڵ بووە، دەوروخولی داوەو وازی نەهێناوە تا دواجار زەوجاندویانە. ئەی لەو بێناموصەی!!!

2544. زۆربەی ئەو ستیانانەی پێش 1920ەکان دروستکراون بەئامانجی فشار خستنە سەر مەمك بۆ ئەوەی خانمەکە لاواز دەربکەوێت و جەستەیەکی رەنگ کوڕانەی هەبێت، دروستکراون.

پێموایە لەهەڵەیەکی گەورەدا بوون چونکە هەر رەگەزە بە بیچم و بۆنیدو چڕوچاوو سەرو کەللـەی خۆیەوە جوانترە!!!

2545. لەسەدا 10ی دانیشتوانی جیهان وەك من چەپلەرن.

2546. بە عام پیاوان 10 بۆ 12 سانتیمەتر لەخانمان درێژترن.

2547. کەس نازانێ کێ ئامێری ئاگرکوژێنەوەی داهێناوە چونکێکوم بەڵگەنامەی پەیوست بە مافی داهێنانەکەی لەئاگرێکدا سوتاوە!



2548. تەنها لەساڵی 2012 بەشەری ئیشقۆڕ زیاتر لە 49 ملیۆن تۆن پاشەڕۆی ئەلیکترۆنییان دروستکردووە.

2549. ئەمەریکییەکان هەموو سەعات دوو ملیۆن و 500 هەزار بوتڵی پلاستیکی فڕێدەدەن. کارەساتەکە لەوەدایە کە هەر یەکێك لەم بوتلانە 500 ساڵیان پێویستە تا شیبنەوە.

2550. خانمان لەپیاوان گۆپکەی چەشتنیان زیاترە.

2551. تا ساڵی 2012، سعودیەی سەرکوتکەر رێی نەداوە هیچ خانمێك بەشداری لەیارییە ئۆڵۆمپییەکانیدا بکات.

2552. لێدی گاگا گۆرانییەکی هەیە بەناوی جەست دانس. ئەم گۆرانییەی تەقاندویەتی و بە شاکاری ئەو ژنە دادەنرێت.
ئەوەی جێگای سەسوڕمانە، ئەوەیە کە نوسینی تێکستی ئەم گۆرانییە کە هی خۆیەتی، تەنها 10 دەقەی پێچووە.
ئەوەیە شانس، سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە: کە خوا ناردی کەس پێت نالێ کچی کێی!

2553. بە ژنی سەرۆك دەووترێت خانمی یەکەمی وڵات بەڵام ئەگەر سەرۆك ژن بێت ئەوا بە مێردەکەی دەووترێت خانەدانی یەکەم. بۆ نمونە ئەگەر لەهەڵبژاردنەکەی 2016ی ئەمەریکادا هیلاری بیبردایەتەوە، بە بلە سوری مێردی دەووترا خانەدانی یەکەم.

2554. لەساڵی 2006 ژمارە رووەکخۆرە تونەدکان واتە ئەو کەسانەی بەهیچ شێوەیەك گۆشت و بەرهەمەکانی ناخۆن، لەو بریتانیایەی لای خۆمان 150 هەزار بووە بەڵام لە 2016 بووەتە 542 هەزار.
ئەوروپا لەبەرئەوەی عاقڵ و ژیاندۆستن رۆژ دوای رۆژ رووەکخۆرەکانیان زیاتر دەبێت و گیاندارخۆرەکانیان کەمدەکات کەچی لای ئێمە تائێستاش هەیە پۆز بەوەوە لێدەدات کە لەژەمێکدا لەکەبابخانە دوو نەفەر کەباب بخوات یان بچێت بۆ سەیران دوو بەرخ بکات بە قەناردا!!!



2555. میترۆی نیۆرك تەنها سیستمی گواستنەوەی خێرایە لەجیهاندا کە 24 سەعاتەی هەموو رۆژێك کاردەکات و لەساڵی 1904ەوە تائێستا بەدەگمەن لەکار وەستاوە.

2556. زانایەکی روسی هەوڵیدا لەڕێگەی گۆڕینی خوێنەکەیەوە بە کەسانی گەنج، قەت نەمرێت. بەڵام پاش ئەوەی بە سودفە خوێنەکەی گۆڕی بە توشبویەکی مەلاریا، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت!!!

2557. Butterflies have 4 eyes, bees have 5 eyes, most spiders have 8 eyes and Caterpillars have 12 eyes.

پەپولە چوار چاوی هەیە، هەنگ پێنجی هەیە. زۆربەی جاڵجاڵۆکەکان هەشتیان هەیە، بەڵام تەتەڵەمیران 12 چاوی هەیە.

2558. A human eye can detect a candle flame 1.7 miles (2.76 km) away.

چاوی مرۆڤ دەتوانێت گڕی مۆمێك لەدوری دوو هەزارو 760 مەترەوە ببینێت.

2559. Kim Jong-un brands dog meat as superfood, says people should beat dogs to death

خەپەگیانی سەرۆکی کۆریای باکور لەهەوڵێکدا بۆ ئەوەی خەڵکە برسییەکەی وڵاتەکەی لەبرسێتی رزگاریان بێت و گۆشتی سەگ بخۆن، فەرمویەتی: گۆشتی سەگ زۆر نایابەو پێویستە خەڵك لەسەگ بدەن تا ئەو کاتەی دەمرێت.

2560. کاتێك چین چەند ئاسمانەوانێکی ژنی هەڵبژارد بۆ ئەرکێکی ئاسمانی، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە مەرجیان دانا کە پێویستە ئەو ژنە شوی کردبێت و بە سروشتی منداڵی بوبێت و هیچ دانێکی کلۆر نەبێت و هیچ پەڵەیەکیش بەجەستەیەوە نەبێت. بۆ؟ هەر بەهەوس!!!!

2561. چەند دەیەیەك لەمەوبەر گوێی شەیتان کەڕبێ و چاویشی کوێربێ و هەر چوارپەلیشی کوێربێ ئەگەر ماڵەکەت ئاگری تێبەربوایە، نزیکەی 17 دەقەت لەبەردەمدابوو بۆ راکردن پێش ئەوەی بەتەواوەتی بقەومێ و ئاگرەکە پەنی خۆی بدات. بەڵام ئێستا لەماوەی تەنها سێ دەقەدا دەبێت فریای خۆت بکەویت ئەگینا هەموو شتێك دەسوتێت.

بۆ؟ چونکە ریشاڵە ناسروشتییەکانی ئەم سەردەمە مۆدێرنە لەو ماددە سروشتییانە خۆشترو خێراتر گڕدەگرن کە لەساڵی 70و 80کانی سەدەی رابردوودا، باوبوون.



2562. The world's quietest room is -9 decibels, quiet enough to hear your blood flowing.

هێمنترین ژور لەجیهاندا، پلەی توندی دەنگەکەی 9ی ژێر سفر دێسیبێڵە. ئەم ژورە هێندە هێمنە کە تێیدا دەنگی ڕۆشتنی خوێنی خۆت بەناو بۆرییەکانی خوێندا، دەبیستیت.

2563. ئەم ملباریکەی دەیبینن برادەرێکە بەناوی دانیێڵ تامێت. ئەمە نەخۆشی ئۆتزیمی هەیە بەڵام هاوکات لێهاتوویەکی کەموێنەیە. بە دە زمان قسەدەکات و توانایەکی دەگمەنی هەیە لەڕونکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی مێشکیداو دەشڵێت: ژمارەکان شێوەو ڕەنگ و پێکهاتەیان هەیە.

بەوتەی ئەم برادەرە، ژمارە 289 ناشرینەو 333 سەرنجڕاکێشەو پای کە شانزەهەم پیتی ئەبجەدیی زمانی یۆنانییە، جوانە.

2564. Saddam Hussein told guards he once burned hundreds of his son Uday's luxury cars as punishment for killing several people at a nightclub.

سەدام حسێن بە پاسەوانەکانی وتووە کە جارێکیان سەدان سەیارەی گرانبەهای عودەی کوڕی سوتاندووە وەك سزایەك لەبەرئەوەی ئەو هەتیوەی لەیانەیەکی شەوانەدا چەند کەسێکی کوشتووە.

2565. It's estimated that 1,000 additional deaths occurred in the months following 9/11 because Americans chose to travel by car instead of by plane.

لەچەند مانگی پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر نزیکەی هەزار حاڵەتی گیانلەدەستدان ڕویاندا چونکە خەڵك دوای هێرشەکان، لەو ماوەیەدا لەبری فڕۆکە گەشتیان بە ئۆتۆمبێل دەکرد.

2566. 94% of terrorist attacks carried out in the United States from 1980 to 2005 have been by non-Muslims, according to the FBI.

بەگوێرەی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریکا، لەسەدا 94ی ئەو هێرشە تیرۆریستییانەی لەنێوان 1980 بۆ 2005 لەو وڵاتە ڕویانداوە، ئەنجامدەرەکانیان موسڵمان نەبوون.

2567. An elephant's skin can be up to 1 inch (2.54 centimeters) thick but is so sensitive it can feel a fly landing on it.

ئەستوریی پێستی فیل دەکرێ بگاتە زیاتر لەدوو سانتیمەترو نیو بەڵام سەرباری ئەوەش هێندە هەستیارە کە دەکرێ هەست بە نیشتنەوەی مێشێك لەسەری، بکات.

2568. In 2005, a psychologist and an economist taught a group of monkeys the concept of money. Soon, the monkeys engaged in prostitution.

لەساڵی 2005 دەروناسێك و ئابوریناسێك كۆمەڵێك مەیمونیان فێری مانای پارە، كرد. پاش ماوەیەكی كەم ئەو مەیمونانە دەستیانكرد بە ئیشی رەش!!!!

2569. Rome, Italy, has 2,500 free-flowing drinking fountains.

لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، دوو هەزارو 500 كانیی بێبەرامبەر هەن كە بەردەوام ئاوهەڵدەدەن.

2570. ساڵی 2017، كەنەدا بۆ دووەمین ساڵ لەسەر یەك پلەی یەكەمی گرتووە لەڕوی خۆشگوزارەنییەوە.. عەگ بە لێوم!!!

2571. The temperatures near the site of the bomb blast during the Hiroshima explosion were estimated to be 300,000°Celsius (540,000°Fahrenheit). That's 300 times hotter than the temperature bodies are cremated at.

پلەی گەرمای نزیك تەقینەوەی بۆمبە ئەتۆمییەكەی هیرۆشیما، بە سێ سەد هەزار پلەی سەدی خەملێنراوە واتە سێ سەد ئەوەندە گەرمتر لەو پلەیەی جەستەی مرۆڤی مردووی تێدا دەسوتێت لەو وڵاتانەی مردووەكان دەسوتێنن.

2572. Temperatures in the Namib desert can reach as high as 60°C during the day and below 0°C at night.

پلەی گەرما لەبیابانی نامیب لەڕۆژدا دەكرێ بگاتە 60 پلەی سەدی و لەشەودا دەگاتە خوار سفر.

2573. There are more stars in the universe than words ever uttered by all the humans who ever lived.

ژمارەی ئەو ئەستێرانەی لەگەردوندا هەن، لەکۆی ژمارەی ئەو پیتانە زیاترە کە هەموو مرۆڤەکان بەدرێژایی مێژووی ژیان، وتویانە.

هەرچەندە مەعلوماتەکانی بەندەی موخلیست بەشەرتن و گرەنتییان لەتەکدایە، بەڵام هەر بۆ ئیحتیات دەڵێم، هەرکەسێك گومانی لەم زانیارییە هەیە دەتوانێت بیژمێرێت، ئەگەر وا نەبوو، بڵێ وانیە!!!!

2574. In Ancient Greece, the normal size of a jury was about 500 people.

لە یۆنانی دێرینداا، ژمارەی ئاسایی ئەندامانی دەستەی سوێندخۆرانی دادگا نزیکەی پێنج سەد کەس بووە.

2575. In 1956, a scientist imported African honeybees to South America. Some of them escaped and bred with European honeybees in the wild, giving rise to a hybrid species: killer bees.

لەساڵی 1956 زانایەکی ئیشقۆڕ چەند هەنگوینهەنگێکی ئەفەریقی بردە ئەمەریکای باشور. هەندێك لەم هەنگانە رایانکردو لەدەشت و دەر لەگەڵ چەند هەنگوینهەنگێکی ئەوروپی زەوجاندیان. لەئەنجامدا جۆرە هەنگێکی تێکەڵە بەرهەم هات کە ئەویش هەنگی کوشندە بوو.

هەنگی کوشندە بەپێچەوانەی جۆرەکانی ترەوەیەو وەك لەناوەکەشییەوە دیارە خوانەخواستە پێتەوە بدات تەنها بەوەوە ناوەستێت ناوچاوت یان پشتەملت بکات بە کاڵەك، بەڵکو تەنها یەکجار ئێژی ئای!!!

2576. The kiwi , a flightless nocturnal bird unique to New Zealand, is the symbol for everything from New Zealand.

کیوی کە باڵندەیەکی شەوگەڕەو ناتوانێت بفڕێت، بەنیسبەت نیوزلەندەوە شتێکی نایابە. بە سیمبولی هەموو شتێکی ئەو وڵاتە دادەنرێت.

2577. Ancient Greeks wouldn't eat beans as they thought that they contained the souls of the dead.

یۆنانییە کۆنەکان فاسۆلیایان نەدەخوارد چونکە بەفشەی خۆیان رۆحی مردووی تێدایە!!!

2578. The Burj Khalifa is so tall that residents above the 80th floor have to wait 2 to 3 minutes longer to end Ramadan.

تاوەری خەلیفە کە لەشاری دوبەی ئیماراتە، هێندە بەرزە کە دانیشتوانی سەروو نهۆمی 80هەم پێویستە دوو تا سێ خولەك لەوانی تر زیاتر چاوەڕی بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە ڕەمەزان (واتە شکاندنی ڕۆژووەکەیان).

2579. In 30 of the world's countries (15%), their heads of state are required to have a particular religious affiliation.

لە سی لەسەدی وڵاتانی جیهان کە دەکاتە لەسەدا 15ی کۆی وڵاتانی جیهان، سەرۆکی وڵات پێویستە ئینتیمای بۆ ئاینێکی دیاریکراو هەبێت.

2580. In 1900, all the world's mathematical knowledge could be written in about 80 books; today it would fill more than 100,000.

لەساڵی 1900، هەموو زانیارییە ماتماتیکییەکانی جیهان لەنزیکەی 80 کتێبدا جێگەیان دەبووەوە، بەڵام ئێستا زیاتر لەسەد هەزار کتێب پڕدەکەن.

2581. Watermelons contain an ingredient called citrulline that can trigger production of a compound that helps relax the body's blood vessels, just like Viagra.

ئێوەش وەك برام وان شوتی پێکهاتەیەکی تێدایە بەناوی سیترولین. ئەم پێکهاتەیە دەکرێ بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەك بوروژێنێت کە یارمەتی خاوکردنەوەی بۆرییەکانی خوێن دەدات، واتە هەمان کاری ڤیاگرا دەکات.

بۆیە ئەگەر ئێوارە شوتیت خواردو نیوەشەو بەشێوەیەکی نائاسایی و وەك خۆهەڵدانە ناو مەسبەح، خۆت هەڵدایە سەر هاوژینەکەت، ئەوە بزانە سەبەبەکەی ئەو شوتییەیە.

2582. لەو کەنەدایەی لای خۆمان شارۆچکەیەك هەیە بەناوی چەرچڵ. لەوێ جێهێشتنی سەیارە بەشێوەیەك کە دەرگاکەی کراوە بێت، نەك هەر نائاسایی نیەو سەیارەکە نادزرێت، بەڵکو ئەسڵەن شتێکی زۆر باوە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رەنگە لەهەر کاتێکدا خەڵك پێویستی بەوە بێت لەترسی وەرچی قوتبی، وەك پەناگایەك پەنا بۆ ئەو سەیارە کراوانە ببات.

2583. لەماوەی حوکمی هیتلەرە ئیشقۆڕ واتە لەساڵی 1933 تا 1944، زیاتر لە 25 جار هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە. پێش ساڵی 1933ش چوار هەوڵدراوە. تەنها لەساڵی 1933 بۆ 1934 دە هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە.

زۆربەی هەرەزۆری ئەم هەوڵانەش لەلایەن هاوڵاتیانی ئەڵمانییەوە دراون نەك بێگانە.



2584. لێکۆڵینەوەیەك دەفەرموێت تەممەڵی بەشێکی سروشتی هەرزەکارانەو بەڵگەی خراپیی هەڵسوکەوت نیە.



2585. لەساڵی 2004، پەیمانگایەکی ئوسترالیی تایبەت بە لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ونبونی کەوچکەچا لەشوێنی کاردا، بڵاوکردەوە.

بەینی خۆمان بێ بەتاڵی زاناکانیشی گرتووەتەوە!!!



2586. لەو فلۆریدایەی لای خۆمان جارێك پیاوێك پاش لەخەوهەستان، هەستیکرد سەری زۆر بەتوندی دێشێت. کاتێك چووە نەخۆشخانە دەرکەوت کە گوللەیەك لەمێشکیدایە.

کورە جا هێشتا چت دیوە!!!، دواتر دەرکەوت کە ژنەکەی لەشیرینەی خەودا یەك گوللەی ناوە بە تەپڵەکی سەرییەوە!!!

راستە ژنەکە بەراز بووە کە دەستی چووەتە ئەوەی لەشیرینەی خەودا گوللە بنێت بەسەری مێردەکەیەوە بەڵام بەخوا مێردەکەی بەرازتر بووە چونکە زۆر عەجیبە گوللەیەك بنرێ بەسەرتەوە تەنها توشی سەرئێشەت بکات.

ئیجاکونێ بۆیەش نوسیم تەپڵەکی سەر لەبری تەپڵی سەر، چونکە خزمێکمان هەیە هەموو جارێك لەبری "دەوەرە قوڕ مەکە بە تەپڵی سەرتا" دەڵێت: "دە وەرە قوڕ مەکە بە تەپڵەکی سەرتا". برایەکی ئەو خزمەشمان بە جادە ئەڵێ جاردە!

2587. مارك زوكەربێرگ، دامەزرێنەری فەیسبوك تەنها لەساڵی 2013دا یەك ملیار دۆلار واتە دە هەزار دەفتەری صەیی بۆ كاری خێرخوازی بەخشیوە. بەوەش بووەتە گەورەترین بەخشندە لەسەرتاسەری ئەمەریكاداو وەك بەعزەكەسێكیش پۆز لێنادا!

2588. %98 of the 7 billion billion billion atoms in the human body are replaced every year.

هەموو ساڵێك لەسەدا 98ی حەوت زەربی 10 توان 27 گەردیلەی جەستەی مرۆڤ، دەگۆڕدرێن.

2589. زۆرجار دەبینین دوو هاوژینی رەسمی یان خەتی خاریجی لە رێستۆرانتێکی راقیدان و خواردەمەنییەکی سەریعیان لەبەردەمدایەو خواردەمەنییەکەش پارچە سەهۆڵی لەسەرە. ئەم دوانە بە حسابی خۆیان لەجەوێکی زۆر رۆمانسی و تەندروستدان.

نامەوێ جەوەکەیان لێ تێك بدەم بەڵام زۆر پێویستە ئەم راستییە ناخۆشە پەیوەندیدارە بزانن. راستە جەوەکەیان رەنگە زۆر رۆمانسی بێت بەڵام نەك هەر زۆر تەندروست نیە بەڵکو زۆر وێرانە. ئەم فاکتە دەڵێت، لەسەدا حەفتای ئەو کاتانە، ئەو پارچە سەهۆڵانە نەك هەر پاك نین، بەڵکو لەئاوی توالێت پیسترن!!!

کەواتە رەنگە بتوانین بفەرموین رۆمانسی بەڵام بەتامی توالێت!!!

2590. هەرچەندە ئەمەریکای لاتین تەنها لەسەدا هەشتی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێت، بەڵام بەپێی فەرمایشتێکی وێنێن واتە یوئێن!، سێیەکی کوشتنەکانی هەموو جیهان لەم ناوچەیەدا رودەدەن.

2591. یاریزانی بەناوبانگی فوتبۆڵ ئێدسۆن ئارانتیس دۆ ناسیمێنتۆ کە بە پێلێ ناسراوە، بەناوی داهێنەری مەزن تۆماس ئەدیسۆنەوە ناونراوە.

British spies used semen as invisible ink during WWI and this method was invented by Sir Mansfield Cumming

2592. لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، سیخوڕە بریتانییەکان، تووی مرۆڤیان وەك حیبرێکی نەبینراو بەکاردەهێنا. ئەم بەزمە لەلایەن سێر مانسفیڵد کەمینگەوە داهێنراوە.
ئەی لەو بێناموصەی!!!

2593. The Persian famine of 1917 and 1918 caused deaths by starvation, and cholera, of 4 to 10 million people in Iran.
ئەو شەپۆلە قات و قڕییەی لەساڵی 1917و 1918 ئێرانی گرتەوە، بڵاوبونەوەی برسێتی و کۆلێرایەکی بەدوای خۆیدا هێنا کە گیانلەدەستدانی چوار تا 10 ملیۆن کەسی لێکەوتەوە.

2594. In 1956, the U.S. exploded atomic bombs near a few beers to see if they are safe to drink. They are indeed.
لەساڵی 1956 ئەمەریکای ئیشقۆڕ چەند بۆمبێکی ئەتۆمی لەنزیك چەند بیرەیەکەوە تەقاندەوە، تەنها بۆ ئەوەی بزانێت کە پاش ئەو تەقینەوەیە بەکەڵکی خواردنەوە دەمێنن یان نا. ئەنجامەکەش ئەوە بوو کە لەڕاستیدا دوای ئەو تەقینەوەیەش بەکەڵکی خواردنەوە دەهاتن.

2595. Stephen D Unwin, a PhD in theoretical physics, wrote a book where he calculated the probability that God exists: 67%.
ستیفن دی ئەنوین برادەرێکە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەفیزیای تیۆری، کتێبێکی نوسیوە کە تێیدا دەفەرموێت ئەگەری بونی خوا لەسەدا 67ە.

2596. Each square foot of Jackson Pollock's painting "No. 5, 1948" is worth over $4 million.

ئەگەر کەسێك کاغەزێکمان بۆ بهێنێنت و ئەو وێنەیەی لەسەر کێشا بێت، رەنگە بڵێین، ئەوە چیە ئەڵێی پاشەکەوتی موچە تۆشی تێکدا، ئەو چیە کێشاوتە!!!

ئەم وێنەیە کە رەنگە ئێمە گاڵتەمان پێی بێت، تابلۆیەکی نیگارکێشی بەناوبانگ جاکسۆن پۆلۆکە بەناوی "ژمارە 5"و هی ساڵی 1948ە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هە پێدوجایەکی ئەم تابلۆیە بەهاکەی چوار ملیۆن دۆلارە واتە چوار سەد دەفتەری صەیی!! باشە کاکە!!

2597. Some tribes in the Himalayas use the smoke from burning millipedes to treat hemorrhoids.

هەندێك لەهۆزەکانی ناوچەکانی هێمالایا، دوکەڵی هەزارپێی سوتاو بۆ چارەسەری مایەسیری بەکاردەهێنن.

2598. لەساڵی 2014 منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ، توانی لەتاقیکردنەوەیەکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دەربچێت. بەوەش بووە بچوکترین کەس لەجیهاندا کە بڕوانامەی پرۆفیشناڵی مایکرۆسۆفت بەدەست بهێنێت.

2599. The ancient Greek philosopher Heraclitus attempted to cure a serious illness by lying in the sun covered in cow dung. He died the following day.

فەیلەسوفی یۆنانی هەرقلتوس پاش ئەوەی توشی نەخۆشییەکی سەخت بوو، لەهەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی، لەبەردەم خۆردا راکشاو خۆی بە شیاکە داپۆشی. بەڵام نەك هەر چاك نەبوبەوە، بەڵکو رۆژی دواتر عومری درێژی بۆ نێوە جێهێشت.

2600. The British pound is the world's oldest currency still in use: it's 1200 years old.

پاوندی بریتانی، کۆنترین دراوە لەجیهاندا کە تائێستاش کاری پێبکرێت. تەمەنی هەزارو دوو سەد ساڵە.

2601. ئەگەر لەتەمەنی سی ساڵییەوە، رۆژانە تەنها شەش دۆلارو 35 سەنت بخەیتە حساب بانکییەکی پاشەکەوتەوە، ئەوا کاتێك تەمەنی شەریفت دەگاتە 65، دەبیتە ملیۆنەر.

2602. جۆرە نەخۆشییەکی دەرونی هەیە پێی دەووترێت فیلۆفۆبیا واتە ترس لەعاشقبون یان کەوتنەداوی خۆشەویستی کەسێکەوە.

2603. لەئێستادا تەنها 23 هەزار شێری ئەفەریقی لەژیاندا ماون. ئەمە لەکاتێکدایە کە نزیکەی 20 ساڵ لەمەوبەر واتە لەساڵی 1998 ژمارەی ئەو جۆرە شێرانە نزیکەی 300 هەزار بون.
ئەمەش فاکتێکی دیکەیە کە جەخت لەسەر درِندەیی مرۆڤی ئیشقۆر دەکاتەوە.

2604. دروستکردنی ئەو قاتەی گەردونناسەکان لەکاتی گەشتی ئاسمانیدا لەبەریدەکەن، پێنج هەزار سەعاتی پێدەچێت و نزیکەی یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری صەیی تێدەچێت.

2605. لەنزیکەی نیوەی کۆی هەموو رێکارەکانی تەڵاقدان لەئیتالیا، بەرنامەی وەتسئەپ وەك بەڵگە هێنراوەتەوە.. ئەم تەنەکەجۆلیایە چاك خوی ئەو عالەمەی شڕکردووە!!!

2606. لەئایاری 2016، فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی ئەمەریکی کە لەڕێگادا بوو لە لۆس ئەنجلوس بۆ شاری نیۆرك، ناچار بوو لەشاری کەنساس بنیشێتەوەو برادەردێك بەزۆر دابەزێنێت چونکە لەناو تەیارەکەدا بەردەوام گۆرانی "من هەمیشە تۆم خۆش ئەوێ"ی ویتنی هۆستنی دەووتەوەو بەهیچ شێوەیەك بێدەنگ نەدەبوو.
دیارە پیس عاشق بووەو دڵی هێندە گەرم بووە کە کەباب بەچاوییەوە دۆندرمە بووە!!!

2607. 75 ترلیۆن خانەی لەش خوێن لەدڵەوە وەردەگرن بەڵام کۆرنییەکانی چاو وەری ناگرن.

2608. وینستۆن چەرچڵ سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم پلانێکی هەبوو بەناوی "ئۆپەراسیۆنی بڕواپێنەکراو" . بەپێی ئەم پلانە، ئەم برادەرە بەنیاز بوو دوابەدوای جەنگەکە، کتوپڕ پەلاماری یەکێتیی سۆڤیەت بدات و داگیرییکات. بەڵام پاش ئەوەی زانرا کە پاش جەنگەکەش، هێشتا ژمارەی هێزە سەربازییەکانی سۆڤیەت سێ ئەوەندەی هێزەکانی هاوپەیمانانە، پلانەکە هەڵوەشێنرایەوە.

2609. هیتلەرە ئیشقۆڕ پلانی دانابوو کە پاش گرتنی مۆسکۆ لەجەنگی جیهانی دووەم، هەموو دانیشتوانەکەی بکوژێت پاشان شارەکە بکات بە دەریاچە. بەڵام نەیتانی!!!

2610. درەختێك هەیە بەناوی مانچینیڵ. شوێنی ئەسڵیی ویلایەتی فلۆریدایە لەئەمەریکا. ئەم درەختە بە ژەهراویترین درەخت دادەنرێت لەجیهاندا. ئەگەر لەکاتی باراندا لەژێریدا بووەستیت بڵقی ئازاربەخش لەسەر جەستەت دروستدەکات. ئەگەر دارەکەی بسوتێنیت و دوکەڵەکەی بەرچاوت بکەوێت، کوێرت دەکات.
کورە جاهێشتا چیت دیوە!، گەڵاکەی بکەوێتە ناو ئاوەوە ژەهراوی دەکات و ئەگەر میوەکەی بخۆیت، ئەوا یەکجار ئێژی ئای و دوای ئەوە عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدێڵیت!!!
لۆیە زۆر موهیمە بنیایەم ئەگەر چووە شوێنێکی نەناسراوەوە، بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ درەختەکانی شوێنەکەدا بکات.



2611. لە نیۆرك، جارێك پاش ئەوەی كوڕێك مەزرەبێكی یاری بەیسبۆڵ بەر سنگی دەكەوێت و دەكەوێتە حاڵەتێكی مەترسیدارەوە، ژنێك لەڕێگەی بوژانەوەی دڵ و سییەوە، توانی ژیانی لەمردن رزگاربكات. حەوت ساڵ دواتر، بەدیاریكراوی لەساڵی 2006، هەمان كوڕ توانی لەڕێگەی پرۆسەی فشارخستنە سەر سكەوە، لەو رێستۆرانتەی كاری تێدا دەكرد، ژیانی هەمان ژن لەخنكان رزگاربكات.

تەقریبەن تۆزێك لەفیلمی هندی دەچێت بەڵام راستە.



2612. لیۆناردۆ دی كاپریۆ واتە پاڵەوانی فیلمی تایتانیك و چەندین فیلمی ناوازەی تر، بۆیە ناونراوە لیۆناردۆ چونكە لەكاتێكدا لەسكی دایكیدا بووەو دایكی لەمۆزەخانەیەكی ئیتاڵیا سەیری تابلۆیەكی لیۆناردۆ دافینشی كردووە، بیلزەبت لەوكاتە ئەم كوڕە لەسكی دایكیدا یەكەم شەقی هاویشتووە!

2613. هەر کاندیدێکی خەڵاتی ئۆسکار ئەگەر خەڵاتەکە نەباتەوە، ئەوا جانتایەکی پڕ لەشتومەکی بەنرخی وەك دڵدانەوە پێدەدەن. هەریەکێك لەجانتا پەیوەندیدارەکانی فێستیڤاڵی ساڵی 2016 بە بەهای 45 هەزار بۆ 48 هەزار دۆلار واتە چوار دەفتەرو نیو بۆ چوار دەفتەرو هەشتا وەرەقەی ناسك، کەلوپەلی تێدا بوو، عەیب بێ و عەیب نەبێ هەر لەکۆندۆمەوە بیگرە بۆ وینديکس کە مادەیەکی پاککەرەوەیە تا دەگاتە گەشت و شروبی ئەسفەندان و بەرهەمەکانی جوانکاری.

لەمەوە دەتوانین بێژین کە خۆی لەخۆیدا کاندیدبون بۆ ئەو خەڵاتە بردنەوەیەکی راقییە، نە تەنها لەڕوی مەعنەوییەوە بەڵکو لەڕوی ماددیشەوە. کاکە چوار دەفتەرو نیو بەتایبەت لەم قەیرانەدا کەم نیە!!!

2614. جۆرێك لەبیبەر هەیە کە لەیابانە حەیاتەکە بەرهەمدێت. زۆر عەجیب و غەریب و سەیرو سەمەرەیە. لەهەموو دە دانەیەکیان تەنها یەکێکیان تونە. هیچ رێگەیەکیش نیە بۆ ئەوەی پێش ئەوەی لێوی شەریفت بەر لێوی بکەوێت، بزانرێت ئەو تونە کامیانە.

2615. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی رۆن ماکنایەرە. ئاسمانەوانێکی ئەمەریکی بەڕەگەز ئەفەریقییەو لەتەقینەوەی کەشتی ئاسمانیی چالێنجەر لەساڵی 1986، گیانی لەدەستداوە. جێهێشتووە.

ئەم برادەرە کە وەك دەیبینن رەشپێستە، لەتەمەنی نۆ ساڵیدا دەچێتە کتێبخانەیەکی گشتی کە تێیدا جیاوازیی ڕەگەزی پەیڕەودەکرێت. خاوەن کتێبخانەکە نایەڵێت سەیری کتێبەکان بکات چونکە ڕەشپێستە بەڵام ئەم بەهیچ شێوەیەك کتێبخانەکە چۆڵناکات. لەئەنجامدا دایکی و پۆلیس بانگ دەکرێن و قەزیەکەش لەبەرژەوەندی ئەم کۆتایی دێت و چەند ساڵێك لەوەدواش، کتێبخانەکە ناوەکەی دەگۆڕێت و دەکرێت بەناوی ئەمەوە.



2616. More than twice as many people were guillotined by the Nazis as during the French Revolution.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەلایەن نازییەکانەوە بە گیۆتین لەناوبران، لەدوو ئەوەندەی ئەوانە زیاتر بوون کە لەکاتی شۆڕشی فەرەنسادا، بەو ئامێرە لەناوبران.

2617. Anyone can become a legal citizen of Dominica, in the Caribbean, for US$100,000.

هەموو کەسێك دەتوانێت تەنها بە دە دەفتەر دۆلاری ناسك، ببێتە هاوڵاتییەکی فول یاسایی وڵاتی دۆمینیکا لەهەرێمی کاریبی. جا ئەوەندە سروشتێکی خۆشی هەیە بچیتە ناوی هەر فریای وتنی عەگ بەلێوم و ئاخخخخخخخخخخخخ و ئۆفففففففففففففف دەکەویت!

بەلاشە، پارەی خانویەکی هۆمەرەکوێرە!!!

2618. Breatharianism is the belief that food, and even water, are not necessary for survival, and that humans can be sustained solely by prana, the vital life force in Hinduism.

جۆرە بیروباوەڕێك هەیە بەناوی هەناسەچێتی، ئەمە بیروباوەڕە پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت بەبێ خواردن، کورە تەنانەت بەبێ ئاوو خواردنەوەش بژی و خواردن و خواردنەوە پێویست نین لۆ ژیان.

بەفشەی هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە، مرۆڤ دەتوانێت تەنها لەڕێگەی پراناوە بژی کە هێزێکی کاریگەری ژیانە لە ئایینی هندۆسیداو تەنها پێویستی بە هەناسەیە.

ئەگەر ئەم فشەیە راست بێ زۆر موهیمە بەتایبەت لەم قەیران و رەمەزانەدا!!!

2619. 56% of Americans believed that Adam and Eve were real people, according to a 2014 poll.

بەگوێرەی راپرسییەك کە لەساڵی 2014 ئەنجامدراوە، تەنها لەسەدا 56ی ئەمەریکییەکان لەو بڕوایەدا کە ئادەم و حەوا مرۆڤی راستەقینە بوون.

2620. مێرولە دەتوانێت چەندین کۆمەڵگەی نیشتەجێبون پێکەوە گرێبدەن و شارەمێرولەی زەبەلاح دروستبکەن کە ژمارەیەکی زۆر شاژن لەخۆبگرێت. یەکێك لەگەورەترین ریکۆردی پەیوەندیدار لەنزیکەی 306 ملیۆن مێرولەی کرێکارو یەك ملیۆن شاژنەمێرولە پێکهاتووە کە لە 45 هەزار هێلانەی پێکەوەبەستراودا دەژین.

2621. ئەگەر قسە بۆ فەخامەتێك بکەیت و ئەو لەوکاتەدا چاوی زۆر بتروکێنێت، ئەوە رەنگە چیتر خەیاڵی لای تۆ نەمابێت. چاوتروکاندن زۆر لەچاوداخستن دەچێت و بەربەستێك بەڕوی جیهانی دەرەوەدا دروستدەکات و رێگەت پێدەدات کە فۆکەس بخەیتە سەر شتێکی تر.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە کاتێك کەسێك بەخێراتر چاو دەتروکێنێت، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەیاڵی پەرتەوازەیەو فۆکەسی نەماوە.
بەنیسبەت کوردەوە بەندەی موخڵیستان شتێکی تریشی بۆ سەربار دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بەرامبەرەکەت زوو زوو وتی "راستە" یان "راست ئەفەرموی" ئەوە بەڵگەی ئەوەیە زۆر تەرکیزی لەلای قسەکانت نیە.

2622. If you're talking to someone and they start blinking a lot, they may have stopped paying attention to you. Blinking, much like closing your eyes, puts up a barrier against the outside world and allows your brain to focus on something else. Studies show that when a person starts to blink more rapidly, it suggests their mind is wandering.



2623. هەر هاوڵاتییەکی ئەمەریکی ئاسایی، زیاتر لەپێنج مانگی کۆی ژیانی بە تەلەفۆنکردن بەسەردەبات.
راستە پێنج مانگ زۆرە بەڵام بەخوا بەبەراورد بە فەخامەتە عەشقچییەکانی لای ئێمە هەر هیچ نیە!

2624. A Pakistan court banned Valentine's Day celebrations across the country in 2017, since the holiday is not a part of Muslim tradition.

لەساڵی 2017 دادگایەکی پاکستان ئاهەنگگێڕانی بەبۆنەی جەژنی ڤالانتاینی لەسەرتاسەری وڵاتدا قەدەغەکرد چونکە ئەو جەژنە بەشێك نیە لەداب و نەریتی موسڵمانان.

2625. سی ئای ئەی واتە نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریکا، هەموو رۆژێك نزیکەی پێنج ملیۆن توێت دەخوێنێتەوە.

2626. چیتا ناتوانێت وەك شێر بنەڕێنێت بەڵام وەك پشیلەی ناوماڵ دەمیاوێنێت.

تەسەورکە لەتاریکییەکدا گوێت لەمیاو میاو بێت و تۆش وابزانیت پشیلەیەو بەدەم وتنی "پشەگیان"ەوە لێی نزیك بیتەوەو دواتر چیتا بێت!!!!!

2627. Kite flying is a professional sport in Thailand.

لەتایلاند کە وڵاتێکە لەکیشوەری ئاسیا، کۆلارە هەڵدان وەرزشێکی پیشەگەرە.

2628. Nomophobia is the fear of being without your mobile phone or losing your signal.

جۆرێك فۆبیا هەیە بەناوی نۆمۆفۆبیا. لەم حاڵەتەدا کەسی توشبوو ترسی لەوە هەیە کە مۆبایلەکەی پێ نەبێت یان شەبەکەی نەبێت.

2629. The average U.S. household has 300,000 objects, from paper clips to ironing boards.

تێکڕا هەر ماڵێکی ئەمەریکا سێ سەد هەزار شتی هەیە، هەر لە دەرزی وەرەقە پێکەوە بەستنەوە بگیرە تا تەختەی بۆردی ئوتو لەسەرکردن.

2630. The longest baseball game in history lasted for two days.

درێژترین یاری بەیسبۆڵ لەمێژوودا، دوو رۆژی خایاندووە.

2631. To increase sales, some clothing stores use mirrors with curved glass that make people look about 10 pounds thinner.

بۆ ئەوەی بازاڕیان گەرمتر بکەن، هەندێك لەدوکانەکانی جلوبەرگ ئاوێنەی شوشەچەماوە بەکاردەهێنن کە مرۆڤ نزیکەی پێنج کیلۆ زەعیفترلەڕاستی، پیشاندەدات.

بۆ ئەگەر ئیشت کەوتە دوکانی جلوبەرگەوە سەرەتا سەیرێکی نیگائاسا لەئاوێنەکە بکە!!!

2632. Herbert Hoover, former U.S. President, wrote a book entitled "Fishing for Fun and to Wash your Soul."

هێربەرت هوڤەر، سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکا کتێبێکی نوسیوە بەناوی "راوەماسیکردن بۆ خۆشی و پاککردنەوەی ڕۆح"

2633. لەجەنگی جیهانی دووەمدا، بزنێك كە پێیان دەووت رەقیب بیل، بووە پاڵەوانێكی جەنگی كەنەدا چونكە جارێك بەمەبەستی پاراستنیان لەپارچەی تەقینەوە، شۆقێكی دا لە سێ سەربازی ئەو وڵاتەو خستنییە ناو خەندەقێكەوە.

2634. ئەم برادەرەی دەیبینن، ناوی جۆن هاریسنە. ئیشی ئەوەیە كە ئایسكرێم و دۆندرمەو ئەو شتانە تامدەكات وەك تاقیكردنەوە. زیاتر لە دوو سەد ملیۆن گاڵۆنی تامكردووە. بەهۆی ئەم كارەوە گۆپكەی چەشتنەكانی بەبەهای یەك ملیۆن دۆلار، گرەنتی كراوە. واتە ئەگەر توشی هەر كێشەیەك بێت بەهۆی ئەو كارەوە، ئەوا تا یەك ملیۆنی تیا خەرجدەكەن.

2635. ئەم برادەرەی دەیبینن، سەربازێکی ئەمەریکییە. لەهەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا جەنگاوە. دەموچاو، سەر، قولەپێ، لاق، سمت و گوێی بریندار بووە. لەتەقینەوەی تەیارەیەکدا رزگاری بووە. لەکامپێکی دیلی جەنگدا توانیویەتی ژێر ئەرز هەڵکەنێت و بۆی دەرچێت. کاتێکیش پزیشکان ئامادەنەبون چەند پەنجەیەکی ببڕنەوە، خودی خۆی قرتاندونی.

لەهەموو ئەوانە سەیرتر ئەوەیە دوای ئەم هەموو بەزمە، فەرمویەتی: بەڕاشکاوی دەڵێم کە من چێژم لەجەنگ بینیوە!!!

2636. دەوڵەمەندترین پیاو لەهندستان باڵەخانەیەکی یەك ملیار دۆلاری دروستکردووە کە لە 27 نهۆم پێکدێت و هۆڵێك بۆ وەرزشکردن و ستۆدیۆیەکی سەماکردن و چەندین حەوزی مەلەکردن و هۆڵێکی 50 کورسی سینەماو نۆ ئاسانسوارو گۆڕەپانێك کە جێگەی 160 ئۆتۆمبێلی تێدا دەبێتەوەو سێ نشینگەی فڕۆکەی تێدایە.
هەموو کارمەندەکانی کە 600 کارمەندن، لەو باڵەخانەیەدا دەژین.
ئەمە لەکوێ؟ لەو هندستانەی کە زۆرجار گاڵتەیان پێدەکەین و دەڵێین بۆ فیلمی هندییە؟!!
بەڵام لێرە ئەگەر کارمەندی کۆمپانیایەك بیت، لەکاتی وەرگرتنی موچەدا کاتێکت زانی وەك سوپرایز لابەلایەکی معاشەکەت بڕاوەو کاتێکیش دەپرسیت بۆ، لەوەڵامدا دەفەرمون: توشی قەیران بوین و ئەگەر رازیش نیت، دەرگای سەرەکی لەسەر پشتە!!! ئاخر ئەی تووووت کوڕی تووووت ئەی بۆ لەکاتێکدا کۆمپانیاکەت قازانجی دە ئەوەندە زیاددەکات، ناچیت بچیت دە هەزار دینار زیاد بکەیت بۆ موچەکەو بڵێی ئەوە لەبەرئەوەی قازانجێکی زۆرمان کردووە، ئەو دە هەزارە دیاری بێت بۆ جەنابت.

2637. پزیشکانی زانکۆی کالیفۆرنیا لەشاری لۆس ئەنجلوس لە ئەمەریکا، چەند خانەیەکی خوێنی سەیریان لەسپڵی پیاوێکی شاری سیاتڵدا دۆزییەوە کە یارمەتی بەرەنگاربونەوەی نەخۆشییە پەتاییەکان دەدات. پزیشکەکان ئەم خانانەیان لەجسمی ئەم پیاوە دزی و کردیان بە دەرمان بەبێ ئەوەی یەك سەنتیشی پێبدەن یان رەزامەندی وەربگرن، کورە تەنانەت هەر نەشیان هێشت کابرا بەو کارە بزانێت.



2638. لەساڵی 1846 واتە نزیکەی سەدەیەك و سێ چارەك لەمەوبەر، برادەرێك بەناوی جۆن تۆرینگتۆن لەکاتی هەڵمەتێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێڕەوی باکوری خۆرئاوا کە ڕێڕەوێکی دەریاییەو زەریای ئەتڵەسی بە زەریای ئارامەوە دەبەستێت، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت و پاش 138 ساڵ تەرمەکەی دەرهێنرایەوە.
لەوە سەیرتر ئەوەیە کە کاتێك تەرمەکەی دۆزرایەوە زۆربەباشی مابوویەوە. چاوەکانی تەواو کراوە بوون، جلوبەرگەکەی تێك نەچوو بوو، پەلەکانی بەشێوەیەك جێڕییان تێدا مابوو کە جوڵاندیان وەك جوڵەی پەلی کەسێکی بێهۆش وابوو نەك مردوو.

2639. چاوی سەوز دەگمەنترین چاوە لەسەرتاسەری جیهانداو ڕێژەی چاوسەوزەکان لەسەرتاسەری جیهاندا بە تەنها لەسەدا دوو خەمڵێنراوە.

2640. زۆرترین بڕەخەڵات کە بەدرێژایی مێژوو تائێستا، وەرزشەوانێك بردبێتییەوە، سایەق ئەسپ و عەرەبانەیەکی رۆمانەکانە بەناوی گاوس ئەپولیوس دیۆکلیس. ئەو خەڵاتەی ئەم برادەرە بردویەتییەوە، ئەگەر بەپێودانگی ئەمڕۆ دیاری بکەین، دەگاتە نزیکەی 15 ملیار دۆلار واتە ملیۆنێك و 500 هەزار دەفتەری صەیی!!!

The highest earning athlete of all time was a Roman charioteer named Gaius Appuleius Diocles. Adjusted to today's money, he earned approximately $15 billion in prize money alone.

2641. کیشوەری جەمسەریی باشور، تەنها کیشوەرە کە جاڵجاڵۆکەی تێدا نیە.

2642. تا سەرەتاکانی 1900ەکان، لەکیشوەری ئەمەریکا، شتێکی تەواو ئاسایی بوو کە منداڵی کوڕو کچی تەمەن خوار حەوت ساڵ، هەمان جۆر جلوبەرگیان لەبەربکرێت. جیاکردنەوەی جلوبەرگی منداڵ بەپێی رەگەز تا ماوەیەکی کەم پێش جەنگی یەکەمی جیهان نەگەیشتبووە ئەو کیشوەرە. بەڵام لەوکاتەوە داوادەکرا کوڕانی ئەو تەمەنانە جلوبەرگی پەمەیی و کچان شینی کاڵ و جوانتریان لەبەربکرێت.

2643. لەسەدەی 13هەمی زاینیدا جەنگیزخان پێشنیازی هاوڕێیەتی و ئاشتی خستە بەردەم ئیمپراتۆریەتی دەشتەکیی خوارزمی لەوڵاتی فارس. بەڵام شا خوارزمیا قبوڵی نەکردو فەرمانیدا کە وەفدە بازرگانییەکەی مەغۆل بکوژرێت. لەبەرامبەر جەنگیزخان وتی ئەو چوار پەلتە بەگۆڕی باوکم (تەبعەن بە مەغۆلی!)، وەفدی من ئەکوژن؟. وەڵا جەنگێکی بەرپاکرد کە تێیدا ملیۆنێك و 250 هەزار کەسی کوشت و ئیمپراتوریەتی خوارزمی، لەناوبرد.

2644. هەرچەندە چەندین ساڵە ماکیڵ جاکسۆن عومری درێژی بۆ ئێوە جێهشتووە بەڵام تائێستاش داهاتی موڵك و ماڵەکەی بەردەوامەو ساڵە دەگاتە سەد ملیۆن دۆلارو لەساڵی 2016 گەیشتووەتە 825 ملیۆن.
بەڵام ئاخخخخخ، سودی چیە!!

2645. ئەم روداوە راستەقینە پشتی فیلمی هندی شکاندووەو کونەلوتیشی سوتاندووە:
پیاوێك پاش 33 رۆژ لەونبون لەناو دەریا، نەمردو دواجار شەپۆلەکانی دەریا بە قەدەری خوای گەورە گەیاندیانە کەنارەکانی دورگەکانی مارشاڵ.
کورە جاهێشتا چیت دیوە؟ کە گەیشتە ئەوێ بۆی دەرکەوت مامی کە پەنجا ساڵە کەسوکاری پێیان وایە لەناو دەریادا ونبووەو بێسەروشوێنە، شەپۆلەکان گەیاندویانەتە هەمان دورگەو لەوێ خێزانی دروستکردووە.

2646. ئـــائێستا لەم عان و سات و لەحزەیەدا لەسەدا هەشت و نیوی گەورەساڵان لەسەرتاسەری جیهاندا، دووربێ لەگیانتان نەخۆشی شەکرەیان هەیە. ئەم ژمارەیەش بە بەراورد بە 36 ساڵ لەمەوبەر، نزیکەی دوو ئەوەندە زیاترە.
جا لۆیە پێویستە ساڵانە فەخامەتی جەنابت لانیکەم یەك جار فەحسێکی شەکرە بکەیت.



2647. لیۆناردۆ داڤینشی زانیارییەکی بەرفراوانی لە وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، ئەندازیاریی بیناسازی، زانیاری گشتی، موزیك، بیرکاری، ئەندازیاری بەگشتی، ئەدەب، تۆپکاری، جیۆلۆجی، گەردوونناسی، رووەکناسی، نوسین، مێژوو و نەخشەسازی هەبووە. ئەم برادەرە بە یەکێك لەفرەترین بەهرەمەندەکان لەمێژوودا دادەنرێت و بەدوری مەزانن پشتەمل و قەنافسیشی چاك نەکردبێت!!!

2648. جۆرە دەروننەخۆشانێك هەن كە رقیان لەهەموو كەسێك و هەموو شتێكە. ئەم جۆرەكەسانە لەئینگلیزییەكەی خۆماندا، پێی دەووترێت: misomaniac

تەسەورکە ئەم کەسە کارمەندێکی نەخۆشخانە یان هەر فەرمانگەیەکی تر بێت و ئیشت تێی بکەوێت! هەرچیەك بڵێی ئەڵێ ناکرێ!

2649. In 1724 Margaret Dickson was hanged for killing a baby, she somehow survived. She was then set free as her punishment had been carried out, she could not be executed for a second time for the same crime under Scots laws(only later were the words "until dead" added to the sentence of "hanging" .

لەساڵی 1724 واتە نزیکەی سێ سەد ساڵ لەمەوبەر، لەو سکۆتلەندایەی لای خۆمان، ژنێك بەناوی مارگرێت دیکسۆن بەتاوانی کوشتنی منداڵێك لەسێدارە درا بەڵام بەشێوەیەك لەشێوەیەك نەخنکاو رزگاری بوو. بۆیە ئازادکراو بەپێی یاسای ئەو وڵاتە جارێکی تر بەهۆی هەمان تاوانەوە لەسێدارە نەدرایەوە چونکە سزاکەی خۆی وەرگرتووە. بەڵام دوای ئەو روداوە دەستەواژەی "تا مردن" بۆ وشەی "لەسێدارەدان" زیادکراو کرا بە "لەسێدارەدان تامردن".



2650. تا ساڵی 2000یش، لەویلایەتی ئەلاباما، هاوسەرگیری نێوان رەگەزە جیاوازەکان واتە بۆ نمونە لەنێوان سپیپێستێك و رەشپێستێکدا قەدەغە بووە.

کەچی دەمی ئەمەریکییەکان بکەیتەوە دەڵێن ئێمە باوکی دیموکراسی و ئازادین لەجیهاندا

ئەها، ئێستا بیرم کەوتەوە کە مەخسەویان لەو قسەیە چیە، فعلەن راست ئەکەن باوکی دیموکراسی و ئازادین چونکە دایکی دیموکراسی و ئازادییان لەجیهاندا مارەکردووە!!!!!!

2651. لیام نیسۆن پاڵەوانی زنجیرەفیلمی taken "رفێنراو" بەو مەرجە لەسەر بەشداریکردن لەبەشی سێیەمی فیلمەکەدا بەشداریکرد کە کەسی تێدا نەڕفێنرێت!!!

2652. لەو هندستانەی لای خۆمان، ژنێك پاش ئەوەی گومانی ئەوەی کرد کە هاوکارەکەی هەڵیدەداتە ناو بوتڵی ئاوخواردنەوەکەی ئەمەوە، بۆ دڵنیابون داوای لەهاوژینەکەی کرد ئەمیش بیکاتە ناوییەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت!!! واتە بۆ نمونە بۆ ئەوەی بزانێت کە یەك تام دەدات. سەرەنجام هاوکارەکە خرایە زیندانەوە واتە گومانەکەی راست بوو.
وەڵاهی ئەم بێدینانە شتی وا ئەکەن کە پیاو هەروەها ژنیش روی نایە بە رونی بینوسێت!!!!

2653. کاتێك بریتانیا پاکەتی تایلینۆڵ کە دەرمانێکە بۆ هێورکردنەوەی ئازارو تا بەکاردەهێنرێت، لەشێوەی پاکەتی قوتویی بۆ ئەو شێوەیەی کە لەوێنەکەدا دەیبینن گۆڕی، خۆکوشتن بەهۆی زۆرخواردنی ئەو حەبەوە بەڕێژەی لەسەدا 43 دابەزی. بۆ؟ چونکێکوم هەر کەسێك بیویستایە پەنجا دەنك بخوات، دەبوو دانە دانە خاڵ دانە دانە حەبەکان دەربهێنێت و بەڵام لەقوتووەکەدا دەرهێنانی پەنجا دەنك و قوتدانی زۆر ئاسانەو کاری چەند چرکەیەکە.

2654. ئاغزەجگەرە زۆرترین پاشماوەیە لەجیهاندا بە بەراورد بە هەر پاشماوەیەکی تر. ژمارەی ئەو ئاغزەجگەرانەی لەجیهاندا فڕێ دەدرێن بە چوار ترلیۆن و 500 ملیار دەخەملێنرێن بۆ هەر ساڵێك. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە هەر یەکێك لەم ئاغزەجگەرانە پێنج بۆ 400 ساڵی پێویستە تا بەتەواوەتی شی دەبێتەوە.

2655. لەساڵی 1980 ئاڵودەبوویەکی قومار کە 750 هەزار دۆلار واتە 75 دەفتەری صەیی دۆڕاندبوو، بۆمبێکی گەورەی لەگازینۆیەکی ویلایەتی نیڤادای ئەمەریکا دانا بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە پارە دەستبخات. هێزەکانی ئێف بی ئای هەوڵیاندا بۆمبەکە پوچەڵبکەنەوە بەڵام هەوڵەکەیان شکستی هێناو بۆمبەکە تەقییەوە، لەئەنجامدا تەواوی گازینۆکە وێران بوو.



2656. An elderly man “128 years old” from Salta in Argentina claims that he’s the infamous German dictator Adolf Hitler and that he spent the last 70 years in hiding.

ئەم برادەرەی لای چەپی وێنەکە، تەمەنی 128 ساڵەو لەشاری ساڵتا لە ئەرجەنتین دەژی. دەڵێت من ئەدۆلف هیتلەرم و حەفتا ساڵە خۆم شاردووەتەوە.

2657. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی بۆبی لیچە (1858-1926). ئەمە یەکەم کەسە لەجیهاندا کە لەناو بەرمیلەوە لەتاقگەی نیاگارا خۆی هەڵداوەتە خوارەوەو نەمردووە. بەڵام دواتر بەهۆی هەڵخزان لەسەر تۆپکڵی پرتەقاڵ، عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە.

2658. جارێك كارتەر، سەرۆكی پێشوتری ئەمەریكا لەمیانەی وتارێكدا بۆ جەماعەتێك یابانی، نوكتەیەك دەگێڕێتەوە. لەئەنجامدا یابانییەكە دەپچڕێن لەپێكەنیندا. سەرۆك زۆر بەمە سەرسام دەبێت كە چۆن موتەرجیمەكە توانی هێندە جوان نوكتەكە بتەرجەمێنێت بۆ یابانی كە بەو شێوەیە بیانهێنێتە پێكەنین. بەڵام موتەرجیمەكە دانی بەوەدا نا كە نوكتەكەی نەتەرجەماندووە بەڵكو بە یابانی وتویەتی: "سەرۆك كارتەر چیرۆكێكی هەزەلی گێڕایەوە، پێویستە هەموتان پێبكەنن" .



2659. جارێك كوڕێكی تەمەن چوار ساڵ بەناوی بۆبی دەنبەر لەمیانەی گەشتێكی خێزانیدا ونبوو. هەشت مانگ دواتر "دۆزرایەوە" و لەگەڵ "خێزانەكەیدا" یەكیگرتەوە. نزیكەی سەد ساڵ دواتر، پشكنینی دی ئێن ئەی دەریخست كە ئەم كوڕە كە بەحساب بۆبییەو دوای ونبونەكە دۆزراوەتەوەو بەخێزانەكەی خۆی شادبووتەوە، ئەو نەبووەو كوڕێكی تری بەناوی چارلز ئاندەرسۆن.



2660. Six-year-old quadruplets have had numbers shaved into their hair before they start school for their first time. Their parents decided to mark them with 1, 2, 3, 4 on their heads to make it easier for teachers and classmates to tell them apart in Shenzhen, south China's Guangdong Province.

ئەم وێنەیەی دەیبینن، چوارەیەکی تەمەن چوار ساڵن لەشاری شێنژینی هەرێمی گواندۆنگ لەباشوری چین. پێش ئەوەی بۆ یەکەمین جار بچنە قوتابخانە ستایڵی قژیان بەشێوەیەك چاككراوە كە ژمارە یەك تا چواریان لێدراوە. دایك و باوكیان بۆیە وایان

لێکردون تا مامۆستاکانیان و هەروەها هاوڕێ قوتابییەکانیان بە چوارلا مەست و حەیران نەبن و نەزانن کامیان کامیانە و بەڵکو بەئاسانی لێکیان جیابکەنەوەو

خۆی چینییەکان گەورەکانیشیان لەیەك دەچن ئینجا وەرە بچوك بن و چوارەش بن!!

ماوەتەوە بێژم ئایا دەزانیت کە ناوی شوێنەکەت وەك خۆی نەخوێندەوەو پەڕاندت!!!!

2661. There are five debt-free countries in the world: Macau, the British Virgin Islands, Brunei, Liechtenstein and Palau.

لەسەرتاسەری جیهاندا تەنها پێنج وڵات هەن کە قەرزار نین. ئەوانیش ماکاو، دورگەکانی عەزرای بریتانیا، برونەی، لیخنشتاین و پاڵاون.



2662. کۆتا قسەی ژیانی کۆمیدیاکاری بەناوبانگ بۆب هۆپ کە سەد ساڵ ژیا، ئەوە بوو کە کاتێك ژنەکەی لێی پرسی کە کوێی پێخۆشە کە تێیدا بەخاك بسپێردرێت، لەوەڵامدا وتی: "سوپرایزم بۆ بکە".



2663. لەسەدا سیی ئەمەریکییەکان بەهیچ شێوەیەك خواردنەوە کهولییەکان ناخۆنەوە. لەسەدا 60یان هەفتانە کەمتر لەیەك قوم دەخۆنەوە. لەسەدا 10کەی تریان هەفتانە نزیکەی 74 قوم دەخۆنەوە.

2664. لەساڵی 2016، لەو فلۆریدایەی لای خۆمان، ژنێك بەئۆتۆمبێلەکەیەوە خۆی کرد بەناو خانوبەرەدا، بۆ؟ چونکە لەکاتی لێخوڕیندا چاوی داخستبوو و لەخوا دەپارایەوە.

مەعقولە ئیشقۆڕی بگاتە ئەو ئاستە؟!!!

2665. One-third of the population of China can't speak Mandarin, the country's official language.

لەهەموو سێ کەسێك لەدانیشتوانی چین، یەکێکیان ناتوانێت بە زمانی مەندارین قسەبکات هەرچەندە زمانی ڕەسمی ئەو وڵاتەیە.

2666. In 1860 there were 4 million slaves in the U.S.

لەساڵی 1860 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چوار ملیۆن کۆیلەی تێدا بووە.



2667. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی ئەندرێیە، زۆرانبازێکی فەرەنسی بووە. لە 1946 لەدایکبووەو لە 1993 عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە. ئەمە بە ئەندرێی فیلەتەن ناسراوە. ئەم برادەرە هەر جارێك لە مانهاتن کە بەناوبانگترین ناوچەی شاری نیۆرکە، بە سەرخۆشی دەڕۆشت، پۆلیسی ئەوێ کارمەندێکی تایبەتی بۆ دادەنا کە هەمیشە بەشوێنییەوە بوو بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی نەکەوێت بەسەر خەڵکدا. چونکە خوا بەو ڕۆژی نەکا بەهۆی گەورەییەکەیەوە بکەوتایە بەسەر هەر کەسێکدا، دەیکرد بە تەماتەی تەپیو بەڵام نوسخەی ئەمەریکی!!!

2668. زەوقت چونە سەر خواردنێکی دیاریکراو، لەسەر ئەساسی بونی پەیوەندییەکی باشی تۆیە لەگەڵ ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمین جار ئەو خواردنەت بۆ ئامادەدەکات.

ئەم فاکتە بەتایبەت لەم قەیرانە هەر زۆر بەسودەو دەتوانرێت کەڵکێکی باشی لێوەربگیرێت بۆ نمونە کەپڵەکان دەتوانن دەعوەتێکی تاکەکانیان بکەن و خواردنێکی کەممەسرفیان بۆ ئامادە بکەن و تازە بەنیسبەت تاکەکەوە بۆ ئامادە بکەن، دواتر کە بە ڕەسمی زەوجاندیان دەعوەتکراوەکە ئەو خواردنە ناگۆڕێتەوە بە بۆفییەکی کراوەو ئەو دوو هاوژینە بەدوولا مەست و حەیران دەبن، لایەکی ئابووری، لایەکی چێژەوانی!!!

2669. ئەم دوو برادەرەی دەیبینن، دوو خاوەنپێداویستی تایبەتن لەچین واتە کەمئەندامن. یەکێکیان دەستی نیەو ئەوی تریان نابینایە. ماوەی زیاتر لە دە ساڵە، ئەم دوانە پێکەوە درەخت دەڕوێنن و تائێستا زیاتر لە دە هەزار درەختیان رواندووە.

ئەمە لە چین، بەڵام لێرە تائێستاش چەندین کەس هەن فولئەندامیشن کەچی نەك هەر درەخت ناڕوێنن، بەڵکو پێشتر رواوەکانیش ئازاردەدەن و لقیان لێدەکەنەوە یان دەیشکێنن و کە دەشچن بۆ دوکان بۆ شتکڕین دەڵێن توخوا سینییەکەمان مەدەرێ، بەکەڵك نایەت!!!

2670. ئەم برادەرەی دەیبینن، یەکێك بوو لەداواکراوترین تاوانبارانی بواری ئینتەرنێت لە ئەمەریکا واتە بواری هاك و ماك و ئەو چتانە. کەچی خۆی ئەوەندە بێعەقڵ بوو پاسۆردەکەی ناوی پشیلەکەی+123 دانابوو، بۆیە ئێف بی ئای سوك و باریك هاکی کردو دواتر دەستگیرکرا.



قسەکردن بۆ دایکت هەمان کاریگەری لەئامێزگرتنی هەیەو دەکرێ ئاستی فشاری دەرونی کەمبکاتەوە. بیستنی دەنگی دایك دەبێتەهۆی دەردانی هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین و هێورکەرەوەیەکی گەورەی فشاری دەرونییە.

2671. ئەمە جارێکی تر جەختدەکاتەوە کە دایك نەك هەر یەکەمی بێرکەبەر بەڵکو دووەم و سێیەمیش هەر خۆیەتی. یا رەبی خوایە بە مەرگی دایك تاقیمان نەکەیتەوە.

2672. لەساڵی 2013، پۆلیس سایەقێکی خەڵکی شیکاگۆی لادایە سەر جادەی لاوەکی و رایگرت. کابرا بەپۆلیسی وت: من دەمەوێت راست بم لەگەڵتان، دەمانچەیەکم لەهینما شاردۆتەوە. پاش گەڕان، پۆلیسەکان بۆیان دەرکەوت کە قسەی راستە!!!



2673. مێشکی شەریفت هێندە کارەبا بەرهەمدەهێنێت کە بەشی کارپێکردنی گڵۆپێك دەکات.

2674. لەیابانە حەیاتەکە زیاتر لە 65 هەزار کەس هەن کە تەمەنیان 100 ساڵ و سەروو سەد ساڵە. وێنەکەش هەندێك لەو برادەرو خوشکەدرانەن.

سەرنج بدەن کە سەرباری ئەو تەمەنەش چەندە سوکەڵەن!

پێموایە لای خۆمان ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان دەگاتە سەد، لەسەد کەس تێناپەڕێت. بۆ؟ چونکە لای خۆمان پیاو هەروەها ژنیش کە تەمەنی گەیشتە 80 دەبێتە مەسخەرەی بوك و زاواو خۆی ببڕێ و خۆی بکوژێ لە نەوەد ساڵیدا عومری درێژیان بۆ جێدەهێڵێت!!!

2675. کۆمیسیۆنی فیدراڵیی بازرگانی کە ئاژانسێکی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانەن دەفەرموێ چوار دەزگای خێرخوازیی تایبە بە شێرپەنجە کە لەلایەن چەند ئەندامێکی یەك خێزانەوە بەڕێوەدەبرێن، فێڵیان لە بەخشەران کردووەو بەو هۆیەوە لەماوەی نێوان 2008 بۆ 2012 سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دۆلار واتە هەژدە هەزارو حەوت سەد دەفتەریان لەخەڵکی بەخشندەوە بۆ هاتووە بەڵام ئەمان تەقریبەن هیچ شتێکیان لەو پارەیە بۆ یارمەتیدانی توشبوانی راستەقینەی شێرپەنجە خەرجنەکردووە.

باشە کاکە. وەرە بێژویژدانی بگاتە ئەو کافرسانییە!!!

2676. پاش روداوێکی تێکشکانی فڕۆکە لەساڵی 1946و کەوتنی لەنەخۆشخانە، هوارد هوگز خۆی یەکلایی کردەوە کە حەزی لەدیزانی ئەو بێدە نیە کە لەنەخۆشخانەکە لەسەری کەوتبوو. بۆیە ئەندازیارەکانی خۆی بانگکردو دیزاینێکی نوێی پێڕاگەیاندن کە رێگەدەدات نەخۆشی سوتاو بەئازادی لەسەری بجوڵێت. ئەم دیزاینەی بووە نمونەیەکی سەرەتایی بۆ بێدی مۆدێرنی نەخۆشخانە.



2677. کاتێك نازییەکان داوایان لەقەشەو سەرۆکی شارەوانی زانکینسۆس کرد کە دورگەیەکی یۆنانییە، لیستی ناوی جولەکەکانیان بۆ بنێرن، ئەم دوانە تەنها ناوی خودی خۆیان واتە ناوی ئەم دوانەیان بۆ ناردن.
بەڕاستی قوربانیدانێکی کەموێنەیە. ئەوەیە نمونەی بەرپرسی راستەقینە.



2678. كوڕێك كه نەخۆشی تووندی وەسوەسەی ناچاری و ترس لەمیكرۆبی هەبوو، لەتەمەنی 19 ساڵیدا هەوڵیدا لەڕێگەی گوللەنان بەسەری خۆیەوەن خۆی بكوژێت. بەڵام سەیرەكە لەوەدا بوو كه نەك هەر نەیكوشت، بەڵكو گوللەكه نەخۆشییه دەروونییەكەی بەتەواوەتی لەناوبردو هیچ زیانێكیشی به مێشكی نەگەیاند.

2679. لەسەدەی هەژدەهەمدا لەپاریس، لەسەركردنی شەبقه و هەڵكردنی چەترێكی بەستراو به چەند تواڵێكی دژەهەورەبروسكەوه، بەڵگەی شیكپۆشی ئەو كەسه بووه.
ئەمه لەوێ، بەڵام لێره لەو سەردەمەدا رەنگه نیشانەی شیكپۆشی جامانەیەكی پێنج مەتری و پشتێنێكی ده مەتری و سمێڵێكی كەوەری بوو بێت لەگەڵ شمشێرێك وه لاقەوتا!!!



2680. Since 1998, the Middle East is experiencing its worst drought in 900 years.
ئەو وشكەساڵییەی لەساڵی 1998ەوه یەخەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووه، لەماوەی 900 ساڵی رابردوودا خراپترینه.



2681. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە كە بێبەشبون لەخەوتنی پێویست بەشێوەیەكی بەردەوام، مرۆڤ گێل دەكات و وای لێدەكات زوو هەڵچێت و مێشكی پەرتەوازە دەكات و نابەختەوەری دەكات و قەڵەویشی دەكات.



2682. رۆداوی نقومبونی كەشتی تایتانیك كارەساتێكە هەرگیز بیرناچێتەوە، بەدەر لەخودی كارەساتەكەش چەندین وانەی تێدایە بۆ نەوەكانی دواتر، رەنگە دیارترینیان وەفاداری بێت.

ئەم دوانەی دەیبینن ژن و مێردێكی سەر كەشتییەكە بون و خاوەنی زنجیرەبازارگەی مایسیز بون. ئەم پیاوە بەهیچ شێوەیەك رازی نەبوو پێش ژن و منالەكان بچێتە ناو كەشتی رزگارییەوە. هاوسەرەكەشی ئامادەنەبوو بەبێ ئەو بچێتە ناوبیەوەو وتی: "من

لەمێردەکەم جیانابمەوە، مادام پێکەوە ژیاوین، پێکەوەش دەمرین". ئەم دوانە ئەخیر کەسی بینراوی سەر پشتی کەشتییەکە بون و تا دواساتیش دەستیان لەناو دەستی یەکدا بوو و هەردوکیان نقومبوون.

سڵاو لەو وەفادارییە کەموێنەیەی کە بەتایبەتی لەم رۆژەدا زۆر کەمبووەتەوە!!!



2683. زانایان بەگشتی کەسانی چەپلەر لەتاقیکردنەوەکان بەکارناهێنن چونکە مێشکی شەریفیان بەپێچەوانەی هی ئوممەتی محەمەد کاردەکەن.

2684. پۆرتلاند کە گەورەترین شاری ویلایەتی ئۆریگنی ئەمەریکایە، 38 ملیۆن گاڵۆن ئاوی شیاوکراو بۆ خواردنەوەی فڕێدا تەنها لەبەرئەوەی هەرزەکارێکی سەرخۆش، میزی تێکردبوو.

بەڕاستی ئەوەیە بەپرسی بەرپرس و خەمخۆری راستەقینە بەمانای کەلیمە.



2685. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لە نیوزلەندا ئەنجامدراوە، تەنها لەسەدا 17ی تەمەن 11 بۆ 38 ساڵەکان، توشی تێکچونی دەرونی، نابن.

2686. دیمەنی مرۆڤخواردنەکانی فیلمی ترسناکی "هۆلۆکۆستی مرۆڤخۆر" کە بەرهەمی ساڵی 1980ەو لەدەرهێنانی روگێرۆ دیۆداتۆیە، هێندە لەڕاستی دەچێت، کە دەرهێنەرەکە بانگێهشتی دادگا کرا تا بیسەلمێنێت کە بەڕاستی ئەکتەرەکانی نەکوشتووە.

ئەی عافەرین بلیمەت... ئەوەیە دەرهێنەری راستەقینە. کەچی لای خۆمان لەفیلمەکاندا تەلەفۆن بۆ دایکێك دەکرێت دەڵێن: منااڵەکەتمان رفاندووەو پارەمان نەدەنێ بەیانی دەیکوژین. دایکەکە لەو دیمەنە جەرگبڕەدا هیچ ئیحساێکی ئەوتۆی نیەو بە ناسکییەوە دەڵێ: چۆن؟ چی؟!!! عەگ خوا بمان بڕێ، باشە!!!

2687. هیچ کارێکی خوای گەورە بێحیکمەت نیە. ئەو پەتای تاعونە رەشەی لەسەدەی 14هەمدا بڵاوبویەوە. هەڵاوسانی دانیشتوانی ئەوروپای لەو سەدەیەدا چارەسەرکرد. دواتریش کرێی کرێکارو کارمەند زیادیکرد. کرێی خانوو و ئەو چتانە دابەزی. سامان زیاتر بەر خەڵك کەوت. ئاستی خواردن باشتر بوو و سوڕی ژیانی خەڵك درێژتربوو.

دەشتوانین بڵێین تۆ کە لەخوا بەزیادبێت بە سیناریۆی بەرازیلییە سورەکە لجوئێکی ناسکت لەو ئەروپایە وەرگرتووەو ژیانت های لایفە، یەکێکیت لەلێکەوتەکانی ئەو تاعونە!

2688. هندستانی بریتانیا کە ئەو نیمچەقارە هندییەیە کە لەڕابرودا پێش سەربەخۆبونی هندستان لەلایەن بریتانیاوە حوکمراوە، بەمەبەستی رزگاربون لەماری کۆبرا کە ماریکی کوشندەیەو خوا نەخواستە پێتەوە بدا یەکجار ئێژی ئای، لەچوارچێوەی بەرنامەیەکدا خەڵاتی دانا بۆ هەر کەسێك کە ئەو مارانە بگرێت و رادەستی دەسەڵاتدارانی بکات. لەبەرامبەردا خەڵکەکەی کە لەزۆر شتی قۆڕا لەکورد دەچن، کورئاسا لەپێناو خەڵاتەکەدا چون بێچووە کۆبرایان دەهێناو بەخێودەکردو دواتر دەیاندا بە دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی خەڵاتەکە وەربگرن. کە حکومەتی بریتانیا بەم بەزمەی زانی، بەرنامەکەی راگرت، لەبەرامبەردا خەڵکەکەش مارەکانیان بەرەڵاکردو دیسانەوە مار لەناوچەکەدا زیادبووەوە.

جا تەبعەن هندییەکان تەنها ئیشی قۆڕدا لەکورد ناچن، لەچرۆچاویشدا لەکورد دەچن، زەحمەتە سەیری فیلمێکی هندی بکەیت و یەکێکی تیا نەبێت لەکۆڕی پورت یان هاوڕێیەکت یان کچی پورت نەچێت!!!

2689. بۆچی ویکیپیدیا کە حەوتەم سایتە لەجیهاندا دەڵێت رۆبەرت دێنیرۆ بە یەکێك لەباشترین ئەکتەرەکان دادەنرێت لەمێژووی سینەمادا؟ لەبەر چەند هۆیەك یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم کەڵەهونەرمەندە خۆی بەتەواوەتی تەرخاندەکات بۆ ئەو

ڕۆڵانەی دەیبینێت، هەر بۆ نمونە، ئەم پیاوە لەپێناو فیلمی raging bull، زیاتر لە 27 کیلۆگرام کێشی خۆی زیادکرووە، لەپێناو بەشی دووەمی فیلمی The Godfather ماوەیەك لەدورگەی سیسیلی ئیتاڵیا ژیاوە. لەپێناو فیلمی Cape Fear چەند ددانێکی شکاندووە، لەپێناو فیلمی Taxi Driver بووەتە سایەق تەکسی، لەپێناو فیلمی New York New York، خۆی فێری ژەنینی ئامێری ساکسۆفۆن کردووە.

بەڵام لای خۆمان، کورە قسەم پێمەکەن با قسە نەکەم!



2690. تائێستا چەندین فیلم لەسەر تراژیدیای تایتانیك دروستكراوە، یەكەمیان تەنها 29 رۆژ پاش رووداوەكە نمایشكراوەو كچەئەكتەری سەرەكی فیلمەكە یەكێك بووە لە رزگاربووە راستەقینەكانی رووداوەكە. دوای وێنەگرتنی فیلمەكەش، ئەو كچە توشی داڕمانی دەرونی بووە.
ئەمەش پەنی حوبحوبێنە! چونكە دەووترێت هۆكاری سەرەكی ئەو رووداكە حوبحوبێنەكەی نێوان جاك و رۆز بووە هەرچەندە هەندێك سەرچاوە دەڵێن وانیە.

2691. فیلمێكی بیانی هەیە بەناوی "تایە". ئەم فیلمە باس لەوە دەكات كە تایەی سەیارەیەك مرۆف دەكوژێت.

2692. ئەو پیاوانەی پێش چونەدەر لەماڵ، هاوسەرەكانیان ماچدەكەن، كەمتر توشی رووداوی هاتوچۆ دەبن و ئەگەری هەیە تەمەنیان درێژتر بێت.
ئینجاكونێ بۆیە ئەگەر بەیانییەك بە شڵپەی ماچ و موچی دەرودراوسێ خەبەرت بۆوە، نەچی بچی بڵێی سوبحانەڵڵا كە رۆمانسین چونكە ئاستی دیققەتی تێگەیشتنەكەت سەد لەسەد نیەو ئەگەری هەیە پاڵنەری ئەو كارە خۆلادان لەڕووداوی هاتوچۆو خواستی تەمەندرێژی بێت نەك رۆمانسییەت بەتایبەت لەناو كورددا!!!



2693. جەیمس کامیرۆن واتە دەرهێنەری فیلمە شاکارەکانی تایتانیك و ئەڤاتارو چەندینی تر، کاتێك سیناریۆی فیلمی زە تێرمینتەری نوسی، کەسێکی بێماڵ و حاڵ بوو، بەکوردییەکی خۆمان لەسەگ سواڵی دەکردو ئەسێ لەباخەڵییا سەرچۆپی

گرتبوو "بەڵام بە ئینگلیزی تەبعەن!!!". لەوکاتەدا مافی ئەم فیلمەی بە تەنها یەك دۆلار فرۆشت بەڵام بەو مەرجەی خۆی دەرهێنەری بێت.

ئێستا ئەم پیاوە هێندە دەوڵەمەندو ناوبارە بەملیۆن دەڵێت سفرو هیچ بەدەستەوە. بەخوا حەقیەتی، عادەتەن کەسانی لێهاتوو حەقی خۆیەتی بگەن بە لوتکەو داهاتەکانیان وەك شیری دایك پێ حەڵاڵە.

2694. In more than half of U.S. cities, it is illegal for homeless people to sit or lay on the sidewalk.

لەزیاتر لەنیوەی شارەکانی ئەمەریکا، دانیشتن یان پاڵکەوتنی کەسانی بێماڵ و حاڵ لەسەر شۆستە، کارێکی نایاساییە.

2695. حەتمەن من وەك خۆمسێلف یەکێکم لەنەیارەکانی سزای ئیعدام بەگشتی و بەتایبەتیش لەدەرەوەی دادگا بەڵام با قسەیەکیش لۆ دز بکەین. زۆرجار ئەوانەی ئەو سزایەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت تاوانگەلێکیان کردووە کە بێوێنە یان کەموێنەیەو دەیسەلمێنێت کە درندەن نەك مرۆڤ.

ئەم برادەرەی لەم وێنەدا بە گوللـە دەکوژرێت نەك هەر بێتاوان یان کەمتاوان نەبوو بەڵکو درندەیەکی عەیارە 24 بوو. ئەمە لەگەرمەی قەتڵ و عامێکی شەڕی ڤێتنامدا دەستگیرکراو کاتێك دەستگیرکرا، سەقاڵی بەکۆمەڵکوشتنی کارمەندانی پۆلیس و تەواوی ئەندامانی خێزانەکانی لایەنی شەڕکەری بەرامبەر بوو بە ژن و منداڵی بچوکیشەوە.



2696. نوسەری رۆمانی فرانکشتاین، ماری شێڵی پاش مردنی مێردەکەی، دڵی بۆ ماوەی نزیکەی 30 ساڵ واتە تا مردنی لەساڵی 1851، هەڵگرت. ساڵێك دواتر ئەم دڵە لەچەکمەجەی مێزێکدا دۆزرایەوە کە خرابووە ناو نوسخەیەکی یەکێك لەشیعرەکانی کۆتایی ژیانی مێردەکەی.

2697. ئاڵای چادو رۆمانیا عەینەن یەکن و مەگەر درۆزن لەیەکیان جیاکاتەوە!

2698. پیشەیەك هەیە پێی دەووترێت جیاکەرەوەی رەگەزی جوجکە. ئەمانە کەسانێکی راهێنراوو پرۆفیشناڵن و کاریان جیاکردنەوەی رەگەزی جوجکەی تازە لەدایکبووە. ئینجاکونێ نەچی بچی لەدڵی خۆتا بەم کارە پێبکەنیت و بکەویت بەپشتا چونکە کە بەگشتی موچەی ساڵانەی هەر یەکێك لەم کەسانە شەش دەفتەری سەییە واتە بە یەکساڵ تەقرییەن پارەی خانویەکی موتەوازیعی هۆمەرەکوێر پەیدادەکات لەم قەیرانەدا!!!

2699. لێکۆڵەران دەڵێن تا پزیشك بەتەمەنتر بێت، رێژەی مردنی نەخۆشەکانی زیاترە.

2700. زانست سەلماندویەتی کە سڵاوکردن بەشێوازی ناسکەمستەکۆڵەی روبەڕوو بەو شێوەیەی لەوێنەکەدا هاتووە، سەلامەتترو تەندروستترە لە سڵاوکردن بە شێوازی پێنج پەنجەی روبەڕوو واتە ئەو شێوازەی کە لای خۆمان زۆرجار لەگەڵیدا دەڵێین: دەلێییەرەوە!!!

تێگەیشتی یان حاڵی نەبوی؟!!!



2701. كاتێك پیاوان بۆ ماوەی حەوت رۆژ هین ناكەن، ئاستی هۆرمۆنی تێستۆسترۆن لەلەشیاندا بەرێژەی نزیكەی لەسەدا پەنجا بەرزدەبێتەوە.

هیوادارم زانایان لێكۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەم فاكتە بكەن و وەك هینەكانی داروین پوچەڵی بكەنەوە، چونكە ئەگەر ئەم فشەیە راست بێت زۆر خەتەرە خەتەر!!!

2702. گەورەبازرگانێكی نەوت هەیە بەناوی جەی پاوڵ گێتی. ئەم برادەرە هێندە رەزیلە كە تەلەفۆنێكی پرپەیدی گشتی، لەوەی لەوێنەكەدا دیارە ، لەقەڵاكەیدا داناوە بۆ ئەوەی میوانەكانی لەوێوە بە پارەی خۆیان تێلبكەن و پارەكەیان لەسەر ئەم نەكەوێت.

ئەم برادەرە هەرچەندە كورد نیە بەڵام بەدوری مەزانن شتێكی لەكوردەوە وەرگرتبێت یان لانیكەم قاوەیەكی لەگەڵ كوردێكی ئیشقوڕدا خواردبێتەوە.

2703. The world's first weather map, published in The Times on 1st April 1875, gave the weather for the previous day.

یەکەم نەخشەی تایبەت بە کەشوهەوا، لە 1-4-1875 لەڕۆژنامەی زە تایمز بڵاوکراوەتەوەو تێیدا کەش و هەوای رۆژی پێشتری تێدا بووە.

2704. لەساڵی 2004 چەندین جوتیار لەهندستان پیپسی و کۆکاکۆلایان لەبری دەرمانی قڕکەری مێرووەکان بەکارهێناوە. بۆ؟ چونکێکوم ئەم دوو خواردنەوەیە لەدەرمانەکە هەرزانتر بوون و هەمان کاری مێروقڕکەرەکەشیان بە باشی کردووە.

2705. پاش نمایشکردنی فیلمی scream "قیژە 1996" کە باس لەوە دەکات بکوژێکی نەناسراو تەلەفۆن دەکات بۆ خەڵك و دواتر ئەو کەسانە دەیانکوژێت، بەکارهێنانی ریگاکانی ناسینەوەی ناسنامەی تەلەفۆنکەر لە ئەمەریکا، بەڕێژەی سێ ئەوەندە زیادیکرد.

2706. لەمیانەی یارییە ئۆلۆمپییەکانی 1936، یاریزانانی لیخنشتاین توشی شۆك بوون کاتێك بینییان ئاڵای وڵاتەکەیان عەینەن هی هایتییە. بۆیە ساڵی دواتر دەسەڵاتدارانی لیخنشتاین تاجێکیان بۆ سەر ئاڵاکەیان زیادکرد.

2707. ناوەمی مرۆڤ پێش رشانەوە بڕێکی زۆر لیك دەردەدات بۆ ئەوەی لەکاتی رشانەوەدا بەهۆی ترشەڵۆکی رشانەوەکە، ددان لەداخوران پارێزراو بێت.

2708. بەپێی خەملاندەکان نیوەی کۆی هەموو ئالتونەکانی ناو کانەکان لەسەرتاسەری جیهاندا دەکەوێتە تەنها یەك بانەوە لەئەفەریقای باشور. ئەو بانەش ناوی ویتوتەرسرانده.

جا بیلموناسه مەخسەوی شەریفم لە بان ئەوەیە کە لەدەشت بەرزترەو لەگرد نزمترەو بە عەرەبییەکەی خۆشمان پێی دەووترێت "هضبة".



2709. لەویلایەتی کارۆلاینا تووندترین سزای یاسایی بۆ کەسێك کە لەسەگەکەی بدات، لەتووندترین سزا بۆ کەسێك کە لەژنەکەی بدات، زیاترە.

بەڕێزان لەکاتی تەرجەماندنی ئەم فاکتەدا شتێك هات بەخەیاڵماو وتی ئەم یاسایە سوکایەتییە بە ژنان هەربۆیە کۆبونەوەیەکی عاجلم و نائاساییم بە پەرلەمانەکەم بەست بۆ تاووتوێکردنی و تێیدا سەرجەمدا ئەندامانی لیژنەکانی تایبەت بە مافی ژنان و پیاوان و حەیوان و یاساو داروبەرد ئامادەی بون. دواجار پاش سێ دانیشتنی سەریع، بەزۆرینەی دەنگ و نەیاری چەند دەنگێکی کەم، پەرلەمان بڕیاریدا کە ئەم یاسایە نەك هەر دژی ژنان نیە بەڵکو زۆر مرۆڤانەیە چونکە لەو حاڵەتانەدا ژنی لێدراو زمانی هەیەو دەتوانێت سکاڵا بکات بەڵام سەگ نیەتی و بێزمانە بۆیە تاوانەکە گەورەترەو پێویستە سزاکەش گەورەتر بێت.



2710. وشەی companion کە لەئینگلیزییەکەی خۆماندا بەمانای هاوڕێ دێت، لەوشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بەمانای "کەسێك لەنانەکەی خۆت بەشی دەدەیت".

ئەسڵێکی جوانی هەیە بەڕاستی و بەتایبەت بۆ ئەم قەیرانە دەتوانرێت سودێکی باشی لێببینرێت. چونکە بەڕاستی هاوڕێی راستەقینە تەنها بۆ نوکتەگێڕانەوە هاوڕێ نیە.

2711. ئەڤۆکادۆ بۆ باڵندە، پشیلە، سەگ، کەرۆشك و بەشێوەیەکی بنچینییەیش بۆ هەموو زیندەوەرە ماڵییەکان، خواردنێکی ژەهراوییە.

2712. ئەسڵی درەختی سێو بۆ کازاخستان دەگەڕێتەوە. لەسەدا 90ی درەختەکانی ئەم سەردەمەی سێو ئەسڵەکەیان تەنها دوو درختە.

2713. بەگوێرەی نەریت لە هاوای کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، ئەگەر خانمێك گوڵێکی کردبێت بەپشتی گوێی چەپییەوە، ئەوە ئاماژەی ئەوەیە کە هاوسەرگیری کردووە یان گیراوەو کەڵ و مەڵی هەیەو شەبەکەی بەردەست نیە بۆ کەڵاندن

بەڵام ئەگەر گوڵەکەی لەپشتی گوێی راستییەوە لەخۆی دابوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە بەردەستەو سینگڵە یان دەکرێیت لێی نزیك بیتەوە.



2714. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە مرۆڤ بەهۆی بەکتریاوە توشی قورحەی مەعیدە دەبێت، زانایەك بەناوی باری مارشاڵ بڕێك شلەی پڕ لە بەکتریای پەیوەندیدار خواردەوە. لەئەنجامدا فعلەن توشی قورحە بوو و دواتر خۆی بە دەرمانی ئەنتیبایۆتیك چارەسەرکرد. بەهۆی ئەم کارەشەوە خەڵاتی نۆبڵی بردەوە.

ئیتر ئاوایە، گەیشتن بە لوتکە یان نزیکبونەوە لێی، بوێری و قوربانیدانی دەوێ!

2715. بەهاتنی ساڵی 2020، هەر پاکەتێك جگەرە لە ئوسترالیا، 40 دۆلاری تێدەچێت.



2716. لەساڵی 1973 دوو پیاو پاش ئەوەی بەڕێکەوت ژێردەریاییەکەیان ئاوی تێچوو، لەقوڵایی 1575 پێ واتە زیاتر لە 480 مەتر لەژێر زەریادا گیریان خوارد. بەڵام پاش 76 سەعات کە ئەو کاتە بەشی تەنها 12 خولەك هەوایان پێمابوو، رزگارکران. ئەمەش گەورەترین رزگارکردنی ژێرئاوە لەمێژوودا لەڕوی قوڵی شوێنی روداوەکەوە.

2717. ئەگەر بەبێ جلوبەرگی تایبەت بە بۆشایی ئاسمان، لەسەر رووی مەریخ بووەستیت، ئەوا لەماوەی 30 چرکەدا دەبورێیتەوەو لەماوەی تەنها یەك خولەکدا عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەهێڵیت!!!

2718. وۆڵت دیزنی پێش ئەوەی ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو، هێندە فەقیر بووە کە ناچار بووە، خواردەمەنی سەگ بخوات بۆ ئەوەی نەمرێت لەبرسا.

2719. The word "Afghanistanism", which means focusing on problems in distant parts of the world while ignoring local issues, was first used in 1948.

وشەی ئەفغانستانیزم کە بەمانای "تەرکیزخستنەسەر کێشەکانی ناوچە دورەکانی جیهان هاوکات لەگەڵ پێشتگوێخستنی پرسە ناوخۆییەکان" دێت، بۆ یەکەمین جار لەساڵی 1948 بەکارهێنراوە.

2720. هەرکاتێك هەستت کرد کە وەزعت خراپە، تەنها ئەوە بیرخۆت بهێنەرەوە کە کۆمپانیای کۆکاکۆلا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، لەیەکەم ساڵیدا، تەنها 25 بوتڵی فرۆشتووە، کەچی ئێستا بە ملیۆن دۆلار دەڵێت سفرو هیچ بەدەستەوە!!!. بۆیە هەرگیز کۆڵ مەدە.

2721. لەناو منداڵانی یاباندا یاریيەکی باو هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خەڵك لەکاتێکدا ئاگایان لەخۆیان نەبێ، منداڵ دەچێت دەستدەکات بە هینیانا. ئەم یاریيە پێی دەووترێت کانچۆ. جابۆیە بۆیە رەنگە لەجێی خۆیدا بێت گەر بڵێین ئەگەر چون بۆ ئەبو توێتا، ئەوا ئاگاتان لەهینتان بێ!!!

2722. لەو روسیایەی لای خۆمان ژنێك لەگەرمەی بەکارهێنانی بەرنامەی ستریت ڤیوی گوگڵ بۆ دۆزینەوەی ناونیشانێك، بە سودفە خیانەتی کەپڵەکەی بۆ دەرکەوت و بینی بۆیفرێندەکەی لەتەك ژنێکی دیکەدا خیانەتی لێدەکات.

2723. جارێك نیكۆلاس كەیج كتوپڕ لەسەر جێگای نوستنەكەی لەماڵەكەی خۆی لەهەرێمی ئۆرەینج لەویلایەتی كالیفۆرنیا خەبەری دەبێتەوە، دەبینێت پیاوێكی روت و قوت كە تەنها چاكەتێكی چەرمی لەبەردایە، لەبەردەم جێگەی نوستنەكەیدا مەصاصە ئەخوات. دوای ئەو روداوە كەیجی داماو زەندەقی چوو و ئەو ماڵەی لەبەرچاو كەوت و نەیتوانی چیتر تێیدا بژی. بۆیە تەنانەت ویلایەتەكەشی چۆڵكردو باریكرد بۆ بەهاماس.

2724. Afghanistan has been invaded by Greek, Arab, Mongol, Mughal, Persian, British, Sikh and Soviet forces. No invader has been able to control all of its regions at the same time.

ئەفغانستان لەلایەن یۆنانییەكان، عەرەب، مەغۆلەكان، فارسەكان، بریتانییەكان، سیخەكان و سۆڤیەتییەكانەوە هێرشی كراوەتە سەر بەڵام هیچ یەكێك لەپەلامارەرانە نەیانتوانیوە لەهەمان كاتدا كۆنترۆڵی تەواوی ناوچەكانی ئەم وڵاتە بكەن.



2725. ژن لەکاتی دوگیانیدا نەك هەر دەکرێ دوگیان بێت، بەڵکو دەکرێ لەیەك کاتدا دوو منداڵی دوو پیاوی جیای لەسکدا بێت.



2726. نیگارکێشی بەناوبانگ پاپلۆ پاپلۆ بیکاسۆ دەمانچەیەکی هەڵدەگرت کە پڕبوو لەفیشەکی موختارکوژ، ئەگەر کەسێك پرسیاری سەبارەت بە مانای تابلۆکانی لێبکردایە، گوللـەیەکی پێوە دەنا!!!

2727. تیمێك لەلێکۆڵەرانی ئیسرائیل ئامێرێکی شیکەرەوەی هەناسەیان داهێناوە کە دەکرێت لەڕێگەیەوە 17 نەخۆشی جیاواز کەشفبکات لەوانە: دوو جۆری پارکینسۆن، کرۆن و رەقبونی فرەیی و نەخۆش گورچیلەو چەند شێرپەنجەیەك وەك شێرپەنجەی سی و کۆڵۆن و پرۆستات و هێلکەدان.

2728. پاش دوو کەرتکردنی شارۆچکەکەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆنترۆڵکردنی سنورەوە، هەموو ساڵێك دانیشتوانی شارۆچکەی ناکۆی سەربە ویلایەتی ئەریزۆنای ئەمەریکاو ناکۆی سەربە مەکسیك، یارییەکی بالە لەو دیوارەدا ئەنجامدەدەن کە لەیەکی جیاکردونەتەوە. جیاکردونەتەوە.



2729. یەکێك لەکۆنترین کانەکانی زیو لە بۆلیڤیا، لەماوەی 500 ساڵی رابردودا کوژرانی 8 ملیۆن کەسی لێکەوتووەتەوە. ئەو کانە بە "شاخی پیاوخۆر" ناسراوە. سەرباری ئەو هەموو قوربانییە، تائێستاش خەڵکەکەی بە پاچ و خاکەناز هەر خەریکن و هەڵیدەدەنەوە.



2730. لەساڵی 1986 پیاوێك لە هندستان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە مارو سەلماندنی ئەوەی کە ئەو زیندەوەرە گازناگرێت تا نەوروژێنرێت، توانی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆماربکات. ئەم برادەرە 72 سەعاتی لەقەفەزێکی پر لە 72 مار لەژەهراویترین جۆرەکانی مار لە هندستان بەسەربرد بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێبگات یان هیچ یەکێك لەو مارانە پێوەی بدات.

2731. نێرەبەرازێکی غینیایی بەناوی راندی هەڵیکوتایە سەر گەورێکی بەرازی مێ و زیاتر لە سەد بەرازی غینی دوگیانکرد.
بەخوا بەرازیش بەشی خۆی سەگە!!!

2732. قرشی گرینلاند لەناو زیندەوەرە بڕبڕەدارەکاندا، درێژترین سوڕی ژیانی هەیەو تەمەنی دەگاتە پێنج سەد ساڵ. سەرباری ئەوەش تا تەمەنی 150 ساڵی باڵق نابێت.

2733. جەی کەی رۆڵینگ واتە نوسەری زنجیرەکتێبی هاری پۆتەر، یەکەم کە بەدرێژایی مێژوو کە بە کتێب نوسین بوبێتە ملیاردێر. بێگومان ژنیشە.

2734. جۆرێك ماسی هەیە پێیدەووترێت ماسی هێڵی ئاڵتونی یان خەونەماسی، ئەگەر کەسێك ئەم جۆرە ماسییە بخوات دەکرێ توشی وڕێنەیەکی بکات کە 36 سەعات دەخایەنێت. لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکاندا بۆ خۆشی و ڕابواردن بەکاردەهێنراوە.





2735. لەساڵی 1984، لەخواردنگەیەکی پیتزا، پاش ئەوەی کچەگارسۆنێك یارمەتی مشتەرییەکی دا لەهەڵبژاردنی ژمارەگەلێکی لۆتەری کە بەهۆیەوە شەش ملیۆن دۆلاری بۆ دەرچوو، ئەم برادەرە ئەوەندە بەوەفا بوو بڕی سێ ملیۆن دۆلاری وەك بەخشیش دا بەو کچە واتە بیلزەبت نیوەی خەڵاتەکەی پێدا.

2736. تا ساڵی 1986، لەویلایەتی ئەلاسکا، پێویستی نەدەکرد ئەرزە بکڕی، دەتتوانی خانوبەك لەهەر شوێنێکی بەتاڵی ئەو ویلایەتەدا دروستبکەیت و ئیتر ئەوە دەبوو بە هی خۆت و هەڵدەسایتە سەر پێ!!!



2737. مردن دووەم باوترین ترسە لەناو خەڵکدا. یەکەمیش شکستە.

2738. لەئینگلیزییەکەی خۆماندا وتەیەك هەیە دەڵێ "هەپی وایف، هەپی لایف" واتە ژنێکی بەختەوەر ژیانێکی بەختەوەرت پێدەدات. ئەم فەرمایشتە لەڕوی عیلمییەوە سەلمێنراوە. زانست سەلماندویەتی کە ئەو پیاوانەی ژنی بەختەوەریان هەیە لەوانی تر زیاتر لەژیانی خۆیان رازین.

لەئینگلیزیدا وایف لەلایفەوە نزیکترینە کە بەمانای ژیان دێت بەڵام لەکوردییەکەدا زۆر سەیرە، ژن لەژانەوە نزیکترە وەك لەژیان، ئیتر نازانم ئەمە خەڵەلی زمانەوانەکانە یان واقیعەن وایە!!!



2739. نیڵسۆن رۆکفێلّە کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بوو لەتەمەنی 70 ساڵیدا بە جەڵتەی دڵ عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە. دەووترێت هۆکاری ئەم جەڵتەیە سێکسکردن بووە لەگەڵ یاریدەدەرە تەمەن 25 ساڵەکەی. بۆیە گۆڤاری زە نیۆرك پاش مردنی بەگاڵتەوە نوسیبوی: "نیڵسۆن پێیوابوو دێت بەس رۆشت"
جا مەگەر خوا بزانێ ئەو کافرانە مەبەستیان لەو جوملەیە چی بووە!!!!

2740. An unborn baby can taste what its mother is eating and develop a preference for the foods that she eats.

کۆرپە پێش لەدایکبونی دەتوانێت تامی ئەو شتە بکات کە دایکی دەیخوات و حەزی بۆ ئەو خواردنانە پەیدادەبێت کە دایکی دەیانخوات.

2741. Drinking wine before a meal makes you eat 25% more.

خواردنەوەی شەراب پێش ژەمەخواردن وات لێدەکات کە بەڕێژەی لەسەدا 25 لەژەمەکەدا زیاتر بخۆیت.

2742. ئەم سەرسافەی دەیبینن لای ئێمە بوایە رەنگە ئێستا خەڵەفاو بوایە یان ببوایە بە مەسخەرەی بوك و ئەو شتانە بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ئوستراليايە، نەك هەر وا نیە بەڵکو بەکارێکی مرۆیی کەموێنەیەو زیاتر لە 150 کەسی لەمەرگ رزگارکردووە. ئەمە پیاوێکی ئوستراليیە بەناوی دۆن ریچیێ و ماوەی 45 ساڵ لەسەر شەقامی بەناوبانگترین شوێنی خۆکوشتن لەو وڵاتە، ژیاوە کە بە "بۆشایی" ناسراوە. ئەم پیاوە لەو ماوەیەدا لانیکەم 160 کەسی لەخۆکوشتن رزگارکردووە.
ئەم پیاوە ئەگەر کوردبوایە ئەوا نەك هەر ئەو خەڵکەی رزگار نەدەکرد بەڵکو لەماوەی ئەو 45 ساڵەدا ئەگەر وێنەی خۆکوشتنەکانیشی نەگرتایە، ئەوا لانیکەم دەیوت: ئەوە کێشەی من نیە. خۆی دەکوژێ یان نا قیر بەقەرەج.
"ئەوە کێشەی من نیە" یەکێکە لەناشرینترین دەستەواژەکانی ناو فەرهەنگی کورد. چەند خۆشە مرۆڤ هەوڵبدات لەهەموو شتێکدا دەستوەردەرێکی پۆزەتیڤ بێت.



2743. گەورەترین ژمارەی پێوانەیی بۆ منداڵی یەك ژن، 69یە. ئەویش ئەم ژنەیە کە ناوی ڤاسیلیڤایەو خەڵکی روسیایە. ئەم ژنە 16 دوانەو حەوت سیانەو چوار چوارەی بووە..

The record for most babies born to one woman is 69. Mrs. Vassilyeva from Russia gave birth to 16 pairs of twins, seven sets of triplets and four sets of quadruplets.

An Australian infant vanished in 1980, and her mother served prison time for her murder. Thirty-two years later it was declared she had actually been taken by a dingo.

2744. لەساڵی 1980 منداڵێکی شێرەخۆری ئوسترالی بێسەروشوێن بوو. دایکی بەتۆمەتی کوشتنی، سزای زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا. 32 ساڵ دواتر، دەرکەوت کە ئەم منداڵە لەلایەن سەگێکی جۆری دینگۆوە رفێنراوە.

2745. لەکاتی خوێندنەوەی ئەم رستەیەدا، 25 ملیۆن خانەی لەشت دەمرن.



2746. گیانلەدەستدانی کەسانی سڤیل بەهۆی پۆلیسەوە لە ئەمەریکا بەڕێژەی لەسەدا سی هەزار لە بریتانیا زیاترە.
بۆیە زۆر بڕوا بە قسە باق و بریقەکانی ئەمەریکا نەکەن لەمەڕ مافی مرۆڤ و دیموکراسی و زاراوە زل و قەبەکانی ترەوە!!!

2747. ئامارەکان دەریانخستووە کە ئەگەر تەمەنی شەریفت خوار 38 ساڵ بێت، ئەوا هەزەلیترین نوکتە کە بەدرێژایی ژیانت دەیبیستیت، تائێستا نەتبیستووە.



2748. بەپێچەوانەی مرۆڤی گەورەساڵەوە، منداڵ کاتێك سەرمای دەبێت، نالەرزێ بۆیە ئەگەر منداڵێکت بینی دەلەرزی، ئەوا پێویستە یەکسەر خواردنی پێبدەیت چونکە ئەگەری زۆرە هۆکاری ئەو لەرزینە، دابەزینی زۆری ڕێژەی شەکر بێت لەخوێندا.

2749. لە ڤیرجینیای خۆرئاوا کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، ناوچەیەکی گەورە هەیە کە روبەرەکەی 13 هەزار میلی چوارگۆشەیە. لەم ناوچەیەدا مۆبایل و ئینتەرنێتی وایەرلێس قەدەغەیە.

2750. جۆرێك هەنگ هەیە پێی دەووترێت هەنگی زیکزیکە. ئەم جۆرە لەکاتی فڕیندا دەتوانێت هێندە بەرزبێتەوە کە شاخی ئیڤرست تێپەڕێنێت.

2751. جارێك بەرازێك بەناوی لولو توانی خاوەنەکەی کە ژنێك بوو بەشێوەیەکی عەجیب و غەریب لەمەرگ رزگاربکات. کاتێك ئەم ژنە کتوپڕ توشی جەڵدەی دڵ دەبێت و بەرازەکە هاواری ئازاری ژنەکە دەبیستێت، رادەکاتە حەوشەکەو دواتریش چووە سەر رێگاو خۆی کرد بە مردوو بۆ ئەوەی هاتوچۆی سەر رێگاکە بووەستێنێت. پاشان سایەق سەیارەیەك دەوەستێت. لەم کاتەدا بەرازەکە هەڵدەستێتەوەو پێش سایەقەکە دەکەوێت بۆ ماڵەکەو دەنگی ژنەکە دەبیستێت و بە شتەکە دەزانێت و تەلەفۆن دەکات بۆ فریاکەوتن.

من کە ئەڵێم بەخوا بەرازیش بەرازە لەدوو شتی ئاواوە ئەم وتەیەم فەرموو!!!!



2752. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە هەرچەندە لەسەدا 71ی ئەمەریکییەکان بڕوایان بە بونی جەهەننەم هەیە بەڵام تەنها لەسەدا نیویان پێیانوایە کە ئەگەری زۆرە دواجار بچنە جەهەننەمەوە.

ئەمە بە زمانە ناڕەسمییەکەی فەخامەتی جەنابم پێیدەووترێت: ناسکەگەشبینی!!!

2753. تێکڕا هەر کەسێك بەدرێژایی ژیانی هێندە بەپێ دەڕوات کە بەشی پێنج جار رۆیشتن بە سەرتاسەری جیهان، دەکات.



2754. مرۆڤ دەتوانێت بۆنی ترس بکات. کاتێك بنیایەم دەترسێت جەستەی ماددەیەکی کیمیایی دەردەداتە ناو عارەقەکەیەوە کەسانی تر بەهۆی ئەمەوە دەتوانن بۆنی بکەن، تەنانەت ئەگەر ئاگاداری ئەوەش نەبن کە ئەم بەشەرە ترساوە.



2755. لەسەدا 85ی ئەو بیکینییانەی "قاتی مەلەکردنی خانمان" دەفرۆشرێن هەرگیز ئاویان بەرناکەوێت، واتە خانمان دەیکڕن و بەکاریشی ناهێنن.

واتە عەینەن تیفاڵ و هەندێك لەقاپ و قاچاخەکانی لای خۆمانە کە دەیکڕن و ساڵ دێ و ساڵ دەڕوا چێشتێکی تێدا لێنانرێت.

2756. لەوڵاتی ئەبو سامسۆنگ واتە کۆریای باشور، پیاوێك هەیە کە لەتوالێت لەدایکبووەو لەتوالێت ژیاوەو لەتوالێتیش عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتووە.

ئەم پیاوە ناوی سیم جەیدیۆکەو دایکی لەتوالێت بویەتی. دواتر کە گەورە بووە، بووەتە سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەیەك بەناوی سوۆن و کاری لەپێناو باشکردنی رەوشی توالێتدا کردووەو بەهۆی ئەم خزمەتەیەوە نازناوی مستەر توالێتی بەدەستهێناوە. بە تێپەڕبونی کات خانووەکەی خۆی روخاندووەو دانەیەکی تری لەشێوەی توالێتێکی زەبەلاحدا دروستکردووەو تا مردنیشی لەو خانووەدا ژیاوە. ئێستا ئەو خانووەی کراوەتە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە رۆشنبیری پەیوەند بە توالێت.

رەنگە تۆزێك ئەم شتە گاڵتەئامێزیش بێت بەڵام بە بۆچونی بەندەی موخڵیستان گرنگی توالێت نەك هەر کەم نیە بەڵکو لەدیوەخان موهیمترە! بەداخاوە زۆرێك لەئێمەی کوردی ئیشقۆڕ لەکاتی دروستکردنی خانوو و بینادا توالێت ئەخیر شتە کە گرنگی پێدەدەین، بۆیە زۆرجار کاتێك دەچیت بە میوانی و دەچیتە توالێتەکەیان دەبینیت هێندە بچوك و سەقەتە، وریا نەبیت دوو سێ شوخت دەکەوێتە راست و چەپی سمتی شەریفتەوە!!!



2757. نازییەکان دەرمانێکی تێکەڵەی ئەزموونییان دروستکرد بەناوی دی ئای ئێکس. هەرکەسێك ئەم دەرمانەی پێبدرایە، دەیتوانی نزیکەی 90 کیلۆمەتر بەپێی بڕوات بەبێ ئەوەی پشوو بدات.

2758. پێت ماراڤیچ کە یاریزانێکی پیشەگەریی ئەمەریکی تۆپی باسکە بوو، لەتەمەنی 26 ساڵیدا لەمیانەیەکدا فەرموی: نامەوێت 10 ساڵ یاری بۆ خولی ئەمەریکی یاری باسکە بکەم و دواتر لەتەمەنی 40 ساڵیدا بە جەڵدەی دڵ بمرم". بەڵام قسەکەی تەواو پێچەوانە دەرچوو، 10 ساڵ یاری بۆ خولی ئەمەریکی کردو دوای ئەوە لەتەمەنی 40 ساڵیدا بە جەڵدەی دڵ عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

ئەمە روداوە هەرچەندە لەفیلمی هندی دەچێت بەڵام راستەقینەیەو جەختیش دەکاتەوە کە ژیان بەقەدەر سەماعەیەکی صینی گرەنتی نیە!!!



2759. لەیابانە حەیاتەکە، خەڵك ئیمزایان نیە، لەبری ئەوە جۆرە پولێك بەکاردەهێنن کە پێی دەووترێت هانکۆ. هەر تاکێکی ئەو وڵاتە یەکێك لەو پولەی هەیە.

2760. Girls who have more 'guy friends' than 'girl friends' go through less depression and anxiety.

ئەو کچانەی هاوڕێی کوڕیان لەهاوڕێی کچ زیاترە، کەمتر توشی خەمۆکی و نیگەرانی دەبن.

بێگومان مەبەست لەکوڕی ڕۆشنبیرو راستگۆو دڵسۆزە نەك جرت و چەقەنەو بەتاڵە.

2761. زیاتر لەنیوەی هەموو سەیارە تازەکانی نەرویج کارەبایی یان نیمچەکارەبایین. دەسەڵاتداران ئامانجیانە بەهاتنی ساڵی 2030 دەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لانیکەم بەڕێژەی لەسەدا 40 کەمبکەنەوە.



2762. یۆنانییە دێرینەکان وا ڕاهاتبوون کە بە بەڕوت و قوتی دەچون بۆ هۆڵی یاری وەرزشی و وشەی gymnasium کە بەمانای هۆڵی ئەنجامدانی یاریی وەرزشی دێت، لەبنەڕەتدا ماناکەی بریتییە لە "فێرگەیەك بۆ ڕاهێنان بەڕوتی".

2763. The Netherlands has more bicycles than people, 1.3 per person.

هۆڵەندا ژمارەی پاسکیلەکانی لەخەڵکەکەی زیاترە. لەبەرامبەر هەر کەسێکدا سێ پاسکیلی لێیە.

2764. The extinct Ubykh language, spoken in the Caucasus until 1992, holds the record for most consonants: it had 83 but only two vowels.

زمانی ئوبیخی کە یەکێکە لەزمانە قڕکردووەکان و تا ساڵی 1992ش لەناوچەی قەوقاز قسەی پێکراوە، خاوەنی ژمارەی پێوانەییە لەڕوی زۆری پیتی نەبزوێنەوە. ئەم زمانە 83 پیتی نەبزوێنی هەیە بەڵام تەنها دوو پیتی بزوێنی هەیە.

2765. You would have to click a mouse ten million times to burn a single calorie.
بۆ سوتاندنی تەنها یەك كالۆری، پێویستت بە دە ملیۆن كلیكی ماوس هەیە.

2766. The average intelligence of humans has risen 20 IQ points since 1950, a study found.
بەگوێرەی لێكۆڵینەوەیەك، تێكڕا زیرەكی مرۆڤ لەساڵی 1950ەوە 20 خاڵی ئای كیو زیادیكردووە.
ئەمە راستە بەڵام لەبەرامبەردا ئەخلاق و رێز لاواز بووە. خۆزگە زیرەكییەكە 10 خاڵ دابەزییایە بەڵام ئەخلاق و رێزەكە خاڵێك بەرزبوایەتەوە.

2767. 1 in 14 doctors faces a malpractice suit in the U.S. every year, and almost every physician will face a malpractice suit during his career.
لەئەمەریكا، هەموو ساڵێك، لەهەموو 14 پزیشكێك یەكێكیان بەتۆمەتی رەفتاری خراپ سكاڵایان لەسەر تۆماردەكرێت. زۆربەی هەرەزۆری پزیشكانی ئەم وڵاتە، بەدرێژایی ژیانی پیشەییان جارێك ئەم جۆرە سكاڵایانەیان لەسەر تۆماردەكرێت.

2768. At least 1 in every 10,000 people living today has a page about them on Wikipedia.
لەهەموو دە هەزار كەسێكی جیهان كە ئێستا لەژیاندایە، یەكێكیان پەیجێكی هەیە لەماڵپەڕی ویكیپیدیا.
ئەویش بوو بە منالباز!!!

2769. لەساڵی 1871 پیاوێك لەڕۆداوی نقومبونی كەشتییەك رزگاری بوو بەڵام دواتر تۆشی سەدمەی پەیوەندیدار بوو. پاش نزیكەی چل ساڵ توانی بەسەر ئەو سەدمەیەدا زاڵ بێت و گەشتی دەریایی ئەنجامبداتەوە. بەڵام لەڕۆداوی نقومبونی تایتانیكدا گیانی لەدەستدا.

.b

2770. جارێك ژنێك بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت بۆ مێردەکەی کە کڕینی بیتاقەی لۆتەری جگە لەکات بەفیڕۆدان، بیتاقەیەکی کڕی، بەڵام هەر بەهۆی ئەو بیتاقەیەوە یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری صەیی بردەوە!!!

2771. لە داکۆتای باشور کە ویلایەتێکی ئەمەریکایە، پێشبڕکێیەکی ساڵانەی ماتۆرسکیل هەیە کە تێکڕا هەر جار نزیکەی 10 حاڵەتی گیانلەدەستدان و 400 دەستگیرکردن و 300 حاڵەتی داخڵبون بە ژوری فریاکەوتنی خێرای لێدەکەوێتەوە بەڵام سەرباری ئەوەش حکومەتی خۆجێیی دەیان ملیۆن دۆلار قازانجی لێدەکات..



2772. ئایا رۆژێك لەڕۆژان ئەو پرسیارەت لەفەخامەتی خودی خۆت کردووە کە بۆچی نابێت ئاوی دەریا بخۆینەوە؟ لەبەرئەوەی گورچیلەی شەریفت ناتوانێت میز لەئاوێك دروستبکات کە رێژەی خوێ تێیدا زیاتر بێت لەسەدا دوو. ئاوی دەریا لەسەدا سێی خوێیە بۆیە ئەگەر بیخۆینەوە ئەوا گورچیلەکان پێیناوێرن و ناچاردەبن ئاوەکانی تری لەش بەکاربهێنن بۆ سوککردن و مژینی خوێ زیادەکە، ئەمەش وادەکات کە تینوتر بین. بەردەوامبونی ئەم بەزمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بە وشکبونەوە گیان لەدەست بدەین.

2773. بیتهۆڤن ئاوازدانەرێکی نایاب و دەگمەن بووە بەڵام بەدرێژایی ژیانی کێشەی لەگەڵ حسابات و سپێڵدا هەبووە .
Beethoven was a brilliant composer but struggled with sums and spelling his entire life.

2774. لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان تەنانەت زیندانیش بۆی هەیە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی وڵات، کاندیدبکات.

2775. دەکرێ فیل بەهۆی دڵشکانەوە بمرێت ئەگەر هۆکارەکەی مردنی هاوژینەکەی بێت. ئەگەر فیلێك هاوژینەکەی بمرێت ئەوا بەردەوام هیچ ناخوات و پاڵدەکەوێت و فرمێسك دەڕێژێت تا ئەو کاتەی لەبرسا دەمرێت.
وەفادارییەکی عەجیب و غەریبە بەڵام بۆ مرۆڤی ئیشقۆڕ ئەوەندە بەسە کە لەتەعزیەی هاوژینەکەیداو بەدیاریکراوی لەبەینی فاتیحەکاندا بەهاوفاتیحەکەی نەڵێ: ئا بزانە کەسێکی باشم بۆ نادۆزیتەوە کە جێگەی رەحمەتی بگرێتەوە!!!!


Elephants can die of a broken heart if a mate dies. They refuse to eat and will lay down, shedding tears until they starve to death.

In Japan, Hiroshima Peace Flame has burned continuously since it was lit in 1964 and will remain lit until all nuclear bombs on the planet are destroyed, and the planet is free from the threat of nuclear annihilation.

2776. لەوڵاتی ئەبوتوێتا واتە یابانە حەیاتەکە ئاگرێك هەیە بەناوی کڵپەی ئاشتیی هێرۆشیما. لەساڵی 1964ەوە کە ئەم ئاگرە هەڵکراوە تائێستا بەردەوامەو بەردەوامیش ناکوژێتەوە تا ئەوکاتەی گۆی زەوی بەتەواوەتی لەبۆمبی ئەتۆمی پاکدەکرێتەوەو ئەم هەسارەیە هیچ هەڕەشەیەکی وێرانکاری بەچەکی ئەتۆمی لەسەر نامێنێت.

خەونێکی زۆر جوانە هەرچەندە هاتنەدی زۆر زەحمەتە لەسایەی ئەو سیاسەتمەدارە هەڵوێرانەی جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتە زلهێزەکانیان بەدەستەوەیە.

2777. گۆنتەر کوانت دامەزرێنەری کۆمپانیای بی ئێم دەبلیو ئەندامێکی پارتی نازی واتە پارتەکەی هیتلەرە ئیشقۆڕ بوو و چەندین کەرەستەی سەربازی بۆ رژێمی نازیی ئەڵمانیا دابینکردووە. بەهۆی ئەمەشەوە هیتلەر نازناوی رابەری ئابووریی جەنگی پێبەخشیوە.

2778. ئەنجامدانی سڵاوی نازی، لەئەڵمانیا تاوانێکە سزاکەی دەکرێ بگاتە شەش مانگ زیندانی.

سەرنجبدەن بەڕێزان ئەڵمانەکان لەبەرئەوەی عاقڵن نەك هەر شانازی بە دیاردەکانی مێژووە هەڵەکەی خۆیانەوە ناکەن بەڵکو سزای تۆندیشیان بۆ ئەوانە داناوە کە شتێکی بەسیتی ئەو مێژووەشیان دوبارە بکەنەوە کە سڵاوێکە.

2779. لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی Buried، ریان رایتۆلدس کە ئەکتەری سەرەکیی فیلمەکەیەو رۆڵەکەی لەتابوتدا دەبینێت، هێندە بەجوانی رۆڵەکەی دەگێڕا کە لەچەند دیمەنێکدا ستافی فیلمەکە گومانی ئەوەیان دەبرد کە توشی کێشە بوبێت و لەهۆش خۆی چووبێت بۆیە بەپەلە دەچوون سەری تابوتەکەیان هەڵدەدایەوە نەوەك پێویستی بەیارمەتی هەبێت.

ئەوان ئەوان، هێندە رۆدەچنە ناو دیمەن و چیرۆکی فیلمەکەوە کە تەنانەت سەرسامی و گومان لەلای ستافی فیلمەکەش دروستدەکەن هەرچەندە خۆیان شارەزای فیلمن بەڵام لای ئێمە کابرا کە رۆڵ دەبینێت نەك هەر لەڕاستی ناچێت بەڵکو پڕە لەدیمەن و پێکەنین و گریانی فول سەناعی و بێتام و قێزەون و حیواری بێهەست و نەست. عەگ خوا بمان بڕێ بۆ چ نەتەوەیەکین!!!

2780. The Kindlifresser, or "Child Eater", is one of oldest statues in Bern, Switzerland, and nobody is sure why it has a baby half stuffed into his mouth, and three more over its shoulder.

منداڵخۆر یەکێکە لەکۆنترین پەیکەرەکانی شاری بێرنی سویسرا. سەیرەکە لەوەدایە کە هیچ کەسێك لەهۆکاری ئەوە دڵنیا نیە کە بۆچی نیوەی لاشەی منداڵێك خراوەتە دەمییەوەو سێ منداڵی تریش لەسەر شانیەتی.

2781. Lee Harvey Oswald wasn't arrested for killing JFK. He was actually arrested for fatally shooting a police officer 45 minutes after the death of Kennedy.

لی هارڤی ئۆسۆڵد واتە بکوژی جۆن ئێف کێنێدی سەرۆکی ئەمەریکا، بەهۆی کوشتنی ئەو برادەرەوە دەستگیرنەکرا بەڵکو 45 خولەك پاش ئەو روداوە بەهۆی تەقەکردنی لەئەفسەرێکی پۆلیس و کوشتنی، دەستگیرکرا.

2782. Down syndrome has been disappearing in Iceland since prenatal screening tests were introduced in the early 2000s. Almost 100% of women who had a positive test for Down syndrome decided to terminate their pregnancy.

لەوەتەی پشکنینی پێش لەدایکبونی پەیوەست بە نەخۆشی مەغۆلی لە ئایسلەندا جێبەجێدەکرێت لەسەرەتاکانی 2000مکانەوە، ئەو نەخۆشییە لەو وڵاتە بەرەو نەمانی تەواوەتی هەنگاودەنێت.. زۆربەی هەرەزۆری ئەو خانمانەی ئەم وڵاتە کە نەتیجەی پشکنینەکەیان پۆزەتیڤ بووە، بڕیارياندواوە دوگیان نەبن!!!

2783. Sperm count in Western men has dropped over 50% since 1973.

لەساڵی 1973وە ژمارەی تۆوی پیاوانی رۆژئاوا بەڕێژەی زیاتر لەسەدا 50 کەمیکردووە. کەواتە دەتوانین بە شێوەزاری دارەسوتاوەکەو ژێرپردەکەی سلێمانی و کن قەراتی هەولێری، بێژین پێیان نەماوە!!!

2784. کۆتا خۆرگیرانی تەواوەتی لەماوەی 600 ملیۆن ساڵی داهاتوودا رودەدات. لەو کاتەدا مانگ 30 هەزارو 400 کیلۆمەتر دورتر دەبێت لەزەوییەوەو تیرەی خۆریش بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا پێنج گەورەتر دەبێت.

2785. "وەرزی کوشتن" دەستەواژەیەکی پزیشکیی بریتانییەو بۆ وەسفکردنی کاتی دەوروبەری مانگی هەشت دادەنرێت کە تێیدا تازەپزیشکانی شیاو پەیوەندی بە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی واتە کەرتی تەندروستی حکومییەوە دەکەن.

2786. بەناوبانگترین پسپۆرانی بواری ئاڵودەبون دەڵێن: پێدانی مۆبایلی زیرەك بە منداڵەکەت وەك ئەوە وایە گرامێك کۆکایینی پێبدەیت.

2787. کارەساتی چێرنۆبڵ نزیکەی 400 ئەوەندە زیاتر لەو بۆمبە ئەتۆمەییەی درا لە هیرۆشیما، لێکەوتەی تیشکاوەریی لێکەوتەوە.

2788. The main actor of “The Gods Must Be Crazy” was only paid $300, even though the film made over $60 million.

ئەکتەری سەرەکی فیلمی "خوداکان پێویستە شێت بن" تەنها سێ وەرەقەی پێدراوە هەرچەندە فیلمەکە زیاتر لە شەش هەزار دەفتەر قازانجی کردووە.

زۆرجار دەرهێنەرەکانیش ویژدانیان نیە. رەنگە بڵێن گرێبەستەکەی لەسەرەتاوە بەوەندە بووە، بەڵام ئەگەر کابرا ویژدانی هەبوایە، ئەمە رێگر نیە لەوەی کە دواتر هەر بەدەستی پێنج شەش دەفتەری بکردایە بە گیرفانیا!!

2789. It is estimated that 9 out of 10 women in Mexico have been subjected to sexual violence, whether on the streets or at home.

ژمارەی ئەو خانمانەی لە مەکسیك توشی توندوتیژی سێکسی بون، لەشەقامەکان یان لەماڵەوە بە لەسەدا 90 دەخەمڵێنرێت.

ئەمە جارێکی تر جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ درندەترین زیندەوەرە.

2790. In Aztec cities, chewing gum in public identified a married or widowed woman as a prostitute and a man as a homosexual.

لەشارەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەزتیکدا، جوینی بنێشت لەشوێنی گشتی بۆ ژن و بێوەژن نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو کەسە سۆزانییە، بۆ پیاویش نیشانەی ئەوە بوو کە هاوڕەگەزبازە.

پێموایە ئاساییە جوینی بنێشت لەشوێنی گشتیدا بەمەرجێك گلۆپێك نەکەیت و کتوپڕ بیتەقێنێت و سیلسیلەی ئەفکاری دەوروبەر بپچڕێنیت!!!

2791. From 2000 to 2010, some 100,000 British people converted to Islam.

تەنها لەنێوان ساڵی 2000 بۆ 2010 نزیکەی سەد هەزار کەسی بریتانیا، بوون بە موسڵمان.

تەبعەن ئەوروپی بەپێچەوانەی خۆمانەوە کار بەعەقڵ دەکەن نەك عاتیفە بۆیە بێگومان بەوپەڕی عەقڵەوە پاش بیرکردنەوەی زۆر ئیسلامیان هەڵبژاردووە کەچی بەداخەوە تازە بەتازە لای خۆمان چڕوچاوی سەیروسەمەرە وەك قارچکی ژەهراوی هەڵدەتۆقن و دەفەرمون ئیسلام ئاینی تیرۆیستانەو قورئان پڕە لەهەڵەی جۆراوجۆر.

2792. More than a third of all sick leave is taken on a Monday, researchers found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە زیاتر لەسێیەکی مۆڵەتەکانی نەخۆشی لەڕۆژانی دووشەممەدا وەردەگیرێن.

2793. In 1916, the German Empire allowed citizens to take passport photos with their dogs.

لەساڵی 1916 ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا ڕێگەیدا بە هاوڵاتیان وێنە لەگەڵ سەگەکانیان بگرن بۆ پاسپۆرت.

2794. ئەم سەرسورەی دەیبینن لەساڵی 2012، دەستڕێژێکی گوللەی کرد بەناو خەڵکدا لەهۆڵێکی نمایشکردنی فیلم لەویلایەتی کۆلۆرادۆ لەئەمەریکا. بەهۆی ئەو تاوانەوە سزای زیندانیکردن بۆ ماوەی سێ هەزارو سێ سەدو هەژدە ساڵی بەسەردا سەپێنراوە. خاتروخۆتریشی تێدا نیە!!!

ئێستا بۆ خۆی لەزیندااندا پاڵی لێداوەتەوە!!!



2795. ئەم ڕاپەڕە ناوی تی ئایە. حەددی نەبێ لەڕووی جەنابتانا کەسێکی زۆر باشە. تائێستا دوو جار لەگەرمەی هەوڵی خۆکوشتنی خەڵکدا بەسەرکەوتویی تەدەخولی کردووەو قسەی بۆ کردون و لەو کارە پاشگەزی کردونەتەوە.

بەڕێزان ئەم جۆرە تەدەخولە یاسا نەیسەپاندووە بەڵام ویژدان داینواوەو زۆر شتێکی مرۆییەو پێویستە مرۆڤ هەتا دەتوانێت لەم جۆرە تەدەخولانە نەك هەر خۆی لانەدات بەڵکو بەزوترین کات خۆی هەڵبداتە ناوییەوە. "کێشەی من نیە" رستەیەکە کە تەنها لەفەرهەنگی کەسانی بێویژدان و ترسنۆك و خۆپەرستدا هەیە.



2796. ئەم خانمەی دەیبینن گۆرانیبێژێکی کەندەی پورتوگالییە بەناوی نێلی فورتادۆ. ئەمە لەلایەن برادەرانی گۆڤاری پلەی بۆیەوە کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی جوانترین خانمان بەڕوت و قوتی، نیو ملیۆن دۆلاری پێدراوە کە لەو گۆڤارەدا دەربکەوێت بەهەموو جلوبەرگێکەوە نەك بەڕوتی، بەڵام خانم رەتیکردەوە.

2797. A couple of teaspoons of Botox would be enough to kill everyone in the UK.

ماددەیەك هەیە پێیدەووترێت ژەهری بۆتولینوم یان بۆتۆکس. تەنها دوو کەوچکەچا لەم ژەهرە بەسە بۆ کوشتنی هەموو دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوو.

2798. لەساڵی 1958 دوو فڕۆکەوان بۆ ماوەی زیاتر لەدوو مانگ بە فڕۆکەیەك فڕێن بەبێ ئەوەی لەو ماوەیەدا بنیشنەوە. بۆ سوتەمەنی تێکردنیش خێراییەکەیان لەگەڵ بارهەڵگرێك کە لەزەویدا دەڕۆشت، موتابیق دەکردو بەوشێوەیە سوتەمەنییان تێدەکرد بەبێ نیشتنەوە. تائێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە ئەم ریکۆردە بشکێنێت هەرچەندە زیاتر لەنیو سەدەی بەسەردا تێپەڕیوە.

2799. Dirty water kills more women worldwide than diabetes, AIDS, or breast cancer.
ژمارەی ئەو خانمانەی لەسەرتاسەری جیهاندا بەهۆی ئاوی پیسەوە گیان لەدەستدەدەن، لەوانە زیاترە کە بەهۆی نەخۆشی شەکرە، ئایدز یان شێرپەنجەی مەمکەوە گیان لەدەستدەدەن.

2800. There are no reported cases of runners dying of dehydration during marathons, but there are plenty of cases of runners dying from water intoxication.
تائێستا هیچ حاڵەتێکی مردنی راکەر بەهۆی وشکبونەوە لەکاتی ماراسۆن تۆمارنەکراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر حاڵەتی مردنی راکەر بەهۆی ژەهراویبون بە ئاو، تۆمارکراوە.

2801. Italy's highest court ruled in 2016 that stealing small amounts of food to stave off hunger is not a crime.
لەساڵی 2016 دادگای باڵای ئیتاڵیا بڕیاریدا کە دزینی بڕی کەم لەخۆراك بۆ نەهێشتنی برسێتی، تاوان نیە.
ئەگەر لەم بڕیارە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەمان ئەو بڕیارەیە کە عومەری کوڕی خەتاب زیاتر لەهەزارو چوار ساڵ لەمەوبەر دەریکردووە کە لەساڵی گرانییەکەدا دەستبڕین واتە سزای دزینی، راگرت.
سەرنج بدەن بەڕێزان پاش زیاتر لەهەزارو 400 ساڵ ئەوروپییەکان بڕیارێکی حاکمێکی موسڵمانی عاقڵ و دانا پەیڕەودەکەن و بەڕەسمی تەبەنی دەکەن، کەچی دەبینیت تازە بەتازە لای خۆمان لەناو جەرگەی وڵاتێکی موسڵماندا چڕوچاوێکی هەزەلیمان لێپەیدا دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە رەخنەی بێمانا لەئیسلام دەگرێت.

2802. Ice cubes look white due to oxygen and other impurities. If the water is boiled before it's frozen, the resulting ice cubes will be clear.
ڕەنگی قاڵبەسەهۆڵ بەهۆی ئۆکسجین و بونی خڵتەوە سپییە. خۆ ئەگەر ئاو پێش ئەوەی بخرێتە سەلاجەوە، بکوڵێنرێت، ئەوا ڕەنگی سەهۆڵەکە ڕون واتە شەفاف دەبێت نەك سپی.



2803. جارێك شازادە دیانای بریتانیا لەپەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنیدا تەوقەی لەگەڵ توشبویەکی نەخۆشی ئایدز کرد بەبێ ئەوەی دەسکێش بەکاربهێنێت، بەمەش تەحەددای ئەو بڕوایەی کرد کە دەڵێت دەکرێ ئایدز لەڕێگەی بەرکەوتنی نائەنقەستەوە بگوازرێتەوە.. ئەم کارەی دیانا وەك ساتێکی مەزن بۆ ئەو کەسانەی بەدەست ئەو نەخۆشییەوە دەناڵێنن، دانراوە.

2804. جارێك ژنێك بەتومەتی کوشتنی منداڵەکەی بە ژەهراویکردن بە ئەنتیفریز، زیندانیکرا. ئەم ژنە هەر لەزیندانداو منداڵێکی تری بوو و درا بە دایەنگەیەك بۆ بەخێوکردنی. بەڵام ئەم منداڵەش نەخۆش کەوت و هەمان نیشانەکانی یەکەم منداڵی تێدا پەیدابوو. دەرکەوت کە هۆکاری ئەمە تێکچونی میتابۆلیکی بۆماییە نەك ژەهراویبون. بۆیە ژنەکە ئازادکرا. ئەم روداوە جەخت لەسەر پێویستی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان دەکات. تەسەورکە بەڕێزان ئەگەر ئەم ژنە بەتاوانی کوشتن لەسێدارە بدرایەو پاش لەسێدارەدانی دەرکەوتایە کە ئەو نەیکوشتووە، چۆن قەربوو بکرایەتەوە؟!!!!!!



2805. ئەمە جین کالّمێنتە. بەتەمەنترین کەسی جیهانە لەمێژودا کە مێژووی لەداکیبونەکەی پەسەندکراوە. لەساڵی 1875 لە فەرەنسا لەدایکبووە. دروستکردنی تاوەری ئیفڵی بەچاوی خۆی بینیوە. لەتەمەنی 13 ساڵیدا قەڵەمی رەنگاوڕەنگی بە ڤان کوخ فرۆشتووە. لە 85 ساڵیدا دەستیکردووە بە یاری شمشێربازی. لەسەد ساڵیدا سوار پاسکیلی خۆی بووە. لە 114 ساڵیدا لەفیلمێکدا دەرکەوتووە. لە 120 ساڵیدا بووە بە بابەتی فیلمێکی دۆکیومێنتاری.

کورە جاهێشتا چیت دیوە، لەهەموو ئەوانە سەیرتر ئەوەیە کە ئەم ژنە هەفتەی نزیکەی یەك کیلۆگرام چوکلێتی خواردووەو بڕێکی زۆر شەرابی پۆرتی خواردووەتەوە کە خواردنەوەیەکی پورتوگالییەو ماوەی 96 ساڵیش جگەرەی کێشاوە. باشە کاکە!!! دواجار لەتەمەنی 122 ساڵیدا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.



2806. During the start of the WWI, it was patriotic in Britain to kick, or even kill, a Dachshund, as they were seen to represent Germany.

لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم، لە بریتانیا تێهەڵدان لەسەگی جۆری داکشەنت تەنانەت کوشتنیشی کارێکی نیشتمانی بوو چونکە ئەم جۆرە سەگە ئەڵمانییەو بەحسابی خۆیان نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە دەکات.

ئەم دیاردەیە جەختدەکاتەوە کە راستە ئەڵمانیای ئەو سەردەمە درندەبوو بەڵام برادەرانی دەڤەری بەرەکەی تریش زۆر شەریف نەبون چونکە کوشتنی بەوەفاترین زیندەوەر نەك هەر کارێکی نیشتمانی نیە بەڵکو ئەوپەڕی نائینسانییە.

2807. Research shows that people can handle two tasks at a time, but they make three times as many errors when a third task is added.

لێکۆڵینەوەیەك پیشانیداوە کە مرۆڤ دەتوانێت لەیەك کاتدا دوو ئەرك جێبەجێ بکات بەڵام ئەگەر بیکات بە سێ ئەوا سێ ئەوەندەی حاڵەتەکانی پێشوو، هەڵە دەکات.

2808. The actors who played brother and sister on "Dexter" began dating, fell in love, got engaged, got married, and got divorced, all while continuing to play brother and sister on TV.

ئەو دوو ئەکتەرەی لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی دێکستەر رۆڵی خوشك و برا دەبینن، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا دروستکرد، دواتر عاشقی یەك بوون، دواتر بونە دەزگیرانی یەك، دواتر هاوسەرگیرییان کردو دواتریش جیابوونەوە. هەموو ئەمانە لەکاتی وێنەگرتنی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییەدا رویدا.

2809. Eating pizza regularly reduced the risk of developing oesophageal cancer by 59% in a study.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە كە خواردنی پیتزا بەشێوەیەكی مونتەزەم، مەترسی سەرهەڵدانی شێرپەنجەی زراو بەڕێژەی لەسەدا 59 كەمدەكات.

2810. Nick Stoeberl holds the Guinness World Record for the longest tongue ever recorded at 3.97 inches.

ئەمە نیك ستۆیبێرلّە. خاوەنی درێژترین زمانە کە تۆمارکرابێت و بەهۆی ئەوەوە ناوی شەریفی چووەتە کتێبی گێنس بۆ ژمارە پێوانەییەکانەوە. درێژی زمانی 10 سانتیمەتری تێپەڕاندووە.

2811. A leech can take up to 200 days to digest a meal.

دەکرێ زەروو بۆ هەرسکردنی یەك ژەمەخۆراك، تا 200 رۆژی پێبچێت.

2812. Humans don't understand competitive behavior until around the age of four.

مرۆڤ تا تەمەنی چوار ساڵی لەڕەفتاری کێبەرکێکاری تێناگات.

2813. درێژترین درەخت لەجیهاندا ناوی هایپەریۆنە. درێژییەکەی لە 115 مەترو نیو زیاترە کە دەکاتە دوو ئەوەندەی بەرزی پەیکەری ئازادی بەبێ بنکەکەی. ئەم درەختە لەکالیفۆرنیایە بەڵام شوێنی دەقیقی هەرگیز ئاشکرانەکراوە بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لەو گەشتیارە فزوڵییانەی رەنگە هەوڵی پیاهەڵگەڕان یان شکاندنی بدەن..

دەسەڵاتداران ناحەقیان نیە شوێنەکەی ئاشکراناکەن، چونکە رەنگە کوردەگەشتیارێکی ئیشقۆڕی لێ پەیدا ببێت و بچێت بیبڕێتەوە سێڵفییەکیشی لەپاڵدا بگرێ!!!

2814. یەکێك لەپڕفرۆشترین چیرۆکەکتێب و فیلمەکان لە ژاپۆن ناوی "گەنجە پیرۆزەکان"ە. ئەم چیرۆك و کتێبە باس لەحەزرەتی عیساو بوزا دەکات کە لەمیانەی بەسەربردنی پشویەکدا لەسەر زەوی، لەیەك ژوری باڵەخانەیەکی تۆکیۆی پایتەخت پێکەوە دەژین و هەوڵدەدەن لەکۆمەڵگەی مۆدێرنی ژاپۆن تێبگەن.

2815. ئێدواردی هەشتەم یەکێك بوو لەحوکم کەمماوەترین پاشاکانی مێژووی بریتانیاو ماوەی حوکمڕانییەکەی تەنها 11 مانگ بووە. حکومەتی بریتانیا بڕیاری هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ ژنێکی تەڵاقدراودا پەسەندنەکرد، لەبەرامبەردا ئێدوارد لەپێناو ئەو ژنە وازی لەتاجی پاشایەتی هێناو ژنەکەی مارەکردو تا کۆچی دواییشی پێکەوە مانەوە.

ئەمە جەختدەکاتەوە کە خۆشەویستی هەموو سنورەکان دەبەزێنێت، هەرچەندە بەخوا چڕوچاویشی زۆر جوان نەبووە!!!

2816. لەیابانە حەیاتەکە هەرکەسێك تەمەنی بگاتە سەد ساڵ، سەرۆك وەزیران کوپێکی زیوی بۆ دەنێرێت بەبۆنەی جەژنی لەدایکبونی سەد ساڵەیەوە. بەڵام زیادبونی ژمارەی ئەو کەسە تەمەن 100 ساڵییانە، ساڵ لەدوای ساڵ، بەشێوەیەك کە لە 2016 گەیشتە 32 هەزار کەس، حکومەتی ناچارکرد کوپی هەرزانتریان بۆ دروستبکات.

تەبعەن ئەوان زۆر عاقڵن و وەرزش دەکەن و خواردنی تەندروست دەخۆن بۆیە تەمەنیان زیاددەبێت واتە بە عەقڵ و کاری خۆیان ژمارەی 100 ساڵییەکانیان زیاددەبێت.

2817. People who stay up late tend to be risk-takers, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە ئەو کەسانەی تا درەنگانێکی شەو ناخەون، ئەگەری بونیان بە کەسێکی سەرکەش، زۆرە.

2818. Albert Einstein's last words were spoken in German to a nurse who didn't speak German and are lost for ever.

کۆتاقسەکانی ژیانی ئاینیشتاین بە ئەڵمانی وتویەتی بۆ پەرستارێك کە ئەڵمانی نەزانیوە، بۆیە کەس نازانێ چی وتووە.

ئەو ئیشقۆرە ئەمیشی کردووە بە بیردۆزە نیسبییەکەی، تائێستاش ملیۆنەها کەس لێی تێناگەن!!!

2819. Brain scans taken during a study showed that listening to poems activated parts of participants' brains that are not activated when listening to music or watching films.

چەند پشکنینێکی مێشك کە لەکاتی لێکۆڵینەوەیەکدا ئەنجامدراون، دەریانخستووە کە گوێگرتن لەهۆنراوە چەند بەشێکی مێشکی بەشداربوانی لێکۆڵینەوەکەیان چالاککردووە کە بە گوێگرتن لەموزیك یان سەیرکردنی فیلم، چالاك نابن.

2820. North Korea's diplomatic mission to the UN has 1,300 unpaid NYC parking tickets going back to the 1990s, owing more than $156,000.

نێردەی دیبلۆماسیی کۆریای باکور بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کرێی هەزارو سێ سەد پسولەی پارککردنی ئۆتۆمبێلیان لایە کە هی ساڵەکانی 1990ەکانەو کۆی پارەکەش 15 دەفتەرو شەست وەرەقەیە.
دواخستن یان نەدانی پارەی کارەباو مرورو ئەمجۆرە پارانە زۆر لەئیشی کوردی ئیشقۆڕ دەچێت، بۆیە پاش ناسکەکۆبونەوەیەك لەتەك خۆمدا بڕیارمدا کە یان کورد بەڕەگەز دەچێتەوە سەر خەڵکی کۆریای باکور یان بە پێچەوانەوە!!!



2821. لیندۆن جۆنسن کە یەکێك بووە لەسەرۆکە ئیشقۆڕەکانی ئەمەریکا، زۆرجار بە ئاشکرا میزی کردووە، تەنانەت لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا. جارێك لەکاتی میزکردنیدا رەشەبایەك هەڵدەکات و بەهۆی ئەوەوە میزەکەی بەر قاچی یەکێك لەکارمەندانی ئاژانسی خزمەتگوزاریی نەێنی، دەکەوێت. کاتێکیش کارمەندەکە پێی دەڵێت میزەکەی بەری کەوتووە، سەرۆك لەوەڵامدا دەڵێت: "ئەزانم، ئەو دەسەڵاتەم هەیە".

2822. یەکەم ژنی ملیۆنەر لەئەمەریکا، ناوی سارە بریدلەڤ بووە. ئەم ژنە لەساڵی 1890ەکاندا سامانەکەی لەڕێگەی فرۆشتنی چەندین بەرهەمی قژ کە بۆ ژنانی رەشپێست دروستکرابون و دەخرانە بازاڕەوە، پێکەوەناوە.

2823. In 2012, Google acquired Motorola for around $12.5 billion, only to sell it to Lenovo two years later for just $2.9 billion.

لەساڵی 2012 کۆمپانیای گوگڵ کۆمپانیای مۆتۆرۆلای کڕی بە نزیکەی دوانزە ملیارو پێنج سەد ملیۆن دۆلار، بەڵام دوو ساڵ دواتر بە کۆمپانیای لینۆڤۆی فرۆشت بە تەنها دوو ملیارو 900 ملیۆن دۆلار.

واتە لەماوەی تەنها دوو ساڵدا بە قەدەر زیاتر لەفولموچەی ساڵێکی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم، کەمتر فرۆشتییەوە.

2824. Regular mammograms actually increase the risk of dying of breast cancer.

لەڕاستیدا ئەنجامدانی مەمۆگرافی واتە تیشکەپشکنین بۆ دەرکەوتنی لووی مەمك، بەشێوەیەکی بەردەوام، مەترسیی مردن بە نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمك، زیاددەکات کە باوترین شێرپەنجەیە لەناو خانماندا.

2825. لەو کرواتیایەی لای خۆمان مۆزەخانەیەك هەیە کە تایبەتە کەلوپەلی پەیوەند بە پەیوەندییە خۆشەویستییە پچڕاوەکان. لەوێ فەخامەتی جەنابت دەتوانیت ئەو شتە تایبەتانەی کۆنەیار کە لەلای تۆماوە لەگەڵ کورتەوەسفێکدا، ببەخشیت بەو مۆزەخانەیە.

2826. گەورەترین سەندیکای تاوانکاری رێکخراو لەیابانە حەیاتەکە کە ناوی یاکوزایە، لەکاتی هەردوو زەمینلەرزەکەی 1995و 2011ی ئەو وڵاتە، خۆراك و ئاوو دایبی و بەتانی و هتد.. بۆ لێقەوماوان دابینکرد. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە خێرایی ئەمان بۆ بەهاناوەچونی لێقەوماوان لەخێرایی حکومەت زیاتر بوو بەو هەموو شان و شەوکەوتەوە!!! کورە یابان زۆر سەیرە، تاوانبارەکانیشیان لەبەعزە حاڵەتێکدا زۆر شەریف و نەجیبن!!!

2827. ئەمەی دەیبینن، هێندە عەجیب و غەریبە، پشتی فلیمی هندی شکاندووەو کونەلوتی سوتاندووە!
جارێك وێنەگرێکی زیندەوەرە کێوییەکان، مارێکی جۆری مامبای رەش کە یەکێکە لەکوشندەترین مارەکان، بە لاقییەوە دەدات بەڵام ئەم برادەرە بەبێ بەکارهێنانی هیچ مادەیەکی دژەژەهریش رزگاری دەبێت. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە خودی خۆی بە کامێراکەی وێنەی ساتی پێوەدانەکەی گرتووە..
پێوەدانەکە بووەهۆی تەقینی یەکێك لەبۆرییە خوێنهێنەرەکانی لاقی و بەهۆی ئەم تەقینەوە، بەڵێزمە خوێنی لێ دەرپەڕی و ژەهرەکەش لەگەڵیدا لەلاشەی چووە دەرەوە.

2828. Tutankhamun was the only ancient Egyptian who was mummified with an erect penis.

تەنها کەسایەتیی میسریی دێرین کە بە چوکی رەپەوە مۆمیاکراوە، توت غەنج ئامونە.



2829. لەساڵی 2014 زانایانی بریتانیا خێراترین تۆڕی ئینتەرنێتیان دروستکرد کە خێراییەکەی 1.4 تێرابت بوو. بەم خێراییەش دەتوانرێت 44 فیلمی ئێچ دی لەتەنها چرکەیەدا دابەزێنرێت.
عەگ بە لێوم بۆ دوو شتی وا نەبێت بۆ چی باشە.

2830. نەریتی پێدانی کۆتا ژەمەخواردن بۆ ئەو کەسانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان لەدژ دەرچووە، وەك کۆتاکارێکی بەزەییئامێز بۆ ئەو تاوانبارانە دانەهێنراوە، بەڵکو وەك پێدانی بەرتیلێك دانراوە بۆ ڕۆحیانەتی ئەو تاوانبارانە بۆ ئەوەی دواتر شوێن ئەو کەسانە نەکەون کە سزای لەسێدارەدانەکە جێبەجێ دەکەن.

The traditional "last meal" for those condemned to death didn't begin as a final compassionate act for them, but as a way to bribe their ghost not to haunt the executioners.

2831. بەپێچەوانەی ئەوەی لەفیلمەکاندا دەیبینین، فڕێدانی جگەرەیەکی نەکوژاوە بۆ ناو حەوزێك بەنزین نابێتەهۆی گڕگرتنی تەواوی حەوزەکە. لێکۆڵەران دوو هەزار جار هەوڵیانداوە بە جگەرە گڕ بەربدەنە بەنزین، بەڵام هەر دوو هەزار جارەکە شکستیان هێناوە.
بەڵام نەچی بچی بچی ئەمە تاقیکەیتەوە چونکە بەپێچەوانەی ئەوروپییەوە، ئێمەی کورد هێندە نەگبەتین رەنگە یاساکانیش تێکبشکێنین و کتوپڕ گڕبگرێت.

2832. The Palace of Parliament in Romania is the world's largest administrative building. The cost of heating and electric lighting alone exceeds $6 million per year, as much as the cost for a medium-sized city.

کۆشکی پەرلەمانی رۆمانیا، گەورەترین باڵەخانەی کارگێڕییە لەجیهاندا. تێچوی تەنها گەرمکردن و روناکردنەوەی ئەم باڵەخانەیە، ساڵانە شەش ملیۆن دۆلار تێدەپەڕێنێت. ئەم بڕەپارەیەش بەقەدەر تێچوی شارێکی قەبارە مامناوەندە لەهەمان رووەوە.



2833. بە فشەی ئاینیشتاین، ئەگەر هەنگی هەنگوین لەسەر زەوی نەمێنێت، ئەوا دەکرێ مرۆڤایەتی لەماوەی تەنها چوار ساڵدا، قڕبکات.

2834. لەسەدا 88ی خەڵك، پاش گریان هەست بە باشتربون دەکەن.

2835. لەو یابانەی لای خۆمان، هەموو ساڵێك سەد هەزار کەس بێسەروشوێن دەبن. پاڵنەری بێسەرو وشوێن بونی زۆرێك لەم کەسانە، "پاراستنی کەرامەتیانە" پاش جیابونەوە لەهاوژینەکانیان یان لەدەستدانی کار یان کەوتن لەتاقیکردنەوە یان نەتوانینی دانەوەی قەرز.

2836. من لەزۆر شتدا لایەنگری ولاتی ئەبو توێتام بەڵام ئەم شتەیان زۆر بێماناو قۆرە. خۆ ئەگەر بەم پێودانگەی ئەوان، خەڵکی لای خۆمان خۆیان سەرنگوم بکەن، ئەوا لەماوەی ساڵێکدا ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لەشەش ملیۆنەکەوە دەبێتە دوو ملیۆن!!!!



2837. 1102. هەر ددانێك لەددانەکانی شەریفت، رەبتی بە ئەندامێکی جەستەتەوە هەیە. بونی ئازار لەهەر یەکێك لەم ددانانە، دەکرێ سەرەتای دەستپێکی کێشە بێت لەیەکێك لەئەندامەکان.





2838. کۆتا شایەتحاڵی رزگاربوی تیرۆرکردنی ئەبراهام لینکۆڵن کە یەکێکە لەبەناوبانگترین سەرۆکەکانی ئەمەریکا، هێندە زۆر ژیا کە فریای ئەوە کەوت دیمانەیەکی میدیایی سەبارەت بەو روداوە گرنگە لەگەڵدا ئەنجام بدرێت.



2839. یەك لەسەر سێی هەموو رێوڕەسمەکانی بەڕێکردنی تەرمی مردوو بۆ گۆڕستان لە تایوان، سەماکاری روتیان تێدا بەکارهێنرێت بۆ خۆشحاڵکردنی ئامادەبوان.

خوا رەحمی کردووە ئەم بەزمە لێرە نیە ئەگینا رێوڕەسمی بێکەسترین مردوو هێندە قەرەباڵغ دەبوو کە پشتی رێوڕەسمی شازادە دیاناو حەمال عەبدولناسری دەشکاندو ڕێ بەر ڕێیان نەدەکەوت!!!!

2840. یادگا واتە زاکیرەی ماسی ئاڵتونی تەنها سێ چرکە دەخایەنێت.
کەواتە دەتوانین بڵێین فەقیرە هەر فریای ئەوە دەکەوێت خێرا خێرا تەعاروف بکاتەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا!!!

2841. 1107. کاتێك پشیلە سەیری چاوت دەکات و بەهێواشی چاو دەتروکێنێت، ئەوە هەوڵدەدات کە پێت بڵێ خۆشم ئەوێی.

2842. لەساڵی 1978 چەند زانایەکی جیۆلۆجی سۆڤیەت، لەناوەڕاستی سیبیریا خێزانێکی شەش کەسییان بەزیندویی دۆزییەوە کە لەساڵی 1936ەوە واتە بەدرێژایی زیاتر لە 40 ساڵ هیچ مرۆڤێکیان نەبینیبوو.

2843. دایکی هیتلەر بیری لەوە کردووەتەوە کە لەباری بەرێت بەڵام پزیشکێك ئامۆژگاری کردووە کە لەباری نەبات بەڵکو بیبێت و بەخێویشی بکات.

کەواتە رەنگە بتوانین بڵێین ئەگەر ئەو دکتۆرە ئیشقۆرە ئەو ئامۆژگارییەی نەکردایە ئەوا دەیان ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا نەدەبونە قوربانی.

2844. لەساڵی 2012 زانایانی کۆریای باکور بەئاشکرا رایانگەیاند، یەکشاخ کە هەموو زانایانی دنیا دەڵێن زیندەورێکی خەیاڵییە، خەیاڵی نیە بەڵکو راستییەو هەیە.

2845. زانست سەلماندویەتی کە باڵەخانەکان ناتوانن بازبدەن!!!

2846. ئەگەر تەمەنی خۆت وەربگریت و 19ی بخەیتە سەر، ئەوا ئەنجامەکەی دەکاتە تەمەنی خۆت لە 19 ساڵی داهاتوودا!!!!



2847. لەدانیمارك دەتوانێت سێو لەدوکانی سەوزەو میوەفرۆش بکڕیت!!!!

2848. بەگشتی هەر کەسێکی ئاسایی بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا سفر، ئەگەری ئەوەی هەیە کە لەمرۆڤەوە بگۆڕێت بۆ یەکشاخ کە ئاژەڵێکە!!!



2849. 1115. خوشکەکەت کچێکە!!

2850. 1116. ئەگەر جگەرەکێشیش نەبیت، هەر ئەمریت!!!!



2851. 1117. هاوڕێ وەك مانگا وایە، ئەگەر بیخۆیت دەمرێیت!!!!



2852. كاتێك دەڕۆیتە دەرەوەو دەبینیت دەرەوە ساردە، ئەوكاتە دەزانیت كە ساردە!!!!

2853. چەند لێكۆڵینەوەیەكی نوێ دەریانخستووە كە ئەگەر هەوڵبدەیت لەناو گڕاوی گڕكاندا مەلەبكەیت، ئەوا دەكرێ بمریت!!!!



2854. ئەگەر تۆ بەسەر شاخێکدا هەڵگەڕێیت، کەواتە تۆ مەلە ناکەیت، بەڵکو بەسەر شاخدا هەڵدەگەڕێیت!!!!



2855. لەساڵی 1984، خانمێك كە ناوەكەی بە ئەی بی ئاماژەی پێكراوەو لەبریتانیا دەژیا، دەنگێك لەسەریدا پەیدابوو كە پێی دەیوت دەماخت لوی تیایەو لەكوێی دەماخدایەو چارەسەریش دەبێت. هەرچەندە ئەم ژنە هیچ نیشانەیەكی ناسروشتی تێدا نەبوو، بەڵام دواجار پشكنینیان بۆ كردو دەركەوت كە فعلەن لوو لەدەماخیدایەو كتومت لەو شوێنەشدا بوو كە دەنگەكە دەیوت.



2856. باشترین كات بۆ خوێندنەوەو سەعیكردن سەعات 4 بۆ 6ی بەیانییە كە تیایدا لەسەدا سەدی مێشك كاردەكات. بەڵام لە 6 بۆ 7:30ی بەیانی مێشك بەرێژەی لەسەدا 50 كاردەكات. كاتی شەویش بەرێژەی تەنها لەسەدا بیست كاردەكات.



2857. دەکرێ نێرەی خاڵخاڵۆکە پاش نزیکەی چوار سەعات جوتبون لەگەڵ مێیەکی مردودا، ئینجا بۆی دەربکەوێت کە هەڵەیەك رویداوە کە ئەویش ئەوەیە مێیەکە مردووە!!!

ئینجاکونێ عەیب بێ و عەیب نەبێ پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێ کە هین هەین بوو هین هین ئەبێ. لەم فاکەتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پەندە نە تەنها بۆ مرۆڤ بەڵکو بۆ هەندێك لەزیندەوەرانیش راستە.



2858. ئەم چڕوچاوەی دەبینن فرەبکوژێك بوو بەناوی رۆدنی ئەلکالا. ئەمە لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا خۆی رۆڵی پارێزەری خۆی دەگێڕا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە ئەم پیاوە بۆ ماوەی پێنج سەعاتی رەبەق لەشوێنی وەستانی شایتەحاڵدا وەستاو بەدەنگێکی گڕ پرسیاری لەخۆی دەکردو بەخۆی دەووت بەڕێز ئەلکالاو دواتر هەر خودی خۆی (وەك تۆمەتبار) بەدەنگی نۆرماڵی خۆی وەڵامی پرسیارەکانی خۆی (کە خۆی وەك پارێزەر لەخۆی کردبوو) دەدایەوە.



2859. تیمساحێك هەیە بەناوی گوستاف. دەووترێت ئەم تیمساحە نزیکەی سێ سەد کەسی کوشتووە.



2860. کاتێك لەڕێستۆرانتێکدا دانیشتویت، پاش ئەوەی سەیری ئەو لیستی ناوی خواردنانە دەکەیت کە لەبەردەمتا دانراوە یان بۆت دەهێنن و داوای فلانە خواردن دەکەیت، هەرچەند عەزیەتیشە بەڵام بە عەزیەتی مەزانەو بچۆ دەستی شەریفت بشۆ. بۆ؟

چونکە ئەو لیستە پیسترین شتی ڕێستۆرانتە کە دەستی لێدەدەیت.

2861. ساڵانە 420 هەزار کەس بەهۆی خواردەمەنی خراپبووەوە، گیان لەدەست دەدەن.



2862. زۆربەی کەسە فرەبکوژەکان واتە ئەو قاتڵانەی مرۆڤکوشتن و دۆخواردنەوەیان لەلا وەك یەك وایە، لەدایکبوی مانگی 11ن بە بەروارد بە هەر مانگێکی تر.

2863. لەسەدا 63ی ئەو کوڕە تەمەن 11 بۆ 20 ساڵانەی تاوانی کوشتن ئەنجامدەدەن، ئەو پیاوە دەکوژن کە ئازاری دایکی دەدات.



2864. خەوتن لەسەر سك دەکرێ ببێتەهۆی بینینی خەوی سەیرو سەمەرەترو تۆقێنەرترو سێکسیتر بە بەراورد بەو خەوانەی لەکاتی خەوتن بەشێوازەکانی تر، دەبینرێن.

2865. جیابونەوەی ئەو هاوژینانەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان لەدوو دەفتەری ناسك زیاتری تێچووە، بەڕێژەی 1.6 زیاترە بە بەراورد بەوانەی نیو دەفتەر تا دەفتەرێکی تێچووە. ئەو هاوژینانەش کە ئاهەنگەکەیان تەنها دە وەرەقەی ناسك یان کەمتری تێچووە، رێژەی جیابونەوە تیایاندا، لەتێکڕای ناوەندیی جیابونەوە کەمترە.
لێرەوە گرنگیی فەلافلمان بۆ دەردەکەوێت بە بەراورد بە پیتزاو گەس!!!

2866. بیل وایمان کە گیتارژەنێکی گروپی موزیکیی رۆك رۆڵینگ ستەونە، لەتەمەنی 52 ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی تەمەن 18 ساڵدا کرد بەناوی ماندی سمس بەڵام باڵانسی هاوسەرگیرییەکەیان بەشی زۆری نەکردو پاش ساڵێك جیابونەوە. دواتر ستیفن کە کوڕێکی تەمەن 30 ساڵی وایمان بوو، دایکی ماندی هێنا کە تەمەنی 46 ساڵ بوو. ئینجاکونێ ئێوەش وەك برام وان ئەگەر ماندی بە هاوسەری وایمان بمایەتەوە، ئەوا ستیفن لەیەك کاتدا دەبووە خەزوری باوکی و باپیرەی خۆشی!!!. تێڕژان و پێکداچونێکی عەجیب و غەریبە!!!



2867. حاڵەتێکی نەخۆشی دەماریی هەیە کە پێی دەووترێت ویزڵسەخت. ئەم حاڵەتە دەبێتەهۆی ئەوەی نەخۆش یاری بەوشە بکات و قسەی سێکسی بکات و نوکتەی قۆڕ یان چیرۆکی بێهودەو بێسەروبەر بگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی درك بەوە بکات کە ئەم شتانە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە نەگونجاون.



2868. هیتلەرە ئیشقۆڕ تیمساحێکی ئیستیوائی هەبوو لە هی روباری میسیسیپی و ناوی ساتورن بوو. ئەم تیمساحە ئێستاش لەژیاندا ماوەو تەمەنی 85 ساڵە. حکومەتی بریتانیا بە دیاری دای بە روسەکان و ئێستاش بۆ خۆی لەباخچەی ئاژەڵانی مۆسکۆ دەژی و دەتوانیت ببینیت.

2869. وشەیەکی یاگانی هەیە کە پێیدەووترێت mamihlapinatapai. ئەم وشەیە بە قورسترین وشەی جیهان دادەنرێت لەڕوی وەرگێڕانەوە. دەووترێت مانای ئەم وشەیە بریتییە لەو حاڵەتەی کە دوو کەس سەیری یەکتر دەکەن و هەر یەکێکیان ئاوەتەخوازە ئەوی تریان دەستبکات بە قسەکردن لەسەر شتێك کە هەردوکیان حەزیان لێیەتی بەڵام هیچیان نایانەوێت دەستپێکردنەکە لەلایەن ئەوەوە بێت.
ئەج حاڵەتە رەنگە زیاتر لەکاتی عیشق و خۆشەویستیدا زۆر بێت.

If you can eat 3 meals a day for 3 weeks straight, you are in the top 15% of the richest people in the world.

2870. ئەگەر بتوانیت بۆ ماوەی سێ هەفتەی یەك لەدوای یەك رۆژانە سێ ژەم نان بخۆیت، ئەوا تۆ کەسێکیت لەناو لەسەدا 15 دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهان.
ئینجاکونێ بۆیە هەمیشە شوکرانەبژێر بە.



2871. وتنی "سوپاست دەکەم" بەختەوەرترت دەکات. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانەی پێزانین دەردەبڕن عادەتەن ئاسودەترن. ئەو هاوژینانەش کە بە ئاشکرا سوپاسگوزاری بۆ تاکەکانیان دەردەبڕن زیاتر ئاسودەن لەپەیوەندییەکانیاندا. ئەو کارمەندانەش کە لەلایەن بەڕێوەبەرەکانیانەوە سوپاس دەکرێن، زۆرجار بەڕێژەی لەسەدا 50 زیاتر شێلگیرانەتر کاردەکەن.

2872. لەسەدا 90ی دراوەکانی ئەمەریکا بە کۆکاین کە یەکێکە لەمادده هۆشبەرەکان، پیسبووە.
ئینجاکونێ بۆیە کاتێك وەرەقەیەك یان زیاتر یان کەمترت دەستدەکەوێت، نەك هەر ماچی مەکە بەڵکو دوای بەرکەوتنەکە، دەستیشت پاك بشۆ. هەر وابزانە چڵك بەردەستت کەوتووە، لەڕاستیدا لەچڵك پیسترو زیانبەخشترە لۆ تەندروستیت.

2873. There is a village in China that publishes the names of those who neglect their elderly parents as a means of shaming those people.

لە چین گوندێك هەیە کە بە ئاشکرا ناوی ئەو کەسانە بڵاودەکەنەوە کە دایك و باوکە پیرەکانیان پشتگوێ دەخەن وەك هۆکارێك بۆ شەرمەزارکردنی ئەو کەسانە.

2874. لەساڵی 1939 ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز پێشبینیکرد کە تەلەفزیۆن شکست بهێنێت چونکە خەڵك کاتیان نابێت سەیری شاشە بکەن.

تەقریبەن خەریکە پێشبینییەکەیان دێتەدی.



2875. بونی مووی زۆر بە بە جەستەوە پەیوەندی بە زیرەکتری ئەو کەسەوە هەیە.

2876. ئێوەش وەك برام وان لە رۆمای دێرینداء ئەگەر پیاوێك تاوانی لاقەکردنی ئەنجام بدایە هێلکەگونەکانی دەخرایە نێوان دوو بەردو دەشکێنران.

2877. لەو روسیایەی لای خۆمان ژمارەی خانمان نۆ ملیۆن لە هی پیاوان زیاترە.

2878. نەچی بچی وابزانی کۆشکی سپی فری و بەلاشخانەیە بۆ سەرۆکی ئەمەریکا. کۆشکی سپی فری نیە بۆ سەرۆك، بەڵکو ترەمپە سەرپەمووو وەك هەموو کەسێکی تر لە رێستۆرانت پسولەی خواردنی بۆ دێتەوە!

2879. The Dutch army had only one tank during WWII.

سوپای هۆڵەندا لەجەنگی جیهانیی دووەمدا تەنها یەك دەبابەی هەبوو!

2880. 94% of the women surveyed who work in the U.S. entertainment industry say they've experienced some form of sexual harassment or assault.

لەسەدا 94ی ئەو خانمانەی لەپیشەسازیی سەرگەرمی لە ئەمەریکا کاردەکەن و راپرسییان لەسەر کراوە، دەڵێن توشی هەندێك جۆری تەشقەڵە یان دەستدرێژی سێکسی بوون.

2881. لەساڵی 1919 کاتێك سەرۆکی ئەمەریکا تیۆدۆر روزڤێلت لەشیرینەی خەودا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت، تۆماس مارشاڵ جێگری سەرۆك لەوتەیەکی بێمانادا رایگەیاند: مەرگ پێویست بوو سەرۆك لەکاتی خەوتندا بڕفێنێت چونکە ئەگەر بە ئاگا بوایە پێکدادان رویدەدا لەنێوان ئەوو مەرگدا.



2882. Owning a cat can reduce the risk of heart attacks and strokes by more than a third, researchers found.

چەند لێکۆڵەرێك دەریانخستووە کە هەبونی پشیلە مەترسیی جەڵدەی دڵ و جەڵدەی دەماغ بەڕێژەی زیاتر لەیەك لەسەر سێ، کەمدەکات .

2883. Multivitamins increase the risk of cancer and heart disease, according to recent studies.

بەگوێرەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی نوێ، مەڵتیڤیتامینەکان مەترسیی توشبون بە شێرپەنجەو نەخۆشییەکانی دڵ زیاددەکات.

2884. Your left lung is smaller than your right lung to make room for your heart.

سیی چەپت لەهی راستت بچوکترە. بۆ؟ بۆ ئەوەی شوێنی زیاتر بۆ دڵت بمێنێتەوە.

2885. There are about 1.5 billion cubic kilometres of water on Earth – that's 1.5 billion trillion litres, or 800 trillion Olympic swimming pools.

بڕی ئاوی زەوی نزیکەی ملیارو نیوێك کیلۆمەتر سێجایە واتە ملیارو نیوێك ترلیۆن لیتر یان بەقەدەر ئاوی 800 ترلیۆن مەلەوانگەی یارییە ئۆلۆمپییەکان.

کێش بڕواناکات دەتوانێت ببیێوێت، ئەگەر وا نەبوو پێم بڵێ ئەو زانیارییەت هەڵەیە!!!!

2886. باینجانی ساوا وەك لەوێنەکەدا دیارە لەهێلکە دەچێت، ناوە ئینگلیزییەکەشی کە eggplantە، لەو لێکچونەوە وەرگیراوە.



2887. While filming the movie "Entebbe," about a plane being hijacked, a plane was actually hijacked and landed at the airport. They filmed the real hostages being released and edited it into the movie.

لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی Entebbe کە باس لەڕفاندنی فڕۆکەیەك دەکات، هەر بەڕاستی و بەبێ سوعبەت فڕۆکەیەك رفێنراو لەهەمان ئەو فڕۆکەخانەیە نیشتەوە کە فیلمەکەیان تێدا تەسویر دەکرد. هەر بۆیە ستافی فیلمەکە بارمتە راستەقینەکانیان لەکاتی ئازدکردندا وێنەگرت و مۆنتاژیان کرد بۆ فیلمەکەی خۆیان.

پەندێکی پێشینان هەیە کتومت بۆ ئەم روداوە کراوە، هەرکەس زانی بەڵگەی زیرەکییەتی، با بینوسێت.

2888. دیکتاتۆری پێشووی ئەفەریقای ناوەڕاست جین بێدێڵ بۆکاسا، منداڵانی خوێندنگە حکومییەکانی ناچارکرد کە جۆرە جلوبەرگێکی یەکگرتووی گرانبەها لەو کۆمپانیایە بکڕن کە خۆی خاوەنی بوو. کاتێکیش منداڵەکان ئیدانەی ئەو بڕیارەیان کرد، ئەو دڕندەیە سەد منداڵیانی بۆ بونە پەند بۆ ئەوانی تر، ئیعدام کرد.



2889. ئەمە وێنەی ئیڤان موشوکۆڤە. ئەو منداڵە روسییەی لەلایەن کۆمەڵێك سەگەوە، لەتەمەنی چوار تا شەش ساڵی بەخێوکراوەو سێ جار لەبەرامبەر پۆلیسدا کە ویستوێەتی لەبن دەستی سەگەکان دەربهێنێت، بەرگرییان کردووەو نەیانهێشتووە ببەن. بەڵام دواجار لەڕێی فێڵکردن لەسەگەکانەوە توانییان منداڵەکە ببەن.

2890. ئەو پیاوانەی هەستەکانیان شاراوە یان ناڕونە بەرامبەر بە خانمان، زیاتر سەرنجی خانمان بە حەبل رادەکێشن وەك لەوانەی هەستەکانیان بۆ خانمان دەردەبڕن.



2891. لەو کەنەدایەی لای خۆمان، خۆنیشاندان بەشێوەیەك كە وەك بڵێی سیحر ئەنجامدەدەیت، کارێکی نایاساییە بەڵام ئەنجامدانی سیحر بەڕاستی، کارێکی تەواو یاساییە.

2892. لەو چینەی کە لای خۆمان زۆرجار گاڵتە بە چتەکانیان دەکەین، جارێك پیاوێك پێش خوازبێنیکردنی خانمێك، نۆ هەزارو 999 گوڵی بە عەزییەکەوە دوری و پێشکەشی کرد.
چین کە خاوەنی هواوی و ئەو رۆمانسییەتەیە حەق نیە چیتر گاڵتەیان پێ بکەین.



2893. لەیابانە حەیاتەکە لێکردنەوەی تۆپکڵی ترێ واتە پاککردنی پێش خواردن، شتێکی زۆر باوە چونکە لەناو برادەرانی ئەبو تۆپتا تێگەیشتنێك هەیە کە گوایە تۆپکڵی ئەم میوە پیس و تاڵە یان یەکێکیانە.

2894. کێرت کۆبەین کە گۆرانیبێژێکی دیاری ئەمەریکی بوو و ئێستا لەژیاندا نەماوە، بە چاکەت و بیجامەوە هاوسەرگیری کردووە.

ئیمانم نەچێ رەحمەتی دیارە زۆری پەلە بووە!!!!



2895. نەخۆشییەکی بۆماوەیی هەیە کە دەبێتەهۆی ئەوەی توشبوو باڵای کورت بێت و سوڕی ژیانی درێژتر بێت لەکەسی ئاسایی و بەرگرییەکی بەهێزی هەبێت لەدژی نەخۆشی شێرپەنجەو شەکرە.
ئەو کەسانەی ئەم حاڵەتەیان لەگەڵدایە، زۆر لە هۆبیت دەچن.



2896. دەکرێ کەمخەوی یان بێخەوی ببێتەهۆی ئەوەی دەماخت خۆی بخوات.
بۆ هەرگیز نەچی بچی بڵێی خەوتن فشەیە.

2897. دایکی جاکی چان قاچاخچیی ئەفیون بووەو باوکیشی سیخوڕ واتە جاسوس بووە.



2898. لەساڵی 1975 پیاوێك لەكاتی سەیركردنی بەرنامە دڵخوازەكەی پچرا لەپێكەنیناداو عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت. دواتر ژنەكەی نامەیەكی نارد بۆ ستافی بەرنامەكەو تێیدا سوپاسی كردن كە بونەتە هۆی ئەوەی دوا ساتەكانی ژیانی مێردەكەیان هێندە خۆش كردووە كە لەپێكەنیندا بمرێت.

2899. Angelina Jolie once tried to hire a hitman to kill her, because she felt that a murder would be easier on her family than her committing suicide. The would-be-hitman talked her out of it by asking her to wait a month.

جارێك خانمەئەکتەری ئەمەریکی ئەنجیلینا جولی لەکاتی بێزاریدا، هەوڵیدا پیاوکوژێك بەکرێ بگرێت بۆ ئەوەی بیکوژێت، چونکە پێیوابوو کوشتنی لەلایەن کەسێکی ترەوە ئاسانتر دەبێت وەك لەخۆکوشتن بەنیسبەت خێزانەکەیەوە. دواتر "پیاوکوژەکە" قسەی لەگەڵ جولیدا کردو داوای لێکرد مانگێك چاوەڕێ بکات. بەو شێوەیە شتەکە هەڵوەشایەوە.

2900. لەشوێنە جیاکانی جیهاندا 14 درەخت هەیە کە هێندە کۆنن تەنانەت لەپێش لەدایکبونی مەسیحەوە، هەبون.



2901. In Hong Kong, a woman is allowed to kill her cheating husband, but only with her bare hands.

لە هۆنگ کۆنگ ژنان رێگەیان پێدراوە کە مێردەکانیان بکوژن ئەگەر خیانەتیان لێبکەن، بەمەرجێك لەکوشتنەکەدا چەك و شت بەکارنەهێنن بەڵکو بەدەستی روتی خۆیان ئەنجامی بدەن..

2902. بەدرێژایی ژیانیشت ناتوانیت تا یەك ملیار، بژمێریت. تەنانەت ئەگەر بتوانیت بەبێ وەستان هەر ژمارەیەو یەك چرکەت پێبچێت، ئەوا 32 ساڵی تەواوت پێویستە بۆ گەیشتن بە یەك ملیار، هەرچەندە بێگومان گۆکردنی ژمارە گەورەکان زیاتر لە چرکەیەك دەخایەنێت، ئەمە وێڕای ئەوەی پێویستت بەوەیە بووەستیت و بخەویت.

ئینجاکونێ بە گوێرەی برادەرێك بەناوی جەی هانکۆك کە لەڕۆژنامەی باڵتیمۆر سەن کاردەکات، ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام و بەبێ وەستان رۆژانە هەشت سەعات و هەفتەی پێنج رۆژو پەنجا هەفتە لەساڵێکدا، ژمارە بژمێریت، ئەوا چوار ساڵی تەواوت پێویستە بۆ ئەوەی بگەیتە دە ملیۆن.



2903. The skin on your lips is 200 times more sensitive than your fingertips.

پێستی لێوی شەریفت 200 ئەوەندە لە هی سەری پەنجەت هەستیارترە.

ئینجاکونێ بۆیە سوپرایز نەبێ بەلاتەوە کاتێك لەگەرمەی ماچکردنی لێوی هاوژینەکەت، کابرا بڵێ: بەیارمەتی خۆت ئەبوریمەوە!!!!



2904. لەساڵی 1978 ماکیاس نگیما سەرۆکی غینیای ئیستیوائی دروشمی نیشتمانیی وڵاتەکەی گۆڕی بۆ "جگە لە ماکیاس نگیما هیچ خوایەکی تر نیە".

چونکە زۆر قۆزەە، باش سەیری کەن، لوتی ئەڵێی پەڕەشوتی کراوەیە!!!!

2905. لێکۆڵینەوەیەکی دەرونی کە دە ساڵی خایاندووە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پیاوانەی پێش چونەدەر لەماڵ بۆ سەر کار، هاوسەرەکانیان ماچکردووە، تێکڕا پێنج ساڵ زیاتر ژیاون و داهاتیان بەڕێژەی لەسەدا بیست بۆ 30 لەوانە زیاتر بووە کە بەبێ ماچ لەماڵ چونەتە دەر.

ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر بەیانییەك بە شڵپەی ماچ و موچی دەرودراوسێ خەبەرت بۆوە، نەچی بچی بڵێی سوبحانەڵڵا کە رۆمانسین چونکە ئاستی دیققەتی تێگەیشتنەکەت سەد لەسەد نیەو ئەگەری هەیە پاڵنەری ئەو کارە خواستی تەمەندرێژی و داهاتزۆری بێت نەك رۆمانسییەت بەتایبەت لەناو کورددا!!!



2906. English is the universal "language of the skies". All pilots must learn and speak English, regardless of their country of origin or the tongue they speak.

ئینگلیزی زمانی جیهانیی ئاسمانەکانە. بە چاوپۆشین لەوڵات و ئەو زمانەی خۆیان لەبنەڕەتدا قسەی پێدەکەن، هەموو فڕۆکەوانەکان پێویستە لەسەریان فێری ئەم زمانە بین و قسەی پێبکەن.

2907. A common English-speaker has roughly 50,000 words in their mind and generally finds the correct one in approximately 600 milliseconds.

هەر کەسێکی ئاسایی کە بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکات، نزیکەی پەنجا هەزار وشە لەمێشکیدایەو بەگشتی لەماوەی نزیکەی 600 میللـی چرکەدا، وشەی راست لەناو ئەو پەنجا هەزارەدا دەدۆزێتەوە.

2908. '&' was originally the 27th letter of the English alphabet.

نیشانەی & کە لەبری and واتە "و" بەکاردەهێنرێت، لەبنەڕەتدا 27هەمین پیتی زمانی ئینگلیزی بووە.

2909. In addition to being fluent in English, Greek, Latin, French, Italian and Spanish, Thomas Jefferson also studied Arabic, Gaelic, and Welsh, and remains the most multilingual President of the United States.

سەرباری ئەوەی زمانەکانی ئینگلیزی، یۆنانی، لاتینی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ئیسپانی بە پاراوی زانیوە، تۆماس جێفریسۆن کە سێیەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، عەرەبی، گەیلی و وێڵزی خوێندووە. ئەم برادەرە تا ئێستاش فرەزمانترین سەرۆکی ئەو وڵاتەیە.

2910. In the extinct Australian language Mbabaram, the word for dog is ‘dog’ and it is pronounced almost identically to the English word. This is purely a coincidence and there is no relation between English and Mbabaram.

زمانێکی ئوسترالیی قڕکردوو هەیە پێی دەووترێت بابارام. لەم زمانەدا هەروەك ئینگلیزی بە سەگ دەووترێت dogو بەهەمان شێوەی dogی ئینگلیزیش دەخوێنرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دوو زمانەدا هەبێت، بەڵکو رێکەوتە.

2911. Hebrew became extinct as a spoken native language around 200 A.D. It was revived in Paris on 13 October 1881, when a man named Eliezer Ben-Yehuda (Hebrew lexicographer) and his friends agreed to speak exclusively in Hebrew during their conversations.

لەدەوروبەری ساڵی 200ی زاینی، زمانی عیبری وەك زمانی قسەکردنی دایك، قڕی کرد. بەڵام لە 3-10-1881 لە پاریس زیندوکرایەوە لەلایەن پیاوێکەوە بەناوی ئێلیزەر بن یەهودا کە فەرهەنگنوسێکی عیبری بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی کە لەسەر ئەوە رێکەوتن لەکاتی قسەکردنیاندا تەنها بە عیبری قسەبکەن.

2912. Elephants can tell the difference between human languages and know which languages belong to their enemies, i.e., people with a history of hurting elephants.

فیل دەتوانێت زمانی مرۆڤ بناسێتەوە بزانێت کامیان هی دوژمنەکانیەتی. بۆ نمونە زمانی ئەو کەسانە دەناسێتەوە کە مێژوی ئازاردانی فیلیان هەیە.

2913. In Spanish, "Esposas" has two meanings: "handcuffs" and "wives". Esposas is the feminine plural of esposo, which comes from the Latin sponsus, which comes from the Latin spondere, which means "To bind."

لەزمانی ئیسپانیدا، وشەی Esposas دوو مانای هەیە. بەمانای کەلەپچەی دەست و ژنیش دێت. Esposas کۆی مێ (جەمعی موئەنەس)ی وشەی esposoیە کە لەوشەی لاتینی sponsus هاتووە، ئەمیش لەوشەی لاتینی spondere هاتووە کە بەمانای بەستنەوە دێت.

2914. A greater percentage of Dutch people speak English than Canadians. About 90% of Dutch speak English, while only 85% of the Canadians speak English.

رێژەی خەڵکی هۆڵەندا کە بە ئینگلیزی قسەدەکەن لەرێژەی ئەو هاوڵاتییە کەنەدییانە زیاترە کە بە هەمان زمان قسەدەکەن. نزیکەی لەسەدا 90ی خەڵکی هۆڵەندا بە ئینگلیزی قسەدەکەن، لەکاتێدا تەنها لەسەدا 85ی کەنەدییەکان بە ئینگلیزی قسەدەکەن.

2915. In English, multiple adjectives are supposed to be listed in the following order: Quantity, Opinion, Size, Age, Shape, Color, Origin, Material and Purpose.

لەزمانی ئینگلیزیدا ریزبەندی نوسینی ئاوەڵناوەکان بەم شێوەیە دەبێت: بڕ، بۆچون، قەبارە، تەمەن، شێوە، ڕەنگ، بنەڕەت واتە ئەسڵ، ماددە، مەبەست.

2916. Around 1000 of the world's approximately 5,000 languages are spoken solely in New Guinea.

نزیکەی پێنج هەزار زمان لەجیهاندا هەیە. لەو پێنج هەزارە، تەنها لەوڵاتی غینیای نوێ، هەزاریان قسەیان پێدەکرێت.

2917. Valentine's day is one of the days with highest suicided rates.

رۆژی ڤالانتاین واتە جەژنی خۆشەویستی، یەکێکە لەو رۆژانەی کە زۆرترین رێژەی خۆکوشتنیان تێدا ئەنجامدەدرێن.

2918. جۆرج واشنتۆن واتە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا، لەهاوینی ساڵی 1790 دوو سەد دۆلاری بە دۆندرمە خەرجکردووە. ئەگەر ئەم پارە هاوتا بکەین بە ئێستا دەکاتە نیو دەفتەرو یەك وەرەقەی ناسك!!!



2919. جارێك بینحامین فرانکلین لەلایەن خانمێکەوە دەعوەت دەکرێت بۆ ئەوەی شەوێکی هاوین لەگەڵیدا بەسەربەرێت، فرانکلین لەوەڵامدا داوای لێدەکات کە چاوەڕێ بکات تا زستان دێت چونکە شەوی زستان درێژترە. تەبعەن وەڵامەکەی فرانکلین کە یەکێکە لەمەزنترین و لێهاتوترین کەسایەتییەکانی ئەمەریکا، ناسکەرەفزێکی گاڵتەئامێزی دەعوەتەکە بووە نەك مەبەستی ئەوە بێت کە حەزبکات ماوەیەکی زیاتر لەگەڵیدا بمێنێتەوە..

2920. رەنگە دەستەواژەی سەرسوڕهێنی "بەخوا سەگی!!!" لەدوو شتی ئاوهاوە هاتبێت. ئەم چڕوچاوەی دەبینن، ناوی ئەندرێ ستاندەرە. پۆلیس و تاوانبارێکی ئەفەریقای باشور بوو. زۆرجار لەکاتی پشووی نیوەڕۆی دەوامەکەیدا دەچوو بانکی دەبڕی و دواتر وەك کارمەندێکی لێکۆڵینەوە دەگەڕایەوە سەر هەمان کەیس.

2921. لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی The Wire، ئەندرێ رۆیۆ کە رۆڵی ئاڵودەبوویەکی ماددە هۆشبەرەکان دەبینێت، هێندە بەجوانی رۆڵەکە دەبینێت و ئاوێتەی رۆڵەکە دەبێت، کەسێکی شاری بەڵتیمۆر لێی نزیك دەبێتەوەو پاکەتێك هیرۆین دەداتە دەستی و پێی دەڵێت لەکەسێك دەچێت کە پێویستی بە مژێك لەماددەی هۆشبەرە. رۆیۆ بەم شتە زۆر سەرسام دەبێت و ناوی دەنێت خەڵاتی ئۆسکاری سەرشەقام.

ئەوان ئاوا بەجوانی رۆڵ دەبینن، کەچی لای ئێمەش بەم سەدەی بیست و یەکەمە بەزمی بەزممان هەیە، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە زۆرجار دەبینیت کەسێك لەپێشەوە دانیشتووە، موو بە سەرییەوە نەماوەو عەینەکێکی لەچاودایە، یەکێك نەزانێ ئەڵێ ئەمە سکرتێری حزبێکە یان لانیکەم خاوەنی دوو بڕوانامەی دکتۆرایە، کەچی پاش کەمێك بۆت دەردەکەوێت بە دیالۆگێکی بەزمی بەزم ئەپچڕێ لەپێکەنینا!!!!!

خوا بمانبڕێ بۆ چ نەتەوەیەکین!!!



2922. In the late Middle Ages, books were so valuable that libraries would chain them to the bookcase. This was widely practiced until the 18th century.

یادی بەخێر لەڕابردودا کتێب بەپێچەوانەی ئێستاوە کە رسوا بووە، زۆر بەقیمەت بووە. با زۆر دوور نەکەوینەوە، لەکۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ئیحتیمالی هەیە ئێوە باش بیرتان نەیەت!!!، کتێب زۆر بە نرخ بووە، بەشێوەیەك کە کتێبخانەکان کتێبەکانیان بە زنجیر دەبەستەوە بە دۆڵابەکانەوە. ئەم نەریتەش تا سەدەی هەژدەهەم بەشێوەیەکی فراوان، پەیڕەوکراوە.

2923. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2013، لەسەدا 46ی دایکان دەڵێن مێردەکانیان لەمناڵەکانیان زیاتر هۆکارن بۆ دروستبونی فشاری دەرونی.

رەنگە هۆکاری ئەمە ئەوە بێت کە زۆرێك لەپیاوان بەتایبەت هی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەیان زۆرەق و بێتامە لەگەڵ خانمی یەکەم بەڵام لەبەرامبەر خانمانی دەرەوە ئەوەندە نەرمن کە وریا نەبن ئەتوێنەوەو تا جوانتریش بێت زیاتر نەرم دەبێت بەشێوەیەك وای لێدێت کە پەشمەك بەچاوییەوە پۆڵایە!!!

2924. تا ساڵی 1974یش لەشاری شیکاگۆی ئەمەریکا، ئەگەر روخسارت ناشرین بوایە، بەپێی یاسا بۆت نەبوو لەشوێنی گشتیدا دەربکەویت.

2925. تەنها یەك دڵۆپە رۆنی مەکینە بەسە بۆ پیسکردنی زیاتر لە 25 لیتر ئاو.
لەمەوە دەتوانین بفەرموین کە پێویستە رۆنگۆڕو فیتەروسەیارەوانەکان بە گشتی زۆر وریابن و زوو زوو دەستی شەریفیان بشۆن و نەچن بچن تەنها دەستیان بسڕن و دواتر چت بخۆن یان بخۆنەوە.

2926. لەساڵی 1988 لەشاری ریۆ دی جانیرۆی برازیل، لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی، دانیشتوانی شارەکە هێندە نامورتاح بوون لەسیاسییەکان، مەیمونێکی بەناوبانگی باخچەیەکی ئاژەڵانی ناوچەکە، زیاتر لەچوار سەد هەزار دەنگی بەدەستهێنا.
بەنیسبەت ئێرەشەوە رەنگە موبالەغە نەبێت کە بڵێین سیاسییەکان هێندە زوخاویان کردووە بە سکمانا، سالەی سەرچنارەکەی لای خۆمان یان وەچەیەکی، شیاوی زۆر زیاتر بێت لەکۆی ئەو دەنگانەی زۆرێك لەسیاسییەکان بەدەستی دەهێنن.

2927. ئەگەری فەخامەتی جەنابت بە....
+ مردن لەڕوداوی ئۆتۆمبێل یەك لەسەر 83یە.
+ دزرانی ناسنامەکەت یەك لەسەر چوارە.
+ بەرکەوتن بە هەورەبروسکە یەك لەسەر 835 هەزارو پێنج سەدە.
+ مردن بە گێژەڵوکەیەکی کوشندە 1 لەسەر 60 هەزارە.
+ مردن بە زەمینلەرزە 1 لەسەر 131 هەزارو 890ە.
+ کەوتنە بەر هەڕەشەی روداوی کانێکی ئەتۆمی 1 لە 100 هەزارە.



2928. کەسێك هەیە حەوت ئەوەندەی هەر کەسێکی تر، ئەگەری زیاترە کە تۆ بکوژێت. ئەو کەسەش خۆتی.
بۆیە بەڕێزان پێویستە هەرکاتێك هەستت بە فشاری دەرونی زۆرکرد، یەکسەر بچیتە ناو خەڵك یان بە کۆڕەکە فرییەکەت تێل بکەیت بۆ برادەرێکی کراوەو قسەخۆشت و بیکەیت بە مەزە!!! یان سەیری فیلمێکی کۆمیدی بکەیت، یان هەر شتێکی تر کە ئەو فشارە سوکبکات، ئەگینا کە لەدەستت دەرچوو و خۆت کوشت، هەردوو دنیا لەدەست دەدەیت و زمانحاڵت دەڵێت: بە جارێ مااڵی وێرانم، ئەویشم چوو، ئەمیشم چوو.

2929. Amazon's largest warehouse is the size of 17 American football fields.
قەبارەی گەورەترین کۆگای کۆمپانیای ئەمازۆن، بەقەدەر 17 یاریگای فوتبۆڵی ئەمەریکا دەبێت.



2930. فیزیاناس و گەردوناسی گەورە ستیفن هاوکینگ لەساڵیادی کۆچی دوایی گالیلۆ لەدایکبووەو لەساڵیادی لەدایکبونی ئاینیشتاین، کۆچی دوایی کردووە.

هاوکینگ له 14-3-2018 کۆچی دوایی کرد که 139هەمین ساڵیادی لەدایکبونی ئاینیشتاین بوو. هاوکینگ له 8-1-1942 لەدایکبووه که 300هەمین ساڵیادی کۆچی دوایی گالیلۆ بوو. هەریەکە له هاوکینگ و ئاینیشتاینیش لەتەمەنی 76 ساڵیدا عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشتووە.

2931. 770,000 people living in England cannot speak English well.

زۆر خەفەتیش مەخۆ کە نازانیت بە ئینگلیزییەکی فول قسان بکەیت، ئەوەتا تەنانەت لە ئینگلتەرا بەو هەموو شان و شەوکەوتەوە، 770 هەزار کەس هەن کە ناتوانن بە باشی بە ئینگلیزی قسەبکەن.

2932. لەنیوەشەوی 7-10-1856، بەدیاریکراوی لەکاتی گەردەلولێکی هەورەبروسکاویدا، زانای بەناوبانگ نیکۆلا تێسلا لەدایکبوو. مامانەکە پێویابوو گەردەلولی توند شومە بۆیە رایگەیاند کە ئەم کۆرپەیە رەنگە ببێتە منداڵی تاریکی، لەوەڵامدا دایکی تێسلا وتی، نەخێر وانیە، ئەمە دەبێتە منداڵی روناکی. لەڕاستیدا قسەکەی دایکی راست دەرچوو، ئەوە بوو ئەو منداڵە بووە ئەو زانا داهێنەرە مەزنەی کە رکەبەری ئەدیسۆن بوو و هەندێك لەداهێنانەکانی تێسلا بەهەڵە دراوتە پاڵ ئەدیسۆن.



2933. خانمانی هۆزی یاو لەهەرێمی گوانگشی لە چین، بەدرێژایی ژیانیان تەنها یەکجار قژیان دەبڕن، عادەتەن ئەو جارەش راستەوخۆ پێش شوکردنیانە.

2934. We are more attracted to the way a person smells than we are to the way they look.

ئەوەندەی بۆنی کەسێك سەرنجمان بە حەبل رادەکێشێت، روخساری ئەوەندە رامانناکێشێت.

2935. نەخۆشی زەهایمەر ئەوەندەی کاریگەری بەهێزی لەسەر یادگای زانیاری هەیە، ئەوەندە کاریگەری لەسەر یادگا واتە زاکیرەی سۆزداری نیە. هەربۆیە کاتێك توشبویەکی ئەم نەخۆشییە، هەواڵێکی خراپی پێدەگات، هەر زوو هەواڵەکەی بیردەچێتەوە بەڵام خەمبارییەکەی دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی بزانێت بۆچی خەمبارە.

ئەمە بۆ عاشق خەتەرە!!!!

2936. لەو کەنەدایەی لای خۆمان کتێبخانەیەکی گشتیی گەڕۆك هەیە، سەیرەکە لەوەدایە کە گەڕۆکەکە ئۆتۆمبێل یان کەرڤانە نیە بەڵکو کەرە. کتێبەکان لەسەر پشتی کەرن.



2937. ئەو وتەیەی کە دەفەرموێت ناتوانیت بە پارە بەختەوەری بکڕیت، تەواو نیە. لەڕاستیدا دەتوانێت. بۆ نمونە ئەگەر ئەو شتانەی فەخامەتی جەنابت دەیانکڕیت لەگەڵ کەسایەتیتدا بگونجێت، وەك کڕینی ژەمەخواردنێك بۆ کەسێکی کراوە لەمەیخانەیەك، یان کتێبێك بۆ کەسێکی داخراو.

2938. لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەبەرامبەر هەر ئەمەریکییەك، 92 روسی کوژراون.

2939. Approximately 1 billion people throughout the world go to bed hungry every night.

هەموو شەوێك نزیكەی یەك ملیار كەس لەسەرتاسەری جیهاندا، بە برسێتی دەچنە جێگای خەوتنەوە.

2940. بەگشتی هەر كەسێكی ئاسایی، بەدرێژایی ژیانی 36 جار بەلای پیاوكوژێكدا تێدەپەڕێت.



2941. ئەو پیاوانەی خیانەت لەهاوسەرەكانیان دەكەن، پلەی زیرەكییان كەمترە لەوانی تر.

2942. ئەم چرۆچاوەی دەیبینن، ناوی لویس گاراڤیتۆیەو ترسناكترین فرەبكوژە لەجیهانداو 140 كەسی كوشتووە. سەرباری ئەوەش حوكمی زیندانیكردن بۆ تەنها 22 ساڵی ناسكی بەسەردا سەپێنراوەو دەكرێ لەساڵی 2021 ئازادبكرێت.



2943. ئێوەش وەك برام وان نێرەهەنگی هەنگوین لەکاتی سێکسکردنداو بەدیاریکراوی لەکاتی گەیشتن بە ئۆرگازم، هێلکەگونەکانی دەتەقن و دوای ئەوەش عومری درێژی بۆ ئێوە جێدەهێڵێت.

The testicles of a male honey bee explode on achieving orgasm, after which it dies!

2944. لەساڵەکانی 1980کاندا دەرهێنەرێکی یابانی زنیجیرەیەك فیلمی ترسناکی خوێناوی بڵاوکردەوە کە هێندە لەڕاستی دەچوو، لەلایەن پۆلیسەوە لێکۆڵینەوەی لەتەکدا کراو ناچارکرا بیسەلمێنێت لەفیلمەکانیدا هیچ کەسێك بەڕاستی نەکوژراوە.

2945. "با لێرە بچینە دەرەوە" ئەو دێڕەیە کە بەبەراورد بە هەر دێڕێکی تر زۆرترین جار لەفیلمەکاندا بەکاردەهێنرێت.



2946. ئەو پیاوەی دیزاینی بۆ ژێرزەمینییە نهێنییەکەی سەدام حسێن کرد، کوڕەزای ئەو ژنە بوو کە پێشتر دیزاینی ژێرزەمینییە نهێنییەکەی ئەدۆلف هیتلەری کردبوو.



2947. سەد دەوڵەمەندترین کەسەکەی جیهان تەنها لەساڵی 2012دا هێند پارەیان دەستکەوتووە کە بەشی ئەوە دەکات چوار جار هەژاری لەسەرتاسەری جیهاندا نەهێڵن.

2948. بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری پۆزەتیڤی هەبێت لەسەر جەستەت، ئاو لەکاتی گونجاودا بخۆرەوە:

+ پاش لەخەوهەستان بیخۆرەوە بۆ سودمەندبونی ئەندامەکانی هەناوت.
+ پاش ژەمەخواردنەکان بیخۆرەوە بۆ هەرسکردن.
+ پێش حەمامکردن بیخۆرەوە بۆ دابەزاندنی فشاری خوێن.
+ پێش خەوتن بیخۆرەوە بۆ ئەوەی بەدوربیت لەجەڵتەی مێشك و دڵ.



2949. لەشوێنە جیاکانی جیهاندا سەدان دورگە هەن کە دانراون بۆ فرۆشتن، هەندێکیان نرخەکانیان زۆر کەمەو تەنها بە سێ دەفتەری ناسکە واتە پارەی ناسکەسەیارەیەکی فۆردە!!!

2950. ئەمەی دەیخوێنەوە لەسەیر سەیترو لەعەجیب عەجیبترو لەغەریب غەریبترە. ئەم دوو برادەرەی دەیبینن، دوانەیەکن کە هەر لەکاتی لەدایکبونەوە واتە بە ساوایی لەیەك جیاکراونەتەوەو تا تەمەنی 39 ساڵیش یەکتریان نەبینیوەتەوە.

هەردوکیان ناونراون جیم، ژنی یەکەمی هەردوکیان ناوی لیندا بووەو ژنی دووەمی هەردوکیان ناوی بێتی بووە. هەردوکیان کوڕەکانیان ناوناوە جەیمس و سەگەکانیان ناوناوە تۆی. هەردوکیان جگەرەخۆرێکی هێندە مەبدەئی بون کە جگەرەیان بەجگەرە داگیرساندووەو هەردوکیشیان جگەرەی سالمیان خواردووە. هەردوکیان سەیارەی کۆمپیانیای چێفرۆلێتیان لێخورِیوە کە خۆمان بە هەڵە پێی دەڵێین شۆفرلێت. هەردوکیان بونەتە جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس و هەردوکیان لەهەمان کەناراوی شاری فلۆریدا، پشووەکانیان بەسەربردووە.!!!!

2951. لێکۆڵینەوەیەکی دەرونزانی ئاماژەی بەوە داوە کە کاتێك سینگڵیت، هەموو ئەو جوتانەی دەیانبینیت هاوژینی بەختەوەرن، کاتێکیش هاوژینت هەیە، هەموو ئەوانەی دەیانبینیت، سینگڵی بەختەوەرن!!!! دە ئیتر وەرە سوێت نەبێتەوە!!!



2952. باشترین هاوڕێت ئەو کەسەیە کە راستەوخۆ یەکەم کەس پاش خوێندنەوەی ئەم رستەیە دێتە مێشکی شەریفتەوە.



2953. یەکەمی بێرکەبەر سەگە (تەبعەن مەخسەوم لەڕوی وەفادارییەوەیە). لەو روسیایەی لای خۆمان سەگێك، خاوەنەکانی لەڕوداوێکی ئۆتۆمبێلدا گیانیان لەدەستدا، دوای ئەوە هەرچەندە کەسانی تر هەوڵیاندا ببنەخاوەنی و بییەنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام هیچ سودی نەبوو، سەگەکە شوێنی روداوەکەی جێنەهێشت و چاوەڕێی خاوەنە مردووەکانی دەکرد بگەڕێنەوە، هەر لەو شوێنە مایەوە تا حەوت ساڵ دواتر لەچاوەڕوانیدا سەری نایەوەو گیانی لەدەستدا.

لەبەرامبەر ئەم وەفادارییەدا ئەو شارە بەڕەسمی ئەم سەگەی تەبەنی کردو وەك رێزگرتنێك بۆ ئەو وەفادارییەی، پەیکەرێکی بۆ دروستکرد.

2954. لەسەدا 75ی خەڵك بەیانیان کاتێك لەخەوهەڵدەستن، هەوڵدەدەن خەویان لێبکەوێتەوە، تەنها بۆ ئەوەی ئەو خەوەی بینویانەوە تەواو نەبووە، تەواوی بکەن!!!



2955. In 1987, a man named Arthur Shawcross, who was convicted of raping and murdering both a 10-year-boy, and an 8-year-old girl, was released from prison after only 12 years served for “good behavior.” He went on to commit 12 more murders.

ئەم چڕوچاوەی دەیبینن پیاوێکە بەناوی ئارسەر شاوکرۆس کە بە تاوانی لاقەکردن و کوشتنی کوڕێکی تەمەن 10 ساڵ و کچێکی تەمەن هەشت ساڵ زیندانی کرابوو. لەساڵی 1987 پاش بەسەربردنی 12 ساڵ لەزیندان بەهۆی "ڕەفتاری باش"ەوە ئازادکرا. بەڵام پاش ئازادکردنی 12 قەتڵی تری ئەنجامدا.

دڵنیانیم تا چەند ئەم کۆمێنتەی من لەسەر ئەم حاڵەتە روی مەجلیسی هەیە یان نا، بەڵام سەد لەسەد دڵنیام ئەگەر نەیفەرموم دڵم شەق ئەبا:

دەستەواژەی "ئاخ کێری قومری"یەکەی لای خۆمان پاش رودانی دوو حاڵەتی وا وتراوە!!!!



2956. In 2009, despite having DNA evidence of the suspect, German police could not prosecute the perpetrator of a $6.8 million jewel heist because the DNA belonged to identical twins (Abbas and Hassan O), and there was no evidence to prove which one of them was the culprit.

ئەم دووبرادەرەی دەیبینن شانسێکیان هەیە کابرا نیەتی لەئینتیخاباتا. لەساڵی 2009، پۆلیسی ئەڵمانیا هەرچەندە بەڵگەی دی ئێن ئەی لا بوو سەبارەت بە تاوانبارێك کە بە بەهای 680 دەفتەر دۆلار، خشڵ و زێڕو زیوی دزیبوو، بەڵام نەیتوانی سکاڵا لەسەر خاوەنی ئەو دی ئێن ئەیە تۆماربکات چونکە ئەو کەسە دوانەیەکی هاوشێوە بوون و دوانەی هاوشێوەش هەمان دی ئێن ئەیان هەیەو مەگەر درۆزن لەیەکیان جیابکاتەوە.!!!

2957. ئەو قسەیەی کە دەووترێت "نیوەی هەموو هاوسەرگیرییەکان بە جیابونەوە کۆتاییان دێت"، چیتر راست نیە. ماوەی چەند دەیەیەکە رێژەی جیابونەوە لەکەمبونەوەدایە. لەئێستادا هەر کەسێکی هاوسەردار رێژەی مانەوەی بە هاوسەرداری لەسەدا 75ە.

بەڕەئی من رەنگە هۆکاری ئەمە گۆڕانی پێناسەی هاوسەرگیری بێت لەبیروبۆچونی خەڵکدا ئەگینا لەوە ناچێت خەڵکی ئەم چەند دەیە لەهی پێش ئەو چەند دەیەیە شەریفترو پاکتر بێت.



2958. ڕێژەی تاوان لەو سەنگافورەیەی لای خۆمان، هێندە نزمە بەشێوەیەك كە تەنانەت زۆرێك لەدوكانەكان لەشەودا كاتێك دوكانەكانیان دادەخەن، دەرگاكان داناخەن.

تەبعەن ئەم ئاسایش و ئەمانە بە نیسبەت مێژوی ئیسلامەوە زۆر كۆنە، چونكە نزیكەی هەزار ساڵ لەمەوبەر، لەسەردەمی عومەری كوڕی عەبدولعەزیزدا بینراوە مەڕو گورگ لەپاڵ یەكدا ئاویان خواردووەتەوە بەبێ هیچ ترس و پەلامارداندنێك. بەڵام ئاخخخخخ بۆ ئێستای جیهانی ئیسلام!!!

2959. به گشتی هەر خانمێك حەڤدە ساڵی تەمەنی لەریجیمکردندا بەسەردەبات.

تەبعەن ئەمە دەکات بەدەرجەی یەك لەپێناو جوانیداو پاشان لەپێناو تەندروستی. بەڵام زۆر جار دەبینین خانمێك بەو هەموو گرنگیدان بەخۆیەوە پاش ئەوەی لەباوەخۆنی پاش گواستنەوە دێتەوە بۆ ماڵی باوکی یان پاش چەند ساڵێك لەزەواج، ئەوەندە تێکچووە ئەڵێی سەیارە لێیداوە!!!!

2960. مرۆڤ سێ جۆر فرمێسکی هەیە: بنچینەیی، خۆنەویستانە، دەرونی. فرمێسکی دەرونی بریتییە لەوەی کاتێك دەریدەدەین کە خەفەتبار بین. ئەم جۆرە پێکهاتەکەی لەدوو جۆرەکەی تر جیاوازەو ئازارشکێنێکی سروشتی تێدایە بەناوی لوسین ئێنکفالین، ئەمەشە هۆکاری ئەوەی کە رەنگە پاش گریان، هەست بەباشی بکەین.



2961. ئەم برادەرەی دەیبینن زۆر فەقیرە، پیاو بەزەیی پێدا دێتەوە. ئەم داماوە ناوی جێف بیزۆسەو دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئەمازۆنە. فەقیرە ئیشی نەماوە، لە 10-10-2017 لەماوەی پێنج دەقەدا شەش ملیارو 240 ملیۆن دۆلار واتە تەنها 624 هەزار دەفتەری دەرسکەوتووە!!!!

2962. سەرباری ئەو هەموو تەنەکەلۆجیاو ماڵپەڕە کۆمەڵایەتی و بەزموڕەزم و تروتەشخەڵانە، بەڵام بەگشتی خەڵکی ئەم سەردەمە لەهی چەند دەیەیەك لەمەوبەر، هاوڕێیان کەمترە.
رەنگە هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوە بێت سیقە زۆر کەمبوبێتەوە.



2963. ئینسان هەرچەند لێهاتوو و داهێنەر یان دەوڵەمەندو جوان بێت، باش وایە نەچێ بچێ پۆز لێبدات چونکە شکاندنی پۆزو لوتبەرزی زۆر ئاسانە لەلای خوا. ئەم وێنەیەی دەیبینن پەیکەرێك بوو بەناوی "زەویی کەشتیی ئاسمانی". کێشەکەی 175 تۆن بوو و بڕی یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەر دۆلاری ناسکی تێچووبوو. ئەو هونەرمەندەی ئەمەی دروستکرد، وتی ئەم پەیکەرە بەرگەی هەزار ساڵ دەگرێت. بەڵام نەك هەزار ساڵ بەڵکو بەرگەی هەزار ڕۆژیشی نەگرت و پاش تەنها سێ مانگ لەدانانی، ڕوخا.

ڕەنگە ئەم ناسکەپەیامێکیش بێت بۆ ئەو فەخامەتانەی زوو زوو دەچنە جادەی پۆزەکە!!!!

2964. جۆرێك قارچك هەیە كە خۆی لەخۆیدا سەلامەتە بۆ خواردن بەڵام ئەگەر بەدوایدا شەراب بخۆیتەوە، دەكرێ بتكوژێت و عومری درێژت بۆ جەماعەت جێبهێڵیت.

شەراب خۆی لەخۆیدا شتێكی پیس نێگەتیڤە، مادام ئەمەشی هاتەسەر ئەوا قەزیەكەی بوو بە دوو قەزیە!!!

2965. ئەمەی دەیخوێننەوە لەسەیرسەیرترە. لەساڵی 1975 کوڕێکی تەمەن 17 ساڵ لەکاتێکدا پاسکیلەکەی لێدەخوڕی، لەفولکەیەدا توشی روداوێکی هاتوچۆ بوو لەگەڵ تاکسییەك کە نەفەرێکی پێبوو، لەئەنجامدا گیانی لەدەستدا. سەیرەکە لەوەدایە کە ساڵی پێشتر برایەکی ئەم کوڕە هەر لەتەمەنی 17 ساڵیداو هەر لە هەمان فولکەو بە روداوێکی هاتوچۆ لەگەڵ هەمان تاکسی کە هەمان شۆفێرو هەمان نەفەری تێدابوو، گیانی لەدەستدابوو.



2966. لەویلایەتی ئەلاسکا سەوزە بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر زەبەلاح گەورە دەبێت، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆژانە 20 سەعات خۆر لێیدەدات.

2967. In order to perform some brain surgeries, surgeons actually peel the patients face off.

لەپێناو ئەنجامدانی هەندێك نەشتەرگەری مێشك، پزیشكانی نەشتەرگەر، دەموچاوی نەخۆشەكان دادەماڵن.

2968. The Sun could explode right this second and you wouldn't know it for another eight minutes.

Or it could have exploded 7 minutes and 55 seconds ago, and you're going to find out right Now.

دەكرێ خۆر هەر ئێستا بتەقێتەوەو تۆ هەشت خولەكی تر پێی بزانیت. یان دەكرێ حەوت دەقەو پەنجاو پێنج چركە بێت تەقیێتەوەو هەر ئێستا تۆ پێی بزانیت.

2969. You might be surprised by the amount of saliva that you'll produce over the course of your lifetime.It's enough to fill two Olympic-sized swimming pools.

رەنگە زانینی بڕی ئەو لیكەی فەخامەتی جەنابت بەدرێژایی ژیانت دەریدەدەیت، توشی شۆكت بكات، چونكە بڕەكەی ئەوەندە زۆرە كە دوو حەوزی مەلەكردنی یاریپە ئۆلۆمپییەكان پڕدەكات.

2970. The average human secretes around 26 gallons of sweat onto their mattress PER YEAR.

بەگشتی لەشی هەر كەسێك رۆژانە نزیكەی 26 گاڵۆن واتە نزیكەی پێنج دەبەی بیست لیتری عارەق دەردەداتە سەر دۆشەكەكەی.

2971. It’s completely possible to “pop” a human testicle.And it doesn’t take a lot of force, either. Some researchers claim it can be done with a mere 5 pounds of pressure.

تەقینی هێلکەگونی مرۆڤ نەك هەر دەگمەن نیە بەڵکو شتێکە زۆر ڕێی تێدەچێت، تەنانەت هێزێکی زۆریشی ناوێت. هەندێك لێکۆڵینەوە دەفەرمون دەکرێ بە فشاری تەنها دوو کیلۆو روبعێك، بتەقێت.

بەڵام واوەیلا بۆ ئەو کەسەی کە هێلکەگونەکەی دەتەقێت، ڕەنگە لەئازارا جەهەننەم بە ملەوەنی ببینێت.

2972. Bill Gates currently has more dollars than you have seconds in your life. If you were somehow able to make $1 every single second for the rest of your life, Bill Gates would still have like 25 times as much money as you.

بێچاوێنی بێ کۆی ئەو دۆلارانەی بیل گەیتس واتە خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت هەیەتی، لەژمارەی چرکەکانی تەمەنی تۆ زیاترە. ئەگەر هەموو چرکەیەکی تەمەنت یەك دۆلار پەیدابکەیت، هێشتا گەیتس 25 ئەوەندەی تۆ پارەی هەیە. باشە کاکە!!!

بەڵام بەخوا قابیلیەتی، سەرباری ئەو هەموو سامانە، کەسێکی خاکی و بەخشندەیەو پێمواید ئەو سامانەی وەك شیری دایکی پێ حەڵاڵەو بەهەشتەکەشی مسۆگەرە.

2973. Nearly 60,000 people are murdered in brazil each year. That’s more than 160 each day.

لەوڵاتی ئەبو ڕۆناڵدۆ (مەبەستم ڕۆناڵدۆ ئۆریجناڵەکەی برازیلە نەك فەلەکەی پورتوگال) ساڵانە نزیکەی 60 هەزار تاوانی کوشتن ئەنجامدەدرێت، واتە تێکڕا ڕۆژانە زیاتر لە 160 کەس دەکوژرێت.

2974. The horned lizard can shoot blood from its eye as a defense mechanism. It can travel up 6 feet.

قۆڕیی شاخدار وەك ڕێگەیەکی بەرگری لەخۆکردن دەتوانێت خوێن لەچاوییەوە هەڵدات بۆ دوژمنەکەی. مەودای ئەم هەڵدانەش دەگاتە نزیکەی دوو مەتر.

2975. ئەم سەرتاشەی دەیبینن، هەر منداڵێك سەری لەلا چاك بکات، ئەگەر لەکاتی سەرچاککردنەکەدا منداڵەکە کتێبی بۆ بخوێنێتەوە، ئەوا دوو دۆلار کەمتری لێدەسێنێت.

موهیمی ئەم کارە لەوەدایە کە منداڵ هاندەدات بۆ خوێندنەوەو خۆشی سودی لێدەبینییت.

2976. ئەم لوتفشەی دەیبینن وەرگێڕی سەرەکی پەرلەمانی ئەوروپایەو ناوی یوانیس ئیکۆنۆمەوە. ئەم برادەرە زۆر بەباشی بە 32 زمان قسەدەکات.

2977. لەساڵی 1914 سەربازێکی بەریتانی جەنگی جیهانی یەکەم بەناوی تۆماس هوگێس نامەیەکی بۆ ژنەکەی نوسی و خستییە بوتڵێکی بیرەوەو بوتڵەکەی هەڵدایە دەریای مانچەوە بەو هیوایەی بگاتە دەستی. دوو رۆژ دوای ئەوە سەربازەکە

عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت و کوژرا. 85 ساڵ دواتریش واتە لەساڵی 1999 ماسیگرێك ئەو بوتڵەی لەڕوباری تایمزدا دۆزییەوە. ژنی سەربازەکە لەساڵی 1979دا مردبوو بۆیە ماسیگرەکە بوتڵ و نامەکەی گەیاندە کچەکەیان کە تەمەنی 86 ساڵ بوو.



2978. When Steve Jobs was at his deathbed, he asked for five different oxygen masks so that he could choose the one with the best design.

کاتێك ستیڤ جۆبز هاودامەزرێنەری کۆمپانیای ئەپڵ لەسەر قەرەوێلەی مەرگ بوو، داوای پێنج ماسکی جیاوازی ئۆکسجینی کرد، بۆ ئەوەی ئەوەیان هەڵبژێرێت کە باشترین دیزاینی هەیە.

مرۆڤی داهێنەرو بەسەلیقە وایە، تا دواهەناسەی ژیانی بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەتدەکات و کۆڵنادات.

رەنگە بتوانین بڵێین ئەم روداوەی جۆبز هاوشێوەی ئەوەیە کە بە عەبدوڵای کوڕی موبارەك کە یەکێك بووە لەتابیعییە گەورەکان، دەڵێن: ئەگەر درەختێکت بەدەستەوە بێت و لەوکاتەدا بزانیت کاتێکی زۆر کەمت ماوە لەژیان چی دەکەیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: درەختەکە دەڕوێنم.

2979. ئەو بڵقگەلەئاوەی تڕی نەهەنگی شین دروستیدەکات، هێندە گەورەیە کە جێگای ئەسپێکی تێدا دەبێتەوە.

2980. نیوزلەندا ڤیزای نیشتەجێبون نادات بەو کەسانەی زۆر قەڵەون. تائێستا داواکاریی ئەو جۆرە ڤیزایەی چەند کەسێك بەهۆی قەڵەوییەوە رەتکراوەتەوە.

2981. French grammarian Dominique Bouhours's last words were "I am about to -- or I am going to -- die: either expression is correct."

رێزمانزانێکی ناودار هەیە بەناوی دۆمینیك بۆر کە خەڵکی فەرەنسایە. کۆتاقسەی ژیانی ئەم برادەرە ئەوە بووو کە وتی: ئەگەر بتەوێت بە ئینگلیزی بڵێیت من خەریکە دەمرم، ئەوا هەردوو رستەی

I am about to die.

یان

I am going to die.

راستە.

2982. Four times as many people are killed by ants every year than are killed by sharks.

ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە بەهۆی مێرولەوە گیان لەدەست دەدەن، چوار ئەوەندەی ئەوانەیە کە بە قرش گیان لەدەستدەدەن.

2983. In 1988, a 17-year-old Japanese high school student named Junko Furuta was abducted and tortured for 44 days after which she was murdered. The murder was perpetrated by four teenage boys. According to their trial statements, the four of them: raped her over 400 times, beat her several times, starved her, hanged her body from the ceiling and used her as a "punching bag", dropped barbells onto her stomach several times, forced her to eat live cockroaches and drink her own urine, forced her to masturbate in front of them, inserted foreign objects into her vagina and anus, shoved a still-lit light bulb into her vagina, set fireworks into her anus, vagina, mouth and ears, burnt her vagina and clitoris with cigarettes and lighters, burnt her eyelids with hot wax and lighters, tore off her left nipple with pliers and pierced her breasts with sewing needles. All four of them were arrested but were only given light sentences for their atrocious crimes because they were teenagers.

لەساڵی 1988، کچەخوێندکارێکی تەمەن 17 ساڵی ژاپۆن بەناوی جونکۆ فوروتا رفێنراو بۆ ماوەی 44 رۆژ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجەدراو لەئەنجامدا گیانی لەدەستدا. ئەم تاوانە لەلایەن چوار کوڕەهەرزەکارەوە ئەنجامدرا.

بەگوێرەی دانپێدانانەکانی ئەم تاوانبارانە، هەرچواریان 400 جار ئەم کچەیان لاقەکردووە، چەندین جار لێیان داوە، زۆر برسییان کردووە، جەستەیان بە بنمیچی ژورەوە هەڵواسیوەو وەك کیسی هەڵواسراوی بۆکسلێدان بەکاریان هێناوە. ئاسنی وەرزشی بەرزکردنەوەی قورساییان، چەند جارێك بە سکیدا هەڵواسیوە. ناچاریان کردووە سیسرك بە زیندویی بخوات و میزی خۆی

بخواتەوە. ناچاریان کردووە لەبەردەم هەرچواریاندا خووە نهێنی بکات. شتی سەیرو سەمەرەیان کردووە بە زێ و کۆمیدا. گڵۆپی هەڵکراویان کردووە بە زێیدا. یاری ئاگرینیان ناوە بە کۆم و زێ و دەم و گوێیەوە.
هەر بەگوێرەی دانپێدانانەکانیان، زێ و بەزریان بە جگەرەو چەرخ سوتاندووە، پێڵوی چاویان بە مۆمی گەرم و چەرخ سوتاندووە. گۆی مەمکی چەپیان بە پلایس لێکردووەتەوەو مەمکیان بە دەرزی دروماں کونکردووە.
سەرباری ئەم هەموو تاوانە دڕندانەیە، ئەم چوار کەسە سزای زیندانیی سوکیان بەسەردا سەپێنرا؟ بۆ؟ چونکە هەرزەکار بوون.



2984. In 2011, Los Zetas drug cartel committed a massacre in San Fernando, Mexico. Cartel members hijacked a number of buses along the highway and kidnapped the passengers. Female victims were raped and able-bodied men were forced to fight to the death with other hostages. They were given knives, hammers, machetes, and clubs. Survivors were recruited as a hitman for Los Zetas. All in all 193 people were killed and buried in 47 clandestine mass graves.

لەساڵی 2011 باندی لۆس زێتاس کە باندێکی تاوانکاریی ماددە هۆشبەرەکانە لە مەکسیك، کۆمەڵکوژییەکی لەشاری سان فێرناندۆ ئەنجامدا.
لەمیانەی ئەو تاوانەدا چەند ئەندامێکی باندەکە، لەسەر رێگای خێرا، ژمارەك پاسیان بە نەفەرەوە رفاند. بارمتە ژنەکانیان لاقەکردو چەقۆو چەکوش و داس و کوتەکیان دا بە بارمتە پیاوە بەهێزەکان و ناچاریانکردن لەگەڵ یەکتردا شەڕبکەن تا یەکتر کوشتن. رزگاربوانی ناو شەڕی نێوان بارمتەکانیان کردە پیاوکوژی باندەکە. لەئەنجامی ئەو کارەدا 193 کەس کوژران و لە 47 گۆڕی بەکۆمەڵی نهێنیدا نێژران.

2985. Convicted serial killer Albert Fish a.k.a. The Brooklyn Vampire was a child rapist and cannibal, who boasted that he "had children in every state." and at one time stated the number was about 100. He was put on trial for the kidnapping and murder of Grace Budd. He was captured when police investigated a letter that he had sent to the mother of Grace Budd, in which he described how he killed her 10-year-old daughter and ate her. When he was executed, he even helped the

executioner position the electrodes on his body before uttering his final words, "I don't even know why I'm here," before he was killed by two jolts to kill him.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فرەبکوژێك هەبوو بەناوی ئەلبێرت فیش کە بە خوێنمژەکەی بروکلین ناسراوبوو. ئەم تاوانبارە منداڵلاقەکەرو مرۆڤخۆر بوو واتە گۆشتی مرۆڤی دەخوارد. بە شانازیشەوە دەیوت، لەهەموو ویلایەتێکی ئەمەریکا منداڵی هەیە. جارێکیشیان رایگەیاندبوو ژمارەی ئەو منداڵانەی کە هەیەتی لە 100 نزیدەبێتەوە.

ئەم پیاوە دواجار بەتۆمەتی رفاندن و کوشتنی منداڵێك بەناوی گرەیس بەد، دادگایی کرا. دەستگیرکردنیشی پاش ئەوە هات کە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەسەر نامەیەك کرد کە ئەم پیاوە ناردبوی بۆ دایکی ئەو منداڵەو تیایدا باسی ئەوەی کردبوو کە چۆن کچە تەمەن 10 ساڵەکەی کوشتووەو پاشان خواردویەتی. لەکاتی ئیعدام کردنیشیدا بە کورسی کارەبایی، ئەم پیاوە تەنانەت یارمەتی جەلادەکەی دا لەدانانی جەمسەری وایەرە کارەباییەکان لەسەر جەستەی و پاشان وەك دوا وتەی ژیانی وتی: "من تەنانەت نازانم بۆچی لێرەم". پاش ئەوە دوو تەزووی کارەبای لێدراوە کوژرا.

2986. Charles Domery was a Polish soldier of normal build who is noted for his unusually large appetite. He surrendered to the French for food, ate 174 cats in 1 year, often ate 4-5 pounds of grass a day, and after a fellow sailor’s leg was severed, he began to eat it. The prison gave him 10x the rations, but he still ate rats, cats and candles to quench his appetite.

سەربازێکی پۆڵەندی هەبوو بەناوی چارلز دۆمری. ئەم برادەرە هەرچەندە پێکهاتەی جەستەی ئاسایی بوو، بەڵام بەوە ناسراو بوو کە ئارەزویەکی زۆر گەورەو نائاسایی هەبوو بۆ خواردن. لەکاتی شەڕدا خۆی رادەستی هێزە فەرەنسییەکان کرد لەپێناو خواردندا. لەماوەی تەنها ساڵێکدا 174 پشیلەی خواردووە. زۆرجار نزیکەی دوو کیلۆگرام گیای خواردووە لەڕۆژێکدا. پاش ئەوەی کە قاچی هاوکارێکی کە دەریاوان بوو، بڕایەوە، دەستیکرد بە خواردنی ئەو قاچەش. لەزیندانیش 10 ئەوەندەی بەشی خۆی خواردنی پێدەدرا بەڵام سەرباری ئەوەش جرج و پشیلەو مۆمی دەخوارد بۆ ئەوەی ئەو حەزی خواردنەی نەمێنێت.

2987. The habbit of hugging your pillow while sleeping indicates that you miss a certain someone.

خووی باوەش کردن بە سەرینەکەت لەکاتی خەوتندا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بیری کەسێکی دیاریکراو دەکەیت.

2988. Alien hand syndrome is a rare neurological disorder, in which one hand functions involuntarily, often in direct conflict with the other hand, with the victim completely unaware of its actions. People affected by it can pick things up, throw

them and even attempt to strangulate themselves, having to use the controllable hand to restrain the alien hand. There is no known cure for the alien hand syndrome.

نەخۆشییەکی دەماری هەیە بەناوی سیندرۆمی دەستی نامۆ کە زۆر دەگمەنە. دەستێکی توشبوی ئەم نەخۆشە بەشێوەیەکی خۆنەویستانە رەفتاردەکات، زۆرجار بەپێچەوانەی دەستەکەی ترەوە دەجوڵێت. توشبووی ئەم نەخۆشییە زۆر بێئاگایە لەکارەکانی ئەم دەستە، بەکوردییەکەی خۆمان ئاگای لەمەحموی بێزەوا نیە. دەکرێ دەستە بەرکەوتووەکەی ئەم نەخۆشە شت هەڵبگرێت و فڕێی بدات و تەنانەت دەست بخاتە بینەقاقای خودی کەسەکەوە، ئەمەش پێویست دەکات کە دەستە ساخەکە کە لەژێر کۆنترۆڵدایە، بەکاربهێنرێت بۆ سەرکوتکردنی دەستە نامۆکە. تائێستاش نەزانراوە هۆکاری ئەم نەخۆشییە چیە.

2989. Andrei Chikatilo was a Soviet serial killer who killed at least 52 women and children from 1978-1990. In the process of trying to catch him, Soviet police solved more than 1000 unrelated crimes, including 95 murders and 245 rapes. The first time he was captured he was released from custody because his semen type was different from his blood type, which is extremely rare. He even helped police with the investigation at that point. When he was executed, he exclaimed “Don’t blow my brains out! The Japanese want to buy them!”

ئەندرێ چیکاتیلۆ فرەبکوژێکی یەکێتی سۆڤیەت بوو کە لەساڵی 1978 تا 1990 لانیکەم 52 ژن و منداڵی کوشتووە. لەکاتی پرۆسەی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی، پۆلیس زیاتر لە هەزار تاوانی تری چارەسەرکرد کە پەیوەندییان بەتاوانەکانی ئەمەوە نەبوو. لەو زیاتر لەهەزار تاوانە، 95 کوشتن و 245 لاقەکردنی تێدا بوو. یەکەمجار کە ئەم برادەرە دەستگیرکرا، ئازادکرا چونکە تۆوەکەی لەجۆری خوێنەکەی جیاواز بوو، ئەمەش حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە، لەدەستگیرکردنەکەی یەکەم جاریشیدا یارمەتی پۆلیسی دا لەلێکۆڵینەوە لەو رووەوە. دواجار کاتێك لەسێدارە درا، هاواریکرد: "مێشکم مەتەقێنن، یابانییەکان دەیانەوێت بیکڕن".

2990. کێشانی تابلۆی مۆنالیزا لەلایەن هونەرمەندی جیهانی لیۆناردۆ دافێنشییەوە، 10 ساڵی پێچووە.

2991. ئەگەر ئەمەریکییەکان واز لەخواردنەوەی رۆژانەی سۆدا بهێنن، ئەوا دەکرێ بە هاتنی ساڵی 2020، رێ لە دوو ملیۆن حاڵەتی توشبون بە نەخۆشی شەکرە بگیرێت.

2992. سەرجەم پانداکان جیهان، مولکی چینن. خۆ ئەگەر پاندایەك لەدەرەوەی ئەو وڵاتە ببینیت، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە دزراوە.



2993. کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیە کە لەبواری نەوتدا کاردەکات، هەر رۆژەو زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری دەستدەکەوێت، واتە هەر رۆژەو سەد دەفتەری سەیی!!!!

Saudi Aramco is an oil company that makes over $1 billion of revenues in the course of just one day!

2994. پێکەنینی کەمتیار دەکرێ لەدوریی سێ میلەوە ببیسترێت.

2995. ئەم برادەرە ناوی بیلّی ئۆوینە. پیاوێکە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە چاوێك و نیوەی دەموچاوی لەدەستداوە. ئەم لەدەستدانەی بەکارهێناوە بۆ دەستکردن بە پیشەی نواندنی رۆلّی زۆمبی.

2996. لەساڵی 2006 خانمێك بەناوی جۆیسی ڤینسنت، پاش سێ ساڵ لەمردنی، لەشوقەکەی لە لەندەن بە مردویی دۆزرایەوە. کاتێك دۆزرایەوە تەنها ئێسکەپەیکەرەکەی مابوو و تەلەفزیۆنەکەی هەر ئیشی دەکرد.

2997. لەسەدا 11ی هەموو ئاڵتونی جیهان بە خانمە کابانە هندییەکانەوەیە. ئەم بڕەش لەکۆی هەموو ئەو ئاڵتونە یەدەگە زیاترە کە ئەمەریکا، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، سویسراو ئەڵمانیا پێکەوە هەیانە.



2998. دەکرێ لەقەی حوشترمل واتە نەعامە شێر بکوژێت.

2999. پێکەوەبونی قژی سورو چاوی شین، دەگمەنترین پێکهاتەی روخسارە لەمرۆڤدا. ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی سروشتی لەتەنها یەك لەسەدی دانیشتوانی جیهاندا هەیە.



3000. لەچەرخەکانی ناوەڕاستدا، سزای خانمە زۆربلێکان ئەوە بوو کە بە ناچاری چەند قەفەزێکی کانزاییان دەکرد بەسەردا!!!

3001. ئایا دەزانیت کە وشەی verb کە بەمانای فەرمان دێت، ناوە نەك فەرمان!



3002. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها وڵاتی بە ئینگلیزیقسەکەرە کە z بە زیی گۆدەکاتە نەك بە زێد وەك وڵاتانی تر.

3003. ئەو کارەبایەی پێویستە بۆ کارپێکردنی ئایفۆن بۆ ماوەی ساڵێك، تەنها 47 سەنت واتە کەمتر لەدۆلارێکی تێدەچێت.

ئەوە کورد دروستیکردایە، هەموو رۆژێك دۆلارێکی تێدەچوو!!!

3004. ماینی روبار دەتوانێت مرۆڤێکی تەواو قوتبدات.



3005. زیاتر لە دە هەزار جۆر تەماتە هەیە.



3006. مۆبایلی نۆکیای 1100 کە لای خۆمان زیاتر ناوی سەرۆکی حزبێکیان لێنابوو، زیاتر لە 250 ملیۆن واتە روبعە ملیارێکی لێفرۆشراوە. ئەم ژمارەیەش پڕۆفرۆشترین مۆدێلی هەموو جۆرە مۆبایلێکە لەمێژوودا.

واتە تەنانەت کونەلوتی نۆکیا 3310و گالاکسی و ئایفۆنیشی شکاندووە. ناحەقیشی نیە شازی مۆبایلە، ئەوەندە قایمە بەتوندی بیدە ئەرزا زیندودەبێتەوەو پێت ئەڵێ: خۆ دەستت عەزیەتی نەگەیی!!!



3007. زانا یابانییەکان سەلاجەیەکیان داهێناوە کە تەنها کاتێك دەرگاکەی دەکرێتەوە، کە زەردەخەنەی بۆ بکەیت.

3008. لەهەموو سەد کەسێك یەکێکیان سایکۆپاتە، واتە ئەو کەسانەیە کە چێژ لەئازاردانی کەسانی تر وەردەگرن. زاهیرەن هیچ جیاوازییەکیشیان لەگەڵ کەسانی تردا نیە.



3009. جارێك ئاپ ستۆری ئەپڵ بەرنامەیەکی دانا بەناوی I am Rich. ئەم بەرنامەی دەفرۆشت بە نزیکەی هەزار دۆلارو هیچ سودیشی نەبوو.
ئەپڵیش بەشی خۆی سەگە!!!

3010. ئایا ئەزانی باوەشپێداکردن بۆ ماوەی 20 چرکە دەبێتەهۆی دەردانی ماددەی ئۆکسیتۆسین، کە دەکرێ ئەو کەسە وا لێبکات کە متمانەی زیاترت پێبکات.
تەبعەن مەبەستم باوەپێداکردنی شەرعی و یاساییە، نەچی بچی هەر جوانێکت بینی باوەشی پێدابکەیت و ببیت بەلەزگە پێوەی. خۆ کافرسانی نیە!!!

3011. There are hundreds of thousands of unexploded Allied bombs in Germany. An average of 15 bombs is discovered daily.

تا ئێستاش سەدان بۆمبی نەتەقیوی هێزەکانی هاوپەیمانانی سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم لەئەڵمانیادا ماون. بەشێوەیەکی گشتی رۆژانە 15 بۆمب لەو بۆمبانە دەدۆزرێنەوە.

3012. Albert Einstein was among 5,000 plus individuals who signed a petition to overturn Germany’s ban on Homosexuality.

ئەلبێرت ئاینیشتاین بەو هەموو عیلم و شان و شەوکەوت و ریش و سمێڵەوە، یەکێك بوو لەو زیاتر لەپێنج هەزار کەسەی کە ئیمزایان لەسەر داواکارییەك کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری قەدەغەکردنی هاوڕەگەزبازی.

3013. In 2013, a bank worker in Germany fell asleep on his keyboard, with the number ‘2’ key pressed, causing him to transfer 222,222,222 euros on a transfer that should've been worth only 62 euros. A co-worker was later sacked for not spotting the error.

لەساڵی 2013 کارمەندێکی بانك لەئەڵمانیا لەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەی خەوی لێکەوت و کەوتە سەر کلیلی ژمارە 2 ، ئەمەش بووەهۆی حەواڵەکردنی 222 ملیۆن و 222 هەزارو 222 یۆرۆ لەبری حەواڵەکردنی تەنها 62 یۆرۆ. دواتر هاوکارێکی لەکاردەرکرا چونکە بەم هەڵەیەی نەزانیبوو.

3014. In 2002, 19 year old garbage man Mickey Carroll won 13 million dollars on a lottery ticket. He spent it all on gambling, cocaine, and prostitutes. He is currently back at his old job collecting garbage.

ئەم سەرخڕەی دەیبینن، ناوی میکی کارۆڵە. ئەمە ئیشی کارگوزاری کۆمپانیای کۆکەرەوەی پاشەڕۆی ماڵانە واتە ئەوەی شتی ماڵان دەکاتە سەیارەی خۆڵەکەوە. ئەم برادەرە بە یانسیب 13 ملیۆن دۆلار واتە هەزارو 300 دەفتەری سەیی بردەوە. بەڵام هەموو ئەو پارەیەی بە قومارو کۆکاین و کچانی لەشفرۆش خەرجکرد. ئێستا ئەم برادەرە گەڕاوەتەوە سەر کارە کۆنەکەی و پاشەڕۆی ماڵان کۆدەکاتەوە!!!!

باشە کاکە!

3015. ئەم پیاوەی دەیبینن جارێك بەشێوەیەك لێیدەدرێت کە حاڵی شڕدەبێت و دەچێتە کۆماوە. دواتر لەکۆماکە رزگاری دەبێت بەڵام توشی فوقدان زاکیرە دەبێت، بەشێوەیەك کە ژنەکەشی کە بیست ساڵە هاوسەریەتی، ناناسێتەوە. بەڵام دواجار عاشقی دەبێتەوە.

3016. During a 2012 study done in eastern Germany, the researchers could not find a single person under the age of 28 who believed in God.

لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2012 کە لەخۆرهەڵاتی ئەڵمانیا ئەنجامدرا، لێکۆڵەران نەیانتوانی تەنانەت یەك کەسی خوار تەمەن 28 ساڵ بدۆزنەوە کە بڕوای بەخوا هەبێت.

سەیرە، خەڵکی ئەبو بی ئێم چاك دەستیداوەتە بێناموسی!!!!

3017. Americans spend more money on pets yearly than Germany spends on its entire defense budget.

ئەو پارەیەی ئەمەریکییەکان ساڵانە لەزیندەوەری ماڵیدا خەرجیدەکەن، لەکۆی تەواوی بودجەی وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا زیاترە.

3018. A woman named Veronica Seider from Germany, had vision 20 times better than an average person. She is able to identify people from more than a mile away.

ئەم شۆخەی دەیبینن (تەبعەن حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتاناو ئەیکەم فلیپینی ماڵتان!) ناوی ڤێرۆنیکا سیدەرەو ئەڵمانییە. توانای بینینی ئەم خانمە بیست جار لەکەسێکی ئاسایی باشترەو دەتوانێت لەدووری زیاتر لەمیلێکەوە خەڵك بناسێتەوە.

3019. لەساڵی 1994 کیسێکی 75 پاوەندی (زیاتر لە 34 کیلۆگرامی) کۆکاین لەتەیارەیەکەوە کەوتەخوارەوە. سەیرەکە لەوەدایە کە کتومت کەوتە ناوەڕاستی مێزگردێکی تایبەت یە چاودێریکردنی تاوان لە فلۆریدا.



3020. ئەسیوپیا کە وڵاتێکی سەرگەردانی ئەفەریقییە، بەپێچەوانەی وڵاتانی تر‌ەوە، 13 مانگی هەیە. ئێستا لەوێ ساڵی 2005و لە 11-9 ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵ دەگێڕن.

3021. ئایا فەخامەتی جەنابت زانیوتە کە سەماکردن زیرەکترت دەکات. هەروەها ئەو هاوژینانەی کە پێکەوە سەمادەکەن یان پێکەوە دەجوڵێن (بۆ نمونە لەکاتی ڕۆشتن بەپێ)، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەیوەندیی نێوانیان بەهێزتر دەبێت. مەخسەوی شەریفیشم لەپێکەوە جوڵان ئەوەیە بۆ نمونە لەکاتی ڕۆشتندا دەستی هەردوکیان بەیەك ئاڕاستە بجوڵێن هەروەها قاچیشیان، نەك هەریەکەیان لەئاوازێك بخوێنێت.



3022. درێژترین ماوە کە مرۆڤێك تێیدا لە کۆمادا بووە، 37 ساڵ بووە.



3023. تائێستاش بەهەموو عەولەمەو مەولەمەیەوە، دوو ملیار کەس هەن لەسەرتاسەری جیهاندا کە خوێندەوارییان نیە.



3024. ئایا دەزانیت کە لەسپێڵی ژمارە یەك تا هەزار بە زمانی ئینگلیزی، تەنها یەك پیتی a چیە تێیدا نیە. واتە thousand کە بە مانای هەزار دێت، کەمترین ژمارەیە کە سپێڵەکەی پیتی aی تێدایە.



3025. تائێستا خاوەنی بەرزترین و دووەم بەرزترین پلەی زیرەکی، ژن بون.



3026. بینجامین فرانکلّین کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ئەمەریکا، سیقەی ئەوەیان پێ نەکردووە راگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتەکەی بنوسێت چونکە بەرپرسان و پسپۆران لەوە ترساون نوکتەیەك بخاتە ناوییەوەو حەیایان بەرێت (تەبعەن بە ئینگلیزی!!!!)



3027. ئەم کەللەبەرانەی دەیبینن یەك شانسی هەیە نەبێتەوە. ناوی فرەین سیلاکەو تەمەنی 85 ساڵە. بە زەحمەت لەم روداوە کوشندانە رزگاری بووە: روداوی تێکشکانی شەمەندۆفێرێك کە گیانلەدەستدانی 17 کەسی لێکەوتووەتەوە، کاتێك لەناو تەیارەیەکدا بووە، تەیارەکە تەقیوەتەوەو گیانلەدەستدانی 19 کەسی لێکەوتووەتەوە. لەڕوداوێکی پاس کە گیانلەدەستدانی چوار کەسی لێکەوتووەتەوە رزگاری بووە. لەتەقینەوەی دوو ئۆتومبێل رزگاری بووە. پاسێکی تر لێیداوە هەر رزگاری بووە. جارێکیش خەریکبووە بارهەڵگرێك لێیبدات بەڵام بە زەحمەت خۆیلاداوەو بەرنەکەوتووە. دوای ئەم هەموو روداوە بلیتێکی یانسیبی کڕیوەو بۆشی دەرچووە.



3028. زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی جیهان، بەدیاریکراوی لەسەدا 51.4ی، لەو بازنەی سەر نەخشەکە دەژین.



3029. با زۆر دوور نەکەوینەوە، نزیکەی تەنها 350 ساڵ لەمەوبەر کە من باش بیرم نایەت!!!، پەرلەمانی بریتانیا یاسایەکی لەدژی سوراوی لێو دەرکرد. ئەم یاسایە دەڵێت: ئەگەر دەرکەوت خانمێك بەهۆی هۆکارەکانی ماکیاجەوە پیاوێکی فریوداوەو لەخۆی مارەکردووە، ئەو دەکرێت ئەو خانمە بە تۆمەتی ئەنجامدانی سیحر دادگایی بکرێت.

لەڕاستیدا یاسایەکی خراپ نیە، بەتایبەت لەم سەردەمەداو بۆ خەڵکی شەرقی بەکوردستانیشەوە. زۆرجار خانمێك دەبینیت ماکیاجی هێندە بەشێوازێکی کاریگەر کردووە، کاتێك پیاوێك دەیبینێت یەکسەر بەسپۆنسەریی سەرەکی شەیتان دەڵێت: سەد مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە 24و خانوی جیا یان دەڵێت: حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ!!!. دواتر پاش هێنان و یەکەم حەمام تەواو پێچەوانەکەی دەردەکەوێت و بەحەسرەتەوە دەفەرمێت: الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ.

ئەوە بە نیسبەت ماکیاجەوە، بەنیسبەت تەجمیلەوە ئەوە هەر مەپرسە.

رەنگە هۆکاریی سەرەکی ئەم تێکەوتنە کورتبینی و لاوازی پیاو بێت بەرامبەر خانمان بەڵام ئەمە بیانوو نیە بۆ ئەوەی خانمان بچنە کەمینەوە بۆ ئەو کورتبینی و لاوازییەی پیاوان لەپێناو هاوسەرگیردا.

3030. لە چین، رۆژێك هەیە بەناوی رۆژی سینگڵەکان. ئەم رۆژە گەورەترین رۆژە لەجیهاندا لەڕوی بازاڕکردنی ئۆنلاینەوە. واتە هیچ رۆژێك نیە بەقەدەر ئەم رۆژە لەجیهاندا کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاینی تێدابکرێت. لەم رۆژەدا سینگڵەکان دیاری بۆ خۆیان دەکڕن.

رەنگە سینگڵ بەشێوەیەك لەشێوەکان گوناح بێت، بەڵام پێموایە گیراوە سینگڵەکان کە ژمارەیە لەسەرتاسەری جیهاندا کەم نیە، گوناحترن!!!

3031. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی ئاکی رایەو لە کەمبۆدیایە. ئەم برادەرە تەنها خودی خۆی 22 ساڵی تەمەنی لەپاککردنەوەی لوغمی زەمینیدا بەسەربردووە. لەو ماوەیەدا زیاتر لە 50 هەزار مینی پاککردووەتەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە ئامێری خۆپاراستنیشی بەکارنەهێناوەو تەنها بە چەقۆیەکی گیرفان و پلایسێك و تولّەدارێك ئەو کارەی کردووە. لای خۆشمان برادەرێکی لەو شێوەمان هەیە... رێزی بێپانمان بۆ هەردوکیان.



3032. ئەمەی دەیبینن خێزانی کۆبڵە سێ منداڵیان هەبوو. ئەم خێزانە بەهۆی رووداوێکی ئۆتۆمبێلەوە، هەر سێ منداڵەکەی کە دوو کچ و کوڕێك بون، لەدەستدا. پاش ساڵێك لەو رووداوە، ژنەکە دوگیان بوو و سیانەیەکی بوو کە دوو کچ و کوڕێك بون. سیانەکەی لای چەپ مردووەکانن و لای راستیش تازەلەدایکبووەکانن.

3033. ئەمەی دەیبینن کچێکە بەناوی ئۆکسانا مالایا. ئەم کچە لەتەمەنی سێ ساڵیدا لەلایەن مرۆڤەوە فڕێدراوەو لەلایەن چەند سەگێکەوە بەخێوکراوە. لەتەمەنی هەشت ساڵیدا کاتێك دۆزراوەتەوە، لەسەر چوار پەل واتە وەك ئاژەڵ دەڕۆشت و دەشوەڕی و تەواو رەفتاری وەك سەگ بوو.

وەك سەگ وابووە کاتی دۆزینەوە بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر لەو مرۆڤانە باشتر بووە کە لەسەرەتاوە فڕێیانداوە.

ئەمە جارێکی تر دەیسەلمێنێت کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە.

3034. له مەکسیك زمانێك هەیە کە تەنها دوو کەس دەتوانن قسەی پێبکەن. ئەو دوانەش تاقەتی چڕوچاوی یەکتریان نیەو قسە لەگەڵ یەکدا ناکەن.



3035. مەترسە بەڵام هاوکات نەچی بچی حەساسیەت بە فشە بگری و وابزانی تەنها خورانێکی سادە یان شتێکی کەمبایەخ دروستدەکات.

ئەم نازدارەی لای چەپی وێنەکە کچێکی تەمەن 26 ساڵە، بەڵام بەهۆی حەساسیەت بە خواردەمەنی دەریاییەوە توشی نەخۆشییەکی پیری کردووە کە کردویەتی بە ژنێکی تەمەن 50 ساڵ و کردویەتی بەو شێوەیەی لای راستی وێنەکە.

3036. لەویلایەتی نیۆرك لەئەمەریکا، خیانەتکردن لەهاوژینەکەت بەپێی یاسا تاوانەو دەکرێ ئەو کەسە سزای تا شەش مانگ زیندانی بەسەردا بسەپێنرێت.

3037. لەساڵی 2006، لەشاری پۆرتلاندی ویلایەتی ئۆریگنی ئەمەریکا، پیاوێك پیاوكوژێكی بەكرێگرت بۆ كوشتنی ژنەكەی كە تەمەنی 51 ساڵ بوو. بەڵام كارەكە بەپێچەوانەوە كۆتاییهات. ژنەكە كە ناوی سوسەن كونهۆسن بوو، توانی بەبێ بەكارهێنانی هیچ چەك و شتێك، تەنها بەدەستی خۆی پیاوكوژەكە بكوژێت. كاتێكیش ئەم ژنە دەستی نابووە بینەقاقای پیاوەكە، لێیپرسی: پێم بڵێ كێ تۆی ناردووە، ئیسعافێكی رسوات بۆ بانگدەكەم.
ئاخ گونی قومری! لەدوو شتی ئاواوە هاتووە!!!

3038. لەو هندستانەی لای خۆمان، گروپێكی ژنان هەیە كە مێردی توندوتیژ راودەنێن و خەبات دەكەن لەپێناو نەهێشتنی هاوسەرگیریی منداڵ.

There is a gang of women in India that go after abusive husbands and fight to stop child marriages

In 1996, a man in Kentucky threw a boomerang which flew back, hitting him on the head. Following this, he sued himself for US$300,000, and won, with his insurance company paying the entire payout.

3039. لەساڵی 1996 پیاوێك لەویلایەتی کێنتەکی ئەمەریکا، بومەڕینگێکی هەڵدا، بەڵام گەڕایەوە بۆ خۆی و بەر سەری کەوت. دوای ئەم روداوە چوو سکاڵای لەدژی خۆی تۆمارکردو داوای بڕی 300 هەزار دۆلار قەربووی کرد. دواجار سکاڵاکەی بردەوەو کۆمپانیای زەمانەکەی، تەواوی پارەکەی پێدا.

بەخوا سەگ بووە!!!

بومەڕینگ: تولێکی چەماوەیە بۆ لێدان یان وەرزشکردن بەکاردەهێنرێت.

3040. خوانەخواستە ئەگەر یەك ملیار دۆلارت هەبێت و دەست بنێیت بەجەرگی خۆتاو رۆژی هەزار دۆلار خەرج بکەیت، ئەوا پاش 2740 ساڵ، ئینجا ئیفلاس دەکەیت و هیچت پێنامێنێت.



3041. کاتێك لەئاوێنەدا سەیری خۆت دەکەیت، مێشکی شەریفت فێڵت لێدەکات بەوەی پێنج ئەوەندە زیاتر لەروخساری راستەقینەی، جواتر پیشانت دەدات.

بۆیە حەقی خۆیەتی جارێکی تر هەمومان بە یەك دەنگ و بەحەسرەتەوە بڵێین: ئەخلاق شەرتە!!!



3042. ستیڤ جۆبزی رەحمەتی کە یەکێك بوو لەکەڵەگاکانی بواری تەنەکەلۆجی و هاودامەزرێنەری ئەپڵە، نەیدەهێشت منداڵەکانی ئایپاد بەکاربهێنن و بەکارهێنانی تەنەکەلۆجیاشی بەشێوەیەکی گشتی، تا کەمترین ئاست، لێ کەمکردبونەوە.



3043. بەگشتی هەر کەسێك رۆژانە 150 جار سەیری مۆبایلەکەی دەکات.

3044. بۆنکردنی مۆزو سێوی سەوز دەکرێ یارمەتیدەرێك بێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەش.

3045. تا ئێستا هیچ کەسێك نازانێت بۆچی پیتەکانی ئەبجەدیی ئینگلیزی بەو ریزبەندییە ریزکراون کە باوە.



3046. سەیرکردنی فیلمی ترسناك لەسەیرکردنی هەموو جۆرەکانی تر، زیاتر کالۆری دەسوتێنێت.



3047. لە چین پیاوێك پاش ئەوەی بەشێکی غەرامەکانی کە 16 وەرەقە بوو بە وردەدراوی ئاسن دا بە لایەنی پەیوەندیدار، 18 کرێکاری قورِبەسەر ناچاربون رۆژێکی تەواو لەبژاردنی پارەکە بەسەربەرن.

3048. ئەو فەخامەتانەی لەدایکبونی مانگەکانی نۆو دەو 11ن، بە بەراورد بە لەدایکبوانی مانگەکانی تر، زۆرترین ئەگەریان هەیە کە تەمەنیان 100 ساڵ تێپەڕێنێت.

3049. هەنگوین تاکە خۆراکە کە بۆگەن ناکات. قوتویەك هەنگوین دەکرێ تا زیاتر لە سێ هەزار ساڵ، بەشێوەیەك بمێنێتەوە کە بۆ خواردن بشێت.
تەبعەن مەخسەوی شەریفم هەنگوینی ئەسڵە نەك عادی!



3050. ئەو ترشەی مەعیدەی شەریفت دەریدەدات هێندە بەهێزە کە دەتوانێت گوێزان بتوێنێتەوە.
ئینجاکونێ لۆیە ئەگەر دەروێشێکت بینی لەکاتی گەرمبوندا گوێزانێکی هەڵدا بۆ ناو دەمی و قوتیدا، زۆر عەجیب نەبێ بەلاتەوە.



3051. بەگشتی خانمان رۆژانە لانیکەم 60 جار زەردەخەنە دەکەن بەڵام پیاوان تەنها 10 جار زەردەخەنە دەکەن.

3052. بەگشتی ئەو فەخامەتانەی هەفتانە لانیکەم سێ سەعات و نیو کتێب دەخوێننەوە، دوو ساڵ لەوانی تر زیاتر دەژین. بەڵام خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەو ئینتەرنێت حلێب نیە!



3053. بەپێی نەریتی جولەکە، هەر کچێك بۆ یەکەم جار دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە، دایکی یەك زللـەی لێدەدات!!!

3054. ئەگەر بتەوێت سەیری هەموو ڤیدۆکانی ناو یوتیوب بکەیت، ئەو پێویست بە هەزارو 700 ساڵ هەیە.

3055. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە زۆربەی پیاوان زیاتر حەزیان لەخانمانی قژڕەشتاڵەیە وەك لەقژزەرد.

3056. بە هاتنی ساڵی 2112، خاوەنی زیاتر لە 750 ملیۆن ئەکاونت، مردون.

3057. لەهەموو چوار کەسێك، یەکێکیان فۆبیایەکیان هەیە بەناوی گڵۆسۆفۆبیا، واتە ترس لەقسەکردن لەشوێنی گشتیدا.

3058. ئەم برادەرەی دەیبینن ناوی کینگ ئونگ یۆنگە. ئەمە لەتەمەنی دوو ساڵیدا توانیویەتی بە چوار زمان قسەبکات. لەتەمەنی سێ ساڵیدا لەو جەبرە تێگەیشتووە کە ئێمەمانان بە گەورەییش لەترسیدا دەمانوت: شەرت بێ لەداخی جەبرو هەندەسە//// من تەرکی بکەم رێگای مەدرسە.

لەتەمەنی چوار ساڵیدا بووەتە خوێندکاری میوانی فیزیا لەزانکۆ. لەتەمەنی حەوت ساڵیدا لەلایەن ناساوە دەعوەتنامەی بۆ ئەمەریکا، ئاڕاستەکراوە. دواجار لەتەمەنی 15 ساڵیدا خوێندنی تەواوکردو بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناو گەیشتە بەرزترین پلەی زیرەکیش کە 201ە.

3059. زیاتر لەنیوەی ئەو ماکیاجانەی ئەمەریکییەکان بەشێوەیەکی رۆژانە بەکاریان دەهێنن، بەهۆی مەترسییان لەسەر تەندروستی، لەلایەن ئەوروپاوە قەدەغەکراوە.

3060. لەکاتی ئابڵوقەدانەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران، کاتێك ئابڵوقەدەرەکان بە بارمتەکانیان وت بەدڵی خۆتان کەسێمان بدەنێ با ئازادی بکەین، ئابڵوقەدراوەکان پیاوێکیان دا پێیان کە پرخەپرخەکەی هێندە بەرزبوو، نەیدەهێشت خەویان لێبکەوێت.

3061. بەینی خۆمان بێ رۆژێك لە 24 سەعاتی تەواو پێکنەهاتووە، بەڵکو لە 23 سەعات و 56 خولەك و چوار چرکە پێکهاتووە. واتە سێ خولەك و 56 چرکەی کەمترە لە 24 سەعاتی ناسك.
رەنگە بفەرمویت: جا سێ خولەك و 56 چرکە چیە؟ کورە چۆن چیە؟!، زۆرجار یەکێك لەخۆشترین شتەکانی ژیان هەر ئەوەندە دەخایەنێت!!!!

3062. لەشوێنێکی چین خەڵك سەریان لەوە دەرنەدەکرد کە چۆن تەنها ژن و مێردێك ڕێستۆرانتێکی قەرەباڵغ، بەشێوەیەکی رۆژانە 21 سەعات بەڕێوەدەبەن بەبێ ئەوەی ماندوو بن. دواتر دەرکەوت کە لەڕاستیدا ئەوانە یەك ژن و مێرد نین بەڵکو دوو ژن و مێردن. هەردوو پیاوەکەو هەردوو ژنەکەش دوانەی هاوشێوەن واتە ئەو دوانانەی کە زۆر لەیەك دەچن.

زۆربەی ئەوروپییەکان کاتێك بەمە دەزانن دەڵێن ئۆۆ مای گۆد یان جێسەس! بەڵام زۆربەی کورد لەم کاتەدا دەڵێن: باشە ئەی چۆن لێیان تێکناچێت!ـ (کورد.... تاکە بریکاری شەیتان لەهەموو جیهان)

3063. لەویلایەتی تەکساسی ئەمەریکا ژنێکی تەمەن 52 ساڵ بەهۆی ئەوەی بە تێکستەنامە هەڕەشەی لەخودی خۆی کردبوو، دەستگیرکرا.

3064. لەبەشی کۆتایی زنجیرەی فیلم کارتۆنی تۆم و جێری، هەردوکیان خۆیان دەکوژن.

3065. "ئەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟". لەسەدا 99ی خەڵك كاتێك ئەم پرسیارەیان لێدەكرێت، دەتوقن!



3066. بەگوێرەی ئاینیشتاینە قژبژ، هەر شتێك نەتوانیت ببینیت، ببیستیت، تەچی بکەیت، یان هەستی پێبکەیت، ئەو شتە بونی نیە لەگەردوندا.



3067. هەفتەی سێ جار دەموچاوی شەریفت بە رۆنی گوێزی هندی و سۆدای نانکردن بشۆ، لەماوەی تەنها یەك مانگدا، دەموچاوت تەنانەت ئەگەر وەك وێنەکەی چەپ بیت، وەك هی راستی لێدێت و هێندە جوان دەبیت، بەدوری مەزانە کە رەگەزی بەرامبەر چرکەساتی بینینت، بڵێت: بە یارمەتی خۆت ئەبوریمەوە!!!

3068. ماوەی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندی تەلەفۆنی:

کوڕ بۆ کوڕ: 58 چرکە.

کوڕ بۆ دایك: 45 چرکە.

کوڕ بۆ باوك: 20 چرکە.

کوڕ بۆ کچ: سەعاتێك و 13 دەقەو 59 چرکە.

کچ بۆ کچ: دوو سەعات و 35 دەقەو 20 چرکە.

مێرد بۆ ژن: سێ چرکە.

دایك بۆ کچە شوکردووەکەی: چوار سەعات و پێنج دەقەو 15 چرکە.

ژن بۆ مێرد: 12 نوکە.

3069. ئەگەری لێدانی پیاو لەلایەن هەورەبروسکەوە، شەش ئەوەندە لەئەگەری لێدانی لەلایەن ژنەوە زیاترە.

3070. لەساڵی 1986 بزنێکی بیرەخۆر، وەك سەرۆکی شارەوانی شارێکی بچوکی ویلایەتی تەکساس، هەڵبژێردرا.



3071. خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لەڕوی سێکسکردنی ژنێك لەگەڵ زۆرترین پیاودا لەماوەی 24 سەعاتدا، ئەم ژنەیە کە ئەکتەری فیلمی پۆرنۆگرافییەو ناوی لیزا سپارکسە. ئەم ژنە لە 16-10-2014 لەکاتی فێستڤاڵێکی پەیوەندیداردا لە پۆڵەندا، تەنها لەماوەی کەمتر لە 12 سەعاتدا سێکسی لەگەڵ 919 پیاودا کردووە. رەنگە ئەوەی لەمە زیاتر توشی شۆکت بکات ئەوە بێت کە سەرباری ئەوەش ئەم ژنە ماوەی زیاتر لە 18 ساڵە بەخۆشحاڵییەوە، هاوسەری یەك پیاوەو لەتەمەنی 18 ساڵییەوە کە ئەو کاتە مێردەکەی 20 ساڵ بووە، هاوسەرگیرییان کردووە.

3072. Argentinian dictator Juan Manuel de Rosas had an eight-month-pregnant woman executed by firing squad for the crime of "sacrilege"

خوان مانوێڵ دی ڕۆساس کە دیکتاتۆرێك بوو لە ئەرجەنتین، هاوژینێکی هەبوو، هەرچەندە دوگیان بوو و تەمەنی سکەکەی هەشت مانگ بوو، بەڵام بە تۆمەتی پێشێلکردنی پیرۆزییەکان، بەدەستڕێژی گوللـە ئیعدامی کرد.

3073. After she wanted to marry a lawyer whom her mother disapproved of, a woman named Blanche Monnier was locked by her mother in her room for 25 years. She was discovered and rescued by the police in 1901.

ئەمەی بۆتان باس دەکەم ناخ دەهەژێنێت و جارێکی تر جەختدەکاتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە:

پاش ئەوەی کچێك (لای ڕاستی وێنەکە) ویستی شووبکات بە پارێزەرێك کە دایکی ڕازی لەسەر نەبوو، ئەم کچە کە ناوی بلانچ مۆنییرە لەلایەن ئەو دایکە دڵڕەقەیەوە بۆ ماوەی 25 ساڵ لەژوورێکدا زیندانیکرا. دواجار پاش چارەکە سەدەیەك لەزیندانیکردنی، لەساڵی 1901 لەلایەن پۆلیسەوە ئاشکراکراو ڕزگاری بوو. بەڵام پاش چی، پاش ئەوەی ئەو کچە نازدارە ئاوای لێهات (لای چەپی وێنەکە).

3074. When a woman is attracted to a man, she speaks in a higher pitch than she does normally.

کاتێك پیاوێك سەرنجی خانمێك رادەکێشێت، خانمەکە بە تۆنێکی بەرزتر لەئاسایی قسەی لەگەڵ دەکات.

3075. King Amanullah Khan of Afghanistan (1919-1929) once gave a public speech in which he said: "Islam did not require women to cover their bodies or wear any special kind of veil". At the conclusion of the speech, Queen Soraya tore off her veil (hijab) in public.

ئەمانوڵڵا خان کە لەساڵی 1919 تا 1929 پادشای ئەفغانستان بووە، جارێك لەوتارێکی گشتیدا وتی: "ئیسلام واجبی نەکردووە لەسەر خانمان کە لاشەیان داپۆشن یان هیچ جۆرە حیجابێکی تایبەت لەبەربکەن". لەکۆتایی ئەو وتارەدا ژنەکەی کە شاژنە سورەییا بوو، حیجابەکەی بە بەرچاو خەڵکەوە لەبەر خۆیدا درێ!!!

3076. When it was invented, the sewing machine was controversial, feared to be too sexually stimulating to women.

کاتێك مەکینەی دروماندا هاژێنرا، مشتومڕی نایەوەو ترسی ئەوە هەبوو کە ئەم ئامێرە ببێتە وروژێنەرێکی سێکسیی تۆندی خانمان.

3077. An Islamic religious authority blamed women who dress immodestly for causing earthquakes. In response, a blogger organized Boobquake, an event where 200,000 women wore immodest clothing in a light-hearted scientific experiment to produce an earthquake.

پاش ئەوەی دەسەڵاتێکی ئیسلامی سەرزەنشتی ئەو خانمانەی کرد کە جلوبەرگی ئێچ دی و فۆرکەی لەبەردەکەن و وتی ئەوانە هۆکاری زەمینلەرزەن، لەوەڵامدا بلۆگەرێك ئیڤێنتێکی دروستکرد بەناوی مەمکلەرزە کە تێیدا زیاتر لە 200 هەزار خانم جلوبەرگی ئێچ دی و فۆرکەییان لەبەرکرد لەهەوڵێکی زانستیی ناجدیدا بۆ ئەوەی زەمینلەرزەیەك دروست ببێت.

3078. In a Swedish study which studied 3500 women with breast implants and their cause of death, it was found that they were 3 times more likely to commit suicide when compared to the average Swedish population.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەسوید لەسەر 3500 خانم کە مەمکیان گەورەکردووەو هۆکاری مردنیان ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە ئەگەری خۆکوشتنی ئەو جۆرە کەسانە سێ لەئەوندە لەکەسانی ئاسایی زیاترە.

3079. Wearing a white T-shirt with a large letter "T" on the front is scientifically proven to make you 10% more attractive to women.

زانست سەلماندویەتی لەبەرکردنی تیشێرتی سپی کە دیوی پێشەوەی حەرفی T لەسەر بێت، لەلایەن پیاوانەوە، پیاوەکە بەڕێژەی لەسەدا 10 زیاتر سەرنجڕاکێش دەکات لەلای خانمان.

3080. 35% of Saudi women in prison are there because no male relative will collect them.

لەسەدا 35ی ئەو خانمە سعودییانەی لەزیندانداون، هۆکاری زیندانیکردنیان ئەوەیە کە هیچ پیاوێك بەخێویان ناکات.

3081. Married women drink more than their unmarried counterparts, whereas the opposite is true for men, according to a 2012 study.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2012، خانمانی هاوسەردار لەهاوتا هاوسەرگیرینەکردووەکانیان زیاتر دەخۆنەوە. بەڵام ئەم زانیارییە بۆ پیاوان پێچەوانەیە.

3082. As a child, martial arts actor Jet Li was asked by Richard Nixon to be his personal bodyguard. Li replied, "I don't want to protect any individual. When I grow up, I want to defend my one billion Chinese countrymen!"

جێت لی ئەستێرەی بواری نواندن و هونەری جەنگی، کاتێك منداڵ بوو، لەلایەن ریچارد نیکسۆن سەرۆکی پێشوتری ئەمەریکاوە داوای لێکرا ببێتە بۆدیگاردی تایبەتی خۆی. لی لەوەڵامدا وتی: "من نامەوێت پارێزگاری لەهیچ تاکێك بکەم. کاتێك گەورەدەبم، دەمەوێت بەرگری لەیەك ملیار رۆڵەکەی وڵاتەکەم بکەم."

3083. Leonardo Da Vinci's last words were: "I have offended God and Mankind, by doing so little with my life."

کۆتاوتەی ژیانی لیۆناردۆ داڤێنشی بەو هەموو شان و شەوکەوت و داهێنانەوە، ئەمەبوو: "من خراپەم بەرامبەر بە خواو مرۆڤایەتی کردووە، چونکە لەژیانمدا شتم زۆر کەم کردووە".

3084. British writer Norman Douglas' last words were "Get those f*cking nuns away from me."

کۆتاقسەی ژیانی نۆرمان دۆگلاس کە نوسەرێکی بەناوبانگی بریتانیا بوو، ئەمە بوو: ئەو ژنەڕاهیبە رسوایانەم لەکۆڵکەنەوە. دەوەرە پیاوەتی بکە. رەنگە عاقیبەتشەڕ بوبێت ئەگینا ئەو راهیبانە کاتێك دەچنە سەر ئەو کەسانەی لەسەرەمەرگدان رۆڵی مەلای لای خۆمان دەبینن کە داوای لێدەکەن هاوتای شایەتومانەکەی لای خۆمان بهێنێت و دوعای بۆ دەکەن.

3085. ئەگەر پێت وابێت سی ئای ئەی زۆر شەریفە، ئەوا گا بە گونا ئەناسیت، لەکاتێکدا پێویستە گا هەر بە کەللەیدا بناسرێتەوە. لەساڵی 1962 سی ئای ئەی 14 هەزار کیس شەکری کوبی ژەهراویکران و نێردران بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران.

3086. بۆچی لەکاتێکدا تۆرەدەبیت، دەموچاوت سورهەڵدەگەڕێت و دەبێت بە تەماتەی شلە؟. لەبەرئەوەی لەو کاتەدا دڵت بە خێرایی لێدەدات بۆ ئەوەی خوێنی زیاتر بڕوات بۆ ماسولکەکانت و ئامادەت بکات بۆ شەڕ.

باشە کاکە، دە وەرە دڵت بەدڵت خۆش بێت! لەبری ئەوەی هێورت بکاتەوە، رۆڵی کوڵەفیتنە دەبینێت و زیاتر هانت دەدات! دەرکەوت دڵیش بەشی خۆی بێناموصەو ئەیەوێ بتدا بەقەڵبەیەکدا!!!

3087. هاوسەران تا زیاتر خەرجبکەن لەئاهەنگی هاوسەرگیری و ئەڵقەی دەزگیراندارى، ئەگەری جیابونەوەیان زیاترە.
رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە مرۆڤ هەرچەندە زۆر خەرجبکات، دواتر دەبیستێت کە فلانە کوڕ ئۆفەرێکی زیاتری داوەتە هاوژینەکەی!!!!!

3088. Ships sent to retrieve dead bodies of the victims of the Titanic disaster found so many bodies that they ran out of embalming supplies. They decided to only retrieve bodies of 1st class passengers due to “the need to visually identify wealthy men to resolve any disputes over large estates.”

ئەو کەشتییانەی نێردران بۆ هێنانەوەی تەرمی قوربانیانی کارەساتی کەشتیی تایتانیك ژمارەیەکی ئێجگار زۆر تەرمیان بینی کە زیاتر بون لەو کەرەستانەی بۆ پاراستنی تەرمەکان لەتێکچون پێیان بوو، بۆیە بڕیاریاندا تەنها تەرمی سەرنشینەکانی پلەیەکی کەشتییەکە هەڵبگرنەوە چونکە پێویست بوو ناسنامەی دەوڵەمەندەکان بە روخساریاندا بناسرێنەوە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆیی لەسەر عەقاراتە زەبەلاحەکانی ئەو کەسایەتییانەدا.

3089. In 2009, when a Canadian man named John Wilson opened the shipping container he had bought for $400 and used it as a bridge for 10 years, inside it he found a $2,000,000 Canadian warship engine.

لەساڵی 2009، پاش ئەوەی پیاوێکی کەنەدی بەناوی جۆن ویلسن ئەو سندوقی گواستنەوە بە کەشتییەی بە چوار سەد دۆلار کڕیبوو کردەوە کە بۆ ماوەی 10 ساڵ وەك پرد بەکاریهێنابوو، سەیریکرد مەکینەیەکی کەشتیی جەنگیی کەنەدی لەناودایە کە بەهاکەی دوو ملیۆن دۆلارە.

3090. The most important muscle in kissing is the orbicularis oris, also known as the kissing muscle, which allows the lips to “pucker.

گرنگترین ماسولکە بەنیسبەت ماچکردنەوە، ناوی ماسولکەی خولگەییە کە بە ماسولکەی ماچیش ناسراوە. ئەم ماسولکەیە ڕێ بە لێو دەدات شۆڕبێتەوە.

3091. The lips of both men and women resemble the lips of the vagina.

لێوی پیاوو ژنیش لەلێوی زێی مرۆڤ دەچێت!!!!

3092. It is possible for a woman to reach an orgasm through kissing.

ئەگەری هەیە خانمان لەڕێگەی ماچکردنەوە بگەنە ئۆرگازم.

3093. Scholars are unsure if kissing is a learned or instinctual behavior. In some cultures in Africa and Asia, kissing does not seem to be practiced.

زانایان تائێستا نازانن ماچکردن ڕەفتارێکی غەریزییە یان فێربونە. هەندێك کلتورەکانی ئەفەریقاو ئاسیا ماچی تێدا ناکرێت.

3094. Pliny asserts that kissing a donkey’s nostril will cure the common cold.

پلینی کە فەیلەسوفێکی دێرینی ڕۆمانەکان بووە، تەئکیددەکاتەوە کە ماچکردنی کونەلوتی کەر هەڵامەت چارەسەردەکات.

3095. باوترین کات بۆ هەڵکوتانە سەر بانك و تاڵانکردنی، نێوانی سەعات 9 تا 11ی ڕۆژی هەینییە. دەگمەنترینیش نێوانی سەعات 3 بۆ 6ی ئێوارەیە.

هیوادارم پێویستتان بەم زانیارییە نەبێت!!!!

3096. هەموو ساڵێك جارێك تەرمی لینین دەشۆردرێت و جلوبەرگی تازەی لەبەردەکرێت. هەرچەندە لەسەرمەرگدا خۆزگەی دەخواست لەتەنیشت ژنەکەیەوە بە خاك بسپێردرێت، بەڵام ئەو خۆزگەیەی جێبەجێ نەکرا. مەزارەکەی لەناوەڕاستی شاری مۆسکۆدایەو کراوەیە بۆ خەڵك.

3097. جارێك دوو هاوژین وەك نوكته نەك به جددی شاژنی بریتانیایان دەعوەت كرد بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیرییەكان. كاتێكیان زانی پەیدابوو و لەئاهەنگەكەدا دەركەوت.

3098. تی شێرت لەساڵی 1904 داهێنراو خرایە بازاڕەوە بۆ ئەو زگوردییانەی نەیان دەتوانی جل بدورن یان تەنانەت قۆپچەیەك بگۆڕن!

واتە بەكورتی و بە كوردی بۆ تەمەڵەكان داهێنراوە.

3099. جۆرێك جاڵجاڵۆكە هەیە پێیدەووترێت گورگەجاڵجاڵۆكە. ئەم جۆرە جاڵجاڵۆكە زەبەلاحانە بۆقی بچوك وەك زیندەوەری ماڵی رادەگرن. مێرووەكان هێلكەی ئەم جۆرە جاڵجاڵۆكانە دەخۆن، بۆیە ئەم جاڵجاڵۆكانە پارێزگاری لەبۆقەكان دەكان لەزیندەوەرە راوكەرەكان، لەبەرامبەردا بۆقەكان ئەو مێروانە دەخۆن كە هێلكەی جاڵجاڵۆكەكان دەخۆن.
رێكەوتێكی چۆنە بەلاتەوە؟!!!

3100. A man named Sir Nicholas Winton saved 669 kids during World War 2 and lived almost all his life without letting people know.
ئەمەی دەیبینن ناوی سێر نیكۆڵاس وینتونە. ئەمە لەكاتی جەنگی جیهانی دووەمدا 669 منداڵی رزگاركردووە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە كە ئەم پیاوە بە درێژایی زۆربەی ژیانی، نەیهێشتووە خەڵك بەم كارەی بزانێت.

3101. In 1994, a Russian pilot named Yaroslav Kudrinsky let his 15-year-old son and 12-year-old daughter try to fly an aircraft. The kids unknowingly disabled the autopilot. The plane crashed into a hillside in Siberia killing all 63 passengers and 12 crew members.

لەساڵی 1994، فڕۆکەوانێکی روسی بەناوی یارۆسلاڤ کودرینسکی فڕۆکەکەی بە دەیان گەشتیارەوە دایە دەستی کوڕە تەمەن 15 ساڵ و کچە تەمەن 12 ساڵەکەی تا لێخوڕینی تاقیبکەنەوە. ئەم دوو منالّەش بێئاگایانە سیستمی فڕۆکەوانیی ئۆتۆماتیکییان لەکارخست. لەئەنجامدا فڕۆکەکە خۆی کێشا بە شانی گردێکدا لە سیبیریاو هەر 63 گەشتیارو 12 کەسەکەی تاقمی فڕۆکەوانییەکە، گیانیان لەدەستدا.

3102. A 12-year-old boy named Sun Huixi spent 2 years collecting over 160,000 bottles after school and donated all the money he made ($2,700) to orphans in an AIDS epidemic region in China. He also donated his personal savings ($30) and collected 800 books to give to the children.

ئەم منداڵە تەمەن 12 ساڵە ئەگەر هی ئێمەی کورد بوایە رەنگە بە وڕکگرتن بۆ کڕینی شتی قۆڕو چاولێکەری مێشکمان بهێنێتە خوارەوە یان هەر رۆژەو شەڕێکمان بۆ بنێتەوە لەگەڵ منداڵی تر یان لەبەر بەرنامەی منالان نەیەڵێت تەلەفزیۆن ببینین، بەڵام لەبەر ئەوەی چینییە شتەکە جیاوازە.

ئەمە ناوی سون هوخییە. لەماوەی دوو ساڵی تەمەنیدا، لەدوای خوێندن زیاتر لە 160 هەزار بوتڵی پلاستیکی کۆکردووەتەوەو هەموو ئەو پارەیەی بەهۆی ئەمەوە دەستیکەوتووە کە 27 وەرەقە بووە، بەخشیوە بە هەتیوانی ناوچەیەك لەچین کە ئایدز تێیدا بڵاوە.

جا هێشتا چیت دیوە. ئەم منداڵە جگە لەو 27 وەرەقەیە، پاشەکەوتە تایبەتەکەی خۆشی کە 30 دۆلار بووە بەخشیوە بەو هەتیوانەو 800 کتێبیشی بۆ کۆکردونەتەوە.

3103. The Soviet Union had a children's program at 8:30 every weeknight that would end with a lullaby at 9:00 telling kids it's time to go to bed. This program still airs to this day in Russia.

یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەرنامەیەکی منالّانی هەبوو کە پێنج شەو لەهەفتەیەکدا پێشکەش دەکراو لەسەعات 8:30 دەستپێدەکردو لە نۆ بە لایلایەکردن و وتنی "منالّان ئیتر کاتی خەوە"، کۆتایی دەهات. ئەم بەرنامەیە تا ئێستاش لە روسیا بەردەوامە.

بەڵام لێرە لە کوردستانی ئیشجوان، ئەوەی گرنگ نەبێت ئەوەیە. لێرە بەدوری مەزانە لەگەرمەی ئەو کاتەدا کە منداڵ بەخەبەرە کەنالّەکانمانن ئەو گۆرانییەی هۆمەر دزەیی دابەزێنن کە ئەفەرمێ: "خۆزگەم بەو کەسەی..... " کە پرۆسەیەکە زیاتر بۆ دوای 12ی نیوەشەو دەگونجێت!!!

3104. The 2003 invasion of Iraq was initially called "Operation Iraqi Liberation", but was quickly changed to "Operation Iraqi Freedom" due to the acronym spelling out "OIL."

پەلامارداني عیراق لەساڵی 2003 لەلایەن ئەمەریکاو برادەرانی تروە سەرەتا ناوی Operation Iraqi Liberation بوو کە بەمانای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق دێت، بەڵام دواتر Liberationەکەیان گۆڕی بۆ Freedom کە تەقریبەن هەمان مانای هەیە بەڵام یەکەمیان کورتکراوەکەی وشەی OILکە کە بەمانای نەوت دێت. دیارە بۆیە گۆڕیویانە بۆ ئەوەی خەڵك نەچێت بچێت بڵێت لەبەر نەوتەکە هاتون و ئەوەش بەڵگە!!!

3105. In the village of Kuskoy in Turkey, people talk to each other using a whistled language that can be heard from up to half a mile away.

لە تورکیا گوندێك هەیە بەناوی کوسکۆی. لەم گوندە خەڵك بە زمانێکی فیکەئامێز قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن. فیکەکەشیان هێندە بەرزە کە لەدووریی تا نزیکەی نیو میلەوە دەبیسترێت.

3106. As a man, you can be arrested in Iran for wearing shorts.

لە ئێران دەکرێ پیاو لەسەر لەپێکردنی شۆرت دەستگیربکرێت.

رەنگە زۆر ناحەقیشیان نەبێت، پیاو بە شۆرت و سێچارەکەوە زۆر نابوتە، ناکرێ بەهۆی ئازادی جلوبەرگەوە مەزاجی خەڵك تێکبدرێت!!!

3107. King Abdullah University of Science and Technology which opened in 2009 is the first mixed-gender university campus in Saudi Arabia. The religious police do not operate on-site, and women are allowed to mix freely with men and to drive on campus, and they are not required to wear veils.

زانکۆی زانست و تەکنۆلۆژیی شا عەبدوڵا کە لە 2009 کراوەتەوە، یەکەم زانکۆی تێکەڵاوە لەو وڵاتە. پۆلیسی ئاینی لەم زانکۆیەدا نیەو خانمان رێگەیان پێدەدرێت بە ئازادی لەگەڵ کوڕان تێکەڵاو بن و لەناو حەرەمی زانکۆدا سەیارە لێبخوڕن. هەروەها لەم زانکۆیە خانمان پێویست نیە لەسەریان نیقاب بپۆشن.

3108. A mentally disabled Iranian girl named Leyla Mafi was prostituted by her mom at an young age. At the age of 9 and 14, she gave birth to children. At the age of 19, she got sentenced to death for “immoral behavior.” A lawyer was able to intervene and got the sentence reduced to public beating and imprisonment.

لە ئێران کچێکی بەخشراو واتە شێت بەناوی لەیلا مافی، لەلایەن دایکییەوە شکاتی لێکرا. ئەم کچە لەتەمەنی نۆ ساڵی و 14 ساڵیدا منداڵی ببوو. سەرەنجام دادگا بەتۆمەتی "رەفتاری نائەخلاقی" بڕیاری لەسێدارەدانی لەدژ دەرکرد. بەڵام پارێزەرێکی لێهاتوو توانی دەستوەربداتە کەیسەکەو حوکمەکەی بۆ لێدان لەشوێنێکی گشتی و زیندانیکردن، کەمبکاتەوە.

3109. Turkey imprisons more journalists than China and Iran combined.

تورکیا لە ئێران و چینیش پێکەوە، زیاتر رۆژنامەنوس زیندانی دەکات.

3110. نەبونی هاوڕێ بەقەدەر کێشانی پاکەتێك جگەرە بەشێوەیەکی رۆژانە، زیانی هەیە بۆ تەندروستی.
بەڵام وریـابـــــــــــــــــە بونی هاوڕێی خراپ وەك ئەوە وایە رۆژی کارتۆنێك جگەرە بکێشیت.



3111. نەچی بچی بە چڕوچاوە بەشوشەکەی ئەم دکتورە تێبکەویت و بفەرمویت رەنگە هەر روخۆشییەکەی چاکتبکاتەوە!!!. ئەمە پەنێکی داوە کەموێنەیە.

ئەمە دکتۆرێکە لەویلایەتی میشیگانی ئەمەریکاو ناوی فەرید فەتەیە. ئەمە لەساڵی 2015 سزای 45 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە چونکە چارەسەری کیمیایی داوە بە نەخۆشانێك کە لەڕاستیدا نەخۆشی شێرپەنجەیان نەبووە.

3112. زۆرترین گۆڵ کە بە درێژایی مێژوو لەیارییەکی تۆپی پێدا تۆمارکرابێت، 49 بە سفر بووە کە لەنێوان دوو یانەی مەدەغەشقەردا بووە. یانە دۆڕاوەکە وەك ناڕەزایی دەربڕین لەدژی بڕیارێکی حەکەم، کورتانیان سوڕاو کەوتنە گۆڵ لەخۆکردن و قوڕیان کرد بەسەر خۆیاندا!!!



3113. سەربازانی ئەڵمانیا رێگەپێدراون کە گوێرایەڵی هیچ فەرمانێك نەکەن کە پێیانوابێت کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکات.

3114. پیاوێك هەبوو بەناوی وۆڵتەر سەمەرفۆرد. ئەم پیاوە لەژیانیدا سێ جار هەورەبروسکە لێیداوە. دوای مردنیشی هەر وازی لێنەهێناو هەورەبروسکە لەکێلی گۆڕەشی دا.

ئەگەر تائێستا بەتەواوەتی لەمانای مەجازیی "موی لوت" تێنەگەیشتوی، ئەوا ئەم روداوە کافییە بۆ تێگەیشتنت.

3115. سەعیکردن بۆ ماوەی نیو سەعات تا 50 دەقەی ناسك و پاشان 10 خولەك پشوو، کاریگەرترین شێوازە بۆ لەبەرکردنی زانیاری. لەبەرکردن نەك دەرخکردن!



3116. لەو فینلەندایەی لای خۆمان ئەگەر بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستبهێنیت، ئەوا شەبقەیەك و شمشێرێکت پێدەدرێت.

3117. ئەمە زۆر سەیرە بەڵام راستیشە. داهاتی پیشەسازیی یاریی ئەلیکترۆنی لەکۆی داهاتی پیشەسازی فیلم و پیشەسازیی موزیك پێکەوە، زیاترە.

3118. نەك هەر رەنگە بەڵكو دەتوانم بێژم بەدڵنیاییەوە سەربەخۆبونی خانمان لەپیاوان شتێكی نیمچەمەحاڵە ئەگەر فولمەحاڵیش نەبێت. بەڵام دیارە هەندێك لەخانمانی ئەوروپا رەئیان جیاوازە لەو رووەوە.

لەو ئۆکرانیایەی لای خۆمان کۆمەڵێکی زۆر لەخانمان هۆزێکی ئەمازۆنیی بەڵام بەشێوەی مۆدێرنیان پێکهێناوە بەناوی ئازگاردا. ئامانجیان سەربەخۆبونی تەواوەتییە لەپیاوان. ئەم خانمانە لەو پێناوەدا راهێنان لەسەر هونەرە جەنگی و زانستە جیاوازەکان دەکەن و لەشاخەکانی کارپاتدا دەژین.

If a Woman Needs It, Should She Be Spanked?

[Today's question by Herman Martin, 125 Broad St., New York 4, N. Y.]

MIGUEL MATOS, Brooklyn, counterman: "Why not? If they don't know how to behave by the time they're adults, they should be treated like children and spanked. That ought to make them grow up in a hurry. If it doesn't at first, they'll soon get the idea."

FRANK DESIDERIO, Brooklyn, barber: "Yes, when they deserve it. As a barber, I've got a lot of faith in the hairbrush. I think there are certain cases when it is advisable. When it is, there's no reason why you shouldn't go right ahead and do it. I can't knock the idea. In my business, a man sets a lot of store by the results he can get with a hairbrush properly applied."

TEDDY GALLEI, Brooklyn, parking lot attendant: "You bet. It teaches them who's boss. A lot of women tend to forget this is a man's world and a lot of men who stepped down as boss of a family wish they hadn't. Spanking might help get back some of the respect they lost."

3119. پرسیارەکە تۆزێك سەیرە، بەڵام وەڵامەکانی ئەو فسفۆرانە سەیرترە! چونکە بیانو بۆ لێدانی خانمان دەهێننەوە!!!!

بەشێك لەڕۆژنامەی نیۆرك دەیلی مێرەر. دەروبەری ساڵەکانی 1950کان. دەپرسێت: ئایا ئەگەر پێویستیکرد، دەبێت نەرمەلێدان لەژن بدرێت؟

3120. لەسەردەمی کیم ئیڵ سونگ کە یەکەم سەرۆکی کۆریای باکور بووەو باپیرەی خەپەگیانی سەرۆکی ئێستایە، ئەگەر وێنەکەی لەهەر شوێن و ماڵێکدا تەپوتۆزی لەسەر بنیشتایە ئەوا خاوەنی وێنەکە سجن دەکرا.

During Kim Il-Sung's reign in North Korea, people went to prison for letting dust collect on his portrait.

3121. گریمان لەسەر مانگ ئاو هەیە. ئەگەر لەسەر مانگ مەلە بکەیت، ئەوا دەتوانیت بەسەر روی ئاوەکەدا بڕۆیت و وەك دۆلفین لەسەر ئاوەکە بازبدەیت.

If you went swimming on the Moon, you would be able to walk on the water's surface and jump out of the water like a dolphin.

3122. ئاسکی ئاویی چینی لەکاتی لەدایکبوندا هێندە بچوکە کە لەدەستدا جێگەی دەبێتەوە. بەڵام دواتر کە گەورە دەبێت، کەڵبەی دەڕوێت و وەك ئاسکێکی خوێنمژ دەردەکەوێت.

3123. لەئەمەریکا ئەگەر کارمەندی کۆمپانیایەك دەسەڵاتداران لەوە ئاگاداربکاتەوە کە کۆمپانیاکەی خۆی لە باج دزیوەتەوە، ئەوا لەسەدا 15 بۆ لەسەدا 30ی ئەو باجەی کۆمپانیاکە خۆی لێدزیوەتەوە، دەدەن بەو کارمەندە.

If someone reports their company for tax evasion in the U.S., he or she will receive 15% to 30% of the amount collected.

3124. لە مەکسیك ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی خواردنەوە شەکرئامێزەکانەوە گیان لەدەست دەدەن، لەو کەسانە زیاترە کە بەهۆی تاوانی توندوتیژییەوە دەکوژرێن.

3125. You have a one in 285,000 chance of meeting your perfect partner and falling in love.

ڕێژەی گەیشتن بە هاوژینێکی پێرفێکت و کەوتنەداوی خۆشەویستییەوە بریتییە لە یەك لەسەر 285 هەزار .

3126. The CIA reads about 5 million tweets every day.

سی ئای ئەی ڕۆژانە پێنج ملیۆن تویت دەخوێنێتەوە.

3127. کریستیانۆ ڕۆنالّدۆی ڕەزاگران 869 ڕۆژ لە مێسیی ڕۆحسوك پیرترە. کوڕە بێتامەکەشی بەهەمان شێوە 869 ڕۆژ لەکوڕە خوێنشیرینەکەی میسی گەورەترە.

ئەوە مەعلومە کە ڕۆنالّدۆ ناتوانێت مونافەسەی مێسی بکات بەڵام لەوەش زیاتر تۆ سەیری کوڕەکانیشیان بکەن. ماشەڵڵا ئەوەی مێسی چەندە خوێنشیرینەو ئەوەی ڕۆنالّدۆ چەندە نابوتە!

3128. تەنها دوو وڵات هەیە لەجیهاندا کە ئالّاکانیان هیچ ڕەنگێکی سورو سپی و شینیان تێدا نیە. ئەوانیش جامایکاو موریتانیایە.

3129. لە ئوستراليا پارەی دراو بەگوێرەی ڕێژەی دراوییەکەی پارە دەکات نەك وەك لای خۆمان فڕێ بدرێت. بۆ نمونە ئەگەر 20 دۆلارییەك بوو بێت بە دوو لەتی تەواوەوە ئەوا لەتێکیان 10 دۆلار دەکات.

3130. کاتێك کەشتیی ئەپۆلۆ 11 لەسەر مانگ نیشتەوە، تەنها بەقەدەر 25 چرکە ڕۆشتن، سوتەمەنی پێ مابوو.

3131. Listening to music is one of the few activities that uses the entirety of the human brain.

گوێگرتن لەموزیك یەکێکە لەو چالاکییە کەمانەی کە تەواوی مێشك بەکاردەهێنێت.

3132. If you have no debt and $10 in your pocket, you are already wealthier than 25% of Americans.

ئەگەر هیچ قەرزار نەبی و 10 دۆلار لەگیرفانتدا بێ ئەوا لەسەدا 25ی ئەمەریکییەکان دەوڵەمەندتریت.

3133. Every seven years, you lose about half of your friends and replace them with new people.

هەموو حەوت ساڵێك نزیکەی نیوەی هاوڕێکانت لەدەست دەدەیت و کەسی تر جێگەیان دەگرێتەوە.

3134. لەسەدا 33ی دەرچوانی قۆناغی دواناوەندی، بەدرێژایی ژیانیان کتێبێکی تر ناخوێننەوە.



3135. لەسەدا 42ی دەرچوانی زانکۆ، پاش دەرچون هیچ کتێبێك بەدرێژایی ژیانیان ناخوێننەوە.



3136. ئەگەر رۆژانە بۆ ماوەی سەعاتێك شت لەسەر ئەو بواره بخوێنیتەوە كە خۆت هەڵیدەبژێریت، ئەوا لەماوەی حەوت ساڵدا دەبیتە پسپۆر.

3137. ئەو ئازارەی خانمێك لەكاتی منداڵبوندا دەیچێژێت، هاوتای سوتاندنە بەزیندویی.
بەڵام تەبعەن بە مەرجێك بە عەمەلیات نەبێت!!!



3138. In England, suicide used to be illegal. The punishment for trying to kill yourself was 'death'.
لەكۆندا خۆكوشتن لە ئینگلتەرا كارێكی نایابی بووەو سزای هەوڵدان بۆ خۆكوشتن، مەرگ بووە.

3139. People generally solve problems faster while laying down. This type of relaxation makes it easier to process thoughts.
خەڵك بەگشتی كێشەكانی لەكاتی پاڵكەوتنا خێراتر حەلدەكات. ئەم جۆرە حەوانەوەیە رابیكردنی بیرۆكەكان ئاسانتر دەكات.

3140. Depressed people: Dream 3 times more than non-depressed people.
خەفەتبارەکان سێ ئەوەندە زیاتر لە ناخەفەتبارەکان خەو دەبینن.

3141. Ducks have the ability to see more colors than humans.
قاز لەمرۆڤ زیاتر توانای جیاکردنەوەی ڕەنگەکانی هەیە.

3142. Hypopituitarism is a rare disease that doesn't allow a person to feel love.
هایپۆپیتویتاریزم کە بە عەرەبییەکەی خۆمان پێی دەڵێین قسوری نوخامی، نەخۆشییەکی دەگمەنەو ئەوەی توشی بێت هەشت بە خۆشەویستی ناکات.

3143. Start smiling! Laughter is proven to reduce stress, improve the blood flow and reduce heart problems.
سەلمێنراوە کە پێکەنین خەفەت کەمدەکاتەوەو هاتوچۆی خوێن باشتردەکات و کێشەکانی دڵ کەمدەکات.

3144. The Autobahn (German highways with no speed limit) has a death rate 3 times lower than U.S. highways.
ئۆتۆبان واتە ئەو ڕێگە خێرایانەی ئەڵمانیا کە سنوریان بۆ خیرایی دانەناوە، ڕێژەی مردنن تێیاندا سێ ئەوەندە لە هی ڕێگا سەریعەکانی ئەمەریکا کەمترە.

3145. Trying to lose weight? Never eat anything 4 hours before you go to bed. It makes a huge difference!
ئەتەوێت کێشت دابەزێنیت؟ هەرگیز چوار سەعات پێش خەوتن هیچ مەخۆ .

3146. There is a town in France called Condom
عیلم شەرمی بڕیوە، لەفەرەنسا شارێك هەیە ناوی کۆندۆمە.

3147. It takes 4-5 hours for your body to return to its normal temperature after doing exercise.:
پاش ئەنجامدانی ڕاهێنان، لەشت چوار تا پێنج سەعاتی پێویستە تا پلەی گەرماکەی بۆ حاڵەتی ئاسایی بگەڕێتەوە.

3148. 85% of the of the Chinese population share only 100 surnames.
لەسەدا 85ی دانیشتوانی چین هەمان 100 نازناویان هەیە. واتە وەك چاویان وایە!!!

3149. جارێك پاسەوانێکی کەنار دەریا لە فلۆریدای باشور کوژێکی لەخنکان رزگارکرد بەڵام دەسەڵاتداران ئەو پاسەوانەیان فەسڵ کرد چونکە ئەو کوژە رزگارکراوە لەشوێنی دەوامی ئەودا نەبوو.
لێرەوە کێشمەکێشمی نێوان یاساو ویژدان دەستپێدەکات. بۆیە من هەمیشە وتومە دەبێت ویژدان سەروەر بێت نەك یاسا.



3150. ئەو زەمینلەرزەیەی ساڵی 2011، لەنزیك ژاپۆن رویدا، خێرایی سوڕانەوەی زەوی زیادکردو بەهۆی ئەوەشەوە ماوەی ئەو رۆژەی بە 1.8 مایکرۆچرکەیەك کورتکردەوە.
عەگ لەو کێشەیە!!!



3151. لەساڵی 2011 پیاوێك ئاهەنگی 30هەمین جەژنی لەدایکبونی پاریس هیلتۆنی پیس شێواند. چونکە کێکی ئاهەنگەکەی کە بایی 32 وەرەقە بوو، دزی و دای بە کەسانی بێماڵ و حاڵ.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رەنگە بتوانین بڵێین دزی شەریفیش هەیە!!!

Sharks can see ten times better than humans in clear water.

3152. لەئاوی روندا، توانای بینینی قرش 10 ئەوەندە لەهی مرۆڤ باشترە.

3153. ئەمەی لۆتان باس دەکەم جارێکی تر دەیجەختێنێتەوە کە بەخوا سەگیش سەگە!!!
جۆرێك سەگ هەیە پێی دەووترێت سەگی کێویی ئەفەریقی. ئەم جۆرە، راوکەرێکی زۆر سەرکەوتووە. زیاتر لە 60 لەسەدی راوەدونانەکانی بە کوشتنی نێچیرەکە کۆتاییان دێت. ئەمە لەکاتێکدایە کەمتیارو شێریش بەو هەموو شان و شەوکەتەوە رێژەی سەرکەوتنی راوەدونانەکانیان نزیکەی لەسەدا 30یە.
ئۆکسفۆردی پۆست:
دەیجەختێنێتەوە: جەختدەکاتەوە، تەئکیددەکاتەوە!!!

3154. لەساڵی 2010، لەو ئینگلتەرایەی لای خۆمان پیاوێك پاش ئەوەی بە وەڕینی سەگی راوەکەی دراوسێکەی کە ژنێك بوو، بێزاربوو و کورتانی سوڕا، دەنگی وەڕینەکەی تەسجیلکردو دواتر لەسەعات 3ی بەیانی بە ئاخر سەوت لەسەر دیواری دراوسێکەی سەوتەکەی لێدایەوە.

بەهۆی ئەمەوە کەیسەکە گەیشتە دادگاو پیاوەکە بە تۆمەتی بێزارکردن ئیدانەکرا.

3155. هەرچەندە مەعلومە من زۆر تاقەتی چڕوچاوی کریستیانۆ رۆناڵدۆم نیە، نە لەبەرئەوەی هاندەری مێسیم بەڵکو لەبەرئەوەی پۆز زۆر لێدەداو نازناوی ئەبوپۆزم لێناوە، بەڵام مرۆڤ دەبێت عادل بێت و کارە مرۆییەکانیشی لەبیرنەکات. لەساڵی 2014 شارۆچکەیەکی بچوك لە ئیسپانیا دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ یارمەتیدانی منداڵێکی تەمەن 10 مانگ بۆ ئەوەی بتوانرێت پارەی پسولەی نەشتەرگەریی دەماخی بۆ بدرێت. لەو سەروبەندەدا داوا لەئەبوپۆز کرا کە کالەکانی لەپێناو کارێکی خێرخوازیدا بخاتە زیادکردنی ئاشکراوە. کاتێك ئەبوپۆز بیستی کە پارەکە بۆ چ شتێکە، 83 هەزار دۆلاری بەخشی بۆ ئەوەی ئەو منداڵە کە کوڕێك بوو، ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ ئەنجامبدرێت کە ژیانی دەگۆڕێت.



3156. ئەم ناسکەتاقیکردنەوەیە ئەنجامبدە بۆ ئەوەی بزانیت مرۆڤێکی رەسەنیت یان ناڕەسەنیت!!!

عەینەن وێنەکە باسکی شەریفت بەتەختی دابنێ، پاشان پەنجەگەورەو پەنجەتوتەت بەئاڕاستەی یەك پاڵپێوەبنێ. ئەگەر بینیت رەنگدەمارێك بەرزبووەتە لەمەچەکت ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ ماسولکەیەکی شوێنەواریت هەیە واتە رەسەنیت، ئەمەش شتێکی باوە لەو زیندەوەرە مەمکدارانەی لەسەر چوار پەل دەڕۆن. بەهۆی پەرەسەندنەوە نزیکەی 15 لەسەدی خەڵك ئەمەیان نیە، لانیکەم لەیەکێك لەدەستەکانیاندا.

3157. ئەگەر رەگەزێکی بەرامبەر هات و زیاتر لەجاران وەسفی جوانییەکەی کردیت، نەچیت بچیت خێرا بڕوابکەیت، چونکە رەنگە هۆکارێکی تری هەبێت نەك راست.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە تەنانەت پاش خواردنەوەی بڕێکی مامناوەند لەخواردنەوە کهولییەکان، ئەو کەسە رەگەزی بەرامبەر بەڕێژەی لەسەدا 25 زیاتر، سەرنجڕاکێشتر دەبینێت.

کەواتە هەوڵبدە با هەمیشە جیهازێك لەوەی مرورت پێ بێت و هەرکەس زیاد لەجاران وەسفیکردیت، بیکە بەدەمیاو بڵێ هەناسەیەك بدە، ئەگەر نەیخواردبووەوە ئەوکاتە بڕوابکە کە فعلەن جوانترو سەرنجڕاکێشتریت!!!

3158. دایکایەتی گەورەترین و پیرۆزترین کارەو هەرگیزیش کۆتایی نایەت.

لە ئینگلتەرا پاش ئەوەی پیاوێکی تەمەن 80 ساڵ چووە خانەیەکی بەسالاچوانەوە، دایکە تەمەن 98 ساڵەکەشی چووە هەمان خانە بۆ ئەوەی چاودێری کوڕەکەی بکات و بە کوڕەکەشی وت: "هەرگیز ناتوانیت دایکایەتی بووەستێنیت".

3159. ئەگەر تەکلیفێکی ماددیت هەیە لەهاوژینەکەت خێراو بەبێ پێشەکی لەماوەی کەمتر لەشەش خولەکدا خۆت هەڵدەرە ناو مەوزوعەوە پێش ئەوەی ئاگای لێت نەمێنێت!!!

لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر دوو هەزار کەس ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە بەگشتی پیاوان تەنها بۆ ماوەی شەش خولەك بەمەزبوتی گوێ لەهاوژینەکانیان دەگرن، دوای ئەوە سەرنجی قسەکانی هاوژینەکەی نادات، بەڵام دەکرێ بۆ ماوەی تا 15 خولەك گوێ لەهاوڕێکانیان بگرن.

3160. زۆربەی مرۆڤایەتی قەرزاری ئەم دوو برادەرەن کە هاوڕێی یەکتر بوون: تۆماس ئەدیسۆن و هێنری فۆرد. لەساڵەکانی کۆتایی ژیانی، ئەدیسۆن ناچاربوو کورسی گەڕۆك بەکاربهێنێت، فۆردی هاوڕێشی دانەیەکی لەو کوردسییانە کڕی بۆ ئەوەی پێکەوە بەو کورسییانە موسابەقە بکەن.



3161. پێمواية ئێمەی کوردی ئیشقۆڕ لەهەموو شتێکمان کەم بێ لەم بەزمەمان کەم نیە.

لەساڵی 2015 پیاوێك لە چین پاش رووداوێکی هاتوچۆ خرایە نەخۆشخانەو دوای ئەوەش 17 کەڵی گەیشتنە نەخۆشخانە بۆ سەردان کردنی. سەیرەکە لەوەدا بوو کە هیچ یەکێك لەم خانمانە ئاگایان لەوی تر نەبوو لەکاتێکدا ئەم برادەرە بۆ ماوەی نۆ ساڵ پەیوەندی لەگەڵ هەندێکیاندا هەبوو، تەنانەت منداڵێکیشی لەیەکێکیان هەبوو.

3162. ئەم لێکۆڵینەوانە پەیوەندیی نێوان هاوژینەکان بە تایبەت هی کوردستان دەخاتە ژێر ناسکەپرسیارێکەوە دەیجەختێنێتەوە کە وریابە بە زاهیر تێنەکەوی!!!!

چەند لێکۆڵینەوەیەك دەریانخستووە کە هاوژینە بەختەوەرەکان ئەگەرێکی کەمتری هەیە کە پۆست سەبارەت بە هاوژینەکانیان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دابەزێنن. ئەو برادەرو خوشکەدەرانەی زۆر لەو پۆستانە دادەبەزێنن، ئەگەری زۆرە هەست بە نائارامی بکەن لەپەیوەندییەکانیاندا.



3163. لەساڵی 1930، لە هندستان، کیژۆڵەیەکی تەمەن چوار ساڵ، وتی، وردەکاری ژیانی پێشوی خۆی لەبیرەو پێشتر لەشارێك کە بە 90 میل لەشوێنی کاتی قسەکردنەکەیەوە دوورە ژیاوە. مێردی هەبووەو پاش ئەوەی منداڵێکی بووە، مردووە.

دوای ئەوەی ئەم کیژۆڵەیە ناوی مێردەکشی هێناوە، خەڵکەکە توانییان شوێنپێی پیاوەکە هەڵبگرن. لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوەو لیژنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە فعلەن قسەکانی راست بووەو رۆحی ئەو ژنە مردووەی پیاوەکەیە هاتووەتە ناو ئەم کچەوە.

3164. كاتێك كەسێك دێتە خەوت، هۆكارەكەی ئەوەیە كە ئەو كەسە بیرتدەكات.

3165. تێكڕا رۆژانە لەسەرتاسەری جیهاندا 12 منداڵی تازە لەدایكبوو دەدرێت بە دایك و باوكی هەڵە.

3166. هەموو خولەکێك نزیکەی 50 ئینجیل دەفرۆشرێت، بەمەش ئەو کتێبە بووەتە پڕۆفرۆشترین کتێب لەسەرتاسەری جیهاندا.



3167. ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە، تەمەنی نزیکەی سێ ملیار ساڵە.

3168. چارەکێك پێکەنین سودەکەی هاوتای دوو سەعات خەوتنە.



3169. لەساڵەکانی 1950کان خەڵك تێکڕا رۆژانە 18 خولەك پێدەکەنین، بەڵام هی ئەم سەردەمە تێکڕا رۆژانە نزیکەی چوار بۆ شەش خولەك پێدەکەنن.

3170. لەڕۆمای دێرینداء ئەو پیاوانەی تاوانی لاقەکردنیان بەسەردا ساخ دەبوویەوە، هێلکەگونەکانیان لەنێوان دوو بەرددا دەشکاند.

3171. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك كە ئۆكسفۆرد ئەنجامیداوە، عاشقبون دوو هاوڕێی نزیكت لەدەست دەدات.

3172. Every year in ancient Athens, citizens could vote to banish any person from the city for 10 years.

لە ئەسینای دێرین، هەموو ساڵێك هاوڵاتیان دەیانتوانی دەنگ بۆ دورخستنەوەی هەر كەسێك بدەن بە دڵی خۆیان، بۆ ماوەی 10 ساڵ لەشارەكە.

3173. During the Italian invasion of France, 9 French soldiers defended the Pont Saint Louis against 5000 Italians for 10 days, of which 700 Italians were killed or injured. Eventually, an armistice was agreed.

لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، بەدیاریكراوی لەكاتی پەلامارادانی فەرەنسا لەلایەن هێزەكانی ئیتاڵیاوە، تەنها نۆ سەربازی فەرەنسی لەبەرامبەر هێرشی پێنج هەزار سەربازی ئیتاڵی، توانییان بۆ ماوەی دە رۆژ بەرگری لە پردی پۆنت ساینت لویس بكەن كە پردێكە لەسەر روباری سین لە پاریس. ئەو شەڕە كوژران و بریندار بونی 700 سەربازی ئیتالی لێكەوتەوە. دواجاریش هەردوولا ئاگربەستێكیان راگەیاند.

3174. In 1995, Newsweek published an article scoffing about the future of the internet. It laughed at the idea that people would get news, learn, or buy airline tickets online. It is still available on their website.

لەساڵی 1995 رۆژنامەی نیوزویك بەو هەموو شان و شەوكەوتەوە، وتارێكی بڵاوكردەوە كە تیایدا گاڵتە بە داهاتووی عەنتەرنێت دەكات. هەر لەو وتارەدا پێكەنینی بە بیرۆكەی گەیشتنی هەواڵ و فێربون و كڕینی بلیتی فڕۆكە بەشێوەی ئۆنلاین دەكات. ئەوەی جێگای سەرنجە، تائێستاش ئەو وتارە لەماڵپەڕەكەدا ماوە.

3175. لێكۆڵینەوەیەك كە لەسەر 1300 ژن و مێرد ئەنجامدراوە، دەریخستووە كە ئەو پیاوانەی بڕێكی مامناوەند لەئیشەكانی ماڵەوە دەكەن، ژیانی سێكسەوانییان باشترە لەكەسانی تر.

3176. لەساڵی 1945، لەویلایەتی كۆلۆرادۆی ئەمەریكا، جوتیارێك مریشكێكی سەربڕی بەڵام نەمرد. ئەو مریشكە بۆ ماوەی 18 مانگ بەبێ سەر ژیا.

3177. پسپۆرانی بواری خەوتن، دەفەرمون خانمان لەپیاوان زیاتر پێویستیان بە خەوتنەو ئەگەر بەقەدەر پێویست نەخەون ئەوا هەڵی توشبونبان بە کێشەی تەندروستی، بە بەراورد بە پیاوانێك کە وەك پێویست ناخەون، زیاترە.

3178. بێناموص هەبێت ئەم برادەرەیە!
لەساڵەکانی 1980و 1990ەکان ئەم سەرخڕە کە ناوی جۆن لیۆنارد ئۆرە، وەك کاپتنی ئاگرکوژێنەوەو لێکۆڵەری بواری ئاگرکردنەوەی بە ئەنقەست لە کالیفۆرنیا کاریکردووە. هەر لەو ماوەیەدا خودی خۆی ئاگرکەرەوەیەکی بە ئەنقەست بووەو ئاگری بەرداوەتە چەندین موڵك و ماڵ.
ئەم بێناموصە پێش ئەوەی دەستگیربکرێت، رۆمانێکی نوسی کە باس لەکارمەندێکی ئاگرکوژێنەوە دەکات کە هەر خۆشی ئاگربەردەداتە موڵك و ماڵی گشتی. لەمەوە لێکۆڵەران گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەم رۆمانە باس لەکارە راستەقینەکانی خۆی دەکات لەسوتاندنی موڵك و ماڵی گشتی و بەو شێوەیە دەسەکەی کەشف بوو و دەسگیرکرا.



3179. لەساڵی 1987 خوێندکارێکی هەرزەکار لەویلایەتی ئیلینۆی لە ئەمەریکا، پێویستی بە 28 هەزار دۆلار بوو بۆ کرێی خوێندنی کۆلێجەکەی. لەبەرئەوەی بڕیاریدا داوا لە دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار کەس بکات کە هەر یەکەیان پێنسێکی پێببەخشن واتە هەر یەکەیان تەنها یەك لەسەر سەدی دۆلارێکی پێببەخشن. رۆژنامەنوسێك لەو بارەیەوە ستونێکی نوسی و لەڕۆژنامەکانی سەرتاسەری ئەمەریکادا بڵاوبووەوە. لەئەنجامدا بیرۆکەکەی سەری گرت و هەزار دۆلاریش لەپارە پێویستەکەی بۆ کۆبووەوە.



3180. بە گاڵتەکردن بە هندستان و هندی هیچمان نەهێشتووەتەوەو بە گاڵتەوە دەڵێین: "بۆ فلیمی هندییە؟!!!" کەچی پیاوێکی وامان تیاهەڵنەکەوتووە.

لەو وڵاتە لەساڵی 2010ەوە بازرگانێکی ئەڵماس، خەرجی هاوسەرگیریی بەکۆمەڵ دابینەکات و بەهۆی ئەمەشەوە ساڵانە سەدان خانم شویان کردووە. ئەم پیاوە خۆی بە "باوکی بەخێوکار"ی ئەو خانمانە وەسفدەکات کە ناتوانن خودی خۆیان خەرجی هاوسەرگیرییان دابینبکەن. ئەم پیاوە لەوەش زیاتر، بەڵێنیش دەدات کە لەخەرجی پاش هاوسەرگیریشدا یارمەتی ئەو خانمانە بدات.

3181. ئەگەر ئەم پیرەژنە کورد بوایە رەنگە داماوە ببوایەتە مەسخەرەی بوك یان ئەولادی ناڕەسەن و خۆزگەی بە مەرگ بخواستایە، بەڵام لەبەرئەوەی هندییە، تەواو جیاوازە.

ئەمە نوسەرێکە بەناوی شاکونتالا دێڤی و بە کۆمپیوتەرە مرۆییەکەش ناسراوە، چونکە توانایەکی عەجیبی هەیە لەحسابکردنی ژمارە گەورەکاندا. لەمیانەی نمایشێکدا کاتێك دوو ژمارەی 13 خانەیان پێدا کە لەیەکیان بدات، لەماوەی تەنها 28 چرکەدا توانی بەڕاستی وەڵامبداتەوە.



3182. با زۆر دورنەکەوینەوە باشە، نەوەك ونبین!!!!

نزیکەی سێ سەد ساڵێك لەمەوبەر، بەدیاریکراوی لەساڵی 1724 ، لە سکۆتلەندا، ژنێك سزای لەسێدارەدانی لەدژ دەرچوو. هەرچەندە لەسێدارە درا بەڵام نەك هەر نەمرد بەڵکو دەیان ساڵیش دوای لەسێدارەدانەکە ژیا. ئەم ژنە پاش جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانەکەی، خرایە ناو تابوتەوە لەو کاتەدا خەڵك درکیان بەوە کرد کە نەمردووە. بەهۆی ئەوەی کە بەپێی یاسا سزاکە جێبەجێکرابوو، دادگا فەرمانیدا کە ناتوانرێت جارێکی تر دادگایی بکرێتەوە. بەو هۆیەوە نازناوی ماگیی نیمچەلەسێدارەدراوی لێنراو 40 ساڵیش پاش ئەو روداوە، ژیا.



3183. خوا بەو رۆژ نەکا، گۆڕی شەیتان کەڕ بێ و هەردوو چاویشی کوێر بێ و هەر چوار پەلیشی وشکبێ، ئەگەر پێویستتان بە گورچیلە بوو و خۆبەخشتتان دەستنەکەوت و پارەیەکی ئەوتۆشتان نەبوو، واتە ئەگەر بە سێ لا مەست و حەیران بوون!!!، ئەوا رەنگە کینیا باشترین حەل بێت لۆ رزگاربون لەو قەیرانە. دەکرێ گورچیلەیەك لەو وڵاتە بە تەنها شەش وەرەقەو نیوی رسوا بکڕیت، ئەمە لەکاتێکدا لەئەفەریقای باشور کە ئەمیش هەر وڵاتێکی ئەفەریقییە گورچیلەیەك بە بیست دەفتەر بفرۆشرێت!!!

لای خۆشمان نە ئەوەندە هەرزانە، نە ئەوەندەش گرانە!!!

یا رەببی خوایە بە نەخۆشییەکانی گون و گورچیلە تاقیمان نەکەیتەوە!



3184. تا ئێستا لانیکەم 10 حاڵەتی مردنی مرۆڤ بەهۆی پێکەنینەوە، تۆمارکراوە.



3185. لەو سویسرایەی لای خۆمان، داواکاریی پێشکەشکردن بۆ رەگەزنامە، لەسەر ئاستی شارەوانی بڕیاری لەسەردەدرێت. ئەگەر دراوسێکانت تۆیان بەلاوە زۆر موزعیج بێت، ئەوە دەتوانن دەنگ لەدژی داواکارییەکەت بدەن.

3186. لەو نەرویجەی لای خۆمان ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت کارەبایی بێت، ئەوا بۆت هەیە لەشوێنی پارکینی گشتیدا بە بەلاش پارکینی بکەیت، بۆت هەیە بەبەلاش لەڕێگەی دەریاییەوە بیگوازیتەوە، مافی ئەوەشت هەیە کە بەسەر هێڵی پاسیشدا بڕۆیت.

3187. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەگەر پیاوێك لەدۆخێکی مەترسیداردا خانمێك ببینێت (یان بەپێچەوانەوە) ئەوا ئەگەری کەوتنەداوی خۆشەویستی یەکترەوە، زیاترە لەکەسانی تر.



3188. Anyone who has suffered damage to the right hemisphere of the brain can develop a “joke addiction”, a compulsive need to constantly make jokes and create humor.

هەرکەسێك کە نیوەگۆی لای راستی دەماخی شەریفی زیانی پێدەگات، دەکرێ توشی حاڵەتێك بێت کە پێیدەووترێت "ئاڵودەبون بە نوکتە". ئەم حاڵەتە توشبوو وا لێدەکات کە بەشێوەیەکی لەسنور دەرچوو پێویستی بە نوکتەکردن و ئەنجامدانی شتی گاڵتەئامێز دەبێت.

3189. The richest preacher in the world is David Oyedepo of Nigeria. He has a net worth of $150 million. He owns 2 private jets, a $10 million house, and controls churches in 45 African nations.

ئەم برادەرەی دەیبینن، دەوڵەمەندترین بانگخوازی ئاینییە لەسەرتاسەری جیهانداو ناوی دەڤد ئۆیدیپۆیەو لە نایجێریایە. بەهای سامانی پەتی ئەم برادەرە 150 ملیۆن دۆلارە. دوو تەیارەی تایبەتی هەیە، خانویەکی هەیە بایی 10 ملیۆن دۆلارە، چەندین کڵێسە لە 45 وڵاتی کیشوەری ئەفەریقادا بەڕێوەدەبات.

3190. A swarm of 20,000 bees once followed a car for two days because their queen was inside the car.

هەرچەندە رەنگە هەندێك بڵێیت ئەمە لەفیلمی هندی دەچێت، بەڵام وەك هەمیشە جەختدەكەمەوە كە زانیارییەكانی بەندەی موخڵیستان گرەنتیی راستییان لەگەڵدایە.

جارێك پورەهەنگێك كە لە 20 هەزار هەنگ پێكهاتبوو، بۆ ماوەی دوو رۆژ شوێن سەیارەیەك كەوتن، تەنها لەبەرئەوەی شاژنەكەیان لەناو ئەو سەیارەدا بوو.

3191. A study shows that the average male gets bored on a shopping trip after 26 minutes while the average woman tires after around 2 hours.

لێكۆڵینەوەیەك دەریخستووە كە بەگشتی پیاوان لەكاتی بازاڕكردندا، پاش تەنها 26 خولەك بێزاردەبن، بەڵام خانمان پاش نزیكەی دوو سەعات بێزاردەبن!!!

3192. كتێبێكی ئەكادیمی هەیە بەناوی "چۆن بە چوكێكی زلەوە دەژیت... ئامۆژگاری، تێڕامان و حیكمەت بۆ ئەو پیاوانەی چوكیان زۆر زلە".

ئەم كتێبە لەنوسینی دوو كەسایەتی دیارو ئەكادیمییە. قیاسەكەشی گەورە نیە (مەبەستم قیاسی كتێبەكەیە تەبعەن)، تەنها 128 لاپەڕەیە!!!!



3193. Charles Dickens separated from his wife with whom he had 10 kids, after he fell in love with an 18-year-old actress, then went on to have a letter published in numerous newspapers in which he accused his wife of being responsible for the separation, calling her stupid, morbidly depressed, and a bad mother.

زۆرجار رۆشنبیرو کەسایەتییە گشتییەکان، لەژیانی تایبەتدا پێچەوانەو سەقەت و ناڕاستن. لۆ نمونە چارلز دیکنز کە خاوەنی رۆمانی بەناوبانگی بازرگانی ڤێنیسیاو چەندین شاکاری تر، بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، پاش کەوتنەداوی خۆشەویستی کچەئەکتەرێکی تەمەن 18 ساڵ، لەژنەکەی جیابووەوە هەرچەندە 10 منداڵی لێی هەبوو. رەنگە تا ئێستا ئاسایی بێت، بەڵام ئەم برادەرە بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو نامەیەکی پەیوەندیداری لەچەندین رۆژنامەدا بڵاوکردەوەو تێیدا ئەو ژنەی بە بەرپرسی جیابونەوەکە لەقەڵەمداوەو بە گێل و خەمۆك و ناتەواو لەڕەفتارو دایکێکی خراپ ناوی بردووە.

عاشقبونەوەو جیابونەوەکە تاڕادەیەك ئاساییە بەڵام بەخراپ نوسین لەسەر هاوژینەکەی و بڵاوکردنەوەی، نەك هەر جوان نیە، بەڵکو رەفتارێکی زۆر ناشرینە.

3194. Your blood is 6 times thicker than water.

خوێنی شەریفت شەش ئەوەندە لەئاو چڕترە.

3195. ئەمانەی دەیبینن سێ خانمی تایوانین. تائێستا کەیسەکەیان ئاساییە!، ئەوەی سەیرەو رەنگە زۆر کەس نەچن بچن باوەڕبکەن ئەوەیە کە ئەم سیانە دایکێك و دوو کچەکەین لەملاولایەوە. دایکەکە واتە ناوەڕاستەکە تەمەنی 63 ساڵە، کچەکەی لای چەپیشی 36 ساڵەو ئەوەی لای راستیشی 41 ساڵە.

3196. كاتێك لەشوێنێكی نوێدا دەخەویت، نیوەگۆیەكی دەماخی شەریفت بەشێوەیەكی جوزئی بەئاگایە واتە نیمچەخەفەرە. زانایان پێیانوایە ئەم دیاردەیە میكانیزمێكی بەرگرییە بۆ ئەوەی ئامادەبیت بۆ هەستان لەخەو ئەگەر گوێت لەمەترسییەك بوو كە لێت نزیدەبێتەوە.

3197. یاریزانی بەناوبانگ رۆناڵدینۆ هەر لەتەمەنی 13 ساڵییەوە بووەتە جێسەرنجی میدیاكان، ئەمەش پاش ئەوە هات كە تیپەكەی یارییەكی بە 23 گۆڵی خاوێن بردەوەو هەر 23 گۆڵەكەش رۆناڵدینۆ تۆماریكرد.

3198. A holocaust denial group offered $50,000 to anyone who could prove that gas chambers were used to intentionally kill people at Auschwitz. They were forced by a judge to pay that money, and an additional $40,000, to Auschwitz survivor Mel Mermelstein who provided proof of that very fact.

بنیایەم زۆر ئینکاری نەکات باشە، ئەگینا خۆی توشی قەڵبەیەك دەکات.

جارێك گروپێکی ئینکاریکەری کۆمەڵکوژیی هۆڵۆکۆست، خەڵاتی پێنج دەفتەر دۆلاری دانا بۆ هەر کەسێك کە بتوانێت بیسەلمێنێت لەکامپی ئۆشفیتزی نازییەکان، ژوری غاز بەکارهێنراوە بۆ کوشتنی بە ئەنقەستی خەڵك. پاش ئەوەی رزگاربوویەکی ئۆشفیتز بەناوی مێڵ مێرمێڵشتەین توانی بە بەڵگەوە ئەو راستییە بسەلمێنێت، دادگا ئەو گروپەی ناچارکرد پێنج دەفتەرەکەو چوار دەفتەری تریش بداتە ئەو برادەرە.

3199. Holocaust denial is illegal in 16 countries, in particular, Hungary, where it is punishable by up to 3 years imprisonment.

لە 16 وڵاتدا ئینکاریکردنی رودانی هۆڵۆکۆست کارێکی نایاساییەو سزای جیاوازی هەیە. سزای ئەم ئینکاریکردنە بۆ نمونە لە هەنگاریا دەکرێت بگاتە تا سێ ساڵ زیندانیکردن.

3200. Picasso did not marry again until he was 79. His second marriage was to his 35 year old mistress Jacqueline Roque, and the artist remained married to Jacqueline until his death in 1973. Thirteen years later, Jacqueline shot herself, unable to continue life without Picasso.

پیکاسۆ تا تەمەنی 79 ساڵی ژنی دووەمی نەهێناوە. دووەم هاوسەرگیریشی لەگەڵ خۆشەویستە تەمەن 35 ساڵەکەیدا بووە کە ناوی جاکلین رۆك بووەو تا مردنیشی لەساڵی 1973، پێکەوە ماونەتەوە. 13 ساڵ دوای مردنی پیکاسۆ، جاکڵین چیتر نەیتوانی بەبێ ئەو بژی، بۆیە بە گوللـە خۆی کوشت.

3201. Françoise Gilot, the mother of Picasso’s two youngest children, was a 23 year old art student when she began her affair with the 62 year old artist. She was with

Picasso for ten years before she left him because of his cheating and abusiveness, and is said to be the only woman to ever have left Picasso.

Françoise Gilot published a “tell all” book about her relationship with the artist.

As a result of the book, Picasso refused to speak with the couple’s two children, Claude and Paloma, for the remainder of his life.

فرانسیس گیلۆت کە دایکی بچوکترین دوو منداڵی پیکاسۆیەو تائێستاش لەژیاندا ماوە، کاتێك خوێندکارێکی تەمەن تەنها 23 ساڵی بەشی هونەر بوو، پەیوەندی لەگەڵ پیکاسۆی تەمەن 62 ساڵدا دەستپێکردووە. ئەم خانمە بۆ ماوەی 10 ساڵ لەگەڵیدا بووە، بەڵام دواتر بەهۆی خیانەت و خراپی پیکاسۆوە، وازی لێهێناوە. دەووترێت ئەمە تەنها خانمە کە وازی لە پیکاسۆ هێنابێت.

گیلۆت کتێبێکی سەبارەت بە خراپەکارییەکان و نەهێنییەکانی پیکاسۆو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمدا بڵاوکردووەتەوە. بەهۆی ئەم کتێبەوە پیکاسۆ تا مردیش قسەی لەگەڵ دوو منداڵەکەی نەکرد کە ناویان کلۆدو پاڵۆمایە.

3202. Picasso voraciously painted his lovers, and many of his most iconic works feature his wives and mistresses.

پیکاسۆ بەتەوسەوە نیگاری خۆشەویستەکانی دەکێشا. زۆرێك لەبەناوبانگترین کارەکانی گوزارشت لەژن و خۆشەویستەکانی دەکات.

3203. Picasso’s most expensive portrait sold-to-date, Nude, Green Leaves and Bust, features Marie-Thérèse Walter. Inspired by a bondage photograph taken by Picasso’s friend Man Ray, the piece sold for a record breaking $106.5 million dollars in 2010.

گرانترین تابلۆی جۆری پۆترەیتی پیکاسۆ کە تا ئێستا فرۆشرابێت، تابلۆیەکە کە پێکهاتووە لە جەستەیەکی روت و چەند گەڵایەکی سەوزو سنگێك. ئەم تابلۆیە گوزارشت لە ماریێ وۆلتەر دەکات کە یەکێك بووە لەخۆشەویستەکانی خۆی. پیکاسۆی بیرۆکەی ئەم تابلۆیەی لەوێنەیەکی کۆیلایەتییەوە وەرگرتووە کە لەلایەن هاوڕێیەکییەوە بەناوی مان رەیەوە گیراوە. ئەم تابلۆیە لەساڵی 2010 بە 106 ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلار فرۆشراوە.

3204. جارێك مەکینەیەکی دروێنەکردنی گیا، چوکی پیاوێك دەبڕێت. پزیشکان ناچاردەبن بۆ ماوەی چوار هەفتە ئەو چوکە لەقۆڵی نەخۆشەکەدا بچێنن، دواتر خستیانەوە شوێنی خۆی!

3205. وێنە رووتەکەی کەیت وینسلێت لەفیلمی تایتانیك، لەلایەن جەیمس کامیرۆنەوە کێشراوە کە دەرهێنەری فیلمەکەیە.



3206. The largest mass weding in history was held in The Olympic Stadium in Seoul, South Korea, where 40000 people married.

گەورەترین ئاهەنگی هاوسەرگیریی لەمێژودا لەیاریگای ئۆڵۆمپی لە سیئۆڵی پایتەختی کۆریای باشور ئەنجامدراوە کە تێیدا 40 هەزار کەس (20 هەزار بوك و 20 هەزار ژاوا) هاوسەرگیرییان کردووە.

3207. ئەمەی دەیبینن تێری فۆکسە. کوڕێکی تەمەن 21 ساڵ بوو. یەك لاقی نەبوو و توشبوی شێرپەنجە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا پێش ئەوەی بمرێت توانی بۆ ماوەی 134 رۆژ بە مەسافەی نزیکەی 5400 کیلۆمەتر لە کەنەدا، رابکات.

3208. چەند لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مرۆڤ ئاماژە بەوە دەدەن كە باشترین رێگا بۆ راكێشانی سەرنجی كەسێك بۆ لای خۆت، بریتییە لەوەی ئیهمالی بكەیت.

3209. In Vietnam, marriage applicants must acquire a Certificate of Good Mental Health from a doctor, proving that they are "mentally sound for marriage", before being allowed to marry.

لای خۆمان ئەگەر کەسێك کەمهۆش یان خوێرێلە بێت، رەنگە بە کەسوکارەکەی بووترێت: "ژنێکی لۆ بێنن با ببێ بە پیاو"، بەڵام لەڤێتنام شتەکە تەواو پێچەوانەیە.

لەو وڵاتە داواکارانی هاوسەرگیری پێویستە لەلایەن پزیشکەوە بڕوانامەی سەلامەتی عەقڵیان پێبدرێت و بیسەلمێنن کە هەردوکیان لەڕوی عەقڵەوە سەلامەتن بۆ هاوسەرگیری. پاش ئەمە رێگەی هاوسەرگیرییان پێدەدرێت.

بەس لای ئێمە ئەمەش هەبوایە تێپەراندنی زۆر بەسیت بوو، چونکە لێرە پیاوێك بە بێوەژن خۆی نوسیبوو و چەندین ساڵ پارەی بێوەژنانەی وەرگرتبوو، لەم دواییانەدا کەشفبوو!!!!

3210. Vietnam has a female abduction problem. Chinese one-child policy led to an imbalance as parents preferred boys over girls. There are no girls for the boys to marry and this has caused a kidnapping industry where girls are abducted from neighboring Vietnam for Chinese boys to marry or for prostitution.

ڤیتنام کێشەی رفاندنی خانمانی تێدایە. بەهۆی سیاسەتی یەك منداڵی چینی ئیشقۆرەوە کە دراوسێی ئەم وڵاتەیە، دایك و باوکانی چین زیاتر حەزیان لەکوڕە وەك لەکچ. ئەمەش وایکردووە کە لە چین ژمارەی کچان بەقەدەر پێویست نەبێت بۆ هاوسەرگیریکردن، سەرەنجام بووەتەهۆی دروستبونی کاری رفاندنی کچان لە ڤیتنامی دراوسێ بەمەبەستی هاوسەرگیریکردن یان لەشفرۆشی.

3211. There is a Vietnamese religion named Caodism that worships Joan of Arc, Shakespeare, and Muhammad. At least 4 million followers exist in Vietnam alone.

لەڤیتنام ئاینێکی سەیر هەیە بەناوی کۆدائی. پەیڕەوکارانی ئەم ئایینە جان دارك و شکسپیرو محەمەد (درودی خوای لەسەر بێت)، دەپەرستن.

بیلموناسەبە جان دارك خانمێکی دیاری مێژویی فەرەنسییە.

3212. In Vietnam, it is possible to order a cobra blood wine from restaurant menus. The waiter will take a live cobra, kill it on the spot, drain the blood into a shot glass of rice wine, and top it off with the cobra's still beating heart for you to gulp down.

لەڕستۆرانتەکانی ڤیتنام دەتوانیت داوای شەرابی خوێنی کۆبرا بکەیت کە جۆرە مارێکی کوشندەیە. شاگردەکە هەر لەوێدا کۆبرایەکی زیندوو دەهێنێت و لەبەرچاوتەوە دەیکوژێت و خوێنەکەی دەکاتە ناوی پێکێك شەرابی برنجەوەو پێش ئەوەی دڵی کۆبراکە لەلێدان بکەوێت بۆت ئامادەدەکات بۆ ئەوەی بیخۆیتەوە.

3213. The Vietnam War lasted for 19 years, 5 months, 4 weeks and 1 day resulting in the deaths of 847,000–2,500,000 civilians, and 1,484,000–3,886,026 soldiers.

جەنگی ڤیتنام 19 ساڵ و پێنج مانگ و چوار هەفتەو یەك رۆژی خایاندووەو کوژرانی 847 هەزار تا دوو ملیۆن و 500 هەزار هاوڵاتی سڤیل و ملیۆنێك تا سێ ملیۆن و 886 هەزارو 26 سەربازی لێکەوتووەتەوە.

3214. The Vietnam War is known in Vietnam as the American War.

جەنگی ڤیتنام لە ڤیتنام بە جەنگی ئەمەریکا ناسراوە. واتە لای ئەوان پێی دەڵێن جەنگی ئەمەریکا.

3215. The largest cave in the world is Hang Sơn Đoòng in Vietnam and it's so big that it has its own river, jungle, and climate.

گەورەترین ئەشکەوت لەجیهاندا ئەشکەوتی هانگ سۆن دونگەو دەکەوێتە ڤیتنامەوە. ئەم ئەشکەوتە هێندە گەورەیە کە روبارو دارستان و کەشوهەوای تایبەت بەخۆی هەیە.

3216. Former premier of Vietnam Nguyen Cao Ty moved to Orange County, California after the war, where he opened and ran a liquor store.

سەرۆك وەزیرانی پێشوتری ڤیتنام، نگوین کاو تای، پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ڤیتنام باریکرد بۆ هەرێمی ئۆرینج لەویلایەتی کالیفۆرنیاو لەوێ دوکانێکی خواردنەوە کحولییەکانی کردەوە.



3217. لە روسیا بەرنامەیەکی یاری هەیە کە تێیدا بەشداربوو سەیارەیەك دەدزێت. بەپێی سیستەمی بەرنامەکە ئەگەر ئەو کەسە لەماوەی تەنها 35 خولەکدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرنەکرا، ئەوا سەیارەکە دەباتەوە دەبێتە هی خۆی. بەڵام ئەگەر گیرا، ئەوا بەڕاستی دەستگیردەکرێت.

there was a Russian game show that would have you steal a car and if you didn't get caught by the police within 35 minutes, you win the car. Otherwise you would be arrested.

3218. In Greek Mythology, it is believed that redheads turn into vampires when they die.

لەئەفسانەی بۆنانی کۆندا، لەو بڕوایەدا بوون کە مرۆڤ قژسورەکان پاش مردن، دەبنە خوێنمژ.

3219. پابلۆ پیکاسۆی ئیشقۆڕ لەکاتی دەرچوندا دەمانچەیەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و گوللەی بەتاڵی تێدەکرد. هەرکەسێکی ببینیایە کە گێلە یان کەسێك کە پرسیاری مانای تابلۆکانی لێدەکرد، گوللەیەکی پێوەدەنا.



3220. ئەوە دەرکەوت جەنگیزخانیش یەکێك بووە لەبێناموصەکانی مێژوو.

لێکۆڵینەوەیەکی بۆماوەیی دەریخستووە کە لەهەر هەزار کەسێکی ئەم جیهانە بنەچەی 50کەسیان بەراستەوخۆیی دەچێتەوە سەر جەنگیزخان، چونکێکوم ئەم ئیمپراتۆرە لەکاتی داگیرکارییەکانیدا لەگەڵ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ژندا خەوتووە.



3221. Eddie Murphy got Spice Girl Melanie Brown pregnant and refused to believe it was his kid. He took a blood test, which proved he was the father and he still wants nothing to do with the kid. In total, he has 8 kids with 4 different women.

ئەم برادەرە ئێدی مورفایە کە ئەکتەرو کۆمیدیکارێکی جیهانیی بەناوبانگەو حەتمەن چڕوچاوی پێشتر بەخزمەتی زۆربەمان گەیشتووە، بەڵام لەڕوی ژیانی تایبەتەوە یەکێکە لەبێناموسەکان!!!

ئەمە کچێکی تیپی موزیکی سپایس گێڵزی دوگیان کردووەو لەو بڕوایەشدا نەبوو کە منداڵەکەی هی ئەو بێت.هەرچەندە پشکنینی خوێن سەلماندی کە هی ئەمە، بەڵام سەرباری ئەوەش نایەوێت هیچ بۆ ئەو منداڵە بکات. ئەم برادەرە دیارە گێگابایتەکەی فول فرییەو خەتەکەشی فایڤجییە!!!! چونکە تا ئامادەکردنی ئەم کورتیلەبابەتە، هەشت منداڵی لەچوار خانمی جیا، هەیە.

3222. Fireflies are the most efficient producers of light in the world, even when compared to modern light bulbs.

جۆرێك مێروو هەیە پێیدەوترێت مێشولەی بریقەدار. ئەم مێشولەیە گرنگترین بەرهەمهێنەری روناکییە لەجیهاندا، تەنانەت ئەگەر بە گڵۆپی مۆدێرنیش بەراوردی بکەین.

3223. Ants conduct war in ways similar to humans, they even use more advanced strategies like reconnaissance and sending expendable ants to the front line to preserve the stronger ones.

مێرولە شێوازگەلی هاوشێوەی هی مرۆڤ بەکاردەهێنێت لەکاتی جەنگدا. تەنانەت ستراتیژیی پێشکەوتوتر لەمرۆڤ بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە سیستمی چاودێریکردنی شوێنەکان و ناردنی مێرولەگەلێك کە توانای هەڵاوسانیان هەیە بۆ هێڵەکانی پێشەوەی جەنگەکە بەکاردەهێنن، وەك ئاماژەیەك بۆ نیشاندانی مێرولە بەهێزترەکان.

3224. Female hangingflies demand a food gift before a male can mate with her. The bigger the gift, the longer it takes for her to eat it, and thus the longer she'll allow the male to mate with her.

جۆرێك مێروو هەیە پێیدەووترێت مێشی هەڵواسراو، مێینەی ئەم جۆرە مێشە زۆر کاسبەو ئیش رەش ئەکات!!!!

هەر نێرینەیەك داوای سێکسی لێبکات، لەبەرامبەردا پێشەکی داوای خواردەمەنییەکی لێدەکات وەك دیاری. تا دیارییەکەش گەورەتر بێت، مێشەکە زۆرتری پێدەچێت بۆ خواردنی، بەمەش زیاتر رێگە بە نێرەکە دەدات کە سێکسی لەگەڵ بکات!!!

3225. There are 1.4 billion insects for every human on Earth. If all the humans in the world got on one scale, and all the bugs in the world got on another scale, the bugs would weigh more.

لەبەرامبەر هەر مرۆڤێکدا یەك ملیارو 400 ملیۆن مێروو هەیە. ئەگەر هەموو مرۆڤەکانی جیهان بخەینە سەر تای تەرازوویەك و هەموو مێرووەکانی جیهانیش بخەینە سەر تاکەی تر، ئەوا مێرووەکان قورسترن. هەرکەسێکیش بڕواناکات با بچێت بیکێشێت!!!

3226. There is a species of moth (Mabra elephantophila) that feeds on elephant tears. If the animal is not producing tears, the moth will irritate the eye, causing tears to be produced.

ئەم ناسکەزانیاریيە دەیسەلمێنێت کە رەنگە بتوانین بڵێین: بەخوا پەپولەش سەگە!!!

جۆرێك پەپولەی بچوك هەیە کە لەسەر فرمێسکی فیل دەژی. ئەگەر چاوی فیلەکەش فرمێسکی پێوە نەبێت، دەچێت چاوەکە دەوروژێنێت تا فرمێسکی پێ پەیدا دەکات.

3227. Bumblebees can fly higher than Mount Everest.

جۆرێك هەنگ هەیە بەناوی هەنگی زیکزیککەرە. ئەم جۆرە دەتوانێت تا ئاستی بەرزتر لەلوتکەی ئیڤرست، بفڕێت.

3228. Ants were the first non-human meat farmers. An African breed of ants raises other bugs for food.

یەکەم جوتیاری نامرۆیی لەڕوی پەروەردەکردن بۆ گۆشتەوە، مێرولە بووە. جۆرێك مێرولەی ئەفەریقی هەیە کە مێرووە بچوکەکانی تر بۆ خواردن پەروەردە دەکەن.

3229. Cockroaches' exoskeletons allow them to withstand weights up to 900 times their body weight.

پەیکەری دەرەکیی سیسرێك بەشێوەیەکە کە دەتوانێت بەرگەی کێشی تا 900 ئەوەندەی کێشی لەشی خۆی بگرێت.

3230. Jackie Chan cheated on his wife with ex-Miss Asia 1990 Elaine Ng Yi Lei and got her pregnant. She gave birth to a girl. He has never admitted to having a daughter with her, though he has acknowledged their affair. He is a staunch supporter of China's communist party and thinks that Taiwanese democracy is "the biggest joke in the world," and believes Chinese citizens need to be "controlled" through censorship, "otherwise they'll do whatever they want."

جاکی شان کە یەکێکە لەدیارترین کەسایەتییە مەحبوبەکانی جیهان، بەشی خۆی بێناموسە. ئەم برادەرە خیانەتی لەهاوسەرەکەی کردووەو پەیوەندی لەگەڵ شاجوانی 1990ی کیشوەری ئاسیادا هەبووەو دوگیانیشی کردووەو کچێکیشی لێ بووە. جاکی هەرچەندە دانی بەوەدا ناوە کە ناسکەپەیوەندییەکی لەگەڵدا هەبووە، بەڵام هەرگیز دانی بەوەدا نەناوە کە ئەو کچە هی ئەو بێت.
جاکی بێناموسییەکی تریشی هەیە: پشتگیریکارێکی سەرسەختی حزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدارە لەچین و پێیوایە دیموکراسی لە تایوان، گەورەترین نوکتەیە لەجیهانداو لەو بڕوایەشدایە کە پێویستە هاوڵاتیانی چین لەڕێگەی چاودێریکردنەوە کۆنترۆڵ بکرێن، ئەگینا چییان بوێت دەیکەن.

3231. Mark Wahlberg was addicted to cocaine by the age of 13 and he had committed 20-25 offenses by the age of 21. In 1988, at the age of 16, he served only 45 days in prison for an unprovoked, racially motivated attack that left one of his two victims blind. He was initially charged with attempted murder. At the age of 21, he fractured the jaw of a neighbor in an unprovoked attack.

ئەمە مارك والبێرگە کە ئەکتەرێکی دیاری ئەمەریکییەوە حەتمەن چڕوچاوی لە فیلمەکاندا بەخزمەت زۆربەمان گەیشتووە. ئەمیش یەکێکە لەبێناموسە جیهانییەکان!!!
ئەم برادەرە بە گەیشتنی بە تەمەنی 13 ساڵیدا بووەتە ئاڵودەبوویەکی کۆکاین کە یەکێکە لەماددە هۆشبەرەکان. تا تەمەنی 21 ساڵی 20 تا 25 تاوانی ئەنجامداوە. لەساڵی 1988، لەتەمەنی 16 ساڵیدا بەبێ ئەوەی بوروژێنرێت، بەپاڵنەری رەگەزپەرستی پەلاماری خەڵکی داوەو دوان لەپەلاماردراوەکانی کوێرکردووە، هەرچەندە لەکاتی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتن، دادگایی کراوە بەڵام تەنها 45 رۆژ زیندانی کراوە. لەتەمەنی 21 ساڵیدا بەبێ ئەوەی بوروژێنرێت، لەپەلامارێکدا، شەویلگەی دراوسێیەکیان شکاندووە.

3232. It has been proven that Martin Luther King Jr. plagiarized a good part of his thesis. Boston University, where King received his Ph.D. in systematic theology, conducted an investigation that found he plagiarized major portions of his doctoral thesis from various other authors who wrote about the topic. Martin Luther King Jr. also engaged in extramarital affairs throughout his life.

مارتن لوتەر کینگ کە بە کەڵەگایەکی بواری مافە مەدەنییەکان و کەڵەچالاکوانێکی بواری دژەڕەگەزپەرستی ناسراوەو هەر لەو پێناوەشدا تیرۆرکرا، یەکێکی تڕە لەبێناموصە ناودارەکان. سەلمێنراوە کە ئەم برادەرە بەشێکی زۆری تێزی دکتۆراکەی دزیوە. زانکۆی بۆستن لە ئەمەریکا کە تێیدا کینگ بڕوانامەی دکتۆراکەی لەبواری ئاینزانیی ڕێکخراودا بەدەستهێناوە، لێکۆڵینەوەیەکی

لەسەر تێزەکەی کینگ ئەنجامداوەو تێیدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە کاکەڕەش زۆربەی بەشەکانی تێزەکەی لە چەند نوسەرێکی جیاوازی تر دزیوە کە لەبارەی هەمان بابەتەوە نوسیویانە.
کاکەڕەش کە بە جوانەمەرگی عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت، بێناموصییەکی تریشی هەیە: بەدرێژایی ژیانە کورتەکەی پەیوەندی رۆمانسیی لەگەڵ ژنانی دەرەوەی خێزانەکەی هەبووە.

3233. Gandhi admitted in his autobiography to hitting his wife when he was young and indulging in carnal pleasures out of lust, jealousy, and possessiveness, not genuine love. He slept with 2 naked 18-year-old girls at night to test his willpower, when he was old. He, holding fast to his principles, refused to let the people in his area inoculate their children against smallpox, due to the role cattle played in creating the vaccine. Many children died. Gandhi refused to let doctors administer penicillin to his wife, which led to her death.

لەئاوی خوڕ مەترسە، لەئاوی مەنگ بترسە. ئەمە بۆ کوردو هندییەکانیش تەواوە!!!
گاندی کە بە یەکێك لەپەپولەو ئاشتیخوازەکانی جیهان ناسراوەو هەر کە سەیری دەکەیت دەڵێیت ماشەڵڵا لەو بەرائەتە!!!، یەکێك بووە لەبێناموصە ناودارەکان.
ئەم برادەرە لەو ژیاننامەیەی خۆی کە بەدەستی شەریفی خۆی نوسیویەتی، دانی بەوەدا ناوە کە لەسەردەمی گەنجێتیدا لەژنەکەی داوەو غەرقی چێژوەرگرتنی جەستەیی و سێکسی بووەو دڵپیس بووەو وەك مۆڵکێك مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو خۆشەویستییەکەی راستەقینە نەبووە.
کورە جاهێشتا چیت دیوە!!!
زۆر بەتوندی مەبدەئەکانی پەیڕەوکردووەو نەیهێشتووە خەڵك منداڵەکانیان بکوتن لەدژی نەخۆشیی ئاوڵە، بەهۆی ئەو رۆڵەی مەڕومااڵات لەو ڤاکسنیەدا بینیویەتی. لەئەنجامی ئەمەشدا ژمارەیەکی زۆر لەمنداڵان مردون.
هەر لەژیاننامەکەیدا دەشڵێت، لەتەمەنی پیریشدا لەگەڵ دوو کچی روتی تەمەن 18 ساڵدا خەوتووە، بۆ ئەوەی توانای خۆی تاقیبکاتەوە!!! (هەتیو تۆ سەیری ئەو تەحەدایە، ئەی بێناموص،!!!!!). لەکاتی نەخۆش کەوتنی ژنەکەشیدا نەیهێشتووە دکتۆر دەرمانی پەنسلینی پێبدات و بەهۆی ئەمەشەوە، ژنەکەی مردووە.

3234. In 1963, wife of President George W. Bush, Laura Bush, at the age of 17th ran a stop sign and struck another car, resulting in the death of a boy. The boy was her ex-boyfriend and a high school star athlete. She was known for her recklessness behind the wheel.

لۆرا بوش، هاوسەری جۆرج بوشی کوڕ، لەساڵی 1963، کە ئەو کاتە تەمەنی 17 ساڵ بوو، لەکاتی لێخوڕینی سەیارەدا تابلۆی وەستانی تێپەڕاندو خۆی کێشا بە ئۆتۆمبێلێکی تردا. لەئەنجامدا گیانلەدەستدانی کوڕێکی لێکەوتەوە کە کۆنەکەپڵی خۆی بوو و یاریزانێکی خوێندنگەیەکی دواناوەندی بوو. ئەم خانمە لەڕابردودا بە سەیارە لێخوڕین بەبێباکی و ئیهمالی، ناسراوە.

3235. If we held 10 seconds of silence for every victim of the Holocaust, we wouldn't speak for well over 5 years.

ئەگەر لەبەرامبەر هەر قوربانییەکی هۆلۆکۆست، تەنها پێنج چرکە بەبێدەنگی بووەستین، ئەوا دەبێت بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ بێدەنگ بین.

3236. It would take around $600 billion to eradicate global poverty. The world spent $1.7 trillion on war in 2012.

لەڕیشەکێشانی هەژاری لەسەرتاسەری جیهان، نزیکەی 600 ملیار دۆلاری پێویستە. ئەمە لەکاتێکدایە کە جیهان تەنها لەساڵی 2012 ترلیۆنێك و 700 ملیار دۆلاری لەجەنگدا خەرجکردووە.. واتە تەنها لەو ساڵەدا نزیکەی سێ ئەوەندەی پێویست بۆ لەڕیشەکێشانی هەژاری لەجیهان، خەجکردووە.

3237. عاشقبون لەیەکەم نیگاوە، پێویستی بە چاوبڕینەیەکترێك هەیە کە ماوەکەی نزیکەی هەشت چرکەو چارەکە چرکەیەك بێت.



3238. During the Middle Ages, people believed that farting in jars and sniffing them would help prevent death. Wow!

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا خەڵك لەو بڕوایەدا بون کە تڕکەندن بەناو کیتەڵەو دواتر هەڵمژینەوەی، یارمەتی ڕێگرتن لەمردن دەدات!!!

3239. This newborn elephant cried for five hours without stopping after he was rejected by his mother. Vets hoped it was an accident when the mother stepped on him after he was born. They treated his injuries and returned him to her two hours later, just to see her kick him again. A keeper drove the mother off as the calf sobbed under a blanket. He cried for five hours before he could be consoled. Elephants Have Feelings Too.

ئەمەی بۆتان باسدەکەم، ناخەڕێنە. ئەم بێچووە فیلە تازەلەدایکبووە، پاش ئەوەی دایکی لەخۆی نەگرتووە، بۆ ماوەی پێنج سەعاتی بەردەوام گریاوە. لەسەرەتای لەدایکبونیدا، کاتێك دایکەکەی بەخراپی مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو قاچی پیانەوە، پزیشکانی ڤێتەرنەری هیوایان خواستووە کە شتەکە رێکەوت بێت نەك بە ئەنقسەت، بۆیە برینەکانی بێچووەکەیان کە نێرە، ساڕێژکردووەو دوای دوو سەعات بردویانەتەوە بۆ لای دایکی، بەڵام دیسان دایکی تێیهەڵداوەتەوە. دواتر هاوکات لەگەڵ ئاخەڵکێشانی بێچووەکە، یەکێك لەکارمەندانی ئەو باخچەی ئاژەڵانەی ئەم روداوەی تێدا روداوە، ناچاربووە بە زۆر دایکەکەی لێدوربخاتەوە. پاش ئەوە، پێنج سەعات بە بەردەوامی گریاوە، پاش ئەو پێنج سەعات ئینجا کارمەندان توانیویانە دڵنەوایی بدەنەوە. فیلیش هەستی هەیە بێگومان!!!

3240. Claudia Octavia was an empress of Ancient Rome. Her father (Emperor Claudius) executed her mother, her step-mother assassinated her father, her step-brother/husband (Emperor Nero) assassinated her brother and step-mother, and then she was executed by her step-brother/husband.

سەیری ئەم کافرصانییە بکەن لەمێژود:

کلۆدیا ئۆکتاڤیا ژنەئیمپراتورێك بوو لە رۆمای دێرینداد. باوکی ئەم خوشکەدەرە کە ئیمپراتور کلۆدیۆس بوو، دایکی ئەم خوشکەدەرەی لەسێدارەداوە. زۆردایکی ئەم خوشکەدەرە، باوکی تیرۆرکردووە. زۆربرای ئەم خوشکەدەرە کە مێردیشی بوو و

ئیمپراتۆرێك بوو بەناوی نیرۆ، براو زۆردایکی ئەم خوشکەدەرەی تیرۆرکردووە. دواجاریش خودی ئەم خوشکەدەرەش لەلایەن زۆربراکەیەوە کە مێردیشی بوو، تیرۆرکراو عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

3241. Queen Isabella, who funded Columbus' voyage, claimed to have taken bath only twice in her lifetime.

شاژنە ئیزابێللا کە پشتگیریی دارایی گەشتەدەریاییەکەی کۆڵۆمبوسی کردووە، وتویەتی، بەدرێژایی ژیانی تەنها دوو جار حەمامی کردووە.

3242. The French philosopher and mathematician René Descartes was hired as a tutor by Queen Christina, who insisted on philosophy lessons at 5 in the morning. Within a year of walking through the Swedish cold every morning, Descartes caught pneumonia and died.

فەیلەسوف و بیرکاریزانی فەرەنسیی بەناوبانگ رینیە دیکارت، لەلایەن شاژنە کریستینای سویدەوە وەك مامۆستا بەکرێگیرا تا وانەی فەلسەفەی پێبڵێتەوە. شاژن سوریش بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت وانەوتنەوەکە لەسەعات پێنجی بەیانیی هەموو رۆژێکدا بێت.

لەماوەی ساڵێك بەپێرۆیشتنی بەیانیانەی دیکارت بەناو سویددا کە زۆر سارد، دیکارت توشی هەوکردنی سی بوو و لەئەنجامدا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.

3243. When Peter the Great found his wife had a lover he had the man beheaded, then forced her to keep her lover’s head in a jar of alcohol in her bedroom which stood in Catherine's bedroom till Peter's death.

کاتێك پوترسی مەزن کە یەکێك بووە لەقەیسەرەکانی روس، بۆی دەردەکەوێت کە ژنەکەی عاشقێکی هەیە، پیاوەکەی بە سەربڕاوی بۆ دەهێنن، پاشان کاترینی ژنی ناچاردەکات کە سەری پیاوەکە بخاتە کیتەڵەیەك ئەلکهول لەژوری خەوتنەکەی و تا مردنی پوترسیش، ئەو کیتەڵەیە لەژوری خەوتنەکەی ژنەکەیدا، بە هەڵواسراوی مایەوە.

3244. In 2011, a Muslim man interrupted a music concert of Queen Beatrix of the Netherlands, asking her to convert to Islam. Some of the musicians walked off the stage.

لەساڵی 2011، پیاوێکی موسڵمان کۆنسێرتێك کە بۆ شاژنە بیتریکسی هۆڵەندا رێکخرابوو، بڕی و لەگەرمەی کۆنسێرتەکەدا داوای لێکرد ببێتە موسڵمان. بەهۆی ئەم کارەوە هەندێك لەموزیکژەنەکانی کۆنسێرتەکە تورەبون و ستەیجەکەیان جێهێشت.

3245. The book of Proverbs, which contains many maxims condemning adultery, was written by King Solomon who had 700 wives, 300 concubines, and an affair with the Queen of Sheba.

کێبێکی پیرۆزی بەناوبانگ هەیە بەناوی "کتێبی پەندەکان". لەم کتێبەدا ژمارەیەکی زۆر وتەی بەناوبانگ هەیە کە ئیدانەی زیناکردن دەکات. سەیرەکە لەوەدا کە نوسەری ئەم کتێبە پادشا سولەیمانە کە حەوت سەد ژن و 300 هاوژینی هەبووە. وێڕای ئەوەش پەیوەندی حوبحوبێنەی لەگەڵ شاژنە شیبادا هەبووە.

دوو ناسکەڕونکردنەوەی زۆر پێویست:

+ ئەگەر مەبەستی مێژونوسە خۆرئاواییەکان لەپادشا سولەیمان، ئەو پێغەمبەرە بێت کە لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوە کە هەم پادشا بووەو هەم پێغەمبەر، کەواتە مێژووەکە سەقەت و دەسکاریکراوە، چونکە بڕوای تەواومان بە قورئانی پیرۆز هەیەو مومکینیش نیە پێغەمبەر وابێت.

+ خۆ ئەگەر مەبەستیان پادشایەکی تر بێت، ئەوا پێموایە راستە. چونکە پاشاکان زۆربەیان بێناموص بون!.

3246. In 1980, Swedish Navy detected underwater sounds that they suspected to be hostile Russian submarines. This suspicion escalated to a diplomatic conflict between Sweden and Russia. It was later found by a researcher that these sounds came from herring fish farts and he won Ig Nobel Prize (American parody of the Nobel Prizes) for this discovery.

لەساڵی 1980 واتە دوو ساڵ دوای چاپبونی ئێمەمانان، هێزە دەریاییەکانی سوید درکیان بە دەنگێك کرد لەژێرئاوداو بەهۆی ئەمەوە گومانی ئەوەیان کرد کە ئەو دەنگانە هی ژێردەریاییە دوژمنکارییەکانی روسیا بێت. ئەم گومانە بەشێوەیەك زیادیکرد کە کێشەیەکی سیاسی لەنێوان سویدو روسیادا دروستکرد.

دواتر لێکۆڵەرێك دەریخست کە ئەم دەنگانە هی تڕی جۆرێکی تایبەت لە ماسین و بەهۆی ئەم دۆزینەوەیەوە، ئەو لێکۆڵەرە خەڵاتی نۆبڵی کەرێتی وەرگرت!!!!

جا بیلموناسەبە خەڵاتی نۆبڵی کەرێتی، خەڵاتی ئەمەریکییەو دەدرێت بە خاوەنی ئەو دۆزینەوانەی کە هیچ سودێکیان نیە!!!

3247. A husband named Jian Feng in China divorced and sued his wife for making ugly children. At first, it was thought she had an affair, but it turns out that she had $100,000 worth of plastic surgery before she met her husband.

ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر زۆر بڕوات بە مەبدەئی "ئەخلاق شەرتە" نیەو ناتەوێت منالّەکانت زۆر ناشرین بێت، پێش ئەوەی بیزەوجێنیت، داوا لەهاوژینەکەت بکە کە ئەستۆپاکی واتە بەرائە زیممەیەکت بۆ بهێنێت لەوەزارەتی تەندروستییەوە کە تێیدا جەختبکاتەوە کە ئەم خانمە نەشتەرگەری جوانکاری نەکردووە، دواتر مەیکە بە بۆلّەبۆڵ و هۆسە!!!!

لە چین پیاوێك بەناوی جیان فێنگ لەژنەکەی جیابووەو سکالاّشی لەسەر تۆمارکرد بەهۆی ئەوەی منداڵی زۆر ناشرینی دەبێت. سەرەتا پێوابوو کە ئەم منداڵە ناشرینانە هی ئەو نین و ژنەکەی خیانەتی لێکردووە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە کێشەکە خودی ژنەکەیەو پێش ئەوەی ئەم پیاوە بناسێت دە دەفتەر دۆلاری لەنەشتەرگەری جوانکاریدا سەرفکردووە.

3248. Emus can't walk backwards.

ئیمو کە پەلەورێکەو لەنەعامە دەچێت، ناتوانێت بە بەگ بڕوات.

3249. Goldfish can see both infrared and ultraviolet light.

بەپێچەوانەی مرۆڤی ئیشقۆڕەوە، ماسی ئاڵتونی روناکی ژێرسورو سەروەنەوشەییش دەبینێت.

3250. Sir Isaac Newton was 23 when he discovered the law of gravity.

لای ئێمە، زۆرێك لەکوڕان لەتەمەنی 23 ساڵیدا، کچێکی داماو ناوێرێت بڵێ های، دەڵێ خۆشم دەوێی، کچانیشمان لەم تەمەنەدا گرنگترین ئەولەوتیان جوان دەرکەوتنیانە لەشوێنە گشتییەکان، بەڵام لەئەوروپا تەواو جیاوازە!

لەوێ، بۆ نمونە ئیسحاق نیوتن واتە ئەبو توففاحە، تەمەنی تەنها 23 ساڵ بوو کاتێك یاسای راکێشانی زەوی دۆزییەوە.

3251. Albert Einstein never knew how to drive a car.

ئاینیشتاینە ئیشقۆڕ هەرگیز فێری سەیارە لێخوڕین نەبووە.

3252. ئەمەی دەیبینن گۆڕی کوڕێکی تەمەن هەشت ساڵە بەناوی مێریت کە لەساڵی 1865 کۆچی دوایی کردووە. چەند رۆژێکی کەم پێش مردنی، ئەم منداڵە بەباوکی وتبوو، لەوە دەترسێت لەگۆڕێکی تاریکدا بنێژرێت. بۆیە دوای مردنی، دایك و باوکی رێزیان لەخواستەکەی گرت و ئەو پەنجەرەیەیان لەگۆڕەکەیدا بۆ دروستکرد.

3253. لەساڵی 1970، هونەرمەند بیلی جۆیڵ هەوڵیدا لەڕێگەی خواردنەوەی بۆیەی نینۆکەوە خۆی بکوژێت و پێش هەوڵەکەشی، لەسەر پارچە کاغەزێك شتێکی نوسی کە تێیدا باسی لەوە کردووە کە هەستی چۆن بووە. ئەم برادەرە رزگارکراو دواتر ئەو نوسینەی کردە تێکیستێك بۆ گۆرانییە بەناوبانگەکەی کە ناوی "سبەینێ ئەمڕۆ"یەو هەروەها تێکستێکی تریشی نوسی بەناوی "تۆ تەنها مرۆڤیت" بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە خەمۆکییان هەیەو بیر لەخۆکوشتن دەکەنەوە.



3254. لەساڵی 1917، لەکاتی ئابڵوقەدانی قودس لەلایەن هێزەکانی بریتانیاوە، ئەو هێزانە لەڕێگەی فڕۆکەوە ژمارەیەکی زۆر جگەرەی پڕ لە ئەفیونیان هەڵدایە خوارەوە کە مادەیەکی هۆشبەرە، بەو هیوایەی عوسمانییەکان ئەو جگەرانە بکێشن و بەهۆی ئەوەوە سەرخۆش بن و نەتوانن شەڕبکەن. فعلەن پلانەکەشیان کاری خۆی کرد.

3255. In 2006, three people tried to sell Coca Cola's secret new product to Pepsi. Pepsi proceeded to report them to Coca-Cola and the FBI.

لەساڵی 2006 سێ کەس هەوڵیاندا بەرهەمی نوێی نهێنیی کۆکاکۆلا بە پیپسی بفرۆشن. لەبەرامبەردا پیپسیش لەلای خودی کۆکاکۆلاو نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریکای لێ ئاگادارکردنەوە.

3256. لە فینلەندا مۆبایل فڕێدان بە زەویدا، وەرزشێکی رەسمییە.

3257. ژمارەی کۆیلەکانی ئەم سەردەم لەژمارەی کۆیلەکانی هەر سەردەمێك لەسەردەمەکانی تری مێژوی مرۆڤایەتی، زیاترە.

3258. بەپێچەوانەی زۆربەی خواردەمەنییەکانی ترەوە، ئاوی سارد کالۆری نێگەتیڤی هەیە، چونکە لەشت پێویستی بەوەیە کە وزە لەگەرمکردنیدا سەرفبکات. بەواتەیەکی تر دەتوانین بفەرموین: ئاوی سارد هۆکارێکە بۆ لاواز بوون.



3259. One liter of oil can contaminate one million liters of water.

تەنها یەك لیتر نەوت دەکرێ یەك ملیۆن لیتر ئاو پیسبکات.

ئەها چەندە خەتەرە!، بۆیە تەنانەت ئەگەر ترومپاکەشت لەکارکەوتبوو، هەرگیز مەیمژە (سۆندەی نەوت بەمەبەستی دەرهێنانی نەوت لەبەرمیل!!!!)

3260. Diesel fumes are more carcinogenic than cigarettes and cause lung cancer, according to the World Health Organization.

بەگوێرەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، دوکەڵی گاز (واتە سوتەمەنی کارپێکەری سەیارەی گاز) لەجگەرە شێرپەنجەییترەو دەبێتەهۆی شێرپەنجەی سی.

3261. ئاخ، خۆزگە یەك دوو پیاوی پاوانەی ئاوهامان دەبوو!!!

ئەم برادەرەی دەیبینن دکتۆر جیم ویزەرسەو لەشاری پیتسبێرگ بە "دکتۆری سەرشەقام" ناسراوە. ئەم برادەرە لەساڵی 1992ەوە کە تێیدا گەڕان بەناو شەقامەکانی دەستپێکردووە، نزیکەی هەزارو 200 کەسی بێماڵ و حاڵ و پەرتەوازەی چارەسەرکردووە.

3262. In USA, In 1949, a man died while cleaning machinery with gasoline. The gasoline dripped onto a rat that was running across the floor. The rat's gasoline-coated fur ignited when it ran beneath a heater with a pilot light, causing an explosion that killed the worker. This story of negligence is now taught in law schools.

لەساڵی 1949 لە ئەمەریکا پیاوێك لەکاتی پاککردنەوەی ئەشیای مەکینە بە بەنزین، گیانی لەدەستدا. لەکاتی پاککردنەوەکەدا بەنزین دڵۆپەکەی کردە سەر جرجێك کە لەوکاتەدا بەوێدا رایدەکرد. دواتر فەرووە بەبەنزینتەڕبووەکەی جرجەکە لەکاتی راکردنیدا بەژێر گەرمکەری مەشخەڵی فڕۆکەوانێکی نزیکە لەشوێنەکە، گڕەگرێت و بەهۆی ئەمەشەوە تەقینەوەیەك دروستدەکات کە گیانلەدەستدانی کرێکارەکەی لێدەکەوێتەوە.

ئەم چیرۆکە سەیرو تراژیدییە لەخوێندنگە یاساییەکاندا دەخوێنرێت.

3263. ئەکتەری ئەمەریکی ئاشتن کوچەر لەتەمەنی 13 ساڵیدا خەریکبوو لەڕێگەی خۆهەڵدانەخوارەوە لەهەورەبانی نەخۆشخانەیەکەوە خۆی بکوژێت. ئەم برادەرە بۆیە ویستی خۆی بکوژێت چونکە دەیویست دڵی ببەخشێت بە برا دوانەکەی کە لەو کاتەدا لەسەرەمەرگدا بوو. بەڵام لەکاتی هەوڵدانی بۆ خۆکوشتنی، باوکی بینی کە لەسەر باڵکۆنەکە وەستاوە، رێگەی پێنەداو نەیهێشت خۆی هەڵبداتە خوارەوە. پاش ماوەیەکی کەمیش لەوە، ئەندامبەخشەرێك دۆزرایەوەو براکەشی لەمردن رزگارکرا.



3264. له ئەمەریکا، جارێك پزیشكێك توانی ژیانی منداڵێكی نەبەكام لەمردن رزگاربكات بەناوی كریس تروكی. 30 ساڵ دواتر، كریس كە ببووە كارمەندی فریاگوزاری سەرەتایی، بووە یەكەم وەڵامدەرەوەی روداوێك و تێیدا توانی ژیانی ئەو پزیشكە رزگاربكات كە پێشتر رزگاریكردبوو.

3265. A Kuwaiti woman has filed for divorce, after only being married for a week, when she discovered that her husband prefers to use bread rather than a fork to eat peas. The woman accused her spouse of poor table manners and said his way of eating peas was a ‘shocking sight’.

دەووترێت ئەگەر پیاو لەسەر بیانوو بێت بۆ ژنەکەی، هەر هیچی لێنەدۆزێتەوە بۆ شەڕفرۆشتن و جیابونەوە، پێیدەڵێت: باشە بۆ لەکاتی بێژانەوەی ئارددا خۆت دەلەنێگێنی؟ بەڵام بێگومان ئەم جۆرە بیانوانە تەنها لای پیاو نیە. لای ژنیش هەیە.

لەو کووەیتەی لای خۆمان خانمێك پاش تەنها هەفتەیەك لەهاوسەرگیریکردنی، داوای جیابونەوەی لەمێردەکەی بەرزکردەوە لەبەرئەوەی پیاوەکەی زیاتر حەزی لەوەیە بازالیا بەنانەوە بخوات نەك بە چنگاڵ . ئەم ژنە هەر لەداواکەیدا پیاوەکەی بەوە تۆمەتبارکردووە کە رەفتاری سەر مێزی نانخواردنی ناشرینەو وتویەتی دیمەنی خواردنی بازالیا لەلایەن پیاوەکەیەوە دیمەنێك بووە کە توشی شۆکی کردووە.

3266. Does your partner call you by nicknames? Well, every couple does have a special nickname for each other! But, a lady in Saudi Arabia filed for a divorce against her husband after she found out that he had saved her name as a nickname ‘Guantanamo’ in his cell phone.

زۆرێك لەخەڵك ژمارەمۆبایلی هاوژینەکانیان بە نازناو خەزندەکەن نەك ناوی راستی، هەر لەدڵ و هەناسەوە بیگرە تا وەزیری ناوخۆو سەرۆك وەزیران و ئیزرائیل و زیندان و هتد...جا بیلموناسەبە خزمێکی دورمان ناوی هاوسەرەکەی بە "ئەو" خەزنکردووە!!!

زۆرجار ئەم نازناوانە گوزارشت لەخۆشەویستی دەکەن بەڵام جاری واش هەیە حاڵی شڕیی نێوان هاوژینەکان دەردەخات.

لەو سعودیەی لای خۆمان، خانمێك پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە ناوەکەی لەمۆبایلەکەیدا بە "گوانتانامۆ" خەزنکردووە، داوای یاسایی بۆ تەڵاق لەدژی بەرزکردوە.

ئێوەش وەك برام وان گوانتانامۆ گرتوخانەیەکی ئەمەریکییەکان بوو لەدورگەیەکی نزیك کوباو تێیدا ئەشکەنجەی دڕاندنە لەدژی زیندانییەکان بەکارهێناوە. لەلایەن کێوە؟ لەلایەن ئەو ئەمەریکایەی خۆی بە دایکی ئازادی و مافی مرۆڤ ناساندووە لەسەرتاسەری جیهاندا!!!

3267. In January of 1997, a California woman filed for divorce after 25 years of what her husband believed had been a happy marriage. The real reason didn't come out until two years later. On Dec. 28, 1996, just 11 days before she filed for divorce, the wife had won $1.3 million in the California Lottery. Thereafter, she took various actions to keep the money all to herself, including filing for divorce. When the truth came out, a Los Angeles family court judge ruled that the woman had violated state asset disclosure laws and awarded every cent of her lottery winnings to her ex-husband.

تۆ سەیری ئەم ژنە بکەن چەند بێناموص بووە:
لەکانونی دووەمی 1997، ژنێك لەویلایەتی کالیفۆرنیا پاش 25 ساڵ لەهاوسەرگیری کە بەبڕوای مێردەکەی هاوسەرگیرییەکی بەختەوەر بووە، داوای یاسایی بۆ جیابونەوە بەزرکردەوە. هۆکاری راستەقینەی ئەم داوای تەڵاقە تا دوو ساڵ دواتر ئاشکرا نەبوو. لە 28-12-1996 واتە تەنها 11 رۆژ پێش ئەوەی داوای جیابونەوەکە بەرزبکاتەوە، ژنەکە بە یانسیبی کالیفۆرنیا یەك ملیۆن و 300 هەزار دۆلاری بردبووەوە. بۆیە چەندین رێکاری گرتە بەر بۆ ئەوەی هەموو ئەو پارەیە بۆ خۆی بێت. یەکێك لەو رێکارانەش داوای جیابونەوەکە بوو. کاتێك ئەم راستییە زانرا، دادگای باری خێزانی لەشاری لۆس ئەنجلوس بڕیاریدا کە ئەم ژنە ئاشکراکردنی بنەماکانی ویلایەتی، پێشێلکردووەو فەرمانیکرد کە سەرلەبەری پارەی یانسیبەکە بدرێت بە کۆنەمێردەکەی..!!!!

3268. In 2015 it was reported that a Nigerian woman had filed for divorce after only one week of marriage because she couldn't handle the size of her husband's penis. After their first unsuccessful attempt to consummate the marriage, she took medication given to her by her mother. It didn't work, and "the experience was a nightmare," the woman said.

هەرچەند سەردێنم و سەردەبەم، لەم روداوەوە دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە رەنگە پێویست بێت خانمان پێش هاوسەرگیری، پرسیاری قیاسی چەند شتێکی هاوژینەکانیان بکەن، لەوانە قیاسی عەقڵ و ئەخلاق و قیاسی شتی تریشیان، نەوەك وەك ئەم ژنە داماوەیان بەسەربێت.
لەساڵی 2015 ژنێك لە نایجێریا، پاش تەنها هەفتەیەك لەهاوسەرگیرییەکەی، داوای یاسایی بۆ جیابونەوەی لەمێردەکەی بەرزکردەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە نەیتوانی بەرگەی چوکە گەورەکەی مێردەکەی بگرێت. ئەم ژن و مێردە پاش یەکەم هەوڵی سەرنەکەوتویان بۆ بون بە بوك و زاوا، ژنەکە لەلایەن دایکییەوە دەرمانی وەرگرت، بەڵام ئەوەش سودی نەبوو و ژنەکە دەڵێت ئەزمونەکەی وەك مۆتەکە ترسناك بووە.

3269. In 2014, an Indian man was granted a divorce by a Mumbai court because of his wife's "excessive and insatiable drive for sex." He alleged that she often forced him into having what he described as "unnatural sex," and that when he tried to resist,

she would abuse him in various ways, including forcing him to take drugs and imbibe alcohol.

لەساڵی 2014 پیاوێك له هندستان، لەلایەن دادگایەکی مومبایەوە مافی جیابونەوەی لەژنەکەی پێدرا. هۆکاری ئەمەش حەزی و ئارەزووی زۆر تۆندو پەرۆشی ژنەکەی بوو بۆ سێکسکردن. ئەم پیاوە دەڵێت، زۆرجار ژنەکەی ناچاریکردووە ئەوەی لەگەڵدا بکات کە بە سێکسی ناسروشتی ناویبردووەو کاتێکیش پیاوەکە ویستویەتی بەرگری لەخۆی بکات لەبەرامبەر ئەم سێکسکردنە، ژنەکە بەچەند شێوازێکی جیاواز هێرشیکردووەتە سەر لەوانە: ناچاریکردووە دەرمان بخوات و خواردنەوە کهولییەکان بخواتەوە. بەکورتی و بەکوردی دیارە ژنەکە ئیستۆپی سێکسی پچڕاوە!!!!

3270. Initially, braille was a technique used by spies of Napoleon Ponaparte so that they could read documents in the dark.

بڕایل کە شێوازێکە بۆ خوێندنەوەی کەسانی نابینا، لەبنەڕەتدا لەلایەن سیخوڕەکانی ناپلیۆن بۆناپارتەوە بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی بتوانن بەڵگەنامەکان لەتاریکیدا بخوێننەوە.

3271. Blind individuals are more likely to find love than individuals with normal vision. About 65% of blind Americans live with a partner or are married and their divorce rate is just 16.5%.

ئەگەری دۆزینەوەی خۆشەویستی راستەقینە لەلایەن کەسانی نابینا لەو کەسانە زیاترە کە بینینیان ئاساییە. نزیکەی لەسەدا 65ی ئەمەریکییە نابیناکان لەگەڵ هاوژینێکیاندا دەژین یان هاوسەردارن و رێژەی جیابونەوە لەناو نابیناکانیشدا تەنها لەسەدا 16و نیوە کە بەبەراورد بە کەسانی بینا بەگشتی و بەتایبەت چاوحیزەکان هەر زۆر کەمە!!!!!

3272. In the United Kingdom, the blind people receive a 50% discount on TV licenses.

لێرە لەکوردستان ئەگەر نابینایەك بۆ نمونە بچێتە لای وەکیلێکی ئیشقۆڕی کەناڵە ناوخۆییەکان بۆ کڕینی کارتی ساڵانەی بینینی کەناڵەکان و پێی بڵێت نابینام و فەقیریشم، با نرخی کارتەکە 35 هەزار بێت نەك 36، کابرا رەنگە بڵێ نابێت. زۆریشی لەگەڵ بڵێت لەزەوقی ئەداو ئەڵێ کاکە سعری جێگیرە، خۆ من کوێرم نەکردویت!!!

بەڵام لەبریتانیا تەواو پێچەوانەیە شتەکە. لەوێ کەسانی نابینا لەمۆڵەتە پەیوەندیدارەکانی تیڤیدا داشکاندنیان بۆ دەکرێت بەڕێژەی لەسەدا 50. واتە بەپێی سیستەمەکەی ئەوێ 36 هەزارەکەی خۆمان تەنها 18 هەزار دینارە!

3273. Mohan Kumar, a former teacher in India, confessed to murdering a total of twenty younger women during a five year span. He would befriend the victims, date them for a couple of weeks, then take them to a nearby town to kill and dump their bodies.

رەنگە لەیەکەم بینینی ئەم برادەرەوە بەم ناسکەزەردەخەنەو عەینەك و قات و بۆینباخ و تەرتیباتەوە، ئینتیباعی ئەوەمان لا دروستبێت کە کەسێکی موحتەرەم و رۆشنبیرو مرۆڤدۆست بێت و دکتۆرای هەبێت لەزانستە مرۆڤایەتییەکان، بەڵام راستییەکەی تەواو پێچەوانەیە.

ئەمە ناوی مۆهان کومارەو کۆنەمامۆستایەك بووە لە هندستان. ئەم درندەیە دانی بەوەدا ناوە کە لەماوەی پێنج ساڵدا بیست خانمی گەنجتر لەخۆی، کوشتووە. ئەم نامرۆڤە سەرەتا دەبووە هاوڕێی خانمەکان، پاشان بۆ ماوەی دوو هەفتە ژوانی خۆشەویستی لەگەڵدا دەبەستن و دواتر دەیبردن بۆ شارۆچکەیەکی نزیك لەشوێنەکەی خۆی و دەیکوشتن و تەرمەکانی لەوێ فرێدەدا.

3274. There is a Korean horror film named Death Bell in which a student is killed for every exam question answered incorrectly.

فیلمێکی ترسانی کۆری هەیە بەناوی زەنگی مەرگ. ئەم فیلمە باس لەوە دەکات کە لەبەرامبەر بەهەڵە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی تاقیکردنەوە، خوێندکارێك دەکوژرێت.

3275. The 1981 Italian horror film ‘Nightmare’ was so controversial in the UK that the distributor received an 18-month prison sentence for refusing to edit 1 second of violence. The film had already been cut by over 3 minutes.

فیلمێکی ئیتاڵی هەیە بەناوی دێوەزمە کە بەرهەمی ساڵی 1981ە. ئەم فیلمە لەشانشینی یەکگرتوو هێندە مشتومڕی دروستکرد کە دابەشکارەکەی بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبوو دیمەنێکی تەنها یەك چرکەیی کاری تۆندوتیژی لەفیلمەکە مۆنتاژبکات، 18 مانگ زیندانیکرا. مع العلم کەمێك پشتر زیاتر لە سێ خولەکە فیلمەکە بڕابوو.

3276. The movie Paranormal Activity only cost $15,000 to produce and made $193.4 million at the box office.

کە خوا سامانی بۆ ناردی پێت ناڵێ کوڕی کێی.

فیلمێك هەیە بەناوی "چالاکی خەیاڵی". بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە تەنها دەفتەرو نیوێکی ناسکی تێچووە بەڵام تەنها لەشاشەی سینەماوە نۆزدە هەزارو 340 دەفتەر داهاتی هەبووە. ئەمە جگە لەداهاتی دیڤیدی و تەلەفزیۆن و پۆزو هتد...

3277. Watching horror movies can burn up to two hundred calories, the same as a half hour walk.

سەیرکردنی فیلمی ترسناك دەکرێ تا دوو سەد کالۆری بسوتێت، ئەمەش یەکسانە بەو بڕە کالۆرییەی نیوسەعات بەپێ ڕۆیشتن دەیسوتێت.

حەتمەن تا ترسنۆکتریش بیت زیاتر دەسوتێنیت!!!!

3278. In 2004, 200 women in India, armed with vegetable knives, stormed into a courtroom and hacked to death a serial rapist (Akku Yadav) whose trial was underway. Then every woman claimed responsibility for the murder.

لەم زانیارییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ژنی نێرەکەریش هەیە!!!!

لەساڵی 2004، لە هندستان، دوو سەد خانم بە چەقۆی سەوزەوە هەڵیانکوتایە سەر هۆڵی دادگاو بە چەقۆ پیاوێکیان کوشت کە دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەر چەندین کەس و بەهۆی ئەوەوە دادگایی دەکرا. دوای کوشتنەکەش هەر هەمویان بەرپرسیارێتیی خۆیان لەو کوشتنە راگەیاند.

3279. Semen ejaculates at 27 mph, making it illegal in school zones.

خێرایی هەڵدانی تۆوی مرۆڤ نزیکەی 44 کیلۆمەترە لەسەعاتێکدا، لێخوڕینی سەیارە بەم خێراییە لەنزیك قوتابخانەکان، قەدەغەیە.

3280. 92 Russians died for every 1 American in World War 2.

لەجەنگی جیهانیی دووەم، لەبەرامبەر هەر ئەمەریکییەك، 92 روسی کوژراون.

3281. On average, 4 shipping containers drop into the ocean every day.

تێکڕا رۆژانە چوار سندوقی گەورەی کاڵا گواستنەوە، دەکەونە ناو زەریاوە.

جا بۆیە ئەگەر بەدڵ و بەگیان شتێکت لەو سین و مینەوە کڕیوە بە ئۆنلاین و چاوەڕێتکرد بۆت بێت بەڵام هەر نەهات، ئەوە بزانە لەناو یەکێك لەو چوار سندوقەدایە. چونکە زەحمەتە لەکورد نەگبەتتر هەبێت!!!!

3282. "کۆمپیوتەرەکەت زیاتر لەپێنج سانتیمەتر بەرزبکەرەوەو پاشان بەریدەرەوە". ئەمە چارەسەرێکی ڕەسمی پسپۆڕانی کۆمپانیای ئەپڵ بوو و بەو کڕیارانەی کۆمپیوتەری جۆری ئەپڵ 3یان دەووت کە کێشەی زۆر گەرمبونی کۆمپیوتەرەکەیان هەبوو.

3283. لەساڵی 2010ەوە تائێستا، لانیکەم پێنج هاوڵاتی ئەمەریکی، بەنائەنقەست گوللەیان ناوە بە هینی خۆیانەوە!!!

3284. The inner ear is the main organ of balance.

ئەندامیی سەرەکیی هاوسەنگڕارتنی مرۆڤ، گوێی ناوەڕاستە.

3285. A drop of blood contains 250 million cells.

تەنها یەك دڵۆپە خوێن، 250 ملیۆن خانەی تێدایە.

هەرکەسێکیش بڕواناکات با بچێت بیژمێرێت، ئەگەر یەك دنك کەموزیادی هەبوو بڵێ وانەبوو!!!!

3286. Every day 440 Gallons of blood flows through each kidney.

هەموو ڕۆژێك نزیکەی هەشت بەرمیل و سێ دەبەی بیست لیتری، نەوت ببورن خوێن دەڕژێتە گورچیلەکانتەوە.

3287. You can only smell 1/20th as well as a dog.

کوالیتی بۆنکردنی تۆ، هەروەها منیش و ئەویش، بەقەدەر 1 لەبیستی کوالیتی بۆنکردنی سەگە.

لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە سەگ جگە لەوەفادارییە کەموێنەکەی، لەمواسەفاتێکی تریشدا لەمرۆڤ باشترەو زیاتر دەتوانین بڵێین: بەخوا سەگیس سەگە!!!!

3288. In a year on an average person sleeps for 122 days out of 365 days.

بەگشتی هەر کەسێکی ئاسایی، لەکۆی هەر ساڵێك واتە 365 ڕۆژ، 122 سەعاتی خەوتووە!!!

3289. The Romans used to clean and whiten their teeth with urine.

ڕۆمانەکان لەکۆندا میزیان بەکاردەهێنا بۆ سپیکردنەوەو پاککردنەوەی ددانیان.

3290. You use 200 muscles to take one step.

یەك هەنگاوی مرۆڤ پێویستی بە بەکارهێنانی دوو سەد ماسولکە هەیە.

3291. Babies are always born with blue eyes.

منداڵ هەمیشە بە چاوشینی لەدایکدەبن.

3292. Diabetes causes 6 deaths every minute and 1 in 20 deaths in the world. Every year 3.2 million people in the world die from diabetes or related causes.

لەسەرتاسەری جیهاندا، هەموو خولەکێك، شەش کەس بەهۆی نەخۆشیی شەکرەوە گیان لەدەست دەدەن. یەك لە 20ی هەموو مردنەکانی جیهان بەهۆی ئەم نەخۆشییەوەیە. ساڵانە لەجیهاندا سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار کەس بەهۆی شەکرە یان هۆکارەکانی پەیوەست بەم نەخۆشییە، گیان لەدەست دەدەن.

3293. Over 90% of diseases are caused or complicated by stress.

زیاتر لە 90 لەسەدی نەخۆشییەکان هۆکارەکەی فشاری دەرونییە، یان فشاری دەرونی خراپتری دەکات.

3294. We are about 1 cm taller in the morning than in the evening.

باڵای مرۆڤ لەبەیانیاندا یەك سانتیمەتر زیاترە وەك لەئێواران.

3295. The average person spends 6 months of their lifetime waiting on a red light to turn green.

تێکڕا هەرکەسێکی ئاسایی، شەش مانگی تەمەنی لەچاوەڕوانی گۆڕانی ترافیکلایتی سور بۆ سەوز، بەسەردەبات.

3296. There are more lifeforms living on your skin than there are people on the planet.

ژمارەی ئەو زیندەوەرانەی لەسەر پێستی شەریفت دەژین، لەژمارەی دانیشتوانی سەرزەوی زیاترە. هەرکەسێکیش گومانی هەیە بابچێت بیژمێرێت.

3297. In 1386 a pig in France was executed by public hanging for the murder of a child.

لەساڵی 1386 لە فەرەنسا، بەرازێك پاش کوشتنی منداڵێك، لەشوێنێکی گشتیدا بە هەڵواسین ئیعدامکرا.

3298. A single cloud can weight more than 1 million pounds.

کێشی تەنها یەك پەڵەهەور، دەکرێ بگاتە زیاتر لە 453 هەزارو 500 کیلۆگرام.

3299. James Buchanan, the 15th U.S. president continuously bought slaves with his own money in order to free them.

جەیمس بوکانان، 15هەمین سەرۆکی ئەمەریکا، هێندە پیاوێکی چاك بووە (تەبعەن حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتانا!) کە بەردەوامی بە پارەی خۆی کۆیلەی دەکڕی بۆ ئەوەی ئازادیان بکات.

3300. A flea can jump up to 200 times its own height. That is the equivalent of a human jumping the Empire State Building.

کێچ دەتوانێت بە بەرزیی تا 200 ئەوەندەی بەرزیی جەستەی خۆی، بازبدات. ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین، وەك ئەوە وایە مرۆڤێك بە بەرزی باڵەخانەی ئیمپایەر ستەیت بازبدات کە بەرزییەکەی 380 مەترە.

3301. Only one person in two billion will live to be 116 or older.

لەهەموو دوو ملیار کەسێك، تەنها یەکێکیان، تەمەنی دەگاتە 116 ساڵ یان زیاتر.

ئەوانی تر پێش ئەو تەمەنە عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن.

3302. A person can live without food for about a month, but only about a week without water.If the amount of water in your body is reduced by just 1%, you'll feel thirsty.If it's reduced by 10%, you'll die.

مرۆڤ دەتوانێت بۆ ماوەی نزیکەی مانگێك بەبێ خواردن بژی، بەڵام تەنها حەفتەیەك بەبێ ئاوخواردنەوە دەتوانێت بژی. ئەگەر بڕی ئاو لەجیسمی شەریفت بەڕێژەی تەنها لەسەدا یەك کەمبکات، ئەوا هەست بە تینوێتی دەکەیت، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێژەیە بگاتە لەسەدا 10، ئەوا عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەهێلیت.

بۆیە هەوڵبدە هەمیشە پێکێك لەبەردەمتا بێت (پێکی ئاو یان ماستاو تەبعەن نەك بیرەو ویسکی و ڤۆدگا!!!).

3303. Mice are quite dramatic animals. When they are threatened by something, they play dead until they feel danger has passed.

بەخوا برا مشکیش سەگە!!!!! مشك تەمسیلچییەکی تەواوە. کاتێك هەستەکات هەڕەشەی ژیانی لەسەرە، خۆیدەکات بە مردوو تا ئەوکاتەی هەستەکات کە مەترسییەکە نەماوە.

3304. For a small rodent like the mouse, it is too much eating with 15-20 times a day. For this reason, mice need to be near the food and clean water always.

ئەگەر تا ئێستا نەتزانیوە بۆچی هەمیشە مشك لەشوێنی هەڵگرتنی خۆراکەوە نزیکە، ئەوا لەمەودوا دەیزانیت. مشك رۆژانە 15 تا 20 جار خواردن دەخوات. ئەم ژمارەیەش بۆ زیندەوەرێکی قرتێنەری بچوکی وەك مشك زۆر زۆرە. لەبەر ئەم زۆرخۆرییەتی کە مشك پێویستە هەمیشە لەنزیك خۆراك و ئاوی پاکەوە بێت.

3305. Interestingly, mice can get pregnant again within 48 hours of giving birth which is why it is important to have same-sex mice as pets. Also, a female mouse can have babies at 2 months of age.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەکرێ تەنها لەماوەی 48 سەعات لەزایینی، جارێکی تر دوگیان ببێتەوە. لەبەر ئەمەیە کە ئەگەر بتەوێت وەك زیندەوەری ماڵی رابیگریت، باشترە یەك رەگەز بێت. هەروەها مێینەی مشك دەتوانێت لەتەمەنی تەنها دوو مانگییەوە بێچوی ببێت.

3306. Mice can be great athletes as they can jump up to a foot and a half and are also excellent climbers and swimmers.

مشك دەکرێ بە وەرزشوانێکی مەزن دابنرێت. دەتوانێت بە بەرزی تا نزیکەی نیو مەتر بازبدات. هەروەها مەلەوان و هەڵگەڕێکی نایابە.

3307. China has more donkeys than any other country in the world.

ژمارەی ئەو کەرانەی لە چین هەن، لەو کەرانە زیاترە کە لەهەر وڵاتێکی تری جیهاندا هەن.

واتە چین لەکوردستانیش زیاتر کەری تیایە!!!!!

3308. Did you know donkeys have excellent memory? They are capable of remembering a place they have been to or other donkeys they met 25 years ago!

ئایا دەزانێت کە کەر زاکیرەیەکی نایابی هەیە؟ کەر لەتوانایدایە ئەو شوێنە یان ئەو کەسەی 25 ساڵ پێشتر بینیویەتی، لەبیر بمێنێت.

3309. A donkey will never get involved in an activity if it considers it to be unsafe.

کەر هەرگیز کارێك ناکات کە پێیوابێت مەترسی هەیە.
بۆ نمونە خۆی نادات لەبەحری ئیجە، قاچاخچێتی ناکات، بازرگانی بە مادەی هۆشبەرەوە ناکات، زوو ژنناهێنێت، بە پارەی قەرز لوتی تەجمیل نەکات، هتد...!!!
لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەر چەند عاقڵە!!!!!

3310. A donkey is capable of hearing another donkey from a distance of 60 miles in proper desert conditions. This is possible because of their large ears.

کەر لەدۆخی گونجاوی بیاباندا، دەتوانێت سەرەی کەرێکی تر لەدوریی نزیکەی سەد کیلۆمەترەوە ببیستێت. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە گوێیان زۆر گەورەیە.
کەواتە رەنگە بتوانین بڵێین "گوێکەر" مواسەفاتە نەك گاڵتەکردن و لێدان!!!!

3311. A Greek philosopher called Chrysippus died of laughter due to watching his donkey drink wine and eat figs.

فەیلەسوفێکی یۆنانی هەبوو بەناوی کریسپوس. ئەم برادەرە بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، پاش ئەوەی بینی کەرەکەی شەراب دەخواتەوە هەنجیر دەخوات، پچڕا لەپێکەنینداو مرد.

3312. A donkey’s milk is more like human milk than the milk of any other species.

شیری کەر ئەوەندەی لەشیری مرۆڤ دەچێت، لەشیری هیچ زیندەوەرێکی تر ناچێت.
ئەها!!!، ئەوە بۆیە ئەوەندەی کەر لەمرۆڤدا هەیە، لەهیچ زیندەوەرێکی تردا نیە!!!!

3313. Cows have an acute sense of smell and can detect odors up to six miles away.

مانگا هەستێکی تیژی بۆنکردنی هەیەو دەتوانێت تا دووری شەش میل، بۆن کەشفبکات.

3314. Cows are very social and don’t like to be alone. If one is isolated, it’s usually because she is sick or about to give birth.

مانگا زیندەوەرێکی زۆر کۆمەڵایەتییەو حەز بە تەنهایی ناکات. ئەگەر مانگایەك خۆی دورەپەرێز گرت، ئەوە عادەتەن یان نەخۆشە، یان خەریکە دەزێت.

3315. The first breast augmentation surgery took place in 1962.

And now it's the most popular form of plastic surgery in the United States, and has been since 2006. According to the American Society of Plastic Surgeons, 290,000 people got breast implants in 2013 — a 1% increase from 2012. The average cost? A little more than $3,600.

یەکەم نەشتەرگەری گەورەکردنی مەمك لەساڵی 1962 ئەنجامدراوە. بەڵام لەساڵی 2006ەوە ئەم نەشتەرگەرییە لە ئەمەریکا باوترین نەشتەرگەرییە لەناو نەشتەرگەرییە جوانکارییەکاندا.
بەگوێرەی کۆمەڵەی نەشتەرگەرانی جوانکاریی ئەمەریکا، تەنها لەساڵی 2013 ، دوو سەدو نەوەد هەزار کەس نەشتەرگەری گەورەکردنی مەمکیان ئەنجامداوە واتە بەرێژەی لەسەدا یەك بە بەروارد بە سالی پێشتر زیادیکردووە. تێکڕای ناوەندی تێچوی هەرنەشتەرگەرییەکیش 36 وەرەقەی ناسك بووە!!!
بۆچی خانمان ئەوەندە گرنگی بە جوانکردن و گەورەکردنی مەمك دەدەن، رەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە ئەوەی لەڕوخساری خانماندا زیاتر کورتانی زۆرێك لەپیاوان دەسوڕێنێت مەمکیان بێت نەك دەموچاوی یان شوێنی تری، واللە اعلم!!!!

3316. The average boob weighs between one and two pounds.

Although it varies from woman to woman, most breasts range in this weight. According to the Guinness Book of World Records, the woman with the largest natural breasts in the world wears a size 52I bra. And they weigh almost 100 pounds.

بەگشتی کێشی مەمکی خانمان لەنێوان نزیکەی نیو کلیۆگرام بۆ 900 گرام دەبێت. هەرچەندە لەخانمێکەوە بۆ خانمێکی تر دەگۆڕێت بەڵام زۆربەی خانمان کێشی مەمکیان ئەوەندەیە. بەگوێرەی کێتبی گێنس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، ئەو خانمەی کە خاوەنی گەورەترین مەمکی سروشتییە لەسەرتاسەری جیهاندا ستیانی رەقەم 521 لەبەردەکات و کێشی هەردوو مەمکی 45 کیلۆ زیاترە. واتە ئەگەر گۆشتی قوربانی بوایە، بەشی گەرەکێکی دەکرد!!!

3317. According to a study only 20 per cent of men look at your face when they meet you for the first time, the other 80 per cent are all busy ogling your breasts.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك تەنها لەسەدا 20ی پیاوان کاتێك بۆ یەکەمین جار لەگەڵ خانمێکدا یەکتر دەبینن، سەیری دەموچاوی دەکەن. لەسەدا 80کەی تر سەرقاڵی سەیرکردنی مەمکیانن.

بەکورتی لەمەوە دەتوانین بڵێین لەسەدا 80ی پیاوان بێناموصن لەکاتی یەکەم بینینی خانماندا!!!

هەندێك لەپیاوی کورد بەتایبەتی هەر زۆر بێناموصانە سەیردەکەن، ئەڵێی لەمۆزەخانەیەو سەیری کوپەو کاسەو شتی ناوازە دەکات، هەر ئەوە ماوە پێی بڵێ: ئەرێ ئەوە بۆ خۆمان داوای چەنی لێئەکەیت؟ (دارەسوتاوەکەیە!!!!)

3318. According to research published in the International Journal of Sexual Health 70 per cent of women are always unhappy with their breasts. Either they feel they are too small or they think its too big.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لەگۆڤاری نێودەوڵەتی "تەندروستی سێکسی"دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەدا 70ی خانمان هەمیشە نائاسودەن بە مەمکیان. چونکە یان هەستدەکەن کە زۆر بچوکە، یان هەستدەکەن کە زۆر گەورەیە.

بەڕەئی من زۆر گوێی پێنەدەن باشەو هەرکاتێك سەیریان کرد بڵێن ئەخلاق شەرتە!!!

3319. According to a study in 2006, 82 per cent women are turned on by the slightest manipulation of their breasts.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی 2006 ئەنجامدراوە، لەسەدا 82ی خانمان بە بچوکترین دەستلێدان یان یاریکردن بە مەمکیان، دەوروژێن. بە زمانە ناڕەسمییەکەی خۆمان واتە بەوە کورتانیان دەسوڕێ!!!

3320. بەدرێژایی ژیانی خانمان، هەفتانە قەبارەی مەمکی، بەگوێرەی گۆڕانکاری هۆرمۆنی لەلەشدا، دەگۆڕێت.

3321. لەسەدا 6ی هەموو خەڵك سێ مەمكیان هەیە.

3322. The Yanomami tribe lives in villages within the Amazon rainforest, near the border of Venezuela and Brazil. They are known for their tradition of endocannibalism: consuming the flesh of a member of one's own tribe, usually after they've died.

هۆزێك هەیە بەناوی یانۆمامی و لەگوندەكانی ناو دارستانە باراناوییەكانی ئەمازۆن، بەدیاریكراوی لەنزیك سنورەكانی ڤەنزوێللاو برازیل دەژین. ئەم هۆزە بە نەریتێك ناسراوە كە پێیدەووترێت ئیندۆكانیبالیزم واتە خواردنی گۆشتی یەكێك لەئەندامەكانی هۆزەكە، زیاتر پاش مردنی كەسەكە دەیخۆن.

3323. While not wholly specific to China, an interesting traditional Chinese custom says that a husband should carry his bride over a pan of burning coals before crossing the threshold of their home as husband and wife.

According to tradition, the ritual ensures that the wife will have an easy and successful labor. Firewalking is also performed by some Chinese people as a means to prevent natural disaster.

هەرچەندە تەواو تایبەت نیە بە چین، بەڵام لەو وڵاتەدا نەریتێكی سەیر هەیە، ئەویش ئەوەیە كە پێویستە زاوا ژنەكەی هەڵبگرێت و بەپێی پەتی بەناو تاوەیەك پشكۆدا بڕوات، پێش ئەوەی بڕۆنە بەردەم خانووەكەیان وەك ژن و مێرد. رونتر بڵێین پێش ئەوەی پیاوەكە ژنەكە داخبكات، دەبێت خۆی داخبكات!!!!!!

بەگوێرەی نەریتەكە، ئەم سروتە زەمانی ئەوە دەكات كە ژنەكە بەئاسانی و سەركەوتوویی منداڵی ببێت.

سەرباری ئەوەش، نەریتی بەسەر ئاگردا رۆیشتن لەلایەن هەندێك لەخەڵكی چینەوە بەكاردەهێنرێت وەك هۆكارێك بۆ بەرگرتن لەكارەساتی سروشتی.

3324. In Denmark, citizens have to select baby names from a list of 7,000 government-approved names.

لە دانیمارك، لیستێكی حەوت هەزار ناوی هەیە كە لەلایەن حكومەتەوە پەسەندكراوە. هەر خێزانێك منداڵی دەبێت، پێویستە یەكێك لەو ناوانە هەڵبژێرێت نەك بە هەوەسی هینی خۆی!!!. بەپێچەوانەوە ناوەكەی پێنادرێت.

3325. At 4 people per square mile Mongolia is the least densely populated country on Earth. Compare this to the Mong Kok district of Hong Kong that has the highest population density in the world with 340,000 people per square mile.

ئەو وڵاتەی خاوەنی کەمترین چڕی دانیشتوانە مۆنگۆلیایە. هەر میل چوارگۆشەیەکی ئەم وڵاتە تەنها چوار کەسی تێدایە. لەبەرامبەردا ناوچەی مۆنگ کۆك لەوڵاتی هۆنگ کۆنگ خاوەنی گەورەترین چڕی دانیشتوانە لەسەرتاسەری جیهاندا. هەر میلێك چوارگۆشەی ئەم ناوچەیە، 340 هەزار کەسی تێدایە.

3326. Generally the world's youngest country is determined by calculating the portion of the population that is younger than 15. Presently it is Niger that holds this distinction with roughly half of its population having barely reached puberty (49%).

بەگشتی گەنجترین وڵاتی جیهان بە حسابکردنی ڕێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لەخوار 15 ساڵەوەیە، دیاریدەکرێت. لەئێستادا گەنجترین وڵاتی جیهان نیجەرە کە نزیکەی نیوەی دانیشتوانەکەی (لەسەدا 49) باڵق نەبون!!! بەکورتی واتە وڵاتی منااڵەورتکەیە!!!!

3327. With a natural decrease in population of .8% annually, Till 2050 Ukraine is expected to lose around 30% of its people.

بنیایەم زۆر ناسکیش نەبێت باشە، ئەوەتا ئۆکرانیا کە بە کچە ناسکەکانیان ناسراون، وردەوردە بەرەو قڕبون دەچن! ئەم وڵاتە ساڵانە بەشێوەیەکی سروشتی بەڕێژەی لەسەدا هەشت دانیشتوانەکەی کەمدەکەن. پێشبینیدەکرێت تا ساڵی 2050، ئەم وڵاتە لەسەدا 30ی دانیشتوانەکەی لەناوچوبێت.

بەڵام ئێمەی کورد لەبەرئەوەی ناسك نەبێت هەموو شتێکین، تا 2050 نەك هەر کەمناکەین بەڵکو ڕەنگە ئەوەندە زۆربین، لەشوێنێکی گشتیدا دەست بۆ هینی خۆت بەریت، بەر هینی 10 کەسی تر دەکەوێت!!!!

3328. With 99% of the country covered in desert Libya is one of the most arid places in the world and in some regions decades may go by without a single drop of rain.

لیبیا یەکێکە لەوشکترین شوێن لەجیهاندا. لەسەدا 99ی ئەم وڵاتە بیابانە. هەندێك ناوچەی هەیە، چەند سەدەیەك تێپەڕدەبێت بەبێ ئەوەی یەك دڵۆپە بارانی لێببارێت.

3329. When it comes to incarcerating its population, the United States is the world’s uncontested leader. With 2.2 million people behind bars it has 5% of the world’s population but 25% of the world’s incarcerated population. China comes in second place at 1.5 million and Russia comes third at 870,000.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە ڕۆژانە مێشکی هینکردوین بە باسی ئازادی و دیموکراسی و زاراوە قۆڕو زەبەلاحەکانی تر، لەڕوی زیندانیکردنی دانیشتوانەکەیەوە، یەکەمی بێرکەبەرە لەسەرتاسەری جیهاندا. دوو ملیۆن و دوو سەد هەزار کەسی زیندانیکردووە کە دەکاتە لەسەدا پێنجی کۆی دانیشتوانی جیهان و لەسەدا 25ی کۆی هەموو زیندانیکراوەکانی جیهان.

چینیش کە یەکێکی تڕە لەوڵاتە بێناموسەکان، پلەی دووەمی گرتووە. ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار کەسی لەزیندانداید. ڕوسیاش کە بێگومان لەوان شەریفتر نیە، پلەی سێیەمی گرتووەو 870 هەزار کەسی لەزیندانداید.

3330. The average American spends 38.5 total days brushing their teeth over a lifetime.

هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەمەریکی، 38 ڕۆژو نیوی تەواوی کۆی ژیانی بە شتنی ددانی بە فڵچە، بەسەردەبات.

3331. People who drink 3 or more glasses of soda each day have 62% more tooth decay, fillings and tooth loss than others.

ئەو کەسانەی ڕۆژانە سێ پەرداخ یان زیاتر سۆدا دەخۆنەوە، بەڕێژەی لەسەدا 62، لەکەسانی تر زیاتر توشی کلۆربون و کەوتنی ددان و ناچاربون بە پڕکردنەوەی، دەبن.

بۆیە تەرکی کە یان تەواو سنورداری بکە.

3332. If you don’t floss, you miss cleaning 40% of your tooth surfaces. Make sure you brush and floss twice a day!

ئەگەر دەزوو بۆ پاککردنەوەی ددانی شەریفت بەکارنەهێنیت، ئەوا لەسەدا 40ی روکاری ددانەکانت پاکنەکردووەتەوە. جا بۆیە رۆژانە دووجار بە فڵچەو دەزوو، ددانەکانت پاکبکەرەوە.

3333. Every year, kids in North America spend close to half a million dollars on chewing gum.

هەموو ساڵێك منداڵانی کیشوەری ئەمەریکای باکور، نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار واتە پەنجا دەفتەری سەیی، تەنها لەبنێشتدا خەرجدەکەن.

3334. Dogs have 42 teeth, cats have 30 teeth, pigs have 44 teeth, and an armadillo has 104 teeth.

سەگ 42 ددانی هەیە. پشیلە 30 هەیە. بەراز 44ی هەیە. ئارمەدیلۆ 104 ددانی هەیە.

ئەوەی بە حەبل لەم زانیارییەدا سەرنجی منی راکێشا ئەوەیە مرۆڤ کە بەگشتی 32 ددانی هەیە، دەکەوێتە نێوان سەگ و پشیلەوە. عەینەن وەفادارییەکە وایە. مرۆڤ لەپشیلە وەفادارترەو لەسەگ کەموەفاترە!!!!

3335. How your teeth are arranged in your mouth is as unique as your fingerprint — nobody else has a smile like yours!

ریزبەندی ددانەکانت لەدەمی شەریفتا عەینەن پەنجەمۆر، لەهی کەسی تر ناچێت. هەربۆیەش هیچ کەسێکی تر زەردەخەنەکەی لەهی تۆ ناچێت.

3336. There is enough fluoride in a tube of toothpaste to kill a small child. Make sure you encourage your little one to spit out their paste after brushing.

وریابەو نەچی بچی ئەم زانیارییە پشتگوێ بخەیت یان تەنها سەرەکەی بخوێنیتەوە!!!!!

هەر بۆکسێکی مەعجونی ددان، هێندە تۆخمی فلۆری تێدایە کە بەشی کوشتنی منداڵێکی بچوك دەکات. بۆیە منداڵە بچوکەکەت هانبدە کە پاش دانشتن، مەعجونەکە تفبکاتەوە.

3337. Brushing within half an hour of eating or drinking certain foods can actually damage enamel as the enamel is softer. Wait an hour before brushing.

شتنی ددان پاش تەنها نیو سەعات لەخواردن یان خواردنەوەی چەند خواردەمەنییەکی دیاریکراو، دەکرێ زیان بە باجی مینای ددان بگەیەنێت چونکە مینا لەبەشەکانی تر ددان، ناسکترە. ئینجاکونێ بۆیە سەعاتێك چاوەڕێ بکە، پاشان بڕۆ بیشۆ!!!!!

3338. ناسکەزانیارییەکی هێندە کەللەتەزێن و عەجیب کە ئەگەر شێری نەکەیت حەقە ئیعدام بکرێیت!!!

یەکەم گونپارێز لەساڵی 1874 لەیاری کریکیت، بەکارهێنراوە. سەد ساڵ دواتر، یەکەم خودەی سەرپارێز لەساڵی 1974 بەکارهاتووە. واتە مرۆڤ سەد ساڵی خایاندووە تا درکی بەوە کردووە کە مێشکیش گرنگە.!!!!



3339. Carl Panzram claimed to have committed 21 murders and over a thousand rapes. He was executed in 1930.

ئەم چڕوچاوە ناوی کارڵ پانزرامەو بەوتەی خۆی بیست کەسی کوشتووەو زیاتر لەهەزار حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی ئەنجامداوە. لەساڵی 1930 ئیعدامکراوە.

کارڵ لەوتەیەکیدا دیفەلسەفێنێ و دەڵێت: لەو بڕوایەدا کە تەنها رێگە بۆ چاککردنی خەڵك، کوشتنیانە.



3340. Jane Toppan confessed to 31 murders in 1901. She was found not guilty by reason of insanity.

ئەم ژنە ناوی جەین توپانەو دانی بەوەدا ناوە کە لەساڵی 1901، سی و یەك کەسی کوشتووە. بەڵام سەرباری ئەوەش لەبەرئەوەی کە گوایە لەڕووی عەقڵەوە تەواو نەبووە، وەك تاوانبار ئیدانەنەکرا.

3341. Aileen Wuornos killed seven men and was executed by lethal injection in 2002.

سەیری ئەم دەیناسورە راستەقینەیە بکەن!!!!

ئەمە ئایلین ۆرنەسە کە حەوت پیاوی کوشتووە. لەساڵی 2002 بە لێدانی دەرزیی کوشندە ئیعدامکرا.
ئەم ژنە دەڵێت: "بەنیسبەت منەوە، ئەم دنیایە جگە لەخراپەکار هیچی تر نیە، خراپەکارەکەی من دەرکەوتووەو بووەتەهۆی دروستبونی ئەو دۆخانەی من ئەو کارانەم تیاکردووە".



3342. Wei Qing'an (Chinese: 魏清安, 1961–1984, 23 years old) was a Chinese citizen who was executed for the rape of Kun Liu, a woman who had disappeared. The execution was carried out on 3 May 1984 by the Intermediate People's Court. In the next month, Tian Yuxiu (田玉修) was arrested and admitted that he had committed the rape. Three years later, Wei was officially declared innocent.

لە 3-5-1984 برادەرێك بەناوی وەی کینگان کە هاوڵاتییەکی چینی بوو، بەتۆمەتی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کەسێك بەناوی کون لیو کە پێشتر بێسەروشوێن ببوو، لەلایەن دادگای ناوەندی گەلەوە لەسێدارەدرا. مانگی داهاتوو کەسێك بەناوی تیان یوخیو دەستگیرکراو دانی بەوەدا نا کە ئەو دەستدرێژییە سێکسییەکەی ئەنجامداوە نەك لەسێدارەدراوەکە. سێ ساڵ دواتر وەی واتە ئەو کەسەی لەسێدارە درابوو، بەڕەسیمی بێتاوانیی راگەیەنرا.

3343. Stanford University conducted a study, according to which, other factors being equal, men are as much as 50% more proficient than women in solving complicated problems.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە زانکۆی ستانفۆرد ئەنجامیداوە، ئەگەر پیاوان و خانمان لەهۆکارەکانی تردا یەکسان بن، ئەوا پیاوان لەشیکارکردنی پرسیارە قورسەکاندا، بەڕێژەی لەسەدا 50 لەخانمان لێهاتووترن.

3344. There is a method to find out whether your boyfriend is unfaithful or not. Find out your boyfriend's IQ, studies show that unfaithful men have lower IQ's.

خانم، رێگەیەك هەیە بۆ دەرخستنی ئەوەی کە کەپڵەکەت خیانەت دەکات یان نا. ئەویش دەرخستنی پلەی زیرەکییەتی واتە IQ. چەند لێکۆڵینەوەیەك دەریانخستووە کە پیاوانی خیانەتکار پلەی زیرەکییان لەهاوتا پاکەکانیان، نزمترە.

3345. Men who are married tend to have a longer life expectancy than those who are single. But they are the ones who are more willing to die.

ئەو پیاوانەی هاوسەرگیرییان کردووە، سوڕی ژیانیان لەسینگڵ زیاترە، بەڵام هاوکات هاوسەردارەکان زیاتر حەز لەمردن دەکەن وەك لە سینگڵە خوێرییەکان!!!!!

3346. Approximately there are 64.3 million fathers in U.S.A out of 151 million men currently living.

لە ئەمەریکا 151 ملیۆن پیاوی تێدایە. لەو ژمارەیە نزیکەی 64 ملیۆن و 300 هەزاریان باوکن.

3347. A passionate kiss for 90 seconds which you see in the climax scenes of movies would reduce life time by one minute as it elevates the blood pressure and also increase the level of hormones.

ئەم زانیارییە زۆر گرنگ و خەتەریشە، بەتایبەت بۆ ڕۆمانسییەکان، جا ئیتر ئاغا بێت یان ئاغای بێڕیش، فەرقناکات!!! هەر ماچکی کەڵەشاخیی نەوەد چرکەیی کە تۆ لەدیمەنە ڕۆمانسییە خەستەکانی فیلمەکاندا دەیبینیت، یەك خولەك لەسوڕی ژیانت کەمدەکات، چونکە ئەوە فشاری خوێن بەرزدەکاتەوە ئاستی هۆرمۆنیش لەڵەشدا زیاددەکات.

3348. The film with the most number of kisses is Don Juan (1926) in which John Barrymore and Mary Astor share 127 kisses.

تائێستا ئەو فیلمەی کە زۆرترین ماچی تێدایە، ناوی دۆن جوانەو هی ساڵی 1926ە. لەم فیلمەدا جۆن و ماری 127 جار ماچی یەکتر دەکەن.

3349. In 16th century France, women could charge their husbands with impotence as a reason for divorce. The convicted husbands would have to prove themselves in a public trial through successfully ejaculating.

لەسەدەی 16هەمی زاینیدا لە فەرەنسا، خانمان وەك هۆکارێك بۆ جیابونەوە، بۆیان هەبوو مێردەکانیان بە لاوازیی سێکسی واتە پێنەمان، تۆمەتباربکەن. مێردە ئیدانەکراوەکانیش پێویستبوو لەڕێی هەڵدانێکی سەرکەوتووەوە لەدادگایەکی ئاشکرا، ناڕاستی ئەو تۆمەتە بسەلمێنن!!!!

3350. A woman’s clitoris grows throughout her lifetime. This means that many women in their forties and fifties have stronger orgasms than they did during their teens and twenties.

قیتکەی زێی خانمان بەدرێژایی ژیانی، لەگەشەکردن ناوەستێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە زۆرێك لەخانمان لەتەمەنی چل و پەنجا ساڵیدا ئۆرگازمێکی بەهێزتریان دەبێت وەك لەتەمەنی هەرزەکاری و بیست ساڵی.

3351. Some women are born with two uteruses, a rare condition called uterus didelphys. Sometimes women with this condition also have two vaginas.

دیارە دوو شەش تەنها لەدۆمینەو تاوڵەدا نیە، لەخانمانیشدا هەیە.

هەندێك خانم هەن بە دوو منداڵدانەوە لەدایکدەبن. ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنەو پێیدەووترێت "جوتە منداڵدان". هەندێجار ئەم خانمانە دوو زێشیان هەیە.

3352. Unwed mothers in early America often killed their newborn babies in order to avoid the shame that came with mothering an illegitimate child. "Baby farms" also popped up during this time, known nationally as slaughterhouses for unwanted children.

لە ئەمەریکای دێریندا، دایکانی شونەکردوو، زۆرجار منداڵەکانیان دەکوشت بۆ ئەوەی شەرمەزاریی بون بە دایکی منداڵێکی ناشەرعی لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. هەر لەو سەردەمەدا شتێك پەیدابوو بەناوی کێڵگەی منداڵان کە لەو وڵاتەدا بە قەسابخانەی منداڵانی نەویستراو ناسراو بوو.

من پێموایە منداڵ لەهەموو حاڵەتێکدا پەپولەو فریشتەیە، جا شەرعی بێت یان نا شەرعی. تاوانبارەکە دایك و باوکەکەیە.

3353. The vagina averages a 4.5 on the pH scale, similar to the acidity of a tomato.

پلەی ترشیی زێی ئاسایی خانمان بەپێودانگی پی ئەیچ، چوار پلەو نیوە. واتە پلەی ترشییەکەی وەك هی تەماتە وایە.

3354. There about 208 million pregnancies each year globally. Of these, 31 million end in miscarriage or fetal death from natural causes. About 41 million (20%) end in abortion. About half of these abortions are illegal.

هەموو ساڵێك لەسەرتاسەری جیهاندا 208 ملیۆن حاڵەتی دوگیانبون رودەدات. لەم ژمارەیە، 31 ملیۆنیان بە لەبارچون یان مردنی کۆرپە بەهۆکاری سروشتی، کۆتاییان دێت. نزیکەی 41 ملیۆنیشیان کە دەکاتە لەسەدا 20، بە لەباربردن کۆتاییان دێت. نیوەی ئەم لەباربردنانەش نایاسایین.

حەتمەن لەباربردنی نایاساییش جۆرێکە لەقەتڵ...

3355. About one in every 10,000 children develop a condition known as “precocious puberty,” in which the child’s body reaches sexual maturity before age eight. Roughly ten times more girls than boys develop this way, and there is reason to suspect that it might be accelerated by sexual contact at an early age.

لەهەموو دە هەزار منداڵێك یەکێکیان توشی حاڵەتێك دەبن کە پێیدەووترێت "بالّقبونی پێشوەخت" کە تێیدا جەستەی منالّ پێش تەمەنی هەشت ساڵی، دەگاتە حاڵەتی پێگەیشتنی سێکسی. ئەم حاڵەتەش بەڕێژەی نزیکەی دە ئەوەندە لەناو کچاندا زیاترە لەکوڕان.

3356. There was a form of medieval torture, where the victim's feet were covered in salt water and then a goat would start licking them. Sometimes the laughter and stress from the intense tickling resulted in a heart attack or a brain hemorrhage.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا شێوازێکی ئەشکەنجە هەبووە کە تێیدا قاچی قوربانییەکە ئاوی خوێیاوی پێدادەکراو پاشان بزنێکیان دەهێناو قاچی دەلێسایەوە. هەندێجار بەهۆی ئەو پێکەنین و فشارە دەروونییەی لەئەنجامی ئەو لێسانەوە تووندەدا دروستدەبوو، جەڵدەی دڵ یان خوێنبەربونی دڵی ئەو کەسەی لێدەکەوتەوە.

3357. In 2009, an Italian neurosurgeon named Claudio Vitale had a heart attack while performing surgery on a patient. He powered through it when he realized his patient would never recover if he stopped. Half an hour after finishing the surgery, the doctor underwent an angioplasty.

تەسەورکە لەگەرمەی ئەنجامدانی عەمەلیاتێك بۆ گۆڕینی لوتی شەریفت لەلوتێکی نوقڵی (بەقوتووەکەوە) بۆ لوتێکی نوقڵی (بەبێ قوتوو)، دکتۆرەکە جەڵدەی دڵ یان دەماغ لێیبدات. بێگومان کارەساتەو هیوادارم کەس وای بەسەر نەیەت!!!!

لەساڵی 2009 پزیشکێکی ئیتالی پسپۆڕی نەشتەرگەری دەمار بەناوی کلاودیۆ ڤیتاڵی، لەگەرمەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکەدا بۆ نەخۆشێك، جەڵدەی دڵ لێیدا. بەڵام سەرباری ئەوەش کاتێك زانی کە ئەگەر ئەم لەنەشتەرگەرییەکە بووەستێت نەخۆشەکە هەرگیز چاکنابێتەوە، بۆیە هەرچۆنێك بێت بەردەوام بوو لەنەشتەرگەرییەکە. پاش نیو سەعات لەتەواوبونی نەشتەرگەریی نەخۆشەکە، ئینجا دکتۆرەکە قەستەرەی بۆ ئەنجامدرا.

3358. A male lobster’s bladder is in its heads, and when male lobsters fight, they squirt each other in the face with urine.

میزەڵدانی نێرینەی کوللەی دەریا لەسەریدایە. کاتێکیش دوو نێرینەی ئەم زیندەوەرە شەڕدەکەن، میز دەگرنە دەموچاوی یەکتر!

3359. Foamy pee indicates there is protein in the urine and could be a sign of a serious kidney problem.

میزی کەفاوی لەمرۆڤدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە میزەکە پرۆتینی تێدایەو دەکرێ نیشانەیەکی نەخۆشییەکی مەترسیداری گورچیلە بێت.

3360. وەرە دڵت بە برای ئاوا خۆش بێت!!!! ئەمە لەو جۆرە برایانەیە کە هەزار دانەی وات هەبێت، هێشتا خۆت بە وەجاخکوێرو بێکەس دادەنێیت و بەڕۆژی نیوەڕۆ کەرو کورتانت پێکەوە دەدزن.

هێنری چوارەم لەبەرامبەر ئازادکردنی ریچارد دڵی شێر داوای 150 هەزار مارکی کرد. لەبەرامبەردا براکەی ریچارد کە ناوی جۆن بوو و پاشای فەرەنسا بوو، پێیوت من 80 هەزار مارکت دەدەمێ بەو مەرجەی ئازادی نەکەیت!!!!



3361. بەگوێرەی پەیماننامەی جنێف، بەدرۆ خۆپیشاندان وەك بریندار لەکاتی شەڕدا بەمەبەستی فێڵکردن لەدوژمن، کارێکی نایاساییە.

3362. هەر لەمنالّییەوە دوژمنی ترخێنەو ساوەرو یاپراخ و دۆینەیت و ئەو خواردنانە بتخۆن نایانخۆیت؟! شەرت نیە ئێستاش وامابیت!

ئەو خواردنانە تاقیبکەرەوە کە لەمندالّیدا رقت لێیانبووە. بۆ؟ چونکە هەموو حەوت سالّ جارێك گۆپکەکانی چەشتنت، دەگۆڕێن و ئەگەری زۆرە لەئێستادا چێژ لەزۆربەی ئەو خواردنانە ببینیت کە پێشتر رقت لێیان بووەو دەکرێ ئێستا وات لێهاتبێت کە پارویەك ساوەر نەگۆڕیتەوە بە شیشێك کەباب!!!

3363. ئەگەر داهاتی ساڵانەی خێزانەکەت کەمتر بێت لەشەش دەفتەرو نیوی ناسك، ئەوا دەتوانیت بەبەلاش لەزانکۆی هارڤارد کە یەکێکە لەبەناوبانگترین زانکۆکانی جیهان، وەك کەو بخوێنیت.

خوا رەحمی کردووە هارڤارد لێرە نەبووە ئەگینا لەبەر دەوڵەمەندی برسی و ساختەچی بەر ئێمەمانانی فەقیرو فوقەرا نەدەکەوت، چونکە ئەوان پێش ئێمە دەچون و دەیانوت خوائاگاداراە ئەوەندە فەقیرین کە ئەسپێ لەباخەڵمانا سەرچۆپی گرتووە!!!

3364. عەینەن منمنۆکێ کاتێك ساردەمەنییەکی بەلەزەت وەك ئاو یان پیپسیی ی ئەزبەریدی یان خودی ئەزبەرید یان دۆندرمەو هتد.. دەخۆیت و دەخۆیتەوە، شەپۆلەئازارێکی توند دەدات لەمێشکی شەریفت کە جەهەننەمت بە ملەوەنی پیشاندەدات؟

حەلی ئەمە بەسیتە. ئەو حاڵەتە پێیدەووترێت بەستنی مێشك. بۆ چارەسەرکردنی، لەوکاتەدا بە زمانی شەریفت پاڵ بنێ بە سەقفی ناو دەمتەوە، واتە مەڵاشوتەوە.



3365. لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، کاتێك پادشای بولگاریا عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت، کوڕە تەمەن شەش ساڵەکەی کە ناوی سیمۆن بوو، جێگەی گرتەوەو بووە سەرکردەی وڵات. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم، لەسەدا 97ی خەڵکی ئەو وڵاتە، دەنگیاندا بۆ کۆتاییهێنان بە رژێمی پاشایەتی لەبەرژەوەندی دیموکراسی. لەساڵی 2005 سیمۆن کە تەمەنی

64 ساڵ بوو، خۆی کاندیدکرد بۆ سەرۆك وەزیرانی بولگاریاو بردیشییەوە. بەوەش جارێکی تر بوویەوە بە سەرکردەی وڵات.



3366. Between 2000 and 2015, the average global life expectancy increased by five years.

لەنێوان ساڵی 2000 تا 2015 ، سوڕی ژیانی ئاسایی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان، تێکڕا پێنج ساڵ زیادیکردووە.

3367. وارین بوفیت کە یەکێکە لەسوپەرملیاردێرەکانی جیهان، هەموو بەیانییەك لەخواردنگەیەکی ماکدۆناڵد دەخوات، هەرگیز بایی سێ دۆلارو 17 سەنتیش زیاتر ناکرێت. لەو رۆژانەش کە مارکێتەکان داخراون، ئەوەندەش سەرفناکات، بەڵکو دوو دۆلارو 95 یان دوو دۆلارو 61 سەنت، سەرفدەکات.



3368. ئەم کوڕە رەشپێستە تەمەن 15 ساڵە ناوی تێمار بۆگسە. ئەم کوڕە پاش ئەوەی دەزانێت کە سەیارەیەك ئەم کچە تەمەن پێنج ساڵەی لەحەوشەی پێشەوەی ماڵی کچەکەدا رفاندووە، بۆ ماوەی چارەکێك بە پاسکیلەکەیەوە شوێن سەیارەکە دەکەوێت و کچەکە رزگاردەکات.

3369. ریکۆردەکانی کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، پێویستە داواکاری پێشکەش بکرێت بۆ خۆتۆمارکردن نەك ئەوەی برادەرانی گینس بەدوای ژمارە پێوانەییەکاندا بگەڕێن. بۆ نمونە خانمێکی بۆلیڤی کە تەمەنی 118 ساڵەو خۆی تۆمارنەکردووە، بەش ساڵ لەو کەسە بەتەمەنترە کە تا ئامادەکردنی ئەم ناسکەبابەتە بەفەرمی لەلایەن گینسەوە وەك بەتەمەنترین کەس لەجیهاندا ناسراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرێك لەهەڵگرانی ڕیکۆردەکانی گینس، رەنگە لەڕاستیدا هەڵگری راستەقینەی ریکۆرد نەبن لەسەر ئاستی جیهان.

3370. ترس لەجاڵجاڵۆکەو مار، شتێکی غەریزەییەو لەگەڵ مرۆڤدا لەدایکدەبێت نەك شتێك كە دواتر فێری ببین.

3371. لەماوەی سەدەی رابردودا، خانمانی کۆریای باشور بەگشتی، باڵایان بیست سانتیمەتر زیادیکردووە. ئەم بڕەش بەبەراورد بە دانیشتوانی هەر شوێنێکی تری جیهان، بەرزترینە.

3372. Before she was famous, Nicki Minaj was fired from approximately fifteen jobs for discourtesy to customers.

نیکی میناج کە خانمەڕاپەڕێکی بەناوبانگی ئەمەریکییە، پێش ئەوەی بەناوبانگ بێت، بەهۆی چەقاوەسویی و بێڕێزیکردن بە کڕیارانەوە، لەنزیکەی 15 کار، دەرکراوە.

3373. پێموایە بەشێك لەدانیشتوانی جیهان و زۆربەی کورد دەبوایە ناویان وریا گێژ بوایە بەتایبەت لەڕوی عەنتەرنێتەوانییەوە، چونکێکوم زۆربەمان لەکاتی دابەزاندنی بەرنامەکان، ئەو تێکستە ناخوێنینەوە کە پێیدەووترێت رێپێدان، بەڵکو یەکسەر بەبێ خوێندنەوە سەح لە I agree اەکە دەدەین و دەڕۆین. دیارە کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان درکیان بەمە کردووە.

لەساڵی 2005 برادەرێك بەناوی دۆگ هێکمان پێش دابەزاندنی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەر، تەواوی تێکستی رێپێدانی بەکارهێنانی بەرنامەکەی خوێندەوە. بڕگەیەکی تێدابوو کە کۆمپانیاکە نوسیبوی بڕێك پارە وەك قەربوو دەدات بەو کەسانەی بەڕاستی رێپێدانەکە دەخوێننەوە. ئەم برادەرە پاش خوێندنەوەی، ئیمەیڵێکی نارد بۆ کۆمپانیاکەو ئاماژەی بەو بڕگەیەدا، لەبەرامبەردا کۆمپانیاکە چەکێکی هەزار دۆلارییان بۆ نارد.

In 2005, a guy named Doug Heckman read the EULA before he installed some PC software. The agreement included a clause offering 'financial compensation' to licensees who actually read the license agreement. He emailed the company, referred to the clause and the company sent him a check for $1,000

3374. It is possible to only have high blood pressure in the doctor's office and it is called "White Coat Syndrome".

کە پشتەملت قورس بوو و یەکسەر چویت بۆلای دکتۆرو ئەویش یەکسەر کردی بەقۆڵتا (مەبەستم ئامێری پێوانی زەختەکەیە تەبعەن!!!)و پاشان پێی وتیت زەختت زۆر بەرزە، شەرت نیە زەختت هەبێت، بۆ؟

چونکە جۆرێك نەخۆشی هەیە پێی دەووترێت سیندۆرمی چاکەتسپی یان بەرزەفشاری خوێنی چاکەتسپی. تۆشبوانی ئەم نەخۆشییە تەنها لەلای دکتۆردا زەختیان بەرزە.

3375. There is a man named Matthew Hogg who, due to an Auto-Brewery syndrome, will get drunk from eating bread.

ئەم برادەرە سەرسافە ناوی ماتیو هۆگە. ئەمە تۆشی جۆرە نەخۆشییەك بووە بەناوی سیندرۆمی سەرخۆشبونی خودکار. بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە بە خواردنی نان سەرخۆش دەبێت.

3376. People of the Mongol empire never washed their clothes or themselves due to their belief that washing would pollute the water and anger the dragons that controlled the water cycle.

خەڵکی ئیمپراتۆریەتی مەغۆل هەرگیز نە خۆیان نەدەشۆرد نە جلوبەرگەکانیان، چونکە بەپێی بیروباوەڕی ئەوان ئەو شۆردنە ئاوەکە پیسدەکات و ئەو ئەژدیهایانە تورەدەکات کە سوڕی ئاوەکەیان کۆنترۆڵکردووە.

3377. یەکەم سێ چرکەی پاش لەخەوهەڵسانتن هیچ شتێکت لەبیرنیە. واتە لەوکاتەدا میمۆریی مێشکی شەریفت سفر بایتە!!!



3378. دەکرێ بەهۆی ترسەوە عومری درێژت بۆ جەماعەت جێبهێڵیت. چونکێکوم لەکاتی ترسدا جەستە بڕێکی زۆر ماددەی ئەدرینالین دەردەدات کە دەکرێ بەڕێژەیەکی زۆر ژەهراوی بێت.

ئینجاکونێ بۆیە کاتێك پیاوێکی پیر پێت دەڵێت فلانە ساڵ تەیارەیەك بەنزمی فڕی بەسەرماناو لەئەنجامدا ژنێك زیڕەیکردو مرد، نەچی بچی لەدڵی خۆتا لەپێکەنیندا بەپشتا بکەویت و بڵێیت: عەگ لەو فشەیە.



3379. لەڕوی دەروونییەوە، کاتێك فەخامەتی جەنابت زۆر خەفەتباریت، هەستدەکەیت هەموو کەسانی دەوروبەرت دڵخۆشن.

بێگومان ئەمە لەڕوی دەروونییەوە وایە، ئەگەرنا لەڕوی واقیعەوە بەدوری مەزانە ئەگەر تۆ کوڵابیت لەخەفتا، دەوروبەرەکەت وەك ماسی ئەمدیواودیوی برژا بێت!!!، بۆیە هەمیشە ئارامگرو سوپاسگوزار بە.

3380. ماڵپەڕێك هەیە بەناوی تویستەرەینجەرز دۆت کۆم. دەتوانیت لەم ماڵپەڕە خۆت تۆماربکەیت و پاشان لەڕێگەی ئەپلۆدکردنی وێنەی خۆتەوە، ئەو کەسانە بدۆزیتەوە کە لەسەرتاسەری جیهاندا لەتۆدەچن. ماڵپەڕەکە لەڕێگەی هەڵبژاردنی تایبەتمەندییەکانی دەموچاوتەوە دەگەڕێت بۆ ئەو کەسانەی لەتۆ دەچن.

هەر کە دۆزیشتەوە دەتوانن شەڕی پێبفرۆشیت و بڵێیت بۆ لەمن دەچیت، یان دەتوانن پێکەوە فیلم دروستبکەن!

3381. كاتێك داهێنەری مەزن گراهام بێڵ لەسەرەمەرگدا بوو، هاوسەرەكەی لێیپارایەوە كە جێبینەهێڵێت. بێڵ لەكۆتاوتەی ژیانیدا وتی: نەخێر.



3382. ئەم خانمەی دەیبینن رێبیکا تاونسێندە. بەبێ ئەوەی بزانێ مەرگی نزیکە، کۆتاساتەکانی ژیانی بەتەواوکردنی ئەو ئامانجە کۆتایی پێهێنا کە پێشتر داینابون کە بریتیبون لەم سێ حاڵە:

1. ماچکردن لەبەر باران.
2. گەشتکردن بۆ ئیسپانیا.
3. رزگارکردنی ژیانی کەسێك.

ئەم خانمە تازە سەفەری کردبوو بۆ ئیسپانیاو ماچەکەی کردبوو لەبەر باران، کاتێکیان زانی خۆی و هاوڕێکەی سەیارەیەك لێیدان. ئەم عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت بەڵام بەهۆی ئەوەی لەکاتی روداوەکەدا بەپاڵێك هاوڕێکەی دورخستەوە، کوڕەکە رزگاری بوو. واتە بەکورتی و بەکوردی هەرسێ ئامانجەکەی هاتەدی.

3383. خولەکێك 60 چرکەیە بەڵام ساتێك 90ە.

There are 60 seconds in a minute, but 90 seconds in a moment.

3384. You should never put your feet up on a car's dashboard. Airbags go off like small bombs, and they will break both of your legs in half, most likely at the kneecaps.

وریابە. نەچی بچی هەرگیز قاچی شەریفت بخەیتە سەر داشبۆردی سەیارەکەت چونکێکوم تەقینی ئێرباگی سەیارە وەك تەقینی بۆمبی بچوك وایە. گوێی شەیتان کەڕبێ ئەگەر لەو کاتەدا ئەو ئێرباگە بتەقێت، هەردوو لاقت لەناوەڕاستدا دەشکێنێت و لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا لەکڵاوەی ئەژنۆدا دەیشکێنێت.

3385. In the 1920s a Chicago man convinced his wife to pull out all her teeth then refused to get her dentures because it was 'cheaper to feed her with soup than solid food'. She took him to court and he was ordered to get her 2 new sets of teeth and a beefsteak a week.

لەساڵەکانی 1920ەکان پیاوێك لەشاری شیکاگۆی ئەمەریکا، قەناعەتی بە ژنەکەی کرد کە هەموو ددانەکانی هەڵبکێشێت. دواتر ئامادەنەبوو تاقمی ددانی بۆ بکڕێت چونکە وتی بەبێ دان مەسرەفی کەمترەو شلەمەنی بخوات کەمتری تێدەچێت وەك لەوەی خواردەمەنی رەق بخوات. لەبەرامبەردا ژنەکە پشتەملی گرت و بردی بۆ دادگاو دادگا بڕیارێکی دەرکرد کە نەك هەر ئەو پیاوەکە بەڵکو بەدڵنیاییەوە هەزارانی تریشی پێوە تەمێ بوون. دادگا بڕیاریدا کە پێویستە پیاوەکە دوو تاقمی ددانی بۆ بکڕێت و هەفتانەش دوو جار گۆشتی مانگای بۆ بکڕێت.

3386. The city of Dallas, Texas has lost every single one of 82 court cases against the same man named Robert Groden, over several decades.

لەماوەی چەند دەیەی رابردودا، شاری دالاسی ئەمەریکا 82 سکاڵای یاسایی لەدژی پیاوێك بەزکردووەتەوە کە ناوی رۆبەرت گرۆدنە. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم برادەرە هەر 82 سکاڵاکەی بردووەتەوە!



3387. Daniel Balsam is a US man who got so infuriated with constant email spam that he quit his job, got a law degree and has so far earned over $1 million in court judgments against the spammers.

ئەم برادەرەی دەیبینن، ناوی دانیاڵ بەلسەمە. ئەمە ئیمەیڵی سپامی بەردەوام، ئەوەندە تورەی کرد، لەداخا وازی لەئیشەکەی خۆی هێناو دواتر بڕوانامەی لەبواری یاسادا بەدەستهێناو تا ئێستا هەر بەپێی یاسا زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار واتە سەد دەفتەری سەیی لەوانە بردووەتەوە کە سپام دەنێرن.

3388. A German biologist named Stefan Lanka claimed measles is psychosomatic and offered 100,000 Euros to anyone who proved measles is a virus. A German doctor named David Barden presented evidence of the virus. The biologist dismissed the evidence, but the local court ordered him to pay up.

جارێك زەیندزانێك بەناوی ستیفان لانکا بانگەشەی ئەوەی کرد کە سورێژە نەخۆشییەکی دەرونییە نەك ڤایرۆسی و لەتەحەدایەکیشدا وتی 100 هەزار یۆرۆ دەدات بەو کەسەی بیسەلمێنێت کە ئەو نەخۆشییە، ڤایرۆسییە. وەلا دکتورێکی ئەڵمانی لێپەیدابوو بەناوی

دەیڤد باردن و بەڵگەیەکی پێشکەشکرد کە سوریژە ڤایرۆسییە. بایۆلۆجیستەکە بەڵگەکەی رەفزکرد. کێشەکە گەیشتە دادگایەکی ناوخۆو دادگا بڕیاریدا کە پێویستە بایۆلۆجیستەکە ئەو سەد هەزارە بدات بە دکتۆرەکە.
ئاخ کێری قومری لەدوو تەحەدای ئاواوە هاتووە!!!

3389. American con artist Steven Jay Russell once impersonated a prison guard to simply walk out of prison. Upon recapture Russell lowered and paid his bail by pretending to be a judge, escaped his next capture by impersonating a doctor, and did so again by faking his death, eventually landing him a 144-year sentence.

ئەم برادەرەی دەیبینن دەتوانین ناوی بنێین رێوی عەیارە 24.
ئەمە هونەرمەندی قۆڵبڕ ستیڤن جەی رەسڵە. پاش ئەوەی زیندانی دەکرێت، جارێك خۆی دەکات بە پاسەوانێکی زیندانەکەو دەتوانێت لەو رێگەیەوە هەڵبێت. پاش دەستگیرکردنەوەی، جارێکی تر خۆی دەکات بە دادوەرو لەو رێگەیەوە خۆی بە کەفالەت بەردەدات و هەڵدێت. دیسانەوە دەستگیردەکرێتەوە. جارێکی تر لەڕێگەی خۆکردن بە دکتۆر، دەتوانێت هەڵبێت و دواتر دیسانەوە دەستگیردەکرێتەوە. جارێکی تر خۆی دەکات بە مردوو و لەو رێگەیەوە جارێکی تر هەڵدێت. دواجار دەسەڵاتداران شێخیان نامێنێ و سزای زیندانیکردن بۆ ماوەی 144 ساڵی بەسەردا دەسەپێنن!!!!



3390. An Ohio judge named Michael A. Cicconetti sentenced a woman to sit in the smelliest area of a garbage dump for 8 hours, for animal abuse. He said, "If you puke, you puke."

لەویلایەتی ئۆهایۆی ئەمەریکا، پاش ئەوەی ژنێك تووندوتیژی بەرامبەر ئاژەڵێك ئەنجامدا، دادوەرێك بەناوی میخائیل سیکۆنێتی سزایەکی سەیری بەسەردا سەپاند. بڕیاریدا کە پێویستە ئەو ژنە بۆ ماوەی هەشت سەعات لەبۆگەنترین شوێنی فڕێدانی پاشەڕۆی گشتی دابنیشێت و پێشیوت: "ئەگەر دەڕشێیتەوە، دەڕشێیتەوە".

3391. When Margaret Keane sued her ex-husband, Walter Keane (American plagiarist) for plagiarizing, the judge asked both of them to paint a painting in front of the courtroom. Walter declined, saying he had a sore shoulder, whereas Margaret completed her painting in 53 minutes.

کاتێك مارگرێت کین شکاتی لەکۆنەمێردەکەی کرد کە پیاوێکی ئەمەریکی بوو بەناوی وۆڵتەر کین و کاری هونەری خەڵکی دەدزی و دەیکرد بەناوی خۆیەوە، لەسەر ئەو دزییە هونەرییانە، دادوەر داوای لەهەردوکیان کرد کە لەبەردەم دادگادا وێنەیەك بکێشن. وۆڵتەر ئامادە نەبوو وێنەکە بکێشێت و وتی شانی ئازاری تێدایە، بەڵام مارگرێت لەماوەی تەنها 53 خولەکدا وێنەکەی تەواوکرد.

3392. لەهەموو سێ تاکەگۆرەوبیەك کە فەخامەتی جەنابت دەیکەیتە پێی شەریفت، یەکێکیان لەشوێنێکی چین دروستکراوە پێیدەووترێت شاری گۆرەوی. ئەم شاری گۆرەوییە کە لەسالّەکانی هەشتاکاندا گوندێکی بچوك بووە، بەشێوەیەکی تەدریجی گەورە بووەو زیاتر لە سەد هەزار کەسی خستووەتە سەر کارو ئێستا هەموو سالّێك چوار ملیار جوت گۆرەوی بەرهەم دەهێنێت.

3393. لێکۆڵەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو فەخامەتانەی حەزیان بۆ تامی تاڵ دەردەبڕن، بەبەراورد بە کەسانی تر، زیاتر حەز لەقۆرخکردن و ئازاردانی کەسانی تر، دەکەن.

3394. جارێك پیاوێكی خانەدانێكی شاری ئۆكسفۆردی ئینگلتەرا، لەبەردەم شاژنی بریتانیا تڕێك لێدەدات. داماوە بەهۆی ئەوەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ وڵات جێدەهێڵێت. كاتێك دەگەڕێتەوە، شاژن لەكاتی بەخێرهێنانەوەیدا پێیدەڵێت: خانەدان، تڕەكەم بیرچوبووەوە".

3395. رۆژی 2012/11/21 ئارامترین رۆژ بووە لەمێژوی شاری نیۆرك. لەو رۆژەدا تەنها یەك تاوانی توندوتیژیش تۆمارنەكراوە.



3396. لەسەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، ئەمەریكا دورگەی گرینلاندی داگیركرد كە هی دانیماركە، بۆ ئەوەی ئەڵمانیای نازی داگیری نەكات. پاش كۆتاییهاتنی جەنگەكە ئەمەریكییەكان بە دانیماركیان وت: سەد ملیۆن دۆلارت دەدەینێ ئەو دورگەیەمان پێبدە بۆ خۆمان، بەڵام دانیمارك وتی: نایینم!!!

3397. جولّانی دەمولێوی شەریفت لەکاتی گۆکردنی وشەی colorful کە بەمانای هەمەڕەنگ دێت، عەینەن جولّانی دەمولێوتە لەکاتی گۆکردنی رستەی I love you کە بەمانای "خۆشم دەوێی" دێت. بێگومان ئەگەر وەك خۆی گۆی بکەیت.



3398. هەزار رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە: زمان بووەستێ سەر رەحەتە. ئەم زانیارییە ئەو ناسکەپەندە جەختدەکاتەوە: ئەگەر لەکاتی یەکەم 90 چرکەی کاتی تێکشکانی تەیارەدا، هێمن بیت و نەچی بچی بیکەی بەهۆسە، ئەوا ئەگەری رزگاربونت زۆرە.

ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر خوانەخواستە توشی حاڵەتێکی لەو شێوەیە بویت، تەنانەت شایەتومانەکەش بەدڵ بێنە نەك بەدەنگی بەرز، ئەگەر مردیت و عومری درێژت بۆ جەماعەت جێهێشت ئەوە بێگومان کۆتایی ژیانت پاکترین قسە بووە، ئەگەر رزگاریشت بوو، شایتەمومان لەهەموو کاتێکدا خێرەو زیایە مەسرەفت نەکردووە!!!!

3399. Texting while driving kills 6,000 annually in the U.S. alone.

هەموو ساڵێك تەنها لەئەمەریكا شەش هەزار كەس بەهۆی نامەناردن بە مۆبایل لەكاتی ئۆتۆمبێل لێخوڕین، عومری درێژیان بۆ ئێوە جێدەهێڵن.

3400. Consuming even 15 milligrams of the chemical element Tellurium can cause your sweat and breath to smell like garlic for up to 8 months.

ئێوەش وەك برام وان، تۆخمێكی كیمیایی هەیە پێیدەووترێت تێلوریوم. بەكاربردنی تەنانەت بڕێكی كەمی وەك 15 میللیگرامی ئەم تۆخمە، دەكرێ ببێتەهۆی ئەوەی بۆماوەی تا شەش مانگی ناسك، عارەق و هەناسەت بۆنی سیری لێبێت.

3401. coughing causes a sudden, temporary rise in pressure in the chest, inhibiting the pain-conducting work of the spinal cord — leading to pain-free injections."

كۆكین دەبێتەهۆی بەرزبونەوەی كتوپڕو كاتیی فشار لەسەر سنگ و سەركوتكردنی كاری ئازار دەركردنی دڕكەپەتكی شەریفت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی دەرزیلێدانت ئازاری نەبێت. بۆیە ئەم ناسكەزانیاریيە وەك ناسكەمژدەیەك وایە بۆ ئەو فەخامەتانەی لەدەرزیلێدان دەترسن، باشتر وایە لەكاتی دەرزیلێداندا بكۆكن.

3402. پێش چاپبونی تەنانەت باپیرە گەورەدوجای ئێمەمانان، بەدیاریكراوی لەساڵی 1856، كەشتییەكی هەڵمی نقومبوو. دواتر لەساڵی 1988 لەژێر زیاتر لە 13 مەترو نیو پیسایی لەكێڵگەیەكدا دۆزرایەوە. پاش ئەو هەموو ساڵە، هێشتا زۆربەی شتە دەستكردەكانی ناو كەشتییەكە تێك نەچوبون. كورە تەنانەت زۆربەی خواردنەكانی ناوی، هێشتا بۆ خواردن دەشیان و خراپ نەبوبون.



3403. لەشاری دێنڤەری ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمەریکا، باڕێك هەیە كە پاش ئەوەی كڕیار داوای خواردنەوەیەك دەكات، وەك كۆنەشێرو خەتەكەی لای خۆمان دراوێكی ئاسن هەڵدەدات، ئەگەر پێشبینییەكەی راست بوو، پارەی خواردنەوەكە نادات، بەڵام ئەگەر راست دەرنەچوو، ئەوا دەبێت دوو ئەوەندەی نرخی خواردنەوەكە پارە بدات.
مەشروباتی كحولی خۆی زۆر حەڵاڵە ئینجا وەرە شێرو خەتیشی تێبكەوێت!!!

3404. هەمیشە با یەکێك لەسەرەکیترین دوعاکانتان ئەمە بێت: یا خوا کەس بەتاڵ نەبێت!!!!

لەساڵی 1989 ملیاردێرێك بەناوی ریچارد برانسن، باڵۆنێکی هەوای گەرمی شێوە شتی فڕیوی نەناسراو هەڵدا بۆ ئاسمان و قەزەمێکیشی بەکرێگرت کە جلوبەرگی مەخلوقاتی فەزایی لەبەربکات و بچێتە ناوی بۆ ئەوەی کاتێك باڵۆنەکە نیشتەوە، خەڵك بترسێنێت.



3405. خراپترین روداوی وەرزشی کە بەدرێژایی مێژوو، رویداوە لەساڵی 29ی زاینی بووە کە لەیاریگایەکی خراپ لەشارۆچکەی فایدێنا رویداوە کە بەدوری هەشت میل، دەکەوێتە باکوری شاری رۆماوە. لەو روداوەدا یاریگاکە لەگەرمەی یارییەکی قەرەباڵغی جەنگاوەرانی رۆمای دێرینداء، روخاو لەئەنجامدا لانیکەم بیست هەزار کەس عومری درێژیان بۆ ئێوە جێهێشت. دوای ئەم روداوە ئەنجومەنی پیرانی رۆمانەکان بڕیاریدا کە پێویستە یاریگاکانی داهاتوو بەباشی گرنگییان پێبدرێت وپەسەندبکرێن.



3406. A man and two women who live as a threesome have announced they are expecting a baby — and insist that “three parents are better than two.”

Adam Lyons was dubbed “the luckiest man alive” because he shares his life with two girlfriends, Brooke Shedd and Jane Shalakhova.

18-5-2017

ئەمەی دەیبینن پیاوێك و دوو خانمە كە وەك سیانەیەك پێكەوە دەژین، رایانگەیاندووە كە چاوەڕێی هاتنەدنیای منداڵێكیان دەكەن و سورن لەسەر ئەوەی كە پێكەوەژیانی سێ هاوژین لەدوان باشترە.

ئەم پیاوە كە ناوی ئادەم لیۆنسە، نازناوی بەختەوەرترین پیاوی زیندووی لێنراوە، چونكە لەیەك كاتدا ژیان لەگەڵ دوو كەڵدا بەسەردەبات كە ناویان بروك شێدو جەین شالاخۆڤایە.

3407. یارەببی ئەوەی بەسەر ئەم خانمەدا هاتووە لەڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی، بەسەر جولەکەکانی فەلستینی داگیرکراویشدا نەیەت!

ئەم خانمە کە ناوی جۆ دووە، پاش ئەوەی راستەوخۆ پێش دەستپێکردنی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی زنجیری عەزیی بوکێنییەکەی خراپ دەبێت، هیچ یەکێك لەمیوانەکان ناتوانن چاکی بکەن. بۆ نەگبەتی ئەمیش ئەو رۆژە سەرجەم دوکانی خەیاتەکان داخراو بوون. بەڵام وەك دەووترێت خوا دەلیلی داماوەو کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە. هەر لەو کاتەدا دراوسێکانی خێزانێکی سووری میوانیان دەبێت و باوکی ئەو خێزانە خەیاتێکی پێشکەوتووەو ماوەی نزیکەی 30 ساڵ لەشاری حەڵەب خەیاتی کردووە. بۆیە پەنادەبرێتە بەر ئەم و بەبێ ئەوەی تەنها وشەی ئینگلیزیش بزانێت، بەکەلوپەلی دروماننییەوە دێتە ساحەکەو بەخۆشحاڵییەوە لەماوەی چەند خولەکێکدا عەزییەکەی چاکدەکات.



3408. پزیشکێکی زۆر دیندار بەناوی رێنیە لینێك سەماعەی پزیشکی داهێناوە. هۆکاری ئەم داهێنانەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاتێك بەمەبەستی پشکنین گوێی دەنا بە سنگی خانمانەوە، مورتاح نەدەبوو.



3409. ئەم خانمە بەم جلوبەرگەوە ئەگەر کورد بوایە رەنگە یەکێك لەگرنگترین ئارەزووەکانی پۆزو ئەوە بوایە کە لەکەمترین ماوەدا زۆرترین کەس داوای خۆشەویستی یان هاوسەرگیری لێبکەن بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت ببێتە

جێسەرنجی میدیاکان بەڵام لەبەرئەوەی کورد نیە، خانمێکی عەیارە 24و نایابە بەمانای کەلیمەو ئارەزووەکانی زۆر دورە لەوانەوە.

ئەمە ناوی سابرینا پاستەرسکییەو توانیویەتی لەتەمەنی 14 ساڵیدا فڕۆکەیەکی یەك مەکینەیی دروست بکات. لە 16 ساڵیدا بووەتە گەنجترین کەس لەمێژودا کە بە فڕۆکەی خۆی بفڕێت.

کورە جا هێشتا چت دیوە!!! ئەم خانمە پەیمانگای ماساچوستس بۆ تەکنۆلۆجیای بە سێ ساڵ، بە پلەی پێنج تەواوکردووەو ئێستا تەمەنی 24 ساڵەو لەزانکۆی هارڤارد دەخوێنێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری وزەی باڵای فیزیا.



3410. A Hungarian man named Béla Kiss murdered 24 women and attempted to pickle their bodies in alcohol before enlisting to fight in World War 1. When his crimes were discovered, he evaded capture and was never heard from again.

پیاوێك هەنگاری بەناوی بێلا کیس پاش کوشتنی 24 ژن، هەوڵیدا تەرمەکانیان بخاتە ناو ئەلکهولەوە پێش ئەوەی ببێتە سەرباز لەجەنگی جیهانیی یەکەم. کاتێك تاوانەکەی کەشف بوو، لەترسی دەستگیرکردن هەڵات و لەوکاتەوە تائێستا بێسەرو شوێنە.

3411. Matthew McConaughey has a food fetish and sometimes has to stop eating because he gets too sexually aroused by the food.

ماتیو ماکۆنهی ئەکتەرێکی ئەمەریکییە. ئەم برادەرە هێندە حەزی لەخواردنە وەك عەبدی خواردن وایە. تەنانەت هەندێجار پێویستە دەست لەخواردن بگێڕێتەوە لەبەرئەوەی بەخواردن زۆر دەوروژێت لەڕوی سێکسییەوە. بەکورتی دەتوانین بڵێین رەنگە ئاسایی بێت دەعوەتی بکەیت بۆ کافتریایەك بۆ قاوەخواردنەوە، بەڵام نەچی بچی دەعوتی بکەیت بۆ ریستورانتێك چونکە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئەمنی قەومیت دروستدەکات!!!

3412. In 2013, during his trial for bestiality, Paul Lovell was asked why he decided to have sex with a sheep. He said he turned his attention to the sheep after a cow rejected his advances for fellatio. The jury erupted in laughter.

لەساڵی 2013 لەکاتی دادگاییکردنی پیاوێك بەناوی پاوڵ لۆڤڵ بەتۆمەتی ئەنجامدانی کاری حەیوانی، پرسیاری ئەوەی لێکرا کە بۆچی بڕیاریدا سێکس لەگەڵ مەڕێکدا بکات؟ لەوەڵامدا وتی، پاش ئەوەی هەوڵەکانی بۆ نزیکبونەوە لەمانگایەك بەمەبەستی مژینی، شکستی هێنا، سەرنجم چووە سەر ئەو مەڕە. لەم کاتەدا دەستەی سوێنخۆران دایانە قاقای پێکەنین.

3413. In 1809, a woman named Jane Todd Crawford was diagnosed with an ovarian tumor. She rode 60 miles on horseback to see a surgeon named Ephraim McDowell who was willing to extract the tumor. It had never been done before out of fear it would kill the patient. After the 22.5-pound tumor was removed from her body without anesthesia, she lived for another 32 years.

لەساڵی 1809، پشکنین دەریخست کە خانمێك بەناوی جەین تۆد کرۆفۆرد لویەك هێلکەدانیدا هەیە. ئەم خانمە بەسواری ئەسپ 60 میلی بڕی تا گەیشتە پزیشکێکی نەشتەرگەر بەناوی ئێفرایم ماکدوێڵ بۆ ئەوەی ئەو لووەی بۆ دەربهێنێت. ئەم جۆرە نەشتەرگەرییە پێش ئەم رووداوە هەرگیز نەکرابوو چونکە ترسی ئەوە هەبووە کە مردنی نەخۆشەکەی لێبکەوێتەوە. بەڵام ئەم دکتۆرە توانی لووەکە کە کێشەکەی نزیکەی دە کیلۆو روبعێك بوو، بەسەرکەوتویی و بەبێ بەنج دەربهێنێت و ژنەکەش پاش ئەو نەشتەرگەرییە 32 ساڵ ژیا.

3414. In the 1960s, two doctors made a taxidermy female turkey to see what attracted a male turkey. They discovered that almost nothing stopped the male's advances, even when the female's wings, feet, and legs were removed. The male even made attempts to a stick with female's head on it.

هەندێك جار خانمانی كوردو عەرەب ناوێرن سڵاوێكی بەرپرسبوكەوانێكی فرێندیان بكەن، چونكە هەندێك لەكوڕان ئەوەندە كوالیتیییان نزمە لەوەڵامی سڵاوكەدا یەكسەر دەڵێت I love you. ئەم تەبیعەتە قۆرە بەشێوەیەك لەشێوەكان لەقەلیشدا هەیە.

لەساڵەكانی 1960ەكان، دوو دكتۆری بەتاڵ قەلێكی مێینەیان وشككرد بۆ ئەوەی بزانن چ شتێكی مێینەی ئەو پەلەوەرە سەرنجی نێرینەكان رادەكێشێت. دەركەوت كە هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە رێگر لەهەوڵدانی نێرینەی قەل بۆ خۆنزیككردنەوە لەمێینەكانیان، تەنانەت پاش لێكردنەوەی باڵ و پێ و لاقەكانیشی، ئەمەش ئەو تەبیعەتە قۆرەی هەندێك لەپیاوانمان بیردەخاتەوە كە هەوڵدانیانە بۆ نزیكبونەوە لەهەر كەسێك كە قژی درێژ بێت!!!!.

ئینجاكونێ بابێینەوە سەر قەزیەی لێكۆڵینەوە لەسەر قەلەكە: نێرنینەكە تەنانەت چەند هەوڵێكیشیدا بۆ سواربونیشی!!! باشە كاكە؟!!!

3415. A 19-year-old Iranian teenager named Sahar Tabar has reportedly undergone 50 surgical procedures in order to look like Angelina Jolie. She has amassed more than 324,000 followers on Instagram due to her shocking transformation. The teenager has supposedly maintained a strict diet and lost nearly 90 pounds as well as having undergone multiple surgical procedures.

ئەم چرۆچاوەی دەیبینن كچەهەرزەكارێكی ئێرانیی تەمەن 19 ساڵە بەناوی سەحەر تەبەر. دەوترێت ئەم كچە 50 نەشتەرگەری ئەنجامداوە بۆ ئەوەی چرۆچاوی لە ئەنجیلینا جولی بچێت. بەهۆی ئەو گۆڕانكارییە سەیرەی ئەنجامیداوە، زیاتر لە 324 هەزار فۆڵەوەری هەیە لەئینستاگرام. هەر لەپێناو ئەو گۆڕانكارییەدا، سیستەمێكی خۆراكی توندی پەیڕەوكردووەو نزیكەی 41 كیلۆگرامی لەكێشی لەشی دابەزاندووە.

3416. ئەندرۆ جاکسن کە یەکێك بووە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا یەك شانشی هەبووە کە کابرای لای خۆمان نیەتی. ئەم برادەرە بووەتە ئامانجی یەکەمین هەوڵی تیرۆکردنی سەرۆك لەمێژوی ئەو وڵاتەدا، شانسەکەی لەوەدایە کە هەردوو دەمانچەی بکوژەکە کە تەقەی پێ لێکرد، چروکیان کرد، لەبەرامبەردا جاکسۆن بە گۆچانەکەی پەلاماریدا. بەگوێرەی لێکۆڵەران، ئەگەری چروککردنی ئەو دوو دەمانچەیە کە زۆر مەزبوت بون، یەك لەسەر 125 هەزار بووە.


Andrew Jackson was the target of the first attempted presidential assassination, however, when both of the assassin's guns misfired, Jackson himself attacked the man with his cane. The odds of both fully-functioning weapons misfiring was about 125,000 to 1 according to investigators.

3417. لەو فەرەنسایەی لای خۆمان، شارێکی سەرگەرمی هەیە کە چەندین قەلەڕەشی وەك کارمەند خستووەتە سەرکار بۆ پاککردنەوەی شوێنەکە لەئاغزەجگەرە. لەبەرامبەردا خەڵاتیان پێدەدات کە خواردنی باڵندەیە.

3418. ئەم خانمەی دەیبینن ناوی نیرجا بهانۆتە کە خانەخوێیەکی هندیی ناو فڕۆکە بووە. جارێك لەکاتی رفاندنی فڕۆکەکە، توانی یارمەتی شاردنەوەی 41 پاسێۆرتی ئەمەریکییە سەرنشییەکان بدات. هەر لەکاتی ئەو روداوەدا خۆی کردە قەڵغان لەبەردەم تەقەکردن لە سێ منداڵ لەلایەن رفێنەرەکانەوە، لەئەنجامدا خۆی گیانی لەدەستداو منداڵەکان رزگاریان بوو. بەهۆی ئەم کارە پاڵەوانانەیەوە، پاش گیانلەدەستدانی، لەلایەن هەریەکە لە هندستان و پاکستان و ئەمەریکاوە، خەڵاتی ئازایەتی پێشکەش کرا.



3419. لەساڵی1987 ئەم کەللەزلەی دەیبینن، بلیتێکی هەمیشەیی بێسنورو پلەیەکی فڕۆکەی کۆمپانیای ئەمەریکان ئێرلاینزی ئەمەریکای بە 25 دەفتەر کڕی. ئەم برادەرە بەم بلیتە بێسنورە 10 هەزار گەشتی ئاسمانی ئەنجامدا، ئەوەش دوو هەزارو سەد دەفتەر لەسەر کۆمپانیاکە کەوت، سەرەنجام کۆمپانیاکە ناچار بوو لەساڵی 2008 بلیتەکەی هەڵبووەشێنێتەوە.



3420. ئەم برادەرە نەیڵ هاربیسنە، یەکەم هونەرمەند تێکەڵەی ئەندام و ئامێرە. ئەمە ئاریاڵێك لەکاسەی سەری شەریفیدا چێنراوە کە بەهۆیەوە رەنگ دەبیستێت و دەنگ دەبینێت. هەروەها دەشتوانێت خۆی کۆنێکت بکات بە ئامێری نزیك و بلوتوس و ئینتەرنێتەوە.

3421. زۆرجار وێنەگرتن موجازەفەیەکی گەورەیە. تەبعەن مەبەستم وێنەی لەم شێوەیەیە نەك ئەوەی جوتەگوپی شەریفت بقوپێنی بۆ ناوەوەو سێلّفی بگریت لەجەوێکی ئەوپەڕی ئارامدا.

ئەو برادەرەی ئەم وێنەیەی گرتووە ناوی عاتف سەعیدە. عاتف خەریکبوو لەپێناو گرتنی ئەم وێنەیەدا کە چەند ساتێك پێش ئەوەی شێرەکە هەولّبدات هێرشی بکاتە سەر گرتویەتی، بکوژرێت. لەساڵی 2012 ئەم فۆتۆگرافەرە بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە لەم شێرە نزیکدەبێتەوەو لەسەیارەکەی دادەبەزێت و دەرگاکەی بەکراوەیی جێدەهێڵێت و ئەم دەرگاکردنەوەیەش تەنها هۆکار بوو کە بەهۆیەوە توانی بەبێ زیان لەم شێرە رزگاری ببێت.

3422. لەساڵی 1906 پیاوێك بەناوی جەو مەنچ سزای زیندانیکردن بۆ ماوەی تەنها یەك خولەکی بەسەردا سەپێنرا.



3423. لەساڵی 1992، پیاوێکی خانەنشینکراو لەدەرەوەی ماڵەکەی، بەئامێرێکی کەشفکەری کانزا، دەگەڕا بۆ چەکوشەکەی کە لێ ونببوو. لەکاتی ئەم گەڕانەدا حەشارگەریەکی زەبەلاحی گەنجینەی رۆمانەکانی دۆزییەوە کە 15 هەزارو 234 دراوی کانزایی تێدا بوو. لەبەرامبەر ئەو دۆزینەوەیەدا حکومەتی بریتانیا یەك ملیۆن و 750 هەزار پاوەندی دا بەو پیاوەو خاوەنی ئەرزەکە، واتە نزیکەی 224 دەفتەر دۆلاری ناسك!. ئینجاکونێ لەوەش خۆشتر ئەوەبوو کە چەکوشەکەشی دۆزییەوە.

3424. هەریەکە لەویلایەتەکانی ئەلاسکا، هاوی، مەین و ڤێرمۆنت لەئەمەریکا، تابلۆی گەورەی رکلامییان قەدەغەکردووە.

3425. ئەم زانیاریيە ناسکەوریاکردنەوەیەکە بۆ ئەو پیاوانەی زۆربەی کات خەریکی خۆلوس و پوسکردنن!!!
مووی دەموچاوی پیاو کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر تێگەیشتنی ژن بۆ سەرنجڕاکێشیی و تەندروستی و پیاوەتی و توانای منداڵدروستکردنی پیاو.

3426. نەگبەتی ئەوەیە کەسێکی ئاوها هاوسەرت بێت و لەنیوەشەودا توشی ریخۆڵە کوێرە بیت!!!

ئەم ژنەی لەوێنەکەدا دەیبینن، پاش ئەوەی مێردەکەی لەیۆنان ڤیزای پێنەدرا، خۆی بەتەنها چوو بۆ مانگی هەنگوینی. لەئەلبومی ئەو وێنانەی لەوێ گرتنی، ئەم خانمە وەك دیارە، بووە شاژنێك كە بیری پادشاکەی دەکات.

3427. ماركيوس دى فاڤراس كه كەسایەتییەكى ئەرستۆقراتى فەرەنسى بوو، پاش خوێندنەوەى بڕیارى لەسێدارەدانەكەى، وتى: "پێموایە سێ هەڵەى سپێڵینگتان كردووە".



3428. ئەم برادەرەی دەیبینن، رەنگە زاهیرەن کەسێکی عەکس و شەقاوە دیار بێت، بەڵام لەڕاستیدا نەك هەر وانیە، بەڵکو کەسێکی زۆر دەگمەنەو قوربانییەکی داوە کە بۆ هەتا هەتایە لەئاسمانی مێژودا بە پرشنگداری دەمێنێتەوە.

ئەمە خوێندکارێکی پاکستانی بوو بەناوی ئیعتیزاز حەسەن. ئەم کوڕە لە 6-1-2014 لەکاتی ڕێگرتن لەچونەناوەوەی خۆکوژێکی بۆمبڕێژکراو بۆ ناو قوتابخانەکەی، گیانی لەدەستداو بەوەش تەنها خودی خۆی توانی ژیانی دوو هەزار خوێندکار ڕزگاربکات.



3429. ئەم ناسکەزانیارییە جەختدەکاتەوە کە شەراکەتی نێوان تاوانباران هەرگیز بەردەوام نابێت.
یەکێك لەکوشندەترین قاتڵە بەکرێگیراوەکانی مێژوی روسیا پیاوێك بوو بەناوی ئەلێکساندەر سۆڵۆنیك، کە 43 کەسی کوشتووە. ئەم برادەرە دواجار لەساڵی 1997 بەدەستی قاتڵێکی بەکرێگیراوی تر، کە لەلایەن هەمان ئەو عەسابەوە کە خودی سۆڵۆنیك کاری بۆ دەکردن، نێردرابوو، کۆژراو عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێڵرا.

3430. ئینجاکونێ بۆیە ئەگەر قژت روتاوەتەوەو بەتەمایت زەرعی کەیت، نەچی بچیت بیکەیت، چونکە کوالیتیت لای خانمان وەك پێویست بەرز نابێت.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە لەلایەن زانکۆی پێنسلڤانیاوە ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە خانمان پیاوانی کەچەڵ لەو پیاوانە بە سەرنجڕاکێشترو موسەیترترو متمانەبەخۆکەرتر دەبینن، کە قژیان هەیە.



3431. وابزانم هەمومان ئەو روداوەمان بیستووە کە جارێك ژنێك بە مێردەکەی دەڵێت، ئەبێت ئەو درەختەی ماڵەکەمان ببڕیتەوە، چونکە چۆلەکەکان نەزەرم لێدەکەن و بەوەش من گوناهبار دەبم! کە چی خوا لەخێری دەرنەکا دواتر.....!!!

ئەم زانیارییەش شتێکی لەو بابەتەیە: لەویلایەتی لویزیانای ئەمەریکا فێستیڤاڵێکی ساڵانەی کافرصانی هەیە کە تایبەتە بە هاوڕەگەزبازانی پیاوو ژن. قەشەیەك کەمپینێکی ڕێکخست بۆ نەهێشتنی ئەو فێستیڤاڵە بە بیانوی ئەوەی شتی ناشرینی سێکسی ئاشکرای تێدا ئەنجامدەدرێت. کەچی هەمان ئەو قەشەیە دواتر بەهۆی ئەنجامدانی خووەنهێنی لەشوێنی گشتیدا، دەستگیرکرا!!!!

3432. ئەم خانمەی دەبینن، لی میلەرە. ئەمە لەساڵی 1920 پاش ئەوەی خەریك بوو لەقەرەباڵغییەکدا ببێت بەژێرەوەو بمرێت، رزگارکراو بووە نمایشێکارێکی باڵای مۆدەی جلوبەرگ. دامەزرێنەری گۆڤاری ڤەوگ ژیانی رزگارکردو کردیە نمایشکارێك کە وێنەکەی لەسەر بەرگی گۆڤاردا بڵاودەبویەوە. دواتر فێری وێنەگرتن بوو و لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا بووە تەنها خانمەوێنەگری جەنگ لە ئەوروپاو ئازادکردنی شاری داخاوی ئەڵمانیا بە دۆکۆمێنتاری تۆمارکردو ئەم وێنەیەش خودی خۆی گرتویەتی لەکاتی خۆشۆردنی لەناو حەوزی خۆشتنی هیتلەرە ئیشقۆردا.

3433. ئەم زانیارییە جارێکی تر دەیسەلمێنێتەوە کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە. لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان خوێندکارێکی زانکۆ لەکاتی هەوڵدانی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شێوازەکانی یارمەتیدانی کیسەڵ بۆ پەڕینەوە بەسەلامەتی لەسەر ڕێگاکان، کیسەڵێکی ناڕاستی لەسەر ڕێگایەك دانا بۆ ئەوەی چاودێری ڕەفتاری شۆفێران بکات. بەداخەوە دەرکەوت کە لەسەدا شەشی خەڵك بەئەنقەست بەسەر کیسەڵەکەدا دەڕۆن.



3434. گوناهە هەزارو یەك "بەخوا سەگە!!!"ت پێ بێت و هەمووی لەمەدا سەرف نەکەیت!

لەساڵی 1946 پیاوێك کە خۆی وەك پۆلیسی نهێنی پیشاندەدات، "کامێرایەك" دەداتە خانمێکی پیادەڕەوو داوای لێدەکات وێنەی کەسێکی "گومانلێکراو"ی بۆ بگرێت. دواتر دەرکەوت پۆلیسە نهێنییەکە ئەندامێکی باندێکی تاوانکارییەو گومانلێکراوەکەش کۆنەژنەکەیەتی و کامێراکەش دەمانچەیەکی نهێنی راوکردنە کە لەڕێگەی دەستنان بە دوگمەی "وێنەگرتن"ەکەیەوە، گوللە دەتەقێنێت.



3435. چەند لێکۆڵینەوەیەك ئاماژەیان بەوە داوە کە زۆرجار کەسانی بەهرەمەند دەسخەتیان ناشرینە چونکە مێشکی شەریفیان لەدەستی شەریفیان خێراتر کاردەکات.



3436. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە كە هەموو كەسێك دەتوانێت بەباشی گۆرانی بڵێت، چونكە گۆرانیوتن بەهرەیەكە فێری دەبیت و بە مومارەسە باشتر دەبێت و بە وازلێهێنان خراپتر دەبێت.



3437. دەی سا وەڵاهی زۆر عەیبە بۆ ئەو ئەشخاسانەی تائێستاش لەم عەسری عەولەمەو مەولەمەو عەنتەرنێتەدا، هێشتا لالوتن کە کچیان دەبێت و کە کوڕیان دەبێت خۆشحاڵترن لەکچ. تۆ واز لەڕووە دینییەکەی بهێنە کە گوناحە، سەرنجی ئەم ناسکەلێکۆڵینەوەیە بدەو بزانە کچ چەندە بەسودە.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە بونی کچ دەکرێ سوڕی ژیانی باوکان زیادبکات.

3438. تائێستاش هی وا هەیە گاڵتەی بە ریکلام دێت، ئەمەش خراپخاڵیبونە چونکێکوم ریکلام نەك شیاوی پێکەنین نیە بەڵکو هێندە کاریگەرە کە زۆرجار سەلەفیت بۆ دەکات بە کۆمۆنیست و رەشت بۆ دەکات بە سپی و بەپێچەوانەشەوە.
لەساڵی 1990، پاش ئەوەی رزگاربویەکی دەوڵەمەندی جەڵدەی دڵ، سێ ملیۆن دۆلاری لەڕیکلامکردن لەچەندین لاپەڕەی تەواوی رۆژنامەدا سەرفکرد کە تێیدا دەیوت لیستی خواردنەکانی زنجیرەخواردنگەی ماکدۆناڵد ناتەندروستە، ماکدۆناڵد ناچاربوو بەکارهێنانی بەزی مانگا لەپەتاتەی سورەوەکراودا رابگرێت.

3439. زۆرجار دەووترێت سوپەردەوڵەمەندەکان بۆیە دەوڵەمەندن، چونکە رەزیلن. ئەم قسەیە بۆ هیچ کەس راست نەبێت بۆ ئەم رەحمەتییە زۆر راستە.

ئەمە ئینفار کامپراد واتە دامەزرێنەری کۆمپانیای ئایکیایە کە کۆمپانیایەکی سویدی بەناوبانگە لەبواری قەنەفەو ئێکسسواراتی ناو ماڵ. ئەم برادەرە ئەوەندە توند دەستی پێوە دەگرت (تەبعەن بیلامانێ!!!) کە هەرکاتێك دەچووە رێستۆرانتێك، پاکەتی بیبەرو خوێی دەخستە گیرفانی و کیسی چاکانی بەکاردەهێنایەوەو سەیارەیەکی ڤۆلڤۆی مۆدێل 1993ی لێدەخوڕی. کاتێکیش لەساڵی 2018 عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت، خاوەنی 58 ملیارو 700 ملیۆن دۆلار بوو واتە پێنج ملیۆن و 870 هەزار دەفتەری ناسك!!!

3440. بەهێزترین رێگا بۆ بردنەوەی مشتومڕ بریتییە لەئاڕاستەکردنی پرسیار. بەم رێگەیە دەتوانرێت هەڵەکانی لۆژیکی بەرامبەر ببینرێت.



3441. رەنگە بتوانین تۆڵەی ئەم خانمە لەمێردە خائینەکەی ناو بنێین ناسکەتۆڵە!
پاش ئەوەی مێردی خانمەهونەرمەند فریدە کاهلۆ خیانەتی لێدەکات، فریدە وەك تۆڵەسەندنەوە دەچێت لەگەڵ هەمان ئەو ژنەدا دەخەوێت کە مێردەکەی لەپێناویدا، خیانەتی لەم کردووە.
بۆ؟ دڵنیانیم بەڵام رەنگە بەسپۆنسەری شەیتان وتبێتی بزانم خەوتن لەگەڵ ئەو ژنە ئەو تامەی هەیە کە شیاوی ئەوە بێت لەپێناویدا خیانەت لە من بکات!!!!

3442. شا ریچارد کە بە شێردڵی ئینگلتەرا ناسراوە، لەو کەسە خۆش بوو کە کوشتی و ئازادیشی کرد. ئەو کەسە کوڕێکی گەنجی فەرەنسی بوو و پێشتر باوك و براکانی لەلایەن ریچاردەوە کوژرابون. ئەم کوڕە وتویەتی، وەك تۆڵەسەندنەوە تیرێکی ناوە بە ریچاردەوەو ریچاردیش هێندە سەرسام بوو بە ئازایەتییەکەی کە نەك هەر ئازادی کرد بەڵکو لەگەڵ ئازادکردنیشیدا 100 شیلینگیشی پێدا.

3443. Jonas Salk invented the polio vaccine, 1955. He chose not to patent it because he only wanted to help humanity. He turn down an estimated $7 billion. His sole focus was to develop a safe and effective vaccine as rapidly as possible, with no interest in personal profit.

ئەم برادەرەی دەیبینن، جۆناس سالکە واتە داهێنەری ڤاکسینی دژی ئیفلیجی منالّ. گەورەیی ئەم پیاوە تەنها لەو دۆزینەوەیەدا نیە، بەڵکو لەوەشدایە کە وێڕای ئەو دۆزینەوەیە، مافی داهێنانەکەی نەویست، بەڵکو تەنها ویستی یارمەتی مرۆڤایەتی بدات. ئەم شاپیاوە بڕەپارەیەکی پەیوەندیداری رەتکردەوە کە بە حەوت ملیار دۆلار واتە حەوت سەد هەزر دەفتەر دەخەملّێنرێت. تەنها ئامانجی ئەم پیاوە تەرکیزخستنەسەر پەرەپێدانی ڤاکسینێکی سەلامەت و کاریگەر بوو بە زوترین کات بۆ روبەڕوبونەوەی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەو جگە لەوە هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی بۆ خۆی نەویست.



3444. Vladimir Putin's grandfather worked as a chef for Stalin and Lenin, and Rasputin.

باپیرەی ڤلادمیر پۆتین، وەك شێف كاریكردووە بۆ ستالین و لێنین و راسپوتین.

3445. لەكۆتایی ساڵەكانی 1980كان، لەكاتی سەردانێكیدا بۆ باخچەیەكی ئاژەڵان، مایك تایسۆن، ئەستێری بواری یاری بۆكسینگ، یەك دەفتەر دۆلاری ناسكی دا بە خاوەن باخچەكە تا قەفەزی غۆریلایەكی بۆ بكاتەوە، بۆ ئەوەی بچێتە ناو قەفەزەكەو بڕێك بۆكس لەو غۆریلایە بدات كە پێشتر تایسۆن بینیبوی سەرجەم ئاژەڵە سەرەكییەكانی تری دەترساندو بێزاری دەكردن.

3446. حەلەزۆن دوانزە هەزار تا بیست هەزار ددانی هەیە.

3447. پیاوێك پاش ئەوەی زۆر بێزار بوو لەسینگڵی، چوکی خۆی بڕی و لێیکردەوە. بەڵام پاش لێکردنەوەی، یەکسەر لەبڕیارەکەی خۆی پەشیمانبووەوە بەپەلە خۆی گەیاندە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی بۆی پێوە بکەنەوە، کەچی کاتێك گەیشتە نەخۆشخانە، سەیردەکات چوکەکەی لەماڵەوە بیرچووە!!!



3448. حەبی مەنع هەرچەندە بە مەبەستی ڕێگرتن لەدوگیانبونی مێینەی مرۆڤ واتە خانمان دروستکراوە، بەڵام هەمان کار لەسەر گۆریلاش دەکات. لەڕاستیدا لەئێستادا 223 باخچەی ئاژەڵان کە ئەندامی دامەزراوەیەکی پەیوەندیدارن، حەبی مەنع بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی زووزێی گۆریللا.

2019-3-3

3449. جارێك ژنێك گورچیلەیەکی بە بەڕێوەبەرەکەی بەخشی. بەڵام پاش ئەوەی ژنەکە بەهۆی ئەو بەخشینەوە درەنگ چاکبووەوە زوو نەیتوانی بگەڕێتەوە سەر کار، بەڕێوەبەرەکەی لەکار دەریکرد.

بەڕەئی بەندەی موخڵیستان ئەم بەڕێوەبەرە سێ ژەمە دوای نانخواردن و پێش نانخواردن گۆرانی "بڕۆ بڕۆ ئەی بێوەفا، بنو لەسەر پشتەملی برادەر"ی بۆ بڵێیت هێشتا هەر کەمەو خاتری گیراوە!!!

A woman donated a kidney to her boss, who then fired her when she took too long to recover from the operation.

3450. لەساڵی 2010، پیاوێکی پۆڵەندی کە لەئەڵمانیا دەژیا، داوای لەپزیشکان کرد ئەوەی کە ئەو پێیوابوو کیستێکەو پێنج ساڵە لەپشتی سەریدا دروستبووە، بۆ دەربهێنن، بەڵام پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەو کیسە لەڕاستیدا گوللـەیەکی عەیارە 22مو چووەتە ناو فەروی سەرییەوە. کابرا بۆیە نەیزانیبوو کە گوللـەیە، چونکە پێنج ساڵ پێشتر کاتێك پێنج گوللـەکەیان پێوە ناوە، سەرخۆش بووە.



3451. وەڵاهی ژن هەر پیاو نیە!!!، بەتایبەتی ئەم ژنەی خوارەوە!!!

لەساڵی 2009 پیاوێك بەناوی ریچار باتیستا کە پێشتر گورچیلەیەکی خۆی بەخشیبوو بە هاوسەرەکەی، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە ژنەکەی خیانەتی لێکردووە، سکاڵای لەسەر تۆمارکردو داوایکرد یان گورچیلەکەی بداتەوە یان 150 دەفتەری ناسکی پێبدات.



3452. زۆربەی منالّی ئێمەمانانی کورد رەنگە هەر خەریکی وڕکگرتن و کەتنانەوەو کلیل ونکردن و شەڕکردن لەسەر کۆنترۆڵ و کەناڵ و شەڕ لەگەڵ یەکتر بن بەڵام بەنیسبەت ئەو ئەمەریکاو ئەوروپایەوە شتەکە تەواو جیاوازە. لەساڵی 2010 منالّێکی تەمەن سێ ساڵ بۆ یەکەمینجار یاری بە ئامێری کانزادۆزەرەوەکەی باوکی دەکات، لەئەنجامدا خشڵێکی ملوانکە دەدۆزێتەوە کە نرخەکەی بە چوار سەد دەفتەری ناسك دەخەملّێنرێت!!!!

3453. لەشوێنێکدا کە هێزی کێشکردنەکەی سفر بێت، گڕی مۆم خڕو شین دەبێت.

3454. نەچی بچی بە زاهیری حوکم بدەیت. مۆرگان فریمان کە یەکێکە لەلێهاتوترین و بەشەخسیەتترین ئەکتەرەکانی هۆلیوود، دەڵێت، بۆیە هەمیشە گوارەی لەگوێدایە، چونکە لەحاڵەتێکدا لەشوێنێکی نامۆدا مرد، نرخی گوارەکانی بەقەدەر تەنها تابوتێك دەبێت. بێگومان مەخسەوی شەریفی ئەوەیە کە ئەگەر لە شونێکی نامۆدا مردو پیاوێکی تیا نەبوو تابوتێکی بۆ دابینبکات، دەکرێ گوارەکانی دەربهێنن و لەبەرامبەردا تابوتەکەی بۆ دابینبکەن.



3455. پشکنینی مێشك دەریخستووە کە خانمان لەکاتێکدا خواردنیان پێبدرێت، بەبەراورد بەکاتەکانی تر وەڵامدانەوەیان بۆ رۆمانسییەت زیاترە. وادیارە خواردن رێگەی گەیشتنە بەدڵی خانمان.

لەبەرئەوە ئەگەر خانمێکت خۆشدەوێ، لانیکەم دەعوەتێکی بکەو پاش خواردنەکە واتە بەتێری پێی بڵێ، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەگەری ئار کەمترە، خۆئەگەر لەو حاڵەتەشدا هەر ئارەکەی دا، ئەوا دەتوانیت وەك ئەحۆل بڵێیت: دە مادام وای لێهات بەبێ عاجز بوون با هەر کەسەو پارەی خۆی بدات!!!!

3456. Carl Wilhelm Scheele was a brilliant Swedish chemist who had an unwise habit of tasting all the chemicals he discovered. He died in 1786 as a result of his exposure to lead, hydrofluoric acid, arsenic and various other poisons.

کارڵ ویلهێڵم کیمیاگەرێکی سویدی لێهاتوو بوو بەڵام هاوکات خوێەکی ناعەقڵانی و رەگێکی کەرێتی هەبوو کە ئەویش تامکردنی سەرجەم ئەو توخم و ماددە کیمیاییانە بوو کە دەیدۆزینەوە. بەهۆی ئەو عادەتە قۆڕەیەوە، ئەم برادەرە لەساڵی 1786 لەئەنجامی بەرکەوتنی بە قوڕقوشم و ترشی هایدرۆفلۆریك و چەند ژەهرێکی تر، عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

3457. This list of reasons for admission to a lunatic asylum in the 1800s reads like a list of potential metal band names.

ئەم شتە زۆر عەجیبە. لیستی ئەو هۆکارانەی کە لەساڵەکانی 1800ەکاندا، خەڵکی پێخراوەتە شێتخانەو نەخۆشخانە دەروونییەکانەوە. هۆکارەکان وەك ئەوەی بڵێی ناوی گروپێکی موزیکن، نوسراون.

ئەوەی زیاتر بە حەبل زیاتر سەرنجی منی راکێشا ئەوەیە کە لەناو هۆکارەکاندا شتی وای تێدایە کە ئەگەر ئێستا جێبەجێبکرایە ئەوا لابەلایەکی کورد دەبوایە لەو جۆرە شێتخانانەیەدا بوایە وەك: سیاسەت، تەممەڵی، تای مێشك، تەنگەنەفەسی درێژخایە، کەللەبەرکەوتن لەلایەن ئەسپەوە، خوێندنەوەی رۆمان، دایك و باوکت ئامۆزای یەك بن، هتد....

ووشه فۆن... گەورەترین سەنتەری خزمەتگوزاری مۆبایل و ئەلیکترۆنییات/ بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ: 07701591187



Reasons for Admission
1864 to 1889

Intemperance & business trouble
Kicked in the head by a horse
Hereditary predisposition
Ill treatment by husband
Imaginary female trouble
Hysteria
Immoral life
Imprisonment
Jealousy and religion
Laziness
Marriage of son
Masturbation & syphilis
Masturbation for 30 years
Medicine to prevent conception
Menstrual deranged
Mental excitement
Novel reading
Nymphomania
Opium habit
Over action of the mind
Over study of religion
Over taxing mental powers
Parents were cousins
Periodical fits,
tobacco & masturbation
Political excitement
Politics
Religious enthusiasm
Fever and loss of law suit
Fits and desertion of husband
Asthma
Bad company
Bad habits & political excitement
Bad whiskey
Bloody flux
Brain fever
Business nerves
Carbonic acid gas
Congestion of brain
Death of sons in war
Decoyed into the army
Deranged masturbation
Desertion by husband
Dissolute habits
Domestic affliction
Domestic Trouble
Dropsy
Egotism
Epileptic fits
Excessive sexual abuse
Excitement as officer
Exposure and hereditary
Exposure and quackery
Exposure in Army
Fever and Jealousy
Fighting fire
Suppressed masturbation
Suppression of menses
The War
Time of life
Uterine derangement
Venereal Excesses
Vicious vices
Women trouble
Superstition
Shooting of daughter
Small pox
Snuff eating for 2 years
Spinal irritation
Gathering in the head
Greediness
Grief
Gunshot wound
Hard study
Rumor of husband murder
Salvation Army
Scarlatina
Seduction & disappointment
Self Abuse
Sexual abuse & stimulants
Sexual derangement
False confinement
Feebleness of intellect
Fell from horse in war
Female disease
Dissipation of nerves

Trans-Allegheny Lunatic Asylum
www.talawv.com 304-269-5070

3458. ئەگەر پێتوابێت تەبیعەتکشمیشییەکان تەندروستترن، ئەوا دیارە گا بە گونا دەناسیت، چونکە وانیە. بۆ نمونە هەڵمژینی ئۆکسجینی لەسەدا سەد پەتی، بۆ ماوەی 18 سەعات، دەکرێ زیانێکی کوشندە بە سی بگەیەنێت و زیانیش لەتۆڕی چاو بدات و دواجاریش هەر بەو هۆیەوە عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەێڵیت.



3459. ئایا دەزانیت منالّبون دووەم بەئازارترین شتە کە توشی مرۆڤ دەبێت. یەکەمیش بریتییە لەسوتاندن بە زیندویی.
ئینجاکونێ بۆیە رێز لەخانمان بگرە.
تۆپ کەوتن بە ناوچەی پەنارتی پیاویش رەنگە سێیەم بێت!!!

3460. ئێدوارد مۆرداركه كوڕێك بوو كاتێك لەدایكبوو دەموچاوێكی زیادەی هەبوو لەپشتی سەرییەوە. دەموچاوە زیادەكە تەنها دەیتوانی بگری و پێبكەنێت. ئەم برادەرە زۆر لەپزیشكان پارایەوە كە ئەو دەموچاوەی بە نەشتەرگەری بۆ لابببەن، چونكە بەوتەی خۆی، لەشەودا شتی ترسناك بەگوێیدا دەچرپێنێت. دواجار لەتەمەنی 23 ساڵیدا خۆی كوشت و عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت.



3461. ئەگە دوو خانمی دوانە هاوسەرگیری لەگەڵ دوو پیاوی دوانەدا بکەن و ئەم دوو خێزانەش یەکی منالێکیان ببێت، ئەوا ئەو دوو منالّە تەواو لەیەك دەچن و مەگەر درۆزن لەیەکیان جیابکاتەوە.



3462. There are over 18 types of birth control available to men and women.

زیاتر لە 18 جۆر رێگرتن لەمنالّبون هەیە بۆ پیاوو ژن.

3463. بەهۆی ئەوەی تازە چەندین مشەخۆری دەماخ دۆزراوەتەوە، زانایان دەفەرمون: هێرشی زۆمبی شتێکە ئەگەری هەیە روبدات. ئەمە لەئەوروپاو ئەمەریکا، بەڵام بەنیسبەت عەربستان و کوردستانەوە، ناسکەزۆمبی نەك هەر ئەگەری هەیە روبدات، بەڵکو لەناو خێزانەکاندا بەردەوامەو تارادەیەکیش زۆرە. بۆ نمونە کاتێك دایك یان باوك چاو لەمندالّە بەرێئەکەی زەقدەکاتەوەو دەشیرێنێ بەسەریا، یان کاتێك یەکێك لەهاوژینەکان شتێکی لەو بابەتە بەرامبەر تاکەکەیان دەکەن، ئەمە خۆی لەخۆیدا ناسکەزۆمبییەکە!!!!

2019-6-9

3464. بەگشتی هەر کەسێکی ئاسایی رۆژانە 110 جار قوفڵی مۆبایلەکەی دەکاتەوە.

3465. رۆژێك هەبوو كە تیایدا كاتێك دایك و باوكت لەباوەش دایانگرتیت، چیتر تا هەتاهەتایە باوەشیان نەگرتیتەوە.



3466. ئەگەر کەسێك نەیتوانی بگری، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە ئەو کەسە لاوازە.

3467. A man named Ewen MacDonald was hanged in 1752 but regained consciousness after being taken to the dissection theatre. When the surgeon who was meant to dissect his body discovered the supposedly dead man sitting upright on the operating table, he promptly bludgeoned MacDonald to death with a mallet.

لەساڵی 1752 پیاوێك بەناوی ئیوێن ماکدۆناڵد لەسێدارەدرا، بەڵام لەسەر سەکۆی تۆپکاری، زیندوبووەوە. کاتێك پزیشکێکی نەشتەرگەر کە بڕیاربوو تۆپکاری بۆ لاشەکەی بکات، چووەلای، دەبینێت کابرا راست و قیت لەسەر مێزی پرۆسەی تۆپکارییەکە وەستاوە، وەڵا ئەمیش نەیکردە نامەردی و دەسبەجێ بە چەکوش تێیکەوت و کوشتی.

3468. نزیکەی شەست ملیۆن کەس کە لەئێستادا لەژیاندان، لەماوەی 12 مانگی داهاتودا، عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن.

3469. چیتر نەچی بچی بڵێی: "وەك مەسەلەی هێلكەو مریشكەكەی لێهات، كەس نازانێت كامیان لەپێشترە"، چونكە لەساڵی 2006، زانایان بەڕەسمی رایانگەیاند كە لەپێشدا هێلكە دروستبووە نەك مریشك.

3470. نەچی بچی خۆتمان لێ منااڵ بكەیتەوە!، چونكێكم نەك هەر منااڵ نیت بەڵكو تەمەنی شەریفت بەقەدەر تەمەنی گەردونە. بۆ؟ چونكە مەعلومە بەپێی زانستی فیزیا ماددە نە دروستدەبێت، نە لەناودەچێت.



3471. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە كە گوزارشتگەلی دەموچاوت، نە سەرنجڕاكێشییەكەت زیادەكات، نە كەمیدەكاتەوە واتە هیچ كاریگەرییەكی لەسەر نیە.

بەواتایەكی تر ئەگەر خۆت قۆزەدین نەبویت پێویست ناكات بە تەعابیری دەموچاو هیچ خۆت سەخڵەت و هەزەلی بكەیت، چونكە سودی نیە!!!!

3472. بەگشتی كەسانی زیرەك بەئاسانی بێزاردەكرێن لەلایەن خەڵكەوە، بەڵام ئەم كەسانە لەوەڵامدا زیاتر حەزیان لەبێدەنگبونە، ئەمەش لەهەوڵێكدا بۆ خۆلادان لەچەلەحانێی بێمانا.

3473. لەساڵی 2012، کوڕێکی تەمەن 20 ساڵ، لەمیانەی گەشتێکی بازرگانیدا، بە هەڵە نامەیەکی نارد بۆ ژنێك کە 30 ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو. ژنەکە وەڵامیدایەوەو وتی، بەهەرحاڵ حەزدەکات پێکەوە بچنەدەرەوە. دواتر ئەم دوانە پێکەوە چونە کۆنسێرتێك و دەستیانکرد بە کەپڵاندن و هاوسەرگیریشیان کرد. لەساڵی 2019ش ئەم ژنە پێویستی بە چاندنی گورچیلە بوو و لەمەشدا ئەم کوڕە فریایکەوت و گورچیلەی خۆی پێبەخشی.



3474. لەسەردەمی رۆمانەکاندا خوێ کە بە ئینگلیزییەکەی خۆمان پێیدەووترێت salt، هێندە گران بووە، سەربازەکان لەبری بەشێکی موچەکانیان، خوێیان پێدەدرا، هەر لەمەشەوە وشەی salary دروستبووە کە بەمانای موچە دێت.
سەرنجبدە وشەی مووچەی ئەو ئەوروپییانە لە نمەکێکەوە وەرگیراوە کە خوێیە، کەچی موچەی کوردی ئیشقۆر لە ماچەوە نزیکە، من دڵنیانیم کە ماچ و موچە لەزمانی کوردیدا لەیەکەوە وەرگیرابن یان نا بەڵام دڵنیام لەناو کوردی ئیشقۆردا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئەو دوو شتەدا هەیە!!!



3475. لەنێوان ساڵی 2009 بۆ 2012 پیاوێك بەناوی ئەلێکساندەر بیچۆ لانیکەم نۆ کەسی کوشتووەو خواردووە. ئەم تاوانانەشی بۆ ئەوە کردووە تا کاریگەری بکاتە سەر کۆنەکەپڵەکەی کە پێشتر بەهۆی تاوانی کوشتنەوە، وازی لێهێنابوو.



3476. لەهەموو چوار کەسێك، سیانیان جۆرە ترسێکیان هەیە کە پێی دەووترێت گڵاسۆفبیا واتە ترس لەقسەکردن لەشوێنی گشتی.

3477. زانراوە کە جۆرج واشنتن، یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا، نزیکەی لەسەدا حەوتی موچەی ساڵانەکەی لەخواردنەوە کحولییەکاندا خەرجکردووە.



3478. لەسەدا 12ی خەڵك خەو بە رەش و سپی دەبینن نەك بە ملەونی.

3479. هەموو ساڵێك مرۆڤی ئیشقۆڕ نزیكەی سەد ملیۆن قرش دەكوژێت، تەنها لەپێناو پولەكەكانیدا.

3480. If you play dead in order to kill or capture an enemy in a war scenario, you are committing a war crime according to the Geneva Convention.

ئەگەر لەكاتی جەنگدا، بەمەبەستی كوشتن یان دەستگیركردنی دوژمن، خۆت بكەیت بە مردوو، ئەوا بەگوێی پەیماننامەی جنێف تاوانی جەنگت ئەنجامداوە.

3481. The world record for the loudest thing ever shouted belongs to an Irish teacher who shouted the word "quiet" at 121 decibels, the equivalent of a jet engine.

تائێستا خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی جیهان بۆ شتێك كە بە بەرزترین ئاست وترابێت، مامۆستایەكی ئێرلەندییە كە بەدەنگی بەرز قیژاندویەتی و وتویەتی quiet واتە "بێدەنگ"، پلەی ئەم هاوارکردنەی ئەم مامۆستایە 121 دێسیبڵ بووە كە هاوتای دەنگی مەكینەی فڕۆكەی فوكەرەیە.

2019-6-4

3482. Dwayne Johnson's beard in the movie Hercules was made of yak testicle hair.

ئێوەش وەك برام وان، ئەو ریشەی بە دواین جۆنسن، پاڵەوانی فیلمی هێرقلەوەیە لە فیلمەكە، لەمووی هێلەگونی گای تبت دروستكراوە.

3483. Gamophobia is the fear of marriage, relationships or commitment.

جۆرە ترسێك هەیە پێیدەوترێت گامۆفۆبیا واتە ترس لەهاوسەرگیری یان پەیوەندی یان پابەندبون.

3484. 28% of IT Professionals hide their career from family or friends out of fear of being asked to provide free tech support.

لەسەدا 28ی ئەو کەسانەی پرۆفیشناڵن لەبواری ئای تی، ئەو پیشەیان لەخێزان یان هاوڕێکانیان دەشارنەوە، لەترسی ئەوەی داوایان لێنەکرێت بەبەلاش شتێکی پەیوەندیداریان بۆ بکەن.

3485. Men who post lots of selfies are more likely to be psychopaths, according to a research.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە ئەو پیاوانەی سێلفی زۆر پۆستدەکەن، ئەگەری زۆرە سایکۆپات بن.

ئینجاکونێ هەر بۆ مەعلومات ساکیۆپات واتە ئەو نەخۆشە دەرونییانەی مەیلی دەستوەشاندن و رەفتاری تووندوتیژییان هەیە.

3486. A Cambridge gerontologist believes that if technology continues to advance at its current rate, the first person who will live to 1,000 years old is alive today.

پسپۆرێکی بواری پیری لە زانکۆی کامبریج، لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر تەنەکەلۆجیا بەم ریتمەی ئێستا لەپێشکەوتن بەردەوام بێت، ئەوا یەکەم کەس کە بەهۆی ئەو پێشکەوتنەوە تەمەنی دەگاتە هەزار ساڵ، ئێستا لەژیاندایە.

3487. ئەم برادەرەی دەیبینن، لەزگماکەوە بێدەست و قاچەو ناوی نیك ڤوجیسیکە. سەرباری ئەو کەمئەندامییە جەستەییە، مەلەوان و پەرەشوتەوان و قسەکەری هاندەرە. تۆی کەمئومێدیش بەو فولئەندامییەوە بەیانوی ئەوەی ژیان سەختە، بەتەمایت کۆڵبدەیت؟ مەعقول نیە، بۆیە هەمیشە گەشبین بە، کێشەش نیە ئەگەر خوشکەکەشت هەر ناوی گەشبین بێت!!!!

3488. Studies have shown that people who cry more are seen as warmer individuals who are more approachable. At the same time though, these individuals are perceived by others as being less competent or “stupid.”

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو کەسانەی زیاتر دەگرین، لەچاو کەسانی تردا بە کەسێکی گەرمتر کە ئەگەری لێنزیکبونەیان زیاترە، دەبینرێن. بەڵام هاوکات خەڵك ئەم کەسانە بە کەملێهاتوتر یان گێل تێدەگەن.

3489. ئەو فەخاماتانەی بە دوو زمان قسەدەکەن، رەنگە خۆنەویستانە لەکاتی گۆڕینی زمانی قسەکردنیان، کەسایەتیشیان بگۆڕن.

بۆ نمونە خانمێکی لەم جۆرە رەنگە بە کوردی رابیعەی عەدەوی بێت، بەڵام کە کردی بە عەرەبی ببێت بە هەیفا وەهبی!



3490. زنجیرەڕێستۆرانتێکی خواردنی خێرا هەیە بەناوی سەبوەی. ئەم زنجیرەیە زیاتر لە 41 هەزار ڕێتسۆرانت لەخۆدەگرێت، واتە لەوەتەی لەساڵی 1965ەوە دامەزراوە، تێکڕا هەموو ڕۆژێك دوو ڕێستۆرانتی کردووەتەوە.

3491. قسە هەیەو قسە ئەبڕێ، جۆرە سیستەمێکی حوکمڕانی هەیە پێیدەووترێت کاکیستۆکرەسی، کە بریتییە لەو سیستەمی حوکمڕانییەی لەلایەن خراپترین و کەمشیاوترین یان بێویژدانترین هاوڵاتیانەوە بەڕێوەدەبرێت.



3492. دەکرێ تەنها ئەم ناسکەزانیارییە کەڵەبەڵگەیەك بێت لەسەر بونی خالق و وا لەمولحیدە چاوگەشەکان بکات ناسکەموراجەعەیەکی خۆیان بکەنەوانێ، پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ و لەقیامەتدا بڵێن: "يا ليتني كنت تراباً":

زەروو ئەندامگەلی نێرینەو مێینەشی هەیە. ئەم زیندەوەرە بەگشتی 18 هێلکەگون و دوو هێلکەدانی هەیە. هەروەها 32 دەماخ و 10 گەدەی هەیە.

3493. Transgender woman Lea Membrey, 20, froze her sperm while still a man so she can have her own children after transition.

ئەم چڕوچاوەی دەبینن لی مێمبرەیە. ئەمە لەبنەڕەتدا پیاو بووە، دواتر ڕەگەزی خۆی گۆڕیوە بە ژن. پێش ئەوەی ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت، سپێرمی خۆی تەجمیدکردووە، بۆ ئەوەی دواتر لەخۆی منالّی ببێت.

ڕەنگە قەزیەکە زۆر وازح نەبێت بەلاتانەوە، بۆیە هیوادارم بەم ناسکەنمونە جڵفەیە ڕونبێتەوە. زۆرجار لەناو کوردی ئیشقۆڕدا هەندێك پیاو هەن لەکاتێکدا شتێکی عەجیب دەبینین یان دەبیستن، بۆ نمونە کاتێك دەبینن، کچێکی زۆر جوان شویکردووە بە پیاوێکی زۆر ناشرین و پیر، بەبێ فیلتەر قسەدەکەن و دەڵێن: دەوەرە ئیتر خۆو مەگیە!!!.

ئەم مەسەلەی ئەم ژنە ڕەگەزگۆڕاوە تەقریبنە دەکاتە هەمان شتە بەڵام بە عیلمی و عەمەلی!!!!

3494. Gas is naturally odorless. The smell is added so people can tell if there's a leak.

بەشێوەیەکی سروشتی ئەو غازەی چاو چێشتی پێ لێدەنێین، بۆنی نیە. بەڵام بەپیشەسازی بۆنی تێدەکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر دزەیکرد، پێیبزانین.

ئەگەر بۆنیشی خۆش بوایە نەك ناخۆش وەك ئێستا كە هەیە، ئەوكاتە كاتێك غازەكە دزەی دەكرد پێمان نەدەزانی و رەنگە بمانوتایە: "ئەڵڵا، ئەرێ ئەو بۆنە خۆشە چیە؟!، تۆ بڵێی یار نەبێ لەبەرمن بێرەدا تێنەپەڕیبێت بەو عەترە خۆشەوە، پاشان كاتێك چەرخێكمان دادەگیرساند، كتوپڕ گڕی دەگرت و دەموچاومان دەبوو بە فەلافلی سوتاو بەبێ سەمون!!!!!

3495. Man locks his head in a cage in an attempt to quit smoking. Wife has the key and only opens it for meals.

لەهەوڵێكدا بۆ تەرككردنی جگەرە، پیاوێك بەمشێوەیە سەری خۆی لەناو قەفەزێكدا قوفڵكردووە. كلیلی قەفەزەكەش بەدەست هاوسەرەكەیەتی و ئەویش تەنها لەكاتی ژەمەخۆراكەكاندا دەیكاتەوە.

2019-3-13

3496. ئەگەر دەتەوێت کەسێك راستیت پێبفەرمێت، ئەوا پاش نیوەشەو قسە یان چاتی لەگەڵدا بکە، چونکێکوم زۆر دەگمەنە مرۆڤ دوای نیوەشەو هەستەکانی بشارێتەوەو زۆربەی خەڵك لەو کاتانەدا راستی دەڵێن.

3497. ئەو کەسانەی درەنگ (لەسەروو تەمەنی 19 ساڵ) کچێنی یان کوڕێنییان لەدەستدەدەن، دواتر لەژیانیاندا داهاتێکی زۆرترو خوێندنێکی باشترو پەیوەندییەکی باشتریان دەبێت لەو کەسانەی کچێنی و کوڕێنییان زوتر لەو تەمەنە لەدەستدەدەن.

3498. لەبەرئەوەی جیسمی شەریفت فۆتۆنەکانی گڵۆپ دەمژێت، بۆیە لەڕووی زانستییەوە، کاتێك ئەو شوێنەی تێیدا دانیشتویت گڵۆپەکانی هەڵکراو بن کێشی لەشت قورسترە بە بەراورد بەو کاتانەی تێیدا گڵۆپەکان کوژاوەن.



3499. هەموو ئۆتۆمبێلەکانی دێلیڤەریی زنجیرەڕێستۆرانتی ماکدۆنالّد لەشانشینی یەکگرتوو، لەساڵی 2007ەوە، بە ڕۆنی بەکارهاتوی ڕێستۆرانتەکانیان کاردەکەن.

3500. لەوەتەی مۆبایلی زیرەك هاتوتە ئاراوە، خەمۆکی لەناو هەرزەکاراندا بەرێژەی زیاتر لەسەدا 60 زیادیکردووەو خۆکوشتنیش بەرێژەی لەسەدا 56 بەرزبووەتەوە.

3501. گوێی شەیتان کەر بێ، ئەگەر رۆژانە زیاتر لە 11 سەعات دادەنیشیت، ئەوا ئەگەری لەسەدا 50 هەیە کە لەماوەی سێ ساڵی داهاتودا، عومری درێژت بۆ جەماعەت جێبهێڵیت. بەڵام دڵنیا نیم تەعزییەکەت لەکوێ دەبێت!!!



3502. If a part of your body "falls asleep", you can almost always "wake it up" by shaking your head.

ئەگەر بەشێکی جیسمی شەریفت، خەوی لێکەوت، زۆربەی کات دەتوانیت لەڕێگەی هەژاندنی سەرتەوە، خەبەری بکەیتەوە.

3503. There are three things the human brain cannot resist noticing – Food, attractive people and danger.

سێ چت هەن کە مێشکی مرۆڤ ناتوانێت سەرنجیان نەدات: خواردن، کەسانی سەرنجڕاکێش، مەترسی.

3504. People who laugh a lot are healthier than those who don't.

ئەو کەسانەی زۆر پێدەکەنن، لەوانە تەندروستترن کە زۆر پێناکەنن.

لێرەدا چەند شتێك هەیە کە پێویستە نەچین بچین باسی نەکەین و ئیهمالی بکەین: باشترواپە پێکەنینەکە هۆکاری هەبێت و هێندەش بەرزنەبێت کە بیکات بە هۆسە، هەروەها پێکەنینەکە لێت بێت باشترە وەك وێنەی هاوپێچ. هی وا هەیە کاتێك پێدەکەنێت کەس نازانێت پێدەکەنێت یان دەگری!!، بەخوا هەشە زۆر ناشرین پێدەکەنێت!!!

3505. کوژاندنەوەی مۆمی جەژنی لەدایکبون، بەکتریاکانی سەر کێکەکە بەڕێژەی لەسەدا 1400 زیاددەکات.

3506. رەنگە بینا لەسەر ئەم ناسکەزانیاریيە بتوانین بڵێین، پیاو بەگشتی و هەر لەبیلادەوە مونەرمەو ئەوەی دەرینابڕێت، لەبەر هۆکاری جیاواز دان بەخۆیدادەگرێت!!!

زانیارییەکە دەڵێت: پیاوان بەو بەشەی مێشکیان مامەڵە لەگەڵ دەنگی پیاوانی تردا دەکەن کە مامەڵە لەگەڵ دەنگی سروشتی مەکینەی سەیارەو ئامێری تردا دەکات، بەڵام بەو بەشەی مێشکیان مامەڵە لەگەڵ دەنگی خانماندا دەکەن کە مامەڵە لەگەڵ دەنگی موزیکدا دەکات.

ناسکەبەڵگەیەکی تریش هەیە کە بە تایبەت لەناو کورددا ئەم ناسکەزانیارییە جەختدەکاتەوە: زۆرجار لەناو پاسە داخلییەکانی ناو شاردا، کاتێك خانمێك لەدواوە دەڵێت، دابەزین هەیە، زۆربەی نەفەرەکانی تر لائیرادی لێیان دەبێت بە گۆرانی و ئەمانیش دەبن بە کۆرس و پێکەوە دەڵێن "دابەزین هەیە"و تا خانمەکەش جوانتر بێت کۆرسەکە دەوڵەمەندتر دەبێت!!!. بەڵام ئەگەر پیاوێك بڵێ دابەزین هەیە، کەس تاقەتی نیە دوبارەی بکاتەوە، هەروەك چۆن کەس تاقەتی نیە وەڵامی دەنگی مەکینەی سەیارە بداتەوە!!!



3507. The most common password in 2016 was 123456

باوترین پاسۆرد لەساڵی 2016 لەژمارە 1 تا 6 بووە.

3508. Earthworms have five hearts.

کرمی زەوی پێنج دڵی هەیە.

3509. People born blind use the same facial expressions as sighted people when expressing emotions, meaning that our facial expressions are innate and not learned behavior. They smile just like everyone else, even though they've never seen a face to mimic.

ئەو کەسانەی لەزگماکەوە بە نابینایی لەدایکدەبن، هەمان ئەو گوزارشتانەی دەموچاو بەکاردەهێنن کە کەسانی چاوساغ بەکاریاندەهێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە گوزارشتەکانی دەموچاو سروشتین نەك رەفتارێك کە لەدوای لەدایکبون فێریان ببین. هەر بۆ نمونە نابینا زگماکەکان عەینەن هەر کەسێکی تری ئاسایی زەردەخەنەدەکەن هەرچەندە هەرگیز دەموچاوێکی زەردەخەناوییان نەبینیوە.

3510. Thirty-five percent of the people who use personal ads for dating are already married.

لەسەدا 35ی ئەو کەسانەی ریکلامی کەسی و تایبەت دەکەن بۆ کەپڵاندن و ئەو شتانە، هاوسەریان هەیە.

بەکوردییەکەی لەسەدا 35یان هەی زۆڵڵڵڵڵڵڵڵ!!!!، بێگومان لەناو کورددا رێژەکە زیاترە!!!

3511. Male bats have the highest rate of homosexuality of any mammal.

هاوڕەگەزبازی لەناو نێرینەی شەمشەمەکوێرە لە هی ناو هەموو زیندەوەرە مەمکدارەکانی تر زیاترە.

داتای موئەکەدم لا نیە بەڵام پێمواید ئەم بەزمە لەناو شەمشەمەکوێرەی کوردیدا لەهی وڵاتانی تر زیاترە، چونکە عادەتەن کورد لەقۆرییاتا لەپێش نەتەوەکانی ترەوەیە، واللە اعلم!!!!

3512. Sex is the safest tranquilizer in the world. IT IS 10 TIMES MORE EFFECTIVE THAN VALIUM.

سێکس سەلامەتترین هێورکەرەوەیە لەسەرتاسەری جیهانداو 10 ئەوەندە لە ڤالیۆم کاریگەرترە.

3513. هێلکە هەموو جۆرە ڤیتامینێکی تێدایە، جگە لە ڤیتامین سی.



3514. لەجیهاندا زیاتر لە 15 هەزار جۆر برنج هەیە. بەڵام قەزیەکە نەبێ بە نەتەوەپەرستی، رەنگە کوردییەکە لەهەموی خۆشتربێت هەرچەندە بێگومان هەمویمان تاقی نەکردووەتەوە.

3515. جارێکی تر مرۆڤ سەلماندییەوە کە درندەترین زیندەوەرە.
لەماوەی تەنها مانگێکی پاش کردنەوەی عیادەیەکی منالان لەلایەن دکتۆر کاسلین هۆلاندەوە، دکتۆرەکە هەستی بە شەش حاڵەتی نەمانی هەناسەی ئەو منالانە کرد کە سەردانی عیادەکەیان دەکردو یەکێکیشان گیانی لەدەستدا. دواتر دەرکەوت کە یەکێك لەپەرستارەکانی، فرەبکوژەو بەنهێنی دەرزی مەترسیداری داوە لەنەخۆشەکان.

3516. لەگۆشەنیگایەکی مەنتیقییەوە، دەتوانیت پاشماوەی ژیانت بەسەر ببەیت بەبێ ئەوەی تەنانەت یەك هەناسەی تر بدەیت. رەنگە بپرسیت چۆن؟ منیش ئەڵێم چاك. بیرێکی قوڵی ئیرتیوازی لێبکەرەوە، تێدەگەیت.



3517. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە جوێندان و لەعنەهاویشتنی مرۆڤ لەکاتێکدا ئازاری هەبێت، دەکرێ یارمەتی سوککردنی ئازارەکەی بدات.

3518. زۆربەی هەرەزۆری خواردن و خواردنەوەکان لەسەرتاسەری جیهاندا لەلایەن تەنها 10 کۆمپانیاوە کۆنترۆڵکراون.

3519. ئەمەی دەیبینن، دوانەیەکی پێکەوەنوساون بەناوی تاتیاناو کریستا هۆگان کە مێشکیان پێکەوە نوساوە. هەر یەکێك لەم دوانە دەتوانن لەڕێگەی چاوی ئەوی تریانەوە شت ببینێت و دەتوانن مێشکی یەکتر بخوێننەوە.

3520. تائێستا لەناو کوردی ئیشقۆردا پیاوی وا هەیە خوشکەکەی بە کێشە دادەنێت و حەزی دەکرد لەبری ئەوە برایەکی هەبوایە، لەکاتێکدا خوشك هەم سودی زۆرە بۆ قیامەت، هەم بۆ دنیا. بۆ قیامەتەکە سەروەری مرۆڤایەتی جەختی لێکردووەتەوە. بە نیسبەت سودە دنیاییەکەشییەوە بۆ نمونە لێکۆڵەرانی بریگهام یەنگ دەریانخستووە کە بونی خوشك تەندروستی مێشك و دانبەخۆداگرتنت بەهێزدەکات. هەمان لێکۆڵینەوەی ئەو برادەرانە دەریخستووە کە دەکرێ بونی خوشك یارمەتیت بدات لەوەی کە ببیتە کەسێکی بەخشندەترو باشتر.

3521. پشوی کۆتایی یەکەم هەفتەی مانگی ئەیلولی هەموو ساڵێك ژمارەیەکی زۆر لە قژسورەکان لەسەرتاسەری جیهانەوە دەگەنە شارۆچکەی بریدا لەهۆڵەندا بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی قژسورەکان. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم فێستیڤاڵە لەلایەن قژزەردێکەوە داهێنراوە.

3522. دەکرێ پیاو لەکاتی سێکسدا لەناو جەستەی خانماندا قوفڵ بێت و پێوەی بلکێت. بەگشتی ئەم حاڵەتە بەهۆی گرژبونی ماسولکەکانی زێی خانمەکەوە رودەدات و ئەم حەیتەرەحونەو تێکئاڵانە زاراوەیەکی پزیشکی هەیە کە پێی دەووترێت گیرانی چوك.

تەسەورکە وەك زەمانی زوو لەیەکەم شەوی جیهانیدا خزم و عێل و عەشرەت چاوەڕێت بکەن ببیت بە زاواو تۆش توشی حاڵەتێکی لەم شێوەیە ببیت!!!!!

3523. لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی کورتەباڵاو پیاوی باڵابەرز بەختەوەرترین جۆری هاوسەرگیرییە.

3524. The average woman kisses 29 men before she gets married.

بەگشتی هەر خانمێك پێش ئەوەی هاوسەرگیری بكات، 29 پیاوی ماچ كردووە!!!

3525. As a rule, 66 percent of people keep their eyes closed while kissing. The rest take pleasure in watching the emotions run the gamut on the faces of their partners.

لەسەدا 66ی خەڵك لەكاتی ماچكردندا چاویان دادەخەن. لەسەدا 34ەكەی تر چێژ لەوە دەبینن كە سەیری ئەو هەستانە بكەن كە زنجیرە جوڵە دەموچاوییەكانی هاوژینەكانیان دروستدەكەن لەو كاتە ناسكەدا. واتە زیاتر لەسێیەكیان حەزدەكەن ببینن كە هاوژینەكانیان لەو كاتەدا چۆن خۆیان سەخڵەت بوون!!!

3526. Kissing alleviates headaches and cramps.

ماچكردن ژانەسەرو كۆڵنج سوكدەكات.

3527. In 1930 the Hays Code banned Hollywood actors from kissing in a horizontal position and limited the duration of a kiss to no longer than 3 seconds.

لەساڵی 1930 یاسای بەرهەمهێنانی فیلم لە ئەمەریكا، ماچكردنی بەشێوازی ئاسۆیی لە ئەكتەرانی هۆلیوود قەدەغەكردو ماوەی ماچیشی بۆ ئەوپەڕی سێ چركە، سنورداركرد.

3528. So technically, to lose 1100 calories, which is about 1 kg of weight, you need to kiss for 9 hours 16 minutes straight.

لەڕوی زانستییەوە، بۆ ئەوەی هەزارو سەد كالۆری بسوتێنیت كە یەكسانە بە یەك كیلۆگرام كێش، پێویستە نۆ سەعات و 16 خولەك لەسەر یەك ماچبكەیت.

3529. At a study conducted at Butler University, John Butler asked some 500 people to discuss their most important memories. First kisses were the most vividly described memory, beating every other memory.

لەمیانەی لێكۆڵینەوەیەكدا كە لەزانكۆی بەتڵەر ئەنجامدرا، جۆن بەتڵەر كە هونەرمەندێكی ئەمەریكییە، پرسیاری لەنزیكەی 500 كەس كرد تا گفتوگۆ لەسەر گرنگترین یادگارییەكانی ژیانیان بكەن. دەركەوت كە ئەو یادگارییەی بە بەراورد بەوانی تر زۆرتر بەڕونی باسكرا، یەكەم ماچی ژیانیان بوو و كونەلوتی یادگارییەكانی تری سوتاند.

3530. Only about 93.5% of humans have died. (Of the 108 billion people estimated to have lived since the emergence of anatomically modern human beings, 7 billion are still alive.)

رێژەی ئەو مرۆڤانەی لەوەتەی سەرەتاكانی مرۆڤ لەڕوی تۆپكارییەوە سەری هەڵداوە، مردون نزیكەی لەسەدا 93و نیوی مرۆڤایەتییە. كۆی ژمارەی هەموو مرۆڤایەتی لەو كاتەوە بە 108 ملیار كەس دەخەمڵێنرێت، لەو ژمارەیەش ئێستا حەوت ملیاری لەژیاندایە.

3531. Road injuries killed 1.4 million people in 2016, about three-quarters (74%) of whom were men and boys.

لەساڵی 2016، رووداوی هاتوچۆ ملیۆنێك و چوارسەد هەزار كەسی كوشتووە، نزیكەی سێ لەسەر چواری ئەم قوربانییانەش پیاوو كوڕ بون.

3532. پزیشكی شەریفت لەتوانایدایە بڕیارێك بدات، چەند چركەیەك پێش ئەوەی بزانیت كە ئەو بڕیارە دەدەیت، واتە تەقریبەن پرسە گورگانەكەشت بۆ نامێنێتەوە.



3533. پاش لێکۆڵینەوەیەك كە 11 ساڵی ناسكی خایاند، دەركەوت كە مۆبایل هەلی توشبون بە شێرپەنجە زیادناكات.

3534. بەپێی خەملاندنەكان، لانیكەم لەسەدا 10ی كۆی دانیشتوانی جیهان خۆراكگەلێك بەكاردەبەن كە بە ئاوی ئاوەڕۆ پێگەیوە.

3535. دروستکردنی ئۆکسجینی پێویست بۆ ژیانی هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی بۆ ماوەی تەنها شەش مانگ، 38 تریلیۆن دۆلاری تێدەچێت، بەڵام رووەك هەموو ئەو ئۆکسجینە دروستدەکات بە بەلاش!

3536. ئەم پشتی ئۆتۆمبێلە وێنەکێشانە نەك راستی، بەڵام هێندە جوان کێشراوەو لەڕاستی دەچێت، تائێستا شۆفێری ئەم ئۆتۆمبێلە بەهۆیەوە پێنج جار دەستگیرکراوە.

3537. دەروناسی دەڵێت، ئەگەر دوو کۆنەیار توانییان تەنها وەك هاوڕێ ببینێنەوە، ئەوە یان تائێستاش عاشقی یەکترن یان ئەسڵەن هەرگیز عاشقی یەك نەبوون.

پێموایە ئەم زانیارییە لەوانە بێت کە دەتوانیت هەتا هێزت تیایە زللـەیەك بکێشیت بە پشتەملی خۆتداو بڵێیت: بەو گەردنەم زۆر راستە!!!!

3538. ئەگەر ئێمەی مرۆڤی ئیشقۆڕ بەهەمان ئەو ڕێژەیەی کە گیانداران دەکوژین، یەکتر بکوژین، ئەوا لەماوەی تەنها 17 ڕۆژدا قڕدەکەین و یەك کەسمان لێنامێنێتەوە.
ئەمە زانیارییەش جارێکی تر ئەیجەختێنێت کە مرۆڤ دڕندەترین زیندەوەرە.

3539. The richest 1% person in the world have more wealth than the rest of the planet. The world's 8 richest men have as much money as the poorest half, 3.6 billion people.
ئەو لەسەدا یەکەی دانیشتوان کە لەسەدا 99کەی تر دەوڵەمەندترن، کۆی سامانەکانیان لەکۆی سامانی لەسەدا 99کەی تر زیاترە. تەنها هەشت دەوڵەمەندترین پیاوەکەی جیهانیش بەقەدەر نیوە هەژارەکەی دانیشتوانی جیهان، سامانیان هەیە. واتە تەنها ئەو هەشت کەسە بەقەدەر سێ ملیارو 600 ملیۆن کەسە هەژارەکەی جیهان سامانیان هەیە.

3540. By the age of 3, the average child in a professional (lawyer, doctor, engineer, accountant, economist, etc.) family will have heard 20 million more words than a child in a middle-class family and 35 million more than a child in a low-income family.
لەتەمەنی سێ ساڵیدا، تێکڕا هەرمنداڵێکی خێزانێکی پیشەگەری (پارێزەر، پزیشك، ئەندازیار، ژمێریار، ئابوریناس، هتد...) بیست ملیۆن وشەی زیاتر بیستووە بە بەراورد بە منداڵی خێزانێکی پلەمامناوەندو 35 ملیۆن وشەی زیاتر لەمنداڵی خێزانێکی کەمداهات، بیستووە.

3541. Take all the known data from the beginning of human history, up to year 2003. Currently, we produce an equivalent amount of data every 2 days.

ئێستا ئەو داتاو زانیارییەی لەماوەی تەنها دوو رۆژدا بەرهەمدێت لەلایەن مرۆڤەوە، یەکسانە بەکۆی ئەو هەموو زانیارییەی لەسەرەتای مێژوی مرۆڤایەتییەوە تا ساڵی 2003 هەبووە.

3542. $29.50, the cost of having a baby in 1943.
پسولەی تێچوی منداڵبونێك لەنەخۆشخانە لەساڵی 1943، کە تەنها 29 دۆلارو نیو بووە .



McKEESPORT HOSPITAL

ACCOUNTS PAYABLE WEEKLY IN ADVANCE

CHECK Cash McKeesport, Pa., 2-4 1943

Rec'd of Eleanor Davis

Twenty Nine & 50/100 DOLLARS

For Same

ROOM WARD 101 REG. NO. 42-5238

Board & Nursing	10	50		
Delivery Room	10	00		
Operating Room				
Anesthetic	5	00		
Laboratory Exam.	3	00		
Drugs	1	00		
Ambulance				
X-Ray				
Cardio				
			29	50

McKeesport Hospital

19542 Rec'd by AaB

3543. زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە دەکرێ یادەوەرییەکان واتە زاکیرە لەڕێگەی دی ئێن ئەیەوە بۆ نەوەکان بگوازرێتەوە.

ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە دەکرێ قۆڕییاتێك کە پێش دەیان ساڵ باوکت یان دایکت یان باپیر یان نەنکی ڕەحمەتیت ئەنجامیداوە، بێتە بیرت.

3544. بەرزیی راستەقینەی شاخی ئیڤرست کاتێك کە پێواویانە، بیلزەبت 29 هەزار پێ بووە، بەڵام بۆ رای گشتی بە 29 هەزارو دوو پێ راگەیەنراوە بۆ ئەوەی خەڵك نەچن بچن بڵێن ئەم رەقەمە جوانە تەنها خەملاندنێکی نزیکەییە نەك پێوانەی راستەقینە.

3. The original height of Mount Everest was calculated to be exactly 29,000 ft high, but was publicly declared to be 29,002 ft in order to avoid the impression that an exact height of 29,000 feet was nothing more than a rounded estimate.

3545. At any given time, 0.7% of the world population is drunk – Meaning at least 50 million people are drunk right now.

لەهەرکاتێکی 24 سەعاتەکەدا، لەهەموو هەزار کەسێك لەسەرتاسەری جیهاندا، حەوت کەسیان سەرخۆشن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێستا لەم لەحزەیەی فەخامەتی حەنابت ئەم ناسکەزانیاریە دەخوێنیتەوە، پەنجا ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا سەرخۆشن.

3546. TRUE OR FALSE: One drink doesn't affect driving ability

FALSE. Any amount of alcohol consumption before driving can affect performance behind the wheel. In fact, a recent study showed that having a single drink can significantly affect a person's driving ability.

ئایا راستە خواردنەوەی تەنها پێکێك، کاریگەری بۆ سەر توانای لێخوڕینی ئۆتۆمبێل نیە؟

هەڵەیە. بەکاربردنی هەر بڕە خواردنەوەیەکی کحولی پێش لێخوڕین، دەکرێ کاریگەری لەسەر توانای مرۆڤ بۆ لێخوڕین هەبێت. لەڕاستیدا، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخستووە کە تەنها یەك پێك خواردنەوە، دەکرێ کاریگەرییەکی زۆر بکاتە سەر توانای مرۆڤ بۆ لێخوڕین.

3547. لەساڵی 2013 کۆمپانیای پەیپاڵ بەڕێکەوت و بێمەبەست، 92 کوادرلیۆن دۆلاری ناسکی کرد بەناوی پیاوێکەوە لەویلایەتی پنسلڤانیای ئەمەریکا.

ئینجاکونێ هەر بۆ مەعلوماتی عمومی و بۆ ئەوەی تۆزێك خەفەتەکەت زیاتربکەم، بزانە کە یەك کوادرلیۆن واتە ژمارە یەك و 15 سفری ناسکی لەبەردەمدایە، واتە هەزار ترلیۆنی ناسك!!!

3548. هەموو رۆژێك نزیکەی 100 ملیۆن پاسکیل لەسەرتاسەری جیهاندا، دروستەکرێت.

3549. لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی دە ملیۆن کەس لەهەمان ئەو رۆژە لەدایکبون کە تۆی ئیشقۆڕی تێدا لەدایکبووە. واتە عید میلادەکەت لەگەڵ هی نزیکەی 10 ملیۆن کەسدا دەکەوێتە هەمان رۆژەوە.

3550. پیاوێك ئۆتۆمبێلێك لێیدەدات و لەئەنجامدا نیوەی جەستەی دەبڕنەوە. پاش چاکبونەوەی، سوپەرمارکێتێکی کردووەتەوە بەناوی دوکانی نیوەنرخی نیوەپیاو.

3551. خانمێك بە پاککەرەوەی زێراب خۆی کوێرکرد. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە پاش ئەو روداوە دەشڵێت، ئێستا زۆر خۆشحاڵە کە توانیویەتی ئەو هیوایەی ماوەیەکی زۆر خۆزگەی بۆ خواستووە کە کوێربونە.، بەدیهێناوە.

3552. كاتێك دەقیژێنیت، مێشكی شەریفت هەستی بیستنت كزدەكات بۆ ئەوەی بەو قیژەیە خۆت كەرنەكەیت.



3553. Bras account for 55.5% of of the global lingerie market, which is worth $16.5 billion USD.

ستیان زیاتر لەسەدا 55و نیوەی بازاڕی جلوبەرگەری ژێرەوەی لەسەر ئاستی جیهان، پێكدەهێنێت كە بەهاكەی 16 ملیارو 500 ملیۆن دۆلاری ناسكە.

3554. The largest bra ever made was created for World Cancer Day. The finished bra weighed 90kg and covered 375 square meters!

گەورەترین ستیان كە تائێستا دروستكرابێت، بۆ رۆژی جیهانیی شێرپەنجە دروستكراوە. ئەم ستیانە كێشەكەی 90 كیلۆگرام بووەو روبەری 375 مەترەدوجای داپۆشیوە.

2019-6-20

3555. Rhinotillexomania is the excessive habit of picking one's nose.

جاری وا هەیە ناچاردەبین ناسکەپەنجەیەك بكەین بە لوتماندا. ئەمە ئاساییە، بەڵام خوگرتن سەخت بە پەنجەكردن بە لوتدا وەك ئەوەی زوو دەیانوت بۆ ئیزاعە دەگەڕێت، بێگومان كارێكی زۆر ناپەسەندە. ئینگلیز بۆ ئەم خووە قۆڕە زاراوەیەكی قۆڕیان هەیە كە Rhinotillexomaniaیە. ئینجاكونێ هەرچەندە بەڕێژەی لەسەدا 75 دڵنیام كە چۆنیەتی گۆكردنی ئەم وشەیەت بیردەچێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بۆ چەند ساتێكیش بێت بیزانیت، پێت دەڵێم، كە بە راینۆتیڵێكسۆمینیا دەخوێنرێتەوە!!!!

3556. IF YOU START COUNTING AT ONE AND SPELL OUT THE NUMBERS AS YOU GO, YOU WON'T USE THE LETTER "A" UNTIL YOU REACH 1,000.

ئەگەر ناوی خوای لێبهێنیت و دەستبكەیت بە نوسینی ژمارەكان لە یەكەوە، بە رێنوسی زمانی ئینگلیزی، ئەوا تا دەگەیتە ژمارە هەزار كە بە ئینگلیزییەكەی خۆمان پێیدەووترێت thousand پێویست بە بەكارهێنانی پیتی a نابێت.

3557. Austrian tailor Franz Reichelt thought he'd invented a device that could make men fly. He tested this by jumping off the Eiffel Tower wearing it. It didn't work. He died.

لەساڵی 1912 بەرگدرویەكی نەمسایی ئیشقۆڕ پێوابوو ئامێرێكی داهێناوە كە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت بفڕێت. بەمەبەستی تاقیكردنەوە، خودی خۆی ئەو ئامێرەی كردەبەر خۆی و لەتاوەری ئیفڵەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە. لەئەنجامدا نەك هەر سەركەوتوو نەبوو، بەڵكو پیس شكستیهێناو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

3558. Nylon was first invented in the USA.

نایلۆن بۆ یەكەمین جار لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، داهێنرا.

3559. Some countries are hundreds of years old, while others can trace their nation's history back for thousands of years. But South Sudan in North Africa just gained its independence from Sudan in 2011, which currently makes it the youngest country in the world.

هەندێك لەوڵاتان تەمەنیان سەدان ساڵە، هەندێکی تریشیان مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام باشوری سودان کە لەساڵی 2011 سەربەخۆیی لە سودان وەرگرتووە، گەنجترین وڵاتە لەجیهاندا.

3560. More than 52 percent of the world's population is under 30 years old.

زیاتر لەسەدا 52ی دانیشتوانی جیهان، تەمەنیان لەخوار 30 ساڵەوەیە.

3561. Although the majority of the human population is currently under 30 years old, there are still plenty of older folks among us. In fact, 12.3 percent of people on Earth are 60 years old and older. That number is expected to reach 22 percent by 2050.

هەرچەندە لەئێستادا زۆربەی دانیشتوانی جیهان تەمەنیان خوار 30 ساڵە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەسانی بەتەمەنیش هەن. لەڕاستیدا لەسەدا 12.3ی دانیشتوانی جیهان تەمەنیان 60 ساڵ و زیاترە. چاوەڕواندەکرێت بە هاتنی ساڵی 2050 ئەم ژمارەیە بگاتە لەسەدا 22.

3562. There are estimated to be 72 million deaf people around the world. There are also about 300 different sign languages—including American Sign Language and International Sign Language—as well as 41 countries that recognize them as an official language.

بە ناشکوری ئەو خوایە نەبێت، زۆرێك لەئێمەی کوردی ئیشقۆڕ زمانی ئاماژە تەنها بۆ شتە قۆڕەکان و جفرە بێماناکان بەکاردەهێنین، بەڵام لەجیهاندا زمانی ئاماژە رێزێکی تایبەتی هەیەو زۆر گرنگە.

ژمارەی کەسانی نابیست واتە کەڕ لەسەرتاسەری جیهاندا بە 72 ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێن. نزیکەی 30 زمانی ئاماژەی جیاوازیش هەیە لەجیهاندا لەوانە زمانی ئاماژەی ئەمەریکی و زمانی ئاماژەی نیودەوڵەتی. 41 وڵاتیش لەجیهاندا زمانی ئاماژەیان وەك زمانی ڕەسمی ناساندووە.

3563. People who live in New Zealand seem to love having an animal companion around. That's why 68 percent of households in the country have a pet, which is more than any other nation in the world. Americans also happen to love furry friends, which is why more than half of all U.S. homes have either a dog or cat (or both).

وادیارە ئەو فەخامەتانەی لەنیوزلەندا دەژین، حەزیان لەهەبونی گیاندارانە، بۆیە لەسەدا 68ی ماڵەکانی ئەم ناسکەوڵاتە گیاندارێکی ماڵییان هەیە، ئەم ڕێژەیەش بە بەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان، زۆرترینە. ئەمەریکییەکانیش حەزیان لەهاوڕێ فەرودارەکانە، بۆیە زیاتر لەنیوەی ماڵەکانی ئەمەریکاش سەگ یان پشیلە یان هەردوکیانیان هەیە.

3564. مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا تەنها هاوڕێ بێت.



3565. بەدەگمەن خۆشەویستەکەت لەخەودا دەبینیت.



3566. Having a conversation with someone and not sure is they are interested? Fold your arms. If they do the same, they probably are.

گفتوگۆ لەگەڵ کەسێك دەکەیت بەڵام دڵنیانیت کە حەزی لەقسەکردنەکەیە یان نا؟ دەستت لەیەك بئاڵێنە، ئەگەر کەسی بەرامبەریش وایکرد، ئەوە ئەگەری زۆرە کە حەزی لەو گفتوگۆیەیە بێت.

3567. A study found That men are more sexually attracted to women with large pupils.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە پیاوان زیاتر حەزیان لەو خانمانەیە کە بیلبیلەی چاویان گەورەیە.

3568. نەچی بچی بە تەعلیقەوە بە پەنجەتوتەت بڵێی، بەتاڵەو هیچ سودێکی ئەوتۆی نیە چونکە بەس وا نیە.

دەستت بەتەختی بکەرەوەو پاشان بەچاوی کەوانتەرکڕینەوە سەرنجی پەنجەتوتەو هی ناوەڕاستت بدە. ئەگەر وەك شێوەی یەکەم لەلای چەپەوە بوو، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە لەخۆشەویستیدا بەدبەخت و سەرگەردانیت.

شێوەی دووەم واتە ناوەڕاست: ژمارەیەکی زۆر عیشقبازیت کردووە یان دەیکەیت.

شێوەی سێیەم: عیشقی راستەقینەت دۆزیوەتەوە یان دەیدۆزیتەوەو بۆ هەتاهەتایەش بەردەوام دەبێت.

3569. ئەو رۆژەی تێیدا فەخامەتی جەنابت، عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەهێڵێت، نزیکەی 159 هەزارو 635 کەسی تریش، عومری درێژیان بۆ جەماعەت جێدەهێڵن. ئەگەر بڕواش ناکەیت، ناسکەوەسیەتێك بکە بۆ نزیکترین کەست با بیژمێرێت!!!!

almost 159,635 people will die on the same day as you.

3570. پێش ئەوەی لەخوێندنەوەی ئەم ناسکەزانیاریە ببیتەوە، سێ منداڵ لەجیهاندا بەهۆی برسێتییەوە گیان لەدەست دەدەن.

Worldwide, 3 kids will die of hunger, before you finish reading this.

3571. A woman named Jo Cameron with ‘mutant’ gene who feels no pain and heals without scarring has been discovered by scientists. She reported numerous burns and cuts without pain, often smelling her burning flesh before noticing any injury.

ئەم خانمە سەرپەمووەی دەیبینن، ناوی جۆ کامیرۆنەو بەهۆی بازدانی جیناتەوە، هەست بە هیچ ئازارێك ناکات و کاتێکیش توشی بڕین و بریندارببون دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ جێکارێك لەسەر جەستەی جێبمێنێت، خۆی چاکدەبێتەوە. ئەم حاڵەتە سەیرەی ئەم خانمە لەلایەن زاناکانەوە دۆزراوەتەوە. ئەم ژنە دەڵێت، چەندین جار توشی سوتان و بڕین بووە بەبێ ئەوەی هیچ ئازارێکی هەبێت و زۆرجاریش پێش ئەوەی بە بریندارییەکەی خۆی بزانێت، بۆنی سوتانی گۆشتی خۆی کردووە.

3572. For over 1,000 years, the Chinese have practiced a form of execution called Ling Chi, which is slow slicing, or death by a thousand cuts. This execution was carried out from the year 900—during the Tang era—all the way up until 1905.

بۆ ماوەی زیاتر لەهەزار ساڵ، چینییەکان شێوازێك ئیعدامکردنیان بەکارهێناوە کە پێیدەووترێت لینگ چی کە بریتییە لە قاشکردنی جەستە بەهێواشی یان کوشتن بەهۆی هەزار بڕینەوە. ئەم جۆرە ئیعدامکردنە لەساڵی 900ەوە، واتە لەسەردەمی تانگەوە تا 1905، جێبەجێکراوە.

3573. پەشمەك كە بەیەكێك لەدوژمنە سەرەكییەكانی ددان دادەنرێت، داهێنراوی زیاتر لەكەسێكە، یەكێك لەو داهێنەرانە پزیشكێكی ددانی ئیشقۆڕ بووە.

3574. Since 1986, US authorities have had the legal right to access any 180-day old email, without a warrant.

لەساڵی 1986ەوە، دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا مافی چونەناو هەموو ئیمەیڵێکی تەمەن 180 ڕۆژییان بەخۆیان داوە بەبێ هیچ فەرمانێکی ڕەسمی بۆ پشکنین واتە هەر بەنێرەکەری!!!!

3575. نزیکەی لەسەدا 20ی کۆی هەموو ئەو کالۆرییەی لەسەرتاسەری جیهاندا بەکاردەبرێت، سەرچاوەکەی ئەو برنجە حەیاتەیە کە بۆ تەندروستیی مرۆڤ بەس حەیات نیە!!!

3576. In Samoa it is illegal to forget your wife’s birthday.

لە ساموا کە ناسکەوڵاتێکە، تۆی پیاو ئەگەر رۆژی لەدایکبونی ژنەکەت لەبیربکەیت یان لەبیربچێت، کارێکی نایاساییت کردووە. خوا رەحمیکردووە ئەم یاسایە لێرە نیە، ئەگینا بەپێی یاسا زۆربەی پیاوانی کورد تاوانبار دەبون.

3577. The world's oceans contain nearly 20 million tons of gold.

زەریاکانی جیهان نزیکەی 20 ملیۆن تۆن ئاڵتونیان تێدایە.

ئاخ بۆ مەلەوانێکی زۆر پیاو ئاوا سەرو پێنج شەش کیلۆیەکی بۆ دەربهێنانیایە!!!

3578. Not because of the excessive sugar, or how soda consumption could lead to a 26% increased risk of developing type 2 diabetes. Soda was once considered dangerous because it turned women into harlots. Okay, fine, we're paraphrasing. But when the US Food and Drug Administration seized forty barrels of Coca-Cola in 1911, they explained that the beverage was a danger to college girls, capable of causing "wild nocturnal freaks, violations of college rules and female proprieties, and even immoralities."

هەرچەندە ئێستا لەسەدەی 21هەمداین، بەڵام رەنگە جارجارە ببینین یان ببیستین کەسێك پاش خواردنی شتێك کە زۆر زۆر ترش بێت، بڵێت، ئۆفففففف کە ترش بوو، بەخوا ئەمڕۆ یان یەکێك هین ئەکەم، یان یەکێك هینم ئەکات!!!.

ناسکەهاوشێوەیەکی ئەم بەزمە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەڕابردودا لە ئەمەریکا هەبووە. لەکۆندا خواردنەوە گازییەکان بە مەترسیدار دانراوە، لەبەرئەوە نا کە شەکری زۆر تێدایەو دەکرێ بەڕێژەی لەسەدا 26 ئەگەری توشبون بە جۆری دووەمی نەخۆشی شەکرە، زیادبکات، بەڵکو پێیانوابووە کە خانمان هین دەکات یان بابڵێین دەیانکاتە سۆزانی. لەساڵی 1911 کاتێك ئیدارەی خواردن و دەرمانی ئەمەریکا دەستی بەسەر چل بەرمیل کۆکاکۆلادا گرت، ئیدارەکە بەو هەموو شان و شەوکەت و سەقافەتەوە، رونیکردەوە کە ئەو خواردنەوەیە مەترسییە بۆ سەر کچانی کۆلێج و لەتوانایدا بێتەهۆی دروستبونی ئارەزوی کاتیی خراپی شەوانەو پێشێلکردنی یاساکانی کۆلێژو تایبەتەندییەکانی کچان و تەنانەت کاری نائەخلاقی. باشە کاکە؟!!!

3579. Other mammals have hymens, such as (but not limited to) llamas, guinea pigs, manatees, moles, toothed whales, chimps, elephants, rats, lemurs, and seals.

سەرباری مرۆڤی ئیشقۆڕ، چەندین جۆر زیندەوەری مەمکداری تر پەردەی کچێنییان هەیە، لەوانە: بەرازی غینی، مەڕی دەریا، مشکەکوێرە، نەهەنگی داندار، شامپانزی، فیل، جرج، لەیمورو فەقمەو هتد...

3580. A new porn film is created in the United States every 39 minutes.

سەیری ئەم کافرسانییە!

تەنها لە ئەمەریکا، هەموو 39 خولەکێك فیلمێکی پۆرنۆگرافی دروستدەکرێت.

3581. One in five men, or 20%, admit to watching porn online at work. About 13% of women do.

لەهەموو پێنج پیاوێك یەکێکیان، واتە لەسەدا 20ی پیاوان دانیان بەوەدا ناوە کە لەکاتی کاردا، بە ئینتەرنێت سەیری پۆرن دەکەن، بەڵام خانمان تۆزقاڵێك شەریفتر دیارن و لەسەدا 13یان دەڵێن لەکاتی کاردا ئەو ئەرکە نیشتمانییە جێبەجێ دەکەن!!!!

3582. While male porn stars are usually paid around $150 per scene, women performers earn between $600 and $1000 a scene.

لەبەرامبەر هەر دیمەنێکدا، تێکڕا هەر پیاوێکی ئەستێرەی پۆرن 150 دۆلاری پێدەدرێت، بەڵام خانمان لەبەرامبەر هەر دیمەنێکدا 600 تا هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.

3583. Twelve percent of websites on the Internet are pornographic.

لەسەدا 12ی هەموو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، پۆرنۆگرافین.

3584. Child pornography generates around $3 billion annually.

داهاتی ساڵانەی پۆرنۆگرافیی منااڵن، سێ ملیار دۆالرە.

3585. Every second the online porn industry makes over $3,000.

پیشەسازیی ئۆنلاینی پۆرن، هەموو چرکەیەك سێ هەزار دۆلاری دەستدەکەوێت.

3586. Every second, nearly 30,000,000 unique Internet users view porn.

هەموو چرکەیەك، نزیکەی 30 ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت، سەیری شتی بەسود دەکەن!!!!!!

3587. Nearly 2.5 billion emails per day are pornographic, which is 8% of all emails.

رۆژانە نزیکەی دوو ملیارو 500 ملیۆن ئیمەیڵی پۆرنۆگرافی دەنێردرێن، ئەمەش دەکاتە لەسەدا هەشتی کۆی هەموو ئیمەیڵەکان.

3588. Over 35% of all Internet downloads are pornographic.

زیاتر لەسەدا 35ی هەموو ئەو شتانەی داونلۆد دەکرێن، بابەتی پۆرنۆگرافین.

3589. Most people get infected with at least one common human coronavirus at some point in their lives.

زۆربەی خەڵك، لەهەندێ کاتی ژیانیاندا الیەکەم یەکێك لەجۆرەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای مرۆڤ، لێیان دەدات.

3338. Approximately 1-2% of humans, or about two in 100 people in the world, have red hair.

نزیکەی لەسەدا یەك تا لەسەدا دووی دانیشتوانی جیهان، یان با بێژین لەهەموو سەد کەسێکی جیهان دوانیان، قژسورن.

3590. During the Middle Ages, a child with red hair was thought to be conceived during “unclean sex” or during menstruation.

لەچاخەکانی ناوەڕاستدا لەو بڕوایەدا بون کە منااڵی قژسور، بەرهەمی دوگیانبونی سێکسی پیس یان دوگیانبونی کاتی سوڕی مانگانەیە.

3591. In ancient Rome, redheaded slaves were often more expensive than those with other hair color.

لە رۆمای دێرینداً، زۆرجار نرخی کۆیلە قژسورەکان لە هی رەنگەکانی تر، گرانتربووە.

3592. In Egypt, redheads were buried alive as sacrifices to the god Osiris.

لە میسری دێرینداً، وەك قوربانییەك بۆ خواوەند ئۆزیریس، قژسورەکان بە زیندویی دەنێژران.

3593. While Scotland has the highest proportion (13%) of redheads (followed by Ireland with 10%), the United States has the largest population of redheads in the world, with between 6-18 million redheads, or 2-6% of the population.

گەورەترین وڵات لەسەرتاسەری جیهاندا لەڕووی ڕێژەی خەڵکی قژسورەوە، سکۆتلەندایە کە لەسەدا 13ی دانیشتوانەکەی قژسورن. بەدوای ئەمدا ئێرلەندا دێت کە ڕێژەکەی لەسەدا 10یە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خاوەنی زۆرترین ژمارەی قژسورە بە بەراورد بە هەر وڵاتێکی تری جیهان. ژمارەی قژسورەکانی ئەم وڵاتە شەش بۆ 18 ملیۆن کەسە کە دەکاتە لەسەدا دوو تا شەشی کۆی هەموو دانیشتوانەکەی.

3594. There are are 3.04 trillion trees on Earth, or about 422 for each person.

لەسەرتاسەری جیهاندا سێ ترلیۆن و 40 ملیار درەخت هەیە، واتە لەبەرامبەر هەر کەسێکدا نزیکەی 422 درەخت هەیە.

2020-1-23

3595. Contraction of HIV through kissing is extremely unlikely, though one woman was infected in 1997 when the woman and infected man both had gum disease. Transmission was likely through the man’s blood and not his saliva.

تۆش وەك برام وای، گواستنەوەی نەخۆشی ئایدز لەڕێگەی ماچەوە، شتێکی نیمچەمەحاڵە. لەساڵی 1997 خانمێك پاش ماچکردنی پیاوێکی توشبوو بە ئایدز توشی ئەو نەخۆشییە بوو، بەڵام ئەم دوانە هەردوکیان نەخۆشی پوکیان هەبوو. بەگوێرەی چاودێران ئەگەری زۆرە ئایدزەکە بەهۆی خوێنی پیاوەکەوە توشی خانمەکە بوبێت، نەك بەهۆی لیکی شەریفییەوە!!!

3596. Mothers who are over 40 at the time of a child’s birth are 128% more likely to have a left-handed baby than a woman in her 20s.

ئەو دایکانەی لەتەمەنی سەروو 40 ساڵییەوە منداڵیان دەبێت، بەڕێژەی لەسەدا 128 ئەگەری چەپلەربونی منداڵەکەیان، لە هی ئەو دایکانە زیاترە کە لەتەمەنی 20کاندا منداڵیان دەبێت.

3597. The right hand is mentioned positively 100 times in the Bible, while the left hand is mentioned only 25 times, all negatively.

لە ئینجیلدا 100 جار بەباشی باسی دەستی راست کراوە، بەڵام تەنها 25 جار باسی دەستی چەپ کراوە، ئەویش بەخراپی.

3598. Researchers postulate that the proportion of left-handers has remained constant for over 30,000 years.

لێکۆڵەران پێیانوایە کە ڕێژەی چەپلەرەکان، ماوەی زیاتر لە سی هەزار ساڵە نەگۆڕاوە.

3599. According to a 2008 estimate, there are approximately 140,000 stay-at-home fathers in the U.S. who are the primary caretakers for their children while their wives work outside the home.

بەگوێرەی خەملاندنێکی ساڵی 2008، تەنها لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان نزیکەی 140 هەزار پیاو هەن کە وەك کابانی ماڵی لای خۆمان، هەمیشە لەماڵەوەن و چاودێری سەرەکیی منالەکانیانن، لەکاتێکدا هاوسەرەکانیان لەدەرەوەی ماڵەوە کاردەکەن. بەڕەئی تۆ حەق نیە هەموویان بدەی بەشوو؟!!!

3600. Attacked with acid at the young age of 15, Pramodini underwent multiple surgeries to get her vision back. The positive outcome of the days spent at the hospital was that she met Saroj, who was a friend of one of the nurses there, and fell in love.

She says: aroj really treats me like a queen. He loves me like the way I am. He always encourages me to live life happily.

ئەم خانمەی دەیبینن ناوی پرامۆدینییە. ئەمە لەتەمەنی 15 ساڵیدا بە تێزاب هێرشیکراوەتەسەر. بەهۆی ئەمەوە خرایە نەخۆشخانەو چەندین نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا بەمەبەستی ئەوەی توانای بینینی بۆ بگەڕێنرێتەوە. ئەنجامی باشی ئەو رۆژانەی لەنەخۆشخانەدا بەسەربیردن، گەیشتنی بە کوڕێك بوو بەناوی سارۆج کە هاوڕێی یەکێك لەپەرستارەکانی نەخۆشخانەکە بوو. دواتر عاشقی یەکتر بون.

ئەم خانمە دەڵێت: بەڕاستی سارۆج وەك شازنێك رەفتارم لەگەڵ دەکات. من چەندم خۆش دەوێ، ئەویش ئەوەندە منی خۆش دەوێت. هەمیشە هانمدەدات کە بە خۆشحاڵییەوە بژیم.

ئینجاکونێ با بێینەوە سەر ناڕەسمییاتەکەی خۆمان: تۆی خانم ئەگەر تۆزێك لوتت گەورەیە یان لارە یان شۆڕە، یان لائیرادی کە دەڕۆیت بەڕێدا تۆزێك لارو لەوێر دەڕۆیت، یان گوێچکەت سەحنی سەتەلایتییە، یان گلێنەی چاوت تۆزێك بەملاولادا لایداوە، یان دەمت تۆزێك گەورەیە، یان مەمکت زۆر بچوکە، ئەوا سەیرێکی ئەم دوو وێنەیە بکە بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بیت و بزانیت کە بەراورد بەم خانمەو هاوشێوەکانی لەچ نازو نیعمەتێکدایت لەڕوی روخسارەوە.

2017-11-25

3601. It was 2006. Barely 12 days after her wedding, 23-year-old Pragya Singh was travelling alone in a train from her hometown, Varanasi, to Delhi, to pursue a career in apparel management. At 2 AM, while she was sound asleep, a man, whose marriage proposal she had turned down, threw acid on her face. The incident claimed the sight in one of her eyes and the young woman had to undergo almost fifteen surgeries.

لەساڵی 2006، بەدیاریکراوی 12 رۆژ پاش ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی، ئەم خانمە کە ناوی پراگیا سینگەو ئەو کاتە تەمەنی 23 ساڵان بوو، بە تەنها بە شەمەندۆفێر گەشتەکات لەشارۆچکەکەی خۆیەوە بۆ شاری دەلهی بەمەبەستی بەدەستهێنانی کارێك لەشوێنێکی تایبەت بە جلوبەرگ.

لەسەعات 2ی بەرەبەیان، لەکاتێکدا کە وا دیاربوو خەوی لێکەوتووە، لەلایەن پیاوێکەوە کە پێشتر داوای هاوسەرگیری لێکردبوو، بەڵام ئەم رەتیکردبووەوە، تێزاب دەکرێت بە دەموچاویدا. روداوەکە وێڕای تێکدانی پێستی چاوێکیشی لێدەستێنێتەوەو بەهۆیەوە نزیکەی 15 نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدەدرێت.

3602. A Roman soldier once farted, causing a riot that leads to the deaths of ten thousand people.

جاری وا هەیە دەبیستین کەسێك ئەگەر بیەوێت قسەو کۆمێنتی کەسێك رسواو بێقیمەت بکات، دەڵێت، کورە وەڵا تا ئێوارە قسەبکات وا ئەزانم تڕێکەو بەلای گوێما دەڕوات. رەنگە ئەم ئیدیۆمە لەجێی خۆیدا نەبێت. بۆ؟ تەماشاکە لەمێژودا تەنها تڕێك چ مەرگەساتێکی دروستکردووە.

جارێك سەربازێکی رۆمانەکان، تڕێك لێدەدات، ئەم تڕە پشێوییەك دروستدەکات کە کوژرانی دە هەزار کەسی لێدەکەوێتەوە. باشە کاکە!!!

3603. July 22, 2003: More than 20 people were killed in Iraq from celebratory gunfire following the deaths of Saddam Hussein's sons Uday and Qusay in 2003.

زۆرجار ستەمکارەکان مەرگیشیان هەر بەڵایە بۆ خەڵك.

لە 22-7-2003 بەهۆی تەقەی خۆشی و ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی کوژرانی هەردوو کوڕەکەی سەدام حسێن، عودەی و قوسەی، لەم عیراقەی خۆمان زیاتر لە بیست کەس کوژران.

3604. In the Aleutian Islands, if a man grew tired of his wife, he would barter her for food or clothes.

تۆ تەماشا ئەم کافرصانییە!!!

لەدورگەکانی ئالیوتی، ئەگەر پیاوێك لەژنەکەی بێتاقەت و ماندوو بێت، ئەوا دەیگۆڕێتەوە بە خواردن یان جلوبەرگ!!!

3605. Straight men with larger penises are actually more likely to be cheated on by their wives.

پیاوانی مێخواز واتە ئەوانەی لەڕوی سێکسەوە ئاسایین و هاوڕەگەزبازو جوتڕەگەزباز نین، تا چوکیان گەورەتربێت، ئەگەر خیانەتیکردنی هاوسەرەکانیان زیاتر دەبێت.

3606. When straight men flirt with other women, they become more intolerant of any transgressions by their partner. When straight women flirt with other men, however, they become more tolerant of slip-ups.

کاتێك پیاوێکی مێخواز موغازەلەی خانمێکی بەدەر لەهاوسەرەکەی دەکات، لێبوردنی بەرامبەر پێشلێکارییەکانی خانمەکەی خۆی، کەمتردەبێت، بەڵام کاتێك خانمێکی نێرخواز موغازەلەی پیاوێکی بەدەر لەهاوسەرەکەی دەکات، لێبوردەیی بەرامبەر بە قۆڕییاتی مێردەکەی زیاددەکات.

3607. Scientists at the Massachusetts Institute of Technology have developed a tattoo ink that changes color when a person is dehydrated or when his or her blood sugar level is too high.

زانایان لەپەیمانگای ماساچوستس بۆ تەنەکەلۆجیا جۆرە مەرەکەبێکی تاتۆیان دروستکردووە کە کاتێك کەسی تاتۆکراو جەستەی وشکدەبێت یان رێژەی شەکر لەخوێنیدا زۆر بەرزدەبێتەوە، رەنگی تاتۆکە دەگۆڕێت.

3608. The Argentinian Francisca Rojas was the first criminal found guilty through fingerprint evidence in the world. A bloody fingerprint left on her door was used to match Francisca Rojas to the killing of her two children.

یەکەم تاوانبار لەمێژودا کە بەهۆی بەڵگەی پەنجەمۆرەوە تاوانەکەی بەسەردا ساغبووەتەوە، ژنێکی ئەرجەنتینی بوو بەناوی فرانسیسکا رۆجاس. ئەو جێپەنجە خوێناوییەی لەسەر دەرگای ماڵەوەی جێمابوو، بەکارهێنراو دەرکەوت کە هاوتای پەنجەمۆری خۆیەتی و بەهۆیەوە بە کوشتنی دوو منداڵەکەی ئیدانەکرا.

3609. McDonald's buys about 2 billion eggs every year for their U.S. restaurants alone.

هەموو ساڵێك زنجیرەخواردنگەی ماکدۆناڵد تەنها لە ئەمەریکا، دوو ملیار هێلکە بۆ خواردنگەکانی دەکڕێت.

3610. ئەم برادەرەی دەیبینن، پیاوێکی خەڵکی شاری پریستۆنی بریتانیایە. ئەم برادەرە نەشتەرگەرییەکی بۆ کرا بەمەبەستی دەرهێنانی "لوبەکی شێرپەنجەیی" لەسییەکانیدا. کەچی دەرکەوت ئەسڵەن شێرپەنجەی نیەو لووەکەش لوو نەبووە بەڵکو مۆتەبەکی بچوکراوەی مرور بووە کە نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر قوتیداوە.

2017-9-26

3611. The most prolific female serial killer was a Hungarian Countess.
Named Elizabeth Báthory de Ecsed, she was born on August 7th, 1560.
She was accused of torturing and killing over 650 young women. Most the women were between the ages of 10 and 14.
Her cruelty was limitless. She regularly bathed in the blood of virgins to preserve her youthful looks.
After facing accusations from many people, smallfolk and nobles alike, she was detained.
However she did not face trial due to her family’s aristocratic high-standing.
Instead, she was privately imprisoned in a windowless room for four years until she died in 1614.

پڕکوشتترین فرەبکوژی مێ لەمێژودا، خانمێکی خانەدانی هەنگاریا بووە بە ناوی ئێلیزابێس دی ئێکسید کە لە 1560-8-7 لەدایکبووە.
ئەم خانمە تۆمەتبارە بە ئەشکەنجەدان و کوشتنی زیاتر لە 650 کچی لاو کە تەمەنی زۆربەیان 10 تا 14 ساڵ بووە. دڕندەیی ئەم خانمە بێسنور بووە. لەپێناو پارستنی جوانی و روخساری خۆی، بەردەوام بە خوێنی کچ (نەك ژن) خۆی شۆردووە. پاش ئەوەی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر خەڵکەوە بە خانەدان و خەڵکی رەش و روەتەوە تۆمەتبارکرا بە کوشتن، دەستگیرکرا. بەڵام سەرباری ئەوەش بەهۆی پلەی باڵای خێزانە ئەرستۆکراتییەکەیەوە، دادگایی نەکرا. بەڵکو بەنهێنی لەژورێکی بێپەنجەرەدا بۆ ماوەی چوار ساڵ زیندانیکراو دواجار لەساڵی 1614 عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

3612. In 2015, an American man named Benjamin Careathers sued RedBull for ‘false advertising’ claiming that after 10 years of consuming the product, he grew no wings, or enhanced physical or intellectual performance.

لەساڵی 2015، پیاوێکی ئەمەریکی بەناوی بینجامین کاریسەرز سکاڵای لەدژی خواردنەوەی غازیی رێد بەڵ تۆمارکرد بەتۆمەتی ئەنجامدانی ریکلامی ساختەو رایگەیاند، پاش 10 ساڵ لەبەکاربردنی ئەو بەرهەمە، نە باڵی پەیداکردووە، نە جەستەی بەهێز بووەو نە توانای زیرەکیشی زیاتر بووە.

3613. In 2011, a woman in France sued her husband and won $15,000 for not giving her enough sex during their marriage.

لەو فەرەنسایەی لای خۆمان، لەساڵی 2011، خانمێك سکاڵای لەدژی هاوسەرەکەی تۆمارکرد بە تۆمەتی ئەوەی کە لەکاتی هاوسەرگیرییاندا هێندەی سێکس پێنەداوە کە تێری بکات. بەو هۆیەوە دەفتەرو نیوێکی ناسکی لێبردەوە!!!

3614. ئەم خانمەی دەیبینن، ئۆلیڤیا دی هاڤیلاندە. ئەمە ئەکتەری سەرەکی فیلمی gone with the wind ە کە بەرهەمی ساڵی 1939یە. ئەم خانمە بیلزەبت لەو رۆژەدا لەدایکبووە کە شەڕی سۆم دەستیپێکردووە کە یەکێکە لەشەڕەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم. ئەم خانمە کە تەمەنی 103 ساڵەو تا ئێستاش لەژیاندا ماوەو عومری درێژی بۆ تۆ جێنەهێشتووە، بەتەمەنترین براوەی زیندووی خەڵاتی ئۆسکارە.

3615. 290,000 breast enlargement surgeries performed in the U.S. in 2013 alone.

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، تەنها لەساڵی 2013، 290 هەزار نەشتەرگەریی گەورەکردنی مەمك ئەنجامدراوە.

مەمك هەتا گەورەتر بێت جوانییەکی زیاتر دەدات بە خانمان بەمەرجێك لەگەڵ بەشەکانی تری جەستەیدا بگونجێت و ئۆریجنالیش بێت. بێگومان جیاوازیی نێوان مەمکی ئۆریجنالْ و سلیکۆن زۆرە. خوا پێم نەگرێ و ئیمانم نەچێ و ئێوەش وەك برام وان، بەنیسبەت پیاوانەوە رەنگە ئەو جیاوازییە بگاتە ئاستی جیاوازیی نێوان جوینی بنێشتی کوردیی ئەسڵ و جوینی لاستیکی خەتکوژێنەوە.

3616. Women are spending $16 BILLION on bras each year, worldwide.

ساڵانە خانمان لەسەرتاسەری جیهاندا شانزە ملیار دۆلار واتە ملیۆنێك و 600 هەزار دەفتەری ناسك تەنها لە ستیاندا خەرجدەكەن.

2017-2-22

3617. According to the 2008 ASPS statistics, of the almost 18,000 men having breast reduction surgery, over 14,000 of them are between the ages of 13 and 19.

بەگوێرەی كۆمەڵەی ئەمەریكیی نەشتەرگەرانی جوانكاری، تەنها لەساڵی 2008 نزیكەی 18 هەزار پیاو نەشتەرگەریی بچوككردنەوەی مەمكیان ئەنجامداوە، تەمەنی 14 هەزار لەم كەسانەش لەنێوان 13 بۆ 19 ساڵدا بووە.

3618. بەكارهێنانی وشەی impossible واتە مەحاڵ، لەماوەی سەد ساڵی رابردودا بەڕێژەی لەسەدا 50 كەمیكردووە. سڵاو لەوانەی كەمترین جار بەكاری دەهێنن..



3619. سەربازانی جەنگی ناوخۆی ئەمەریكا پەیماننایەكی شەرەفیان هەبوو كە بەپێی ئەو پەیماننامەیە تەقەكردن لەكەسێك لەكاتی پیساییكردندا، قەدەغە بووە.

3620. لەكاتی شەڕی ناوخۆی ئەمەریكادا زیاتر لە 600 ژن بۆ ئەوەی بەشداری لەشەڕەكەدا بكەن، جلوبەرگی پیاوانەیان لەبەركردووە.

3621. A woman named Alice Blunden was so knocked out after ingesting large amounts of poppy tea that a doctor pronounced her dead. She was quickly buried but exhumed when people could hear her voice from the grave.

لەسەدەی حەڤدەهەمدا خانمێك هەبوو بەناوی ئەلیس بلەندن. جارێك ئەم خانمە پاش ئەوەی بڕێكی زۆر چای خەشخاش دەخواتەوە، هێندە پیس بێهۆش دەبێت، پزیشكێك دەڵێت مردووە، بۆیە بە پەلە بەخاك دەسپێردرێت، بەڵام كاتێك گوێیان لەدەنگی دەبێت لەناو قەبرەكەوە، دەریدەهێننەوە.

3622. It snows metal on planet Venus.

لێرە لەسەر زەوی بەفرو باران و ئەو چتانە دەبارێت، بەڵام لەسەر هەسارەی زوهرە کانزا دەبارێت.

3623. If you heat up a magnet, it loses its magnetism.

موگناتیس ئەگەر گەرمی بکەیت، توانای راکێشان لەدەستدەدات.

3624. A guy named Michel Lotito ate an entire airplane. It took him several years but he did it.

برادەرێك هەیە بەناوی میشێڵ لۆتیتۆ (1950-2007). ئەم برادەرە یەك فڕۆکەی تەواوی خواردووە، بەڵام لەژمێکدا نا، بەڵکو لەماوەی چەند ساڵێکدا.

3625. Yawns are contagious not only between humans but also between humans and dogs.

باوێشك شتێکی گوازراوەیە وەك پەتا، نەك تەنها لەنێوان مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، بەڵکو لەنێوان مرۆڤ و یەکەمی بێرکەبەری وەفاشدا کە سەگە. ئەگەر سەگت هەیە تاقی بکەرەوە بۆ ناسکەجەختکردنەوە!!!!

3626. Nearly 107 people die every minute in the world today. Out of those deaths, 18 occur due to starvation.

ئەوەی ئەڵێ کەس نامرێ لەبرسا حەقە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵدا بپچڕیت چونکە ئەو قسەیە بەس وانیە.

هەموو خولەکێك (خولەکێك نەك سەعاتێك یان رۆژێك) زیاتر لە 105 کەس لەسەرتاسەری جیهاندا گیان لەدەستدەدەن. لەوانە، 18یان بەهۆی برسێتییەوەیە. باشە کاکە؟!

3627. لەویلایەتی تێنیسیی ئەمەریکا، کۆمەڵێك ژن بەناوی "9 نەنەکە" بۆ ماوەی دەیان ساڵ نهێنییەکی گەورەی ئینسانییان تەنانەت لەمێردەکانیشیان شاردەوە. نهێنییەکەش ئەمە بوو: بۆ ماوەی 30 ساڵ هەر هەموویان سەعات 4ی هەموو بەیانییەك کۆدەبونەوە خۆیان بەشێوەیەك دەپۆشی کە کەس نەیانناسێت و بەو شێوەیە بەپارەی خۆیان حلوبەرگیان بۆ کەسانی هەژار دەکڕی و دەیان کردە کیسێکەوە.

هەموو کیسێکیش نزیکەی نیۆ کیلۆگرام کێك کە خۆیان لەماڵەوە دروستیان کردبوو و پارچەیەك نوسراوی لەگەڵ بووە کە لەسەری نوسراوە: کەسێك هەیە تۆی خۆش دەوێ!!!



3628. The US dropped 49 practice bombs called ‘pumpkin bombs’ that injured 1,200 and killed 400 before nuking Nagasaki and Hiroshima.

ئەمەریکای دڕندە پێش ئەوەی بە بۆمبی ئەتۆمی لە هیرۆشیماو ناکازاکی بدات، 49 بۆمبی ئەزمونی لەوانەی پێیان دەووترا "بۆمبی کولەکە" خستەخوارەوەو لەئەنجامدا 1200 کەسی بریندارکردو 400ی تری کوشت.

3629. ئەم برادەرەی دەیبینن، پزیشکان پاش پشکنین پێی دەڵێن نەخۆشی شێرپەنجەتەو تەنها شەش مانگت ماوە لەژیاندا. بەڵام نەك هەر وانەبوو بەڵکو ئەوەندە ژیا هەر ناخۆشی کرد!

ئەم پیاوە پاش 10 ساڵ چووەوە بۆ لای دکتورەکان بۆ ئەوەی پێیان بڵێت نەمردووەو ماوە کەچی هیچ یەکێك لەو دکتۆرانە لەژیاندا نەمابوون. دواجار ئەم پیاوە لەتەمەنی 102 ساڵیدا عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.!

ئینجاکونێ بۆیە هەمیشە گەشبین بەو هەرگیز نەچی بچی نائومێد بیت!



3630. Over 200 million children around the world are involved in child labor. Only one in five child laborers are even paid for their hard work.

زیاتر لە 200 ملیۆن منداڵ هەن لەسەرتاسەری جیهاندا کە کاریان پێدەکرێت.
ئەمە کارەساتە بەڵام لەوە کارەساتتر ئەوەیە کە تەنها پێنجیەکیان کرێی ئەو کارەیان پێدەدرێت.

3631. In Massachusetts, there's a town named Sandwich

لەویلایەتی ماساچوستس لە ئەمەریکا، شارێك هەیە ناوی ساندویچە واتە لەفە.

3632. 44% of registered Twitter users have never tweeted

لەسەدا 44ی هەموو تویتەرچییەکان، تەنها تویتێکیشیان پۆست نەکردووە.. کورد وتەنی با هەر ببێت باشە.
2015-4

3633. One In 4 Americans thinks the Sun goes around the earth

لەهەموو چوار ئەمەریکییەك، یەکێکیان پێی وایە خۆر بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە. واتە بەپێچەوانەی ئۆممەتی محەمەدەوە.

3634. Shakespeare's daughter was illiterate

کچەکەی شکسپیر بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، نەخوێنەوار بووە.

3635. ئەو فۆتۆگرافەرەی وێنەی ئەو منداڵە ئەفەریقییەی گرت کە لەبرساندا خەریك بوو دەمردو لەولاشەوە دالێك چاوەڕێی مردنی منداڵەکە دەکات، 3 مانگ پاش ئەو وێنەیە خۆی کوشت. ئەو برادەرە لەپارچە کاغەزێکدا هۆکاری خۆکوشتنەکەی رونکردووەتەوە دەڵێت: یادەوەریی زەقی کوشتن و تەرم و بێزاری و ئازار دەهاتن بۆم.
یا رەببی خوایە خۆکوشتنەکەی بە گوناهـ حسێب نەکەیت چونکە توانی تارادەیەك جیهان رابچڵەکێنێت و وێژدان بجوڵێنێت.



3636. بەگشتی ئەو کەسانەی باشترین ئامۆژگارییان لایە، ئەوانەن کە زۆرترین کێشەیان هەیە.



3637. هەموو چرکەیەك پێنج منداڵ لەجیهاندا لەدایك دەبێت.

3638. ئەگەر بتوانین تەنها لەهەزاردا یەکی ئەو جوڵەوزەیە بەکاربەرین کە لەهەڵکشان و داکشانی زەریاکان پەیدادەبێت، ئەوا دەتوانین زیاتر لە پێنج ئەوەندەی ئەو وزەیەمان دەستبکەوێت کە بۆ سەرتاسەری جیهان پێویستە بەڵام ئاخخخخخخخخخخ کە ناتوانین!!!

3639. نیوەی هەموو کارمەندانی ئەمەریکا، لەکاتێك لەکاتەکانی کارکردندا بەهۆی خراپی مدیرەوە وازیان لەکار هێناوە.

3640. لەو مۆسکۆیەی لای خۆمان سەگی سەر شەقامەکان فێرکراون کە لەدەوروبەری شارەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی خواردن سوار شەمەندۆفێر دەبن و دەچنە شارەکانەوە، دواتر لەشەودا هەر بەشەمەندۆفێر بۆ خەوتن دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

3641. لەساڵی 2014 زانایان توانییان تاریکترین ماددە دروستبکەن لەجیهاندا کە پێی دەوترێت ڤانتابلاك. ئەم ماددەیە تەنها لەسەدا 0.035ی روناکی هەڵنامژێت. ئەوی تری حەپەلوش دەکات.



3642. پابلۆ ئیسکۆبار کە گەورەترین بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان بووە لەسەر ئاستی جیهان، ئەوەندەی پارە دەستکەوتووە کە هەموو مانگێك 2500 دۆلاری تەنها بۆ کڕینی لاستیکی پارە بەستن، خەرجکردووە!
ئەم برادەرە لە 1993دا کوژراو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت!

Colombian drug lord Pablo Escobar made so much money, he spent over $2,500 every month just on rubber bands to bundle up his stacks of cash.

3643. هۆکاری داهێنانی تەلگراف بێتاقەتی و دڵشکان بووە. لەکاتێکدا ساموێڵ جاکسۆن بەمەبەستی کێشانی تابلۆیەك شارۆچکەکەی خۆی جێهێشتبوو، کتوپڕ هاوسەرەکەی نەخۆش دەکەوێت و عومری درێژی بۆ تۆ جێدەهێڵێت. بەڵام سەرباری ئەمەش چەند رۆژێکی پێدەچێت کە بەم هەواڵە جەرگبڕە دەزانێت. بەهۆی ئەمەوە هەستا وەك پیاو وازی لەهونەری وێنەکێشان هێناو دەستیدایە پەرەپێدانی شێوازێکی خێرا تا لەڕێگەیەوە پەیوەندی لەنێوان شوێنە دورەکاندا دروستبکات.



3644. "بۆ ئەو ژنەی بەمندالێکەوە، سەرلەبەیانیی چوارشەممە بەم رێگایەدا رۆیشت: من ئەو کچەم کە لەو کاتەدا هۆرینم لێداو چەقاوەسود بووم بەرامبەرتان، هۆکاری ئەمە ئەوە بوو کە لەحاڵەتێکی کتوپڕدا بوم. ئەگەری زۆرە من هەرگیز تۆ نەبینمەوە بەڵام دەمەوێت لێرەوە پێت بڵێم ببورە"

بە دەسخەتێکی زۆر جوان نوسیویەتی بەڵام بێگومان رەفتارەکەی جوانترینە. سڵاو لەهەموو ئەوانەی دان بە هەڵەدا دەنێن و داوای لێبوردن دەکەن و دوبارەی ناکەنەوە!

3645. ساڵانە لەسەرتاسەری جیهاندا، 70 هەزار ژن تەنها بەهۆی لەباربردنی نهێنی و نایاساییەوە گیان لەدەستدەدەن.

3646. تێکڕا پەنجەکانی هەر تایپێستێکی ئاسایی، رۆژانە 12 تا 20 میل دەبڕێت لەسەر کیبۆردی ستانداردی سیستەمی کوێرتی، بەڵام لەسەر سیستەمی دڤۆراك، تەنها یەك میل دەبڕێت.



3647. It’s thought that the tallest sunflower of all time, grown by Hans-Peter Schiffer, stood at over 30 feet in height!

تائێستا درێژترین رووەکی گوڵەبەڕۆژە کە تۆمارکرابێت، ئەو گوڵەبەڕۆژەیە کە لەلایەن برادەرێکەوە بەخێوکراوە بەناوی هانس پێتەر شیفەر. بەرزیی ئەم گوڵەبەڕۆژەیە نۆ مەتری تێپەڕاندووە.

3648. هەمومان لەتەمەنی 12 هەفتەییدا لەمندالّدانی دایکمان بەو شێوەیەین کە تەقریبەن مندالّێکی تەواوە. سەرباری ئەوەش لەباربردنی مندالّ لەم تەمەنەدا لەهەر پەنجا ویلایەتەکەی ئەمەریکا کارێکی یاساییە.

بەڕەئی من ئەمەش قەتڵێکی عەیارە 24ە کە لەو ولاتەی خۆی بە دایك و باوکی ئازادی و دیموکراسی ناساندووە لەجیهاندا، بەپێی یاسا ئەنجامدەدرێت.

3649. وێنەی ئەو پیاوەی کە لەساڵی 2004 جەڵتەیەکی دەماغ لێیدا، لەئەنجامدا توانای هەستکردن بە خەفەتی، بەهەمیشەیی لەدەستدا.

سەرنج بدەن تەنانەت لەسەر گۆڕەکەش پچڕاوە لەپێکەنیندا!

خوا رەحمی کردووە کە لەم جۆرە کەسە لێرە نیە، ئەگینا بەدوری مەزانە کوڕو کاڵی ساختەچی لەکاتی چون بۆ تەعزیە، ئەیان وت: ئەرێ هین نەبەین لەگەڵ خۆمان!!!! (سەیرانە!)

3650. A woman has been arrested for biting her boyfriend's penis and threatening him with a knife because she believed he was flirting with another woman.

Esperanza Gomez, 33, had been drinking beers with her boyfriend on Miami Beach, Florida, until 3am on Wednesday.

The pair were joined by a female friend at midnight who left shortly afterwards.

But Ms Gomez became enraged and accused the man of wanted to sleep with the female friend.

Her boyfriend claims she then grabbed him and began 'poking him with a knife' before biting his penis 'out of frustration', according to the police report seen by NBC.
The police report also noted that he had red marks on his chest.
Gomez was arrested and charged with aggravated assault with a deadly weapon.
لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، خانمێك بە تاوانی گازگرتن لەچوکی کەپڵەکەی و هەڕەشەکردن لێی بە چەقۆ، دەستگیرکرا.
پاڵنەری ئەم کارەشی ئەوە بووە کە لەو بڕوایەدابووە، کەپڵەکەی موغازەلەی کچەهاوڕێیەکی کردووە. ئەمەی خوارەوەش وێنەکەیەتی.
خانمە گازگرەکە کە ناوی ئیسپێرانازا گۆمێزەو تەمەنی 33 ساڵی ناسکە، شەوی چوارشەممەی رابردوو تا سەعات 3ی بەرەبەیان لەماڵەوە، لەویلایەتی فلۆریدا، لەگەڵ کەپڵەکەیدا بیرەیان خواردووەتەوە. لەنیوە شەودا کچەهاوڕێیەك سەردانی کردون و پاش ماوەیەکی کەم رۆشتووە. بەڵام گۆمێز تووڕەبووەو کەپڵەکەی بەوە تۆمەتبارکردووە کە ویستوویەتی لەگەڵ ئەو کچەهاوڕێیەدا بخەوێت.
کەپڵەکەی دەڵێت، گۆمێز پاش تووڕەبونی، گرتویەتی و بە چەقۆیەك تێی کوتیوەو پاشانیش بە تووڕەییەوە گازی لەچوکی گرتووە.
بەگوێرەی پۆلیس سنگی کوڕەکە چەند نیشانەیەکی سووری پێوە بووە .
پاش روداوەکە گۆمێز دەستگیرکراو تۆمەتی دەستدرێژی بە چەکی کوشندەی دراوەتە پاڵ.
2019-11-15

فەرهەنگۆچکەی ناڕەسمی

بەندەی موخڵیستان= من
تەقریبەن=نزیکەی
تەنەکەلۆجی= تەکنۆلۆجیا
خۆمگیان=خۆم
دختۆر=دکتۆر
دەمکاری=دەسکاری
ساڵی چاپ=ساڵی لەدایکبون
عەنتەرنێت=ئینتەرنێت
فەخامەتی جەنابت=تۆ
کو=چۆن
لەگەر=لەگەڵ
لۆ=بۆ
لۆچی=بۆچی
ملوێن=ملیۆن
مەعریفە=زانیاری
نەچی بچی= مەیکە
وی ئێن=یو ئێن (نەتەوە یەکگرتووەکان

گرنگترین سەرچاوەکان

www.factretriever.com
www.thefreedictionary.com
www.onekind.org
www.dailymail.com
www.reuters.com
www.factslides.com
www.boredpanda.com
www.lolwot.com
www.wikipedia.com
www.reddit.com
www.wonderslist.com
www.softschools.com
www.unbelievablefactsblog.com
www.weird-facts.org
www.pinterest.com

زۆر سوپاس بۆ سپۆنسەری سەرەکیی ئەم کتێبە

ووشە فۆن: هێزی تەکنەلۆژییای نوێ لە کوردستان
گەورەترین سەنتەری خزمەتگوزاری مۆبایل و ئەلیکترۆنییات

بەرزترین کوالیتی و گونجاوترین نرخ

ناونیشان: سلێمانی/ بازاڕی گەورەی مۆبایل/ پشت بازاڕی جەوازەکە: 07701591187
فەیسبوك: https://www.facebook.com/WshaPhone
ئینستاگرام: www.instagram.com/wsha_phone

والی عەلی

- کتێبنوس و وەرگێڕی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و رۆژنامەنوس و رەخنەگری زمانەوانی و ریکلامسازو بلۆگەر.
- ساڵی چاپ (لەدایکبون): 1978
- شوێنی لەدایکبون و دانیشتن و خەوتنیش: سلێمانی
- نوسەری کتێبی "هیلاری کلینتۆن.. چیرۆکی گەیشتن بەلوتکەی شاژنێکی سەرکردە".
- وەرگێڕی کتێبی "کۆندی.. چیرۆکی سەرکەوتنی کۆندۆلیزا رایس".
- نوسەری زنجیرەکتێبی والینامە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی لەپاڵ یەکدا.
- وەرگێڕی کتێبی "رەوشت"ی د.عەلی وەردی.
- نوسەری کتێبی ئینگلیزینامەی والییات کە تایبەتە بە فێربونی زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی جیاوازو ناباوو لەڕێگەی شیعرەوە.
- نوسەری کتێبی عەرەبینامەی والییات کە تایبەتە بە فێربونی زمانی عەرەبی بە شێوەیەکی جیاوازو ناباوو لەڕێگەی شیعرەوە.
- وەرگێڕانی هەزاران ماددەی رۆژنامەوانیی کورت و مامناوەند لەئینگلیزی و عەرەبییەوە کە لەبەناوبانگترین ماڵپەڕو بڵاوکراوە کوردییەکاندا دابەزیون.
- ڕێگای پەیوەندی

فەیسبوك:

https://www.facebook.com/wali567
https://www.facebook.com/wali678

ئینستاگرام:

www.instagram.com/waliali2020

ئیمەیڵ: walikurdistan@gmail.com